3

# ڕەهەندی تەندروستی لە شۆڕشی نوێدا
# ١٩٧٦ - ١٩٩١

بەرگی سێیەم

نووسین و ئامادەکردنی
گۆران سەلام محەمەد

## ناسنامەی پەرتووک

ناوی پەرتووک: ڕەهەندی تەندروستی لە شۆڕشی نوێدا ١٩٧٦ — ١٩٩١

بەرگی سێیەم

نووسین و ئامادەکردن: گۆران سەلام محەمەد

بابەت: مێژوویی ـ بیرەوەری ـ بەڵگەنامەیی

تایپ و زمانەوانی: نووسەر

دیزاینی ناوەڕۆک: نووسەر

دیزاینی بەرگ: هەرێم عوسمان

چاپخانە: حەمدی

شوێنی چاپ: سلێمانی

نۆبەت و ساڵی چاپ: یەکەم، ٢٠٢٥.

لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان

ژمارەی سپاردنی (١٣٦١)ی ساڵی ٢٠٢٥ی پێدراوە.

# پێرست


| | |
|---|---|
| پێشکەشە | ١١١٣ |
| ڕوونکردنەوەیەکی پێویست | ١٠١٤ |
| پێشەکی | ١١١٦ |
| بووین بە هاوڕێی برینەکان | ١١١٩ |
| جارێکی دیکە دەزگای تەندروستیی کوردستان | ١٠٢١ |
| **لیستی ناو و نازناوی پزیشکان و کارمەندانی تەندروستیی شۆڕش و ژیاننامەکانیان بە پیتی ئەبجەدی کوردی لە (ع – ی)** | ١٠٢٥ |
| عاسی حسێن حەمەزارا | ١٠٢٦ |
| عەبدولڕەحمان حەسەن سەعید (چیا) | ١٠٢٩ |
| عەبدولڕەحمان عیسا محەمەد | ١٠٣٠ |
| عەبدولقادر حەمەشەریف حەمەکەریم | ١٠٣٤ |
| عەبدوڵڵا ئەنوەر عەبدوڵڵا عەلی | ١٠٤٠ |
| عەبدولمەجید عەولا ئەحمەد (دکتۆر مەجید) | ١٠٤٥ |
| عەبدولهادی ئیسماعیل مەحموود محەمەد (هێمن) | ١٠٤٩ |
| عەدنان حەمەشەریف بارام ئیسماعیل | ١٠٥٥ |
| عەلی حسێن محەمەد شاهواز | ١٠٥٦ |
| عەلی قادر شەریف هۆمەر | ١٠٥٩ |
| عەلی ئەحمەد حەمەخان | ١٠٦١ |

| | |
|---|---|
| عوسمان سادق خدر (چیا) | ١٠٦٣ |
| عوسمان عەلی محێدین نادر | ١٠٦٥ |
| عوسمان محەمەد قادر محەمەد | ١٠٧٠ |
| عومەر ئیسماعیل عەبدوڵڵا خدر | ١٠٧٢ |
| غەفوور تاهیر ئەحمەد غەفور () | ١٠٧٩ |
| فارس حەمە عەبدوڵڵا (جوتیار) | ١٠٨٣ |
| فازڵ جەمال حەمەدەمین | ١١٠٥ |
| فائیق محەمەد ئەمین عەبدوڵڵا | ١٠١٦ |
| فەرەج یاوەر سادق سەلمان (سەردار) | ١١١٢ |
| فەرەیدوون محەمەد ئەمین حسین | ١١١٦ |
| فەرهاد نوری محەمەد ڕەسووڵ (دانا) | ١١١٨ |
| فەوزی فائیق تۆفیق بابان (چیا) | ١١٢٤ |
| قەیتەران نوری سابیر بەکر (هەژار) | ١١٣١ |
| کامیل مەحموود ئەوڕەحمان سەلیم | ١١٣٢ |
| کاوان عەبدولقادر غەفوور ئەحمەد | ١١٣٤ |
| کاوە عەبدوڵڵا محەمەد | ١١٣٥ |
| کاوە عەبدوڵڵا محەمەد سلێمان (کاوەی عەبدوڵڵا شۆڕش) | ١١٣٨ |
| کەریم ڕەحمان سەلمان عەزیز | ١١٤١ |
| کەمال جەوهەر کەریم (هیوا) | ١١٤٥ |

| | |
|---|---|
| کەمال شاکر محەمەد قادر | ١١٥١ |
| کەمال عەبدولڕەحمان ساڵح عەبدولڕەحمان مەردۆخی (دکتۆر حەسان) | ١١٥٥ |
| کەنعان عوسمان مەولود (هەژار) | ١١٥٨ |
| لەتیف محەمەد مەلا محەمەد (ساماڵ) | ١١٦٣ |
| مەحموود ئەبوبەکر محەمەدئەمین حەمە (موحموود فەقێیانی) | ١١٦٤ |
| مەزن عەبدولقادر سۆفی عەبدوڵڵا | ١١٦٦ |
| مەنسور یوسف مستەفا | ١١٧٠ |
| محەمەد حاجی حسێن حاجی | ١١٨٥ |
| محەمەد ڕەسووڵ عەلی عومەر | ١١٨٩ |
| محەمەد مستەفا محەمەد ئیسماعیل (محەمەد سەقەر) | ١١٩٠ |
| محەمەد ئەبوبەکر خزر ڕەسووڵ (محەمەدی وەستا بەکری ڕەواندزی) | ١١٩٩ |
| محمدهاوتا عوسمان حەسەن (هاوتا) | ١٢٠٣ |
| موشیر حەمەغەریب ئەمین | ١٢٠٧ |
| ناجی سادق ئەنور محەمەد (شێخ ناجی) | ١٢١٢ |
| ناجیح محەمەد ئەحمەد حەمله (دکتۆر ناجیح گوڵپی) | ١٢١٦ |
| نازەنین عوسمان حەسەن قادر (دکتۆر نازەنین) | ١٢٢٠ |
| ناسیح فاتیح عوسمان (دکتۆر ناسیح قەرەداغی) | ١٢٣٤ |
| نەبەز مەحموود عەبدولڕەحمان | ١٢٣٧ |
| نەجات محەمەد فەرەج | ١٢٣٨ |

| | |
|---|---|
| نەجمەدین عەبدوڵڵا نیاز (ئاراس مەندەلاوی) | ١٢٤٠ |
| نەریمان حەوێز حەمەد | ١٢٤٢ |
| نەوزاد سەمەد کەریم جەرجیس | ١٢٤٥ |
| نەوزاد عەباس حەمەد | ١٢٤٩ |
| نەوزاد نوری محەمەد ڕەسووڵ | ١٢٥١ |
| نەوزاد ئەحمەد محەمەد (ڕێبوار) | ١٢٦٦ |
| نوری خزر ئیبراهیم خزر (نەبەز) | ١٢٧٤ |
| هاوڕێ ڕەحیم کەریم (کامەران) | ١٢٧٧ |
| هۆشمەند عەبدولکەریم بابان (دکتۆر شاڵاو) | ١٢٨٠ |
| هونەر محەمەد مەولود | ١٢٨٢ |
| هیمداد عەبدوڵلا حەسەن حسێن | ١٢٨٩ |
| هیوا محەمەد ئەمین | ١٣٠٠ |
| وەلی ئەکرەم محێدین ئەحمەد (دکتۆر هۆشمەند) | ١٣٢٦ |
| وریا عەرەب عەلی | ١٣٢٨ |
| وشیار ئیسماعیل قادر (وشیار سمایلەخڕە) | ١٣٣٠ |
| یوسف محەمەد عەزیز (دکتۆر شوان) | ١٣٣٤ |
| پاشکۆکان | ١٣٤٩ |
| لیستی ناوی پزیشکان و کادیرانی تەندروستی شۆڕش | ١٣٥٠ |
| لیستی ناوی شەهیدانی پزیشك و کادیرانی تەندروستی شۆڕش | ١٣٥٩ |

| | |
|---|---|
| پاشکۆی بەڵگەنامەکان | ١٣٦١ |
| پاشکۆی وێنەکان | ١٣٦٩ |
| لیستی سەرچاوەکان | ١٤٨٨ |
| لیستی ناوی هاوکارانی بەرگی دووەم و سێیەم | ١٤٩٣ |
| نووسەر لە چەند دێڕێکدا | ١٤٩٤ |

"شۆڕش بەبێ هەندێک ناوەند و دەزگا ڕەنگە ئەنجام بدرێت، بەڵام هەرگیز بەبێ ناوەندی تەندروستی و چارەسەرکردن ئەنجام نادرێت"

هەڤاڵ مام جەلال.

## پێشکەشە بە:

- ❖ شەهیدانی پزیشك و کارمەندانی تەندروستیی شۆڕش
- ❖ گیانی پاکی تەواوی شەهیدانی نیشتیمان.
- ❖ پزیشکان و کارمەندانی تەندروستیی شاخ.
- ❖ کەسوکاری سەربەرزی شەهیدان.
- ❖ هەموو ئەو بەڕێزانەی کە لە ڕێگەی یادەوەرییانەوە کۆمەکی ئەم پڕۆژەیەیان کرد.
- ❖ بە هەموو ئەو دڵسۆزانەی لە پێناوی نووسینەوەی مێژووی (ی.ن.ك)دا ئەرکیان کێشاوە.
- ❖ بە هەموو ئەو دڵسۆزانەی کە بە هەر جۆرێك بێت لە نووسین و ئامادەکردنی ئەم پەرتووکەدا هاریکار بوون، (لە کۆتایی پەرتووکەکەدا لیستی ناوی هاریکارانی پڕۆژەکە دانراوە).
- ❖ جگەرگۆشەی شیرینم: (تاڤی).

# ڕوونکردنەوەیەکی پێویست

بەرگی یەکەمی ئەم پەرتووکە کە بریتییە لە ٥٠٠ لاپەڕە، لە مانگی ١ی ساڵی ٢٠٢٢ دەستم کرد بە کارکردن تێیدا، لە پایزی ٢٠٢٢ چاپکرا، تێیدا ٣٨ پزیشك و کارمەندی تەندروستی و برینپێچی شۆڕشی نوێ ١٩٧٦ – ١٩٩١ بەشدارییان تێدا کرد، بە پیتی ئەبجەدی کوردی ڕیزبەندی بۆ ناوەکانیان کرا، هۆکاری بوونی ئەو ٣٨ کەسە زووتر بەدەمەوە هاتنی خۆیان بوو بۆ پڕۆژەکە.

دوای بەرگی یەکەم، ویستم بەرگی دووەم و کۆتایی پەرتووکەکە ئامادە بکەم، بۆیە لە پەیوەندیکردن بەم توێژەی شۆڕشەوە بەردەوام بووم، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ژمارەی بەشداربووان و ژمارەی لاپەڕەکانی پەرتووکەکە زیاتر دەبوو، تاکو لە کۆتایی ساڵی ٢٠٢٣ گەیشتە ١١١٠ لاپەڕە، لەبەر زۆری ژمارەی لاپەڕەکان بڕیارمدا بەرگی دووەم و سێیەمی لێ بەرهەم بهێنم، کە بریتییە لە خەباتی ١٢٠ پزیشك و کارمەندی تەندروستی و برینپێچ، هەروەها بەهەمان ڕێسای ئەلفبای ئەبجەدی کوردی پێکەوە ڕیزبەندیم بۆ بەرگی دووەم و سێیەم ئەنجامدا، پیتەکانی (أ ـ گ) بەر بەرگی دووەم کەوتن و پیتەکانی (ع ـ ی) بەر بەرگی سێیەم کەوتن.

بە هەمان ڕێسای ئاماژەپێکراو لە پاشکۆدا ڕیزبەندیم بۆ وێنەکانی ئەم توێژەی شۆڕش کردووە، بۆیە لێرەوە کۆی هەر سێ بەرگەکە بە یەکسانی و بێجیاوازی کاری لەسەر کراوە، بەپێی توانا پەیوەندی بەزۆرینەی ڕەهای ئەو توێژەی شۆڕشەوە کراوە، کۆی ژمارەیان لە هەر سێ بەرگەکەدا نزیکەی ١٦٠ کەسن، ئەوانەی کە بەشدار نەبوون لەم پڕۆژەیەدا نزیکەی ١٠ کەسن، هەرچەندە پەیوەندییان پێوەکراوە، بەڵام ئامادەی چاوپێکەوتن نەبوون، بۆیە وەڵامی گلەیی بەشداری نەکردنیان لای خۆیانە، ئەم پەرتووکە سێ بەرگییە کە بریتییە لە ١٥٠٠ لاپەڕە ماوەی ٣ ساڵ بە چڕی کاری لەسەر کراوە، بەنزیککراوەیی ٩٥٪ زانیارییەکانی یەکەم جارە بڵاودەکرێنەوە.

خاڵێکی دیکە کە شایانی باسە بریتییە لەوەی ئێمە وشەی (دکتۆرمان) بۆ تەواوی کادیرانی تەندروستی بەکارهێناوە، لەبەر دوو هۆکار، یەکەم: لەبەرئەوەی لە ئەدەبیاتی شاخ و شۆڕشدا وابەکارهاتووە، دووەم: لەبەرئەوەی لە ئەندامانی پێشمەرگە و توێژەکانی دیکە جیابکرێنەوە کە لە پەرتووکەکەدا ناویان هاتووە، بۆ زانینی ئەوەی کام کادیری تەندروستی کۆلێژی پزیشکی گشتی تەواوکردووە، دەکرێت بڕواننە پێڕستی پەرتووکەکە لەوێ وشەی (دکتۆر) تەنها بۆ ئەوانە بەکارهاتووە کە کۆلێژی پزیشکی گشتییان تەواوکردووە، تەواوی بەشدارانی دیکە یاریدەدەری پزیشك و پەرستار و برینپێچن.

چەمکەکان: لێرەدا پرسێکی مێژوویی بەکراوەیی دەهێڵینەوە، کە بریتییە لەو چەمك و دەستەواژانەی بۆ گوزارشتکردن لە خەبات و قوربانیدانی گەلی کورد لە مێژوودا بەکاردەهێنرێن، وەکو: (شۆڕش، جووڵانەوە، ڕاپەڕین، بەرخۆدان، بزاڤ و سەرهەڵدان...)، کاری ئێمە لەم پەرتووکەدا ساغکردنەوەی ئەو دەستەواژانە نییە، بۆیە پێویستە لیژنەیەك لە پسپۆڕانی بوارە پەیوەندیدارەکان ئەو چەمکانە ساغ بکەنەوە.

هەڤاڵ: جگە لە پزیشك و کارمەندانی تەندروستی، لە پێش ناوی هەر کارەکتەرێکی شۆڕشی نوێ، بێ جیاوازیی پلە و بەرپرسیارێتی نازناوی (هەڤاڵ) بەکارهێنراوە.

زانیارییەکانی هەر سێ بەرگەکە لە ڕێگەی چاوپێکەوتنەوە بەدەستم خستووە، کە خۆم ئەنجامم داون، دواتر پرۆسەی بەتاڵکردنەوە (تفریغ) و تایپ و زمانەوانی و خاڵبەندی و تا دیزاینم بۆ کردووە، بەهیوام توانیبێتم خزمەتێك بە گەلەکەم و ئەرشیف و پەرتووکخانەی کوردی و ئەو شۆڕشگێڕانە بکەم کە لەو پەرتووکەدا بەشدارن.

# پێشەکی

مێژوو سەربووردەی ڕابردووە و خەبات و بەرخۆدان ڕەنگی سەوزی ژیانە و بەرگری و قوربانیدان ڕەنگی سووری شۆڕشن، ڕاپەڕینیش نەخێری گەورەی مێژوو بوو، ئێستا هەم کاتی پشوودانە لە پاڵ خەرمان و چیای شۆڕشدا، هەم ڕۆژی پاراستنی سامان و ئەرشیفی ڕابردووە، ئیدی ئەمڕۆ گرێدانی پەتی شانازی ڕابردووە بە پەتی ئایندەوە، تاکو ببێتە بلێسەی ڕووناکی بۆ نەوەکانی ئایندە و بەرنامەی ژیان و پلان و ستراتیژی لەسەر بوونیاد بنێین، تا زیاتر گەشەبکات و گوڵ بگرێت و لە سایە و سێبەریدا پشووی یەکجاری بدەین.

شۆڕش واتە جووداکردنەوەی هەموو ئەوانەی کە هەتە لە هی ئەوی دی، واتە ڕەتکردنەوەی هەموو ئەوانەی کە هەیەتی و هێنانە کایەی هەموو ئەوانەی کە هەتە، شۆڕش وەك و مرۆڤێك لە سەدان دەمار و ماسوولکە پێکهاتووە، هەر توێژێکی شۆڕش دەبن بە دەمار و هەر چینێکی شۆڕش دەبن بە ماسوولکە بۆی، شۆڕش واتە چیا، هەر ڕچەڕێیەکی هەڵزنانی بەرەو لووتکە واتە چین و توێژێکی شۆڕش، شۆڕش دەریایە و هەر هەنگاوی شۆڕشگێڕێك دڵۆپێکە، شۆڕش ژیانە و هەناسەی خەباتگێڕ پارسەنگی ژیان و شۆڕش ڕادەگرن، داری شۆڕش هەمان درەختی گوێز و بەڕووە، بە خوێنی ڕۆڵە توێنێتی شکاوە، هەربۆیە لە هەرچی درەختی دیکەیە خۆڕاگرترە، شەهیدان دەبن بە ڕەگی و پێشمەرگە و پارتیزانەکانی دەبن بەقەد بۆی.

جا گرنگی ئەم پەرتووکە لێرەوە بەدیار دەکەوێت، کە خۆی دەبینێتەوە لە ئاودانی درەختی شۆڕش و خەبات و پاراستنی ئەو سەروەتە نیشتیمانییە و ئەو سەروەرییە مرۆییە، ئەم کارە و هاوشێوەکانی وێنەی ئاون بۆ درەختی مێژوو و خەبات و بەرخۆدانی گەلەکەی ئێمە.

ئەم پەرتووکە ئەڵقەیەکە لە زنجیرەیەك کاری مێژوویی ئەرشیفیی گرنگیی گەلەکەمان، کە ئێمە ئەو شانازییمان پێ بەخشرا کاری تێدا بکەین و بە ئەنجامی بگەیەنین.

سەرەتا ئەم پڕۆژەیە بە پلانێك دەستی پێکرد کە دەستپێکەکەی بریتی بوو لە پەیوەندی کردن بە کادیرانی تەندروستی لە ناوچەکانی هەرێم و دەرەوەی هەرێم، تا ناوی هەموو یان زۆرینەی ئەو پزیشك و کارمەند و برینپێچانەی کە لە ڕۆژگاری شۆڕشدا لە خەبات و ئەرکدا بوون بدۆزینەوە، کە هەزاران کاری مرۆیی و سەدان نەشتەرگەری و برینپێچیان بۆ پێشمەرگە و گوندنشینان ئەنجامداوە و بە سەدان کەسیان لە مردن ڕزگارکردووە.

بۆیە ناکرێت ڕۆڵی ئەو چینە گرنگەی شۆڕش هاوشانی سەرجەم چینەکانی دیکە نادیدە بگیرێت، کە لە دوای هەڵایسانی شۆڕشی نوێی گەلەکەمانەوە تا ئێستا ڕۆڵ و کار و خەباتی ئەم چینە نەنووسراوەتەوە و ئەرشیف نەکراوە و نەپارێزراوە، هەروەها هاوشانی پیشەکەیان پێشمەرگە و شۆڕشگێڕ بوون، بەداخەوە ژمارەیەك لەو پزیشکانە شەھید بوون و ژمارەیەکیان لەم ساڵانەی ڕابردوودا بەھۆکاری بەساڵاچوون و نەخۆشی ژیانئاواییان کردووە.

ئەم چینە هەستیارەی شۆڕش ڕۆڵی سەربازی ونی شۆڕشیان گێڕاوە و دابەش دەبن بۆ چەند بەشێك، بەشێکیان بە فەرمی پزیشك بوون یان دەرچووی ناوەندە ئەکادیمی و زانکۆییەکانی کوردستان و عێراق بوون، یان خوێندکاری بەشە پزیشکییەکان بوون و دەستبەرداری خوێندن بوون، کە ژیانی پێشمەرگایەتی و شاخیان هەڵبژاردووە، زانستی خۆیان پراکتیزە کردووە، هەروەها هەندێکیان یاریدەری پزیشك بوون هاوشێوەی نموونەی پێشوو یان بە فەرمی دەرچووی ئەو بەشە بوون یاخود لە نیوەی ڕێگە لە پێناو شۆڕشدا دەستیان لە خوێندن هەڵگرتووە و ئەوەندەی پێشمەرگەش بوون ڕۆڵی پزیشکیان گێڕاوە، بەشێکی دیکە لەم چینە گرنگەی شۆڕش دەرچووی خوولی خێرای فێربوونی برینپێچی و دەرزی لێدان بوون و بەسەر هەرێم و دەڤەر و مەڵبەند و تیپ و کەرت و مەفرەزەکانی شۆڕشدا لە تەواوی ناوچە جیاوازەکانی شۆڕشدا دابەشکراون، هاوکات بەشێك لەم چینەی دوایی ئەو خوولەشیان نەبینیوە و بە ئەزموون و لێھاتوویی، وردبینیی و دڵسۆزیی خۆیان فێری دەرزی لێدان و برینپێچی بوون.

ئەم چینە گرنگەی شۆڕش هەم پێشمەرگە بوون، هەم پزیشکی پێشمەرگە هەم پزیشکی گوندنشینان و هاونیشتیمانیان بوون، بەجۆرێك پزیشك هەیە لە دۆخی نەبوونی خوێندا خوێنی خۆی بەخشیوە بە پێشمەرگە و هاوڵاتی زامدار، یەكێك لەو پزیشكانە سەرووی بیست بتڵ خوێنی خۆی لەو پێناوەدا بەخشیوە، هەروەها بەهۆی نەبوونی بنكەی تەندرووستییەوە لە گوندەكاندا هەندێكجار ئەو پزیشكانە بوون بە فریادڕەسی ژنانی دووگیانی گوندنشینان، سەدان گوندنشینیان لە پێوەدانی مار و مێروو ڕزگاركردووە، بۆیە كارێكی لەم شێوەیە لەسەر ڕۆڵی نادیدەگیراوی ئەوان هەرچەندە درەنگە، بەڵام هێشتا هەر سەنگ و گرینگیی زانستیی و مێژوویی خۆی هەیە.

شۆڕشی نوێی ساڵی ١٩٧٦ بە ڕابەرایەتی ی.ن.ك كە شۆڕشیی تەواوی كۆمەڵانی خەڵك بووە، هەموو چین و توێژێك بۆ سەر خستنی ئەو شۆڕشە و بەشدار بووە، چینی پزیشكان و یاریدەدەرانی پزیشك و برینپێچان و كارمەندانی تەندرووستی ڕۆڵی گرنگیان لە شۆڕشدا هەبووە، كە بە چەندین پزیشك و كارمەندی تەندرووستی لەسەردەمی شۆڕشدا بۆ پاڵپشتی شۆڕش نەخۆشخانەكانی شار و مووچە و ژیانی مسۆگەری خۆیان جێهێشتووە و شانبەشانی پێشمەرگە درێژەیان بە بەرخۆدان داوە، لەو پێناوەشدا چەندین پزیشك و كارمەندی تەندرووستی گیانیان بەختكردووە، لە دوای ڕاپەڕین و دامەزراندنی حكومەتی هەرێمی كوردستانەوە تا ئێستا چەندین نەخۆشخانە كراون بە ناوی نەخۆشخانەكانی شۆڕش و پزیشكانی شۆڕشەوە، لەوانە (نەخۆشخانەی شەهید دكتۆر هادی، نەخۆشخانەی شەهید دكتۆر هێمن، نەخۆشخانەی شەهید دكتۆر ڕەفیق.....هتد).

لە كۆتاییدا ئەوە دەڵێم ئەمە مێژوونووسی نییە ئەنجامداوە، بەڵكو ئەرشیفكردن و قۆناغی یەكەمی نووسینەوەی مێژووە، لە داهاتوو بە میتۆدی زانستی كاری مێژوونووسی بۆ ئەنجام دەدەین، دوای ئەم قۆناغەش دەبێتە كەرەستەیەكی ئامادە بۆ لێتوێژینەوە و لێكۆڵینەوە. بەهیوایین ئەم بەرهەمە ببێت بە سەرەتایەك بۆ دەیان كاری دیكەی هاوشێوە، هیچ كارێكیش بێ هەڵە و كەموكورتی نابێت.

**نووسەر/ سلێمانی/ بەهاری ٢٠٢٢**

# بووین بە هاوڕێی برینەکان

تەنها لەسەر زار وتنی ئەم ڕستەیە کارێکی ئاسانە، چەندە سەختە پزیشکی زامێکی درێژخایەن بیت و بە کاتژمێر و شەو و ڕۆژ و هەفتە و مانگ و بگرە بۆ چەندین مانگ ببی بە هاوڕێی زام و برینی پێشمەرگەیەك، بەدرێژای ئەو ماوە زۆرە بە دیارییەوە، ئەژنۆ لە باوەش دۆشدابمێنی! هەموو ڕۆژێك لە خەو هەڵسی قەتماغەکانی سارێژ بکەیت و تا دەگاتەوە شەو بەدیار وشبوونی برینەکە و قەتماغەگرتنیەوە ئێشك بگریت! چەندە سەختە ببی بە هاوڕێی زام، ببی بە دۆستی برین، چەند خەمناکە هەستت بۆ برینێك هەبێت و لە تاریکایی ئەشکەوتێکی پڕ سامدا برینێك بە هاودەنگ بزانی! چەند بێ هیواییە بە دیار گێرسانەوەی ئێسکێکی دەیان پارچەوە هەڵکوڕمێی، وەکو ئەو منداڵەی کە دەیەوێت بەردە نارێکەکان لەسەر یەك بوەستێنێت و بیەوێت بورجێك لە بەردی نارێك و قەبارە جیاواز دروست بکات و ماوەیەکی زۆر خەریك بێت لە پڕ هەرەسی یارییەکەی ببینێت، ئەوە چی وەفایەکە بەدرێژایی ئەو ماوە زۆرە، پێشمەرگە زامدارە نەناسە لەپێ کەوتووەکە پاکبکەیتەوە، کە تەنها بەهۆی برینەکەیەوە بووە بە میوانت!، جیاواز لە هەستی ئەم پزیشکە، هەستی پێشمەرگە بریندارەکەیە، کە دەبێت بۆ خوودی ئەو چەند سەختتر بێت، ئەمەیان هەستێکە تەنها دەکرێ لێی ڕابمێنی، نەك لەبارەیەوە بنووسی.

ئەوە چی هەستێکی نیشتیمانییە پزیشکێك نەخۆشخانەی گشتی شار و ژیانێکی گرەنتی بگۆڕێتەوە بەم ژیانە و وردە نانی ڕەق و بەفر پێکەوە بخوات! چەند گەورەییە بڕیار بدەی نەهێڵی نەخۆشەکەت بمرێت و لە دامێنی شاخێکی هەزار بەهەزارا لە گەرووی چیایەکی سەرکەشدا، لە دەربەندێکی سامناکدا خوێنی خۆت ببەخشیت بە بریندارەکەت لە کاتێکدا دڵنیا بیت ئەو خوێن بەخشینەت دواتر دەتبوورێنێتەوە و ژیانی خۆت دەخاتە مەترسییەوە، چەند گەورەییە پزیشك بیت و بەرکەوتەی چەکی کیمیایی بیت، لەبەر کەمی دەرمان بڵێی من دەرمان بۆ خۆم بەکارناهێنم و برینداری لە من سەختتر هەیە، ئەوە چ هەستێکە لە شەوێکی ئەنگوستەچاودا بکەویتە ناو کەمینی دوژمن و هاوڕێکانت بەر دەسترێژی گوللە

بکەون، تەنانەت نەتوانی لایت بۆ ڕووناکی بەکاربهێنیت، ناچار بە تەڕایی خوێنەکە و چاڵی برینەکان بدۆزیتەوە، پەنجە لە چاڵی برینەکان وەربدەیت تا پاکی بکەیتەوە و دواتر بە گۆز و لەفاف بیبەستی! کە لەبەر ئاشکرانەبوونی شوێن نەتوانی ڕووناکی بەکاربهێنێت، پێشمەرگەی برینداریش سەرەڕای ئازارەکەی نابێت هاوارێکیش بکات! لەلایەکی دیکەوە ئەوە چ وەفایەکە پزیشك بیت و هەستت بۆ چەکەکەت زیاتر بێت لە هەستت بۆ عیشقێکی چەند ساڵەی کچێك و ئامادە نەبیت لە پێناو خۆشەویستەکەت چەکەکەت دابنێیت!

چ گیانێکی شۆڕشگێڕانەیە وا لە پزیشکێك دەکات کە هەموو تەمەنی لەگەڵ پێنووسدا بەسەر بردبێت لە پڕ و دوای چەند ڕۆژێك دەبێت بە پارتیزان و لەبری پێنووسە ڕەنگاوڕەنگەکان، چەکە جۆراوجۆرەکان بەکاردەهێنێت، بۆنی دیتۆڵی نەخۆشخانەکانی بە بۆنی بارووت گۆڕیوەتەوە. چ لە خۆبووردووییەکە هەواڵی ژەهرخواردکردنی هاوپیشەکانت وات لێ بکات ڕێگای سەختی سێ ڕۆژ بە ڕۆژێك ببڕیت، ئەوە چ عیشقێکی پیرۆزە بۆ پیشەکەت دەرچووی پەیمانگای تەندروستی بیت و نەشتەرگەریی سەرکەوتووی هەناویی بکەیت! چ ورەیەکە لەبەر گیانی بریندارەکانت نەگەڕێیتەوە بۆ بەشداریکردن لە پرسەی برا تازە شەهیدبووەکەتدا...

**نووسەر/ سلێمانی/ پایزی ٢٠٢٢**

# جارێکی دیکە دەزگای تەندروستیی کوردستان

دەزگای تەندروستیی کوردستان یەکێکە لەو ڕێکخراوە کوردییانەی کە سەربەخۆن و لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە ڕێگەی کارکردنیان پێدراوە، لە بواری خزمەتگوزاریی تەندروستیدا ڕۆڵی بەرچاویان بینیوە، لە ڕووی خزمەتگوزاریی تەندروستیدا چ لە پێش ڕاپەڕین و چ لە دوای ڕاپەڕین، تا ئێستاش بەردەوامن، بۆ زیاتر ئاشنابوون لە کار و چالاکییەکانی ئەم ڕێکخراوە، بەڕێز خالید محەمەد ڕەشید بەڕێوەبەری ئەم ڕێکخراوە بۆمان دوا:

سەرەتای دامەزراندنی ئەم دەزگایە دەگەڕێتەوە بۆ ڕێکەوتی ١٩٨٤/٤/٢٤ کە لە ناو ڕیزەکانی پێشمەرگەدا کۆمەڵێك پزیشك و یاریدەدەری پزیشکی ڕوویان کردبووە شاخ و پەیوەندییان بە ڕیزەکانی پێشمەرگەوە کردبوو، خزمەتگوزاریی تەندروستی زۆر خراپ بوو لە ناوچە ئازادکراوەکاندا لە هەمان کاتیشدا دانیشتوانی ئەو گوندانەش لە ژێر ڕەحمەتی تۆپبارانی ڕژێمی عێراقیدا بوون و برینداری زۆر هەبوون، لەو کاتەدا ئەو بیرۆکەیە گەڵاڵە بوو، کە هەموو ئەو پزیشك و یاریدەدەری پزیشکانە لە ڕێکخراوێکدا کۆببنەوە تا بتوانین خزمەتگوزاری تەندروستی پێشکەش بکەین، ئەوەبوو دەزگای تەندروستیی کوردستانمان دامەزراند و ئامانجمان خزمەتی تەندروستی بوو بە بێ هیچ جیاوازییەکی بیرو ڕا لە نێوان پێشمەرگە و گوندنشینەکاندا.

سەرەتا لەلایەن خەڵکانی دڵسۆزی شارەکانی کوردستان و لە ڕێگەی ڕێکخستنەکانی ناوشارەوە و هەروەها خەڵکی بێلایەن کۆمەك و یارمەتیمان پێگەیشت[1]، کە کەلوپەلی

---

[1]- لەم بارەیەوە هەڤاڵ جەعفەر شێخ مستەفا دەڵێت: "بەشێکی زۆری تەندروستکارانی شار کە لە ڕێکخستنەکاندا بوون پەیوەندییان کرد بە ڕیزەکانی شۆڕشەوە، ئەوەی پێیان بوو جانتایەك بوو بۆ فریاگوزاری سەرەتایی کە لە ڕێکخستنەکانی شارەوە بۆیان دەهات، زۆر جار پێشمەرگەی خوێنەوار کە ئەزموونێکی کەمی هەبوو دەرزی بۆ

تەندروستی بوو، بەڵام لە چاو فراوانی ناوچە ئازادکراوەکان کەم بوو بۆیە بیرمان لەوە کردەوە لەلایەن ڕێکخراوە جیهانییەکانەوە یارمەتی وەربگرین، بەڵاو ئەوان وەك لایەنی سیاسی یارمەتییان نەداین، ئەوەبوو سەربەخۆیی دەزگاکەمان ڕاگەیاند، پاشان لەلایەن ڕێکخراوی میدیکۆی ئەڵمانی و خاچی سووری سویدییەوە تەواوی پێداویستییە تەندروستییەکانمان پێگەیشت، کە بۆ ئەو کاتە پێویست بوو، وەك ڤیناع و داودەرمان، ئەمە لە کاتێکی باشدا بوو، چونکە ڕژێمی عێراقی چەکی کیمیایی دژی کورد بەکاردەهێنا و ڕژێم لە هەمان کاتدا بنکە تەندروستییەکانی لە ناوچە ئازادکراوەکاندا لابرد و وەڵامی ئێمەش بۆ ڕژێم دامەزراندنی دەزگای تەندروستیی کوردستان بوو.

دەزگای تەندورستی کوردستان لە کاتی ڕاپەڕینەکەدا ڕۆڵێکی زۆر بەرچاوی هەبوو لە تیمارکردنی بریندارەکان و (تیم)مان لە تەواوی میحوەرەکاندا هەبوو، پاشان دەزگای تەندروستی کارگێڕی نەخۆشخانەکانی کوردستانی ڕێکخستەوە کە نزیکەی ٨٠ بنکەی تەندروستی و نەخۆشخانە بوو کە لە زاخۆوە هەتا کفری بەڕێوەدەچوو، هەموو پێداویستییەکی تەندروستییان بۆ دابینکرا، بە مووچەی فەرمانبەرانیشەوە، هەروەها لەو گوندانەی کە بنکەی تەندروستی لێ نەبوو چەند بنکەیەکی تەندروستی تازەشمان کردەوە، چونکە لەو کاتەدا تاکە ڕێکخراو کە خزمەتگوزاری پێشکەشی هاوڵاتیان کرد، بریتی بوو لە دەزگای تەندروستیی کوردستان، لەبەرئەوەی ڕێکخراوە بیانییەکان نەهاتبوونە کوردستان،

---

پێشمەرگە دەکرد، وەك چۆن هەندێکجار خوێنەوارەکانمان کە ئاشتەوایی خەڵکیان دەکرد پێمان دەگوتن (دادوەر)، سەبارەت بە پەیداکردنی دەرمان، پێش شەڕی عێراق – ئێران ڕێکخستنەکان ڕۆڵێکی بەرچاویان هەبوو لە ناردنی دەرمان و پێداویستی پزیشکی بۆ شۆڕش، هەروەها هەندێك بنکە (مستوصف) لە ناوچەکاندا هەبوون، ئەو یاریدەدەرە پزیشکییانەی کە لە ئەرکدا بوون، لە دڵسۆزی خۆیان هەندێك پێداویستی و دەرمانیان پاشەکەوت دەکرد و بەنهێنی بۆ شۆڕشیان دەنارد، زۆرجاریش بەنهێنی بریندارمان بردووتە ئەو بنکانە و چارەسەکراون، کادیرانی تەندروستی شاخیش پەیوەندییان لەگەڵ یاریدەدەرانی پزیشکی ئەو بنکانە دروست کردبوو هاوکارییان دەکردین. چاوپێکەوتن لەگەڵ هەڤاڵ جەعفەر شێخ مستەفا، ٢٠٢٤/٢/٢٧.

کاتێکیش حکومەتی هەرێمی کوردستان دامەزرا، ئەوسا سەرجەم بنکە تەندروستییەکانی بەڕێوەبرد، لە ڕووی چارەسەرەوە، پاشان لە ساڵی ١٩٩٣ حکومەتی هەرێم مۆڵەتی فەرمی دایە دەزگاکەمان، کە وەك ڕێکخراوێك کار بکات لە هەموو بوارەکاندا.

لە وەرزی بێ ئاوییشدا، بۆ ناوچەکانی پشدەر، ڕانیە و دوکان، بە هەماهەنگی لەگەڵ یونیسێفدا ١٠ پڕۆژەی ئاوی خواردنەوەمان ئەنجامدا، دەزگای تەندروستیی کوردستان لە ڕووی بەڕێوەبردنەوە دەکرێت بە سێ بەشەوە، ئەوانیش بریتییە لە بەشەکانی: (کارگێڕی، دارایی و هونەری)، بۆیە بە پێویستمان زانی بەشەکانی دیکەش بەسەر بکەینەوە و لێپرسراوی بەشی دارایی شێرکۆ حەسەن عەبدولڕەحمانە بەمشێوەیە باسی بەشەکەی بۆ کردین، گوتی بەشی دارایی بەشێکی گرنگی ئەم ڕێکخروەیە کە کارەکانمان لەسەر بنەمای داهات بەڕێوەدەچێت، ئێمە هیچ سەرچاوەیەکی دارایی حکومیمان نییە بۆ یارمەتیدانمان، چونکە سەربەخۆین، تەنها لەکاتی ئەنجامدانی پڕۆژەکاندا بە هەماهەنگی لەگەڵ ڕێکخرویکدا کار دەکەین و ئەو داهاتەش لەسەر ئەژماری ئەوان خەرج دەکرێت و ئێمە مووچەی کارمەندەکانمان لەو ڕێژەی داهاتە خەرج دەکەین و ئەوەی دەمێنێتەوە هەمووی بۆ پڕۆژەکە خەرج دەکرێت.

سەرەتا ئێمە هەماهەنگیمان لەگەڵ ڕێکخراوی میدیکۆی ئەڵمانیدا هەبوو، بەڵام ئەوان لەبەر کۆمەڵێك هۆکاری تایبەت بەسەرجەم ستافەکانیانەوە گەڕانەوە، بەمەش کارەکانمان کەمبوونەوە، لەگەڵ کۆمەڵێك ڕێکخراوی دیکەشدا بۆ پڕۆژەکانمان هەماهەنگیمان هەیە، وەك DC هۆڵەندی یونیسێف و SCFی بەریتانی، دەزگای تەندروستیی کوردستان ئێستا زیاتر کار و چالاکییەکانی لە بەشی هونەریدا خۆی دەبینێتەوە، ئەمیش تایبەتمەندی خۆی هەیە، لێپرسراوی بەشی هونەری ئارام ڕۆستەم عەبدوڵڵا بەمشێوەیە بۆمان دوا: دوای دامەزراندنی حکومەتی هەرێم ئاڕاستەی دەزگاکەمان بە ئاڕاستەی خۆپاراستن ڕۆیشت و وامان بەپێویستزانی کە جگە لە بەشی چارەسەری تەندروستی، کەلێنێکی دیکە هەیە کە

ئـەویش هۆشـیارکردنەوەی تەندروسـتییە، بۆیـە بڕیارمانـدا کـە ئـەم ڕێگەیـە بگرینـە بـەر ئەویش بە چەند شـێوازێکی جیـا جیـا، سـەرەتا چـەند تیمێکمـان دروسـت کـرد و سـەردانی گوندەکانمان دەکرد و خەڵکی گوندەکانمان کۆدەکردنـەوە و بەمەبەسـتی هۆشـیارکردنەوەیان قسەمان بۆ دەکردن و لە چۆنێتی خۆپاراستن لە نەخۆشییەکان ئاگادارمان دەکردنـەوە، ئـەو هۆشـیارکردنەوەیەش بـە شـێوەی پۆسـت کـارت و فـیلم و شـانۆ بـوو، بەشـێکی لـە ڕووی ڕاگەیاندنی ڕادیۆوە بوو، هەروەها توانیومانە لە خەڵکی گوندەکان خۆیان چـەندین کـادیری تەندروستی دروست بکەین، بۆ فریاکەوتنی سـەرەتایی، کـە ئەمـە زۆر پێویسـت بـوو بـۆ ئـەو گوندانــەی کــە بنکــەی تەندروســتییان نییــە، جگــە لــە گونــدەکانیش ســەردانی بنکــە کۆمەڵایەتییەکانمان کردووە و چ بە دەرمان و چ بە ڕێنمایی تەندروسـتی یارمـەتیمان داون، لەوانە خانەی نەوجەوانانی کچان و کوڕان[٢].

---

[٢]- عەتا کەریم: دەزگای تەندروستیی کوردستان و هەوڵێکی بـەردەوام، ڕۆژنامـەی کوردسـتانی نـوێ، سـاڵی نۆیەم، ژمارە ٢٢١٦، شەممە ٢٠٠٠/٨/٥، لاپەڕە ٥.

# پزیشک و کارمەندانی تەندروستیی شۆڕش و ژیاننامەکانیان

## عاسی حسێن حەمەزارا (دکتۆر عاسی)

ساڵی ١٩٥٤ لە شارۆچکەی دووزخورماتوو لە دایکبووە، خێزاندار بووە و باوکی دوو کوڕ و دوو کچ بووە بەناوەکانی (ڕەوەند و ڕەهەند و ڕۆزانو و گەشبین)، لە شاری دووزخورماتوو قۆناغەکانی سەرەتایی و دواناوەندیی تەواوکردووە، ساڵی ١٩٨٠ پەیمانگای پزیشکی لە موسڵ تەواوکردووە، دوای تەواوکردنی پەیمانگای پزیشکیی لە موسڵ لە جیاتی خزمەتی سەربازیی لە سوپا، چەکی پێشمەرگایەتی لە هەرێمی ٥ی قەرەداغ دەکاتە شان، لە سەرەتایی ساڵی ١٩٨٠-ەوە تا ١٩٩١ بەردەوام دەبێت، لە ١٩٨٨ پێشمەرگە بووە. لەو ماوەیەدا دەیان جار دایك و باوك و خوشك و براکانی دەستگیرکراون و لە بەندیخانەکانی بەعسدا ئازاردراون.

سەرتایی ساڵی ١٩٨٠ تاکو ناوەڕاستی ١٩٨٤ وەك دکتۆر کاری کردوە لە خوورماتوو و گوندەکانی ناوچەی گەرمیان، لە سەرەتای ساڵی ١٩٨٣ بەشدار دەبیت لەگەڵ (٥٣) هەڤاڵی پێشمەرگادا لە خولێکی پزیشکی بۆ ماوەی (دوو مانگ و نیو) لە مزگەوتی زەردەلیکاو لە ناوچەی قەرەداخ، سەر بە هەرێمی قەرەداخ، لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٨٣ بەشدار دەبیت لەگەڵ (٢١) هەڤاڵی پێشمەرگەدا لە خولێکی پزیشکی پێشکەوتوو بۆ ماوەی (پانزە ڕۆژ) لە مزگەوتی زەردەلیکاو لە ناوچەی قەرەداغ بە سەرپەرشتی دکتۆر شێخ کەمال، ناسراو بە دکتۆر حەسان.

وەك دکتوری ناوچەکە، کاری دکتۆری کردوە بۆ تیمارکردنی هەڤاڵانی پێشمەرگە و خەڵکی ناوچەکە بێ درێغی و دابڕان، بە دوو بۆ سێ شێوازی پێداویستی بزیشکی و دەرمانی بەدەستکەوتووە، لەوانە: داواکردنی هەر پێداویستیەکی پزیشکی گرنگ لەسەر نەسریەی تایبەتی ئەو بنکەیە لە ڕێگای ڕێکخستنەکانی ناو شار و شۆفێرەکانی نێوانیان.

هەروەها بە هەماهەنگی پێشمەرگە لەگەڵ ڕێکخستنەکانی ناو شار بە چالاکی مەیدانی بۆ دەست بەسەراگرتنی پێداویستییە پزیشکییەکانی لەو بنکە تەندروستییانەی نزیك بوون لە سنووری چالاکی پێشمەرگە. لە ڕوویەکی دیکەوە هەر ماوەی جارێك لە ڕێگای دکتۆر و پزیشکی دەرمانسازی دڵسۆزی هێزی پێشمەرگە یان دکتۆر و دەرمانسازی ڕێکخستنەوە کەرەستەو و بابەتەکان کۆ کراوەتەوە، لە چەندەها جۆر کەرەستەی پزیشکی و دەرمانی بەدەست گەیشتووە.

وەکو پێشمەرگەیەکی تیپی (٥١)ی گەرمیان هەمیشە لە جوڵەی و چالاکی و خەباتدا بووە، وەکو پزیشك و برینپێچ لەگەڵ هەڤاڵەکانی لە ناوچەکانی گەرمیان، دکتۆر حەسان (شێخ کەمال) و لێپرسراوی بەشی تەندروستی ئەو تیپە، دکتۆر حسێن کومبی دووزی وەك لێپرسراوی نەخۆشخانەی تیپی ٥١ی گەرمیان، دکتۆر هۆشمەند (وەلی ئەکرم)، دکتۆر ئەنوەر عوسمان، دکتۆر مەجید کەرکوکی و دکتۆر ساماڵ، لە ساڵانی ١٩٨٠ تاکو ١٩٨٥ وەکو دکتۆری شۆڕش بەردەوام بوون لە کار و چالاکییەکانیان.

لە سەرەتایی ساڵی ١٩٨٤وە وەکو حاکمی ناوچەی داودە لە گەرمیان دەست بە کاربووە، لە درێژەی کاری پێشمەرگایەتیدا چەند جارێك بریندار بووە، لە شەڕ و پێکدادانەکان و دوو جار برینداری سەخت بووە، یەکەمیان لە ڕێکەوتی ١٩٨٤/١٠/٢٣ یەکەم جار بریندار بووە لە ناوچەی گەرمیان لەگەڵ هێزی سوپای عێراقدا، لە ١٩٨٥/٧/١٥ بۆ دووەم جار بریندار بووە لە ناوچەی گەرمیان

بەشداری ڕاپەڕینە مەزنەکەی ساڵی ١٩٩١ کردووە لەگەڵ هێزی پێشمەرگەی کوردستان و بەسەرپەرشتی هەڤال عوسمان حاجی مەحمود، کە لە شاری دووزخورماتوو و ناوچەکانیدا تاجی سەرکەوتنیان لە سەر نا.

لە ساڵی ١٩٨٠-ەوە تا ساڵی ١٩٨٨ پێشمەرگە بووە. لەو ماوەیەدا دەیان جار دایك و باوك و خوشك و براكانی گیراون و ئازار دراون لە بەندیخانەكانی بەعسدا. ئەندامانی خێزانەكەی لە پرۆسەی ئەنفالدا بریتی بوون لە:

١/ غازی برای و خێزانەكەی و ٦ منداڵەكەی ئەنفالكراون.

٢/ محەمەدی برای كە هێزی پشتگیریی تیپی ٥١ی گەرمیان بووە ئەنفال كراوە.

٣ / نەزیرەی خوشكی ئەنفال كراوە.

٤/ ڕەمزی : تەنها برای كە ماوەتەوە ئەویش لە ١٩٩١/٣/١٥ لە ڕاپەڕینەكەی دووزخورماتودا شەهید بووە .

لە دوای ڕاپەرین دەست بەكاربووە وەك جێگری بەتالیونی یەك، لە دوای پرۆسەی ئازادی ساڵی ٢٠٠٣ و لە یەكەم خولی پەرلەمانی عێراقدا لە ساڵی ٢٠٠٦ لەسەر لیستی یەكێتیی نیشتیمانی كوردستان بووەتە ئەندامی پەرلەمانی عێراق بۆ ماوەی چوار ساڵ لەسەر پشكی ناوچەی دووزخورماتووی سەر بە پارێزگای سەلاحەدین. یارمەتیی سەدان خێزان و كەسوكاری ئەنفال و شەهیدانی داوە. دواتر خانەنشینكراوە.

لە ٢٠٢٠/١٠/٢٣ ڕۆژی هەینی (عاسی حسین حەمەزارا) ناسراو بە دكتۆر عاسی، پێشمەرگەی دێرین و دكتۆری شاخ و ئەندامی پەرلەمانی عێراق، لە تەمەنی ٦٦ ساڵیدا لە شاری ئەستەمبوڵ بەهۆی فایرۆسی كۆرۆناوە كۆچی دوایی كردووە[٣].

---

[٣]– محەمەد سابیر زەنگەنە ٢٠٢٣/١/٢٣.

# عەبدولڕەحمان حەسەن سەعید (دکتۆر چیا)

ساڵی ١٩٥٦ لە گەڕەکی دەرگەزێنی شاری سلێمانی لەدایکبووە، خوێندنی سەرەتایی لە خوێندنگەی دەرگەزێن لە ساڵی ١٩٧٩ تەواوکردووە، ناوەندی لە خوێندنگەی جمهوری و ساڵی ١٩٧٧ ئامادەیی لە خوێندنگەی سلێمانی تەواوکردووە، لە ساڵی ١٩٧٩ پەیمانگای پزیشکی سلێمانی تەواوکردووە.

هەر لە تەمەنی لاوێتیدا حەزی بە سیاسەت و خەباتی شۆڕشگێڕانە بووە، لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا دکتۆر چیا نازناوەکەی بووە، پاش شکستی شۆڕشی ئەیلول لە ساڵی ١٩٧٥ خولیای گەڕانی هەبووە بە دوای ڕێکخراوێکی شۆڕشگێڕدا، بۆیە ساڵی ١٩٧٦ پەیوەندی کردووە بە ڕێکخراوی کۆمەڵەوە، کە پێشتر ناوەکەی بریتی بوو لە کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستان، بۆیە پاش تەواوکردنی پەیمانگای پزیشکی سلێمانی و وەرگرتنی بڕوانامە لە ساڵی ١٩٧٩ دەچێتە ڕیزی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و دەبێتە ڕابەری سیاسی، لە هەمان کاتدا وەکو دکتۆری هەرێمی پێنجی قەرەداغ خەباتی کردووە.

بەشداری چەندین شەڕ و بەرگری کردووە، دواجار لە چالاکییەکی پێشمەرگانەدا لەگەڵ هەڤاڵێکیدا لە ١٩٨١/٩/١٧ دەچنە ناو شارۆچکەی زەڕایەن، بەڵام بەهۆی ناپاکی چەند کەسێکەوە ئەو چالاکییە ئەنجام نادرێت، دکتۆر چیا و هاوڕێکەی شەهید دەکرێن[٤].

---

[٤]– چاوپێکەوتن لەگەڵ حەمید حەسەن سەعید برای شەهید د. چیا، ٢٠٢٣/٢/٧.

# عەبدولڕەحمان عیسا محەمەد (دکتۆر عەبدولڕەحمان)

لە ساڵی ١٩٦٣ لە گوندی هەرتەلی سەر بەناحیەی بێتواتە لە دایکبووم، لە ساڵی ١٩٧٩ لەڕێگەی هەڤاڵان جەمیل ڕەنجبەر و شێخ سلێمان لە کەرتی ڕێکخستنی شەقڵاوە پەیوەندیم بە ڕیزەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردووە، کە بنکەکەی لە بالیسان بووە، دواتر پەیوەندیم بە چەندین هاوڕێی دیکەمەوە کرد و ئەوانیش هاتنە ڕیزەکانی ڕێکخستنەوە، ساڵی ١٩٨١-١٩٨٣ بەشی پەرستاریم لە شاری هەولێر تەواوکردووە.

لە مانگی ١٩٨٣/١٠ لە گەرمەی شەڕی بێتواتە بەشداریی ڕیزەکانی هێزی پێشمەرگە بووم، لە تیپی ٩٧ی بێتواتە چەکی پێشمەرگایەتی کردە شان، دواتر ئەو تیپە بوو بە تیپی ٨٣ی هەورێ کە سەر بە مەڵبەندی چواری ئەو کات بوو، لەسەر پێشنیاری دکتۆر زریان و بە بڕیاری هەڤاڵ کۆسرەت ڕەسووڵ کرام بە دکتۆری تیپ، لەو ساڵەوە هەتا کۆتایی ساڵی ١٩٨٨ وەك دکتۆری تیپ و پێشمەرگە بەردەوام بووم، هاو کات بە درێژایی ئەو ماوەیە ئەندامی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان بووم.

لەو ماوەیەدا بەشداریی چەندین شەڕم کردووە، لەوانە شەڕی سەرکردایەتی، دێگەڵە، بنەباوێ و داستانی قەیوان ماوەت، لەگەڵ چەندین چالاکی دیکەدا وەك گرتنی قۆپی سوور، کە شەش فەرماندەی پێشمەرگە تێیدا شەهیدبوون، هەروەها لە کۆتایی و ساڵی ١٩٨٨ و قۆناغەکانی ئەنفالدا لە چەندین شوێندا بەشداری چەند شەڕێکی سەختم کردووە، هەر لە مالوومەوە هەتا دەگاتە چیای ورچەچی بناری قۆپی سارای ناوچەی دووکان، لەوێ بە گروپی سێ کەسی و چوار کەسی جێگیربووین، دەمانزانی حکومەت هێرشمان بۆ دەکات، هەموو نەخەوتین و بە ئاگابووین، چونکە لە ئێوارەوە هەتا درەنگانی شەو ڕژێم سەدان تۆپ و هاوەنی بەسەرماندا باراند، دواتر لە تاریك و ڕوونی بەیاندا لە هەموو لایەکەوە هێرشی هێنا ئێمەش لێیان هاتینە دەست و زۆر کاریگەرانە شکان، لە قوڵێکی دیکەوە هێزی دوژمن گەیشتبووە سەر مامۆستا زانا و چەند پێشمەرگەیەکی دیکە، خۆشبەختانە بەهۆی بەرگری

ئەوان و پێشمەرگەی چەند قۆڵێکی دیکە ئەو هێرشە شکا، دواتر لە هەر چوارلاوە دوژمن دەیان تۆپ و هاوەنی بەسەردا باراندن و مامۆستا زانا و هەڤاڵ سامان برینداربوون، لەبەر ئازاری زۆری برینەکەیان شوێنی خۆیان بە جێهێشتبوو و بەرەو لای ئێمە هاتبوون، ئێمەش لە قۆڵەکەی خۆمان تەنها سێ کەس بووین، ئەوانیش هەڤاڵ غازی بێلاوەیی و پێشمەرگەیەکی خەڵکی شەقلاوە و بەندە بووین، لەو کاتە دەنگی ناڵەیەك هاتە بەر گوێم، منیش بەو دوو هاوڕێیەم گوت بە دوای ئەو دەنگەدا دەچم و دڵنیام ئەوە برینداری خۆمانە و بانگم دەکەن، ئەو دەنگە لە چاڵە بەفرێکەوە دەهات، چونکە هێشتا شاخی ورچەچ بەفری زۆری پێوە مابوو، کە گەیشتمە سەر چاڵەکە بینیم مامۆستا زانا بوو، برینداربوو، قۆڵیم گرت و لەگەڵ خۆم هێنامە ژێر بەردێك کە کۆڵەپشتی دەرمانەکانم لێ دانابوو، لەوێ سارێژکارییەکی باشم بۆی ئەنجام دا، کە گوللەیەکی بیکەیسی لە سکی و ناوچەی حەوزی دابوو لەمدیو بۆ ئەو دیو دەرچووبوو، برینەکەی زۆر سەخت بوو، زۆری نەبرد هەڤاڵ سامانیش دەرکەوت، کە ئەویش برینداربوو، ئەویشم تیمار کرد، بەلام خۆشبەختانە برینی ئەو لە قاچی بوو، بۆیە دوای تەداوی گەڕایەوە شوێنی خۆی، هەروەها لەبەر پێشمەرگەکانی هاوسەنگەری پێویست بوو بگەڕێتەوە، بەلام پێشمەرگەکانی قۆڵی ئەوان کە زانی بوویان مامۆستا زانا و هەڤاڵ سامان بریندارن ئەوانیش شوێنی خۆیان چۆڵ کردبوو، گەیشتنە لای ئێمە و نەوەستان و چوونە خوارەوە، مامۆستا زانا لەوە دەترسا منیش بڕۆم بەجێی بهێڵم، بەلا/ دڵنیاییم پێدا دەبێت تەرمەکەم لە پاڵ تۆ بکەوێت بۆیە ئاسوودەبە کە لەلات دەبم، دواتر ورەم پێدا و گوتم هەموو هەڤالان لێرە ماون مەترسە، خۆشبەختانە لە دوو قۆڵی دیکەوە هەڤاڵ ئەندام نواوەیی و هەڤاڵ سەیید حسێن بێتواتەیی لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەکی دیکەدا چۆکیان بە دوژمن دادابوو، بە هەموو چەکێك لێیان دەدان، هاوار و ناڵەی قوات خاسە و جاشە بەکرێگیراوەکان لە هەموو لایەکەوە دەنگی دەدایەوە، هێزی خەلفیشمان کە کەمێك لە خوارەوە بوون ئەوانیش هاتبوونە سەر گردێك و بە هەموو هێزیانەوە لە دوژمنیان دەدا، مەیدانی جەنگێکی ڕاستەقینەی بوو ئێمە تەنها چەند پێشمەرگەیەك بووین، بەرامبەر هێزێکی بێشوماری دوژمنی پڕ چەك و ڕاهێنراو و خاوەن چەکی قورس و تەکنەلۆژی وەستاینەوە کە لە فیلمێکی سینەمایی دەچوو، ناوی

پێشمەرگەکانیش بریتی بوون لە هەڤاڵان: (ئەحمەد هەرتەلی، عەزیز نـواوەیی، عەبدولسـتار- ستار سلێمانی، مەلا سەفین وەرەیی، عومەر زێوەیی، محەمەد- هێمن نواوەیی).

لەم شەڕەدا تەنها لە دوای ٤٥ خولەك هێزی دوژمن بە دەسـت و بـازووی پێشـمەرگەکانی ئێمەوە کە تیپی ٨٣ی هەورێ بوو زۆر بێ بەزەییانە تارومارکرا، بە سەدان لاشـەی دوژمـن لـە مەیدانی جـەنگ بـەجێمان و بوونـە خـۆراکی هـەڵۆکان، ئەوانەشـی مابوونـەوە لـە نـاو چیادا گـەمارۆ درابـوون، هـەر دەگریـان و هـاواری یەکـدیان دەکـرد، بـەڵام لەلایـەن پێشـمەرگە نیشانشکێن و BKC هاوێژەکانەوە دەکرانە نیشان و لە شـاخەکانەوە فـڕێ دەدرانـە خـوارەوە، گەروو و دۆڵاییەکانی تەپی ورچەچ لێوان لێو بوو لە لاشەی دوژمن، ئەوەی ڕزگاریشی بوو بە دەست و قاچی شکاو و بە پێـی پـەتی هـەتا مۆڵگەکانیانـە هـەڵهاتن، دواتـر هێزێکـی ئێمـە لـە بارەگـای خەلفییـەوە کـە تـەنها هـەڤاڵ محەمـەد BKCم لـە یـاد مـاوە هـاتن و ئێمـەیان ئاڵوگۆڕکرد، بە دوای هاتنی ئەوانەوە من و مامۆستا زانا هاتینە خـوارەوە، بـەڵام دۆخـی بـاش نەبوو، نەیدەتوانی لەسەر پێی خۆی بڕوات، منیش تەنها بووم و جارجار لـە کـۆڵم دەکـرد و جارجـاریش خـۆم دەخسـتە ژێـر باڵییـەوە هـەتا بارەگـای خـەلفی نەوەسـتاین، کـە لـە ژێـر بەردێکی گەورەدا بوو، دوژمن چەند هاوەنێکی هاویشت، بەهۆیـەوە چـەند پێشـمەرگەیەکمان بریندار بوون، یەك لـەوان هـەڤاڵ عەبـدوڵڵا کـانی بـەردیی بـوو، دواتـر مامۆسـتا زانامـان لـە هێسترێك بار کرد و لەگەڵ برینداروەکانی دیکە و بـە یـاوەری چـەند پێشـمەرگەیەك، بـەرەو بەرگەڵوو بەڕێکران، بەڵام بەداخەوە مامۆستا زانا لە بەرگـەڵوو گیـانی سـپارد و شـەهید بـوو هەر لەوێش بەخاك سپێردرا، ئەوەی شایەنی باسە ئەو ڕۆژە دوژمـن کیمیابـارانی هەڵەبجـەی کردبوو، بۆ شۆڕش و سەرکردایەتی کارەساتێکی گەورە بوو، بەڵام لە نـاو هێـزی پێشـمەرگەدا باس نەکرا و بە نهێنی مایـەوە، کـاتیش بـەرەو درەنگـی دەچـوو، ئەگەرچـی چـەند ئـامێرێکی پەیوەندیمان لابوو، بەڵام لەبـەر مەترسـی تێکـەڵبوونی دەنگمـان لەگـەڵ ئامێرەکـانی دوژمـن، قاسیدێك لە بەرگەڵووەوە بەپێ هاتبوو، نامەیەکی هێنابوو تێیـدا هـاتبوو: بـەخێرایی بـەرەو بەرگـەڵوو بکشـێنەوە، دواتـر پێشـمەرگەکان کۆکرانـەوە و هـەر سـێ کـەس یـان چـوار کـەس بەڕێکەوتین، کاتێك گەیشتینە بەرگەڵوو بەتەواوی دونیا تاریك بووبوو، لەوێش بـەبێ پشـوو

و بەبێ خواردن ملی شاخێکی هەزار بە هەزارمان گرتە بەر، کە ئامانجمان گەشتن بوو بە سەفرە و زەروون.

دواتر بەرەو ئێران پاشەکشەمان کرد و لەوێش تەنها دووبۆ سێ شەو لە گوندەکانی سەردەشت و سەر سنوور ماینەوە و گەڕاینەوە سنوورەکانی دۆڵی خۆشناوەتی سەر بە مەڵبەندی سێ، لەگەڵ گەیشتنمان بەو سنوورە ئەنفالی سەر سنوورەکانیش دەستی پێکرد، ئێمەش دووبارە بەرەو قەندیل و کونەکۆتر کشاینەوە، لەوێش شەڕێکی دیکەی بەرەیی دروست بوو کە زیاتر لە مانگێکی دیکەی خایاند و بە ناچاری بۆ ناوچەی قاسمەڕەش و سونێ پاشەکشەمان کرد[٥].

---

[٥]– چاوپێکەوتن لەگەڵ عەبدولڕەحمان عیسا محەمەد (د. عەبدولڕەحمان)، ٢٠٢٢/٨/٢٢.

# عەبدولقادر حەمەشەریف حەمەکەریم (دکتۆر قادر)

ساڵی ١٩٥٣ لە شاری هەڵەبجە لە دایکبووم، قۆناغەکانی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەییم لە قوتابخانەکانی شاری هەڵەبجە تەواوکردووە، پاشان لە پەیمانگای تەندروستی بەشی دەرمانسازی وەرگیرام و ساڵی ١٩٧٥ تەواوم کرد و بووم بە یاریدەدەری دەمانساز، مانگی تەموزی ١٩٧٤ لە نەخۆشخانەی قەرەداغ دەست بەکار بووم، پاشان لە دوای ئاشبەتاڵی ١٩٧٥ گوێزرامەوە بۆ شاری هەڵەبجە و لەوێ دەستبەکاربووم و تا مانگی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٧٨ بەردەوام بووم پاشان چوومە ڕیزی پێشمەرگە.

هەر لە دوای ئاشبەتاڵ بەهۆی هاوڕێیەتیم لەگەڵ پۆلێك تێکۆشەری وەك ئەنوەر حەمەئەمین، مامۆستا عومەر، مامۆستا پشکۆ و حەمە ئاوات...هتد بە بیروباوەڕی کۆمەڵە ئاشنابووم و هەر لە سەرەتای دروست بوونی یەکەم مەفرەزەی هێزی چەکدار متمانەی پەیدا کردن و ناردنی دەرمانم وەرگرت، سەرەتا بە ناردنی دەرمان و کەرەستەی تیمارکردن بۆ پێشمەرگە دەستبەکار بووم، بەڵام دەرمانی زۆریشم دەنارده شوێنی دڵنیا بۆ کاتی پێویست. دەمزانی ڕۆژێك بە ئارەزوو یان بە زۆر دەبێت بچمە دەرەوە.

پاش کارەساتی هەکاری و سنووردداربوونی هێزی پێشمەرگە وەك ئەرکی نیشتیمانی یەکەم جار سێپتامبەری ١٩٧٨ پاش هەوڵێکی سەرنەکەوتوو مامۆستا پشکۆ لەبەر هۆیەکی نەخوازراو شوێنەکەی بەجێ هێشتبوو، جاری دووهەم لە ئۆکتۆبەری ١٩٧٨ پەیوەندیم بەڕیزی پێشمەرگەکانی هەورامانەوە کرد. هەر لە سەرەتاوە وەك کادیرێکی سیاسی و پزیشکی دەست بەکاربووم، کۆڵەپشتەکەم پڕ کرد لە دەرمان، ئەو دەرمان و کەلوپەل پزیشکییانەش کاتی خۆی، خۆم زۆریم ناردبووە دەرەوە لای هەڤاڵان شێخ عەبدوڵڵا شێخ ڕەئووف و کاوەی شێخ قادر دامنابوو.

یەکەم تاقیکردنەوەش بۆ کاری پزیشکیم زستانی ١٩٧٨ بوو کە تێیدا هەڤاڵ قارەمان ڕۆستەمی زێبا برینداربوو، کە دواتر شەهید بوو، پاشان گوێزرامەوە بۆ کەرتی ٣ی هەرێمی

یەك لە شارەزوور، لە کۆتایی ۱۹۷۸ لە چەککردنی ژاندارمەکانی مەریوان شانبەشانی برایانی یەکیتیی جووتیارانی مەریوان بریندار بووم و لەوێ تیمارکرام. دواتر لە بەهاری ساڵی ۱۹۷۹ لە شەڕێکی دەستەویەخەدا لەگەڵ پێشمەرگەکانی شارەزوور بە فەرماندەیی هەڤاڵ محەمەدی حاجی مەحموود لە گوندەکانی ڕیشێن، خوڵخورد و عەلیئاوا تێدا هەڤاڵ محەمەدی حاجی مەحموود بریندار بوو، دووەم کاری ڕاستەوخۆی پزیشکیم بوو.

سێیەم تاقیکردنەوەی کاری پزیشکیم تیمارکردن و گەیاندنە ئێرانی هەڤاڵ قارەمان عوسمان کاکە ڕەشی بریندار بوو. لە ڕووداوێکی دیکەدا و لە سەرەتای ۱۹۷۹ و هاوینی ۱۹۷۹ هەڤاڵ عومەری سەید عەلی بە بریندارای هێنرایەوە خڕی ناوزەنگ. لەبەر سەختی برینەکەی دەبووایە بگەیەنرێتە ئێران بۆ تیمارکردن. بەندە کە شارەزاییەکی باشم لە گواستنەوەی بریندار بە شێوە کلاسیکیەکان وەك ولاخ و تراکتۆر هەبوو ڕاسپێررام هاوڕێ لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەك هەڤاڵ عومەر بگەیەنینە سەردەشت. سەرەڕای سەختی ڕێگا بە کەمترین زیان و ئازار گەیاندمانە سەردەشت کە سەرەتای هاوینی ۱۹۸۰ بوو.

دواتر بۆ ئەنجامدانی چالاکییەك لە عەربەت شەو خۆمان گەیاندە نزیکی تانجەرۆ نزیکی گوندی زێڕینجۆ بەڵام دووپشکی عەربەت چالاکییەکەی لێ تێکدایین، لەگەڵ ئەم ئەرکانەشدا شان بەشانی پێشمەرگەکانی کەرتی ۳ی شارەزوور بەشداری چالاکی پێشمەرگایەتیم کرد لەگەڵ شەهیدان مەحموود گەرمیانی، سدیقی حەسەن، ئەحمەد شاتوانی، عەبدوڵڵا تەپەڕەشی و هەڤاڵان عومەر قادر گوڵباخ، عەلی عارف. لە فێبریوەری ۱۹۸۰ لە گوندی ناوگردان قاچی چەپم پێکرا خۆم تیماری خۆمم دەکرد، لە گەلاوێژی ۱۹۸۰ جاری دووهەم لە کلکەی سەراو لەگەڵ هەڤاڵ عومەر و شەهید مەحموود گەرمیانی کەوتینە بۆسەی سەربازانەوە و بەندە بریندار بووم خۆم تیمارکەری خۆم بووم.

لە فێبریوەری ۱۹۸۱ لە هەڵەبجە لەگەڵ هەڤاڵ حەمەتۆفیقدا کەوتینە بۆسەوە، مەخابن بەندە بە سەختی بریندار بووم و حەمەتۆفیقی نەمر شەهیدکرا. ئەمجارە هەڤاڵ قارەمان کاوە عەبدوڵڵا لە هەر کوێیەك بوومایە دەهات و تیماری دەکردم. جگە لەمانە هاریکاریکردنی گوندنشینان بە دەرمان و تیمارکردنیان ئەرکێکی تری بەندە بوو. هەروەها

بۆ چارەسەری پێشمەرگەی ژەهراوی بوو بە پێوەدانی دووپشك و بە دەرمانی كێچ و مۆریان ئۆرگانۆ فۆسفۆرۆز كە دژ بە ئەسپێ بەكاردەهێنرا لە سنووری هەرێمی یەكدا كاری بەندە بو و لەو پێشمەرگانە كە تیمارم كردوون هەڤاڵ مەلا یاسین ساڵی ١٩٨٠ لە پارەزان لەگەڵ پێشمەرگەیەكی دیكەدا چارەسەرم كردن.

ساڵی ١٩٨٥ پاش تێكچوونی گفتوگۆی نێوان ی.ن.ك و حكومەت پێشمەرگەیەك ڕانی شكابوو. بەندە تیماری پێویستم بۆ كرد، بە ئاسن لای ئاسنگەرێك ڕاگرێكی پێویست جەبیرەی تۆماسم بۆ دروست كرد تا ڕێگری لە خراپبوونی باری تەندرستی بگرێت بگەیەنرێتە لای برادەرانی دیموكرات لە دۆڵی جافەتی بۆ چارەسەری پێویست، پێش چونە دەرەوەم بۆ پەیدا كردنی دەرمان هاوكارم بوون ئەوانیش نەوزاد جەلال ئەحمەدە ڕەش، ئەمیر دەرمانساز بوون، ساڵح عەلاف، شەوكەت، عەبدولڕەحمان لە ئەنبارخانەی دەرمانی سلێمانی. هەروەها پزیشكان: ڕەفیق، دكتۆر محەمەد باجەلان، دڵخواز حەمەڕەسوڵ، مستەفا شێخ كەریم بە نووسینی ڕەچەتە بێ پرسیاركردن بۆ كێ و بۆ چیتە ڕەچەتەیان بۆ دەنووسیم دڵنیام ڕەفیق و حەمە باجەلان دەیانزانی بۆ چیمە، بەڵام بۆ ئەوانی تر نازانم. پاش چوونە دەرەوەم بەڕێزان نەوزاد جەلال، كاوە عەبدوڵا لە هەڵەبجە هەڤاڵ شێركۆی شێخ حەمەئەمین كاردۆخی دەرمانساز، بەردەوام بوون لە ناردنی دەرمان. ئەوانەی دەرمانەكانیان ئەگەیاندە دەستم. كاكە حەمەی حاجی حەمە شەریف، كەمال دەروێش شەریف، جەعفەر جەلال، خاڵۆ زەینە، جەمال حاجی حەمە ساڵح، حەمەعەلی حاجی حەمەشەریف، نەوزاد و نەورۆز مستەفا دۆڵپەمووی، جەمال جەلیلەیی، زۆر جاریش كەس و كاری پێشمەرگەكانی دەوروبەر.

لە ساڵی ١٩٨٢ بە هاوڕێیەتی دكتۆر هەژاركە پێشتر لە بارەگای هەرێمی ٣ لە بلەكێ لە بنكەی تەندروستی ئەوێ كاری دەكرد، بنكەی تەندروستی پارەزانمان دامەزران و پاش ماوەیەكی كورت دكتۆر شاخەوان و دكتۆر جیهانگیر و هەڤاڵ هیوا پێمانەوە پەیوەست بوون. لە پارەزان پێشمەرگە و هاووڵاتی زۆرمان چارەسەر كرد وەك هیوا مەحموود سەڕاج، هەڤاڵ عەبدولڕەحمان حەمەی فەرەج، هاووڵاتی واحید لە شارستێن ڕانی شكابوو. جگە لەوی

ڕۆژانە هاووڵاتیانی پارەزان و گوندەکانی دەورووبەر بۆ چارەسەرکردن وەرگرتن دەهاتن. جگە لە برینداری و نەخۆشییە ئاساییەکان کەرەسەی چارەسەری کاتی دانێشان، نەخۆشیەکانی تریشمان هەبوو. لە هەندێك پەرتووکی پزیشکی سوودمان دەبرد هەروەها بەردەوام گفتووگۆمان دەکرد.

لە سەروبەندی گفتوگۆی ی.ن.ك و حکومەتدا بەندە کرامە بەرپرسی بەشی تەندروستی پێشمەرگە لە سلێمانی. لەوێ ڕۆژانە لەلایەن برادەرانی بەشی تەندروستی هێزی پێشمەرگەوە وەك دکتۆر هەژار، دکتۆر حەسان، دکتۆر شاخەوان، نەخۆشخانەی دکتۆر بەختیار، زۆر جاریش ڕاستەوخۆ بەرپرسەکانی پێشمەرگە و پێشمەرگە و کەس و کاری پێشمەرگە، و هاووڵاتییانی گوندەکان دەهاتنە لام چارەسەریان لەلایەن پسپۆڕانی بەشی تەندروستی سلێمانییەوە وەردەگرت. لەم کارە بێ هاوکاری عەبدولی ئەحمەد کەڵەمێرد، دکتۆر لەتیف، ئەبوبەکر، شێرکۆ شێخ حەمەئەمین، نەوزاد جەلال، فەریدون عەبدوڵا، نەجات حەمە ڕەق، نیهاد کەرکووکی، عومەر محەمەد شەریف و ئازاد محەمەد عەلی ئەنجام دەدرا.

هەروەها دانوستان بووە هەلی کۆکردنەوە و شاردنەوەی دەرمانی زۆرباش کوتانی منداڵانی گوندەکانی سنووری پارێزگای سلێمانی بە پێکوتەکانی دوانی، سییانی، ئیفلیجی منداڵ، وەناق و پشکنین بۆ مەلاریا و نەخۆشی سیلیشی بۆمان ڕەخسان، ئەم چالاکییانە بێ هاوکاری زۆری کاك عەبدولی ئەحمەد کەڵەمێر نەدەکرا، ئەو دەرمانە شاراوانە جگە لە نەخۆشخانەی مەڵبەند لە کانی دڕکە، دەرفەتی دانانی نەخۆشخانەی سیۆسێنانی ڕەخساند. بەداخەوە لە پاش هاوینی ١٩٨٥ بەندە بەهۆی ئاڵۆزییەکانی سەروبەندی ئاڵای شۆڕش ناچار بووم بۆ دواوە بکشێمەوە بەردەوامی بەکاری سیاسیم لە ڕیزەکانی ئاڵای شۆڕشدا بدەم و تا لە مانگی ١٢ ساڵێ ١٩٨٩ گەیشتمە وڵاتی سوید.

بۆ ڕزگاربوونی پێوەدراو بە دووپشکی عەربەت، دەبێت خۆی پیس بکات یا برشێتەوە. پێشتر ئەم وتەیەم چەندینجار بیستبوو. سەرەتای هاوینی ساڵی ١٩٨٠ لەبەر گرانی چوونە ناو عەربەتەوە هیچ چالاکییەك لەوێ ئەنجام نەدرابوو، بۆیە شەهید مەحموود گەرمییانی

پێشنیاری چالاکییەکی کرد و بۆ ئەنجامدانی بەندە و ٥ پێشمەرگە و خۆی دیاریکرد. شەوی پێش شەوی ئەنجامدانی چالاکییەکە بەڕێکەوتین بۆ متکەکانی کەنار تانجەرۆ نزیکی گوندی زێڕینجۆ بۆ خۆشاردنەوە و لە نزیکەو ە چاودێری کردنی جوڵەی سوپا بکەین. بەندە ئیتر ئاگام لە هیچ نەبوو، دەمەو بەیانی ڕۆژی دوایی لەوبەر سەر ئێشە بەئاگا هاتم. ڕووم لە شەهیدی قارەمان مەحموود گەرمیانی کرد کە تەنها ئەوم لابوو گوتم برادەران لە کوێن و هەنگاوی سەرەتامان ئەم ئێوارە چی دەبێت؟ شەهید مەحموود لە وەڵامدا گوتی: یەکسەر بەرەو سواری دەگەڕێینەوە. پرسیارم کرد برادەران لە کوێن و بۆ دەگەڕێینەوە؟ گوتی دوان دوان لەبن متکی تران و تۆیش دووپشکێکی ڕەشی عەربەت پێوەی دایت. گوتم ئێ پەنجەی بۆ جلە شۆڕاوەکانم ڕکێشا وتی ئیتر خۆت تێدەگەیت، ئێوەیش بۆ خۆتان تێبگەن چی ڕووی داوە دوای پێوەدانەکەم، دواتر زانیم ئەو قارەمانە خۆی جلەکانی بۆ شۆری بووم.

ڕووداوی بریندار بوونی هەڤاڵ محەمەدی حاجی مەحموود، ئەو ڕۆژە نزیکەی ٣٥ پێشمەرگەی هەرێمی یەك لە دۆڵی مەنجەڕ نزیکی گوندی ڕیشێن و کانی ئاسکان و خواروی ئەشکەوتی خۆرنەوازان بووین. لە گوندی قەدەفەری جاش شوێن پێی هەڤاڵان ئەحمەد قەدفەری و محەمەد ناوێکی هاوڕێی هەڵدەگرن. ئەگەر بیرم ڕاست بکات ئەحمەد ڕایکردبوو بەرەو گوندەکانی عەلییاواو وخوڵ خورد، جاشەکانیش وایان زانیبوو ژمارەیەکی کەم ی پێشمەرگە لەنیوان ئەو دوو گوندە خۆیان حەشار داوە و نێچیرێکی ئاسان بووە. بەو پێیە هاتبوونە ئەو دوو گوندە چۆڵکراوە و بەرەو چاوەی ڕیشێن بەرێوەبوون. لەو کاتە هەڤاڵ محەمەدی حاجی مەحموود کۆبوونەوەی بە زۆر فەرماندەی کەرت و مەفرەزەو کادیرەکانی ئامادە لەوێ کرد. پێشنیاری هەڤاڵ محەمەدی حاجی مەحموود دابەزین و لێدانی هێزی سوپا و جاش بوو، دوو فەرماندە دژ بەم کارەبوون. هەڤاڵ محەمەدی حاجی مەحمود گوتی من دەڕۆم کەسیش ناچار ناکەم لەگەڵم بێت. نزیکەی ٢٥ پێشمەرگە دوای کەوتین، هێزی سوپا و جاش شکێنراو پێشمەرگە بە دوایاندا تا گوندی عەلییاوا ڕۆیشت، لە گەرمەی تەقەدا بەندە ١٠ مەترێك لە دوای هەڤاڵ محەمەدی حاجی مەحموود بووم بە چاوی خۆم تۆپەڵی گۆشت و خوێنم دی لە سمتی چەپییەوە دەرپەڕی، بەڵام ئەو هەر بەردەوام بوو لە ڕۆیشتن، کاتێك هێزی دوژمن شکێنرا چوومە پاڵی گوتم برینداریت با تیمارت بکەم، لە وەڵامدا گوتی قسە

مەکە جارێك تا کارمان تەواو دەبێت. پاشان ڕانیم بەست و لەسەری ڕۆیشت پاش شەڕەکە تا گوندی شانەدەری. لەویّ لە مالّی جەلالی حاجی کاکەلی بە تەواوی تیمارم کرد و جلی نوێیان دایە. پرسیارم لێ کرد بۆ نەتهێشت لەویّ تیمارت بکەم؟ لە کاتێکدا مەترسی لە دەستدانی خوێنی زۆر لە ئارادا بوو؟ گوتی دکتۆر قادر من بەرپرسی ئەو بڕیارە بووم، پێویست بوو دەرهاویشتەکانیشی لە ئەستۆ بگرم. ئەم ڕووداوە بۆ مێژوو لە سەر دڵسۆزی زۆر لە پێشمەرگە و بەرپرسان دەگێڕمەوە، هەرچی ڕووداو ی دوایی هەیە بە تێنەگەیشتن لەیەك و تەنها خۆ بەڕاست زانین هۆکاری بوون لە کۆتاییدا داوای لێبووردن لەو بەڕێزانە دەکەم کە ناویانم لە بیر چووە، وەك دەزانن نزیکەی ٣٦ تا ٤٤ ساڵ لەمەوبەر بووە و تەمەنیش لەسەر بیری بەندە ئاسەواری بەجێ هێشتووە، ساڵی ١٩٨٤ هاوسەرگیریم کردووە سێ منداڵم هەیە بە ناوەکانی لاڤە و لالە وە داریان[٦].

---

[٦]– چاوپێکەوتن لەگەڵ عەبدولقادر حەمەشەریف حەمەکەریم (د. قادر)، ٢٠٢٢/٨/١١.

# عەبدوڵڵا ئەنوەر عەبدوڵلا عەلی (دکتۆر عەبدوڵڵا)

لە ساڵی ١٩٥٤ لەدایکبووم، خەڵکی سنووری خانەقینم، بەڵام لە ساڵی (١٩٦١)ەوە هاتووینە کەلار، خوێندنی سەرەتاییم لە کەلار و کفری و خوێندنی ناوەندیم لە جەلەولا تەواوکردووە، قۆناغی لە پۆلی سێ ناوەندییەوە چوومە پەیمانگای تەندروستی بەغداد لە ساڵی ١٩٦٩، لە پێناوی بژێویمدا لە پشووەکاندا دەچووم بۆ کرێکاری، لە ساڵی ١٩٧٣ تەواوم کرد و لە دووزخورماتوو دامەزرام و دواتر گوێزرامەوە بۆ کەلار، لە ساڵی ١٩٨٠ – ١٩٨١ چوومە کۆلێژی یاسا لە بەغداد و لە ساڵی ١٩٨٦ تەواوم کرد و گەڕامەوە بۆ فەرمانگەم کە تەندروستی بوو.

ساڵی ١٩٧٦ سەرباز بووین لە سلێمانی، هەڤاڵێکی کەرکوکی بە ناوی قاسم عەلی بووین بە دۆستی کۆمەڵە، ئیدی تا سەربازیمان تەواوکرد ڕێکخستنی نهێنی بووین، ئیدی لە ١٩٧٨ ڕێکخستنی نهێنیمان نوێ کردەوە، کە سەر بە ڕێکخراوی سلێمانی بووین، لە ڕێگەی هەڤاڵ حەمە نوری و هەڤاڵ حەمە ڕەشید پەیوەندیمان گرێدا، لە پۆلی بەمۆ کارمان دەکرد، هەرچیمان دەست بکەوتایە لە دەرمان دەمان نارد بۆ پێشمەرگە، سەرەتا هەر ڕێکخستن بووین، دواتر شانە دروست بوو، ئێمە بووین بە شانەی سەرەکی کە پێکهاتبووین لە: (بەندە، مامۆستا هاشم ڕەفعەت، عەبدوڵڵا ئیبراهیم و عادل) شانەی لە کەلار، کەسێکمان دەستگیرکرا و ئاشکرابووین، لێرەوە بووین بە پێشمەرگە.

سەرەتا چووینە ڕێکخراوی کۆمەڵە، دواتر چوومە تیپی ٥١ی گەرمیان لە بانی مۆرد لە بناری شاخی زەردە، دەستمان کرد بە خزمەتی پێشمەرگە و گوندنشینان، هەڤاڵ عادل شکور سەرتیپ بوو، هەڤاڵ حەمەڕەش جێگری تیپ بوو، لە هەر کوێ شەڕ هەبووایە

بەشدار دەبووم، کادیری تەندروستی ڕۆڵی هەبوو لە بەرزکردنەوەی ورەی پێشمەرگە، لە شەڕێکدا داوا لە من و هەڤاڵ جەمال عەبدولقادر کرا بچین بۆ گوندی بنەکە و چاوەڕێی هاتنی بریندار بکەین تا چارەسەریان بکەین، ژمارەیەك بریندارمان بۆ هات و چارەسەرمان کردن، ئەوەی بۆمان چارەسەر نەکرایە دەمان نارد بۆ نەخۆشخانەی مەڵبەند.

ڕۆژێك چووین بۆ سەرکردایەتی و لەوێوە بۆ سنووری ئاسۆس، ماوەیەك لەو سنوورانە ماینەوە، بەرنامەی هێرشمان دانا بۆ سەر سەفرە و زەروون، ئاشکرا بووین و گەڕاینەوە، دواتر چووینە ناوچەی شەڕی چەرمەگا، لەوێ شەڕێك ڕوویدا، هەڤاڵ شێخ کەریم چاوڕەش جێگری تیپ بوو، هەڤاڵ سەید جەوهەر فەرماندەی کەرت بوو، هەڤاڵێکم لەگەڵ بوو بەناوی دکتۆر کەریم، ئێمە بە جانتای دەرمانەوە بە دوای پێشمەرگەوە بووین، لە چەرمەگا فەوجێك هەبوو، دەستمان بەسەر گوندەکەدا گرت، هەرچی پێویستی تەندروستی هەبوو لەوێ کۆمان دەکردەوە و لەگەڵ خۆمان بردمانە گوندی تەڕەمار و بە شەو گەڕاینەوە بۆ گەرمیان.

لە سەرەتایی ١٩٨٨ حکومەت هێرشی کردە سەر ناوچەی سەنگاو، گوندەکانی ئەو سنوورە تۆپباران کرا و ژمارەیەك بریندارماندا، ژمارەیەکمان تەداوی کرد، برینە سەختەکانمان دەنارد بۆ نەخۆشخانەی مەڵبەند، لەو ڕووداوە هاوڵاتییەك بریندار بوو، پارچەیەك لە لەشیدا بوو پارچەکەم بە مقەستی تایبەت دەرهێنا و چارەسەرم کرد، جگە لەوەی چارەسەری پێوەدانی مار و دووپشکمان دەکرد، زۆر جار بەیانیان زوو دەهاتن بە دووماندا و دەچووین بۆ گوندەکان و گوندنشینانمان چارەسەر دەکرد.

لە کاتی ئەنفالدا دوو هەڤاڵ بە ناوی حەسەن (ئەبو فەلاح) و جاسم وەستا شەریف، چوو بوون بۆ سنووری گوندەکانی سەنگاو، مین بە پێیاندا تەقی بوو، پێیەکی حەسەنی

پەڕاندبوو، هەروەها ڕانی جاسم بریندار بوو، هێنایانن بۆ گوندی دەرەوار، من هەموو پێویستییەکم پێ بوو، دکتۆر فائیق هات تەماشای کرد و گوتی ئێستا شەوە، بیبەستن تا سبەی، ئیدی بەستمان، دواتر کاتژمێر ١٢ی شەو ناردی بە شوێن من و دکتۆر کەریم گوتی تا سبەی خۆی ڕاناگرێ و تووشی خوێنبەربوون بووە، ئیدی تەواوی پێویستییەکانمان هێنا، مشارمان پێ نەبوو، مشارێکمان دۆزیەوە شۆردمان، هاوکاری دکتۆر فائیقمان کرد و قاچیمان بڕییەوە، لە هەموو لایەکەوە دوورییەوە و خوێنبەربوونەکەی وەستاند، پاشان بۆ گوندێکی دیکە گواستمانەوە.

ڕۆژێکی دیکە هەڤاڵ عەدنانی حەمەی مینا و مەلا ئەحمەد کەلاری هاتن بەدوومدا گوتیان بریندارمان هەیە و کەس نایەت تەداوی بکات، گوتم من دێم و چووین بۆ گوندی کۆزەڕەقە، لەوێ بریندارێك هەبوو لە قەرەداغ هاوەن لێی دابوو، هەموو گیانی پارچە بوو، برینەکانیم پاککردەوە، پارچەیەکی گەورە لە پشتیدا بوو نەیزانی بوو، شەش بۆ حەوت ڕۆژ بوو وای لێ هاتبوو، گوتم پشتت پارچەی تێدایە دەتوانیت خۆڕاگر بیت تا دەری بکەم، دەرم کرد و تەداویم کرد و چارەسەرم کرد، بۆ بەیانی هەڵسا گوتی ئەوە حەوت شەوە ئەو شەو نەبێ پشووم نەداوە، ئیدی نەمهێشت برینەکەی هەو بکات، دواتر بردمان بۆ گوندی قەڵوەز لوقمان هاوکات چەندین برینداری دیکەی لێ بوو، لەوێ دکتۆر جەبار و دکتۆر فائیق ئامادەبوون.

دوای ماوەیەك پێیان گوتین دەبێت بکشێینەوە بۆ سەرەوە، ئیدی بە دار تەختەمان بۆ هەڵگرتن و گواستنەوەی بریندارەکان دروست کرد، هاوکات ئەبو فەلاح کە پێیەکی لە دەستدابوو لەسەر هێستر سەرمان خست، ئیدی هاتین بۆ گوندی مەسۆیی بەرگەچ دواتر بۆ بانی مۆرد و داربەڕوو لە ڕێ کردن بەردەوام بووین، واتە ڕۆیشتنمان هەر بە شەو بوو، هەروەها پێشمەرگەیەك بە ناوی خەلیل کە بریندار بوو، نەیان توانی هەڵی بگرن، بۆیە

دوای دانـانی ئـاو و خـواردن بـۆی جێهێڵـرا، دواتـر لـە چەمچـەماڵەوە بـەرەو ئاغجەلـەر پەڕینەوە، لەو ڕێگەیـە بـەهۆی زۆر ڕێ کردنـەوە چـەندین پێشمەرگە نینۆکـەکانی پێیـان شین دەبووەوە، من بۆم بەنج دەکردن و نینۆکەکانیانم دەردەهێنا، ئیدی بەرەو کۆیـە بـەڕێ کەوتین.

هەر ڕۆژەی لە شوێنێ بووین، شەوی ٢ی٥ کاتژمێر ١٢ داوامان لێ کرا بەرەو لای زێیەکە بچـین، کاتـژمێر ٤ گەیشـتین، هـەموو پێشـمەرگەکان لـەوێ کۆکرابوونـەوە، داوایـان لـە پێشمەرگەکان کرد چاڵ دروست بکـەن و خۆیـان بـۆ شـەڕ ئامـادە بکـەن، بـۆ سـبەی فڕۆکـە گەیشتە سـەرمان و بـە بۆمـب لێـی دایـن، مـن زانـیم کیمیاییـە، بـەس نەمـدرکان تـا ورەیـان دانەبەزێت، ئیدی بەهۆی ئەوەی من لـە سـەرکردایەتی خـولی کیمیـاییم بـینی بـوو، ئـەوەی پێم کرا دەست کرد بە چارەسەری برینـدارەکانی کیمیـایی، ئیـدی داوا کـرا بـەرەو سـنووری مەڵبەنـدی سێ بکەوینـە ڕێ، خـواردنیش تـەنها ناوسـاجی بـوو، ئـەو ئێوارەیـە تـا شەشـی بەیانـیمان پێ چوو تـا پەڕینـەوە بـەری کۆیـە، هێنـدەمان برسـی بـوو بـە جۆرێـك هـەر دوو پێشمەرگە یەك ناوساجی بەرکەوت.

شەوێك دواتر بە شاخی هەیبەسوڵتاندا کەوتینەڕێ، گومانمان دەکـرد تـەنها جاش لـەو سنووورە بێت، بێ ئاگا بووین سوپا لەگەڵ جاشەکان ئاڵوگۆڕیـان پـێ کـراوە، لـە ناکـاو دراینـە بەر دەستڕێژی گوللە، زۆر بە ئەستەم ڕزگارمان بوو، تا گەیشـتینە ناوچـە ئازادکراوەکـان، تـا گەیشتینـە سـنووری قەنـدیل و دۆڵەکۆگـە، ماوەیـەك لـە قاسمـەڕەش ماینـەوە، لـەوێ هـەڤاڵ نەوشیروان مستەفا هات وتاری بۆداین، گوتی دەستمان بەسەر ژمارەیـەك چـەکی حکومەتـدا گرتووە، ورەتان بەرز بێت و کۆڵ مەدەن، لەو سنووورە هەڤاڵ فاتیح بریندار بوو چارەسـەرم کرد و گەیەنرایە ئێـران، بـەو جـۆرە ژیانمـان گوزەرانـد تـا ئاگربەسـتی حکومـەتی عێـراق و ئێران، ئەو ئاگربەستە بۆ ئێمە خراپ بوو، بڕیـاری ئـەوە درا کـە تیپـی ٥١ بچینە قڕناقـە و

پشتئاشان، دواتر بەرەو ئێران کەوتینە ڕێ و گەیشتینە سەردەشت دواتر بانە و سەقز، ئیدی گەڕاینەوە سنووری هەورامان لە دیوی ئێرانەوە.

دواتر بە پرسی سەرووی خۆمان گەڕاینەوە باشوور، بووم بە سەرباز تا ڕاپەڕین، لە هەلآیسانی ڕاپەریندا، بەشداری ڕاپەڕینم کرد و بریندار بووم، دوای ڕاپەڕین لە کۆمیتەی خانەقین دەستم بە کار کرد، لە ١٩٩٢ ڕێکخستنی نهێنی لە جەلەولا دروست بووەوە، هەڤاڵ کوردۆ منی هەڵبژارد بۆ کاری ڕێکخستن و بووم بە سەرپەرشتی دە کەس، تا کردم بە ٣٩ پۆل، دواتر کرا بە چوار کەرتەوە لە جەلەولا و سەعدیە و قەرەتەپە لەگەڵ هەڤاڵ مەلا کەریم کە بەرپرسی ڕێکخستنی دووزخورماتوو بوو، دواتر بووم بە بەڕێوەبەری ناحیە و دواتر بووم بە قائیمقامی خانەقین، دواتر بۆ بنکەی پۆلیسی دەربەندیخان گوازرامەوە، دواتر بۆ کفری گوازرامەوە، دواتر بووم بە جێگری ئیدارەی گەرمیان، لە ساڵی ٢٠١٨ خانەنشین بووم، لە ساڵی ١٩٧٨ ژیانی هاوسەرگیرم پێکهێنا، دوو کوڕ و سێ کچم هەیە(٧).

---

(٧)– چاوپێکەوتن لەگەڵ عەبدوڵلا ئەنوەر عەبدوڵلا عەلی (د. عەبدوڵلا)، ٢٠٢٢/٧/٣٠.

# عەبدولەجید عەولا ئەحمەد (دکتۆر مەجید)

لە ١٩٥٥/١/١٥ لە شاری هەولێرلەدایکبووە، لە خێزانێکی خوێندەوار و ڕۆشنبیردا گەورەبووە، هەر لە منداڵییەوە زیرەکی و چووست چالاکی لێ بەدی دەکرا، لە هەموو قۆناغێکی خوێندندا بە پلەی بەرز سەرکەوتوو بووە، بەپێی ئەوەی کوڕی گەورەی ماڵەوە و چرا گەشاوەکەی خێزانەکەی بووە، هەمیشە جێگای متمانە و ڕاستگۆی نێو ئەندامانی خێزانەکەی و نێو هاوڕێکانی بووە. هەر لە منداڵییەوە زۆر حەزی لە وەرزش و خوێندنەوە بووە، هانی ئێمەی دەدا بخوێنینەوە و بەپێیی تەمەنمان پەرتووکی بۆ دەکڕین. لە پشووی هاویندا پەرتووکی بۆ دەهێناین دەیگوت بیخوێننەوە دوایی لێمانی دەپرسییەوە وەك تاقیکردنەوە، ئێمەش منداڵ بووین لەگەڵ خوشکەکەم پێشبڕکێمان بوو کاممان زوو خوێندنەوەکە تەواو دەکەین و ڕەوانی دەکەین.

دکتۆر مەجید هەستی نەتەوایەتی زۆر بەرز بوو. وەك گەنجێك لە بری ئەوەی گوێ لە گۆرانی سۆزداری بگرێت هەمیشە گوێی لە سروودە نیشتمانییەکانی پڕ جۆشوخرۆشەکانی ئەو کاتە دەگرت. لە پۆلی شەشی زانستی پلەی بەرز بە دەست دەهێنێت و لە کۆلێژی پزیشکی زانکۆی مووسڵ وەردەگیرێت لەوێش بەردەوام دەبێت لەسەر ڕێکخستنی سیاسی و لە کۆمەڵە کارا دەبێت. لە زانکۆ وەك برایەکی خەمخۆر و دڵسۆز هەڵسوکەوتی لەگەڵ هاوڕێکانی دەکرد، بەڵام لەگەڵ بەعسی و خۆفرۆشەکان هەرگیز بیروڕاکانی تەریب نەدەبوو، هەمیشە مرۆڤێك بوو یەك ڕووی هەبوو شتێکی هەبا لەگەڵ هەرکەسێك ئازایانە بەو کەسەی دەگووت. لە ساڵی ١٩٨٠ دبلۆمی بەکالۆریۆس لە زانستی پزیشکی نەشتەرگەری وەردەگرێت.

دکتۆر مەجید گەنجێکی خۆنەویست و خوێنگەرم، لە مانگی نۆی هەمان ساڵ دەچێتە گوندی داربەسەر بۆ لای هاوڕێی پێشمەرگە شەهید فاروق و دەبێتە پێشمەرگە، ئەم شوێنە دەبێتە سەرەتای دەستپێکردنی ڕۆژانی گیان فیدایی و ئازایەتی

دەست پێ دەکات و چاوە گەشەکانی پاراو دەبن بە سروشتە جوانەکەی پایزی کوردستان و دڵە گەورەکەی خورپەی زیاتر دەبێت وەك چۆن عاشق بە دۆستەکەی بگات، بە دەستێکی تقەنگ و بەدەستێکی نوژدار برینی هاوڕێ پێشمەرگەکانی تیمار دەکرد و نەشتەرگەری سووك و چارەسەری بێبەرامبەری خەڵکانی ئەو دێهاتانەی کوردستانی دەکرد، دەیگوت خۆشترین ساتەکانی ژیانم ساڵێکی پێشمەرگایەتی ناو شاخەکانی قەندیل و سەرگەڵوو بالیسان و نازەنین ...هتد بووە.

لە ڕۆژانی باران و کرێوەدا بە سکی برسی پێشمەرگەی برینداری لەسەر شانی خۆی دادەنا دەیگواستەوە قەدپاڵێك تا تیماری برینەکەی بکات ڕۆژانێك بوو گەنجەکانمان جوانترین تەمەنی جوانی و گەنجێتیان کردە قوربانی نیشتمان، بەڵام ئەفسووس بوونە سەربازی ون. لە گوندی چیوی و کە دەکەوێتە بناری سەفین، لە مانگی ٩ی ساڵی ١٩٨١ لە شەڕێکی براکوژی، گوللەیەك بە کەللەی سەری دەکەوێ، هەمان ڕۆژ دەیگوازنەوە بۆ گوندی وەرێ هەر لەوێ دەیبەنە ماڵی کەمال بەگ ئەوان هەڵوێستی جوامێرانەیان دەبێت، دایکم و خوشکێکم و حاجی تاهیری خزممان دەچنەلای. گەورەترین خەمی خێزانەکەمان بوو، ئەوکاتە باری سیاسی ناو شار زۆر ئاڵۆزو سەخت بوو ئەوەی کوڕێکی پێشمەرگەی هەبا حکومەتی بەعسی فاشی خێزانەکەی دەگرت و دەیبردنە بەندیخانەی شاری سەماوە باوکم مامۆستای ناوەندی بوو لە هەولێر، ئەو ماوەیە چەند جارێك بانگ کرابووە دائیرەی ئەمن بۆ لێکۆڵینەوە و لێپرسینەوە لەسەر دکتۆری کوڕی.

کاتی بریندار بوونی کاکم، دایکم لەگەڵ مامم حاجی حسێن لەلای دەمیننەوە. باوکم لە شار باشترین دەرمان و چارەسەری بۆ کاکی بریندارم پەیدا دەکا و بە دکتۆر سەباح شێخ محەمەد کە هاوڕێی کاکم بوو دەینێرێت، دکتۆر سەباحیش هەندێ دەرمانی زۆر باشی دیکەی لەگەڵ خۆی بردبوو، برینی دکتۆر مەجید زۆر سەخت بووە و گوللەکە بە کەلەی سەری کەوتوە و قووڵ بووە و بێهۆشی کردوە و تەنها هەناسەی داوە. دایکم ژنەکی زۆر ئازا بوو یەکێك لە پێشمەرگەکان (لەوانەیە ئەوە ڕای شەخسی خۆی بووبێت نەوەك لە سەرەوە فەرمانی پێکرابێ) بە گوێی داکم دەچرپێنێ کە بیباتەوە شار و ڕادەستی حکومەتی

بەعسی بکاتەوە، کە پێی گوتبوو تازە هەر دەمرێت چاك نابێتەوە! دایکیشم زۆر تووڕە دەبێ بە ڕووی پێشمەرگەکە هاوار دەکات و پێی دەڵێت ئەوە کوڕی ئەو خاکەیە بە ئارەزووی خۆی بووەتە پێشمەرگە بۆیە نایبەمەوە شار و ڕادەستی حکومەتی بەعسی ناکامەوە ئەگەر دەمرێت با لێرە بمرێت و لێرە بە دەستی خۆم دەینێژم.

پاش چارەسەرو دەرمان کە لە شار بابم بۆی پەیدا کردبوو بە هۆش خۆی دێتەوە. کەمێك باشتر بووە. دوایی ملازم خولە و تەحسین کاوانی هەردووکیان لە ڕیزی شەهیدە نەمرەکانی کوردستانن، لەگەڵ پۆلێك پێشمەرگەی ئازا جەستەی خوێناوی دکتۆری مەجیدی بریندار لەناو (دارەمەیتێك) کە لە مزگەوت دەیهێنن و لەسەر پشتی دوو ئەسپ قایمی دەکەن، دایکی ئازا و دڵشێرم لەگەڵیان بەڕێدەکەوێت بۆ چیای هەرتەلێ کە شاخێکی سەخت و هەڵدێری زۆرە، لەگەڵ مەفرەزەیەکی پێشمەرگە بەرەو سەرکردایەتی قەندیل دەڕۆن چەند ڕۆژێکیان پێ دەچێت کە دەگەنە ئەوێ و لەوێوە بۆ قاسمەڕەش تا سەردەشت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دایکم لە گەڵیان دەبێ، دوایی پێیان گووتوە کە زیاتر ناتوانی بمێنیتەوە.

شەهید حاکم قاسم محەمەد چەلەبی کە هاوڕێی دێرینی کاکم بوو لەگەڵی بەڕێدەکەوێت بۆ تاران، دوایی مانگێك، نازانم هۆکارەکەی چی بووە، حاکم قاسم دەگەڕێتەوە کوردستان و مامۆستا ئیبراهیم بەرزنجی هاودەمی کاکم دەبێت لە تاران. زۆر بەباشی کاکم بە هۆش خۆی دێتەوە و دەتوانێت لەگەڵ دکتۆرەکان بە ئینگلیزی قسە بکات، ئەوان تەمایان دەبێت نەشتەرگەری بۆ بکەن، بەڵام وا دیاربووە کاکم بڕوای بەو نەشتەرگەریەی ئەو دکتۆرانەی تاران نەبووە. لەو ماوەیەش نێوانی سیاسی (ی.ن.ك) و ئیسلامی ئێران تێك دەچێت، وەزعەکە بۆ دکتۆری بریندار ئاڵۆز دەبێت بە قاچاخ پاسپۆرتی بۆ ئامادە دەکەن بۆ لوبنان و دوایی بۆ سوریای دەنێرن لەوێوە هەر بە تەنها دەبێت ئەو ماوەیە لەسەر کورسی جوڵاو دەبێت، لە سوریا دەچێتە ماڵی شێخ دارۆ و هاوسەرەکەی نەرمین خانی عوسمانە فەندی، کە باوکی مرۆڤێکی زۆر کورد پەروەرو ڕۆشنبیر بووە ماڵی ئەوان لانکەی کوردایەتی بوو.

دوایی دەچێتە سوید لە ئوپسالە نەشتەرگەری بۆ دەکەن، کە بەهۆیەوە داخەوە دەست و قاچی چەپی ئیفلیج دەبن، بەڵام بە وورەی بەرزی لە ڕادەبەدەری دکتۆری بە دڵ و جەستە برینداری هەمیشە وەرزش و ڕاهێنانی چڕ دەکات بۆ ماوەی ساڵێك دوای نەشتەرگەری هەڵدەستێتەوە و دەتوانێ لەسەر پێیەکانی بڕوات، ماوەیەك بە گۆچان دەڕوا دوایی واز لە گۆچانەکەش دەهێنێ لە سوید دەمێنێتەوە لەوێ دەژی هەرلە وڵاتی غەریبی کتێبێك لە عەرەبییەوە بۆ کوردی بەناوی (ڕیالیزم و ڕیالیست) بۆ زمانی کوردی وەردەگێڕێت، لە ساڵی ١٩٨٥ ژیانی هاوسەری پێکدەهێنێ سێ منداڵی هەیە بە ناوەکانی (سەفین و سیپان و نارین) ئەو ماوەیەی کە لە هەندەران بووە، دووجار سەردانی کوردستانی کردووە، بە دیدەنی کاکم شاد بووینەوە. ساڵێك پێش کۆچی دوایی خەریکی نووسینی کتێبێك بووە بە ناوی (ڕاپەڕینی کورد لە شاری هەولێر)، بەڵام مەرگ ڕێگەی پێنەدا تەواوی بکات، لە ١٩٩٧/٥/١ دڵە گەورەکەی لە لێدان کەوت و چووە کاروانی شەهیدانی کوردستان[٨].

---

[٨]– چاوپێکەوتن لەگەڵ د. بەفرین عەوڵا خوشکی د. مەجید، ٢٠٢٣/٣/١٨.

## عەبدولهادی ئیسماعل مەحموود محەمەد (دکتۆر هێمن)

لە ساڵی ١٩٥٧ لە شاری کەکووك لە دایکبووم، قوناغەکانی خوێندنم لە شاری کەرکووك تەواوکردووە، باوکم نانەواخانەی هەبوو لەگەڵ براکانم کارم دەکرد، گوزەرانمان باش بوو، پێشتر برایەکم نۆرینگەی هەبوو، سەردانی ئەوم دەکرد، بەڵام حەزم لە پیشەکە نەبوو، لە ساڵی ١٩٨١ کە چووینە شاخ و بووین بە پێشمەرگە هەندێك کارم لە بواری تەندروستی، بەڵام کە پۆلی شەشەم تەواو کرد لە ساڵی ١٩٧٨ ساڵێکیش بەشی تەندروستیم خوێند بەڵام دەستبەرداری بووم، لە ساڵی ١٩٧٧ – ١٩٧٨ پەیوەندیم بە ڕێکخستنەکانی (کۆمەڵە)وە کردووە، دواتر ئاشکرابووم و لە ساڵی ١٩٨١ چوومە دەرەوە و ڕاستەوخۆ چووم بۆ ناوەندی سەرکردایەتی کۆمەڵە، لە دوای ئەوەی من بووم بە پێشمەرگە بۆ ماوەی شەش مانگ دایکم زیندانی کرا تاکو من بگەڕێمەوە، بەڵام ئامادەنەبووم.

بارەگامان لە شێنێ بوو، شوێنەکەشمان سەر ڕێگا بوو، لە ڕانیە و قەڵادزێوە خەڵك دەهات بۆ لامان، لە ڕووداوێکدا لە قەڵانوکان پێشمەرگەیەك فیشەك بەر قۆڵی کەوتبوو لە ڕێگا تا گەیشتە لای ئێمە شەهید بوو، کە گەیشتن گوتم بۆ قۆڵیتان نەبەستووە، بگەیشتایەتە ئێرە نەماندەهێشت شەهید ببێت، گوتیان نەمانزانیوە، ئیدی ئەو ڕووداوە زۆر کاریگەریی لەسەرم دانا، بۆیە بڕیارمدا دەست بکەم بە کاری پزیشکی.

ڕۆژێك دکتۆر سەردار هات بۆ لامان، لای ئێمە دەستی بە کارکردن کرد، من زۆر سوودم لە توانا پزیکشییەکانی ئەو بینی، دواتر خولێکی پزیشکیمان کردەوە، سەرەتا فێری ئەوەبووین چۆن چارەسەری برینداری بکەین و فریاگوزاری سەرەتایی بۆ بکەین، ئەو خولە لە شێنێ دوو مانگی خایاند، چەندین پێشمەرگە و کادیری تەندروستی بەشدارییان کرد، هەروەها فێری ئەوە کراین چۆن قاچ و دەستی شکاو هەڵبەستن و بیپێچن، دواتر هەڤاڵ مام جەلال داوای لە من و دکتۆر سەردار کرد بچین بۆ قەندیل و ئێمە چووین و دوو کۆڵە پشت دەرمانمان برد بۆ ئەو خەڵکە، کە کۆچەری بوون واتە گوندیان نەبوو، چووین و هەفتەیەك ماینەوە، بە ڕۆژ بە ماڵە کۆچەرییەکاندا دەگەڕاین، کاتیك لە هۆکاری چوونمان دەپرسرا،

دەمانگوت ئێمە پێشمەرگەین لەلایەن هەڤاڵ مام جەلالەوە بۆ لای ئێوە نێردراوین سڵاوی بۆتان هەبووە، هاتووین تا نەخۆشییەکانتان بۆ چارەسەر بکەین، چەندین نەخۆشی جۆراوجۆریان هەبوو، ئێمەش چەندین دەرمانمان پێ بوو، ئیدی زۆریان پێ خۆش بوو، ڕۆژێك پیاوێك پرسی ئێوە دکتۆرن؟ گوتمان بەڵێ، گوتی بەداخەوە نەدەبوو ڕوو لەو شاخانە بکەن، دەبوو بە دوای ژیانی خۆتانەوە بوونایە، واز لە شۆڕش بهێنن کورد هەمووی خیانەتکارە! گوتمان ئێمە وەکو پێشوو نابین، ئێمە هاتووین دووبارە شۆڕش دروست بکەینەوە ئەگەر هەموو کورد خۆی ڕادەستی دوژمن بکات ئێمە ئامادە نین ئەوە بکەین، ئێمە نیەتمان بە شۆڕش هێناوە.

دوای هەفتەیەك گەڕاینەوە لە ڕێگا سەید کاکە و عەبدوڵلا سوور دەستگیری کردین، ئێمە وامانزانی پێشمەرگەی سەر بە (ی.ن.ك)ن، نەمانزانی ئەوان (حسك)ن، لەو چەند ڕۆژە ئەوان چەند کەسێکیان لێ کوژرابوو، گوتیان ئێوە جەلالین، هێندەی نەمابوو گوللەبارانمان بکەن، چەندین جنێوی ناشیرینی بە هەڤاڵ مام جەلال و هەڤاڵ کاك نەوشیروان دا، وتمان ئێمە دکتۆرین و ئاگادری هیچ نین، چەندین برینداریان هەبوو داوایان کرد تەداویان بکەین، ئێمەش ڕەزامەندیمان دەربڕی، کەمێك هەڵوێستیان گۆڕا، بارەگای ئەوانیش نزیکی سەرکردایەتی ی.ن.ك بوو، گوتیان وەرنە ناو ئێمە چیتان دەوێ بۆتان دەکەین، ئێمە وەك دیل وابووین، گوتمان ڕێگەمان بدەن، دەچین پێداویستییەکانمان دەهێنین، کە ڕێگەیان دا ئێمەش خۆمان گەیاندە لای هەڤاڵ مام جەلال و هەڤاڵ نەوشیروان مستەفا.

لە ساڵی ١٩٨٢ لە هەر لە شێنێ بووم، بەبەردەوامی خەڵکی سەردانی دەکردین، ڕۆژێك هەڤاڵ سامی برای شەهید ئازاد هەورامی هات بۆ لامان زۆر نەخۆش بوو، ئێمە چارەسەرمان کرد، ئیدی لە ساڵی ١٩٨٢ مەڵبەندەکان دامەزرا و لەگەڵ هەڤاڵ مستەفا چاوڕەش چووینە سەرگەڵوو و نەخۆشخانەی شۆڕشمان دامەزران کە بریتی بووین لە دکتۆر فائق گوڵپی و دکتۆر محەمەد، دکتۆر محەمەد ویستی بچێت بۆ گەرمیان، من داوام لێکرد لای ئێمە بمێنێتەوە ئەویش قایل بوو، لە سەرگەڵوو گوندنشینان سەردانیان دەکردین،

ئێمەش چارەسەرمان دەکردن، نەخۆشخانەکەمان لە ناو خوێندنگەکە دانا دواتر گواستمانەوە، لەوێ هەتا نەشتەرگەریی دەرەکیشمان دەکرد واتە ئەندامەکانی دەرەوەی لەش، دواتر چەند پێشمەرگەیەك هاتن داوایان لێکردین تا دکتۆر سەردار لەگەڵ خۆیان ببەن بۆ گەرمیان، لەگەڵیان چوو، بەداخەوە ئێوارانێك لە ناو عارەبانەی تەرەکتەر فڕۆکەو بۆردومانی کردبوون و شەهید بوو.

لە ساڵی ١٩٨٣ شەڕی بێتواتە دەستی پێکرد تێیدا ژمارەیەکی زۆری پێشمەرگەم تەداوی کرد، ئێواران پێشمەرگەکان لە مزگەوتی گوندەکان کۆدەبوونەوە، هەر یەکە و پارچە لە شوێنێکی لەشیدا بوو، منیش پارچەکانم بۆ دەردەرکردن، ئەو دیمەنەم لەبەرچاوە کە قاپێکم دانابوو پارچەکانم تێدەکرد، واتە پێشمەرگە هەبوو پارچە و ساچمە لە لەشیدابوو، کەچی گوێی پێنەداوە و خۆی داناوە بۆ شەو تا بۆی دەربکەین، کە ئەمە جۆرێکە لە ورە و ئازایەتییەکی کەم وێنە، ئەوەی پێویستی بە خوێن هەبوو ڕاستەخۆ دەمانبەخشی بە برینەدارەکە.

هەر هەمان ساڵ من چوومە تیپی ٢٣ی سورداش و لە پیرەمەگروون نەخۆشخانەیەکم لە گوندی زێوێ دانا و ناوم نا نەخۆشخانەی شەهید دکتۆر سەردار، ئێوارانێك لەو سنووورە شەڕێك ڕوویدا و دوو پێشمەرگە بەناوەکانی (عومەر و نەورۆز) بریندار بوون، یەکیان قاچی بە دوویدا نەدەهات، بە پەیژە و لەسەر شان هێنامانەوە بۆ نەخۆشخانەکە لە زێوی، بۆ ماوەی چەند مانگ چارەسەرم دەکردن، هەر یەکێکیانم لە شوێنێ دانابوو، تا دووربن لە مەترسی بۆردومانی فڕۆکە، بەیانیان دەچووم بۆ لای یەکێکیان و ئێوارانیش بۆ لای ئەویدی دیکە، برینەکەیان هێندە سەخت بوو کەس باوەڕی نەبوو بمێنن پاش سێ مانگ چاکبوونەوە، لەسەر ئەو ڕووداوە سوپاس و پێزانینی هەڤاڵ مام جەلالم وەرگرت، ئیدی من تا شەڕی بێتواتە لەو سنووورە مامەوە، پاشان گواسترامەوە بۆ کەرتی چواری جەباری.

لەو سنووری کەرتی چواری جەباری کۆڵەپشتێکم پێ بوو، خەڵك و پێشمەرگەم تەداوی دەکرد، هەتا سێتی ددان کێشانم پێ بوو، کە مامە ڕیشە فەرماندەی بوو، قارەمانێتی

ئەو کەرتە ناگێڕدرێتەوە، دوژمن بەزێن بوو، ناوی ئەو کەرتە لە هەر شەڕێکدا هەبووایە، هیچ دوژمنێك نەیدەتوانی شەڕی ئەو کەرتە بکات، بەڕاستی دوژمن بەزێن بوون، دوژمن زۆر لەو کەرتە دەترسا، چونکە دوژمن دەیزانی لە شەڕدا هیچ بەزەییەك نیشان نادەن، من لەو کەرتە بەشداری زۆری شەڕەکانم کرد لەگەڵیان، برینداەکانم بۆ چارەسەر دەکردن، ڕۆژێك هەڤاڵ سەمەد گلی بریندار بوو چارەسەرم کرد، هەروەها هەڤاڵ تاریق بریندار بوو تەداویم کرد، هەر لەو ماوەیە هاوڕێیەکم بە ناوی دلاوەر مامشەیی کە لە کەرتی چواری جەباری بوو ساڵی ١٩٨١ هەر بەیەکەوە بووین ساڵی ١٩٨٢ فیشەك بەر ملی کەوت و تووشی نیوە شەلەلی بوو بوو، دواتر دەستگیرکرابوو زیندانی کرابوو لە دانوستاندا ئازادکرا، هێنایان بۆ لای من هەموو گیانی کرم لێی دابوو، ماوەیەکی زۆر چارەسەرم بۆ کرد.

لە ڕووداوێکی دیکەدا لە کاتی دانوستان مامە ڕیشە بە ڕووداوی هاتوچۆ بریندار بوو، ئۆتۆمبێلێك خۆی بە ئۆتۆمبێلەکەی مامە ڕیشەدا دەکێشێت لەو کاتەدا مامە ڕیشە خۆی شۆفێری کردووە، بە هۆیەوە مامە ڕیشە بریندار بوو، بردیان بۆ چەمچەماڵ بۆ چارەسەر، دواتر پێیان ڕاگەیاندم کە هەڤاڵ مامە ڕیشە لە چەمچەماڵە و داوات دەکات، منیش هەڤاڵ دلاوەرم جێهێشت و بە ماتۆڕسکیلێك خۆم گەیاندە لای مامە ڕیشە و بینیم زۆر بێ حاڵە و ئازارێکی زۆری هەیە، مامە ڕیشە ڕێگەی نەدەدا کەس دەرزی بۆ بکات، دەیگوت متمانەم بە کەس نییە تۆ نەبێت، بۆیە بانگی تۆم کردووە، ئیدی من دەرزییەکانم بۆ کرد، ئەو کات لە چەمچەماڵ دکتۆر موسا هەبوو، نەیویرابوو چارەسەری بۆ بکات، لە ترسی ئەوەی نەك شتێکی بەسەر بێت، ئیدی من دەستم کرد بە چارەسەرکردنی، پاش ئەوەی دەرزیم بۆ کرد دۆخی کەمێك باشتر بوو، لە ڕووداوەکە سنگی مامە ڕیشە بە زەبرێکی زۆر بەر سووکانی ئۆتۆمبێلەکە کەوتبوو، دکتۆر موسا گوتی پێویستی بەوەیە تیشکی بۆ بگرین، پێویستە بیبەین بۆ کەرکووك یان سلێمانی، ئیدی بردمان بۆ کەرکووك، لەبەرئەوەی لە سلێمانی زووتر دەناسراینەوە، لەگەڵ هەڤاڵان موحسین و سەردار سێ هەڤاڵ دیکە بە ئۆتۆمبێلێکی لاندکرۆزەر بردمان، ئەوکات جاشەکانیش وەك پێشمەرگە جلوبەرگی کوردی و ئۆتۆمبێلی لاندکرۆزەریان بەکاردەهێنا، لەوێ برادەرێکمان هەبوو ناوی حسێن (ئەبو عەلی) بوو،

خزمی هەڤاڵ دلاوەر مامشەیی بوو، لە کەرکووکەوە هات بۆ چەمچەماڵ بۆلامن گوتی من هاوڕێیەکم هەیە ناوی (غازی)یە لە بەشی تیشکی نەخۆشخانەکە دەوام دەکات، پێی دەڵێم دوای دەوام بمێنێتەوە تا تیشك بۆ مامە ڕیشە دەگرێت، بە جۆرێك کەس نەزانێت، ئیدی بەو ئۆتۆمبێلە لاندکرۆزەکە کە کرابوو بە تەکسی، بە ڕێکەوتین، من لە پێشەوە دانیشتم، مامە ڕیشە لە ناوەڕاستەوە پاڵ کەوتبوو، جەمەدانییەکمان دابوو بەسەریدا، پێشتر هەموو تفەنگەکانمان ئامادەکردبوو فیشەکمان بەرخستبوو، خۆمان بۆ هەموو پێشهاتێك ئامادەکردبوو، کە گەیشتینە بازگەکە کەسێك هاتە پێشەوە گوتی (ها کاکە وین؟)، گوتم (عدنا جریح)، وایزانی ئێمە جاشین، لەبەرئەوەی پێشبینی ئەوە نەدەکرا پێشمەرگە ئەو سەرکێشییە بکات ئەوە تەنها جاشەکان بوو دەیانتوانی ئەوها بێ ترس بە بازگەدا بڕۆن، کە گەیشتینە نەخۆشخانەکە لە دەرگاکە گوتمان ئەوە لە شەڕدا بریندداربووە، ئەوانیش واتێگەیشتین کە جاشین، بۆیە کێشەیان نەبوو، مامە ڕیشە توند دەستی گرتبووم، هێندە هاوڕێ بووین پێی دەگوتم (دوخەی برام) مەبەستی دکتۆر بوو، نەهێڵی دەرزیم لێ بدەن، گوتم مادام من لەگەڵتم خەمت نەبێت خۆ کەس نامان ناسێت بۆیە ترست لە هیچ نەبێت، ئیدی خستمانە سەر عارەبانەیەك و جەمەدانییەکمان دا بەسەریدا و بردمان بۆ تیشك، ئەو برادەرە (غازی) زۆر ڕێزی لێ گرتین و کارەکەی بۆ کردین و ئیدی لە نەخۆشخانەکە دەرچووین، لەوێ گوتم خۆ ئێمە هەر هاتووین با سەردانییەکی ماڵی خۆمان بکەم، چووینە گەیشتینە سەر کۆڵانەکەمان و گوتم مامە ڕیشە پێنج خولەکە دەڕۆم و دێمەوە، هاوکات ماڵی هەڤالان موحسین و سەمەد نزیکمان بوو، ئەوانیش چوون، کاتێکمانزانی گەرەك هەمووی کۆبووەوە، پرسیاری مامە ڕیشەیان کرد، گوتمان برینداره، هەموو ئەو خەڵکە دەستیان کرد بە نزا و پاڕانەوە تا تەندروستی مامە ڕیشە باش ببێت، خەڵکی هەموو نەزری سەربڕینی ئاژەڵی دەکرد بیکات بەخێر، ئیدی لە ڕێگەی لەیلانەوە گەڕاینەوە چووینە قازانبلاخ و جافان و خالۆبازیانی.

دوای شەهیدبوونی مامە ڕیشە وەکو کەرتی جەباری تۆڵەی مامە ڕیشەمان کردەوە، کەرتەکەشمان پەرتەوازە بوو، زۆر هەوڵماندا کەرتەکە ڕێکبخەینەوە، حکومەت بە وردی

چاودێری دەکرد تا بەهێز نەبێتەوە، لە هەر شوێنێك دەنگۆی بەهێزبوونەوەی هەبووایە بۆدرومان دەکرا، تا لە ساڵی ١٩٨٧ کەرتەکە تیپی ٥٩ی حەمرینی لێ پێکهات، من چوومە سنووری تیپی ٢١ و تا ئەنفال لەو سنوورە مامەوە، لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەکدا بە ڕۆژ خۆمان دەشاردەوە و بە شەو دەرەچووین، لە کاتی ئەنفالیشدا دۆخی سنووری ئێمە زۆر خراپ بوو، چونکە ڕاستەوخۆ سنووری کەرکووك بوو، لە ئەنفالیشدا لەلایەن سەرکردایەتییەوە ڕێگەمان پێدرا خۆمان ڕادەست بکەینەوە، لە ساڵی ١٩٨٨ بەدواوە بووین بە سەرباز.

لە ساڵی ١٩٩١ یەکێك بووم لە ڕێکخەرەکانی سوپای ڕزگاری کوردستان، کە لە ساڵی (١٩٨٩)ەوە پەیوەندیم لەگەڵیان هەبوو هەڤاڵ محەمەد عەجەم (ئاوات) سەرپەرشتی کەرکووکی دەکرد، ئێمە پەیوەندیمان لەگەڵ ئەو هەبوو واتە لە ١٩٨٩ تا ١٩٩١، دوای ڕاپەڕین حکومەت دەستی گرتەوە بەسەر کەرکووکدا و برازایەکم شەهید بوو، بە بەرگرییەوە لە کەرکووکەوە بۆ قەرەهەنجیر و چەمچەماڵ تا ئێران پاشەکشەمان کرد، دواتر حکومەت لێخۆشبوونی دەرکرد و ئێمەش گەراینەوە، لە ڕاپەڕین تا ٢٠٠٣ هەر لە ڕێکخستنەکاندا بەردەوام بووم، لە دوای ٢٠٠٣ بووم بە ئەندامی کۆمیتە و دواتر بووم بە کارگێڕی کۆمیتە، لە ساڵی ٢٠٠٤ چوومە پەیمانگای کادیران و خولی کادیرانم تەواوکرد، کە لە ساڵی ١٩٨١ خۆم ڕۆڵم هەبووە لە دامەزراندنیدا، دواتریش بە پلەی سەربازی خانەنشین کرام[٩].

[٩]– چاوپێکەوتن لەگەڵ عەبدولهادی ئیسماعیل مەحموود محەمەد (د. هێمن)/ ٢٠٢٢/١٠/١٤.

## عەدنان حەمەشەریف بارام ئیسماعیل (دکتۆر عەدنان)

خەڵکی گوندی دارەمانی گەورەی سەر بە پارێزگای کەرکووکە، لە ساڵی ١٩٥٩ لە دایکبووە، خوێندنی سەرەتایی لە گەڕەکی ڕەحیم ئاوای شاری کەرکووک دەستپێکردووە، قۆناغەکانی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی لە هەر لەو شارە تەواوکردووە، دواتر بووە بە یاریدەدەری پزیشکی (معاون طبي)، سەر بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان بووە، ساڵی ١٩٨٣ تا کۆتایی ١٩٨٤ بە خێزانەوە لە گوندی تلیان سنووری تیپی ٢١ی کەرکووک نیشتەجێ بووە، کەسێکی دڵسۆز و خەمخۆری هەموو نەخۆشێك لە پێشمەرگە و هاوڵاتی بووە، دوای گەڕانەوەی بوو بە سەرباز و لە شەڕی فاو لە سنووری بەسرە شەهید بووە[١٠].

---

[١٠]- ژیاننامەی د. عەدنان لە هەڤاڵ فاتیح عومەر وەرگیراوە، لە ٢٠٢٢/٢/٢٩.

# عەلی حسێن محەمەد شاهواز (برینپێچ)

گەنجێکی باریکەلەی موو زەردی بالا مامناوەندی گورجوگۆڵی سەرکێش، چاونەترسانە لە ناوەندی پایتەختی ڕژێمێکی خوێنرێژەوە دەست بەسەر ئۆتۆمبێلێکی جۆری لاندکرۆزەری مۆدێل ١٩٧٩دا دەگرێت و کاتژمێر ٢ – ٣ی شەو دەیگەیەنێتە ناوجەرگەی شارۆچکەی کەلار و لەوێوە بۆ گوندی بیەڕەش ئیدی لێرەوە دەبێتە پێشمەرگە، ئەو گەنجە خوێنگەرمە گەرمیانییە هەڤاڵ عەلی حسێن خانەقینی بوو، کە لە ١/٧/ ١٩٥٥ لە باریکەی سەر بە خانەقین لەدایکبووە، قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی لە سالح ئاغا تەواوکردووە، دواتر دەستبەرداری خوێندن بووە، لە هەرەتی لاوێتیدا پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانەوە کردووە.

لە ساڵی ١٩٨٢ لە سێوسێنان بۆ ماوەی شەش مانگ خولی پزیشکی لای دکتۆر فائق گوڵپی بینیوە و بووە بە برینپێچ و کاری ددان هەڵکێشانی کردووە، لەو پیشەیەدا ناوبانگی پەیداکردووە و بە وتەی خەڵکی ناوچەکە کەم کەس هەبووە لەلایەن هەڤاڵ عەلییەوە کێشەی ددانی بۆ چارەسەر نەکرابێت، هەروەها کاری برینپێچی بۆ پێشمەرگە کردووە، لە ڕووداوێکدا پێشمەرگەیەك بە ناوی مامەڕەشە کە خەڵکی باوەنوور بوو لە شەڕی بێتواتە بریندار دەبێت، داوا لە هەڤاڵ عەلی دەکەن چارەسەری بکات، بەلام کەرەستەی پێویستی پزیشکی پێ نەبووە، بۆ ئەوەی برینەکەی بپێچێت، لەبەر بێ پێداویستی بیری لە کارێکی ئەستەم کردووەتەوە، ئەویش بریتی بووە لە بەکارهێنانی پاشەڕۆی ئاژەڵی گوێدرێژ، پاشەڕۆکەی بە وشکی وردکردووە (کوتاوە)، دواتر لەسەر برینەکەی داناوە و بە لەفاف پێچاوێتی، ئیدی هەتا شەڕەکە تەواوبووە و دەست بەسەر بێتواتەدا گیراوە، دواتر پێشمەرگە دەستی بەسەر پێداویستی پزیشکی بێتواتە گرتووە و بردوویانە بۆ شاخ، پاشان دووبارە هەڤاڵ عەلی بە پێوادیستی تەواوەوە دەستی کردووەتەوە بە تەداویکردنی مامەڕەشە و چارەسەری کردووە، بە وتەی مامەڕەشە ئەو تەداوییەی سەرەتا ڕۆڵی گرنگی بینیوە لە

کەمبوونەوەی برینەکەی و سارێژبوونی، ئەم ڕووداوە لەلایەن مامۆستا عەلییەوە لە پەرتووکەکەیدا نووسراوە.

لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا سەرەتا چووەتە تیپی ٥١ گەرمیان و دواتر چووتە ٥٣ی شێروانە، هاوکات خۆشم وەکو برایەکی لەگەڵیدا پێشمەرگە بووم، کە هەڤاڵ عادل شکور سەرتیپمان بوو، لە شەڕەکاندا چەند جارێك بریندار دەبێت، لە چەندین شوێنی گەرمیاندا دۆست و هاوڕێی هەبووە و دەرمانیان بۆ ناردووە، ئەگەر پێویستی بە دەرمان بووایە و بە دەستی نەگەیشتایە خۆی پەیدای دەکرد، هێندە بە وردی کاری کردووە زۆرجار بەبێ ئەنجامدانی کاری سڕکردن (بەنج) ددانی نەخۆشی هەڵکێشاوە، بۆ نمونە ڕۆژێکی ساڵی ١٩٨٥ هەڵدەستێت بە ئامادەکردنی مەفرەزەیەکی پێشمەرگە و هێرش دەکەنە سەر نەخۆشخانەکەی کەلار و هەردوو پاسەوانی نەخۆشخانەکە قۆڵبەست دەکات و چەکەکانیان لێ دەستێنێت و پێداویستییەکی زۆری پزیشکی لەگەڵ خۆیاندا دەبن، پلەکەشی لە پێشمەرگایەتیدا بریتی بوو لە جێگری کەرت.

دکتۆر عەلی ماتۆڕسکیلێکی هەبووە، گوند بە گوند بۆ چارەسەری پێشمەرگەی بریندار و نەخۆشی گوندنشینان جەولەی کردووە، هەروەها چەند جارێك بە مەفرەزەوە چووە لە گوڵاڵە چالاکی کردووە و لەگەڵ تیپەی ٥١ و ٥٣دا بەشداری شەڕەکانی کردووە، لە ١٩٨٨/٢/٢٩ لە گوندی تازە دێی سنووری کەلار کەوتە کەمینی جاش و سەربازەوە شەهید بووە، بە وتەی خێزانی شەهید دکتۆر عەلی، دوای شەهیدبوونی گوندنشینەکان بە ئاخ هەڵکێشانەوە گوتوویانە خۆزگە لە هەر ماڵێك کوڕێکمان شەهید بووایە، بەس دکتۆر عەلی شەهید نەبووایە، دوای سێ دەیە لە شەهیدبوونی تا ئێستاش لە بازاڕدا خەڵکی گوندنشینەکانی ئەو کات دەمبینن و باسی دکتۆر عەلی دەکەن و دەڵێن فلان ددانمان لەلایەن دکتۆر عەلییەوە هەڵکێشراوە یان چارەسەرکراوە، لە کاتێکدا من نە بیرم ماوە نە دەیانناسمەوە.

لە ساڵی ١٩٧٧ ژیانی هاوسەرگیری پێکهێناوە، بە درێژایی ژیانی هاوسەریشی وەکو ژنە پێشمەرگە لەگەڵیدا بووە و گوند بە گوند وەك ژنێکی شۆڕشگێڕ بەشداری شۆڕشی کردووە، ئەو ژنە خاتوو (ئەسمەر حەسەن محەمەد)ە، کە ئامۆزای شەهید دکتۆر عەلییە، دوای ئەوەی چەندین جار لەلایەن شەهید دکتۆر عەلییەوە لە چەند کاغەزێکی جیاوازدا ناوی چەندین دەرمانی بۆ نووسراوە، کە بچێت لە بەغداد پەیدای بکات، خاتوو ئەسمەریش بەورئاسا لە پێدەشتی گەرمیانەوە خۆی گەیاندووەتە بەغداد و هەر یەك لەو پارچە کاغەزانەی داوە بە خزم و کەسی لە بەغداد و داوای لێکردوون لە شوێنی جیاواز بۆی پەیدا بکەن، لەگەڵ ئەوەشدا خۆی هەندێك لە دەرمانەکانی پەیداکردووە، دواتر هەرمووی لە شوێن و جێگەی جیاواز کۆکردووەتەوە و تەواوی پێداویستییە پزیشکییەکانی بۆ شەهید دکتۆر عەلی هێناوەتەوە و سەرکێشانە گەیانوویەتییەوە بە شاخ، بە وتەی خاتوو ئەسمەر زۆر جار شەهید دکتۆر عەلی تووشی سەرکۆنە و ڕەخنەی نزیکەکانی بووە کە چۆن ڕێگە بە خۆی دەدات ئەو کارە پڕ مەترسییانە بە خێزانی بکات و سەدان کیلۆمەتر بە ناو چەنید بازگەی ڕژێمی بەعسدا دەرمانی پێ بگەیەنێتە پێشمەگە و شۆڕش، شەهید دکتۆر عەلیش پێی گوتوون ئەسمەر زیرەکە و دەتوانێت ئەو کارە بکات، هەروەها هەتا شەهیدبوونی دکتۆر عەلی خاتوو ئەسمەر بە خۆی و منداڵەکانییەوە نەگەڕاوەتەوە شار، هەروەها لە پاش خۆی سێ کچی بۆ کوردستان بە جێهێشتووە[11].

---

[11]- چاوپێکەوتن لەگەڵ محەمەد حسێن محەمەد شاهواز برای شەهید عەلی حسێن محەمەد شاهواز (برینپێچ)، ٢٠٢٣/٢/١، لەگەڵ ئەسمەر حەسەن محەمەد هاوسەری د. عەلی، ٢٠٢٣/٢/٧.

# عەلی قادر شەریف هۆمەر (دكتۆر عەلی جافەرانی)

ساڵی ١٩٤٧ لە گوندی هۆمەرامان- قەرەداغ هاتۆتە دنیاوە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی برینپێچی لە سلێمانی تەواو كردووە، ساڵی ١٩٦٣ بۆتە پێشمەرگە و پەیوەندی كردووە بە شۆڕشی ئەیلولەوە، ساڵی ١٩٦٨ لەلایەن سەركردایەتی ئەو كاتەوە نێردراوە بۆ بەشداری و فێربون لە (خولێكی باڵای پزیشكی ) لە وڵاتی ئێران، پاش گەڕانەوەی لە بارەگاكانی سەركردایەتی لە گەڵاڵە پێشمەرگە و دكتۆری شۆڕش بووە تا ساڵی ١٩٧٥، ساڵی ١٩٧٥ دوای نسكۆی شۆڕشی ئەیلول بەخێزانەوە چۆتە ووڵاتی ئێران، ساڵی ١٩٧٥ گەڕاوەتەوە بۆ سلێمانی و لە خەستەخانەی ئاشتی دامەزراوە و ئێوارانیش لە خەستەخانەی علی ناجی دەوامی كردووە، ١٩٧٥ پەیوەندی كردووە بە ڕێكخستنەكانی (كۆمەڵە)ەوە.

جگە لە كاری نهێنی ڕێكخستنی ناوشار ڕۆڵێكی باڵای هەبووە لە دابینكردنی دەرمان و پێداویستیە پزیشكیەكان بۆ پێشمەرگەكانی شاخ، ساڵی ١٩٧٨ بەهۆی زۆری چالاكی لەلایەن ئەمنی سلێمانی و جەللاد ملازم محسن دەچنە سەر خەستەخانەی ئاشتی و لەكاتی دەوام دا دەستگیری دەكەن، دوای یەك مانگ لە خۆڕاگری لەژێر ئەشكەنجەدا لەئەمنە سوورەكە و بەسەرپەرشتی ڕاستەوخۆی ملازم محسن بەهۆی داننەنان بە هیچ زانیارییەكدا ناچار ئازادی دەكەن، دكتۆر عەلی لە زیندانەوە نامەیەك بۆ هاوڕێكانی دەنێرێت، دەقی نامەكە لە ژمارە ١١ی تشرینی یەكەمی ١٩٨٠ لە (هەواڵنامەی كوردستانی عێراق) بلاوكراوەتەوە.

ساڵی ١٩٧٨ دوای ئازادبوونی پەیوەندی كردووە بە هێزی پێشمەرگەی كوردستانەوە سەرەتا لە بەری شارباژێڕو پاشان چۆتە بەری قەرەداغ ودكتۆری هەرێمی (٥)ی قەرەداغ بووە لە كەرتی هەرێم بە لێپرسراویەتی مستەفا چاوڕیش وەك فەرماندەی هەرێم، ئەوكات هیزەكانی پێشمەرگە گەڕۆك بوون و بارەگای خەستەخانەی شۆڕش نەبووە و ژمارەیەكی كەم دكتۆر و برینپێچ هاتبوونەوە دەرەوە، بۆیە دكتۆر علی ئەركێكی زۆری لەسەر شان بووەو بەدەستێكی بەتفەنگەكەی وەك پێشمەرگەلە زۆربەی شەڕەكانی ئەو ماوەیە لەبەركانی شەڕەكاندا قارەمانانە بەشداربووە، وەك دكتۆرێكیش بەدەستێكی كوڵە پشتێ

دەرمانی لەشان بووە و ئەرکی چارەسەری پێشمەرگە بریندارەکانی شەریشی لە ئەستۆ بووە، جگە لەوەی خەڵکی گوندەکانی ناوچەی قەرەداغ گەواهیدەری دڵسۆزی ئەو بوون لە چارەسەری خەڵکەکە لەڕووی پزیشکییەوە، لە ١٩٨٠/١٠/٨ لەشەڕی بەرگری هێرشی دوژمن (شەڕی ڕفاندنی ئەندازیارە ڕووسەکان)[١٢]. شەهید دکتۆر علی جافەرانی و شەش هاوڕێی شەهید بوون و چوونە کاروانی سەروەرانەوە[١٣].

---

[١٢]– بۆ زانیاری زیاتر لەسەر (شەڕی ڕفاندنی ئەندازیارە ڕووسەکان) بڕوانە: مستەفا چاوڕەش، مستەفا چاوڕەش: یادەوەرییەکان: چاپی یەکەم، ٢٠١٤، ل١٨٨-١٩٣.

[١٣]– چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز دڵشاد عەلی قادر، کوڕی شەهید د. عەلی جافەرانی، ٢٠٢٣/٢/٨، مستەفا چاوڕەش: س.پ، ل١٩١.

## عەلی ئەحمەد حەمەخان (دکتۆر عەلی نەمەڵی)

ساڵی ١٩٥٥ لە گوندی نەمەڵی شارەزوور لەدایکبووم، قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی لە گوندی نەمەڵی خوێندوومە، بۆ تاقیکردنەوەی پۆلی شەشەمی سەرەتاییم لە شاری سلێمانی تاقیکردنەوەم کرد، دواتر قۆناغی ناوەندی و ئامادەییم لە سلێمانی و عەربەت تەواوکردووە، ساڵی ١٩٧٦-١٩٧٧ لە کۆمیتەی یەکی سەر بە کۆمەڵە لەگەڵ هەڤاڵ مەلا ئەحمەدی دسکەرە و هەڤاڵ مەحموود ڕەزا کارم کردووە، دواتر لە پەیمانگای تەندروستی باڵای بەغداد وەرگیرام، لەوێ چووینە ڕێکخستنەکانی هەڵۆی سووری بەغداد، لە ١٩٧٩-١٩٨٠ پەیمانگام تەواوکرد.

لە ساڵی ١٩٨٠ بووم بە پێشمەرگە لە هەرێمی پێنج، سێ مانگ لەوێ بووم، دواتر بۆ سەرکردایەتی گوازرامەوە لە نەخۆشخانەی ناوزەنگ، لەگەڵ دکتۆر خدر مەعسوم و دکتۆر شاڵاو، دکتۆر حەسان، دکتۆر نەریمان، دکتۆر کاوە، دکتۆر هەژار، دکتۆر شاخەوان غەفوور و دکتۆر ساماڵ (لەتیف) پێکەوە بووین، لە مانگی شەشی ١٩٨١ چوومە خوارەوە بۆ هەرێم، کە برینددارمان دەبوو بە ڕێگەی سەردەشتدا دەماننارد بۆ نەخۆشخانەکانی ئێران، خۆم ١٤ برینددارم بردووە بۆ سەردەشت لەوێوە دەبران بۆ مەراغە تایبەت ئەوانەی کە برینەکەیان سەخت بوو ئەم کارە بەنۆرە بوو هەر جارەی پزیشکێك لەگەڵیان دەچوو.

لە ساڵی ١٩٨١ لە دکتۆر هەژار مەعروف کە دکتۆرێکی پسپۆڕ و چالاك بوو لە بناری سوورێن نەشتەرگەری ڕیخۆڵەکوێرەی کردووە لەوێوە بە گوێزەرەوە (نقالە) لەسەر شانی پێشمەرگە نەخۆشەکەیان بردووە بۆ بلەکێ لە بارەگای هەرێمی سێ بەسەر ئەو شاخە بەرزەدا سەرکەوتووە، دکتۆر هەژار لەگەڵیاندا ڕۆیشتووە، هاوکات نووسەر و سیاسییەکی بلیمەتیش بوو.

لە مانگی ١٩٨٢/٥ چووم بۆ تیپی ٥١ی گەرمیان لەگەڵ سامان گەرمیانی، هەروەها لێپرسراوی کەرتی ڕێکخستنیش بووم هەروەها کاری تەندروستیشم دەکرد، تاکو دانوستانی ساڵی ١٩٨٣ لە گەرمیان مامەوە، لەو ماوەیەك شەڕی سەرقەڵا ڕوویدا هەڤاڵ قاسمی فەقێ عەلی برینددار بوو، هەڤاڵ مۆفەق کەریم گوللەیەك دابووی لە دەستی، دۆخی زۆر خراپ

بوو چارەسەرمان بۆ کرد، هاوکات دکتۆر حەسانمان لەگەڵ بوو کە دەرچووی کۆلێژ بوو، تیپی ٥١ و ٥٧ و ٥٥ پێکهاتەی هەرێمی پێنج بوو، سنوورەکەشی لە سلێمانییەوە بۆ دەربەندیخان و بۆ سیروان و بۆ خانەقین و تاکو دووزخوورماتوو دواتر کەرکووك هەتا تاسلووجە، ئەم هەرێمە بوو بە سێ تیپ ٥١ بۆ گەرمیان و ٥٥ بۆ قەرەداغ و ٥٧یش بۆ سەگرمە، لە ڕێگەی ڕێکخستنەکانی سلێمانییەوە دەرمانمان بەدەست دەگەیشت.

لە مانگی ١٩٨٣/١١ لە دەستپێکی دانوستان چوومە تیپی ٥٥ی قەرەداغ، هەتا ١٩٨٨ لەو تیپە بووم، ماوەی دانوستان لە شاردا بووین، لە ساڵی ١٩٨٥ دەستبەرداری کاری تەندروستی بووم چونکە لە قەرەداغ نەخۆشخانەی بەلەکجاڕ لە قەرەداغ سەر بە مەڵبەند کرایەوە، من بووم بە لێپرسراوی کۆمەڵایەتی و دارایی تاکو ساڵی ١٩٨٨ مامەوە دواتر خۆمان ڕادەستکرد و بووین بە سەرباز لە ٧٣٦ و ٧٣٧ لە سەربازگەی زیقار پرسیاریان کرد کێ دەرچووی پەیمانگا و زانکۆیە، بەوهۆیەوە بۆ یەکەی گۆڕەپانی پزیشکی بەغداد گوازرامەوە، ساڵی ١٩٩٢ کە حکومەت پێکهات من بوومە ئەفسەری پزیشك، نوێنەری فەرماندەی سنووری سلێمانی بووم، وەکو نەخۆشخانەی شۆڕش لە ناو نەخۆشخانە ئەرکمان دەبینی و کارمان ئاڕاستەکردنی نەخۆش بوو بەسەر بەشە جیاوازەکانی نەخۆشخانەکەدا[١٤].

---

[١٤]- چاوپێکەوتن لەگەڵ عەلی ئەحمەد حەمەخان، (د. عەلی نەمەڵی)، ٢٠٢٢/١١/٢٩.

# عوسمان سادق خدر (دکتۆر چیا)

ئەوە چ دڵسۆزییەکە ئەوە چ هەستێکە! بۆ خوێندن بچیت بۆ بەغداد و پاکستان و ئیرلەندا شار بە شار و وڵات بە ولات بگەڕێیت تا بڕوانامەیەکی بەرز بەدەست بهێنیت، تا لە ڕێگایەوە خزمەتی پێشمەرگەی پێ بکەیت، هەروەها خۆت ئامادە بکەیت بۆ شەهید بوون، ئەمە پەروەردەی خێزانێکە لێوان لێو لە دڵسۆز و کوردپەروەری، دکتۆر چیا کێوێك بوو لە بەرزی شاخێك بوو لە ورە، ناوبراو بە متمانەیەکی زۆرەوە دەیڕوانیە ئایندەی کوردستان، بەوپەڕی دڵسۆزییە ئەرکی سەرشانی بەجێدەهێنا، لە ژیانیدا جگە لەوەی دکتۆری پێشمەرگە بووە دەیان جار لە شەڕ و نەبەردییەکاندا بەشداری کردووە، خەون و خولیای دکتۆر چیا زۆر گەورە بووە بۆ ئایندەی کوردستان.

عوسمان سادق خدر ناسراو بە دکتۆر چیا، ساڵی ١٩٥٦ لە گوندی زەمزەمۆك لەدایکبووە، ساڵی ١٩٧٧-١٩٧٩ بۆ خوێندن چووەتە پاکستان و ئیرلەندا، ساڵی ١٩٧٩ پەیوەندی بە (کۆمەڵە)وە کردووە، ساڵی ١٩٨١ کۆلێژی پزیشکی زانکۆی بەغدادی تەواوکردووە، هەر هەمان ساڵ پەیوەندی بە ڕیزەکانی پێشمەرگەوە کردووە و لە نەخۆشخانەی قووڵەهەرمێ لە سەرکردایەتی دەستی بە خەبات کردووە، ساڵی ١٩٨٢ بۆ هەردوو تیپی ٧٤ باڵەك و ٧٨ی کارووخ گواستراوەتەوە، هەمان ساڵ لە گوندی سەرنوسی لە دۆڵی خانەقا نەخۆشخانەیەکی بۆ پێشمەرگە دروست کردووە، ساڵی ١٩٨٤ وەکو کادیرێکی لێهاتوو بۆ کاری جەماوەریی دەستنیشان کراوە، ساڵی ١٩٨٦ کراوە بە دکتۆری نەخۆشخانەی مەڵبەندی سێی هەولێر، لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا بەشداری دەیان شەڕ و چالاکی کردووە لەوانە: داستانی سەری ڕەش، گرتنی ناحیەی تەقتەق، شەڕەکانی سەرکردایەتی، داستانی بنەباوێ.

ساڵی ١٩٨٨ لە پاش ئەنفال وەکو پارتیزان لە لە چیای بنەباوێ درێژەی بە خەبات داوە، لە ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١دا بەشداری کردووە و لە بوارەکەی خۆیدا ڕۆڵێکی کارای هەبووە، دوای پێکهێنانی فەوجی مەکتەبی سیاسی کراوە بە ئەفسەری پزیشك، لەبەر لێهاتووی

کراوە بە کارگێڕی کۆمیتەی مەکتەبی سیاسی و سەرپەرشتی گەورەترین کەرتی کردووە، لە کاتژمێر ٨:٥ خولەکی ڕۆژی ١٩٩٦/٣/٢٥ شەهید بووە، شەهید د، چیا باوکی چوار منداڵ بووە بە ناوەکانی ئاری، ئاسۆ، هێرۆ، شەوبۆ[١٥].

(١٥)– حەیدەر مەنتك: ئینسایکلۆپێدیای شەهیدانی هەولێر.

# عوسمان عەلی محێدین نادر (دکتۆر شوان)

لە ساڵی ١٩٥٣ لە ناحیەی قەرەهەنجیر لە دایکبووم، قۆناغەی سەرەتاییم لە قەرەهەنجیر و قۆناغەکانی دیکەی خوێندنم لە شاری کەرکووك تەواوکردووە، دواتر لە ساڵی ١٩٧١ پەیمانگای تەندروستی باڵای بەغداد وەرگیرام و لە ساڵی ١٩٧٣ تەواوم کرد، پاشان دوو ساڵ دامەزرام و نێردرام بۆ سەربازی، لە ساڵی ١٩٧٢ شەش کورسی بە کورد درا بۆ ئەوەی بخوێنن یەکێك لەو شەش کەسە من بووم، بەڵام لەسەر داوای دایك و باوکم نەچووم، دواتر بەرنامەی ڕۆیشتنم بۆ ئەوروپا دانا و لە ساڵی ١٩٧٨ گەیشتمە ئەڵمانیا، لەوێ داوای بڕوانامەی پەیمانگایان لێکردم، منیش بۆ ئەو مەبەستە گەڕابوومەوە، هێشتا بڕوانامەکەم وەرنەگرتبووەوە شەڕی عێراق-ئێران دەستی پێکرد و چوونە دەرەوەی وڵات قەدەغەکرا، لە ساڵی ١٩٨١ جارێکی دیکە بوومەوە سەرباز و تا ساڵی ١٩٨٥ بەردەوام بووم.

لە ساڵی ١٩٨٥ ویستم بچم بۆ ئەوروپا، چوومە سنووری کەرتی چواری جەباری هەڤاڵ شوانی کادیرم بینی، لەوێ خۆم بە پێشمەرگەکان ناساند. گوتیان ئێمە وەکو کەرتی چواری جەباری و سێی باسەرە و دووی هەمەوەند و یەکی قەرەداغ، کە سەر بە تیپی ٥٧ی سەگرمە بوون، واتە لە سنووری تیپەکە هەر دکتۆر جەبار هەبوو کە لە بارەگای تیپ بوو لە مێولی، ئیدی پێیان گوتم پێویستمان پێتە، منیش ڕازی بووم، پێیان گوتم چالاکیمان لە تۆ ناوێت، تەنها لە شوێنێك دابنیشە و بریندارت بۆ دەنێرین، ئەم ڕووداوە ساڵی ١٩٨٥ بوو، منیش لە نێوانی هەردوو کەرتی چواری جەباری و سێی باسەرە لە نزیك قرخ نیشتەجێ بووم، هەروەها هەر چالاکییەکیان بکردایە منیش دەچووم.

لە ڕووداوێکدا هێرش کرایە سەر نەوتی کەرکووك لەگەڵ هەڤاڵ شێخ وریای کەرتی چواری جەباری چووم و پێی گوتم تۆ لە گوندی شێخ جیری دابنیشە، منیش کۆڵەپشتی دەرمانم برد، خۆشبەختانە بریندارمان نەبوو، بوە جۆرە چەند جارێك بەشداری شەڕەکانم کردووە و بریندارم چارەسەرکردووە، بۆ نمونە خانەوادەی ئەحمەد نادر هەم بریندارىان

هەبوو هەم نـەخۆش ڕۆیشتووم چارەسـەرم کـردوون، هـەروەها پێشمەرگەی سـنوورەکە لـە کوێ بریندار بووایە یان برینەدارەکەیان بۆ دەهێنام، یان من دەچووم بۆ لای بریندارەکە.

لـە چـالاکییەکی دیکـەدا مـن لـە گونـدی شـێخ جـیری بـووم، پێیـان ڕاگەیانـدم پێشمەرگەیەك بە ناوی چیا بریندارە و دۆخی زۆر خراپە، منیش چووم، کـە گەیشتمە لای هـەموو بەدیارییـەوە دانیشـتوون دەگـرین، گوتیـان تووشـی خوێنبـەربوونی نـاوەکی بـووە، هەرچەندە دۆخی سەخت بوو، بەڵام مـن گـوتم وانییـە و دۆخـت زۆرباشـە و چاکدەبیتەوە، موغـەزیم بـۆ هەڵواسـی، لـە کـاتی تـەداوی دەیگـوت مـن دەمـرم، گـەردن ئـازادی لـە پێشـمەرگەکانی هـاوڕێی دەکـرد، ئـەو دیمەنـە زۆر کـاری تێکـردم، ناچـاربووین کـارێکی بـۆ بکەین، تەرەکتەرێك و عەرەبانەیەکمان هێنـا، لـە نـاو عەرەبانەکـە دوو دۆشـەکمان ڕاخسـتو بریندارەکەمان تێدا دانا، خێمەیەکی شینمان هەبوو بۆ باران دامان بەسەر عارەبانەکەدا بـۆ ئەوەی تەڕ نەبێت، موغەزیم بەو جۆرە لە گوندی خاڵۆبازیانییەوە بۆ گوندی شـێخ جیریـی و دواتر بۆ ناوچەی زەنگنە و تا گەیاندمان بە گوندی قرخ، لەوێ ڕام سپاردن بیگەیەنن بـە نەخۆشخانەی مەڵبەندی دوو لە قەرەداغ و بەدیاریکراوی لە بەلەکجاڕ، خۆشبەختانە لـەوێ گوتبوویان دکتۆر عوسمان هەموو شـتی بـۆ کـردی و پـاش ماوەیـەك چاکبووەوە، سـاڵی ١٩٨٧ تیپێکی نوێ بە ناوی تیپی ٥٩ی حەمرین لە تیپی ٥٧ی سەگرمە جیابووە، من چوومە تیپی ٥٩.

لە سەروبەندی ئەنفالدا واتـە لـە ١٩٨٨/٤/٩ حکومـەت هێرشـی کـردە سـەر سـنوورەکەی ئێمە، ئێمە لە گوندی تاڵەبان بووین، لەوێ تۆپباران کراین، ناچار چۆڵمان کرد و حکومـەت هێرشی هێنا و ئەو گوندانەی تەخت کرد، ئێمە ناچار پەڕینەوە بەری شوان و شێخ بزێنی.

لە ڕووداوێکی دیکەمدا برایەکی هەڤاڵ عەتا لە بۆردومانێکدا پارچەیەك چووبووە نـاو جگەرییەوە، هێنایان دۆخـی زۆر خـراپ بـوو، دەسـتم دەنایـە سـەر خوێنەکـە تەنگەنەفـەس دەبوو، دەستم لادەبرد خوێنی بە خوڕ لێدەهات، بەوجۆرە لەگەڵیدا بـەردەوام بـووم و ئـاوی مەغەزیم بۆ دانا، لەوێ بە هـەڤاڵ حەمەڕەشـم گـوت ئەمـە بـرای هـەڤاڵ عەتایـە بیگەیەننـە مەڵبەندی سێ، گوتی چی بیکەم؟ گوتم تـا ئـەوی بـا مەغـەزی پێـوە بێـت، گـوتی وادەکـەم خەمت نەبێت و تۆ مەیە، بردیان و پاش مانگێك لەوێ چاکبووەوە.

پێش لێدانی کیمیایی لە گۆپتەپە هەڤاڵ قادری حاجی عەلی و چەند پێشمەرگەیەك لە گوندی سەرچناری ناوچەی شێخ بزێنی، داوامان لێکرد ئێمە ئەو هەموو پێشمەرگەیە لەگەڵ پێشمەرگەی حزبی شیوعی و (پ.د.ك) و ژمارەیەکی زۆری خەڵك کۆبوونەتەوە چاویان لەدەستی ئێمەیە کارێکیان بۆ بکەین، ئێمە چی بکەین؟ گوتمان با ئەم هێزە هەموو لە ئاوی دووکان بپەڕینەوە، ئەگەر سبەی حکومەت ئاوەکە بکاتەوە ئەو کاتە ڕێگای خەڵکی دەگیرێت، هەڤاڵ قادری حاجی عەلی گوتی نەخێر سەرکردایەتی دەڵێت، با لە گوندەکانی سنووری خۆیان بمێننەوە، گوتمان دۆخەکە زۆر خراپە، سنووری تیپی ٥٧ و ٥٩ دەستی بەسەردا گیراوە و تەنها ئێرە ماوە، لێرەش گوندنشینەکان زۆر ماندووبوون بەدەستمانەوە، بۆیە بابپەڕینەوە، بەڵام ڕازی نەبوو.

ئەو ڕۆژەی کە حکومەت بە کیمیایی هێرشی کردە سەر گوندی گۆپتەپە ژمارەیەکی زۆر خەڵکی شەهید بوو، ئەم ڕووداوە ترسی لە ناو تەواوی گوندنشینەکانی سنوورەکەدا بڵاوکردەوە، هەڤاڵ شوان کە دارایی تیپ بوو پێی داوای کرد پێکەوە بچین بۆ سنووری گۆپتەپە و یارمەتی دارایی پێشمەرگەکان دابین دەکەین و دەگەڕێینەوە، تەواوی تیپەکانی ٢١ی کەرکووك و ٢٥ی خاڵخاڵان و ٥٧ی سەگرمە و ٥٩ی حەمرین و ٥١ شێروانە لە گوندەکانی ئەو سنوورە بووین، ئێمە لە گوندێك بووین، چەند کەسێکمان لە ماڵێك بووین، بۆ ڕۆژێك دواتر کابرای خاوەن ماڵ زۆر ڕەنگی تێکچووبوو، لێمان پرسی بۆچی وایە چی بووە؟ گوتی هەواڵ هاتووە سبەی حکومەت بە کیمیایی لەم گوندانە دەدات، بۆیە ئەوە ماڵ بۆ ئێوە من لەگەڵ خێزان و منداڵەکانم ئێرە جێدەهێڵین، ئێمە زۆر بەو هەڵوێستە کاریگەر بووین، گوتمان نابێت ئێمە دەڕۆین، یەکی نانێکی ڕەق و بەتانییەکمان برد و ڕوومان کردە شاخێك، بۆ شەوەکەی گەیشتینە سنووری مەڵبەندی سێ، پێویست بوو لە ئاوی دووکان بپەڕینەوە، حکومەت ئاوی دووکانی بەڕێژەیەکی زۆر بەردابووەوە تاکو کەس نەتوانێت بپەڕێتەوە، خەڵکێکی زۆری ئەو دەڤەرە و ژمارەیەکی زۆری پێشمەرگە بەمەبەستی پەڕینەوە گەیشتبوونە کەناری ئاوەکە، کەشەکەی زۆر ساردبوو، تاریکە شەو بوو، سەدان منداڵ لەگەڵ خانەوادەکانیان لە برسا و لە سەرما دەگریان، هیچ کەسێك پێخەف و نوێنی پێنەبوو، دۆخێك بوو زۆر کاریگەر بوو، کەسیش بۆی نەبوو ڕووناکی دابگیرسێنێت تاکو شوێنەکانمان

ئاشکرا نەبێت، چونکە ڕاستەوخۆ دەکەوتینە بەر هێرشی تۆپبارانی حکومەت، ئێمە ناچار گەڕاینەوە سنووری خۆمان کە ماوەی سێ ڕۆژ بوو نانمان نەخواردبوو، خەڵکی گوندەکانی سنووری خۆمان هەموو چۆڵی کردبوو، بەمەبەستی دۆزینەوەی خواردن ماڵە چۆڵەکان دەگەڕاین تاکو پاشماوەی خواردن و هەندێك شەکر و چا و ئاردمان دۆزییەوە.

بەشێکی زۆری خەڵکەکە بەمەبەستی خۆڕادەستکردن ڕووە و چەمچەماڵ هاتبوون، هەندێکیان لە چواردەوری چەمچەماڵ نەیانوێرابوو خۆیان ڕادەست بکەن، ناچار بەپێ گەڕابوونەوە سنووری خۆیان لە ناوچەی شێخ بزێنی، ئێمە لەگەڵ سەرکردایەتی قسەمان کرد، گوتیان لە پێناوی ئەوەی لەناونەچن، باشترین بژاردە ئەوەیە کە خۆتان ڕادەست بکەن، ئێمەش هاتینە سنووری تەکیەی کاکەمەند نیوەی پێشمەرگەکان خۆیان ڕادەست کرد و هەمووی ئەنفالکران، بەشێکی دیکەمان کە نزیکەی ٥٠ بۆ ٦٠ کەس دەبووین خۆمان ڕادەست نەکرد، ئێمە وەکو تیپی ٥٩ی حەمرین، کە هەڤاڵ هێمنە ڕەش سەرتیپ بوو، هەڤاڵ سیروان دێرەشەیی جێگری بوو، هاوکات تیپی ٥٧یش نزیکمان بوو کە هەڤاڵ ئەردەلان سەرتیپی بوو.

ئێمە لەو سنوورە وەکو پارتیزان بەردەوام بووین، بەردەوام خۆمان دەشاردەوە، ئێمە ڕۆژانە لەگەڵ سەرکردایەتی قسەمان دەکرد، لە کاردانەوەی ڕازی نەبوونی سەرکردایەتی بەپەڕینەوەی هێزەکەی، هەڤاڵ هێمنە ڕەش کە سەرتیپمان بوو، خۆی ڕادەستی حکومەت کرد، لە ڕاپەڕینیشدا ڕۆڵی گرنگی گێڕا، دوای چەند ڕۆژێك هەڤاڵ هێمن هەواڵی بۆ ناردم لە ڕێگەی هەڤاڵ ئاراسی حەمەلاوەوە بچم بۆ ئەوروپا، ڕێنمایی کردم لە ڕۆژی ١٩٨٨/٧/١٤ لە گوندی ئاوەبۆرەکە چاوەڕێی بکەم، بەڵام بۆم نەگونجا و لەگەڵ دوو هەڤاڵی دیکەمدا چوومە ماڵێك لە چەمچەماڵ، هێندەی پێنەچوو هەڤاڵ ئاراسی حەمەلاو گەیشت گوتی وەرە لە سلێمانی داڵدەت دەدەم، من گوتم بمگەیەنە سنووری مەڵبەندی سێ، نەیتوانی، ئیدی هەر ئەو شەوە کە هێرش و پشکنینی ناو شار دەستی پێکرد، ناچار گەڕاینەوە گوندەکانی دەورەبەری چەمچەماڵ.

دواتر ئێمە خۆمان ڕادەستکردەوە، تا ساڵی ١٩٩١ بەو شێوازە بەردەوام بووین، لە ڕاپەڕینشدا ماڵی خۆم لە کەرکووك کرد بە نەخۆشخانەی پێشمەرگە بریندارەکان، دوای

دەستبەسەرداگرتنەوەی کەرکووک لەلایەن حکومەتەوە، کەرکووکم بەجێهێشت و چوومە چەمچەماڵ و تا ساڵی ٢٠٠٣ مامەوە، لە دوای ڕزگارکردنی عێراق گەڕاینەوە کەرکووک و لقی نەخۆشخانەی شۆڕشمان لە کەرکووک کردەوە، بوو بە نەخۆشخانەی هەموو پێکهاتەکانی کەرکووک بە خۆڕایی، کە سەر بە هێزەکانی ٧٠ی پێشمەرگە بوو، لەلایەن هەڤاڵ مام جەلالەوە پاڵپشتی دارایی دەکرا، ئەوەی لەوێ بووین بریتی بووین لە: دکتۆر شیروان، دکتۆر ئەنوەر عوسمان، ئەنوەر حەساری و دکتۆر سلێمان هەتا ساڵی ٢٠١٦ لەوێ خزمەتم کرد[١٦].

---

[١٦]– چاوپێکەوتن لەگەڵ عوسمان عەلی محێدین نادر (د. شوان)، ٢٠٢٢/١٢/٢٩.

# عوسمان محەمەد قادر محەمەد (دکتۆر عوسمان)

لە ساڵی ١٩٥٦ لە گوندی ساڵەیی ناحیەی لەیلان لە دایکبووە، لە شاری کەرکووك چووتە بەر خوێندن و چەند ساڵێك لە خوێندن بەردەوام بووە، لە لاوێتیدا پەیوەندی لەگەڵ ڕێکخراوی یەکێتیی قوتابیانی کوردستاندا هەبووە، لەو ڕێگەیەوە دەستبەرداری خوێندن بووە و بووە بە پێشمەرگە، لە دوای توانەوەی شۆڕشی ئەیلول بە مەبەستی تەواوکردنی خوێندن گەڕاوەتەوە خوێندنگە، دوای تەواوکردنی قۆناغی ناوەندی چووەتە بەشی پەرستاری و ماوەی سێ ساڵ بەردەوام بووە و لە ساڵی ١٩٨٠ ئەو بەشەی تەواوکردووە، دواتر لەگەڵ هەڤاڵ قادری برایدا پەیوەندی دەکەن بە ڕێکخستنەکانی سەر بە کۆمیتەی ئاگر لە ناو شاری کەرکووکدا، کە سەر بە کەرتی ڕێکخستنی بازیان بووە.

دواتر پەیوەندی دەکەن بە هەڤاڵ کرێکار قادر کە کادیری سیاسی بووە لە کەرتی چواری جەباری، دواتر ماڵ دەبەنە گوندی قیرچەی ناحیەی قادرکەرەم و دکتۆر عوسمان دەبێت بە دکتۆری شۆڕش و مامۆستا قادری برای دەبێت بە مامۆستای شۆڕش، لەوێ دکتۆر عوسمان نورینگەیەك دەکاتەوە و دەست دەکات بە خزمەتکردنی بریندارانی پێشمەرگە و گوندنشینان، کە سەر بە تیپی ٥٩ی حەمرین بوون، گوندی چیرجە نزیکی بارەگای تیپ بوو کە لە گوندی گۆلباخ بوو، بەشێکی زۆری پێداویستییە پزیشکییەکانی دکتۆر عوسمان لەلایەن باوکییەوە بەدەستخراوە کە لە ناوچەی قادرکەرەمەوە بە ڕێگەی قاچاخ لە کەرکووك و سەنگاو و قەرەداغەوە پەیدای کردووە، زۆرجاریش لە ڕێگەی ڕێکخستنەکانەوە بۆی دابینکراوە.

لە ڕووداوێکدا لە گوندی قەشقە و وێڵە شەڕێك ڕوویدا، شەهید و برینداری لێ کەوتەوە، بریندارەکانیان بۆ دکتۆر عوسمان هێنا و دەستی کرد بە چارەسەرکردنی، هەروەها ئەو کاتانەی کە فڕۆکە بۆردومانی گوندنشینانی دەکرد، دکتۆر عوسمان چارەسەری بریندارەکانی دەکرد، سنوورەکە زۆر فراوان بووە کە لە سنووری ئاوەسپییەوە هەتا سنووری

٥١ی گەرمیان و سنووری کەرتی چواری جەباری تیپی ٥٧ی سەگرمەی گرتووەتەوە، زۆر جار دکتۆر عوسمان خۆی بەشداری شەڕەکانی دەکرد و خێزان و منداڵەکانی لە گوندی قیرجە جێهێشتووە، لە یەکێك لەو شەڕانەی کە دکتۆر عوسمان تێیدا بەشدار بووە لە ١٩٨٨/٤/١٢ لە گوندی گەڕاوی ناوچەی قادرکەرەم شەهید دەبێت و گوڕبزر دەبێت، دکتۆر عوسمان لە ساڵی ١٩٨٥ ژیانی هاوسەرگیری پێکهێناوە و لە پاش خۆی کچێکی لێ بەجێماوە[١٧].

(١٧)– چاوپێکەوتن لەگەڵ مامۆستا قادر محەمەد قادر برای شەهید د. عوسمان، ٢٠٢٣/٢/٧.

# عومەر ئیسماعیل عەبدوڵڵا خدر (دکتۆر عومەر)

لە گوندی قۆجەلەر سەر بەناحیەی ئاغجەلەر لەدایکبووم، ژیانمان لەسەر کشتوکاڵ بوو، هەر لە ساڵی ١٩٦٥ـەوە چووینە کەرکووك، لەو شارە چوومە بەر خوێندن، بەدرێژایی ساڵانی خوێندکاریم هەمیشە هەموو پۆلەکانم بە نمرەی بەرز بڕیوە، هەموو ساڵی دوو مانگ پێش تاقیکردنەوەی کۆتایی ساڵ بەڕێوەبەری خوێندنگەکەم بانگی دەکردم دەیگوت تۆ (عفو العام) بەخشراوی لە تاقیکردنەوەکان پێویست ناکات بێیتەوە بۆ خوێندنگە، تا پۆلی شەشی ئامادەیی هەر وابووم هەمیشە نمرەکانم وا بەرز بوون بەهۆیەوە لەلایەن مامۆستاکان و بەڕێوەبەری خوێندنگەکەوە ناسرام.

ئەو کاتە کاربەدەستە عێراقییەکان لە کاتی تاقیکردنەوەکانی پۆلی شەشەمی ئامادەیی فێری فێڵێك بووبوون دەچوون لە کاتی تاقیکردنەوەکانی کۆتایی ساڵ دەفتەری خوێندکاری زیرەکیان دەگۆڕی بە دەفتەری منداڵە تەمەڵەکانی خۆیان ئیدی نمرەی خوێندکارە زیرەکەکە بۆ منداڵەکەی ئەو ئەژمار دەکرا، ئەمە فێڵێك بوو هەرچەندە پێی دەزانرا، بەڵام ئەوان بەیاسایی دەیانکرد واتە منداڵەکەی ئەو دەبووە خاوەنی دەفتەرێکی پڕ زانیاری لە دوای تاقیکردنەوەکان و تێکڕا (معدل)یەکی باشی بۆ دەهاتەوە و بەشێکی باش وەریدەگرت، من لەو خوێندکارانە بووم بە نمرەی ٩٨ (داخل) چوومە تاقیکردنەوەکانی پۆلی شەشەوە بەشی زانستی، لێرەوە بوومە قوربانی پیلانێکی مامۆستا نەجم ئەنباری کە دەفتەرەکانی منی بۆ منداڵێکی کاردەبەدەستێکی ڕژێم دەستنیشان کردبوو، من بێ ئاگابووم لەم پیلانە، بەگوڕوتینێکی زۆرەوە کۆششم کرد و بەشداری تاقیکردنەوەکانم کرد، دوای تاقیکردنەوەکان چووم نمرە وەربگرمەوە، کە گەیشتم مامۆستایەکی خۆمم بەناوی (ویداد) بینی، گوتی چی دەکەی؟ گوتم هاتووم نمرە وەربگرمەوە، گوتی نەچی دەتگرن! گوتم بۆچی؟ گوتی دەفتەری تۆ نەماوە، گوتم بۆ نەماوە؟ گوتی چەند کارمەندێکی ئەمن هاتوون و بردوویانە بۆ کوڕی کاربەدەستێك ئەژماری بکەن، ئەو ڕۆژە بەپەلە گەڕامەوە تاکو نەمگرن، ڕۆژی دواتر بە مامۆستا عومەری بەڕێوەبەری خوێندنگەکەم گوت چی ڕوویداوە کوا نمرەکانم؟، گوتی یەك دەفتەرت نییە، گوتم من لێرە خوێندکارم ئەوە ناسنامەکەمە

ئەوە ناسنامەی بەشداریکردنی تاقیکردنەوەکانمە، گوتی نازانم، گوتم دەفتەرەکانی من دزراوە، گوتی باشە مادام وادەڵێی حەز دەکەی بەیانی وەرە دەچین بۆ پەروەردە، بۆ سبەی کە چووین چەند دەفتەرێکیان دۆزییەوە ناوی منی لەسەر بوو دیاربوو بۆ من دانرابوو، هەندێك وانە هەر نمرەی نەبوو، لەوێ بەڕێوەبەری پەروەردە گوتی ڕاست دەکات دەفتەری ئەو نییە، بەرگی دەفتەرەکانیان گۆڕیوە ـ چونکە ناو لەسەر بەرگ بوو، گۆڕینی بەرگەکە بەس بوو نمرەی کەسێك بۆ کەسێکی دیکە ئەژماربکرێت ـ هەروەها گوتی تەنها ئەم خوێندکارەش نییە چوون بەرگی دەفتەری چەند خوێندکارێکی یەکەمی پەیمانگا و زانکۆشیان گۆڕیوە، ئیدی من بێبەش (محروم) بووم لە زانکۆ و خوێندن و بۆ هەمیشە ژیانم گۆڕا کە تاکو ئەم ساتەی تەمەنم بە هەزار مەینەتیدا ڕۆیشتووم، بووم بە قوربانی ویستی کاربەدەستێکی ڕژێم بوو بۆ منداڵەکەی، دوای ساڵی ٢٠٠٣ چوومەوە بۆ ئەو خوێندنگەیە کەچی ناوم نەبوو، هیچ نمرەیکم نەماوە، بەڵام لە پەروەردە ئەو نمرە کەمەی ئەو خوێندکارە هەر ماوە کە گۆڕینەوەی لەگەڵ دەفتەرەکانی من پێکرابوو.

دواتر بەهۆی خۆپیشاندانێکەوە لە ساڵی ١٩٨٣ لەسەر ئەو خوێندکارانەی کە لە زانکۆ دەرکرابوون، ئێمە لە ئازادییەوە تاکو بازاڕی حەسرییەکە خۆپیشاندانمان کرد، دواتر چواردەورمان گیرا و هەڵهاتینە خوێندنگەیەك و تەقەمان لێکرا و کەسێکمان شەهید بوو کە برای حەوت خوشك بوو، تەنەنات مامەڕیشە بەشداری ئەو پرسەیەی کرد، چونکە کاتی دانوستان بوو، لەوێ مامەڕیشە لەلایەن دوو کەسەوە کە پێشتر مامەڕیشە سزای دابوون تۆڵەی خۆیان دەکەنەوە و مامەڕیشە ئاشکرا دەکەن، بەهۆیەوە مامەڕیشە و دوو پێشمەرگە دەستگیرکران، لەسەر ئەو دوو کەسە لێپرسینەوەیان لێکرابوو، مامەڕیشە و دوو پێشمەرگەکەی هاوڕێی ڕێکەوتبوون تاوانەکە لەسەر مامەڕیشە لاببەن و بڵێن ئێمە بووین و مامەڕیشەمان لەگەڵ نەبووە، هەرواشیان کرد و مامەڕیشە ئازادکرا، ئیدی مامەڕیشە بەو ئۆتۆمبێلەی کە لە کەرکووك پێی بوو تاکو گەیشتبووە گوندی باوە، یازدە چەکداری حەشدی دەستبەسەر کردبوو، لەوێ داوای دانوستانی لە حکومەت کرد و بەهۆیەوە یازدە حەشدەکەی بە دوو پێشمەرگەکە گۆڕیەوە.

ئێمە سەرباز بووین لە تکریت بووین، بەهۆی ئەو خۆپیشاندانەوە فەرمانی گرتنمان هەبوو، دەمزانی دەستگیر دەکرێین، شەو چوومە لای هاوڕێم فەوزی مەلا ئەوڕەحمان و گوتم من شەو هەڵدێم و تەلی پەرژینەکە دەبڕم و ڕادەکەم، گوتی بچۆ و منیش سبەی شەو دێم، لێرەوە من هەڵهاتم و گەیشتمە سەر ڕێگای سەرەکی و دەستم لە ئۆتۆمبێلێك ڕاگرت وەستا شۆفێرێکی عەرەب بوو گوتی هەرچەندە دەزانم هەڵهاتووی وەرە دەتگەیەنمە کەرکووك، بەڵام پێش خۆرهەڵاتن لە کەرکووك دەرچۆ، گەیشتمە گوندی قۆجەلەر و هەڤاڵ ئەحمەدی مەلا ئەورەحمان و فەوزی مەلا ئەوڕەحمان گەیشتنە گوندەکە.

دوای دانوستان و دەستپێکردنەوەی شۆڕش ئیدی لەو سنوورە بەشداری شەڕەکانی تیپی ٢١ و ٢٥ و ٤٧ و ٢٣ و ٣١ و ٣٧ کردووە و برینداریم تەداوی کردووە، مامۆستا جەمالی ڕابەر سیاسی ٣١ و ٣٧ بوو پێش شەڕەکان ئاگاداری دەکردمەوە تا بەشداری بکەم.

هۆکاری ئەوەی کە دەمتوانی کاری تەندروستی بکەم، بۆ ڕووداوێکی پێشتر دەگەڕێتەوە کە بەمجۆریە: "من لە شۆڕشی ئەیلول لە ١٩٧٤ پۆلی پێنجی ئامادەیی بووم، ژمارەیەکی زۆری خوێندکار هەڵهاتین و چووینە ناو شۆڕش، لەوێ دکتۆرێکی فەرەنسی هەبوو، ناوی ئەلبێرت بوو لە هەڵەدن خولی تەندروستی بۆ کردینەوە، بە شەو وانەی پێدەگوتین و بە ڕۆژیش لە نەشتەرگەری لەگەڵیدا بەردەستیمان دەکرد، خولەکە شەش مانگ بوو، من چوومە بەشی کیمیایی، ئەو دکتۆرە نەیدەهێشت من بڕۆم، دەیگوت پێویستە وانەیساڵێکی زانکۆ بە مانگێك فێربن، ئەو دکتۆرە لە بواری پزیشکیدا پرۆفیسۆر بوو، لەبەر خۆشەویستی بۆ شۆڕشی کورد وڵاتی خۆی جێهێشتبوو، خۆبەخش بوو تەنانەت باسی دەکرد کاتێك داوای لە دەستگیرانەکەی کردووە بێت بەشداری شۆڕش کورد بکات لەگەڵیدا کاتێك ڕازی نەبووە دەستبەرداری بووە، ئەو دکتۆرە دەیتوانی بە عەرەبی قسە بکات، لە شۆڕشدا مانگانە پەنجا دیناری هەبوو، دە دیناری دەدا بە جگەرە و ئەوەی دیکەی بۆ پێشمەرگە خەرج دەکرد، لەگەڵ پێشمەرگە نانی دەخوارد و دەخەوت"

ڕۆژێك دکتۆر ئەلبێرت بۆی گێڕامەوە: "لە کاتی دانوستانی شۆڕش (ئەیلول) و حکومەت لە شاخەوە چوومە سلێمانی، خوێندکارەکانی خۆم بینییەوە کە لە ئەورووپا وانەم پێ گووتبوون و بوو بوون بە پزیشك، کاتێك بۆ خۆم نۆرینگەم کردەوە، هەر ئەو

خوێندکارانەی خۆم هەڕەشەیان لێکردم کە نۆرینگەکەم دابخەم، لەبەرئەوەی پێیان وابوو ئیدی نەخۆش ڕوویان تێناکات، ئیدی منیش دامخست و ویستم بگەڕێمەوە ئەوروپا، بەڵام بەهۆی دەستپێکردنەوەی شەڕەوە گەڕامەوە ناو شۆڕش"

هەر لەو ماوەیە کەسێکی دیکەی ئەوروپی گەیشتە ناو شۆڕش و خۆی وەك پزیشك ناساند و گوتی خەڵکی یوگسلافیام، منداڵێکی نەخۆش هاتە نەخۆشخانەکە و دکتۆر ئەلبێرت داوای لێکرد بزانێ ئەو منداڵە نەخۆشییەکەی چییە؟ ئەویش گوتی گەدەی گیراوە، دکتۆر ئەلبێرتیش گوتی نا ئەوە کرم لە سکیدایە، کە کابرا یوگسلافییەکە ڕۆیشت، دکتۆر ئەلبێرت گوتی ئەوە دکتۆر نییە، ئەوە لە شارەزایەکی سەربازی دەچێت، ئیدی هەواڵی لێدا و بەگرتنی دا، ئەو کاتە عێراق پەیوەندی باش بوو لەگەڵ سۆڤیەت، ئەو سیخوڕە سۆڤیەت لەسەر داوای عێراق ناردبووی، دانی بەوەدانابوو بۆ ئەوە هاتووە نەخشەی ناوچەکانی پێشمەرگە بکێشێ، مەبەستەکەش بێخاڵ و حاجی ئۆمەران بوو.

ئیدی هەتا نسکۆی شۆڕش من لەگەڵ دکتۆر ئەلبێرت مامەوە، گوتی خوشکێکم کاربەدەستێکی تەندروستییە لە تاران، هەواڵی پێداوم شۆڕشی کورد دەتوێتەوە، بۆیە ئەگەر ڕازی بی دەتبەم بۆ فەڕەنسا، من تەمەنم کەم بوو خزمێکم وازی لێنەهێنام تا گەڕاندمیەوە بۆ ماڵ، دکتۆر ئەلبێرت زۆر داخی لە دکتۆرە کوردەکان بوو، دەیگوت من لە ئەوروپاوە هاتووم خزمەتی پێشمەرگە دەکەم، کەچی ئەوان وا لە ئێرانن، جارێك چوو بوو بۆ لای دکتۆرەکانی کورد لە ئێران لەوێ میوانداریيان کردبوو مێزیان بۆ ڕازاندبووەوە و خواردنەوەی کهولیان بۆ دانابوو، ئەویش هەمووی ڕشتبوو، پێی گوتبوون ئێوە لەسەر حسابی شۆڕش هاتوون لێرە خەریکی ڕابواردنن و میللەتەکەتان جێهێشتووە، دکتۆر ئەلبێرت کە هاتەوە ئەو ڕووداوەی بەگریانەوە گێڕایەوە.

لە ڕووداوێکدا ڕۆژێك ئافرەتێکیان هێنا دووگیان بوو، دوو منداڵی لە سکدا بوو، دوو منداڵەکە لەسەر یەك لە سکیدا گیریان خواردبوو، دۆخی ژنەکە زۆر خراپ بوو، بەوهۆیەوە گیانی لەدەستدا، دکتۆر ئەلبێرت هێندە گریا بۆ ئەو ژنە بەجۆرێك دایك و باوکی و کەسوکاری هێندە نەگریان، لە دوای ئەوە دکتۆر ئەلبێرت چوو لە ئێران ئامێرێکی هێنا و هاتەوە گوتی ئەگەر ئەم ئامێرەمان هەبووایە ئەو ژنە نەدەمرد.

ڕۆژێـك دكتـۆر ئـەلبێرت بارێـك دەرمـانی بـۆ پێچاینەوە و گـوتی بچـن بـۆ ناوچـەی قەلاسێوكە نەخۆشی سورێژە بڵاوبووەتـەوە، گـوتم مـن دەچـم، چوومە گونـدی عەسكەر و گۆپتەپە و ئاغجەلەر، دەستم كرد بە چارەسەركردنی نەخۆشەكانی ئەو سنوورە.

لێـرەو ە دەگەڕێمـەوە سـەر شۆڕشـی نـوێ و سـەرەتای چوونە دەرەوەم، ئیـدی مـن لـە تیپـەكانی ئـەو سـنووره دەسـتم كـرد بـە چارەسـەركردنی برینـدارەكانی ئـەو سـنووره لـە شـەڕێكدا لـە چـەرمەگا ١٢ شـەهیدمان دا، شـەوێك هـاتن بـە شـوێنمدا بردیـانم بـۆ گونـدی چنارتوو ٢٨ بریندارم چارەسەركرد، یەكێكیان پارچە لە ملیدا بوو، هەندێكم دەدووریيـەوە، هەنـدێك پێویستی بە تەداوی و موغەزی هەڵواسین بـوو، لـە ڕووداوێكـی دیكـەدا نەخۆشـێك هەبوو دۆخی زۆر خراپ بوو تەنانەت دكتـۆر دڵشاد گـوتی دەمرێـت، گـوتم مـن چارەسـەری دەكەم، ئیدی ٢٠ ڕۆژ بەردەوام چارەسەرم دەكرد تا چاكبووەوە.

لە ڕووداوێكدا لە گوندی مۆتلیجـەی ئاغجەلـەر شـێخ فـەرهاد برینـداربوو، فیشـەك لـە باڵی دابوو، لەوێ بۆم چارەسەر كرد، هەروەها لە چەند ڕووداوێكدا ژمارەیـەك پێشـمەرگەی سەر بە پ.د.ك بریندار‌بوون من چارەسەرم كردن.

لـە ڕووداوێكـدا تیپـەكانی ٢١ و ٢٣ و ٢٥ و ٣١ و ٣٧ هێرشـیان كـردە سـەر ئاغجەلـەر، ١٨ پێشمەرگە بریندار بوون من چارەسەرم كـردن، یـەكێك لـە برینـدارەكان گوللەیـەك دابـووی لەسـەری، سـەریم بـۆ دووریيـەوە، مامۆسـتا جـەمال گوتی چی بەسـەردێت، گـوتم چاكیش بێتەوە لایەكی دەمرێت، بریندارە گوێی لە مـن بـوو بـوو، بـەلام نـەیتوانی بـوو قسـە بكـات، دواتـر برینـدارەكـەیان بردبـوو بـۆ بەرگـەڵوو لـەوێ گوتبوویـان ئـەوە كێيـە هێنـدە بەباشـی نەشتەرگەری بۆ كردووە بیهێنن بۆ ئێرە با لێرە نەشتەرگەریمان بۆ بكات، دواتر بە داخەوە برینـدارەكـە ڕەوانـەی ئێـران كرابـوو لـە ڕێگـا لەسـەر هێسـتر كـەوتبوو بەهۆیـەوە گیـانی سپاردبوو.

هەر لەو ڕووداوە برینـدارێكیان هێنـا پارچـە دابـووی لـە ملـی، لـە سكییەوە هەناسـەی دەدا، گوتیان وازی لێ بێنە دەمرێت، هاوكات بۆردومانمان لەسەر بوو، گوتم هەتا چارەسـەری نەكەم وازی لێناهێنم، سكی و بەشێكی ناوسكی سووتابوو، بەشێكیم بڕی، دواتر دووریمەوە، گوتیان پەلەبكە ئێستا كۆپتەر دەگاتە سەرمان، گوتم تابوتم بۆ بهێنن بەوە دەیان گوازمـەوە

تا دەیانگەیەنمە شوێنێکی سەلامەت و موغەزییان بۆ هەڵدەواسم، تابوتێکیان هێنا و تێمکرد و بەستمەوە بۆ ئەوەی دەست نەداتە برینەکەی تاکو برینەکەی هەڵنەوەشێ بەوجۆرە گەیاندمە شوێنێکی سەلامەت، ئەو ڕەوانە ئێران کرا و چاکبوویەوە، هەڤاڵ سەید برایم داوای لێکدرم بچمە نەخۆشخانەی بەرگەڵوو، بەڵام من ڕازی نەبووم، گوتم هەتا یەك بریندداری ئەم سنوورە هەبێت ناچم، ئەویش گوتی باشە مادام هێندە دڵسۆزی من هەموو مانگێك دەرمانت بۆ دەنێرم.

من دەفتەر خیدمەیەکم هەبوو هێندە هەڵهاتبووم پڕەوە بووبوو، زۆر جار لە بازگەکان لێیان تێك دەچوو سەربازم یان هەڵهاتووم، لە چەمچەماڵ حاجی محێدین هەبوو دەرمانخانەی هەبوو بەنهێنی دەرمانی بۆ دەهێنام، هەروەها دکتۆر عەلی خۆی و خێزانی لەو کەرکووکەوە دەرمانی بۆ دەهێنام، ڕۆژێك چەند کارتۆن دەرمانێکم پێ بوو لە چەمچەماڵەوە بۆ تەکیە دەهاتم، زانیم سیخوڕم بەدواوەیە، پێش ئەوەی دابەزم بە شۆفێرەکەم و گوت ئەم دەرمانانەم بۆ بەرە بۆ فلان شوێن، من بە دەست بەتاڵی دادەبەزم، ئیدی دابەزیم و ڕزگارم بوو، لەوێ کەسێکم بینی بەناوی کوێخا حەسیب پێی گوتم کارێکم هەیە لە ناو پێشمەرگە دەبێت بۆم بکەی، منیش گوتم منیش کارێکم هەیە دەبێت بۆم بکەی، گوتی چییە؟ گوتم هەندێك دەرمان هەیە دەبێت بۆم بەریتە دەرەوە ئەویش بۆی کردم، هەروەها مامۆستا جەمال لە شارباژێرەوە دەرمانی بۆ دەهێنام.

لە ئەنفالدا پێش ئەوەی حکومەت هێرش بکات بۆ ناوچەی قەڵاوسێوکە من هەڤاڵ ڕەهبەر و مامۆستا جەمال لە ماڵی حاجی عەبدوڵڵای مۆتلیجە بووین، ئامۆژگارییان کردم کە هەڵەی وا نەکەم خۆم ڕادەست بکەم چونکە هەرچی پێشمەرگەی بریندار هەیە تۆ تەداویت کردووە، هەڤاڵ ڕەهبەر گوتی ناهێڵم کاری وابکات، تا کۆتایی ڕووداوەکان هەڤاڵ ڕەهبەر شەش کەسی لەگەڵدا مابوو، پێشمەرگە هێندە کەم بووبووەوە زۆر جار بەتەنها بووم، لەو ڕووداوانە جاشەکان دەگەڕان گوندەکانیان دەسووتان، بە چاوی خۆم بینیم گوندی قۆجەلەریان سووتان، من ڕێنوێنی خەڵکم دەکرد لە دەربەندەوە خۆیان ڕزگار بکەن، چوومە تەکێ لەوێ سەرۆك جاشێکم بینی گوتی دکتۆر عومەر دەتوانم حەوت پێشمەرگە وەربگرم ناتوانم تۆ وەربگرم هەرچی دێت دەڵێت بە برینداری دکتۆر عومەر تەداوی

کردووم، بۆیە بچۆ بۆ لای قاسم ئاغا. گوتم ناچم، دواتر لەڕێگەی چەند ئۆتۆمبێلێکی هاتووچۆ (مرور)ەوە گەیاندمیانە سلێمانی و بردیانمە ماڵی مەلایەك شاردیاندمەوە، کەس نەیدەزانی تاکو لێبوردن دەرچوو، خۆم ڕادەست کرد و بردیانم بۆ دیوانیە، لەوێ بینیم ژمارەیەکی زۆری کوردی لێ بوو ڕاهێنانیان پێ دەکرا و ستەمیان لێ دەکرا، لەوێ هێشتا فایلەکەم ڕادەست نەکردبوو، شەوان لەسەر شۆستەکان دەخەوتم، سەربازێکم کرد بە هاوڕێم، یارمەتیدام و گوتی هەر کات ئۆتۆمبێل هەبوو ئاگادارت دەکەمەوە بچیتەوە بۆ شیمال، ڕۆژێك لە ناکاو بانگی کردم و گەڕامەوە سلێمانی بۆ مەعەسکەر سەلام. لە مەعەسکەر سەلام لە سلێمانی ڕۆژێك فڕۆکەیەك ویستی بنیشێتەوە ژمارەیەکی زۆری سەرنشینی پێ بوو کۆنترۆڵی نیشتنەوەی لەدەستدا و خۆی کرد بە گۆڕەپانی سەربازگەکەدا هەرچی تیابوو سووتا و ژمارەیەکی زۆر سەربازی دیکەی گۆڕەپانەکەی کوشت، بەو جۆرە من هەڵهاتم مامەوە تا کو ڕاپەڕینەکە فەرمانی گرتنم هەبوو، بە ڕۆژ خۆم دەشاردەوە.

لە کاتی ڕاپەڕین لەگەڵ مامۆستا جەمال چوومە کەرکووك و ژمارەیەك زۆری دەرمانم کۆکردەوە، ئۆتۆمبێلێکم پڕ کرد لە دەرمان و هێنامەوە لە چەمچەماڵ دامنا، بۆردومان کراین و ئۆتۆمبێلەکە پارچەی بەر کەوت و تەقییەوە، لە ڕۆژانی دوای ڕاپەڕین دەستم کرد بە چارەسەری بریندارەکانی ئەو ڕووداوانە، ئەندامانی تەواوی حزبەکان ڕێزیان لێ دەگرتم، چونکە بێ جیاوازی یارمەتی هەموویانم دەدا[١٨].

---

[١٨]- چاوپێکەوتن لەگەڵ عومەر ئیسماعیل عەبدوڵلا خدر (د. عومەر)، ٢٠٢٢/١٢/١٢.

# غەفوور تاهیر ئەحمەد غفور (دکتۆر شاخەوان)

لە ساڵی ١٩٥٧ لە دایکبووە، لە ساڵی ١٩٧٥ - ١٩٧٦ پەیمانگای پزیشکی لە موسڵ تەواوکردووە، لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەر و خاوەن شەهید کە خیانەتیان لە گەل و نیشتیمان نەکردووە، چاوی بە دنیا هەڵهێناوە، هەر لە تەمەنی لاوێتیەوە تێکەڵ بە سیاسەت بووە لەبەر دوو هۆکار، یەکەم بەهۆی ئەوەی کە باوکی لە (پ.ك) کادیر بووە، هەروەها لە شۆڕشی ئەیلول کاری کردووە، ئەمە کاریگەری هەبووە لەسەر خێزانەکەیان، هۆکاری دووەم هەستی نەتەوایەتی کە لە ئامادەیی بووە زیاتر بیری بەلای بیر و باوەڕی چەپدا بووە چونکە هەندێك هاوڕێکانی لە قوتابخانە زیاتر هەڵگری ئایدیای چەپ بوون، بۆیە لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٥/٩/٢٥ تێکەڵ بە ئەڵقە ڕۆشنبیرییەکانی کۆمەڵەی مارکسی لینینی دەبێت، کە ئەو کات بە نهێنی کاریان کردووە، بۆ ماوەی ٢ ساڵ کە خوێندکاری پەیمانگای پزیشکی موسڵ بووە، هەر لەوێ چەند پەیوەندییەکی دروست کردووە لەگەڵ قوتابیانی پەیمانگای مامۆستایان، کە لە دهۆك قوتابی بوون.

لە دوای تەواوکردنی پەیمانگا و لە ساڵی ١٩٧٧ لە بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی سلێمانی لە ناوچەی شارباژێڕ دامەزراوە. لەماوەی ئەو ساڵەی کە دامەزراوە لە ناوچەی شارباژێڕ لە بنکەی تەندروستی چنگیان، پەیوەندییەکی بەهێزی هەبووە لەگەڵ هێزی پێشمەرگەی ی.ن.ك، هەروەها پەیوەندی ڕێکخستنی بەردەوام بووە تا ساڵی مانگی ١٩٨٠/١٠ بەشداری ڕیزەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و شۆڕش بووە لە ناوچەی شوان لەو مانگەدا دوو ئامۆزای کە پێشمەرگە بوون لە هەرێمی دوو بە ناوەکانی (مەناف و بیلال) کە ناوی نهێنی پێشمەرگایەتییان (شاخەوان و دلێر) بووە، کە لە مانگی ١٩٨٠/١٠ هەردووکیان لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەکی قارەمان لە گوندی مام ڕەش لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە شەهید کران. ئەویش بە ناوی ئەو ئامۆزایەیەوە کە شەهید بوو بوو ناوی ئەوی هەڵگرتووە و نازناوی (دکتۆر شاخەوان)ی هەڵگردتووە.

لێرەوە دکتۆر شاخەوان بووە بە پێشمەرگە لە هەرێمی دوو کە ئەوکاتە هەڤاڵ عەلی بچکۆل فەرماندەی هەرێم بووە، لە ناوچەی شوان و قەڵاسێوکە چەند مانگێك پێشمەرگە

بووە دواتر چووتە سەرکردایەتی لە ناوزەنگ، لەوێ لەگەڵ دکتۆر فائق گوڵپی و دوو یاریدەدەری پزیشکی تر نەخۆشخانەیەکیان دامەزراندووە، نەخۆشخانەکە لە قوڵەهەرمێ بووە، دکتۆر شاخەوان لە زەڵێ بەردەوام بووە و کاری کردووە بە کۆڵە پشتەکەی کۆڵیەوە کە بریتی بووە لە پێداویستی پزیشکی زۆربەی گوند و ناوچەکان گەڕاوە بۆ تیمارکردن و چارەسەرکردنی پێشمەرگە بریندارەکان بێ گوێدانە مەترسی و دژواری، هاوڕێی کلاشینکۆفەکەی شانی بووە کە دیاری هەڤال مام جەلال بووە.

دکتۆر شاخەوان لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا بەردەوام بەهۆی شارەزایی لە بواری پزیشکیدا خزمەتی پێشمەرگە و کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی کردووە وە چەندین جار پێشمەرگە و هاوڵاتی برینداری لە مردن ڕزگارکردووە، هەروەك لە زاری هاوڕێیەکییەوە کە دەڵێیت: "شەوێك لە ساڵی ١٩٨٢ لە گوندی کانی توو لە خەودا بوون و بریندارێکیان هێنا، خوێنێکی زۆری لەبەر ڕۆشتبوو، دکتۆر شاخەوان توانی چارەسەری سەرەتایی بۆ بکات و پاش تیمارکردن ئاوی موغەزی بۆ هەڵواسی و وەپاش چارەسەری یەك هەفتە بریندارەکە چاك بوویەوە".

هەر لە هەمان کاتدا لە ساڵی ١٩٨٢ خولێکی فریاکەوتنی سەرەتایی بۆ ٥ پێشمەرگە لە دێی کانی توو کردەوە، کە تێیدا بۆ ماوەی ٢ هەفتە، بەشێوەی تیۆری و پراکتیکی وانەی فریاکەوتنی سەرەتایی پێگووتون لە ئەنجامدا ئەو ٥ پێشمەرگەیە زۆر بە دروستی توانیان لە ناو پێشمەرگە لە ڕووی فریاکەوتنی سەرەتاییەوە خزمەت بکەن، کە لەو کاتەدا شۆڕش زۆر پێویستی بەو جۆرە خزمەتە هەبووە، دوای ئەوە چووە بۆ ناوچەی مەرگە لەگەڵ هێزی پێشمەرگە جوڵەی دەکرد، وەکو پێشمەرگە و کادیری تەندروستی لەو کاتەدا هەڤاڵ عەبدولڕەحیم سەرتیپی ئەو ناوچەیە بوو، دوای ئەوە گوازراوەتەوە بۆ ناوچەی شارباژێر کە مەڵبەندی یەکی لێ بووە.

لە نەخۆشخانەی شەهید نەبەز لە گوندی حاجی مامەند کاری کردووە، تا ساڵی ١٩٨٤ کە ڕێکەوتنی نێوان ی.ن.ك و حکومەتدا وازی هێنا، بەنهێنی لە شاری سلێمانی لە ماڵی خۆیان لە گەڕەکی سابونکەران لە ئێوارەی ١٩٨٥/٨/٨ ویستویەتی بڕوات بۆلای هاوڕێیەکی کە بە نهێنی کاری ڕێکخستنی کردووە، ماڵیان لە گەڕەکی ئازادی بووە، کە ناسنامەیەکی

ساختەی زانکۆی سلێمانی پێبوو چەند کۆڵانێك لای ماڵی خۆیانەوە لەلایەن چەند چەکدارێکەوە کە جلی کوردیان لەبەردابووە بەرەو ڕووی هاتوون و داوای ناسنامەیان لێکردووە، ئەویش ناسنامە ساختەکەی پێداون، بەڵام یەکێکیان ئەوی ناسیووە بە هاوڕێکانی وتووە ئەمە دکتۆر شاخەوانە پێشمەرگە بووە لە دەرەوە ، یەکسەر چاویان بەستۆتەوە و سواری تەکسیەکەیان کردووە و بەرەو شوێنی نادیار، دوای بۆی دەرکەوتووە کە ئەمنی سەرشەقامە. دوای ئەوە بردوویانە بۆ بەڕێوەبەرایەتی ئەمنی سلێمانی زۆر لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ کردووە بۆ ئەوەی بزانن چی لە شارەکەدا کردووە و لەگەڵ چ ڕێکخستنێکدا کاری کردووە، بۆ ڕۆژی دوای هاوسەرەکەی دەڕوات بۆ ماڵی هاوڕێکەی پرسیاری لێ دەکات و ئەویش وەڵامی دەداتەوە دەڵێ نازانم نەمدیوە و نەهاتووە بۆلای من، لە پاش ئەوە هەموو ڕۆژێك هەرکەسێکی ناسی بێت پرسیاری دەربارەی ئەوی لێکردووە، بەڵام کەس وەڵامی ڕاستی پێ نەوتووە .

چوار جار هاوسەرەکەی لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئەمنی سلێمانی و ئەمنی سەرشەقام بانگ کراوە، ئەویش پێی وتوون با چاوم پێی بکەوێت، بەڵام ڕێگەیان پێ نەداوە، هەوڵی داوە لە ڕێگە ئەمنێکی کوردەوە خواردن و لەگەڵ کچێکی ئامۆزایدا جلوبەرگی بۆ بردووە، بەڵام ئەوان گاڵتەیان پێ کردووە و شتەکانیان ڕشتووە و شەو بە نیگەرانی زۆرەوە هاتوەتەوە چەند جارێك گوتویانە نەخۆش بووە، چووتە خەستەخانەکەیان کە تایبەت بووە، بەڵام لەوێ نەبووە.

پاش گەڕانێك و هەوڵ و پرسیارێکی زۆر لە زۆر کەس و شوێن خێزانەکەی هیچ هەواڵێکی دەستناکەوێت، پاش ماوەکی زۆر خزمێکی خێزانەکەی سەردانی ئەبو غریبی کردووە بۆلای هاوڕێیەکی سزادراوی بەرێکەوت لەوێ چاوی بە د . شاخەوان کەوتووە و دۆخی تەندروستی باش نەبووە و زۆر خراپ بووە، پاشان کە هاتووە سەردانی خێزانەکەی کردووە هەواڵی داوە کە هاوسەرەکەی سزادراوە، لە محکەمەی (ثورة) لەلایەن دادوەر عەواد بەندر بەپێی ماددەی ١٧٥ لە یاسای سزادانی عێراقی، کە سزاکەی بریتییە لە ٢٠ ساڵ و ٦ شەش مانگ، دواتر بە بڕیاری لێبوردنی گشتی لە ساڵی ١٩٨٦ ئازادکراوە لە دوای ئازادکردنی هەر لەژێر چاودێری ڕژێمی داپلۆسێنەری بەعسدا بووە هەتا ئازاری ساڵی ١٩٩١ ڕاپەڕینە

مەزنەکەی گەلی کورد، لە ساڵی ١٩٩٢ گەڕاوەتەوە بۆ ئەرکەکەی و وەکو بەڕێوەبەری نەخۆشخانە کە سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی سلێمانی بووە بەردەوام دەبێت، تا لە ٢٠١٧/٧/٢٠ کۆچی دوایی کردووە، خێزاندارە بووە و خێزانەکەی بە ناوی ڕووبار داود فەرەج و باوکی کچ و کوڕێکە بە ناوی (لیزا و زریان)[١٩].

---

(١٩)– چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەحمەد عارف ٢٠٢٣/٢/٣.

# فارس حەمە عەبدوڵڵا (دكتۆر جوتیار)

ساڵی ١٩٦٧ لە باوەشی خێزانێکی جوتیاری گوندی مۆریاسی شارباژێڕ لە دایکبووم، قۆناغی خوێندنی سەرەتاییم لە هەمان گوند تەواوکردووە، پاشان خوێندنی ناوەندیی و دواتریش ئامادەیی پەرستارییم لە سلێمانی لە ١٩٨٤– ١٩٨٥ تەواوکردووە، ساڵی ١٩٨٣ پەیوەندیم بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کرد و نازناوی (جوتیار)م لە ڕێکخراوی سلێمانی پێبەخشرا، لە ماوەی دوو ساڵدا پلەکانی ڕێکخستنم بڕی و لە تەمەنی ١٨ و لە ساڵی ١٩٨٥ شەرەفی ئەندامێتیم پێبەخشرا.

لە مانگی ٣ی ساڵی ١٩٨٤ەوە بۆ مانگی ئەیلولی ١٩٨٦ بەپێی پێویست و هێندەی بوار هەبووبێت دەرمان و پێداویستی پزیشکیم پەیداکردووە و لە ڕێگەی ڕێکخراوی سلێمانییەوە ڕەوانەی نەخۆشخانەکانی شۆڕش کراوە، مانگی ٩ی ساڵی ١٩٨٦ پەیوەندیم بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە کرد و وەك کادری پزیشکی لە نەخۆشخانەی بەلەکجاڕی سەر بە مەڵبەندی ی.ن.ك دەست بە کاربووم.

بوونم بە پێشمەرگە پێویستیی قۆناغەکە بوو، چونکە لەو کاتەدا شۆڕش پێویستی زۆری بە کادیری پزیشکی هەبوو، بۆیە ئەرکی سەرشانم بوو کە دەستبەرداری ژیانی شار ببم و ڕوو لە شاخ بکەم، بۆئەوەی بەشداربم لە کەمکردنەوەی ئازاری گەلە ستەمدیدەکەم و هێزی پێشمەرگەی کوردستان.

هەرچەندە سەختترین و دژوارترین کاتم هەڵبژارد بۆ بوون بە پێشمەرگە، بەڵام کاتێ هەستم کرد پێویستە ڕاستەوخۆ خزمەتی میللەتەکەمان و هێزی پێشمەرگە بکەین و لە ئازارەکانیان کەم بکەینەوە، ئەمە بووە هاندەرمان بۆ بەردەوامیی و بەرگەگرتن و دانبەخۆداگرتنمان لەو قۆناغە سەختەدا، مایەی شانازی بوو کە نەخۆشخانەی بەلەکجاڕ

چرایەکی داگیرساو بوو، نەك تەنها بۆ هێزی پێشمەرگەی کوردستان، بەڵکو بۆ هەموو خەڵکی ناوچەکەش بەگشتیی کە ڕۆژانە دەیان نەخۆش و برینداری ناوچەی قەرەداغ و گەرمیان ڕوویان تێدەکرد و چارەسەریان وەردەگرت، هاوکات مایەی شانازیی بوو کە بریندار و نەخۆشی لایەنەکانی تریشمان هەر لە نەخۆشخانەی ناوبراو چارەسەردەکرد، تەنانەت سەرباز و چەکدارە بریندارەکانیش کە بە دیل دەگیران هەر لەلایەن تیمەکەمانەوە چارەسەردەکران.

زۆرجار لەکاتی پێویست بوون بە خوێن بۆ بریندارەکان، خوێنی ئەندام یان پێشمەرگەی لایەنێکی ترمان دەکردە جەستەی برینداری لایەنێکی ترەوە، سەرەڕای سەختی قۆناغەکە، بەڵام هەرگیز دەستبەرداری بەها مرۆییەکان نەبووین و مرۆڤ بوون لە پێش هەموو شتێکەوە بوو.

بەپێوستی دەزانم ناوی یەکە بەیەکەی ئەندامانی تیمەکەمان بهێنم کە بەڕاستی هەموویان خەڵکی دڵسۆز و بە ئەمەك بوون و شێلگیرانە و بەپەڕی توانایانەوە شەو و ڕۆژ لە خزمەتی هیزی پێشمەرگە و خەڵکی ناوچەکەدا بوون:

١. دکتۆر فایەق گوڵپی: پزیشك ، بەڕێوەبەری نەخۆشخانە بوو

٢. دکتۆر جەلال عوسمان: پزیشك

٣. دکتۆر ناسیح فاتیح: پزیشك

٤. دکتۆر ناجیح گوڵپی: پزیشکی ڤێتێرنەری

٥. دکتۆر مەحموود: تورکمان بوو، پزیشکی ڤێتێرنەری

٦. سەرکەوت زەکی: یاریدەدەری تاقیگە.

٧. حەسەن سەرچناریی: پەرستار بوو ساڵی ١٩٨٧ گواسترایەوە بۆ تیپی ٥٥ی قەرەداخ.

٨. جەلال تۆفیق ناسراو بە دکتۆر شوان: یاریدەدەری پزیشك

٩. برایم محێدین: یاردیدەدەری پزیشك

١٠. بۆتان تاڵەبانی: یاریدەدەری ددان بوو، تاکو تەواوبوونی پرۆسەی ئەنفالەکان و کشانەوەمان بۆ دیوی سنووری ئێران لەگەڵمان مایەوە، پاشان گەڕایەوە بۆ عێراق و لەلایەن دەزگا داپڵۆسێنەرەکانی ڕژێمی بەعسەوە ئەنفال کرا.

١١. عوسمان کەلاری: یاریدەدەری فریاگوزاریی بوو (خولی فریاکەوتنی سەرەتایی بینیبوو).

١٢. مام برایم: لێپرسراوی ئیدارەی نەخۆشخانە بوو.

١٣. ڕەحمان: پێشمەرگەی نەخۆشخانە بوو.

١٤. بەسام: دیل بوو بەڵام ئازادکرابوو لە چێشتخانەی نەخۆشخانە کاری دەکرد.

١٥. مام حسن سێوسێنانی: پێشمەرگەی نەخۆشخانە بوو.

١٦. عەلی حاجی عەبدوڵڵا: خەڵکی دەربەندیخان بوو لە چێشتخانەی نەخۆشخانە کاری دەکرد.

١٧. عادل خانەقینی: یاریدەدەری پزیشك بوو، ساڵی ١٩٨٧ چووە دەرەوەی وڵات.

١٨. نەجم خانەقینی: یاریدەدەری پزیشك بوو ساڵی ١٩٨٧ لێمان دابڕا.

دەیان کادری پزیشکی تر لە کەرت و تیپەکاندا کاریان دەکرد کە بە داوای لێبووردنەوە ناوەکانیانم لەیاد نییە، پاش چەند ڕۆژێك لە دەستبەکاربوونم لە نەخۆشخانەی ناوبراو، فڕۆکە جەنگییەکانی ڕژێمی لەناوچووی بەعس بۆردوومانی گوندی تەکییەیان کرد کە چەند کیلۆمەترێك لە نەخۆشخانەکەمانەوە دووربوو، لە ئەنجامی بۆردوومانەکەدا پێشمەرگەیەکی پاسۆك بەناوی (سەرتیپ) بە سەختی بریندارببوو، هێنرایە نەخۆشخانە (ئێستاش سیمای ئەو گەنجە خێر لە خۆنەدیوەم هەر لەبەرچاوە)، پارچەیەك بەر سەری کەوتبوو و خوێن لە مێشکیەوە فوارەی دەکرد، پاش هەوڵێکی زۆر بۆ ڕزگارکردنی ژیانی، بەڵام بەداخەوە برینەکەی زۆر سەخت بوو گیانی لەدەستدا و شەهید بوو.

بێگومان دەیان و سەدان نەخۆش و برینداری تر ڕەوانەی لای ئێمە دەکران و هەر یەکەیان بۆخۆی چیرۆکی خۆیان هەیە و ناتوانرێ لێرەدا هەر هەموویان باس بکەین.

ئێمە بێجگە لەوەی بنکەی سەرەکیمان نەخۆشخانەی بەلەکجاڕ بوو، بەلام لەکاتی پێویستدا مەفرەزەی پزیشکیمان ڕێك دەخست بۆ مەیدانی جەنگ، بۆ نموونە، مەفرەزەی پزیشکی بۆ بەشداریکردن لە داستانی ڕزگاریی، لە ڕۆژی ١٩٨٧/٢/٢٠ لەگەڵ کاك دکتۆر فایەق گولپی لە نەخۆشخانەی بەلەکجاڕەوە بە پیادە بەڕێکەوتین و ناوە ناوەش بە تراکتۆر، بۆ ئێوارە گەیشتینە قازانقایە و لەوێ تەواوی هێزەکە ئامادەبوو، بۆیە هەر ئەو شەوە بەڕێکەوتین و توانیمان لە جادەی سلێمانی – تاسلۆجە بپەڕینەوە و بگەینە گوندەکانی سۆتکە و سورگە، پاش پشوودان بەڕێکەوتین بەرە و گوندی هەنارانی دۆڵەڕووت و دواتریش بەرەو گوندی قزلەر کە خۆشبەختانە لەوێ ئۆتۆمبێلمان دەستکەوت و بەرە و سەرگەلوو بەڕێکەوتین، پاشان بە پیادە شۆڕبووینەوە بەرەو بەرگەلوو، لە کۆتاییدا بۆ ئێوارە لە نەخۆشخانەی بەرگەلوو پشووماندا و ئەو شەوە لای برادەرانی نەخۆشخانەی سەرەکی  ماینەوە، بەم شێوەیە لە دۆڵی جافایەتی ماینەوە تاکو ڕۆژی دەستپێکردنی شەڕی داستانی ڕزگاری.

ڕۆژی ١٩٨٧/٤/١٢ هێزی هەر مەڵبەندێك بەرەو سنوری دیاریکراوی خۆی بەڕێکەوت، سنووری مەڵبەندی یەك ناوچەی دۆڵەڕووت بوو، مەفرەزەکەی ئێمە لە گوندی پیرکە جێگیر بوو کە نزیکترین خاڵ بوو لە شەڕگەکەوە، کاتژمێر ١٢ی شەو هێرشی هێزی پێشمەرگە بۆ سەر ڕەبیەی لووتکەکانی قەیوان و دووبرا تاکو دەگاتە بورجەکەی ئەزمەڕ دەستی پێکرد، ئەو ڕەبیانە چەکداری فەوجە سووکەکانی تێدابوو کە مەیلی بەرگری و شەڕیان زۆر لاوازبوو لەماوەی کەمتر لە کاتژمێرێکدا هەموویان ڕادەست بوون، بێگومان کوژراو و برینداریشیان هەبوو کە ژمارەی کوژراوەکانم لەیاد نییە، بەلام بەرەبەیان چوار دیلی برینداریان هێنایە لامان کە برینەکانیان سووك بوون و هەر لەوێ چارەسەری پێویستمان بۆ کردن.

پاشـان دوو برینـداری پێشـمەرگەیان هێنـا کـە یـەکێکیان دکتـۆر کـاوان بـوو (هـاوڕێی سـەردەمی خوێنـدن)م بـوو قاچـی برینـدار بـوو بـوو، بـەڵام نـاوی بریندارەکـەی تـرم لـەیاد نـەماوە، هـەردووکیان پێشـمەرگەی تیپـی ٥٧ی سـەگرمە بـوون، پـاش فریـاگوزاریی خێـرا ڕەوانەی نەخۆشخانەی بەرگەڵوومان کردن. کە بەداخەوە دواتر لە پرۆسەی ئەنفالدا دکتۆر کاوان گەڕایەوە ناو شار و دەزگا سەرکوتکەرەکانی بەعس بێ سەروشوێنیان کرد.

شەڕەکە تاکو ١٦ و ١٧ی نیسان درێـژەی هـەبوو چـونکە سـوپای ڕژێمـی پێشـوو هێرشـی دەسـتپێکرد بـۆ دەستبەسـەراگرتنەوەی شـوێنە لەدەستچـووەکانی، بۆیـە بـە تـۆپی سـوك و قورس و کاتیۆشا و هێلیکۆپتەریی جەنگی بۆردوومانێکی سەختیان دەستپێکرد و پاشان بـە هێزی پیادە هێرشیان دەسـتپێکرد، لـە ئەنجامـدا نزیکـەی ١٠ بـۆ ١٢ برینـدارمان هـەبوو، کـە تێکڕا چارەسەی پێویستمان بۆ کـردن و ڕەوانـەی نەخۆشـخانەی بەرگـەڵوومان کـردن، پـاش چەند ڕۆژێك گەڕاینەوە بـۆ بەرگـەڵوو، مـن تووشـی خوێنبـەربوونی ڕیخۆڵـەی دوانزدەگـرێ بووم، پزیشکانی نەخۆشخانەی بەرگەڵوو: (دکتۆر شوان و دکتۆر هـەڵۆ) بڕیاریانـدا ڕەوانـەی وڵاتی ئێرانم بکەن، لە نووسینگەی پەیوەندییەکان نووسراوی فەرمیان بۆ کـردم و ڕاپـۆرتی پزیشکییان بۆ ئامادەکردم، هەرچەندم کرد نەمتوانی و چاوم بەرایی نەدا بڕیاربـدەم بچمە دەرەوەی کوردستان، بۆیە نامەیـەکم بـۆ ڕێکخـراوی سلێمانی نـارد و لـە بـارەی تەندروسـتی خـۆم و ئـەو دۆخـە نـەخوازراوە ئاگـادارم کـردن، کـە تێیکـەوتبووم، داوای ڕای ئـەوانم کـرد، هاوڕێیانی ڕێکخراوی سلێمانی زۆر بـە خێرایـی هـاتن بـە هانامـەوە و لـە مـاوەی دوو ڕۆژدا توانیان بگەنە گوندی یالانقۆز (دیارە من لەوێوە نامەکەم بۆ ناربوون و چاوەڕێی وەڵامیـان بـووم)، بـە گەیشـتنیان پێیـان ڕاگەیانـدم کـە هـەر ئـەمڕۆ دەتبەینـەوە ناوشـار و بـۆ ئـەو مەبەستەش کاغەزی ساختەی مۆڵەتی سەربازیمان بۆ ئامادەکردووی، هەرچـەندە بڕیـارێکی ئاسان نەبوو بەڵام دۆخی تەندروستیم ناچاری کردبووم بێجگە لـەوەش مـن نیگـەران بـووم لەوەی کە چۆن دکتۆر فایەق ئاگادار بکەمـەوە لـەم بابەتـە لـە کاتێکدا ئـەو گـەڕابووەوە بـۆ

بەری قەرەداغ و ئەم نیگەرانییەم بە هاوڕێکەی ناوشار ڕاگەیاند، ئەویش بە زەردەخەنەیەکەوە پێی وتم: هاوڕێ گیان نیگەران مەبە خۆ ئێمە بە گۆترە کارناکەین، هەر دوێنی نامەمان بۆ هەڤاڵ عومەر فەتاح ناردووە و لە ڕێگەی ئەویشەوە دکتۆر فایەق ئاگادارە، ئەم وەڵامەی هاوڕێکەم نیگەرانییەکەی ڕەواندمەوە، ئیتر هەر لەوێوە زۆر بە نهێنی بردمیانەوە ناو شار و چارەسەری پێویستم بۆ کرا و بۆ ماوەی سێ هەفتە لەناو شار مامەوە، پاش ئەوەی باری تەندروستیم جێگیر بوو توانیم بگەڕێمەوە بۆ نەخۆشخانەی بەلەکجاڕ.

ئێمە بۆ تەواوی شەڕەکانی قەرەداغ و سەنگاو و شەڕی بورجەکەی دارەڕەش و ئازادکردنەوەی قەرەداخ و شاخی زەردە و تاد ... مەفرەزەمان هەبووە و ڕۆڵێکی کاریگەرمان هەبووە لە فریاکەوتنی برینداران و بەرکەوتەکاندا.

## بۆردوومانی کیمیاوی:

دوانیوەڕۆی ١٩٨٨/٢/٢٧ بوو من لە پشتی نەخۆشخانەکەوە لەسەر تاشەبەردێك دانیشتبووم، گوێم لە ڕادیۆ گرتبوو لە ناکاو دەنگی فڕۆکەی جەنگی هاتە گوێم کاتێ سەرم هەڵبڕی دوو پۆل فڕۆکەی جەنگیم بە ئاسمانەوە بینی، هەر پۆلەیان چوار فڕۆکە بوون، زۆر بەنزمی دەفڕین هەر هێندە فریاکەوتم لە بن تاشەبەردەکە خۆم حەشار بدەم، بۆردوومان دەستی پێکرد هەر لە گوندی تەکییەوە تاکو بەلەکجاڕ – ئیمام هەمزە – نەخۆشخانە تاکو دەگاتە گوندی بەڵخە کەوتنە بەر بۆمبارانی فڕۆکە جەنگییەکانی ڕژێمی لەناوچووی بەعس، سەرەڕای سەختی بۆردوومانەکە، بەڵام دەنگی تەقینەوکانیان بە بەروارد بە بۆمبی کلاسیکی نزمتربوون و لە هەموو لایەکەوە دووکەڵێکی سپی لە شوێنی تەقینەوەی بۆمبەکانەوە بەرزدەبوونەوە و بۆنێکی ناخۆشیان لێدەهات، ئۆتۆمبیلێکی فریاکەوتنی

لەکارکەوتوومان هەبوو لە ژێر داربەڕوویەکی گەورە لە تەنیشت نەخۆشخانە دامان نابوو دوو لە بۆمبەکان تەنها چەند مەترێك لە دووری ئۆتۆمبیلەکەی دابوو.

بەپەلە هاتمەوە بۆ ناو نەخۆشخانە و خێرا لەگەڵ برادەران خاولیمان تەڕکرد و دەم و چاومان پێ داپۆشی ڕوومان کردە بەرزاییەکەی پشتی نەخۆشخانە و ئاگرمان کردەوە و لە دەوری کۆبووینەوە، چونکە ئاگر فشار دەخاتە سەر گازەکە و بڵندی دەکاتەوە، پێشتر من و دکتۆر ناصح دەموچاوی خۆمان بەباشی داپۆشی و چووین سەیری ئەو دوو بۆمبەمان کرد کە لە نزیك ئۆتۆمبیلەکەی دابوو بینیمان یەکێکیان نەتەقیوەتەوە، دکتۆر ناسیح شارەزاییەکی باشی هەبوو لە بواری ناسینەوەی جۆری بۆمبە کیمیاوییەکاندا، بۆیە بە بینینی بۆمبەکە بۆی دەرکەوت کە بۆمبی کیمیاوییە و بەپێی سیفەتە فیزیاوییەکانیشی دەرکەوت گازی خەردەلە، لە دەوروبەری بۆمبە تەقیوەکەش مادەیەکمان بینی کە بە شێوەی تۆپەڵ بوو لە ڕۆنی بەستوو دەچوو.

کاتێ ئێمە لەسەر بەرزاییەکە بووین بینیمان دکتۆر فایەق و مەهاباد خانی هاوژینی و کچە سێ ساڵانەکەیان کە ناوی (شێنێ)یە لەبەری ئیمام هەمزەوە لەگەڵ خێزان و منداڵی پێشمەرگەکان هەموو دەم و چاویان بە خاولی تەڕ داپۆشیوە و بەرەو لای ئێمە دێن.

پاش گەیشتنیان ئەوانیش هاتنە نزیکی ئاگرەکە، تاکو ئەو ساتە هێشتا نە بریندارمان بۆ هاتبوو نەخۆشمان نیشانەی بەرکەوتنمان لەسەردەرکەوتبوو، بۆیە هەم ئەوان گەڕانەوە بۆ ماڵەکانیان و هەم و ئێمەش گەڕاینەوە بۆ نەخۆشخانە.

دوای نیو کاتژمێرێك تراکتۆرێك هات کە برینداری لەشکری بەدری هەڵگرتبوو، کە سەر بە (مجلس الاعلی)ی ئۆپۆزیسیۆنی عێراقی بوون و بارەگاکەیان لە ئیمام هەمزە بوو، هیچ هۆکارێکی خۆپاراستنیان بەکارنەهێنابوو و تەنانەت بەهۆی نەشارەزاییان لەسەر چەکی کیمیایی دەستکاریی پارچە بۆمبەکانیشیان کردبوو، بۆیە هەموویان بەرکەوتبوون، هێندەی لە یادم مابێ ٧ کەس بوون بەڵام سیانیان زۆر بە سەختیی بەرکەوتبوون، بۆیە

داخڵمان کردن کە بەداخەوە یەکێکیان ڕۆژی دوواتر گیانی لەدەستدا و دووانەکەی تر پاش چەند ڕۆژێك مانەوە لە نەخۆشخانە بە سەلامەتی دەرچوون.

بۆ ئێوارە دەرکەوت کە هەموومان بەرکەوتووین، چونکە بینینمان کزبوو بوو هەستیاریمان بۆ ڕوناکی هەبوو و چاومان ئاوی دەکرد و دەکزایەوە وەك ئەوەی چاومان بەر تیشکی لەحیمکردن کەوتبێت.

بە دکتۆر ناسیحم وت: خۆ ئێمە هیچ چارەسەرێکی تایبەتمان بۆ ئەم حاڵەتە نییە، پێت چۆنە گیراوەیەك لە (کریستلاین پنسلین و زایلۆکاین) دروست بکەین، کە پێشتر ئەم گیراوەیە بۆ بەرکەوتنی چاو بە تیشکی لەحیم بەکارهاتووە و کاریگەر بووە، ڕاستەوخۆ بیرۆکەکەی پەسەند کرد و وتی: با دەستبەکاربین، دەستمان کرد بە ئامادەکردنی گیراوەکە و پاشان بەکارهێنانی بۆ خۆمان و تێکڕای بەرکەوتەکان خۆشبەختانە زۆر کاریگەر و سەرکەوتووبوو.

ڕۆژی دواتر نزیکەی ١٠ بۆ ١٢ بەرکەوتەی ترمان لە هاوڵاتی و پێشمەرگە هەبوو، کە تەنها چاویان بەرکەوتبووچارەسەریان وەرگرت و پێویستیان بە خەواندن و هێشتنەوە لە نەخۆشخانە نەبوو.

بۆ شەوەکەی سروشتیش گریا و فرمێسکی بۆ بێکەسی کورد داباران و بارانێکی بە لێزمە دایکرد و تاکو ڕۆژی دواتر بەردەوام بوو، بووە هۆکاری شتنەوە و شیکردنەوی مادە کیمیاییەکە، کە وەك پێشتر ئاماژەم پێدا لە کڵۆی ڕۆنی بەستوو دەچوو، سروشتی ئەم ماددەیە وابوو کە بەشەو دەمەیی و بە ڕۆژ بە بەرکەوتنی تیشکی خۆر دەبوو بە هەڵم و زیانی نەك تەنها هەر بۆ تەندروستی مرۆڤ بەڵکو بۆ ئاژەڵەکانیش هەبوو، زۆر ئاژەڵی بەستەزمانیش بەرکەوتبوون، کە یەکێك لەوانە سەگێکیماڵی بوو هەر لە دەوروبەری نەخۆشخانە دەمایەوە، بینیم هەر وەك ئەوەی بگری فرمێسك بە چاوەکانیدا دەهاتنە خوارێ، گیراوەکەمان بە قەترە دەکردە چاوەکانی و پاش چەند ڕۆژێك چاکبوویەوە.

**لە سێوسێنان چی ڕوویدا؟**

ئێوارەی ١٩٨٨/٣/٢٢ کاتژمێر شەش و چارەك بوو، تێکڕای پزیشك و کادرانی پزیشکی (نەخۆشخانەی بەلەکجاڕ) لەسەر خوانی ئێوارە کۆبووبووینەوە، لەناکاو چل گرمەی یەك لەدوای یەك هەموومانی لە جووڵە ڕاگرت و بۆ تاوێك ژوورەکەمان کپ و بێدەنگ بوو، پاشان بەپەلە چووینە دەرەوە بۆ ئەوەی بزانین چی ڕوویداوە، کە بەئاڕاستەی گرمەکان سەیرمانکرد: بینیمان لەناو گوندی سێوسێنان لە زۆر لاوە دووکەڵ و لەچەند شوێنێکیش ئاگر بەدی دەکرا، بۆمان دەرکەوت کە بۆردوومانەکە ڕۆکێتی کاتیوٚشای چلی بووە بۆ سەر گوندی سێوسێنان، کە لە سەربازگەیەکی نزیك دەربەندیخانەوە لەلایەن سوپای ڕژێمی ڕوخاوی بەعسەوە ئاڕاستەکرابوو، تەقینەوەی ڕۆکێتەکان ٤٠ دانەی یەك لەدوای یەك بوون و دەنگی تەقینەوەکانیشیان بەبەراورد لەگەڵ ڕۆکێتی کلاسیکی نزمتر بوون، بۆیە گومانی ئەوەمان لەلا دروست بوو کە ڕۆکێتی کیمیایی بن.

نەخۆشخانەکە لە باشووری گوندی بەلەکجاڕ بوو، دەکەوتە خۆرئاوای گوندی سێوسێنان و بەچەند کیلۆمەترێك و چەمی دێوانە لە نێوانماندا بوو، بۆیە ئێمە تەواوی ئەرکەکانمان دابەشکرد و بووین بە ٢ تیم: تیمی یەکەم: ئەرکەکانمان فریاکەوتن و چارەسەری قوربانییەکان بوو لەناو نەخۆشخانە. تیمی دووەم: دەبوو بەپەلە بەرەو سێوسێنان بەڕێکەوێت بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی مەیدانی فریاکەوتنی خێرا بۆ بەرکەوتوان بکەن و پاشان ڕەوانەی لای ئێمەیان بکەن. لەناکاو ٣ کوڕی گەنج بەشپرزەیی گەیشتنە نەخۆشخانەکە و یەکێکیان وتی: دکتۆر فریامان کەون بەر کیمیاوی کەوتووین لە سێوسێنان...کاتێك پشکنینیان بۆ کرا دەرکەوت، کە چەکە بەکارهاتووەکە کیمیاییە و لە جۆری گازی دەمارەکانە، ئیتر دەستمانکرد بەچارەسەرکردنی پێویست بۆیان.

تیمی دووەممان کە بەرەو گوندی سێوسێنان ڕۆیشتبوون پێش ئەوەی بگەنە سێوسێنان لە خوار گوندەکەوە تووشی کۆمەڵێك بریندار دەبن و ڕاستەوخۆ دەستدەکەن بەئەنجامدانی فریاگوزاریی خێرا بۆیان و پاشان ڕەوانەی لای ئێمەیان کردن بۆ وەرگرتنی چارەسەریی پێویست.

بەدرێژایی ئەو شەوە نزیکەی ٧٠ بەرکەوتوو گەیەندرانە نەخۆشخانەو سەرەڕای سەختی بەرکەوتنەکانیان خۆشبەختانە هەموویان چارەسەرکران و ژیانیان ڕزگارکرا و لە لێواری مەرگ گەڕانەوە.

بۆ ڕۆژی دواتر تاکو دەوروبەری نیوەڕۆ نزیکەی ١٠ بۆ ١٢ برینداری تر هاتن کە هەموویان چارەسەری پێویستیان بەسەرکەوتوویی بۆ کرا.

بەداخەوە کە ئەوانەی زۆر بەخەستی بەرکەوتبوون ٦٩ هاوڵاتی سڤیل و ١ پێشمەرگە دەستبەجێ هەر لەناو ماڵەکانیاندا شەهید بووبوون.

ئەو دەمە ئێمە کۆمەڵێك گەنجی خوێنگەرم بووین و هەریەکەمان لە ناوچە و شارێکی جیاوازەوە هاتبووین و پێشمەرگەی ئەم نیشتمانە خێر لەخۆنەدیوە بووین، هاوزەمان زۆربەمان پزیشك و کادری پزیشکی شۆڕش بووین هەندێکیشمان ئەرکی تری پێسپێردرابوو وەك دابینکردنی پێداویستی ڕۆژانەی نەخۆشخانەکە.

ئەوەی مەبەستمە لێرەدا ئاماژەی پێ بکەم: بیرەوەریمە لەگەڵ یەکێك لە بەرکەوتەکانی سێوسێنان ئەویش هاووڵاتییەك بوو بەناوی حەسەن کە خەڵکی گوندی سێوسێنان بوو، کە ئەوکات پێشمەرگەی نەخۆشخانە بوو ئەرکی دابینکردنی نان و پێداویستی ڕۆژانەی نەخۆشخانەکە بوو.

کاک حەسەن ماڵی لە سێوسێنان بوو، ڕۆژانە پێداویستیەکانی لە سێوسێنانەوە دەگەیاندە نەخۆشخانەکە ئیتر گەرما بوایە یان سەرما باران بوایە یان ساماڵ کاک حەسەن لەسەر ئەرکەکانی خۆی هەر بەردەوام بوو، زۆر جار دەیوت کاکە گیان ئاو بوەستێ من نابێ بوەستم! هەر واش بوو کاکە حەسەن هەرگیز نەوەستا و بەردەوام بوو لە بەئەنجامگەیاندنی ئەرکەکانی تاکو ئەو ئێوارە شوومەی کە سێوسێنانی تێدا خنکێندرا، زۆر بەداخەوە کە تێکڕای خانەوادەکەی شەهیدبوون کە پێکهاتبوون لە هاوسەری و هەر پێنج منداڵە نازدارەکەی، خۆیشی زۆر بە سەختی بەرکەوتبوو... کە پاشان چارەسەری بۆ کرا.

کاتێك ڕۆژ بوەوە و کاك حەسەنم بینی هەرچەندم کرد نەمتوانی هیچی پێ بڵێم، ئەو لەلایەکەوە لەڕووی جەستەییەوە تا بڵێی ماندوبوو لە ڕووی دەروونیشەوە هەستم بە قرچەی سووتانی جەرگی دەکرد... تەنها کەمێك لە چاوەکانی ڕامام و هەردووکمان بۆ ماوەیەك سەرمان داخست وەك ئەوەی ناخی یەکتریمان خوێندبێتەوە، هیچمان بۆ نەوترا تەنانەت ئێستاشی لەسەربێت نەمتوانی سەرەخۆشی لێبکەم! تەنها بە دەنگێکی ئاستەم و سۆزێکی زۆر تایبەتەوە ئەوەندەی وت: ئەبێت بڕۆم بیان شارمەوە! ئیتر هیچی تری بۆ نەوترا بێگومان مەبەستی لە بەخاکسپاردنی خانەوادەکەی بوو! کە زۆر بەداخەوە ئێمە بەهۆی پابەندبوونی پێشمەرگایەتی و دەستکردن بە گواستنەوەی نەخۆشخانەکە بۆ ناو قۆپیەکان نەمانتوانی بەشداربین لە بە خاکسپاردنی قوربانییەکاندا.

ئەو ڕۆیشتنە بوو... ئیتر کاك حەسەنم نەبینیەوە تاکو دوای ڕاپەڕین، چونکە ئەنفالی غەدر و تاوان دەستی پێکرد و شاڵاوی ئەنفالی دوو کاك حەسەن و تێکڕای ئازیزانی سێوسێنانی لە ئێمە دابڕی.

**ئەنفال:**

بۆمبارانی کیمیاوی سێوسێنان و ئیمام هەمزە و دەوروبەری نەخۆشخانە و دوکان و جافەران، سەرەتای دەستپێکی ئەنفالی دوو بوو، ئەودەمە تێکڕای هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە سەنگەری بەرگریدا بوون، لە سەرکردایەتی و دۆڵی جافایەتی کە سوپای بەعس لەژێر ناوی ئەنفالی یەکدا شاڵاوە بەدناوەکەی بۆ ئەو دەڤەرە دەست پێکردبوو.

لە قەرەداغ تەنها پێشمەرگەی دام و دەزگاکان و هێزی پشتگیریی لێ بوو، زۆر ئەستەم بوو ئەم هێزە کەمە ڕووبەڕووی بۆمبارانی کیمیاوی و هێزە زەبەلاحەکەی سوپای بەعس ببێتەوە، چونکە هێرشەکە زۆر بەرفراوان بوو و لە هەموو لایەکەوە هێرشیان هێنابوو.

بۆیە تەنانەت زۆر بە زەحمەت توانیمان نەخۆشخانەکە بگوێزینەوە بۆ ناو قۆپی قەرەداخ بەو هیوایەی بتوانین لە ناو قۆپیەکانەوە بەرگریی بکەین تاکو هێزی پێشمەرگە لە سەرکردایەتییەوە بگەڕێنەوە و بەهانامانەوە بێن، بەڵام بارودۆخەکە زۆر بەخێرایی گۆڕانکاریی بەسەردا دەهات، چەکی کیمیایی تەرازووی هێزی لاسەنگ کردبوو، بە ڕادەیەك هیچ بواری بەرگریی کردن نەمابووەوە، چونکە کیمیاوی هەوای ناوچەکەی لێ حەرام کردبووین ژینگەی ناوچەکە ژەهراوی بووبوو.

بەهەرحاڵ کشاینەوە بۆ دیوی گەرمیان، لە کوردەمیرەکان (قەڵوەس لوقمان) لەناو مزگەوتەکە پێداویستییە پزیشکییەکانمان کە لەناو کۆڵەپشتەکانماندا بوون دامانناو خۆمان ئامادەکرد بۆ پێشوازی لە نەخۆش و بریندار، لە ١٩٨٨/٤/١٠ پرۆسەی بەدناوی ئەنفالی سێ دەستی پێکرد، بەرگرییەکی زۆر باش کرا و ٨ بریندارمان هەبوو بەو پێداویستییە کەمەی کە پێمان بوو هەرچۆنێك بوو چارەسەرمان بۆ کردن.

نابەرابەری هێز، پێشمەرگەی ناچار کرد کە دووبارە بکشێینەوە ناو قۆپییەکانی قەرەداغ بۆ ئەوەی لەوێوە پلانی پاشەکشەی ڕێکخراو دابنرێت.

پاش مانەوەی شەو و ڕۆژێك لە ناو قۆپیەكان پاشەكشە دەستی پێكرد دووبارە بۆ گەرمیان، تاكو گەیشتینە گوندی خالْدان چەن ڕۆژێكمان پێچوو، هەرچۆنێك بوو توانرا لە ڕێگای نێوانی تەكییە و چەمچەمالْ شەوی ١٩/٢٠-٤-١٩٨٨ بپەڕینەوە بۆ ناوچەی ناوشوان و قەلاسێوكە.

مەفرەزەكەی ئێمە لە گوندێك لاماندا (ناوەكەییم بیرنەماوە) كە ئاوەدان بوو، لەم گوندە كەمێك پشووماندا و پاش نزیكەی یەك مانگ لە نەبینینی خۆراكی گەرم، جارێكیتر چاومان بە چێشت و خواردنی ئاسایی كەوتەوە، شەو لە مزگەوتی گوندەكە خەوتین و ڕۆژی دواتر بە پیادە دەشتی ناوشوانمان بڕی و گەیشتینە سەر زێی دوكان و بە كەلْەك پەڕینەوە بۆ گوندی قزلو، ماوەی ١٠-١٢ ڕۆژێك پشوومان دا، لەو ماوەیەدا ئەو كادر و پێشمەرگانەی كە توانای بەرگریان نەمابوو بەداخەوە تەسلیم بوونەوە، هەرچەند بە ژمارە كەمبوون بەلام كاریگەریی مەعنەوی نەرێنییان لەسەر پێشمەرگە هەبوو، كادرە ئیدارییەكانیش ڕەوانەی مەلْبەندی سێ كران لە سماقوولْی و خەتێ و مەلەكان، هاوكات سوپای بەعس بەردەوام ژمارەی هێزەكانی لە دەوروبەرمان زیاتر و زیاتر دەكرد.

سەر لە ئێوارەی ١٩٨٨/٥/٣ فڕۆكە جەنگیەكانی سوپای بەعس، بە كیمیایی بۆردوومانی گوندی گۆپتەپە و عەسكەرییان كرد و هاوكات ئاوی دوكانیشیان بە ئەندازەیەك بەردابووەوە كە بەلەم و كەلْەك نەتوانن هاتوچۆی تێدا بكەن، بەم شێوەیە نەمانتوانی هەوالْی ئەو دوو گوندە كارەساتبارە بزانین و نە ئەوان توانیان بەرە و لای ئێمە و نە ئێمەش بۆ لای ئەوان بچین، تاكو چارەسەری بریندارەكانیان بكەین.

ڕۆژی دواتر سوپای بەعس هێرشێكی بەرفراوانی دەستپێكرد، هەر پێشنوەڕۆ سوپا گەیشتە گۆپتەپە و عەسكەر، لەبەری دەشتی كۆیەوە پێشمەرگە بەرگرییەكی زۆر سەرسەختانەی كرد و بەریان بە هێرشەكە گرت بە قوربانییەكی زۆر و شەهیدبوونی ٨ پێشمەرگەی قارەمان توانیان دوژمن ڕابگرن.

بۆ شەوی ٤/٥ی ٥ /١٩٨٨ ئەو هێزەی کە لە گوندی قزلّوو و دەوروبەری مابووینەوە توانیمان بە ڕێبەری برادەرانی تیپی ٩٣ی کۆیە، کە شارەزای ناوچەکە بوون لە جادەی کۆیە_هەولێر بپەڕینەوە و بە شاخی باواجیدا سەرکەوین و بگەینە دۆڵی سماقوولّی.

لەم ناوچەیە بۆ ماوەی هەفتەیەك ماینەوە، پاشان دکتۆر فایەق پێی ڕاگەیاندم کە پێی باشە من سەردانی ئێران بکەم، بەمەبەستی چارەسەری پزیشکی و خۆیشی پاش ماوەیەکی تر دێت بۆ ئێران بۆ سۆراخی کەسوکارەکەی، کە تاکو ئەو کاتەش نەمان دەزانی (زۆر بەداخەوە) کە هەموویان لە کیمیابارانی هەڵەبجە شەهیدبووبوون.

سەرەڕای نالەباری تەندروستیم، کە کێشەی برینی سورێنچك و دوازدەگرێشم هەبوو، لە دڵەوە زۆر سەخت بوو بڕیار بدەم، بەڵام دکتۆر ناچاری کردم کە بڕۆم، کە دواتر لە شاری سەقز یەکتریمان بینیەوە.

هەرچەندە من ڕاستەوخۆ نەچووم بۆ ئێران، بەڵکو لە گوندی سورەدێی بناری قەندیل بە هێزەکانی مەڵبەندی یەك گەیشتنمەوە،ماوەی نزیکەی مانگێك لەوێ مامەوە بە کۆڵەپشتەکەمەوە، هەر بەردوامبووم لە چارەسەری نەخۆش و هێندەی لە کۆڵەپشتەکەم بوو بەشی نەخۆشی ڕۆژانەی پێشمەرگەی دەکرد و پاشان دەستکەوتنی دەرمانیش تا ڕادەیەك ئاسانتربوو بوو، چونکە لەسەر سنوور بووین و دەستمان بە ئێران دەگەیشت.

پاشان چوومە دیوی ئێران و ئەو دەمە لێپرسراوی تەندروستی شۆڕش دکتۆر شوان بوو، لە نەخۆشخانەی شاری سەقز بوو، سەردانم کرد و پاش پشکنین بڕیاریاندا ڕەوانەی شاری تەبریزم بکەن بۆ کاری نەشتەرگەریی، بەهەرحاڵ چووم بۆ شاری تەبریز، بەڵام پزیشکی پسپۆڕ پێی ڕاگەیاندم کە ئەشێ بەبێ نەشتەرگەریش چارەسەری حاڵەتەکەت بکرێ، بەڵام بە چارەسەری درێژخایەن، وتی: با سەرەتا بە چارەسەر دەستپێبکەین ئەگەر سەرکەوتوو نەبووین پاشان نەشتەرگەریت بۆ ئەمجام دەدەم، هەرواش دەرچوو بەبێ نەشتەرگەریی چارەسەرەکە سەرکەوتووبوو .

پاشی نزیکەی مانگێك مەڵبەندی یەك ڕێکخرایەوە و بارەگاکان لە گوندی دزڵی سەر سنوور کرانەوە و ئێمەش بنکەیەکی تەندروستیمان ڕێکخست لەگەڵ برایم محێدین کە یاریدەدەری پزیشك بوو، لەم بنکەیە ڕۆژانە هەم هێزی پێشمەرگە و هەم ئاوارە و خەڵکی دزڵیش سەردانیان دەکرد و چارەسەریان وەردەگرت.

بەهاری ساڵی ١٩٩٠ پێکهاتەی هێزی پێشمەرگە گۆڕدرا بۆ بەتالیۆن و من بەر بەتالیۆنی ٢ کەوتم، کە بارەگاکانمان بە شێوەی کەمپ بوو لە ناوچەیەك کە دەکەوتە نێوانی گوندی (نێ) و (ولەژێر)ی سەر بە شارەوانی مەریوان، لێرەش بنکەیەی تەندروستیمان دامەزراند و بەردەوام بووین لە خزمەتی نەخۆشی پێشمەرگە و ئاوارە و تەنانەت خەڵکی ناوچەکەش.

**بەرەو ڕاپەڕین:**

پاییزی ١٩٩٠ تێکڕای بارەگاکان گوێزرانەوە بۆ شاری پاوە و لەوێوە بەرنامەی بەشداریکرن لە ڕاپەڕین و شێوازی دابەشبوونی هێزەکان دانرا بەم شێوەیە لە چاوەڕوانی دابەزین و هاتنەخوارەوە بووین تاکو مانگی ٢ی ١٩٩١.

سەرەتای مانگی ٣ی/١٩٩١ لە پاوەوە هێزەکەمان بەڕێکەوت بەرە و سەرپێڵی زەهاو و دواتر بەرەو سنوور، پاشان هێزەکە لەسەر سنوور مایەوە و ئێمە ٥ کەس وەك مەفرەزەی استطلاع لە سنوور پەڕینەوە، کە یەکەم شەو باران و شەوەزەنگ هێندەی نەمابوو ڕێگامان لێبگۆڕێ و بمانخاتە ناو کێڵگەی مینەوە، بۆیە ناچار گەڕاینەوە بۆ سەر سنوور.

شەوی دواتر دووبارە سنوورمان بڕی و توانیمان کێڵگە مینەکان بەسەلامەت تێپەڕێنین ئەم پێنج کەسە بریتیبووین لەم کاکانەی لای خوارەوە:

١. سەلامی کوێخا عەزیز.

٢. مەحموودی مامە عەزە کە دواتر لە شەڕی ناوخۆ شەهیدبوو.

٣. سدیقی عەلی سۆفی.

٤. یوسف هەڵەبجەیی.

٥. بەندە.

ئێمە هەر ئەو شەوە بەرەبەیانی ١٩٨٨/٣/٨ گەیشتینە ئەشکەوتی (بانی بی) و کە ڕۆژبووەوە هەڤاڵان: (سەلام و مەحموود و یوسف) ڕۆیشتن، بۆ ئەوەی چەند نامە و ڕاسپاردەیەکیان پێبوو بیگەیەننە موستەشارەکان و کەسانی پەیوەندیدار، بۆ ئەو مەبەستەش پێویست بوو نزیکی شوێنێکی دیاریکراو ببنەوە کە بەڕاستی ناوەکەیم بیرنەماوە، بەهۆی ئەوەی خۆیان خەڵکی ناوچەکە بوون شارەزاییەکی باشیان هەبوو بێجگە لە برادەرانی ڕێکخستن، خزم و دۆست و ناسیاویان زۆر بوو لە ناوچەکە، بۆیە زۆر بە ئاسانی گەیشتنە شوێنی مەبەست.

من و هەڤاڵ سدیق لە ئەشکەوتی بانی بی ماینەوە و پاشان سەرکەوتین بۆ ناو ڕەبیەیەکی چۆڵکراو و کە بەسەر بەرزاییەکەی تەنیشتی ئەشکەوتەکەوە بوو بۆ ئەوەی بتوانین بە ئامێری بێتەل پەیوەندی بە برادەرانەوە بکەین و لە هەواڵی سەلامەتی ڕێگا و بارودۆخی ناوچەکە ئاگاداریان بکەینەوە.

تاکو ئێوارەیەکی درەنگ ماینەوە و لە پەیوەندی بووین لەگەڵیان و ئاگاداریان کردین کە بۆ شەو تەواوی هێزەکە دەگەنە لای ئێمە، هەر واش بوو.

دەوروبەری کاتژمێر ٣ی شەو، تەتەری ناوشار کە هەڤاڵان: (مەحموود و سەلام) ڕایان سپاردبوو گەیشتە لامان و پێی ڕاگەیاندین کە دەربەندیخان ئامادەیە بۆ ڕاپەڕین و دام و دەزگاکانی ئەمن و ئیستخبارات لە هەڵاتنن.

هێشتا لە گفتوگۆ تەواو نەبووبووین لەگەڵ تەتەرەکە، هێزەکەش گەیشت و پاش گفتوگۆیەکی چەند خولەکی بەڕێکەوتین بەرە و شاری دەربەندیخان، دەتوانم بڵێم بەشێکی زۆری ڕێگاکەمان هەر بە ڕاکردن بڕی، دنیا تاریك و ڕوون بوو لە ناکاو هێزێکی سەربازی بەرەو ڕوومان دەهاتن کە سەرەتا ئێمە ئەوانمان بینی، بۆیان دامەزراین و هاوارمان لێکردن

کە ڕادەست ببن، هەموو دەستیان هەڵبڕی و کە نزیکبوونەوە بینیمان هەموویان بێچەکن و پێشتر چەکەکانیان فڕێدابوو و هەڵاتبوون لە سەربازگەکەی سەر شاخی گوڵان، ئیتر ڕێزمان لێگرتن و لەگەڵ خۆمان هێنامانەوە بۆ دەربەندیخان، کاتێ دەوروبەری کاتژمێر ٧ی بەیانی گایشتینە ناوشار بینیمان هەموو دام و دەزگاکانی بەعس و تەنانەت سەربازگەکەی سەرشاخی گوڵانیش چۆڵکراوە و هەموو هەڵاتوون.

لە گەڕەکی کەمپی خوارووی دەربەندیخان خەڵکێکی زۆر پێشوازیەکی گەرمیان لێکردین و پاشان سەرکەوتین بۆ ناو بازاڕی دەربەندیخان، من یەکسەر سەردانی نەخۆشخانەکەم کرد بینیم هیچ داوودەرمانێکی وای لێنیە کە بۆ بریندارا‌ن بەکەڵك بێت، ئەو ڕۆژە پشوویەکمان دا و ڕۆژی دواتر هاتم بۆ نەخۆشخانەی فێرکاریی لە سلێمانی، داوام لێکردن کە هەندێ دەرمان و پێداویستی پزیشکیمان بۆ دابین بکەن بۆ دەربەندیخان، لەڕاستیدا زۆر هاوکاربوون و بەوردی شتەکانم لە بیرنییە، بەڵام بڕێکی باش دەرمان و باندج و گۆزی باشیان بۆ دابین کردین.

پاش ئەوەی ڕێوشوێنی پاراستنی دەربەندیخان و بە تایبەت بەنداوەکە دانرا، دواتر ڕۆژی ١٩٩١/٣/١١ هێز کۆکرایەوە بۆ ئازادکردنی خانەقین، دەمەو ئێوارە نزیکی شاری خانەقین بووینەوە، بەندە لە گوندێکی نزیکی خانەقین (گوندی مێرخاس) لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەكماینەوە و لە ماڵێکی چۆڵکراودا بنکەیەکی تەندروستی مەیدانیمان ڕێکخست بۆ پێشوازی لە برینداران، هەرچەندە هێرشی پێشمەرگە سەرکەوتوو بوو بۆ ئازادکردنی شاری خانەقین، بەڵام دیاربوو سوپا و دامودەزگاکانی بەعس بە پلان هێزی گەرۆکیان ئامادەکردبوو، بۆیە پاش ئەوەی پێشمەرگە گەیشتە ناوەندی شار لە هەموو لایەکەوە هێرشیان بۆ سەر پێشمەرگە دەستپێکرد، هێزەکانیان لەناو ئۆتۆمبێلدا بوون کە ئەودەم بە ئۆتۆمبێلی (مسلحة) ناودەبرا، کە هەڵگری چەکی قورس و سووك بوون و دەرفەتی بەرگرییان بۆ پێشمەرگە نەهێشتەوە، بۆیە پێشمەگە ناچاربوو بکشێتەوە و شارەکە

بەجێبهێڵێت بەداخەوە ٢ پێشمەرگە شەهیدبوون کە (هەردووکیان برای هەڤاڵ سەلامی کوێخا عەزیز) بوون، ٣ بریندداریش هەبوون کە فریاکەوتنی سەرتاییم بۆ ئەنجامدان و ڕەوانەی نەخۆشخانەی کەلارم کردن، هەر ئەو شەوە کشاینەوە بۆ شاری کەلار و ڕۆژی دواتر هاتینەوە بۆ دەربەندیخان.

پاش چەند ڕۆژێك دۆخەکە ئارامتر بوویەوە، ئیتر کاتی ئەوە هاتبوو سۆراخی ماڵەوە بکەم و بگەڕێمەوە بۆ هەواڵ پرسینیان، ئەو ماوەیەی لە دەربەندیخان بووم بۆ پشوودان دەچوومەوە بۆ ماڵی خزمێکمان بە ناوی (مام برایم)، کە نیشتەجێی دەربەندیخان بوون، لەوانەوە هەواڵی ماڵەوەم دەستکەوت کە سەلامەتن، بەڵام هەستم کرد لە سیمایاندا جۆرێك لە خەمباریی دیارە و شتێکم لێ دەشارنەوە، لە کۆتاییدا ڕۆژێك ماڵئاواییم لێکردن و هاتمەوە بۆ ماڵەوە، بەڵام زۆر بەداخەوە پاش بەخێرهێنانەوەم لەلایەن خانەوادەکەمەوە بۆم دەرکەوت، کە ئەو غەمباریەی لە سیمای ماڵی مام برایم دیاربوو، مەرگی ناوادەی خوشکە بچووکەکەم بوو بە ناوی (ڕێزان)، کە پێش ٥ ساڵ مردبوو، بەڵام من نەمزانیبوو، خۆ پێشمەرگایەتی تەنها ڕووبەڕووبوونەوە نەبوو لەگەڵ مەرگی جەستەیی، بەڵکو ڕووبەڕووبوونەوەش بوو لەگەڵ دابڕان و دووری لە ئازیزان کە خۆی لەخۆیدا لەناخەوە وێرانی دەکردین و کاریگەریی دەروونیی و کۆمەڵایەتی هەبوو لەسەرمان، ئێستاشی لەسەربێ من هێشتا ژانی دابڕان و لەدەستدانی ڕێزانی خوشکم گرێیەکە لە دەروونمدا و زامێکە هەرگیز سارێژنابێت.

پاش چەند ڕۆژێك سەردانی سەرکردایەتی بەرەی کوردستانیم کرد، کە لە باڵەخانەی ڕۆشنبیریی جەماوەر بوو، بۆ مەبەستی بینینی هەندێك لە هاوڕێکانم، پێم وایە ڕۆژی ١٧ یان ٣/١٨ ی ١٩٩١ بوو، کە چوومە ژوورەوە یەکەم کەس کە بە بینینەوەی شادبوومەوە هەڤاڵ بەختیاری حەمەی مەلا عیزەت بوو، بە پێکەنینەوە وتی: کاکە واز لە کۆڵەپشتەکەت بێنە لە ئێستا بەدواوە هەم جادەی قیر و هەم ئۆتۆمبێلی فریاکەوتن لە شەڕگەکانن و هیچ نەبێ

ماوەیەك پشوویەك بدە، لەم گفتوگۆیەدا بووین لەناکاو هەڤاڵ عومەر فەتاح کە ئەو دەمە ئەندامی سەرکردایەتی بەرەی کوردستانی بوو هاتە ژوورەوە و پاش هەواڵپرسینێکی گەرم وتی: دکتۆر بەرنامەت چیە؟ وتم: بەتەمام بەرە و گەرمیان بڕۆم... بە پێکەنینەوە وتی: نەخێر برادەری ئەزیز شتی وا نییە، لێرە بمێنەرەوە لەگەڵ هەڤاڵ بەختیار کارمان زۆرە... بەڵێ، لە سەرکردایەتی بەرە بۆ چەند ڕۆژێ کارم کرد، کە زیاتر پەیوەندی کردن بوو لەگەڵ شەڕگەکان و ڕێکخستن و ناردنی بروسکە و ئیشوکاری ئیدارییی... تاد

زۆریی نەخایاند هەمووی چەند ڕۆژێ بوو، پاشان سوپای بەعس هێرشی کردەوە سەر کوردستان و کۆچی ملیۆنی کوردی بە شوێندا هات.

**ئاواربوون:**

دواجار بۆ ماوەی ٣ هەفتە لە ئەحمەدئاوا لە گەڵ هەڤاڵ برایم محێدین یەکمان گرتەوە و لەژێر خێمەیەکی شڕدا بنکەیەکی تەندروستیمان ڕێکخست، چونکە بەڕاستی خەڵکەکە زۆر هیلاك و ماندوو بوون و نەخۆشی پەتای سکچوون و هەندێك نەخۆشی پێستیش بڵاوبووبووەوە، بەڵام ئەو خێمە شڕە فریامان کەوت و نەخۆشێکی زۆر سوودیان لێ بینی، شایانی لە یاد نەکردنە دکتۆرێکی بەڕێز بە ناوی نەجمەدین، کە خەڵکی کەرکوك بوو پەیوەندی پێوەکردین و ڕۆڵێکی باشی بینی لە چارەسەری خەڵکەکەدا.

پاشان کێشەیەك سەری هەڵدا، هەواڵمان بۆ هات کە ناوچەی ناڵپاریز ئاوارەیەکی زۆری لێیە و نە دکتۆر و نە کادری تەندروستی لێیە، خەڵکەکە بەدەست پەتا و نەخۆشی و تەقینەوەی لوغمەوە گیرۆدەبوون، بۆیە بەندە بڕیارمدا بچم بۆ ناڵپاریز.

هەر هەمان ڕۆژ بەچەند کارتۆنێك دەرمان و پێداویستیەوە بەڕێکەوتم و دەورەبەری نیوەڕۆ گەیشتم، بینیم ئاوارەیەکی زۆر لەوێ کۆبوونەتەوە... ئەوەی باش بوو ئەوەبوو کە

بینـای زۆری لێمـابوو دیـاربوو پێشـتر لەلایـەن سـوپای عێراقـەوە بـەکارھاتبوون بۆیـە نەتەقێنرابوونەوە.

بە سەدان خێـزان لـە نـاو بینـای مزگـەوت و قوتابخانـە و بیناکـانی تـر جێگیربوبـون و بەسەدان خێزانی تر لەژێر نایلۆن و خێمەدابوون خەڵکێکی زۆریش بێلانە بوون.

بـە ھـەرحاڵ بینایـەکی وێرانـەم دەسـتکەوت کـە لـە ٣ ژوور پێکھـاتبوو لەبـەر پیسـی و ڕەشیی سوتانی تایەی ئۆتۆمبیل کەس بێـزی نـەھاتبوو بـەکاری بھێنـت، داوام لـە خەڵکەکـە کرد کە ھاوکاریم بکەن بـۆ پاککردنـەوەی چونکە پێشـتر دیـاربوو سـەرباز و چەکدارەکانی سوپای عیراق تایەیان تێدا سووتاندبوو (دیارە بۆ خۆ گەرمکردنەوە بەکاریان ھێناوە).

بەھـەرحاڵ بـە چـەند کاتـژمێرێك توانیمـان بـە ھاوکـاریی خـەڵکی ئـاوارە بیناکـە پاکبکەینەوە و بنکەیەی تەندروستی دابمەزرێنین.

بێگومـان ئـەو دەمـە ڕێکخـراوە مرۆییـەکان ھـاتن و ڕۆڵێکـی زۆر باشـیان ھـەبوو لـە دابینکردنـی دەرمـان و پێداویسـتی پزیشـکی، ھاوکـات دوو خـاتوونی ئـاوارە بـە ناوەکـانی: پەیمان عەبدوڵڵا و بێخاڵ نەجم پەیوەندییان پێوەکردم و ئاگاداریان کردم کە خولی دەرزی لێدان و تەداویان بینیوە و شارەزاییان ھەیە لـەو بـوارەدا، بۆیـە لای مـن دەسـتبەکاربوون و ئـەو ماوەیـەی لـەوێ بـووین سـەدان نـەخۆش و بەرکەوتـەی مـین مـان چارەسـەرکرد و دەیانیشمان لە مردن ڕزگار کرد.

لە مانگی ١٠ی ١٩٩١ پاش ئەوەی کارمەند و دکتـۆری پێویست پەیوەنـدییان بـە دەزگـای تەندروسـتییەوە کـرد، بنکەکـەم ڕادەسـتکردن و بـۆ مـاوەی سـاڵێکیش ھـەر وەك نوێنـەری دەزگای تەندروستی لە ناڵپارێز مامەوە و ھاوکات لـە نەخۆشـخانە نەشـتەرگەریەکەش کـارم دەکرد.

دواجار لە مانگی ١٠ی ١٩٩٢ بەتەواوی گەڕامەوە سەر فەرمانگەی تەندروستی سلێمانی.

**ئەزموون:**

- لەکۆتاییدا بە پێویستی ئەزانم ئاماژە بەوەبکەم کە ئەزموونی سەختی شۆڕش و پێشمەرگایەتی و ژیان بە گشتی، بیرکردنەوە و تێڕامانم لە ڕەهەندەکان، گەیاندمییە وێستگەیەك کە تێیدا؛ مرۆڤبوون و مرۆڤایەتی لە پێش هەر شتێکیتر دابنێم.

- گەیشتمە ئەو بڕوایەی کە پێویستە هەمووومان بە بیرکردنەوەی قوڵ و تێڕامانی خۆمان لەسەر بوون، گەردوون بە گشتی و بوونی کورد بە تایبەتی هەڵوێستەیەك بکەین، پێویستە تاکی کورد درك بەوە بکات، کە جیهان سیستمێك بەڕێوەی دەبات، کە کورد دەکەوێتە دەرەوەی ئەم سیستمە، دەبێ بپرسین بۆچی؟ ئایا هۆکارەکان چین؟ ئایا تەنها داگیرکەران و زلهێزەکان هۆکارن یان خۆشمان ئامادەکارییمان بۆ چوونە ناو سیستمەکە نەکردووە؟ ئەرێ دەبێ چی بکەین بۆ ئەوەی بتوانین بچینە ناو سیستمەکە؟

- دەبێ تاکی کورد خۆی بە شوێن ئەو ڕێگایەدا بگەڕێ و بیدۆزێتەوە دەنا هیچ فریادڕەسێك نییە ئەم دەرگایەمان بۆ بکاتەوە خوودی کورد خۆی نەبێ، بێگومان ئەستەمە خەڵکی تر لە بری ئێمە بیربکاتەوە، دەبێ خۆمان بیربکەینەوە و خاڵە لاوازەکان دەستنیشان بکەین و پاشان چارەسەری گونجاویان بۆ بدۆزینەوە.

- پێویستە هەموومان بگەڕێینەوە بۆ سەر دۆخی مرۆڤی سروشتی پاك و پڕاوپڕ لە ویستی چاکبوون و ئازادبین لە هەموو کۆت و بەندێك کە خۆمان بۆ خۆمان دروستکردووە، هەر کاتێك هەموو توانیمان ویستی چاکبوون کە بە شێوە سروشتیەکەی لە ڕوحی هەر تاکێك و هەر مرۆڤێکدا هەیە چالاك بکەین ئیدی ئەوە دەبێتە سەرەتای کردنەوەی دەرگا داخراوەکان بەڕووماندا، دەبێ کەمتر بۆ ڕابردوو بگەڕێینەوە و زیاتر بیر لە داهاتوومان بکەینەوە بە ئەندازەیەك کە هەمیشە وا دابنێین (وەك ژاپۆنیەکان دەڵێن): ئێستامان داهاتوومانە، گەر وانەکەین و وا نەبین ئەستەمە سیستمەکە قبوڵمان بکات، بۆیە هیوادارم کە وابکەین!

هیوادارم ئێمەش وەکو هەموو گەلانی دنیا بە مافە مرۆیی و گەردونیەکانمان بگەین و چیتر هەرگیزاوهەرگیز دوچاری جەنگ و ماڵوێرانیی و پەراگەندەیی نەبینەوە[٢٠].

[٢٠]– فارس حەمە عەبدوڵڵا، ٢٠٢٢/٧/٥.

# فازڵ جەمال حەمەدەمین (دکتۆر فازڵ)

لە ١٩٥٩/٥/١ لە شارۆچکەی کۆیە لە دایکبووە، دەرچووی پەیمانگای پزیشکی بووە، ساڵی ١٩٧٨ پەیوەندی کردووە بە ڕێکخستەنەکانی (کۆمەڵە) و شۆڕشی نوێوە، لە ساڵی ١٩٧٨ لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە دەستگیرکراوە و تا ساڵی ١٩٧٩ لە زیندانی ئەبوغرێب زیندانی بووە، لە ساڵی ١٩٨٥ پەیوەندی کردووە بە ڕیزەکانی پێشمەرگەوە، لە تیپی ٨٧ی قەرەچووغ و لە کەرتی تیپ بووە بە پێشمەرگە، دواتر گواستراوەتەوە بۆ تیپی ٩٩ی بیتوێن لەو کاتەدا هەڤاڵ تۆفیق کانی وەتمانی سەرتیپ بووە، لە ڕێکەوتی ١٩٨٨/٨/٢٠ دکتۆر فازڵ لە سنووری قەندیل شەهید بووە[٢١].

---

[٢١]– حەیدەر مەنتك: ئینسكلۆپیدیای شەهیدانی یەكێتی نیشتیمانی كوردستان لە سنووری پارێزگای هەولێر.

## فائیق محەمەد ئەمین عەبدوڵڵا (دکتۆر فائیق)

ساڵی ١٩٦٤ لە گوندی زڕگوێزی سەر بە پارێزگای سلێمانی لە دایکبووم، قوناغی خوێندنی سەرەتاییم لە زڕگوێز و ناوەندی و ئامادەییم لە سلێمانی تەواوکردووە، ناوم لە پەیمانگای تەندروستی موسڵ هاتەوەو دواتر بۆ پەیمانگای تەندروستی سلێمانی دامگرت، لە ساڵی ١٩٨٠وە پەیوەندی ڕێکخستنم هەبوو لە ڕێگەی کەسێکەوە لە زڕگوێز، دواتر لە ساڵی ١٩٨٢ بۆ کەرتی ڕێکخستنی خوێندکاران لە سلێمانی گوێزرامەوە، خێزانەکەمان لە زڕگوێز بە کشتوکاڵ و ئاژەڵداری خەریك بوون، تا ١٩٨٧ کە ڕژێمی بەعس بڕیاری چۆڵکردنی گوندەکانی دەرکرد، گوندەکەی ئێمە بوو بە ناوچەی قەدەغەکراو، ئێمە چووینە سلێمانی و بووین بە کرێچی، تا ڕاپەڕینی ١٩٩١ بەوجۆرە مایەوە، ساڵی ١٩٨٥ پەیمانگام تەواوکرد، ساڵی ١٩٨٦ دامەزرام.

لە ساڵی ١٩٨٧ بە پشتگیری ڕێکخستن چووم بۆ لای هەڤاڵ پۆڵا کە بەرپرسی ڕێکخستنی تیپی ٥٧ی سەگرمە بوو، لەوێ لەگەڵ دکتۆر جەبار عەبدول بووم بە دکتۆری تیپی ٥٧ لە گوندی مێوڵی قەراغ لە نزیك گوندی خاوێ، هەروەها لەگەڵ دکتۆر کاوان لە ناو نەخۆشخانەکە دەنووستین، ئیدی هەرچی برینداری و نەخۆشی پێشمەرگە و هاوڵاتی هەبووایە چارەسەرمان دەکرد، ڕۆژێك نەخۆشێك هات گوتی ددانم ئێش دەکات، دوای پشکنین دکتۆر جەبار پێی گوتم بۆی هەڵبکێشە، گوتم نازانم، گوتی لای نەخۆشەکە نەڵێی نازانم، هەرچیم پێ گوتی بێ سڵەمینەوە ئەنجامی بدە ددان کێشان بوو یان دوورینەوە لە هیچ مەترسە و ئەنجامی بدە، گوتی خەڵك لەم شاخە ڕوو دەکاتە ئێمە، گوتم ددان لە پزیشکیدا بوارێکی سەربەخۆیە، گوتی دەبێت فێر ببیت، ئیدی بەهۆی دکتۆر جەبارەوە فێری هەموو شتێك بووم.

لە ڕووداوێکی دیکەدا پێشمەرگەیەك فیشەك بە حەبلی شەوکی کەوتبوو، لە پشتێنەی بەرەو خوار کاری نەدەکرد، بەو مەبەستەی لە قەراغەوە بینێرن بۆ ئێران هێنایان بۆ لای

ئێمە، ئەوەندە دەمێك بوو بە سواری وڵاخەوە بوو سمتی تووشی برینێکی قووڵ هاتبوو، بە جۆرێك ئێسکەکەی بە دەرەوە بوو، دکتۆر جەبار گوتی هەتا دەگاتە ئێران هەر ئەو برینەی کە لە ڕێگا تووشی بووە شەهیدی دەکات، هەرچەندە فەرمانی سەرکردایەتییان پێ بوو، کەچی دکتۆر جەبار نەیهێشت بیبەن بۆ ئێران، گوتی خۆم چارەسەری دەکەم، دەرمانی تایبەتی بۆ نووسی کە لە شار بۆی بهێنن، داوای لە هەڤاڵ ئازاد کرد کە یەك پێشمەرگەی بۆ تەرخات بکات تا ڕۆژانە وەرزش بە پێی بریندارەکە بکات، ئیدی پاش ماوەیەك ڕزگاری کرد، تا ئێستاش بیر لەو سەرکێشییەی دکتۆر جەبار دەکەمەوە چونکە کارێکی مەترسیداری بۆ ئەو بریندارە کرد، لە ڕاستیدا دەبوو ئێمە بەس برینداری سووك چارەسەر بکەین و ئەوانەی دیکە یان بۆ نەخۆشخانەی مەڵبەند یان بۆ سەرکردایەتی بنێرین، کەچی دکتۆر جەبار زۆر بە کەمی برینداری ڕەوانە دەکرد، چەندین جار نەشتەرگەری ئەنجام دەدا، گیانی خۆی لەو پێناوەدا خستبووە مەترسییەوە، ئێمەشی بە جۆرێك پەروەردە دەکرد، کە نازانین و ناتوانین لە بەرنامەماندا نەبێت، من دوای ئەو هەموو ساڵەی بواری تەندروستی تا ئێستا نەمتوانیوە هەندێك لەو کارانەی ئەو کاتەی ئەو بکەم.

لە لایەکی دیکەوە ئێمە چارەسەری گوندنشینانمان دەکرد، هەروەها پێوەدانی مار و دووپشکمان چارەسەر دەکرد، شەوێك هێرشمان کردە زنجیرە سەنگەرێکی بەعس، شەڕەکە هەڤالان مەحمود سەنگاوی و قادری حاجی عەلی سەرپەرشتییان دەکرد، هەڤاڵ مەحموود سەنگاوی شوێنێکی بۆ دیاری کردم کە بمێنمەوە هەتا بریندارم پێ دەگات، ئیدی ئەو شەوە ١١ بریندارماندا، ئەوەی سووك بووابە ڕاستەوخۆ چارەسەر دەکرا، ئەوەی قورس بووایە پاش چارەسەری سەرەتایی ڕەوانەی نەخۆشخانەی مەڵبەند دەکرا.

لە ڕووداوێکی دیکەدا حکومەت بۆردوومانی گوندی گەڕەدێی بۆردومان کرد، چەند بریندارێك هەبوو چارەسەرمان کرد، کە ئەنفالیش دەستی پێکرد، بە سەرکردایەتی هەڤاڵ قادری حاجی عەلی چووین بۆ سەرکردایەتی، سەرکردایەتیش گیرا، گەڕاینەوە بۆ گەرمیان، ئەو ماوەیە بوو کە لە گۆپتەپە و عەسکەر درا، ویستمان بچینە ئەوبەر ئاوەکە، گوتیان ئێوە مەچن، بچن ئەو بریندارانە چارەسەر بکەن، ئیدی ڕۆژێکی هێندە ئاڵۆز بوو، هەڤاڵ عەدنانی

حەمەی مینا گوتی من ئەمشەو دەگەڕێمەوە گەرمیان، کێ لە خۆی ڕادەبینێت با بێت، چونکە دەبێت ١١ کاتژمێر بە پێ بڕۆین، بۆیە گەڕاینەوە چونکە حکومەت نەیهێشت لە ئاوەکە بۆ بەری کۆیە بپەڕینەوە، هەڤاڵ عەدنان گوتی ئاساییە هەر کەس دەیەوێت بگەڕێتەوە شار با بگەڕێتەوە، گوتی بەس ناپاکی مەکەن، ئیدی من یەکێك بووم لەوانەی گوتم دەچمەوە شار هاوکات ناسنامەی تەندروستیشم پێ بوو، بەوە پشت ئەستوور بووم.

دواتر لە ڕێگەی هەڤاڵ سالاری تیپی ٥٧ داوام لێکرا، لە سلێمانی و لە ڕێگەی ڕێکخستنەوە لە ناو شارەوە دەربچین بۆ ئێران، ئیدی چووینە سلێمانی و ڕێکخستنمان تێگەیاند، بە هەوڵی هەڤاڵ عەتای حاجی ئەحمەد ژمارەیەکی زۆری پێشمەرگە لە سلێمانییەوە گەیەنرانە ئێران، ئیدی سێ تا پێنج پێشمەرگە وەك تیم دەهاتنە ناو شار و ڕەوانە دەکران، هەروەها ڕێکخستنەکان ناسنامەی ساختەیان بۆ پێشمەرگە دەردەکرد و پێی دەپەڕینەوە، باوکی هەڤاڵ عەتا ڕۆڵێکی زۆر گرنگی هەبوو وەك تەتەر وابوو، ڕۆژێك لە قەندیل و ڕۆژێك لە سلێمانی بوو.

پاش ماوەیەك تێبینی ئەوەم کرد نەخۆشخانەکە زۆر بێ دەرمانە، ئەوکات تەندروستی عێراقی ناسنامەیەکی هەبوو، مێژووی لەسەر نەدەنووسرا، ناسنامەکە نەخشەی نیشتیمانی عەرەبی لەسەر بوو، هەر کەس ئەو ناسنامەیەی هەبووایە لە بازگەکان هیچ کێشەیەکی بۆ دروست نەدەبوو، من ئەو ناسنامەیەم هەبوو، وایاندەزانی تۆ کارمەندی تەندروستی، ڕۆژێك نەخۆشێك هات بۆ لامان دوای چارەسەر من سێ دەرزی پرۆکاییینم پێ دا، دکتۆر جەبار زۆری پێناخۆش بوو، گوتی نەدەبوو پێی بدەی، پێویستە دەست بە دەرمانەوە بگری، ئیدی من گوتم ئەگەر تۆ ڕازی خۆم دەچم مۆڵەت لە هەڤاڵ پۆلا وەردەگرم و لە شار دەرمان دەهێنم.

بە درێژایی ئەو ماوەیە من سێ جار چووم بۆ سلێمانی دەرمانم هێنا، سێ جار لەگەڵ هەڤاڵ عەتا بە دەرمانەوە لە سلێمانییەوە بەرەو قەرەداغ دەرمانمان دەرکردووە، جاری یەکەم لە شار پەیوەندیم بە هەڤاڵ عەتای حاجی ئەحمەد و هاوڕێکانی کرد، کە زۆر یارمەتییان دام، بە تەکسییەك تەپەدۆڕێك کە لە سندووقی تەکسییەکەدا دامنابوو بە بازگەی عەربەتدا گەیاندمە شاخ، جاری دووەم لە سلێمانی دوو فەردە دەرمانم پڕ کرد و بە ئۆتۆمبێلێکی

فەرمانگەی کارەبا کە هیچ جێگەی گومان نەبوو لە نەسر و باریکەوە دەرمانەکانمان دەرکرد، ئۆتۆمبێلەکە پەیژەی کارەبای لەسەر بوو، هەڤاڵ عەتا بەدلەی کارمەندی کارەبای لەبەربوو، کە لە بازگەکە ڕایان گرتین گوتی کارمەندی فەرمانگەی کارەباین دەمانەوێت فریای دەوام بکەوین، ئیدی بڕوایان کرد، سێیەم جار لە بازگەیەك دەستگیرکرام کە دوو فەردە دەرمانم لە ئۆتۆمبێلێکی کۆستەر بارکردبوو، ڕایانگرتین و دەرمانەکانیان گرت، من بە شۆفێری کۆستەرەکەم گوت ئێوە بڕۆن، خۆم لەگەڵ دەرمانەکان مامەوە، کە تەماشای دەرمانەکانیان کرد گوتیان بۆ چیتە، گوتم بۆ فەوجێکی سەربازی دەبەم ئەوە ناسنامەکەمە، گوتی نووسراوت پێیە؟ پێم نەبوو، ئەو لێکۆڵەرە کە دەرمانەکانی بینی گوتی فەوج دەرمانی پەتەدینی بۆ چییە، ئەوەی سەیر بوو ئازادیان کردم و دەرمانەکانیشیان پێدامەوە و بەرەو سلێمانی ناردمیانەوە، لە سلێمانی هەڤاڵ عەتا گوتی چۆن شتی وا دەبێت چۆن ڕێگەیان داویت و ئازادکراویت، گوتم نازانم. گوتی شتی وا نییە ئەوە پیلانە بە شوێنتەوەن و چاودێریت دەکەن، ئیدی بە دەرمانەکانەوە چووم بۆ ماڵی خوشکێکی شەهید عەتا، دواتر لە ڕێگەی باوکییەوە ئەو دەرمانانەمان دەرکرد بۆ شاخ، پاش ماوەیەك کە بۆ دکتۆر جەبار و هەڤاڵ پۆلا لە مێوڵی گێڕایەوە بڕوایان نەدەکرد، ئیدی لەوەوە گومانیان لێ کردم، بۆیە ڕێگەیان نەدامەوە.

هەڤاڵ عەتا پیاوێکی هەتا بڵێی ئازا و جەربەزە بوو، لە ناو شار کاری چالاکی گەورەی ئەنجام دەدا، تۆڕێکی گرنگی ڕێکخستنی هەبوو، دەرمانی دەگەیاندە نەسر و باریکە لەوێ خەڵکی تایبەتی هەبوو بۆیان دەشاردەوە، تا شەو بە گوێدرێژ دەیان نارد بۆ قەرەداغ، هەڤاڵ عەتا سەرکێشی سەرسوڕهێنەری دەکرد، کەم دەهاتە شاخ هەر لە شاردا بوو، جارێك ئۆتۆمبێلێکی بۆ مەلا ئەحمەدی گەرمیان فڕاند کە سەرتیپ بوو، تا لە مانگی ١١ی ١٩٨٩ بەهۆی ناپاکی هەڤاڵێکمانەوە دەستگیرکراین، هەڤاڵ عەتا نەك هەر خۆی بەڵکو دەیان نامە و نووسراو و نامیلکە و کاسێت و دەمانچە و کلاشینکۆف و ڕۆمانەی پێ گیرا، کە لەناو بازاڕی سلێمانی لە دوکانی زەڕەنگەرییەکەی خۆیدا حەشاری دابوو، هەواڵدەرەکە هێندە بە وردی هەواڵی دابوو، تەنانەت سیفۆنی زێرابەکەیان هەڵدابوویەوە شتیان تێدا دەرهێنابوو، یەکێك لە دەستگیرکاوەکان کە برای شەهید عەتا بوو ناوی ئیبراهیم بوو هیچی لەسەر نەبوو، ئازاد

کرا، هەڤاڵێکی دیکەمان بە ناوی فەرەیدوون ئەویش ئازاد کرا، هەڤاڵ زاهیر سزای زینـدانی هەمیشەیی درا، هەڤاڵ عەتا سزای لە سێدارەدانی بـۆ دەرچـوو، دەمـەوێت ئـەوە بڵـێم هـەڤاڵ عەتا هەفتەیەك پێش من دەستگیرکرابوو، کەسی هەواڵدەر کە ناپاکی لێ کردین دەیزانی مـن هاوڕێی عەتام، ڕۆژێك هێزێکی دای بەسەر ماڵماندا دەستگیریان کردم، بۆ ئەوەی من دانبنـێم بە زانیارییەکاندا و وا تێبگەم کـە ئـەوە هـەڤاڵ عەتایـە مـنی بـە گـرتن داوە و دانـی نـاوە بـە هەموو شتێکدا، کەچی کاری هەڤاڵ عەتا نەبوو، بەڵکو ئەو هەواڵدەرە ناپاکە ئەوەی کردبـوو، یەکێکی دیکە لەو هەڤاڵانەی کـە زۆر مەبەسـتیان بـوو، بـەردەوام بـە دوایـدا دەگـەڕان هـەڤاڵ سەرکەوت زەکی بوو، بەعس مەرجێکی زۆر مەترسیداری بۆ هەندێك لەو کەسانە دانابوو کە خۆیان ڕادەست دەکردووەوە ئەویش ئـەوە بـوو: "دەبـوو کەسـەکە چـالاکییەکی گـەورە ئـەنجام بدات، تا متمانە لای ڕژێم دروسـت بکـات، وەك ئاشـکراکردنی شـانەی ڕێکخسـتن یـان کوشـتنی چـەند پێشـمەرگەیەك...هتد" ئـەو هەواڵـدەرە یـەك لـەو کەسـانە بـوو داوایـان لـێ کردبـوو چالاکییەکی گەورە ئەنجام بدات، ئەویش ڕازی بوو بـوو سـێ مـانگ چاودێری کردبـووین، لـە ماوەی ئەو سێ مانگە چەند جارێك ئاگادارکراینەوە کە خۆتان لەو کەسە بپارێزن، بـەڵام زۆر جێگەی متمانەی ئێمە بوو، هەرگیز گومانمان لێی نەبوو، هەڤاڵ عەتا کلاشینکۆفێکی لە ژێـر مێزی زەڕەنگەرییەکەی دانابوو، بۆ ئـەوە زوو بێتـە دەسـت، چـونکە دڵنیـابوو لـەوەی ڕۆژێـك دێت ئاشکرا دەبێت، کەچی ئەو هەواڵدەرە هێندە بە وردی کاری لەسەر کردبوو، تەنانەت کـە هەڤاڵ عەتا دەستگیرکرابوو فریـای هـیچ شـتێك نەکـەوتبوو، مـن و هـەڤاڵ فەرەیـدوون هـیچ بەڵگەیەکمان پـێ نـەگیرا بۆیـە وەك حسابی گومانلێکراویـان بـۆ کـردین و هـەڤاڵ ئیبراهیمـی بـرای هـەڤاڵ عـەتاش هیچـی لەسـەر نـەبوو هەرسـێکمان بـە دەسـتەبەری ئـازادکراین، هـەڤاڵ حاجی ئەحمەدی باوکی هەڤاڵ عەتا بوو بە کەفیلی ئیبراهیم، چونکە هەڤاڵ عەتا یەکلا بـوو کـە کـەس ناتوانێـت ئـازادی بکـات، ئـەو هەواڵـدەرە هـەڤاڵ حـاجی ئەحمەدیشـی دەناسـی کـە ویستبووی ببێت بە کەفیلی ئیبراهیم ئەویشیان گرت و بۆ ماوەی دە ساڵ سزا درا، بـەڵام بـەر لێبووردنی گشتی کەوت، بەداخەوە هەڤاڵ عەتا لە سێداردرا، هـەڤاڵ زاهیریـش دیـل بـە دیلـی پێ کرا.

ئیـدی کـە ئـازادکراین، ڕێکخسـتن داوای لێکـردین، هاتوچـۆی ڕێکخسـتنەکان نەکـەین، چونکە لـە ژێـر چاودێریدان، ئیـدی بـووم بـە سـەرباز و ڕەوانـەی زیقـار کـرام، دواتـر شـەڕی کـوەیتی بەسـەردا هـات، ئێمـە ئاگـاداری بەرنامـەی ڕاپـەڕین بـووین، پـێش ڕاپـەڕین هـەڤاڵ سـەرکەوت زەکـی ژمارەیـەك ناسـنامەی سـاختەی بـۆ ژمارەیـەك پێشمەرگە دەرکردبـوو، بـەو ناسنامانە دەهاتنە ناو شار و ئامادە دەکران بۆ ڕاپەڕین، ئیدی لە ڕاپەڕیندا بەشدار بووین، لە کۆڕەودا چووینە ئێران کە گەڕاینـەوە چوومە نەخۆشخانەی قەڵاچوالان و ماوەیـەکی چوار مـانگ لـەوێ بـووین، ئیـدی گەڕامـەوە نەخۆشـخانەی گوندەکـەم تـا ئێسـتا بـەردەوامم لـەو نەخۆشخانەیە[٢٢].

---

[٢٢]– چاوپێکەوتن لەگەڵ فائیق محەمەد ئەمین عەبدوڵڵا (د. فائیق)، ٢٠٢٢/٨/٨.

# فەرەج یاوەر سادق سەلمان (دکتۆر سەردار)

لە ١٩٥٤/٧/١ لە شاری بەغداد لە دایکبووم و خەڵکی مەندەلیم، قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەییم لە شاری بەغداد تەواوکردووە، پاشان پەیمانگای تەندروستی بەشی (شیکاری نەخۆشییەکان)م لە هەمان شار تەواوکردووە، لە قۆناغی ئامادەیی پەیوەندیم بە ڕێکخراوی قوتابیانی کوردستانەوە کردووە.

لە کۆتایی دانوستانی ساڵی ١٩٨٤ی شۆڕش و حکومەت پەیوەندیم بە ڕیزەکانی پێشمەرگەوە کردووە، سەرەتا چوومە بارەگای ناوەندی ڕاگەیاندن لە بەرگەڵوو، دواتر بۆ نەخۆشخانەی سەرگەڵوو گوازرامەوە، لەگەڵ دکتۆر حسێن بووم دواتر لەگەڵ دکتۆر شالاو بووم، دوای گواستنەوەی نەخۆشخانەی ناوەندی شۆڕش لە قووڵەهەرمێوە بۆ بەرگەڵوو، لەسەر داوای دکتۆر شوان کە بەڕێوەبەری نەخۆشخانەکە بوو گوازرامەوە بۆ نەخۆشخانەی بەرگەڵوو، لەوێ ئەرکی تاقیگەم لە ئەستۆگرت و لە ڕێگەی ڕێکخستنەکانەوە بە چاودێری دکتۆر شوان دەستمان کرد بە دابینکردنی پێداویستییەکانی تاقیگەکە، توانیمان پێداویستییەکانی تاقیگەکە بە چەند ڕێگەیەك پڕ بکەینەوە.

شایەنی باسە نەخۆشخانەی ناوەندی لە چەند بەشێك پێکهاتبوو، لەوانە: تیشك، نۆرینگە، خەوتنی نەخۆش، ژووری پەرستاران، کۆگای دەرمان، لە نەخۆشخانەکە پێشوازیمان لە نەخۆش و پێشمەرگەی بریندار و گوندنشینان دەکرد، لەوێ نەخۆش دەخەوت و لە تاقیگەکە پشکنینی بۆ دەکرا، ئەوەی پێویستی بووایە تیشکی بۆ دەگیرا دواتر دەرمانی پێدەدرا، هەندێکجاریش بریندارەکان و نەخۆشەکان پێویستیان بە نەشتەرگەری هەبوو بۆمان ئەنجام دەدان، هەروەها لە زیندانەکاندا زیندانیکراوەکانی سوپای حکومەتی عێراقیمان تەداوی دەکرد، کە هەندێکیان لە بەرەکانی شەڕ لە گەلالە و سەفرە و زەروون لە شەڕی عێراق – ئێرانیدا بریندار بووبوون، هەندێکیان بەهۆی ڕەنوو و هەرەسی بەفرەوە بریندار و نەخۆش کەوتبوون، هەندێکیشیان بەهۆی ئەرکی قورس و مەترسی لەسەر ژیانیان لە ڕیزەکانی سوپا هەڵهاتبوون لەوێ لە نەخۆشخانەکە چارەسەرمان دەکردن کە بەشێکیان تووشی دۆخی (گانگرین) بووبوون.

من لە بوارەکەی خۆم و لە ئەرکی خۆمدا لە تاقیگەکە پشکنینی هەموو نەخۆشییەکم لە ڕێگەی خوێنەوە دەکرد، هەروەها پشکنینی میز و پیسایی ئەنجام دەدرا، کارێکی دیکەم بریتی بوو لە گواستنەوە و بەخشینی خوێن لە بەخشەرەوە بۆ بریندارەکان، جگە لەوەی چەندین پشکنینی دیکەم دەکرد، جگە لەمانە لە تاقیگەکەدا بە ئەرکێکی دیکەی سەرەکی هەڵدەسام، کە بریتی بوو لە گەڕان بەسەر نەخۆشەکان و بریندارەکاندا و ئەنجامدانی فریاگوزاری سەرەتایی بۆیان، جگە لە ئەستۆگرتنی ئەرکی ئێشکگری شەوان لە بارەگای سەرەکیدا، زۆرینەی ڕۆژەکان لە بەرگەڵووەوە بەپێی دەچووم لە سەرگەڵوو بۆ کڕینی پێداویستی ڕۆژانە و خۆراك و کەلوپەلی پێویست دواتر بۆ نەخۆشخانەکەم دەگواستەوە تاکو خواردنی ژەمەکانی لێ دروست بکرێت، تاکو خواردن بدرێت بە ئێشکگر و نەخۆش و بریندارەکانی نەخۆشخانەکە.

گرنگترین ئەو چالاکییە پزیشکییانەی کە کارم تێدا کردووە لەو ماوەیەدا بریتی بوون لە:

١. پشکنینی نەخۆش، (پێشمەرگە، گوندنشینان، زیندانی و جاشەکان).
٢. ڕاکێشان و بەخشینی خوێن، هەڵگرتنی خوێن، بۆ پێشمەرگە بریندارەکان و سەربازە عێراقییەکان بەهۆی شەڕی عێراق – ئێرانەوە.
٣. سارێژکاری بۆ پێشمەرگە و گوندنشینان بەهۆی بۆردومان و هێرشەکانەوە.
٤. هاریکاری کادیرانی پزیشکی لە کاتی چارەسەرکردنی بریندار و بەرکەوتەکاندا.
٥. چارەسەرکردنی بەرکەوتەکانی چەکی کیمیایی.
٦. گواستنەوەی بریندارەکان بۆ ناوچە سنوورییەکان لەوانە: (شەهید سەباح و شەهید وریا) لە گەرمیانەوە بەهۆی برینداربوونیان لە شەڕ و بۆردومانەکاندا و هەوڵدان تاکو بیانگەیەنین بە ئێران و چارەسەریان بکەین، بەڵام بەداخەوە لە سنووردا شەهیدبوون.
٧. چارەسەرکردنی خوالێخۆشبوو ملازم کەریم دوای ئەوەی بەر بۆردومان کەوت و ١٦ بوتڵ خوێنم لە پێشمەرگە و گوندنشینان وەرگرت و پێم بەخشی.

هەرچی چالاکی دیکەیە بەدەر لە کاری پزیشکی بریتی بوو لە کاری ئێشکگری و پاسەوانی شەوانەی بارەگاکەمان، هەروەها چاڵمان هەڵدەکەند و بارەگامان دروست دەکرد، خواردنمان ئامادە دەکرد بۆ دکتۆرەکان، بازاڕکردن و گواستنەوەی پێداویستی بۆ بارەگاکە کارێکی دیکەم بوو، هەر ماوەیە دەستم کرد بە نووسینەوەی ڕەشنووسی پەیڕەوی ناوخۆی دەزگای تەندروستیی کوردستان بە زمانی ئینگلیزی و ئامادەکردنی بۆ چاپکردن، دواتر دەستەی دامەزرێنەرمان لە ٩ ئەندامی سەرەکی و دوو ئەندمی یەدەگ پێکهێنا.

ڕۆژێك دکتۆر شوان پێی ڕاگەیاندم بزانە لە تاقیگە چیمان هەیە پاسەوانەکانی هەڤاڵ مام جەلال هاتوون، هەڤاڵ مام جەلال تەندروستی باش نییە پێویستی بە پشکنینە بچۆ لەگەڵیان، چووم بۆ یاخسەمەر پرسیارم لێ کرد، ئازاری گورچیلەی هەبوو پشکنینی میزم بۆ کرد دەرکەوت بەرد (قوم)ی گورچلەی هەبوو، گەڕامەوە نەخۆشخانەکە، دکتۆر شوان چارەسەری بۆ نووسی و بۆیم برد، جارێکی دیکە دوای دە ڕۆژی دیکە دەرمانی دیکەم بۆ بردەوە بۆ یاخسەمەر، جارێکیتر سەردانی هەڤاڵ مام جەلالم کرد لە گوندی گەورەدێ، لەوێ چوومە ژوورێك هەموو پەرتووك بوو، ماڵی دکتۆر قاسملۆ بوو، هەڤاڵ مام جەلال لەوێ بوو دیار بوو تازە خۆی شۆردبوو، جێڵی لە قژی دابوو، زۆر جوان و پاکوخاوێن دەهاتە پێش چاو، تەرازوویەك لەوێ هەڤاڵ مام جەلال خۆی دەکێشا دیاربوو پێشتر وەرزشی کردبوو، لەوێ پێی گوتم: "کوڕم لێرە نەخۆشخانەی فەڕەنسییەکان هەیە نزیکمانە، من بۆیە ناردوومە بەدواتا باوەڕم بە کوردە، بۆیە دەمەوێت کورد چارەسەرم بکات".

بەهۆی بوونی مەترسی بەردەوام لەسەر نەخۆشخانەی ناوەندی و سەرکردایەتی ی.ن.ك بەهۆی بۆردومانی فڕۆکەی جەنگی و تۆپخانەکانی ڕژێمەوە، ی.ن.ك چەند هەنگاوێکی بۆ پاراستنی دکتۆرەکان و نەخۆش و برینەدارەکان گرتەبەر، چونکە مەترسی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی هەبوو، ڕێنوێنی کراین ئەگەر شاخەکان بۆردومان کرا لە کاتی بەکارهێنانی چەکی کیمیاییدا هەموو برینەدار و نەخۆشەکان بگوازینەوە ئەشکەوتەکان، هەروەها ئەگەر دۆڵەکان و نزماییەکان بۆردومان کرا بچینە بەرزییەکان هەروەها بۆ بناری شاخەکان و بن تاشەبەردەکان، چونکە ڕژێم سەرەتا سەر شاخەکانی بۆردومان دەکرد تاکو بچینە خوارەوە دواتر کیمیایی لە دۆڵەکان دەدا تاکو بخنکێین، ئێمە قیناعمان هەبوو

بەکارمان دەهێنا، کیمیاییەکە هێندە کاریگەر بوو پێستی مل و دەموچاومان چواردەوری قیناعەکەی دەسووتان.

لە دوای ساڵی ١٩٩١ پەیوەندیم بە دەزگای تەندروستیی کوردستان (FHF)ەوە کرد، چوومە لقی سلێمانی دەزگاکە و دواتر بووم بەلێپرسراوی لقەکە، چەندین پڕۆژەی خێرخوازیمان بۆ ئاوەدانکردنەوەی گوندە زیانلێکەوتووەکان جێبەجێ کرد، لەوانە ڕاکێشانی ئاو و خزمەتگوزاری تەندروستی جۆراوجۆر و هەمەڕەنگ، کە ڕۆڵی گرنگی بینی لە هۆشیاری تەندروستی و چارەسەرکردنی نەخۆشی گوندنشینان و منداڵان، هەروەها پێداوستی خوێندنی خوێندنگەکانی گوندەکان دابینکرا و چەندین پەرتووک وەرگێڕدران بۆ سەر زمانی کوردی، کتێبەکە دکتۆر جەبار عەبدول کردی بە کوردی بەناونیشانی (شوێنێك کە دکتۆری لێ نییە).

لە ژمارەیەکی زۆری گوندەکانی گەرمیان و سەنگاودا بەشداری ئەو کارانەم کرد، سەرەتا لە گوندەکانی مەیدان و بانیخێڵانەوە دەستمان پێکرد گەیشتینە گوندەکانی سنووری سەنگاو، داودە، بناری گل، ئاوەسپی و زینانە ...هتد. دواتر لقی کەرکووکی دەزگای تەندروستیی کوردستان دامەزرا و بارەگاکەی لە شارۆچکەی دەربەندیخان دانرا بووم بە لێپرسراوی لقەکە، دوای ڕووداوەکانی ناوەڕاستی نەوەدەکانی باشووری کوردستان چووینە سنووری ئێران لە سەیرانبەن و ماوەی شەش مانگ لەوێ ماینەوە، لە دوای ئەو ڕووداوانەوە هاتمەوە سلێمانی(٢٣).

---

(٢٣)– چاوپێکەوتن لەگەڵ فەرەج یاوەر سادق سەلمان (د. سەردار)، ٢٠٢٢/١٢/٨.

## فەرەیدوون محەمەد ئەمین حسین (دکتۆر فەرەیدوون)

لە ساڵی ١٩٦٣ لە گەڕەکی حاجی حانی شاری سلێمانی لەدایکبووە، قۆناغەکانی خوێندنی لە شاری سلێمانی تەواوکردووە، دواتر پەیمانگای تەندروستی تەواوکردووە، لە تەندروستی سلێمانی دامەزراوە و لە نەخۆشخانەی حاجی ئاوا دەستەکاربووە، پاشان گەڕێنراوەتەوە نەخۆشخانەی سلێمانی و لە بەشی فێرکاری دەستی بە کار کردووە، لەسەر داوای دکتۆر حیلمی ساڵی ١٩٨٠ پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی شۆڕشەوە کردووە، ساڵی ١٩٨٤ بووە بە پێشمەرگە، لە نەخۆشخانەی بەلەکجاڕ لەگەڵ دکتۆر حەسەن و دکتۆر فایەق و کاری پزشیکی کردووە، لە دوای ئەنفال چووەتە ناوچەی زەڵێ و ناوزەنگ لەگەڵ دکتۆر هێمن لەوێ درێژەی بەخەبات داوە.

دکتۆر فەرەیدوون خۆی چەند جار بۆی گێڕاومەتەوە کە لە سنووری قەرەداغ و سەنگاو لەگەڵ دکتۆر فایەق و دکتۆر حەسەن و کادیرانی تەندروستیدا لەبەر چرا چەندین بریندارمان تەداوی کردووە، هەروەها بۆ خۆم چەندین جار لە ناو شاری سلێمانییەوە دەرمانم بۆ ناردووە.

لەگەڵ دکتۆر هێمن پێکەوە بە ئۆتۆمبێلێکی فریاکەوتنی شۆڕش کە دەرمان و پێداویستی پزشکییان پێ بووە لە ڕێگای قاسمەڕەش بۆ زەڵێ ئۆتۆمبێلەکەیان وەرگەڕاوە و لە ١٩٨٩/٨/١٩ شەهید دەبن، لە زەڵێ دەنێژرێن، ڕۆژێکی جەژنی قوربان من و دایکم و برایەکم لەگەڵ چەند هاوڕێیەکیدا چووین بۆ سەردانی گۆڕەکەی، بە ڕێگایەکی سەختدا بە سواری وڵاخ گەیشتینە لای گۆڕەکەی، دەبینین ژنێك لەسەر گۆڕەکەی زۆر بە کوڵ دەگری، زۆر بە لامانەوە سەیر بوو، لەبەرئەوەی ئێمە لەو سنوورە هیچ خزم و کەسێکمان نییە، لێمان پرسی تۆ کێیت؟ گوتی کاتی خۆی من لە کاتی منداڵبوونمدا دۆخم زۆر خراپ و مەترسیدار بووە، دکتۆر فەرەیدوون لە زەڵێ بووە، کەسوکارم چوون بە دوای دکتۆر فەرەیدووندا، ئەویش هاتووە دەرزییەکی بۆ کردم و ڕزگارم بووە، بۆیە لەو کاتەوەی کە شەهید بووە هەموو هەینییەك دێم بۆ سەردانی گۆڕەکەی، لە ساڵانی دواتردا تەرمی دکتۆر

فەرەیـــدوون و دکتـــۆر هـــێمن هێنراوەتـــەوە بـــۆ ســـلێمانی و لـــە گۆڕســـتانی ســـەیوان بەخاسپێردراونەتەوە[٢٤].

(٢٤)– چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز فەرهاد محەمەد ئەمین برای شەهید د. فەرەیدوون، ٢٠٢٣/٢/٧.

## فەرهاد نوری محەمەد ڕەسووڵ (دکتۆر دانا)

لە ساڵی ١٩٦٤ لە شاری کەرکووك لەدایکبووم، هەر لە زووەوە هاتووینەتە سلێمانی قۆناغەکانی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەییم لە شاری سلێمانی تەواوکردووە، دواتر پەیمانگای تەندروستی بەشی سڕکردنم تەواوکردووە، پێشتر پەیوەندیم لەگەڵ ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە هەبووە، ماوەی ساڵێك لە بەشی سڕکردنی نەخۆشخانەکانی سلێمانی خزمەتم کردووە، کاتێك ناوم بۆ سەربازی هاتەوە، بێ ئاگاداری خانەوادەکەم چوومە دەرەوە و بووم بە پێشمەرگە، هەڤاڵانی تیپی ٤٧ داوایان لێکردم لەگەڵ ئەوان بمێنمەوە، بەڵام من ڕەتم کردەوە و ڕاستەوخۆ چوومە نەخۆشخانەی بەرگەڵوو، پێشتر نزیکایەتی و پەیوەندیمان لەگەڵ دکتۆر شوانی بەڕێوەبەری نەخۆشخانەکەی بەرگەڵوو هەبوو، پێش چوونەدەرەوەم دکتۆر خالید و دکتۆر بەیان و دکتۆر ئارامم دەناسی، دوای هەفتەیەك گەڕان دایکم هات بۆ نەخۆشخانەی بەرگەڵوو، چونکە برایەکم لەوێ دکتۆری شۆڕش بوو.

هەندێك کەرەستە و دەرمانم لەگەڵ خۆم برد بۆ نەخۆشخانەی بەرگەڵوو، پێشبینی ئەوەم نەدەکرد ئەو نەخۆشخانەیە بەوشێوازە ڕێکوپێك بێت، هۆڵی نەشتەرگەری کۆنکرێت بوو لە نێوان شاخەکان لە بەشی سەرەوە، لە خوارتر ژووری دکتۆری ددان بوو کە دکتۆر مەنسوری لێ بوو، دواتر ژووری دکتۆرەکان بوو، لەوانە ژووری دکتۆر نەوزادی برام، دواتر بارەگا هەبوو، لە خوارتر شوێنی دکتۆر شوان و لەتەنیشتی ژووری دکتۆر هەڵۆ بوو، دکتۆر ئاکۆ و دکتۆر خالید ژوورێکیان هەبوو، لە خواری نەخۆشخانەکە نۆرینەگە بوو دکتۆر شوان عەسران لێی دادەنیشت بۆ چارەسەرکردنی خەڵکی گوندنشینان، دواتر تاقیگە و تیشك و ژووری خەوتنی نەخۆش کە بریتی بوو لە شەش قەرەوێڵە.

سەرچاوەی دەرمانمان بریتی بوو لە هاووڵاتی گوندنشینان بە پارەی شۆڕش بۆمان دەهات، هەڤاڵ مام جەلال پاڵپشتکارێکی گەورەی نەخۆشخانەکە بوو هەرچیمان بویستایە درێغی نەدەکرد، بۆ نموونە من ٢٦ مانگ بوو گەیشتمە نەخۆشخانەکە کەچی سەری مانگ دکتۆر شوان مووچەی مانگێکی پێدام، گوتم دکتۆر مووچەی چی! خۆ من بۆ مووچە

نــەهاتووم، گــوتی وەریگــرە هــەڤاڵ مــام جــەلال ناردوویــەتی، چەکێکیشــی پێــدام، لــە نەخۆشخانەکە دکتۆر ئاکۆ لە بەشی سڕکردن بوو، چوو بوو بۆ مەرگە، مـن لـە شوێنی ئـەو دەسـتم بـەکارکردن کـرد، ئـامێری سـڕکردن لـەو شـاخە بـوونی هـەبوو بەلامـەوە جێگـەی سەرسـووڕمان بـوو، دکتـۆر شـوان بـانگی کـردم گـوتی سێ کـەس برینـدارە پێویسـتە کـاری سڕکردن بکەیت، ئیدی ئـەو شـەوە نەشـتەرگەریمان بـۆ کـردن، دکتۆرەکـان بـریتی بـوون لـە دکتـۆر شـوان و دکتـۆر هـەڵۆ و دکتـۆر بـەرزان، کارەکـەی منیـان زۆر پـێ بـاش بـوو، مـن پێشبینیم نەدەکرد ئەو دکتۆرانە لە شاخ بـن، بـۆ نمونـە دکتـۆر بـەرزان لـە شـاری سلێمانی دۆخیـان زۆر بـاش بـوو، دکتـۆر شـوان لـە خانەوادەیـەکی دەوڵەمەنـدی ئـاکرێ بـوو، بـەڵام بیروباوەڕ کۆی کردبوونەوە.

لــە ڕووداوێکــی دیکــەدا نەشــتەرگەری هــەناویمان ئەنجامــدەدا، بــۆ نمونــە لــەو نەشـتەرگەرییە کـۆمی نەخۆشـەکە تـەرك دەکـرا، دەبـوو لەسـەر سکەوە پیسایی بکـات، کـە یەکێکە لە نەشتەرگەرییە قورسەکان، کەچی دکتۆر هەڵۆ کە دکتـۆرێکی جـەڕاحی زۆر بـاش بـوو، واتــە دیارییــەکی گــەورە بــوو خــودا بــۆ پێشــمەرگەی نــاردبوو، خۆشــبەختانە هــیچ نەخۆشێکی لەو هۆڵی نەشتەرگەرییە گیـانی لەدەسـت نـەدا، لـە نەشـتەرگەرییەکاندا دکتـۆر بەرزان و دکتۆر خالید یارمەتی دکتۆر هەڵۆیان دەدا، هـەر کـاتێکیش پێویسـتمان بـە خـوێن هەبووایــە، پێشــمەرگەکانی هــاوڕێی بریندارەکــە پێیــان دەبەخشــی، زۆر جــار دکتۆرەکــان دەیانویست خـوێن ببەخشـن دکتـۆر شـوان دەیگـوت ئێـوە خۆتـان هـەڵبگرن بـۆ دۆخێـك کـە خوێنمان دەستنەکەوێت.

لە نەخۆشخانەکە دکتۆر بەیان لـە بەشـی تیشـك کـاری دەکـرد، هـەروەها دکتـۆر بۆتـان تاڵەبانیمان هەبوو، جگە لە کاری پزیشکی هونەرمەندیش بوو لە بواری شێوەکاریدا، لەگـەڵ دکتۆر مەنسوڕ لە بەشی ددان کاری دەکـرد، هـەروەها دکتـۆر سـەردار لـە بەشـی تاقیگـەبوو، دکتـۆر موحسـین لـەوێ بـوو، هـەروەها کچـمان لەگـەڵ بـوو بـە نـاوی سـابات و دابـان وەکـو برینپێچ کاریان دەکرد، هەندێك لە دکتۆرەکان خێزاندار بوون لەوانە دکتۆر هەڵۆ و دکتـۆر نەوزادی برام.

لە پێش ئەنفال دکتۆر شوان چووە کانی توو، کە شەڕگەیەکی گەورەی نێوان عێراق-ئێران بوو، لە دوو لاوە هەم سوپای پاسداران دزەیان دەکردە ناوچەکە، هەم سوپای عێراق، دەبوو پێشمەرگە هەردووکیان دەربکات، لەویٚ خێزانێك هەبوو زۆر خزمەتی پێشمەرگەیان دەکرد، کچێکیان هەبوو ناوی سەریعە بوو، ئاواتی ئەوەبوو خزمەتی پێشمەرگە بکات، دواتر کۆمەڵێك پێشمەرگە ژەهرخوارد کران، ماڵێکی دیکە هەبوو کاك چەتۆ و پورە گەلە زۆر خزمەتی پێشمەرگەیان دەکرد، لەو ژەهرخواردنە دوو پێشمەرگە و دایکی هەڤاڵ مستەفا چاوڕەش شەهید دەبێت، ئەو کچەش کە ناوی سەریعە بوو، لەو یٚ هەڤاڵ مستەفا چاوڕەش و دکتۆر شوانیش و دکتۆر مەحموود عوسمانیش لەویٚ بوو ژەهراوی دەبن، هەرچەندە کاری پزیشکی نەدەکرد، کاتێك دکتۆر شوان هاتەوە نەخۆشخانەی بەرگەڵوو نەیدەتوانی بڕوات بەڕێوە، ژەهرەکە سالیۆم بوو، لەویٚ ئەزموونی ئەوەمان وەرگرت کە چۆن چارەسەری بکەین، ڕۆژانە چارەسەری دکتۆر شوان و دکتۆر مەحموودمان دەکرد، ژەهرەکە دەچووە مۆخی کەسەکە دواتر کوێری دەکات و پاشان تووشی شەشەل دەبێت و دەمرێت، دکتۆرەکان کتێبە پزیشکییەکانیان دەرکرد و دەستیان کرد بە خوێندنەوەی بۆ دۆزینەوەی چارەسەر یەکێك لەوانە دەبوو ڕۆژانە ئاوێکی زۆر بخواتەوە، ئیدی دکتۆر شوان و دکتۆر مەحموود و هەڤاڵ مستەفا چاوڕەش چارەسەرکران.

لە کیمیابارانـدا سیٚ جار بۆردمانکراین، سەرەتا نەمانزانی کیمیاییە، دواتر فێری ئەوەبووین چۆن خۆبپارێزین و چۆن چارەسەری بەرکەوتەی کیمیایی بکەین، دکتۆر شوان لە شارەوە دەمامکی بۆ پەیدا کردین، ئەوەی سەرنجی ڕادەکێشام، پێشمەرگە بریندارەکان بە ئازارەوە لە دوای نەشتەرگەریی شەوان گۆرانیان دەگوت، هەبوو قاچی پەڕی بوو، هەبوو نەشتەگەری هەناوی کرابوو، پاش ماوەیەك بەهۆی زۆری نەشتەرگەرییەوە بەکتریا بڵاوبووەوە، پێشمەرگە بریندارەکانمان بەسەر بارەگاکاندا دابەشکرد، لەوانە بارەگەی هەڤاڵ نەوشیروان و بارەگای ڕاگەیاندن، دکتۆرکان ڕۆژانە بەسەر بریندارەکاندا دەگەڕان و تەداوییان دەکردن، هەموو بریندارەکان شانازییان بە برینداریيەکەیانەوە دەکرد، ڕۆژێك نەمبیست بریندارێك ناڕەزایی دەربڕێت.

لە کاتی ئەنفال کشاینەوە بە دوو گرووپ ڕۆیشتین گرووپی یەکەم ئەوەبوو کە خێزاندار بوون، دواتریش سەڵتەکان ماینەوە، تەواوی ئەو هێزە هەڤاڵ جەبار سەرپەرشتی دەکرد، هەندێك چەکی قورسمان نارد، کاتێك سوپای عێراقیش چیای دابانی گرت، ئێمە بە شەو نەماندەتوانی ڕووناکی داگیرسێنین، لە سووچێکی شاخەکە بە دیار چراوە دکتۆرەکان کۆدەبووینەوە، هەڤاڵ جەبار بە شەو بەسەر بارەگاندا دەگەڕا بۆ ورەبەرزکردنەوە، دواتر ئێمەش کشاینەوە شاناخسێ، لەوێ گلارام خانی خێزانی هەڤاڵ ملازم عومەرم بینی، بەیاری کوڕی منداڵ بوو لە باوەشی بوو، لەو سەرمایە داوامان کرد گلارام خان خۆی بپارێزێ تا نەخۆش نەکەوێت و بچێتە ژێر خێمەکان، هێندە قارەمان بوو گوێی بەسەرما نەدەدا، ئەوە هێندەی تر ورەمان بەرز دەبوویەوە، پاشان کشاینەوە بۆ ئێران و چووینە ئاڵوەتان، دواتر بارەگامان بردە ماڵێك کاتێك وبستمان پارە بدەین بە خاوەنی خانوەکە، گوتی پارە وەرناگرم، هەر بینینی ئێوە بۆ من سەربەرزییە، دواتر لەسەر داوای دکتۆر شوان چووینە قەندیل، ئەو کاتە بوو کە هەڤاڵ ئازاد هەورامی بە بۆردومان شەهید بوو، گێرایانەوە لە برینداری بەسەر ولاخەوە هەتا گەیشتووە بە قەندیل سروودی (ڕێی خەباتمان)ی گوتووە، لە ڕێگا دڵی پێشمەرگەکانی داوەتەوە کە نابێت بێتاقات بوون شەهیدبوون ڕێی هەمووانە، کەشەکەی زۆر سارد بوو بەفرێکی زۆر باری بوو، دواتر کشاینەوە سەقز.

ئەو کاتەی لە سەقز بووین لەگەڵ دکتۆر نەوزادی برام، هەواڵمان بۆ هات، کە لە سلێمانی حکومەت دەستی گرتبوو بەسەر خانووەکەی دایکمدا و ماوەی دوو هەفتە زیندانی کرابوو، لە دوای ڕاپەڕین کە هاتینەوە دایکم پێی نەوتین کە زیندانی کراوە بۆ ئەوەی خەمی لێ نەخۆین.

هەر ئەو کاتەی لە سەقز بووین شاری هەڵەبجە کیمیاباران کرا، ئێمە لەگەڵ هەڤاڵ جەبار فەرمان بەرەو هەڵەبجە بەڕێکەوتین، کە چاوساغی لەگەڵ بوو، چوونە هەڵەبجە یەکێکە لە یادەوەرییە ناخۆشەکانی ژیانم، کیمیاباران کرابوو، چۆڵکرابوو، شەهیدەکان نەنێژرابوون، لە ناو حەوشەکاندا چەندین شەهید هەبوون، دەرگاکانیان بەبەرد هەڵچنی بوو تا (سەگ) گیانی بریندارەکان نەشێوێنێت و نەیانخوات، پێشمەرگە لە حەوشەی

ماڵەکاندا (سەگ)ی دەکردە دەرەوە و دەرگاکانیان هەڵدەچنی، پاشان بەهۆی بۆردومانەوە کشاینەوە، چووینەوە سەقز.

لە ڕاپەڕینیشدا دکتۆر شوان کۆی کردینەوە و دەزگای تەندروستیی کوردستانی دروستکرد (KHF)، لەگەڵ ڕێکخراوی میدیکۆی ئەڵمانی هاتنە کوردستان، کوڕ و کچێکیان لەگەڵ بوو کوڕەکە ناوی ڕاڵف بوو، کچەکە وازی لە ڕێکخراوەکە هێنا و بووە ڕۆژنامەنووس، بەردەوام سەردانی کوردستانی دەکرد و لەگەڵ هەڤاڵ مام جەلال بوو، ڕۆژێك لە ڕێگای هەڵەبجە تیرۆرکرا، لۆرییەك دەرمانیان هێنابوو تەنانەت تیشکیکشی تێدابوو، ناویان نا بوو کەشتی نووح، پشتەکەی کابینە بوو، کۆمپانیای مارسیدس دروستی کردبوو، ئۆتۆمبێلەکە وەکو نەخۆشخانەیەکی گەڕۆك وابوو، سەرەتا لە شەقڵاوە دامەزراین، خۆمان چەند ئۆتۆمبێلێکمان هەبوو، یەك لەوانە لە جۆری جێب بوو لای من بوو، سەردانی گوندەکانمان دەکرد، چونکە حکومەت نەمابوو، ئیدی ئێمە کۆنترۆڵی نەخۆشخانەکانمان کرد لەوانە لە کەلار، دەربەندیخان، هەڵەبجە، پێنجوێن، ڕانیە و قەڵادزێ، من سەرپەرشتی موچەی کارمەندەکانمان دەکرد، لە ئیدارەی گشتییەوە کە هەڤاڵ عومەری سەید عەلی سەرپەرشتی دەکرد مووچەم بۆ نەخۆشخانەکان دەبرد، کە هەوڵی هەڤاڵ مام جەلال بوو بۆ ئەوەی یەك ڕۆژ مووچە دوانەکەوێت، خۆمان دەمانبرد و دابەشمان دەکرد، ئێمە لە شەقڵاوە لە خانوویەکی گەوردابووین کە باخێکی زۆر گەورەی تێدابوو، ژێر زەمینێکی هەبوو کردمان بە سەنتەر، هی مام یوسف تۆما بوو، خۆی لە هەولێر بوو، لە کۆتایی هەفتە خۆی دەهاتەوە باخەکە، دوای ساڵێك دکتۆر شوان بانگی کرد باسی کرێی لەگەڵ بکات، کەچی ڕازی نەبوو.

پاش ماوەیەك هاتینە سلێمانی و کاتێکیش حکومەتی هەرێم دامەزرا، ئێمە نەخۆشخانەکانمان ڕادەستی حکومەت کرد، تەنها قەڵادزێمان لە دەستدا مابوو، ڕێکخراوی میدیکۆ پێداویستی و خواردنی بۆ دەناردین، خەڵکیش گوندەکانی ئاوەدان دەکردەوە، لەو سنوورە دکتۆر شێرکۆ کە خەڵکی ژاراوە بوو خزمەتی باشی ئەو سنوورەی دەکرد، دواتر

ماوەیەك لە ڕێكخراوی منداڵپارێزی بەریتانی كارم كرد، دواتر كۆلێژی زانستە سیاسییەكانم تەواوكرد، لە ئێستادا لە كۆمپانیای ئاسیاسێڵ كاردەكەم[٢٥].

[٢٥]– چاوپێكەوتن لەگەڵ فەرهاد نوری محەمەد ڕەسووڵ (د. دانا)، ١٣ و ٢٠٢٣/١٢/١٤.

## فەوزی فائیق تۆفیق ئەحمەد خزر بابان (چیا)

لە ساڵی ١٩٥٦ لە شاری بەغداد لە دایکبووم، لە ساڵی (١٩٢٠)ەوە خانەوادەی ئێمە چوونەتە شاری بەغداد، باپیرم کەسی نزیکی شێخ مەحموودی حەفید بووە، لە ساڵی ١٩٢٠ کە ئینگلیز پەلەماری سلێمانی دا باپیرم چووەتە بەغداد و لەوێ خۆی شاردووەتەوە، باوکم دەرچووی پەیمانگای پەروەردەی باڵا بووە و مامۆستایەکی ناسراوی شاری بەغداد بووە لە سەردەمی پاشایەتیدا، چونکە ئەوکاتە وەزارەتی پەروەردە بوونی نەبووە، (دار المعلمين العالی) هەبووە، باوکم کەسێکی پێشکەوتنخواز و کۆماریخواز بووە، لەگەڵ هەموو جوڵانەوە دیموکراتییەکانی عێراقیدا دۆست بووە، دواتر بەکالۆریۆسی لە بواری خوێند، لە شاری بەغداد بەڕێوەبەری خوێندنگە بووە، منیش هەر لە سەرەتاوە بەهۆی باوکم و برا گەورەکەمەوە باوەڕی شیوعییەت هاتە نێو خانەوادەکەمانەوە، کە ئەندامی حیزبی شیوعی بوو سەر بە سەرکردایەتی ناوەندی بوو لە گرووپی عەزیز حاجدا، ئەو برایەم دوو جار زیندانی کراوە.

لە ماڵی ئێمەدا کتێبخانە هەبوو کە چەندین کتێبی سیاسی و ئەدەبی تێدا بوو، ئیدی من دەستم کرد بە خوێندنەوە بەهۆی کە لە بەغداد لە دایکبووم و گەورەبووم زیاتر ڕۆشنبیری عەرەبی بەسەرمدا زاڵ بوو، ئیدی هەستم بە دۆزی ڕەوای گەلەکەم کرد، هەوڵمدا پەیوەندی بکەم بە شۆڕشی کوردەوە لە ساڵانی حەفتاکاندا، بەڵام بەهۆی ڕووخانی شۆڕشەوە بووە خەمێکی گەورە بۆ ماڵی ئێمە لە بەغداد، بە هیوا بووم ڕەوتێکی نوێ و پێشکەوتنخواز دوور لەوەی پێشتر بێتە کایەوە، خۆشبەختانە کاتێك ی.ن.ك دامەزرا بووە هیوایەك بۆ ئێمە، کە جیاواز بوو لەو ڕەوتە تەقلیدییەی پێشتر، هەرچەندە من بڕوانامەی دیبلۆمم هەیە لە بواری تەندروستیدا، بە دیاریکراوی بەشی ددانم لە ساڵی ١٩٧٧ تەواو کرد، بەهۆی بەرزی نمرەکەمەوە هەڵبژاردنی شوێن بۆ دامەزراندن بە دەستی خۆم بووم بۆیە بەشی چارەسەرکردنی تەندروستی خوێندکارانم هەڵبژارد، ماوەیەکیش بووم بە سەرباز.

لە سەربازیشدا ئەزموونی زیاترم وەرگرت و تا فێری نەشتەرگەری بچوك بووم، پەرەم بە توانای خۆم دا و تا ئاستی چارەسەرکردنی نەخۆش و دیاریکردنی جۆری نەخۆشی

بەردەوام بووم و سێ ساڵ لە بەرەی شەڕ بووم، بەهۆی ئەوەی کە بەعسی نەبووم لەبەرەی پێشەوەی شەڕ دایاننام، من هەر لە سەرەتای خوێندنی ناوەندی تا بوونم بەسەرباز هەر نەبووم بە بەعسی کە ئەمەش ئەستەم بوو، بۆیە زۆر ئازاری دەروونییان دەدام، هەموو هەفتەیەك بانگیان دەکردم، بۆ هەموو جارێکیش بەهانەیەکم دەهێنایەوە، چونکە شوێنەکەم پڕ مەترسی بوو واتە بەردەوام لە مردن نزیك بووم بۆیە بەلامەوە ئاسایی بوو کە بەرەو ڕوو ئەفسەرەکانیش بووەستمەوە، چونکە بەخۆمم دەگوت سزا و شوێنی لێرە خراپتر دەبێ کوێ بێ!

لەوێ وەك ئەرك و ئاکاری مرۆڤایەتی فریای هەموو کەسێك دەکەوتم بێ جیاوازی، واتە باوەڕی خۆم بێ ترس دەکرد بە کردار تا ئێستاش شانازی بەو باوەڕەوە دەکەم، هەروەها ئازاری میللەتەکەم لەلایەکی دیکەوە وایکرد بڕیار بدەم ببم بە پێشمەرگە و بۆ دەرفەتێك دەگەڕام، هەمیشە بۆ کەسێك دەگەڕام ئەو دەرفەتەم بۆ دروست بکات، چونکە لەبەرەکانی شەڕی عێراق-ئێران بە چەندین مانگ پشوویان پێنەدەداین، تا دوا جار لە ڕێگەی خزمێکەوە توانیم بگەمە گوندی چنگیانی شارباژێر کە بارەگای (ی.ن.ك)ی لێ بوو، لەوێ پەیوەندیم بە هەڤاڵ ئاراسی حەمەلاوەوە کرد، کە خەڵکی سلێمانی بوو، هەروەها هەڤاڵ جوامێر و هەڤاڵ عەلی قەڵەو و هەڤاڵ وەهاب و هەڤاڵ عەلی چوارتایی لێ بوو، بەداخەوە دوای ئەوەی من شارباژێڕم جێهێشت هەڤاڵ عەلی چوارتایی شەهید بوو کە پیاوێکی زۆر قارەمان بوو. ئەو بارەگایە زۆر گەورە بوو، واتە تیپی ٣٧ی شارباژێڕ زۆر گەورە بوو، لەوێ نازناوی (دکتۆر چیا)م پێ بەخشرا، هۆکاری ئەو ناوە ئەوە بوو پێشتر دکتۆر چیا هەبوو لەوێ شەهید کرا بوو، بۆیە هاوڕێیان ئەو نازناوەیان پێ بەخشیم، ئیدی ئەو ناوە بوو بە شانازی بۆ من.

لەوێ هەوڵم دەدا ئەو بەرپرسەکان باشتر مامەڵە بکەن و خۆیان بەسەر خەڵکیدا ڕانەدەن، چونکە من سەرسام بووم بە خەباتی چێ گیڤارا، دەمویست شۆڕشگێڕەکانی ئێمەش وابن، هەرچەندە هەوڵمدا هەندێك شت بگۆڕم، دواتر بۆم دەرکەوت کە ناتوانم، من بێ جیاوازی خزمەتی گوندی چنگیان و گورگەیەر و هەموو گوندەکانی سنووری شارباژێڕم

دەکرد، زۆر جاریش بروسکە دەکرا بۆ بارەگا، دەیانوت فلان کەس لە فلان شوێن نەخۆشە دەبوو من بچم چارەسەری بکەم.

کە وازم لە سەربازی هێنا، خاوەنی زیاتر لە (٢٥٠٠) دیناری ئەو کاتم هەبوو کە ئۆتۆمبێلێکی باشی دەکرد، بەو پارەیە دەرمان و دەرزیم کڕی هێنام بۆ پێشمەرگە و خەڵك، خەڵکی ئەو سنوورە بەلایانەوە سەیر بوو کە پارەم وەرنەدەگرت، من باوەڕم وابوو ئەوە کارێکە پێویستە لەسەر من کە ئەنجامی بدەم، نەك پارە وەربگرم، ئیدی لەلای خەڵکی ئەو سنوورە زۆر خۆشەویست بووم، چونکە بە شەو و ڕۆژ خەریك بووم، هەروەها لە گوندی چنگیان مستەوسف هەبوو، سەر بە حکومەت بوو موزەمیدێکی لێ بوو بە ناوی کاك حەمید، ئێمە دەستمان بەسەر ئەو مستەوسفەدا گرت، ئەو کاك حەمیدە لە ڕێگەی حکومەتەوە دەرمانی دەهێنا ئێمەش بەکارمان دەهێنا، زۆر جار من بە لیست دەرمانم دەنووسی و بە چەند کەسێکدا دەمنارد بۆ سلێمانی تا بنکەکەمان لە ڕووی تەندروستییەوە هێزێکی دیکەی هەبێت و نەخۆشییە جۆراوجۆرەکانی پێ چارەسەر بکەم، ئەو ماوەیە خۆشترین ماوەی ژیانم بوو چونکە خۆمم تێدا دەبینییەوە و بەو خزمەتکردنە ئاسوودە دەبووم، نزیکەی ساڵێك و نۆ مانگ لەوێ مامەوە.

لەلایەکی دیکەوە چەندین جار نەشتەرگەری بچوکی ددانم کردووە، لەوانە ددانێکم بۆ شەهید جوامێر دەرکردووە، بیرمە لەسەر تەنەکەی ڕۆن دانیشتبوو کە ددانیم بۆ هەڵدەکێشا، هەروەها لە ڕووداوێکی دیکەدا بانگیان کردم کە ژنێك نەخۆشە، کوڕە گەورەکەی هات گوتی دگتۆر فریای دایکم بکەوە هەرچەندە وابزانم تازە فریای ناکەوین و مردووە، بەس هەر وەرە لەگەڵم، منیش لەگەڵی چووم، بینیم خەڵکێکی زۆر کۆبووەتەوە و مەلا بانگ کراوە قورئانی لەسەر دەخوێنێ ئەوماڵە پڕ بوو لە خەڵك ڕێگای چوونە ژوورەوەش ئەستەم بوو، خەڵك هەمووی دەگریا و لە خۆیان دەدەن، چەندین بەتانی بەسەرەوە بوو، بە جۆرێك وەکو گۆڕیان لێ کردبوو، وایانزانی مردووە، کە بینیم زۆر تووڕە بووم، بە کابرای مەلام گوت هەمووتان بچنە دەرەوە، هەرچەندە بڕینی قورئان خوێندن بە مەلا کارێکی نەشیاو بوو بەلای خەڵکەوە، بەڵام بەجۆرێك قەرەباڵخ بوو ئۆکسجین لەو ژوورە نەمابوو چەندین بەتانی لەسەر بوو، هەموویم لابرد بینیم بە دە چرکەش

هناسـەیەك نـادات، دەسـتم کـرد بـە چارەسـەرکردنی، نزیکـەی شـەش بـۆ حـەوت کاتـژمێر مامەوە هەموو چارەکە کاتژمێرێك پشکنینی هەناسەم بۆ دەکـرد، جار لـە دوای جار باشـتر دەبوو، ئیدی کە دڵنیابوومـەوە لـەوەی دەژی، جێمهێشـت و بـۆ ڕۆژی دواتـر هاتمـەوە بینـیم باشتر بووە و بە ئارامی نووستووە، مندالەکانیم دڵنیاکردەوە کە باش دەبێت.

ئیدی من بـەهۆی گـەڕان و جەولـەوە ئـەو بابەتـەم بیرچووەوە دوای دوو هەفتـە سێ وەکو هەڵهاتووی سەربازی هاتن بۆ چنگیان، لـەوێ ژنێـك هـەبوو بـە نـاوی پـورە فـەرەح کـە ژنێکی ناسـراو بـوو لـە شۆڕشـدا، پـورە فـەرەح خانوویـەکی بـۆ خـۆم و براکـانم پێـداین، کـە لەسەر ڕێگای کانی گوندەکە بوو، بـەهۆی جیـاوازی دوو ژینگـەی بەغـداد و ئـەو گونـدە زۆر جـار تووشـی بیرکردنـەوەی قـووڵ دەبـووم، دانوسـتانەکان بـاش سـەری نـەدەگرت، بەخەمبارییەوە لەسەر سەربانی خانووەکە دانیشتیبووم، لـە پـڕ ژنێـك دەرکـەوت سـەتڵێکی گەورەی بەسەرەوە بوو هات و سەلامی لێ کردم، گوتی دکتۆر گیان بە قوربانت بم بۆچی بە خـەمباری وەسـتاوی بـیر لـە چـی دەکەیتـەوە، ئـەو ژنـە پـورە فـەرەح بـوو، منـیش گـوتم خوانەکات دایە گیان فەرمووـ؟ گوتی نامناسیتەوە؟ گوتم نەوەڵا ببورە، گوتی من ئەو کەسەم کـە مردبـووم و تـۆ زینـدووت کردمـەوە، زۆرم بـەلاوە سـەیر بـوو دوای دوو هەفتـە بتـوانێ بچێتە کانی و ئەو سەتڵە گەورەیە لەسەر سەری دابنێت، ئیدی ئـەوە بـۆ مـن جێـی شـانازی بوو، هەروەها ئەو ماڵەش زۆر خزمەتی شۆڕشیان کردبوو، ئیدی بـە جۆرێـك دڵخـۆش بـووم ناتوانم ستایشی ئەو دۆخە بکەم، ئەوەندە دڵخۆش بووم، لە دوای ئەو ڕووداوە دەنگۆی ئـەوە بڵاو بووەوە کە دکتۆرێك هەیە مردوو، زیندوو دەکاتەوە، لەو گوندە هەموو بەیانییـەك کـە هەڵدەساین لە خەو قاپی ماست و کەرە و هێلکەمان لە بەر هەیوانی ماڵەکەمان دەبینی، کـە زۆر سەیر بـوو بەلامانـەوە، بۆیـە هـەرگیز وەفـای خـەڵکی ئـەو ناوچـەیە لـە بـیر ناکـەم، لـە ڕووداوێکـی دیکـەدا ژنێکـی نـەخۆش هـات بـۆ لام گـوتی دکتـۆر تـۆ مـردووت زینـدوو کردووەتـەوە! خـۆ مـن نـەمردووم! دەبێـت چارەسـەرێکی باشـم بـۆ بکـەیت، مـن بـە قسـانە شەرمەزار دەبووم، چونکە بە زیادەڕەویم دەزانی، بەڵام ئاستی ڕۆشنبیری خەڵك وابوو.

زۆر جار بەهۆی پیشەکەوە زیادەڕەویی کولتوور و دابونەریتی خەڵکیم دەکرد، چـونکە زۆرجار پێشمەرگەمان هەبووە بەهۆی نەخۆشی سادەوە نـەهاتووە بـۆ لای دکتـۆر و شـەهید

بووە، کە ڕەنگە هەوکردنی ئاسایی بوو بێت، بۆیە بە ئاسانی چارەسەری نەخۆشی پێشمەرگەم دەکرد، لە ڕووداوێکی دیکەدا دوو پێشمەرگەمان بەهۆی بارانەوە ئۆتۆمبێلەکەیان لە چەمێکدا چەقی بوو، هێندەیان هەوڵ دابوو گیان تەڕ بوو سەرمایان بوو بوو، بەجۆرێك هێزیان لێ بڕا بوو، زۆر بە خراپی نەخۆش کەوتن، چووم چارەسەرم کردن و خۆشبەختانە زوو چاکبوونەوە.

لە کاتی دانوستاندا دوو جار لەگەڵ هەڤاڵ ئاراسی حەمەلاو بە چەکەوە چووینە ناو شاری سلێمانی، ئەو هەلەم قۆستەوە و سەردانی دەرمانخانەکانم کرد و بە پارەی خۆم دەرمانم بۆ پێشمەرگە کڕی، جلەکانم هەمووی قوڕ بوو، کاتێك بە خێرایی و بە زمانی ئینگلیزی ناوی دەرمانەکانم دەهێنا کارمەندانی دەرمانخانە سەیر بوو بەلایانەوە، بۆیە گومانیان کرد کە پێشمەرگەم، دوو پێشمەرگەش لەبەر دەرگا پاسەوانیان دەکردم، نەیان ویست پارەم لێ وەربگرن، بەڵام من ڕازی نەبووم، کابرا لە دڵسۆزیدا بە هەردوو دەستی کۆمەڵێك دەرمان و لۆکە و لەفافی هەڵگرت و خستییە کارتۆنێکەوە و گوتی ئەمە دیاریی منە، دیار بوو شانازی پێوە دەکردین، ئەو سەردانەی سلێمانی بۆ من سەرکێشی بوو، چونکە من منداڵی بەغداد بووم و شارەزا نەبووم و لە دۆخی ڕوودانی شتێکدا نەمدەزانی ڕوو بکەمە کوێ، دواتر گەڕاینەوە چنگیان، ئەو سنوورەی من شەڕی کەمتر لێ بوو ئیدی تا سەرەتای زستانی ساڵی ١٩٨٥ لەو ناوچەیە مامەوە، لە ڕووی دەروونییەوە ئەو ماوەیە ئاسوودەترین ماوەی ژیانم بوو، چونکە بە تەواوی سەربەست بووم و هیچ کەسێکیشم لە سەرووی خۆمەوە نەدەبینی، تەنانەت بە فەرماندە سەربازییەکانیشەوە.

دوای ئەوەی دانوستان هەڵوەشایەوە و بیرم لە دۆخی سیاسی کوردستان کردەوە، زانیم دۆخەکە خراپ دەبێت، بڕیارمدا بچم بۆ ئێران و چوومە کەرەج، لەوێ چەند هاوڕێیەکم بینییەوە هەر بە دکتۆر چیا بانگیان دەکردم، منیش لە ناسنامە ناوم فەوزییە، ئیدی لەو ئۆردوگایە ئاشکرابووم کە دکتۆرم، نەشم دەتوانی بڵێم دکتۆر نیم، بەڵام گوتم من شارەزاییم لەسەر ددان هەیە، ئەگەر هەرچیتان پێویست بوو ئامادەم، پێش دەرچوونم بۆ ئێران پارەم ناردبوو، سێتی پێشکەوتووی ددانم بۆ بکڕن، بۆیە لە ئێران پێم بوو، ئیدی لەوێ بە نهێنی چارەسەری کێشەکانی ددانم بۆ چەندین کەس کردووە، چونکە ئەو

ئۆردوگایە خزمەتگوزاری تێدا نەبوو، زۆر جار بە شەو دەھاتن بۆ لام و داوایان دەکرد، ددانیان چارەسەریان بکەم، لەو ئۆردوگایە دۆلاب ھەبوو، ئێمە مەترێك دەمان ھێنایە پێشەوە لە پشتی دۆلابەکە چارەسەری ددانم بۆ خەڵك دەکرد، زۆر جار لە پشتی ئەو دۆلابە نەشتەرگەریی بچوکم بۆ خەڵك کردووە تا دواجار ئاشکرابووم، بەلام کاردانەوەی خراپیان نەبوو، کاتێکیش کە ویستم بچم بۆ ئەوروپا ئەو سێتی ددانەم بە پیاوێك فرۆشت ناوی ئاغای قاسمی بوو کە بەرپرسی ئۆردوگاکە بوو، ھەر ئەویش مۆڵەتی چوونە دەرەوەی بە خەڵك دەدا، زۆر جار داوام لێ دەکرد مۆڵەت بدات بەو کەسانەی کە پێویستیان بوو، ئیدی چووم بۆ ئەوروپا، بەلام بڕوانامەم پێ نەبوو، بۆیە لە ئەوروپا داوایان لێکردم، نەمدەتوانی داوا لە کەسوکارم بکەم لە بەغداد کە بۆم بنێرن، چونکە بە ھەڵھاتوو ئەژمار دەکراین، ھەرچەندە دوو جار ھەڵیان کوتابووە سەر ماڵمان لە بەغداد، دوو خانوومان ھەبوو، ھەردووکیان پێ چۆڵکردبوون، براکانی دیکەشم لە ئۆردوگای ئێران بوون، یەکەم برام بە ناوی عەبدولکەریم پێش ھەموومان گەیشتە سوید و بەھۆی ئەوەوە ئێمەش گەیشتینە سوید و دواتر فەریدی براشم گەیشتە سوید.

دوای ئەوەی نەتوانرا بڕوانامەکەم بۆ بھێنن، من ھەر لە ھەوڵدا بووم، دوو ھەفتە ناردیانم بۆ ئەوەی بە کرداری ھەڵم بسەنگێنن، بۆیان دەرکەوت کە شارەزایی باشم ھەیە و بە ئاسانی ئەو کارەم پێ دەکرێ، بەلام بەھۆی نەگەیشتنی بڕوانامەکەوە نەیانھێشت کار بکەم و گوتیان دەبێ بۆ پێنجی ناوەندی بگەڕێتەوە، بەلام من ڕەتم کردەوە، دواتر ساڵ و نیوێك بەشی نەخۆشی دەروونیم خوێند و بووم بە دکتۆری دەروونی، دواتر مۆڵەتێکی درێژم وەرگرت، ویستم ھاوسەرگیری بکەم سەردانی سوریام کرد و لەوێ لەگەڵ کچێکی کوردی سوریا ھاوسەرگیریم کرد و سێ منداڵمان ھەیە، ئیدی بەدرێژایی ئەو ساڵانە سەرقاڵی ئەو پیشەیە بووم تا خانەنشین کرام، بە درێژایی ئەو ماوەیە و ئەزموونی شوێنە جیاوازەکان فێری زمانەکانی کوردی و عەرەبی و فارسی و سویدی و ئینگلیزی بووم، لەم ساڵانەی دوایی داوام لێکرا لە کوردستان خانەنشینی سەربازیم بۆ بکەن، بەلام من ڕەتم کردەوە، چونکە دژی ئەوە بووم کە پاداشت بکرێم، چونکە من بۆ خۆم و بۆ خەڵکم کردووە

و بە ئارەزوومەندانە کردوومە لە بەرامبەر هیچدا نەمکردووە، تەنانەت پێم باش نییە لەم دیدارەدا ناوم بهێنن، بڵێن گەنجێکی کوردی بێ ناو لە بەغدادەوە ئەو گەشتەی کردووە[٢٦].

[٢٦]– چاوپێکەوتن لەگەڵ: فەوزی فائیق تۆفیق ئەحمەد خزر بابان (د. چیا)، ٢٠٢٢/١٠/٢٨.

# قەیتەران نوری سابیر بەکر (شەهید دکتۆر هەژار)

لە ساڵی ١٩٦٥ لە گوندی کۆڕێی ناحیەی سەلاحەدین/ شەقڵاوە/ هەولێر دایکبووە، نازناوەکەی دکتۆر هەژار بووە، خوێندنی ئامادەیی تەواو کردووە و بووە بە برینپێچ، لە ساڵی ١٩٨٥ پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی ی.ن.ك کردووە، ساڵی ١٩٨٦ پەیوەندی بە ڕیزەکانی هێزی پێشمەرگەوە کردووە، چووەتە ڕیزەکانی تیپی ٩١ سەفین و لەوێ وەکو کادیری تەدنروستی و برینپێچ لە بارەگای تیپی خزمەتی تەندروستی بە پێشمەرگە کردووە.

لە ژیانی پێشمەرگایەتید بەشداری چەندین چالاکی کردووە، لەوانە: داستانی سەری ڕەش، شەڕی ١٢ ڕۆژەی سماقووڵی و سەرکردایەتی، ئەنفالی (١، ٥، ٦) لە سنووری چیاکانی کێل کێل و سەری جوانەگا و ڕەشکی بەسەر، لە کۆتاییدا تێکۆشانیدا لە هیزۆپ لەگەڵ دوو پێشمەرگەی دیکە شەهید دەکرێن و بێسەروشوێن دەکرێن، هەروەها، شەهید ژیانی هەوسەرگیری پێکنەهێناوە[٢٧].

---

[٢٧]– حەیدەر مەنتك: ئینسکلۆپیدیای شەهیدانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لە سنووری پارێزگای هەولێر.

# کامیل مەحموود ئەوڕەحمان سەلیم (دکتۆر کامیل)

لە ساڵی ١٩٥٨ لە شاری سلێمانی لەدایکبووە، قۆناغەکانی خوێندنی بەسەرکەوتوویی تەواوکردووە، پاشان لە پەیمانگای پزیشکی لە موسڵ وەردەگیرێت و لەسەر ئاستی پەیمانگاکەی بە پلەی دووەم دەرچووە، دواتر لە کۆلیژی پزیشکی وەردەگیرێت، بەڵام نووسینگەی قوتابیانی بەعسییەکان و ئیتیحادی قوتابیان یەکەم ساڵی خوێندنی تەنگی پێ هەڵدەچنن کە دەبێت ببێت بە بەعسی و واژۆ بکات، دەڵێن چ وڵاتێکی ئەورووپیت دەوێ بە زەماڵەی خوێندن دەتنێرین وەڵامی دکتۆر کامیل بۆیان جەرگبڕ دەبێت و چەند جار ملازم موحسینی تاوانبار گێچەڵی پێدەکات و پێی دەڵێت تۆ هەم چوارشانە و کەڵەگەتی و یاری ئاسن دەکەی دەبێت شەڕە بۆکسم لەگەڵدا بکەی و دکتۆریش بۆکسێکی کەمەرشکێنی تێدەسرەوێنێت و دەیخات بە زەویدا، کە هەڵدەسێتەوە پێی دەڵێت ڕۆژێك دەتکوژم.

ساڵی ١٩٧٨ پەیوەندی بە هاوڕێ کەمالی موهەندیسی پورزایەوە دەکات، کە یەکێك بووە لە لێپرسراوانی ڕێکخراوێکی کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستان، چەندین چالاکی ئەنجام داوە لەناو شاردا، لە ساڵی ١٩٨١ دەبێت بە پێشمەرگە لە هەرێمی ٩، گەر پێوویست بوو بێت گیڤارا ئاسا هەمیشە پێشەنگ بووە لە هەڵکوتانە سەر مۆڵگەکانی بەعس لە شاخ و لەناو شار گەر پزیشك پێویست بوو بێت هەگبەی پڕ لە داودەرمانی کردووەتە شان و بێباکانە و ماندوونەناسانە بە شەو و ڕۆژ خزمەتی نەخۆش و بریندارەکانی پێشمەرگە و هاووڵاتیانی لە گوندە دوور دەستەکان و شوێنە مەترسیدارەکان چارەسەرکردووە، لەسەر ئەرك و ماندبوونی خۆی و خێزانەکەی نەخۆشخانەیەکی لە گوندی باراو لە شاخ دروست کردووە و ناوی ناوە نەخۆشخانەی (شەهیدی فەرماندە دکتۆر ڕەزا).

لە تیپەکانی ٤٧ی پیرەمەگروون و ٥٧ی سە رگرمە و ٣٣ی سلێمانی وەك کادیرێکی پێشکەوتوو و فەرماندەی مەفرەزە و پزیشکێکی دەستڕەنگین و بە توانا دەستبەکاربووە و بە دانپیانانی ژمارەیەك پزیشك پێی سەرسام بوون لە شاخ و لەو بارودۆخەدا نەشتەرگەری گەورە و وردی ئەنجامداوە، جێ دەستی دیاربووە، لە هەر شوێنێك بوو بێت چ وەك پزیشك چ وەك فەرماندەیەکی بوێر و چاونەترس و خاوەن خوو و ڕەوشتی بەرز و جوان لە ناو

شۆڕش و گوند و لادێکاندا، کاتێك کارەساتی شەهیدکردنی شەهیدانی قڕگە دەبیستێ زۆر دوور دەبێت کەچی خۆی دەگەیەنێتە بریندارەکان و چارەسەریان دەکات لە زاری بریندارێکی کارەساتەکەوە، دووجار بەسەختی بریندار دەکرێت جارێك لە کاتی هاتنەوەی لە ناو شار لەگەڵ ژمارەیەك پێشمەرگە لە نزیك دەوروبەری مامەیارە دەکەونە کەمینی ژمارەیەکی زۆر لە جاش و سیخوڕ و قوات خاسەی بەعس چەندین جار پلانی بۆ دادەنێن شەهیدی بکەن شکست دێنن، بەڵام دواجار لە ساڵی ١٩٨٤ شەهید دەکرێت و دەگاتە کاروانی هەمیشە نەمرانەوە، کە ٤٠ ڕۆژ بوو هاوسەرگیری کردبوو خاوەنی کچێکە کە باوکی نەدیبوو، کە ساڵانێکە لەگەڵ دایك و هاوسەر و مناڵەکانی لە وڵاتی سوید دەژی پزیشکە و ناوی دکتۆرە ماهییە و هەڤاڵ نەوشیروان مستەفا ناوی ناوە ئەوەی شایەنی باسە شەهید دکتۆر کامیل برای ئەندازیاری تەلەفۆنات شەهیدی فەرماندە شێخ محمد دامەزرێنەر و لێپرسراوی دەزگای ڕێگاوبانی شۆڕشە و پورزای شەهیدانی فەرماندە هاوڕێ جەبار و کەمالی موهەندیس و سەلاحی موهەندیس و شەهیدان جەلال و تۆفیق و عومەر و شەهیدی پارتیزان ئاکۆ ڕەش و ئامۆزای شەهید خەسرەوی حاجی حەمەخانی بازرگانە و خاوەنی چەندین شەهیدی تری بنەماڵەکەیەتی.

دایکی دکتۆر کامیل لەلایەن پێشمەرگەوە نازناوی پورە مینای ماندوونەناس و تێکۆشەری دێرینیان پێ بەخشیبوو، زۆربەی ژیانی لە شاخ و دەربەدەری و زیندان و هەڵکوتانە سەر ماڵەکەی و داگیرکردنی ٤ خانووەکەی لەلایە ن پیاوانی ڕژێمەوە بە مانگ لە شاخ نەدەهاتەوە ماوەیەکیش لە تاران پەناهەندە بووە، پارەی خۆی بۆ پێلاو و جلوبەرگ و خواردن و دەرمان زۆر شتی تری شۆڕش خەرجکردووە[٢٨].

---

[٢٨]– لە بەڕێز حاکم حیلمی برای شەهید د. کامیل، وەرگیراوە، ٢٠٢٣/٣/١١.

## کاوان عەبدولقادر غەفوور ئەحمەد (دکتۆر کاوان)

لە ساڵی ١٩٦٥ لە گەڕەکی کانێسکانی شاری سلێمانی لەدایکبووە، قۆناغەکانی خوێندنی لە شاری سلێمانی تەواوکردووە، دواتر پەیمانگای تەندروستی تەواوکردووە، ماوەی چەند ساڵێك لە بواری تەندروستی لە شاری سلێمانیدا خزمەتی کردووە، لەو ماوەیەدا پەیوەندی هەبووە لەگەڵ ڕێکخستنەکانی ناو شاردا و بەهۆی ئەوەی لە بواری تەندروستیدا لە ئەرکدا بووە توانیویەتی چەندین جار کەلوپەل و پێداویستی پزیشکی بگەیەنێت بە پێشمەرگە، لە ڕێگەی دۆستێکی خۆیەوە بە ئۆتۆمبێل پێداویستییەکانی گەیاندووە لە گوندی هەزارمێرد لەوێشەوە ڕادەستی پێشمەرگە کراوە.

ساڵی ١٩٨٦ چووەتە شاخ و پەیوەندی کردووە بە ڕیزەکانی پێشمەرگەوە، لە شەڕێکدا لە شاخی دووبرا برینداربووە، هەواڵی بریندار بوونەکەی وا بڵاوبووەوە کە شەهید بووە، ئێمە وەکە کەسوکاری چووین بەدەم هەواڵەکەوە، کاتێك کە بینیمان بریندارە و شەهید نەبووە زۆر دڵخۆش بووین، ئەو کاتەی کە بریندار بووە گەیەنراوەتە گوندی سۆڵە و دێلێژە و لەوێ دایکی سەردانی کردووە، دکتۆر کاوان لەو ماوەیەی کە پێشمەرگە بووە ڕۆڵی دکتۆری شۆڕشی بینیوە، چەندین جار بریندارانی پێشمەرگەی تەدوای کردووە و چارەسەری پێویستی بۆ کردوون، سنووری پێشمەرگایەتی بریتی بووە لە ناوچەکانی سنووری تیپی ٥٧ی سەگرمە بووە، بەرپرسەکانی پێشمەرگە لە سنوورەکەی دکتۆر کاوان بریتی بوون لە هەڤاڵ ئازادی سەگرمە و هەڤاڵ مەحموود سەنگاویی و هەڤاڵ هیوا باڕۆیی، بەتایبەتی گوندی باڕۆی کە بۆ پشوو بۆ ئەو گوندە گەڕاوەتەوە، لە ١٩٨٨/٤/١٢ لە قەرەداغ شەهید بووە و گۆڕبزرە[٢٩].

---

(٢٩)– لە بەڕێز لەعلی ئەحمەد حەمەساڵح، براژنی شەهید کاوان عەبدولقادر وەرگیراوە، ٢٠٢٣/٢/٤.

# کاوە عەبدوڵڵا محەمەد (دکتۆر کاوە)

لە ساڵی ١٩٦٠ لە شارۆچکەی کۆیە لە دایکبووە، پەیمانگای پزیشکی بەغدادی تەواوکردووە، ساڵی ١٩٨١ پەیوەندی کردووە بە ڕیزەکانی (ی.ن.ك)ەوە، لە تیپی ٩٣ی کۆیە بووە بە پێشمەرگە و دکتۆری تیپ، لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا بەشداری دەیان داستان و نەبەردیی و چالاکی کردووە، لە ١٩٨٥/١١/١٩ لە دۆڵی خەلەکان شەهید بووە[٣٠].

هەڤاڵ ڕەهبەری سەید برایم لە نووسینێکدا چیرۆکی شەهیدبوونی دکتۆر کاوە بەمشێوازە دەگێڕێتەوە: نۆزدە چاو هەڵۆی تیپی ٩٣ی کۆیە لە ١٩٨٦/١١/١٩ بە نوێژی نیوەڕۆ لە چەقی سەر ڕێگای سەرەکی دۆڵی شاڵبەگیان چەقین، وەك مین لە کەمین، ڕووبەڕووی سوپاس دوژمندا تەقین، لە بۆسەیەکی تۆکمە و دامەزراو لە کاروانێکی سەربازی چاوەڕواننەکراو و لەناکاو، لە دەمژمێری دوو و نیوی پاش نیوەڕۆ، کاروانێکی سەربازی کەوتە بەر هەڵمەتی چنگی نۆزدە هەڵۆ، بوو بە تەقە و هێلاش لە ئاست گوندی کانی وەتمان، کاروانە سەربازەکە پڕ ئازووقە و تەقەمەنی بوو بە باتمان، لێیان هاتنە دەست و گورزێکی گەورە و دەگمەنیان لێ وەشاند، ١٩ پێشمەرگە لە ١٩ی مانگ، ١٩ ئیڤایان تێکشکاند و سوتاند، ١٩ ئەفسەر و سەرباز کوژران، ٦ کەسیان لێ بە دیلگیران، دەستکەوت ٢٣ کلاشینکۆف و دوو RBG و یەك دەمانچە و یەك ئامێری ڕاکاڵ.

لەو شەڕە خەسارەت دکتۆر کاوەی دلێر بوو، بوو بە گوڵاڵە سوورەی کۆتایی ساڵ، لەگەڵ برینداربوونی هەڤاڵ قاسم حەمە گچکەل، پێش ئەو شەڕە دکتۆر کاوە چارەی دەکرد بە تیمار و تەقەڵ، بەڵام عەجەلە و ئەجەل بران، خوێنی شەهیدان ڕووناکی چران، بۆ ئازادی و سەرفرازی، بۆ سەربەرزی مایەی شانازی، شەهیدان لە دوای مەرگ لە دایك

---

[٣٠]– حەیدەر مەنتك: ئینسکلۆپیدیای شەهیدانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لە سنووری پارێزگای هەولێر.

دەبنەوە، لە یاد و ویژدان دەژین، هەرگیز لە بیر ناچنەوە، چاك نووسین واتە چاك و پاك و ماك بیرکردنەوە، ئەوەی شایەنی گێڕانەوە بێت دەبێت وەك خۆی بیگێڕینەوە، بە جوانی و سروشتی و دروستی شیبکەینەوە، ڕۆژانی هەڵوێست و جوامێری و خۆنەویستی بەبیر بهێنینەوە، باڵندەی دیکە هەیە دەفڕن بەرزتر، بەڵام وەك هەڵۆ چنگبەگڕ نین، نە بەهێزتر.

ڕاستە دکتۆر کاوە ناونرابوو بەناوی کاوەی ئاسنگەر چەکوش و بەرکۆشی پێ نەبوو، پێی بوو چەك و هەگبەی پڕ دەرمان و شریقە و چارەسەر، ناسرا بوو بە کاوەی دلێر، جوامێر و شێر و بوێر، چوست و چالاك و بە دەستوبرد، بۆ خەڵك و پێشمەرگە بووبووە دارگورد و پرد، دەرچووی پەیمانگای پزیشکی بوو، لە کاری دکتۆری و چالاکی پێشمەرگانە پشکی بوو، نموونە بوو لەو جۆر، پێشمەرگە و دکتۆر، لەگەڵ دکتۆر هۆشمەنگ عەبدولکەریم ناسراو بە دکتۆر شالاو، یەکەم خەستەخانەیان دانا، لە ناوچەی ڕزگارکراو، لە دۆڵە ڕەقە لە ناو گوندی پڵینگان، لە سنووری هەرێمی چواردەی ناوشێر و پڵینگان بە هیمەت و هاوکاری فەرماندەی هەرێمی چواردە، سواراغای عەباس ئاغای سەرکەپکان، بووبوونە هێمای مرۆڤایەتی لە ناوجەرگەی جەماوەر، وره و هیوا لە هێرش و شەڕەکان، بۆ نەخۆش و بریندارانی پێشمەرگە و جەماوەر، قەڵا و ئومێد بوون بۆ تیمار و چاککردنەوە و چارەسەر، مرۆڤی سەرکەوتوو قەد ناکرێ قوفڵ، پەنجەرەی نوێ دەکاتەوە بۆ تیرۆژ و دیمەنی گوڵ، گوڵچن لە دڕك ناترسێ، لە ئازار و ماندووبوون ناپرسێ، کە حەزرەتی نوح کەشتیوان بێ، هێندە مەترسی نییە لافاو، هەموو گوڵێك جوانە، بەڵام گوڵ بۆنی نەبێ نابێ بە گوڵاو، پشتت کێو بێ، با دوژمن دێو بێ.

دکتۆر کاوە لە دڵێکی پڕ سۆز و سوتاو، لە جەستەیەکی بەهێز و چەسپاو بە پاکی بێ باکی بە چاکی بە چالاکی، کەوتە ناو خەباتی پێشمەرگایەتی و کوردایەتی، بە گیانی سۆز و ویژدانی دکتۆری میهرەبان و مرۆڤایەتی، لە بن پەڕی هەور و ساماڵان دۆزرایەوە، بە دکتۆری تیپی ٩٣ی کۆیە گیرسایەوە، بە دروشمی کەم بژی و شێر بژی، نەك زۆر بژی و لە ژێر بژی، بە دەرزی شریقە و شرقەی تفەنگ سەلماندی بە کردەوە، خەستەخانەی شەهید

دکتۆر خالیدی لە گوندی کانی کوردە کردەوە، بووە یەکەم تیپ خەستەخانەی هەبێ، پێداویستی نەخۆش و دەرمانخانەی هەبێ، خۆی چارەسەر و تیمارکەری برینان بوو، بۆ پێشمەرگە و خەڵك چارەسەر و دەرمان بوو، دایك و کەسوکاری پێشمەرگە دڵ و دەروون و چاویان کەوتبووە دەست و کەژان، لە هەر هەواڵ و ڕووداوێك ڕادەچڵەکین و دەشڵەژان و دەهاتنە هەژان، دایکە جگەرسووتاوەکەی ئامینە خان لە ساڵرۆژی شەهیدبوونی، لە هەمان ڕۆژ و کات دڵە برژاوەکەی لە لێدان کەوت ١٩٩٧/١١/١٩ بە وەفاوە کردی وەفات.

دکتۆر کاوە لە کن نۆزدە شەهیدەکەی داستانی قوڕە بەرازە نێژرا، لە داخی شەهیدبوونی، ئاخی بۆ هەڵدەکێشرا، فرمێسکی بۆ ڕێژرا، پاش شەهیدکرانی لە دەم زێ، فەتاح تەپڵ هەواری تازە، بۆ خۆشەویستی و ڕێز و وەفا، بۆ ئەو مەبەست و نیازە کتێبخانەیەکی بۆ کراوە بە ناوی شەهید دکتۆر کاوە، بەڵام لە ئەنفالەکان ئەنفالکرا، کتێبەکان سووتێنران و جێیەکە تێکوپێکدرا، بۆیە دیسانەوە لە ناو شاری کۆیە، لە شوێنەواری قشڵە، کتێبخانەی شەهید دکتۆر کاوە دامەزرایەوە و ڕازایەوە لە جوانی و جۆری کتێب چەپکە گوڵە، ئەو نۆزدانە هەڵبەستراو نین و ڕاست و دروستن، بۆ لاپەڕەی مێژوو بایەخدار و جێی سەرنج و پێویستن، چاوەکان چەند گەورە بن ناتوانن یەکتر ببینن، خۆشەویستان نزیك بن یان دوور لە ناو دڵان شیرینن، بە هەور و بە سایەقە گوڵ هەر گوڵی لایەقە، شەهیدەکان هەرگیز نابێ سارێژ، یادیان بەخێر و بەڕێز و دڵبرێژ[٣١].

[٣١]– ڕەهبەر سەید برایم: زنجیرە وتاری عەسرەچا، ژمارە ١٠.

## کاوە عەبدوڵڵا محەمەد سلێمان (دکتۆر کاوەی عەبدوڵڵا شۆڕش)

کـاوە عەبـدوڵڵا یـان کـاوەی پـورە فاتـە، هەنـدێکجاریش دکتـۆر کـاوە مرۆڤێکـی ڕووحسووکی جوانی پەپوولەئاسا بوو، ساڵی ١٩٥٨ لە دایکبووە، ئەو هەرچەندە لـەم ساڵانەی دواییـدا کۆچی دوایـی کـردووە، بـەڵام لای مـن هـەر جوانەمەرگـە، ئێمـە لـە گـەڕەکی کـانی عاشقانی شاری هەڵەبجەی شەهید یەکدیمان ناسی، ئیدی ئالودەی یەکدی بـووین، وەکـو دوو بـرا زۆربـەی کاتـەکانی ڕۆژ پێکـەوە بـووین، ڕۆژ هـات و مـانگ ڕۆیشـت و سـاڵ هـات و سـاڵ ڕۆیشت شۆڕشـی ئـەیلول هەرەسـی هێنـا و نائومێـدی بـاڵی بەسـەر کوردسـتاندا کێشـا، بـۆ ماوەیـەکی کـورت هـەموو خـەڵکی کوردسـتان، وەکـو ئـەوەی خـۆڵ و دۆی بەسـەردا کرابێـت ماتومەلول بوون.

پیـاوانی ڕژێمـی گـۆڕکراویش بـە چـەپ و ڕاسـتدا هـەوڵیان دەدا بـۆ بەبەعسـیکردنی خـەڵکی سـاویلکە و نیـازە خراپـەکانیان پیـادە دەکـرد، لـەم سـەروبەندەدا تروسـکەیەك پەیدابوو، خەڵکە شۆڕشگێڕ و کۆڵنەدەرەکە کە بڕوایان بە خەبات و تێکۆشان هـەرگیز لـەق نـە دەبـوو، لـە پێنـاوی کوردسـتاندا کەوتنـەوە جموجـۆڵ، دانـە دانـە و پـۆل پـۆل گـەنجانی شۆڕشگێڕ کەوتنە خۆکۆکردنەوە، لە ڕێکخراوی کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستان کە لـەو کاتەدا لە هەڕەتی گەرموگوڕی و تێکۆشانیدا بوو، لە هەموو کوردستاندا بەتایبەتی لە شاری سلێمانی و بە تایبـەتتر لـە شـاری هەڵەبجـەدا لانکـەی شۆڕشـگێڕان و ڕۆشـنبیران، پەیوەنـدی یەك یەك و دوو دوو دروست بوو.

کاوەی جوانەمەرگیش سەرەتای لاوێتی بوو، بێ باوك و بێ برا و بێ خوشك بوو، تەنها دایکێکی میهرەبانی ڕووسووری هەبوو، کەم دەرامەت بوون، کاوە خۆی بـۆ نـەگیراو زوو زوو خۆی خزاندە ئەڵقە ڕۆشنبیرییەکانی کۆمەڵـە و دەسـتی بـە خـەبات و تێکۆشـان کـرد، بـەڵام

خەبات و کارکردن لەو ڕۆژەدا هەروا سووك و سانا نەبوو، کوڕی خۆی دەویست، هەزارانیش هەبوو دەیانگوت دەست دەگرین بە کلاوی خۆمانەوە با، با نەیبات، بەلام کاوە و ئێمە و هەزارانی وەکو کاوە دروشمی کەم ژیان و کەڵ ژیانمان هەڵکرد (با)مان وەستاند، ئیدی کاوە وەکو پەپوولە لەم گوڵ بۆ ئەو گوڵ دەخولایەوە، ماندووبوونی نەدەزانی، بیرو بۆچوونی کۆمەڵەی دەگەیاندە خەڵك و جۆشی دەدان بۆ خەبات، پورە فاتەش دایکە خێرنەدیوەکەی کاوە بڕستی لێ بڕابوو، هەمیشە دەستی لەسەر دڵی بوو، دەیگوت حەمە گیان کاوە یەك کاوەیە، تەنها ئەوم هەیە، بەعسیش زۆر دڕندەیە، منیش دەمگوت پورێ گیان ئینشائەڵڵا هیچ نابێت.

دکتۆر کاوە لە ساڵی ١٩٧٩ پەیمانگای پزیشکی هونەری بەشی دەرمانسازی بەغدادی تەواوکرد، زۆربەی دەرمان و پێداویستییە پزیشکییەکانی بۆ هێزی پێشمەرگەی ناوچەی هەڵەبجە و شارەزوور و هەورامان و بەشێك لە شارباژێڕ و بەری قەرەداغ دابین دەکرد، دواتر یەك لە دوای یەك پلەکانی ڕێکخستنی بڕی و بوو بە لێپرسراوی ژنان و کچانی هەڵەبجە و ئەندامی شانەی سەرەکی شەهید فاتیح، زۆربەی بریندارەکانی شەڕەکانی ناوچەی هەڵەبجە و شارەزوور و هەورامان دکتۆر کاوە بێ سڵەمەینەوە لە هیچ شتێك چارەسەری بۆ دەکردن.

بەلام دواجار نەخۆشی ڕێگەی نەدا دکتۆر کاوە درێژە بە ژیانی بدات، لە ماوەیەکی زۆر کەمدا بووە هۆی مەرگی کاوەی ڕووحسووك، تاقانە و خۆشەویستی هەمووان، لە ٢٠٠٩/٩/١٩ ماڵئاوایی لێ کردین، دوای ئەم ڕووداوە پورە فاتەش تووشی نەخۆشی بوو، چونکە دکتۆر کاوە پارچەیەك لە جەستەی بوو، تا نووسینی ئەم چەند دێرەش لە جێگادا کەوتووە، بێ زمان و بێ هۆشە، چاوەڕوانی سەفەرە بۆ لای کوڕە تاقانەکەی، هەزاران سڵاو

لە گیانی کاوەی جوانەمەرگ، لە دوای خۆی چوار منداڵی بۆ بەجێهێشتین، دڵنیام ئەو ڕێچکەیەی کاوە هەرگیز بەرنادەن. [٣٢].

[٣٢]– لە هەڤاڵ حەمەی حاجی شەریف هەڵەبجەیی، ئەندامی ڕێکخراوی شەهید وەستا ئەنوەر، ڕێکخستنە دێرینەکانی ی.ن.ك، ٢٠٢٣/١/١.

# کەریم ڕەحمان سەلمان عەزیز (برینپێچ)

ساڵی ١٩٥٧ لە شاری خانەقین لە دایکبووم، تاکو پۆلی سێی ناوەندیم خوێندووە و لە ساڵی ١٩٧٩ تەواوم کردووە، باوکم لە کۆمپانیانی KOD کارمەند بوو، لە گوندی بان میل دادەنیشتین، ئەو کات ئەوەی مووچەی هەبووایە دۆخی باش بوو، دواتر چووینە شاری خانەقین، لە تەمەنی ١٧ ساڵی و لە ساڵی ١٩٧٤ چووم ببم بە پێشمەرگە، پێیان گوتین ئێوە گەنجن بچنەوە بخوێنن، لە ئێستادا پێشمەرگە زۆرە، ئێمەش دوای هەفتەیەك گەڕاینەوە، هاتینەوە تا لە گەرمیان ببین بە پێشمەرگە ئەو کات هەڤاڵان مەلا بەختیار و عیماد ئەحمەد سەرقاڵی کاری قوتابیان بوون، ئەوانیش گوتیان بچنەوە لە ئۆردوگا بخوێنن و جارێ گەنجن، ئیدی گەڕاینەوە تا ئاشبەتاڵ ڕوویدا و بە شەو دەستم کردەوە بە خوێندن و لە سلێمانی خوێندنی ناوەندیم تەواو کرد، من لە شارەدێی زەڕایەن کارم دەکرد و بە شەو لە سلێمانی دەمخوێند، لە ساڵی ١٩٨٠ کراین بە سەرباز لە بەسرە بۆ ماوەی دوو ساڵ مغاویر بووین، تا ١٩٨٢ بەردەوام بووم.

لە ساڵی ١٩٨٢دا بە مەبەستی بوون بە پێشمەرگە، چوار کەس بووین هاتینەوە لە عەربەتەوە چووین بۆ شارباژێڕ و دواتر بۆ سەرکردایەتی ی.ن.ك تا گەیشتینە ناوزەنگ و بووین، چووینە بارەگای هەڤاڵ عەلی شامار کە کاتی کۆنفرانس بوو، بۆ یەکەمجار مامە ڕیشەم لەوێ بینی، هەڤاڵ مەلا بەختیار نووسراوی بۆ لای هەڤاڵ ملازم عومەر بۆ کردین تا ببین بە پێشمەرگە، گوتیان دەتانەوێت لە کوێ ببن بە پێشمەرگە، گوتمان گەرمیان، ئیدی بۆ گەرمیان نووسراویان بۆ کردین.

یەکێکمان بە ناوی هەڤاڵ ئازاد خانەقینی کە هونەرمەند بوو، لە سەرکردایەتی مایەوە و ئێمە گەڕاینەوە بۆ گەرمیان، بە ڕێکەوت لە ڕێگا هاوڕێیەکی خانەقینیم بینی لە کەرتی

٥ی تیپی ١٥ی شارەزوور بوو بە ناوی مەحمود خانەقینی بوو، بارەگایان لە ڕەزڵە بوو، دوای پرسیار کردن، داوای کرد نەچین بۆ گەرمیان و لەگەڵ ئەو بین، من ڕازی بووم لەگەڵ ئەو مامەوە، بەڵام دوو هاوڕێکەی دیکەم گەڕانەوە خانەقین و ڕادەست بوونەوە، منیش لە تیپی ١٥ی شارەزوور تا دانوستان مامەوە، لە کاتی دانوستان لە قەراغەوە چووم بۆ مامەندە بۆ لای هەڤاڵ مەلا بەختیار تا نووسراوی گواستنەوەم بۆ بکات، ئیدی بە ناسنامەی تەزویرەوە لە سلێمانییەوە گەیشتمەوە قەرەداغ.

لە قەرەداغ بووم هەواڵ هات شەڕێك لە گەرمیان ڕوویداوە، پێشمەرگەیەك کە ئەفسەر بووە شەهید بووە، منیش برایەکم هەبوو پێشمەرگە بوو ئەفسەریش بو، ئیدی گومانم نەما کە براکەی منە، گوتیان شەڕێك لە سەید خەلیل لە گەرمیان ڕوویداوە، هێزەکەش هێزی هەڤاڵ عەلی شامار کە ١٧ پێشمەرگە بوون لە بەیانی ڕۆژێك تا ئێوارە بەرگرییان کردبوو، نەیانهێشتیبوو گوندەکە داگیر بکرێت، یەکەم فیشەك بەر هەڤاڵ عەلی شامار کەوتبوو، ژمارەیەك پێشمەرگە بریندار بووبوون، نزیکەی ٣٠ تا ٤٠ سەربازی حکومەت کوژرابوون، ئیدی گومانم نەما کە براکەی منە، کە ناوی هەڤاڵ ملازم ڕەحیمە، سەرەتا پێیان نە وتم، دواتر بۆم ڕوون بووەوە کە ئەوە شەهید بووە.

ئیدی من چەکەکەی شەهید ملازم ڕەحیمم هەڵگرت و چوومە هێزەکەی هەڤاڵ عەلی شامار و لەگەڵ ئەو مامەوە، تا بوو بە جێگری تیپی ٥١ گەرمیان کە هەڤاڵ مەحمود سەنگاوی سەرتیپی بوو، ئیدی ماوەیەك لەسەر جیهاز بووم، ماوەیەك چوومە کەرتی ٣ی تیپی ٥١ کە هەڤاڵ عومەر سەنگاوی فەرماندەی کەرت بوو، چەندین پێشمەگەی خانەقینیمان لەگەڵ بوو، ماوەیەك لەگەڵ دکتۆر ڕەحیم لەوێ مامەوە، لەوەوە فێری چەندین کارس تەندروستی و برینپێچی و تەداوی بووم، تا دکتۆر شێخ عەبدوڵڵا و دکتۆر جەمال هاتنە تیپەکە، کە لە ڕێکخستنەوە هاتبوون، هەروەها پزیشکێکی دیکەمان لابوو

عەرەب بوو بەناوی (ئەبو دنیا) خەڵکی بەسرە بوو، لێرەوە من لەم سێ دکتۆرەوە فێری کاری تەندروستی بووم، زۆرم سوودم لێیان بینی، کە لە ڕێکخستنەوە هاتبوون.

هەرچی کاری تەندروستییە، زۆرجار خەڵکی گوندنشینان خوێنیان دەدا بە پێشمەرگەی بریندار، هەروەها ئێمە ڕەچەتەی نەخۆش و بریندارمان دەنووسی و لە شارەوە بۆمان دەهات، یان بە یاساغ یان لە ڕێگەی ڕێکخستنەوە بۆمان دەهات، لە چالاکییەکیشدا دەست گیرا بەسەر بنکەی تەندروستی سەنگاودا چەندین دەرمان و پێداویستی تەندروستیمان بۆ هات، بەشێکی نێردرا بۆ نەخۆشخانەی بەلەکجاڕ، لە داستانی ڕزگاری لە گوندی پیرکە هەڤاڵ سەید ئەحمەد کە پێشمەرگەیەکی قارەمان بوو، بە سەختی بریندار بوو، خوێنێکی زۆری لێ ڕۆیشت، لەوێ تەداویم کردوو چارەسەرم کرد، ئێمە ٤٥ ڕۆژ لەسەر شاخی پیرکە ماینەوە و گەڕاینەوە.

دواتر دەستمان گرت بەسەر چەرمەگادا، لەوێ پێشمەرگەیەکی قەرەداغ بەسەختی بریندار بوو، بیرمە لەگەڵ دکتۆر شێخ عەبدوڵلا چارەسەرمان کرد و دامانەوە بە هێزەکەی خۆی، ئیدی ئێمە بۆ دواوەی شەڕەکە پاشەکشەمان کرد، لە ڕووداوێکی دیکەدا لە گەرمیان هەڤاڵ ڕەئووف یاسرکە فەرماندەیەکی پێشمەرگە بوو، بریندار بوو، تەداویم بۆ کرد و بردم بۆ نەخۆشخانە بەلەکجاڕ بۆ لای دکتۆر فائیق تا چارەسەری تەواوی بۆ بکەن،

لە ئەنفالیشدا تیمی نەخۆشخانەی قەرەداغ هاتن بۆ گەرمیان لەو ناوچانە دەستمان کرد بە جەولە، لەوێ مینێك بە هەڤاڵ جاسم وەستا شەریفدا تەقی، قاچی بریندار بوو، ئێمە چارەسەرمان کرد، هەروەها هەڤاڵ ئەبو فەلاحی کفری مینی پێدا تەقی و قاچی بەرکەوت، لەگەڵ دکتۆر فائیق و چەند کەسێکی دیکەدا بە مشاری ئاسن بڕ قاچیمان بڕییەوە، بۆیمان دوورییەوە و تەداویمان کرد و بەرەو سەرکردایەتی ڕەوانەمان کرد.

لە کاتی ئەنفال لە گوندی عەسکەر و گۆپتەپە بەر چەکی کیمیایی کەوتم، بەڵام دوور بووم کاریگەرییەکی کەمی لەسەرم هەبوو، لەماوەی پێشمەرگایەتیدا تا پلەی ئەندامی فەرماندەیی گەرمیانم بڕیوە، لێپرسراوی کارگێڕی تیپی گەرمیان و شارەزوور بووم، لە کاتی ئەنفالدا چووینە ئێران و تا ڕاپەڕین ماینەوە، دواتر لە شەڕی ناوخۆ بریندار بووم، لە ساڵی ٢٠٠٢ خانەنشین کرام[٣٣].

[٣٣]- چاوپێکەوتن لەگەڵ کەریم ڕەحمان سەلمان عەزیز، ٢٠٢٢/٨/١.

# کەمال جەوهەر کەریم (شەهید دکتۆر هیوا)

لەو دیوی سەفین تەنها هیوایەك هەبوو بە کۆڵەپشتی پڕ دەرمان و کەلوپەلی سادەی نەشتەرگەری خۆی دەکرد بە ماڵە هەژارەکان و بە بارەگا بچووکەکاندا، ئەویش شەهید دکتۆر هیوا بوو، لە ۱۹۵۹/۱۲/۳۱ لە هاوینەهەواری دڵڕفێنی سەڵاحەدینی سەر بە پارێزگای هەولێر لە خانەوادەیەکی کوردپەروەر چاوی بە دونیا هەڵهێناوە، لە سەرەتای ساڵی ۱۹٦۰دا باوکی و باپیری و خاڵی (شەهید سدیق عەلی کوێخا قادر) پێشمەرگە بوون و عەلی کوێخا قادری باپیری سەرپەرشتی هێزێکی کردووە لە سنووری خۆشناوەتی و یەکەم شەهیدی خانەوادەکەش خاڵی دکتۆر هیوایە کە ئەویش (شەهید سدیق عەلی کوێخا قادر)ە، کە تاقانەی هەشت خووشك بووە، لە ئاداری ساڵی ۱۹٦۳ شەهید دەبێت.

دکتۆر هیوا خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە کۆڕێ و مەسیف سەلاحەدین تەواوکردووە، ئامادەییش لە هەولێر، بەهۆی ئەوەی باوکی پێشمەرگە بووە، لە سۆزی باوکایەتی بێبەش بووە، خاتوو جەمیلەی دایکی شوێنی باوکی بۆ منداڵەکانی گرتووەتەوە، لە ساڵی ۱۹۷٤ دکتۆر هیوا خوێندکاری ناوەندی بووە، خێزانەکەی ڕوو لە چۆمان دەکەن و لە بۆردومانەکەی پردی گەلاڵە لە ۲٦ی نیسانی ۱۹۷٤ برا گەورەکەی و ئامۆزایەکی بەناوی ساڵح جەوهەر کەریم و ڕەحمان حەسەن کەریم شەهید دەبن، بەهۆی سەختی بۆردومانەکەوە تەرمەکانیشیان نەدۆزراوەتەوە، دواتر بەهۆی نسکۆی شۆڕشی ئەیلولەوە بنەماڵەکەی ئاوارەی ئێران دەبن و دواتر بۆ مەسیف سەڵاحەدین دەگەڕێنەوە.

ساڵی ۱۹۸۲ دکتۆر هیوا خوێندنی پزیشکی تەواو دەکات و لە نەخۆشخانەی پیر داود دادەمەزرێت و پاشانیش دەگوازرێتەوە نەخۆشخانەی مەسیف، شەهید بەهۆی هەستی کوردانەی خۆی و پەروەردەی خانەوادەکەی ئاوێزانی خەبات دەبێت، بۆیە لە هاوینی ۱۹۷۸ پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە دەکات و چالاکانە و بوێرانە ئەرك و فەرمانەکانی جێبەجێ دەکات لە ڕێکخستنی خەڵك و بەدەستهێنانی زانیاری گرنگ لەسەر دوژمن و نۆکەران و تۆمارکردنی دەنگی خۆپیشاندەرانی ساڵانی هەشتاکان و ناردنی بۆ ئێستگەی دەنگی گەلی کوردستان، دوای بڕینی ماوەی ئەڵقەی ڕۆشنبیری بەسەرکەوتوویی

دەبێتە لێپرسراوی کۆمەڵە لە مەسیف سەلاحەدین، لە ٢١ی ئابی ١٩٨٢ لەگەڵ هەڤالان کۆسرەت ڕوسووڵ و شەهید بەهرۆز قەشقە و دکتۆر ڕێبوار هاوسەفەر دەبن بۆ بەشداری لە کۆنفرانسی دووی کۆمەڵە، لە هۆڵی شەهید شیهابی شێخ نوری لە بارەگای ناوەندی کۆمەڵە لە ناوزەنگ گرێدرا.

دکتۆر هیوا یەکێك بووە لە کادیرە هەرە تێگەیشتوو و بەتواناکانی ی.ن.ك، پلەکانی ڕێکخستنی بەخێرایی بڕیوە، کادیرێکی فیکری و جەماوەری بەتوانا و ئازا و نهێنی پارێز بووە، لە ساڵی ١٩٨٤ بەهۆی چاودێریکردنییەوە خۆی و خێزانی کچ و کوڕەکەیەوە پەیوەندییان بە هێزی پێشمەرگەوە کرد و لە سەرتاپای گوندەکانی بالیسان و دۆڵی خۆشناوەتی و بەڕانەتی خزمەتی کردووە، لەم گوند بۆ ئەو گوند بەخۆی و خێزانییەوە لە گەڕاندا بوون، دواتر دوو کچی دیکەی لە شاخ لە دایك دەبن و کوڕێکیشی لە ئاوارەیی لە ئێران لە دایك دەبێت، لە پێشمەرگایەتیدا پێشمەرگەیەکی خۆشەویست بووە لە ناو ڕیزەکانی پێشمەرگەدا، بە وتەی هاوسەنگەرانی دکتۆر هیوا لەگەڵ هەڤالانیدا جیاوازی هەبووە، بەگوێرەی ئەوەی شارەزایی لە بنەما فیکرییەکان و ڕێکخستن و تەندروستیدا هەبووە، جەختی لەوە دەکردەوە کە پێویستە زیاتر پابەند بێت بەو بنەما فیکری و ڕەوشتیانەی کە لەسەری دامەزراوە، لە ساڵی ١٩٨٤ – ١٩٨٥ پزیشکی تیپی بەڕانەتی بووە.

بە گوێرەی وتەی هەڤاڵ ئاسۆ مامەند دکتۆر هیوا لە یەك کاتدا کادیری تەندروستی تیپ و پێشمەرگە و کادیری ڕێکخستن بووە، بەگوێرەی وتەی هەڤاڵ بورهان سەعید سۆفی دکتۆر هیوا لە داستانی سەری ڕەش پێشی پێشمەرگەکان کەوتووە، دوای ئەوەی پێی گوتووە تۆ پێش مەکەوە تۆ پزیشکی پێویستە ئاگات لە خۆت بێت تا لە کاتی برینداری چارەسەرمان بکەیت، ئەویش گوتوویەتی من دکتۆر نیم، بەڵکو پێشمەرگەم، هەروەها ئاگاداری دۆخی هەر پێنج کەرتەکەی تیپی ٨٥ی بەڕانەتی بووە، هەر کەرتێك چالاکی هەبووایە لەگەڵیان دەچوو، لە هەمووشیاندا لە دەستەی هێرشدا بووە، چەندین جار لەلایەن هەڤالانییەوە لە سەرکێشییەکانی ئاگادارکراوەتەوە، بە وتەی هەڤاڵ بورهان، دکتۆر هیوا ئازایەتییەکی

دەگمەنی هەبووە، زۆر جار کە چوون بۆ چالاکی لێیان شاردووەتەوە، کەچی دکتۆر هیوا پێی داناون و چووە لەگەڵیان، بڕیاری دابوو لە هەموو هێرشەکاندا ئامادە بێت.

ژیانی ئەشکەوت و گوندە بێ خزمەتگوزارییەکان و هێرشی دوژمنی پێ باشتر بووە لە ژیانی بندەستی بەعسی داگیرکەر، بەوپەڕی دڵسۆزیی و لە خۆبردووییەوە بەشداری تەواوی چالاکییەکانی سنووری کردووە، کۆتایی دانوستان و لە ١٩٨٤/١٢/٢٥ هەڤاڵ بورهانی سەعید سۆفی بە سەختی بریندار دەبێت، دکتۆر هیوا بۆ ماوەی ٢٥ ڕۆژ لە ماڵی شەهید دیاری مەلا شێخ محەمەد ئاژگەیی چارەسەری دەکات، دواتر بڕیاردرا هەڤاڵ بورهان بۆ شوێنێکی هەولێر بە نهێنی بەمەبەستی چارەسەر بگوازرێتەوە، بەڵام دکتۆر هیوا ڕێگەی نەداوە و گوتویەتی خۆم چارەسەری دەکەم، تەنانەت بەهۆی کەمی کەرەستەی پزیشکییەوە شیشی تفەنگی کلاشینکۆفی بەکارهێناوە و زۆر نەترسانە چارەسەری کردووە.

بە وتەی هەڤاڵ نەهرۆ سەعید سۆفی دوای ئەوەی بارەگاکانیان بۆ دۆڵی سماقووڵی گواستووەتەوە، بارەگای تیپی ٨٥ چووەتە گوندی زیارەت، دکتۆر هیوا ماڵی بردووەتە گوندی زیارەت، دوو جار لە شاری هەولێر حکومەت مام جەوهەری باوکی دکتۆر هیوا ناچار دەکەن کە بچێت دکتۆر هیوا پاشگەز بکاتەوە و خۆی ڕادەست بکاتەوە، بەڵام دکتۆر هیوا هەرگیز ڕازی نەبوو، باوکیشی بەهۆی فشاری ئەمنەوە داوای لێ کرد، لە ڕاستیدا ئەویش بڕوای بە بەڵێنەکانی ڕژێم نەبوو، مام جەوهەر گوتی یان دەبێت منیش ببم بە پێشمەرگە یان تۆ پاشگەزبیتەوە، دکتۆر هیوا داوای لە باوکی کرد ببێت بە پێشمەرگە.

بە وتەی هەڤاڵ سەیفەدین عەلی کە پێشتر لە دوورەوە ناوبانگی دکتۆر هیوای بیستووە، کاتێك لە ساڵی ١٩٨٦ دکتۆر هیوا وەك ڕابەر سیاسی گوازراوەتەوە تیپی ١٩ی کۆڕەك، دکتۆر هیوا گەورەتر بووە لەو ستایشەی کە لە دوورەوە کراوە، شەو و ڕۆژ لە خزمەتی پێشمەرگە و هاوڵاتیاندا بووە، جێگەی ڕەزامەندی هەموو لایەك بووە، لە شەڕەکانیشدا بێ گوێدانە ئەوەی کە دکتۆرە و ڕابەر سیاسییە بەشداری کردووە. بە وتەی هەڤاڵ ڕێبین سۆفی دکتۆر هیوا هەموو مەرجەکانی ڕابەری سیاسی لە خۆشەویستی و خۆنەویستی و خاکی بوون تێدا بووە، بە ئاسانی شوێنی خۆی لە دڵی هەڤاڵانیدا دەکردەوە، زۆر دڵسۆزی کوردایەتی و

پێشمەرگایەتی بووە، بەردەوام سەردانی کەرتەکانی کردووە، کادیرێکی خۆنەویست بووە لە ڕێکخستنی شەڕەکاندا خۆی لە دەستەی هێرش دادەنا و پیاوێکی ئازا بوو، ئەگەر بریندار هەبووایە چارەسەری دەکرد و بەردەوام چەك و کۆڵەپشتی پێ بووە، ئەگەر برینداره‌كه پێویستی بە نەشتەرگەریی هەبووایە لە نەشتەرگەرییەکەشدا بەشدار دەبوو.

بە وتەی هەڤاڵ ڕزگار هاودییانی، دکتۆر هیوا هەمیشە هەوڵی تێگەیشتن و پێگەیشتنی خەڵکی دەدا، چونکە هاوکات ڕۆشنبیر بوو هەم دڵسۆزیش بوو، لە کۆبوونەوەکاندا ڕۆڵی گرنگی گێڕاوە، بە وتەی هەڤاڵ حاجی مەسیفی لە هێرشی حکومەت بۆ سەر گوندی زیارەت هێندەی نەمابوو خێزانی دکتۆر هیوا بکەوێتە دەست ڕژێم لەو کاتەی کە سەرقاڵی ئامادەکردنی خواردن بووە بۆ پێشمەرگە، بە وتەی هەڤاڵ وەرزێر خدر هەموو دەوروبەری دکتۆر هیوا لە مامەڵە کردن لەگەڵیدا زۆر ئاسوودە بوون، بە وتەی هەڤاڵ ئاسۆ مامەند دکتۆر هیوا بەشداری هەموو شەڕ و چالاکییەکانی سێزدە ڕۆژە و سەرکردایەتی و سنووری تیپی بەڕانەتی و دواتریش کۆڕەکی کردووە، هیچ شەڕێك نەبووە بەشدار نەبێت، چەندین پێشمەرگەی لە مردن ڕزگار کردووە، تفەنگەکەی بە شانییەوە بووە کە برینداری چارەسەر کردووە، بە وتەی هەڤاڵ حاکم قادر دکتۆر هیوا کادیرێکی ڕاستگۆ و دەستپاك بووە، بە باوەڕەوە ڕێکخستن و پێشمەرگایەتی دەکرد، خاوەنی ئامانجی ڕەوا و خەونی ڕزگاریی گەلی کوردستان بوو.

تا ئەو کاتەی بە بڕیاری سەرکردایەتی پاشەکشە بە هێزی پێشمەرگە لە سماقووڵی دەکرێت، دکتۆر هیوا بە خێزانەوە دەچنە ئێران و ماڵەکەی دەبێتە دیوەخان بۆ پێشمەرگە و هەمیشە ئارەزووی دەکرد سەردانی بکەن، لە ساڵی ۱۹۸۹ بەهۆی سەختی ژیان ڕوو لە وڵاتی پاکستان دەکەن و لە ساڵی ۱۹۹۰ لە پاکستان دەگیرسێنەوە و ژیانێکی دژوار و سەخت دەگوزەرێنن، هەرچەندە چاوپێکەوتنی U.N دەکەن، بەڵام هیچ وڵاتێك وەریان ناگرێت، بە وتەی هەڤاڵ برزۆ ئیسماعیل: دکتۆر هیوا لە پاکستان لەگەڵ چوار هەڤاڵیدا کۆمیتەیەك بە

ناوی (کۆمیتەی دۆستایەتی نەتەوەیی کورد)[٣٤]، ئەندامەکانی بریتی بوون لە هەڤالان: دکتۆر هیوا، برزۆ ئیسماعیل، قوباد، ئازاد وەرتی و مامۆستا شێرکۆ، دادەمەزرێنن، بۆ ئەوەی سەرپەرشتی داخوازییەکانی پەنابەران بکات بۆ کۆچ کردن و دابینکردنی پێداویستییەکانیان، دکتۆر هیوا لێرسراوی پەیوەندییەکانی کۆمیتەکە بوو، هەروەها پیاوێکی دڵسۆز بوو، لە ناوپەنابەراندا زۆر ناسراو بوو، لە کاتێکدا عەرەب و تورکیمانیشی تێدا بوو، لەوێ دکتۆر هیوا بەشداری خۆپیشاندانەکانی مافی پەنابەرانی کردووە، دکتۆر هیوا لەوێ پەیوەندی لەگەڵ کاربەدەستە کوردەکانی ناوچەی کوردەکان گرێ دەدات، کە سەدانساڵ پێش ئێش ئێستا و لە جەنگی چاڵدێرانەوە ئاوارەی ئەوێ بووبوون، کوردانی ئەوێ پاڵپشتی داواکاری پەنابەرانیان کرد، هەتا حکومەتی پاکستانیش هاتە وەڵام، گوێی بۆ گرتین لەبەرئەوەی خەڵکێك هەبوو بەرگری لێدەکردین ئەویش کوردانی پاکستان بوون.

هەر بە وتەی دکتۆر ڕێبوار ئیسماعیل لە ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ دکتۆر هیوا گەڕایەوە کوردستان و، پاشان بەشداری چەندین خولی یەکی قەڵاچوالان کرد، بە پلەی ڕائید بووە لێپرسراوی هۆبەی سیاسی ئاسایشی هەولێر، بە وتەی هەڤاڵ چەتۆ ساڵح سەعید دکتۆر هیوا لە خەمی بە دامەزراوەکردنی ئاسایش و دامەزراوە حکومییەکاندا بووە، پیاوێکی مەیدانی بووە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەر بە ئامانجگرتنێکی ئاسایشی ی.ن.ك، هەرچەندە هێمن و لەسەرخۆ بوو، بەڵام سەرکێشی بە ژیانی خۆی دەکرد، بە وتەی هەڤاڵ نەهرۆ سەعید سۆفی لە ٣١ی ئابی ١٩٩٦ لە خولێکی قەڵاچوالان دەبێت، بڕیار دەدەات بچێت بۆ پارێزگاری لە هەولێر هەرچەندە داوای لێدەکەن کە هەلومەرج دژوارە و نەگەڕێتەوە، بەڵام دەگەڕێتەوە، لە کاتی هەوڵدان بۆ ڕزگارکردنی پێشمەرگەیەکی بریندار لە ١٩٩٦/٩/٥ چارەسەرکردنی و جێنەهێشتنی برینداەکە دەگەنە سەری و بەرگری دەکات و بریندار دەبێت دواتر بە دیلی شەهید دەکرێت.

---

(٣٤)– بۆ بینینی لۆگۆی کۆمیتە (ڕێکخراو)ەکە بڕوانە پاشکۆ.

هەڤاڵ سەیفەدین عەلی، دکتۆر هیوا بە گەنمی قەندەهاری دەشوبهێنێت کە بۆ هەر کارێکت دادەنا دەگونجا و دەسازا و سەرکەوتوو دەبوو، لەوانە ڕێکخستن، پزیشکی، پێشمەرگایەتی، ڕابەری سیاسی، ئەفسەری ئاسایش و لێپرسراوی هۆبەی ڕامیاری[٣٥].

---

[٣٥]– بەرنامەی دیکۆمێنتاری کەناڵی ئاسمانی گەلی کوردستان لەسەر ژیانی شەهید د. هیوا، ٢٠٢٠/١١/٦.

# کەمال شاکر محەمەد قادر (دکتۆر کەمال شاکر)

ساڵی ١٩٤٦ لە هەڵەبجە لە دایکبووم، تا خوێندنی ناوەندیم لە هەڵەبجە تەواوکردووە، دەرچووی خولی پزیشکیم کە لە شۆڕشی ئەیلوولدا لە ماڵی بارزانی کرابووەوە، وەك نوێنەری هێزی باڵەك و هەندرێن بەشداری ئەو خولەم کرد، کە لە قەسروماکۆس کرابووەوە، وەرزەکەی هاوین بوو سێ مانگی خایاند هەر ڕۆژی هەشت بۆ نۆ کاتژمێر وانەمان دەخوێند، لە هەر هێزێك یەك کەس نێردرابوو، من لەلایەن هەڤاڵ فاخیرەوە نێردرام، خولەکە ماوەی چەند مانگێکی خایاند و چەند پزیشکێکی بیانی وانەیان پێ دەگوتین، لەوانە دکتۆر کاڵمان، هەروەها دکتۆر محەمەد عەلی عوسمانیش وانەی پێ گوتوم، دواتر لە دانوستانی ١١ی ئازاردا و لە ساڵی ١٩٧١ بۆ ماوەی ساڵێك لە بواری پزیشکیدا خوێندم و بەشی (تمریض)م تەواوکردووە، تەنانەت لە بەغداد تاقیکردنەوەی ئەو وانانەمان ئەنجامدا، دواتر ئەو شارەزاییەم لە نەخۆشخانەی سلێمانی و مستەوسەفی ئەحمەد ئاوا و خێڵی حەمە و عەبابەیلێ لە سنووری هەڵەبجە پراکتیزە کردووە، لەسەردەمی شۆڕشی ئەیلولدا من شیوعی بووم، کاتێك حیزبی شیوعی لەگەڵ حکومەت ڕێکەوت من سەر بە بەشە شۆڕشگێڕییەکەی بووم و ڕێکەوتنەکەم پێ باش نەبوو، بۆیە لە شۆڕشی ئەیلولدا بووم بە پێشمەرگە بەبێ ئەوەی ببم بە پارتی، ماوەی دە ساڵ پێشمەرگە بووم، لە ڕووی بیروباوەڕیشەوە هەر شیوعی بووم.

دواتر پەیوەندیم کرد بە ڕێکخستنەکانی (کۆمەڵە)وە، لە ساڵی ١٩٧٦ بەرپرسی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە بووم و لە هەڵەبجە دەیان کادیرم ناردووەتە شاخ، لە ١٩٧٦ هەواڵم لێ درا و دەستگیرکرام، ئەگەر وانەبووایە من لە یەکەم دەستەی چەکداردا بەشدار دەبووم، بەهۆی ئەوەی لەگەڵ دکتۆرێکدا تووشی کێشە بووم و بۆ گەرمك دوورخرامەوە، ساڵی ١٩٧٨ ئیختیفام کرد و لە ساڵی ١٩٧٩ لە سنووری هەورامان بووم بە پێشمەرگە، ئەو هەڤاڵانەی لەوێ بوون بریتی بوون لە هەڤاڵان حەمەی حەمەسەعید، مامۆستا شاهۆ، مامۆستا پشکۆ، شەهید نیازی و مامۆستا سەرکەوت، من کارگێڕی ناوچە بووم، جگە لە کاری ڕێکخراوەیی

بە کۆڵەپشتێکی دەرمانەوە بریندارى سنوورى كوردستانى باشوور و ڕۆژهەڵاتم چارەسەر دەکرد، ئەو سنوورەی ئێمە هێزێك بووین كۆمەڵە بووین، دواتر هەڤاڵ محەمەدی حاجی مەحمود لە هەكاری ڕزگاری بوو گەڕایەوە بوو بە فەرماندەی هەرێمی یەك، ئێمەش خراینە سەر هەرێمی یەك، لەو سنوور ەلەگەڵ شەهید دکتۆر نەبەز چەند قەرەوێڵەیەکمان لە دار دروست کرد و نەخۆشخانەیەکمان دامەزراند و من سەرپەرشتیم دەکرد.

لە ڕووداوێکدا هەڤاڵان حامی حاجی غالی و حەمەی حەمە سەعید و برادەران بە مەبەستی ئەنجامدانی چەند چالاکییەك چوونە قەرەداغ، لەو چالاکییانە سێ پێشمەرگەمان شەهید و چەند پێشمەرگەەکیشمان بریندار بوو، هەڤاڵ جەلال کولکنی ئاگاداری کردمەوە، یەکێك لە بریندارەکان فیشەکی نیشانشکێن بەر قاچی کەوتووە و هێناویانە لە گوندی تازە دێی نزیك خورماڵە، چووم نۆ فیشەکی پێوەبوو، تووشی گانگرین بووبوو، هەر لەوێ فریای کەوتم و تەداویم کرد و چەندین دەرزیم بۆ کرد تا تووشی خوێنبەربوون نەبێت پاشان بە وڵاخ خستمە ڕێ بۆ ماوەی چەند کاتژمێرێك بەڕێوەبووین، لەسەر وڵاخەکەش پێشمەرگەیەکی دیکەم لەگەڵ دانابوو تا دەستی پێوە بگرێت و نەکەوێتە خوارەوە، دواتر لە نزیك گوندی خەرپانی کەوتینە کەمینەوە، وەرزەکەشی زستان بوو بە ئەستەم ڕزگارمان بوو، برینەکەی بۆنی کردبوو کەس نەیدەتوانی نزیکی بکەوێتەوە، ئیدی بۆ ماوەی مانگێك هەموو ڕۆژێك کەمامەم دەکرد و بەنجم دەکرد و قاچیم دەتاشی، لەفافەکەیم دەکردەوە و تەداویم دەکرد و دەمبەستەوە تا ڕەش نەبێتەوە، شوێنەکە ماڵی هەڤاڵ حەمە هاواری بوو کە تەداویم دەکرد، ئەو ماوەیە دەرمانی باشمان لەلایەن کۆمەڵەوە بۆ دەهات، تا دواجار چاکبوویەوە.

لە ڕووداوێکی دیکەدا لە دژی ئێران چووین بۆ هاوکاری پێشمەرگەی ڕۆژهەڵات، پێشمەرگەیەکمان بە ناوی هەڤاڵ کەریمی حەمەی مەلا سابیر بریندار بوو پارچە لە پشتی دابوو لە سکییەوە هاتبووە دەرەوە، خوێنی لەبەر دەڕۆیشت دەمانویست بیگەیەنین بە مەریوان، بەڵام برینەکەی زۆر سەخت بوو پێویستی بە خوێن بوو، مامۆستا شاهۆ نزیکەی نۆ بوتڵ خوێنی پێدا، بەلام لە نزیکی دزڵی شەهید بوو.

ماوەی چەند مانگێك کاری تەندورستیم کردووە، تەنانەت ڕۆژێك برینداریکیان هێنا چەند گولەیەکی لەلەشدا بوو من بۆیم دەرکرد و خۆشبەختانە گیانی لە دەست نەدا، ئێمە سەرەتا لقمان هەبوو دواتر ناوچە دواتر مەڵبەند، بە هاتنە دەرەوەی چەند پزیشك و کادیرێکی تەندروستی من دەستبەرداری کاری تەندروستی بووم دەستم بە کاری سەربازی کرد، ئیدی لە بواری سەربازیدا تا کۆتایی بەردەوام بووم، چەندین برینداری پێشمەرگە و نەخۆشی ناوچەکەمان چارەسەرکرد، تا هاتنی هەڤاڵ ئاسۆی شێخ نوری و دکتۆر هەژار، ئیدی بەهۆی ئەوەی ئەو پزیشکی پسپۆڕ بوو نەخۆشخانەکەم ڕادەستی ئەو کرد.

لە ساڵی ١٩٨٠ کە شەڕی عێراق-ئێران دەستی پێکرد ناوچەکەمان بەجێهێشت و چووینە چنار و مۆردین دواتر سەرقاڵی کاری سەربازی بووم، ماوەیەکی کەم چوومە ناوچەی شارباژێر و دواتر بووم بە کارگێڕی لقی یەك کە ماوەیەك هەڤاڵ ئەبو شەهاب و ماوەیەك هەڤاڵ ئاسۆی شێخ نوری لێپرسراومان بوو، دواتر چوومە سنووری سەرکرایەتی ئەوکات ژیانی هاوسەرگیریشم پێکهێنابوو منداڵێکیشمان هەبوو، دواتر من و هەڤاڵ مەسعود عەبدولخالق و مامۆستا ساڵح ژاژڵەیی ئەنجوومەنی شورای گوندەکانمان دروست کرد، لەو ماوەیە من چەند دەرمانێکی کەمم پێ بوو، کاری تەندروستیم نەدەکرد، مەگەر کەسێکی نزیکی خۆمان نەخۆش بکەوتایە، چونکە خۆم بۆ کاری سیاسی و سەربازی تەرخان کردبوو.

لە بواری سەربازیدا پێش ڕاپەڕین سەرتیپی مەڵبەندی یەك بووم، کە ٣٠٠ بۆ ٤٠٠ پێشمەرگەمان هەبوو گەورەترین تیپ بوو، لە داستانی ڕزگاریدا سەرتیپی ٢٥ی خاڵخاڵان بووم، بە ویستی خۆم دەستبەرداری ئەو تیپە بووم چونکە ویستم کەسێك لە سنووری خۆیان ببێت بە سەرتیپ، لە ساڵی ١٩٨٨ تیپی ٣٣ی سوورێن دروستکرا و بووم بە سەرتیپ لەوێ، لە ڕاپەڕیندا ١٩٩١ – ١٩٩٢ بوومە فەرماندەی بەتالیۆن، دواتر بووم بە جێگری مەڵبەندی شارەزوور کە هەڤاڵ شۆڕش لێپرسراوی مەڵبەند بوو، ماوەیەکیش عەدنانی حەمە مینا لێپرسراوی مەڵبەند بوو، ماوەیەکیش هەڤاڵ شەوکەتی حاجی موشیر لێپرسراوی مەڵبەند بوو، لە ڕووی ڕێکخستنەوە بەهێز بووین، خول و سیمینار و کۆڕی بەردەوامان هەبوو، چەندین کارگێڕی چالاکمان هەبوو لەوانە هەڤاڵ مەحموودی حاجی

ساڵەح، لەو ماوەیە مەکتەبی سەربازی چوار بەش بوو، من کرام بە لێپرسراوی مەکتەبی سەربازی پارێزگای کەرکوك کە بارەگامان لە دەربەندیخان بوو، دواتر بە فەرمانی مەکتەبی سیاسی و هەڤاڵ مام جەلال بووم بە کارگێڕی بنەڕەتی فەرماندەیی گشتی.

دواتر نەخۆش کەوتم و جەڵتە لێیدام، ناچار چوومە دەرەوەی وڵات، لە نەمسا بۆ ماوەی چوار ساڵ لێپرسراوی ڕێکخستنەکانی ی.ن.ك بووم، کە دکتۆر فوئاد لێپرسراوی دەرەوە بوو هەڤاڵ نەهرۆ سەعید سۆفی لێپرسراوی ڕێکخستنی چەند وڵاتێك بوو، بەر لە ڕووخانی ڕژێمی سەدام گەڕامەوە بە فەرمانی هەڤاڵ مام جەلال بووم بە کارگێڕی بنەڕەتی فەرماندەیی گشتی و دواتر بووم بە لێپرسراوی چاودێری و پشکنین لە وەزارەتی پێشمەرگەی ئیدارەی سلێمانی، دواتر بووم بە بەڕێوەبەری گشتی گرێبەستەکان لە وەزارەتی پێشمەرگە لە حکومەتی یەکگرتوو، لە بواری سەربازیدا تا دوا پلەی سەربازی کە (فەریق)ە ڕۆیشتم و دواتر خانەنشین کرام[٣٦].

---

(٣٦)– چاوپێکەوتن لەگەڵ کەمال شاکر محەمەد قادر (د. کەمال شاکر)، ٢٠٢٢/١٠/١٠.

# کەمال عەبدولڕەحمان سالح عەبدولڕەحمان مەردۆخی (دکتۆر حەسان)

لە ساڵی ١٩٥٤ لەدایکبووە، باوکم مامۆستا بوو، زۆر شوێن گەڕاوین و تێیدا نیشتەجێ بووین، قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی لە سلێمانی تەواوکردووە، بە گوێرەی ئەوەی بە منداڵی زۆر زیرەك بووە، پێش تەمەنی دیاریکراو چووەتە خوێندنگە، لە پۆلی شەشی ئامادەیی یەکێك بووە لە یەکەمەکانی سەر ئاستی سلێمانی و خەڵاتکراوە، کاتێك خوێندکار بووە هەمیشە خۆی کاری کردووە و پێداویستی خۆی پڕکردووەتەوە و هاوینان کە پشووی هەبوو خۆی کاری دەکرد، لە شاری بەغداد کۆلێژی پزیشکی گشتی تەواوکردووە، لەگەڵ دکتۆر مەحموود فەقێ ڕەسووڵ و دکتۆر هەژار عوسمان خوێندکار بوون، لە ساڵی ١٩٧٩ کۆلێژی تەواوکرد و ماوەی ساڵێك خزمەتی پزیشکی کردووە، دواتر بۆ بەشداری شەڕی عێراق – ئێران بانگکران، بەڵام ئامادەنەبوو، بۆیە لە ساڵی ١٩٨٠ پەیوەندی بە شۆڕشەوە کردووە.

لە سەردەمی شاخ و شۆڕشدا نازناوەکەی بریتی بووە لە (دکتۆر حەسان)، سەرەتا لە ناوچەی ناوزەنگ بووە، لەسەر داوای هەڤاڵ سامان گەرمیانی پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەوەی گەرمیان کردووە، لە ڕێگای چوونی بۆ گەرمیان لەلایەن فڕۆکەوە بۆردومان کراون، بەلام بەرنەکەوتوون، کەسایەتی دکتۆر حەسان بەجۆرێك بوو باسی خۆی و ژیانی و چالاکی خۆی نەدەکرد، لەگەڵ دایکم چەند جارێك سەردانمان کردووە، جارێك لە گەرمیان بینیمان هەڤاڵ مامە ڕیشە لەوێ بوو، زۆربەی کات دکتۆر حەسان لە ناوچەی قەرەداغ بووە، هۆکاری ئەمەش ئەوەیە کە خۆمان خەڵکی ناوچەی قەرەداغین، کەسایەتی دکتۆر حەسان وابوو کەسێکی ڕووخۆش و گەشبین بوو، کە گەیشتینە لای بە خەندەوە هات دەستی دایکمی ماچ کرد و بە دایکمی گوت بۆ خۆت ماندووکردووە چێشتت بۆ هێناوم، پەیوەندییەکی ڕۆحی زۆر جیاواز لە نێوان دایکم و دکتۆر حەسان هەبوو، لە لایەکیی دیکەوە کەسایەتی دکتۆر حەسان بەجۆرێك بوو هەمیشە کەشخە و پاکوخاوێن بوو، بەڵام ئەو کارەساتانەی نەدەگێڕایەوە کە بەسەریدا هاتبوو، ئێمە لە دەمی خەڵکەوە دەمان بیست.

زۆر هاوکاری گوندنشینانی کردووە، بەجۆرێك دەیان ژنی دووگیانی لە کاتی منداڵبوون ڕزگارکردووە، زۆر یارمەتی گوندنشینانی کردووە دوای چەندین ساڵ ئێستاش دەیان کەس دەیگێڕنەوە کە فلان منداڵ لەسەر دەستی دکتۆر حەسان لەدایکبوون، هەروەها بووە بە دکتۆری ددانی گوندنشینان، دکتۆر حەسان سەرەڕای ئەوەی کە دەرچووی کۆلێژی پزیشکی بوو، کەچی لەگەڵ مەفرەزەکان و بە گوندەکاندا گەڕاوە، چونکە شۆڕش دەیویست پزیشکەکان لە نەخۆشخانەکان بمێننەوە، بەڵام ئەو ئەوەی قبوڵ نەکردووە، هەروەها لە گوندەکاندا پێشنیاری بۆ گوندنشینان کردووە کە تاقی بچوکی دیوەخانەکان بگۆڕن بە پەنجەرەی گەورەی چوارگۆشە وەك زانراوە پێشتر تاقی بچوکی خڕ هەبووە کە شوشەیەکی بۆ دانراوە.

لە زستانی ١٩٨٤ چوو بۆ ئێران و ماوەیەك لە ئۆردوگا مایەوە، برایەکی دیکەشم لەگەڵی پێشمەرگە بوو، لەوێشەوە چوو بۆ ئەوروپا و گەیشتە لەندەن، لە ساڵی ١٩٩٧ گەڕایەوە بۆ کوردستان، کرا بە بەڕێوەبەری گشتی کاروباری شەهیدان و زیندانیانی سیاسی، لەو ماوەیە زۆر هەوڵیدا ماف بۆ مافخوراوەکان بگەڕێنێتەوە، بەڵام زۆر دەستوەردان لە کاروباری دەزگاکەیدا دەکرا، بۆیە نەیتوانی بەردەوام بێت و دەستبەرداری بوو، دواتر لە تەمەنێکی گەورودا کۆلێژی یاسای لە زانکۆی سلێمانی تەواوکرد، لەلایەکی دیکەوە دکتۆر حەسان دەستی نووسینیشی هەبوو.

لە شاری سلێمانی نۆرینگەیەکی دانا و وەکو پزیشکێکی ئەوروپی مامەڵەی لەگەڵ نەخۆش دەکرد و هەمیشە کاتێکی زۆری بۆ گوێگرتن لە نەخۆش دادەنا و زۆرجاریش پارەی لە نەخۆش وەرنەدەگرت، ئەو باوەڕی بەوە نەبوو ڕاستەوخۆ پشکنین و تیشك بۆ نەخۆش بنووسێت، هەمیشە کاتی دەدا بە نەخۆش، ئەمەش پێچەوانەی سروشتی نەخۆش و پزیشك بوو، بۆیە بە پزیشکێکی باش ئەژمارنەدەکرا، هەروەها دکتۆر حەسان چەندین موڵکی هەبوو لە بەریتانیا هەمووی فرۆشت و ویستی لە کوردستان کاری پێوە بکات، بەڵام لەلایەن چەند کەسێکەوە فێڵی لێکرا و دەستیان گرت بەسەر سامانەکەیدا و نەیتوانی بەدەستی بهێنێتەوە، هێندە ستەمێکی گەورەیان لێکرد بەجۆرێك تووشی جەڵتەی مێشك بوو دوای شەش مانگ گیانی سپارد، لە ڕووی کۆمەڵایەتیشەوە ساڵی ٢٠٠٨ واتە زۆر درەنگ

هاوسەرگیریی کرد، هۆکاری ئەمەش ئەوەبوو کە کەمتر گرنگی بە ژیانی تایبەتی خۆی داوە، هەمیشە لە خەمی خانەوادەکەی بووە، بەجۆرێك ئێمە هەموو بەهۆی گەیشتینە ئەوروپا و هەوڵی دەدا لە هەر خانەوادەیەك لە خزمەکانمان کەسێك بگەیەنێتە ئەوروپا[٣٧].

[٣٧]– چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز سەرگوڵ عەبدولڕەحمان ساڵح، خوشکی د. حەسان، ٢٠٢٣/١/١٩.

# کەنعان عوسمان مەولود (دکتۆر هەژار)

لە ساڵی ١٩٦٧ لە هەولێر لە دایکبووم، بەڵام خەڵکی ناوچەی بەرانەتیم، باوکم فەرمانبەری حکومی بوو، لە ڕووی بژێوی مامناوەند بووم، قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەییم لە هەولێر تەواوکردووە، دواتر لە پەیمانگای تەندروستی هەولێر ساڵی ١٩٨٤-١٩٨٥ وەرگیرام، قۆناغی یەکەمم تەواوکرد، بەهۆی ئاشکرابوونی شانەی نهێنی ڕێکخستنەکانمانەوە دەستبەرداری خوێندن بووم.

لەو ڕووداوەی کە تەقە لە پارێزگاری هەولێر کرا، حکومەت دەستی کرد بە ڕەشبگیری، چەند هەڤاڵێکمان دەستگیرکرا، ڕۆژێك لە پەیمانگا فەرمانبەرێك ئاگاداری کردم کە لە ژمێریاری پەیمانگا داوات دەکەن، یەکسەر تێگەیشتم ناوم دراوە و بۆ لێکۆڵینەوەیە، هاوڕێیەکی ڕێکخستنم لە پەیمانگا بە ناوی (محەمەد حاجی)م لەگەڵ بوو، چپاندم بە گوێیدا و گوتم من هەڵدێم تۆیش ئاگاداری خۆت ببە، دوو ڕۆژی دواتر فەرمانی دەستگیرکردن بۆ ئەویش دەرچوو، بەڵام بەهۆی ئەوەی لەلایەن هاوڕێیەکمانەوە کە کچێك بوو سەر بە ئیتیحاد بوو لە وێستگەیەکی ڕیم (پاس) بە نهێنی ئاگاداری دەکاتەوە کە هەڵبێت، ئەویش هەڵدێت و ڕزگاری دەبێت.

ئیدی چووینە شاخ، چووینە تیپی ٨٥ی بەڕانەتی ئێمە چوار کەس بووین کە ئامۆزا و خاڵۆزای یەك بووین لە کۆلێژ و پەیمانگاوە هەڵهاتبووین، دواتر چووینە مەڵبەندی یەك بۆ لای حاکم سەردار، چوومە کەرتی زیندانی دواتر گوازرامەوە ڕێکخراوی هەڤاڵ عەبدولڕەزاق کە من چووم دکتۆر محەمەد حاجی پێش من گەیشتبوو تەنانەت چەکیشی وەرگرتبوو.

لە کاتی دەستگرتن بەسەر تەقتەقدا چەند ئامێر و کەلوپەلی پزیشکیان بۆ سماقووڵی هێنا، لەوێ ئامێرێکی تیشکیان بۆ هاتبوو، باسی من کرابوو کە لە پەیمانگا کارم لەسەر ئەو ئامێرە کردووە و شارەزاییم لێی هەیە، هەڤاڵ ئازاد عوسمان کە ڕابەر سیاسی بوو گوتی بانگت دەکەن، کە چووم هەڤالان کۆسرەت ڕەسووڵ، حەسەن کوێستانی و عەبدولڕەزاق لەوێ بوون، گوتیان تۆ دەتوانی کاری پێ بکەی لە پەیمانگا کارت پێکردووە؟ گوتم بەڵێ ئێمە لە

پەیمانگا بە پراکتیك خوێندوومانە و هەموو ڕۆژێك لە نەخۆشخانەی جمهوری وانەی پراکتیکمان خوێندووە، لێیان پرسیم ئەم ئامێرە چی کەمە گوتم فلان شت، لەو سەروبەندەدا لە ڕووداوێکدا یاریدەدەری پارێزگاری هەولێر بە نهاوی عەبدوڵڵا خەفاف کە کورد بوو، خەڵکی سلێمانی بوو بە دیل گیرابوو، ژنێك بە ناوی دکتۆرە ئومییە کە خێزانی بوو کەسێکی بەناوبانگ بوو لە هەولێر بۆ ئازادکردنی ئەو کابرا دیلە هاتبوو بۆ لای پێشمەرگە، لەلایەکی دیکەوە ئەو دیلە خزمی هەڤاڵ فەرەیدوون عەبدولقادر بوو ئەویش داوای لە هەڤاڵ کۆسرەت و مەڵبەند کردبوو کە ئازاد بکرێت، مەڵبەندیش ڕایسپاردین کە لیستێکی پێداویستی کەلوپەلی پزیشکی بنووسین و لە بری دیلەکە بۆمان بهێنن، داوای پێداویستی ئامێری تیشکمان کرد، پاش دوو ڕۆژ ئەو ژنە هەموو داواکارییەکانی بۆ جێبەجێ کردین، هەڤاڵ ئازادیش گەشتێکی ئێرانی کرد و چەندین پێداویستی دیکەی هێنا و ئیدی لەگەڵ دکتۆر محەمەد حاجی لە نەخۆشخانە پێکەوە لە خەتێ کارمان لەسەر ئەو ئامێرە دەکرد.

لەگەڵ دکتۆر محەمەد لە بالیسانەوە ئەو ئامێرەمان لە عەرەبانەی تراکتۆرێك سەرخست کە پڕی عارەبانەکەمان کردبوو لە (کا) و ئامێرەکەمان پێ داپۆشی بوو، دواتر هاتینە هیران و لەوێ بۆ پشتی شەقڵاوە لەسەر ڕێگای سەرەکی، ڕێگاکەش بە دەست حکومەتەوە بوو، ناچار داوامان لە پیاوێکی بە تەمەن کرد کە هاوەڵی شۆفێرەکە بکات هەتا سیساوە ڕێگا بە شۆفێرەکە پیشان بدات، شۆفێرەکە خەڵکی سماقووڵی بوو شارەزای ناوچە و ڕێگای بالیسان نەبوو، چونکە دەبوو ئێمە لێی دابڕێین و بەسەر شاخدا دوور و نزیك هاوشانی بڕۆین، پیاوە پیرەکە گوتی ئەوە هەر کایە؟ گوتمان بەڵێ، گوتی دڵنیابم هیچی تێدا نییە؟ گوتمان دڵنیابە هیچی تێدا نییە، ئیدی لە ڕێگا بەهۆی تاسەوە سەری ئامێرەکە لە کایەکەوە بە دەرکەوتبوو، لە ڕێگا پیاوە پیرەکە بینی بووی وای زانیبوو لولەی چەك و تۆپە دەرچووە زۆر ترسابوو، بۆیە دەستی کردبوو بە جنێودان بە شۆفێرەکە و داوای کردبوو بوەستێت، شۆفێرەکەش نەوەستابوو هەتا گەیشتبووە ناوچەی سیساوە، ئیدی کات بووە نزیکی ئێوارە، ئەو ناوچەیەش لە نزیکی ئێوارەوە پێشمەرگە بۆی دادەبەزی، لەوێ پێشمەرگە

گەیشتبوون، پیاوە پیرەکەش دابەزی بوو، ئێمەش بە پێ گەیشتینە ئەوێ و ئامێرەکەمان داگرت و بردمان لە گوندی خەتێ دامان ناو دەستبەرکاربووین.

ساڵی ۱۹۸۷ تیپی ۸٦ و ۸۷ لە شەڕێکدا چەندین بریندارمان هەبوو ئێمە لە نەخۆشخانەی خەتێ دەستمان کرد بە چارەسەرکردنیان، پێشمەرگەیەکی بریندار کە فیشەك لە شانی بوو هاوکات برایەکی بەناوی فەرهاد شەهید بوو، لەوێ دکتۆر زریان بۆی دەرهێنا، لەبری هاوار بۆ ئازارەکەی شانی، هاواری دەکرد فەرهادی برام جێم مەهێڵە.

لەو سنوورە تیمی تەندروستی ئێمە بریتی بووین لە دکتۆر زریان، دکتۆر فەرهاد، دکتۆر کاروخ، دکتۆر خدر، دکتۆر محەمەد، دکتۆر هونەر، دکتۆر هەڤاڵ و بەندە، دواتر نەخۆشخانەی مەلەکانمان کردووە چونکە مەترس کەوتە سەر بالیسان، ئامێری تیشك و پێداویستییەکانمان لەگەڵ خۆمان برد، خۆشمان چووینە مەلەکان و نەخۆسخانەکەمان لەوێ دانا و دکتۆر هەڤاڵ بوو بە بەڕێوەبەری نەخۆشخانەکە، لەوێ دەیان کاری تەندروستیمان کردووە.

لە ڕووداوێکی دیکەدا پێشمەرگەیەکی پ.د.ك بەسەر میندا ڕۆیشتبوو و پێیدا تەقی بوو، هێنایان بۆ لای ئێمە دۆخی زۆر خراپ بوو، تووشی گانگرین بوو بوو، دکتۆر زریان پەنجەکانی پێی بڕییەوە، هەر سوودی نەبوو ڕەشبوونەوەی پێی زیادی کرد، ناچار لە باریکایی قاچییەوە بڕیمانەوە، هەر لەو ماوەیە کیمیایی لە گوندی مەلەکانی دا، ئێمە بە ڕاکردن بەرەو سەر چیا کەوتینە ڕێ، ژمارەیەك پێشمەرگەی پ.د.ك کە بارەگەکەیان نزیکی ئێمە بوو بە پێی پەتی ڕایانکردبوو چەکەکانیشیان جێهێشتبوو، کە گەڕابوونەوە پێڵاویان لە پێ کردبوو چەکەکانیشیان بەدەستەوە گرتبوو، هاوکات کیمیایی لەناو پێڵاو و سەر چەکەکانیان نیشتبوو، دواتر دەستیان دابوو بە دەموچاویانەوە، ئیدی پێ و دەست و دەموچاویان هەمووی بە کیمیایی جۆری خەردەل سووتابوو، نزیکەی یەك مانگ لای ئێمە بوون چارەسەرمان بۆ کردن، هەموو ڕۆژ پێویستیان بە تەداوی بوو.

دواتر لە شەڕی بنەباوێ، نزیکەی ٦٠ – ۷۰ بریندارمان هەبوو، بەشێکیان چارەسەر کران، دواتر داوامان لێکرا بیان بەین بۆ ئێران، ئێمە نەك هەر بریندارەکانی خۆمان، بەڵکو

بریندارەکانی (پ.د.ك)یشمان کە بە کیمیایی بریندار بووبوون لەگەڵ خۆمان بردن بۆ ئێران، لە شەڕی سەری جوانەگا شەوێك هەتا بەیانی بە ڕاجیمە لێی دەداین، دکتۆر زریان پێی گوتین خۆتان ئامادە بکەن سبەی بریندارمان زۆر دەبێت، کە گەیشتین بە سبەی هیچ بریندارێکمان بۆ نەهات، دوای نیوەڕۆ یەك بریندارێکیان هێنا، بەلامانەوە سەیر بوو کە هیچ بریندارێك دیار نییە سەرەڕای ئەو هەموو تۆپبارانە، گوتیان کاتی تۆپباران ئێمە دەچووینە ژێر شاخەکان، کە هێرش دەکرا، لێمان دەدان و پاشەکشەیان دەکرد، دوابەدوای پاشەکشەی ئەوان تۆپباران دەکراین، ئێمەش ڕاستەوخۆ دەچووینە شوێنە پارێزراوەکان، بۆیە هیچ زیانێکمان نەبووە، واتە ئەمە جۆرێك بوو لە تاکتیکی شەڕ و خۆپاراستن، ئامێری تیشکەکە زۆر گرنگ بوو، چونکە بەهۆی ئەوەوە شوێنی فیشەکمان لە لەشی بریندار دیاری دەکرد و گوللەکەمان دەردەهێنا.

پێش من بریندارێکمان تووشی دۆخی گانگرین بووبوو، دکتۆر خدر پێشنیاری کردبوو بۆ دکتۆر زریان با دەرمانی مێشی لێ بدەین، دکتۆر زریانیش ڕەتی کردبووەوە، زۆر نکوڵی لێکرابوو، دەرمانی مێشەکەیان بۆ بەکارهێنابوو زۆر سوودی لێ بینی بوو، بەشێوازە بڕێکی زۆری دەرمانی مێش لە دووکانی گوندەکە کڕدرابوو، بۆی بوو بوو بەچارەسەر، هەتا گەیاندبوویان بە ئێران لەو دەرمانەیان بۆی بەکارهێنابوو، هەروەها ئێمە چارەسەری گوندنشینەکانمان دەکرد، خەڵکی سنووری مەلەکان بەهۆی خراپی ڕێگاکەیەوە بنکەی تەندروستی پێنەگەیشتووە، کە ئێمە چووینە ئەوێ خەڵکی ئەو سنوورە زۆر سوودیان لە نەخۆشخانەکەی ئێمە نەبینی، خەڵکی ئەو سنوورە چونکە زۆر بە کەمی دەرمانیان بەکارهێنابوو، کاتێك کە تووشی سەر ئێشە یان هەوکردن دەبوون بە یەك حەب چاك دەبوونەوە.

ئیدی لە ئەنفالدا، من لە ڕێگەی (حزبی دیموکرات)ەوە ڕزگارم بوو بە ڕێگەی قەلادزێدا چووینە ئێران، لە ئێران بە ڕاوێژی شۆڕش گەڕاینەوە کوردستانی باشوور، لە هەولێر چوومەوە بەر خوێندن و ساڵێکی پەیمانگام مابوو لە ١٩٨٩ – ١٩٩٠ تەواوم کرد، لە دوای

ڕاپەڕینەوە چوومەوە سەر کاری مەدەنی و تەندروستی و تا ئێستاش بەردەوامم، لە ساڵی ١٩٩٣ ژیانی هاوسەرگیرم پێکهێناوە و باوکی پێنج منداڵم(٣٨).

(٣٨)– چاوپێکەوتن لەگەڵ کەنعان عوسمان مەولود (د. هەژار)، ٢٠٢٢/٨/٢٢.

# لەتیف محەمەد مەلا محەمەد (دکتۆر سامالّ)

لە ١٩٥٧/١٢/٣٠ لە گەڕەکی سەرکارێزی شاری سلێمانی لە دایکبووم، لە ساڵی ١٩٦٣ تا ١٩٦٧ بەهۆی چالاکی کوردایەتییەوە باوکمیان بە خێزانەوە بۆ شاری ڕوومادی گواستەوە، لە ساڵی ١٩٧٧ پەیوەندیم بە ڕیزەکانی یەکێتیی خوێندکارانەوە کردووە، ساڵی ١٩٧٨ پەیوەندیم بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی خوێندکارانەوە کردووە، لە ساڵی ١٩٨١ بڕوانامەی بەکالۆریۆسم لە بەشی بایۆبۆجیی کۆلێژی پزیشکیی زانکۆی سلێمانی وەرگرتووە، هەر لەو ساڵەدا پەیوەندیم بە هێزی پیرۆزی پێشمەرگەی (ی.ن.ك)ەوە کردووە، دواتر نازناوی (دکتۆر سامالّ)م وەرگرت.

بۆ ماوەی شەش مانگ لە بارەگای سەرکردایەتی لە ناوزەنگ مامەوە، دواتر لە ساڵی ١٩٨٢ لەسەر ویستی خۆم پەیوەندیم بە تیپی ٥١ی گەرمیانەوە کردووە، دوای شەهیدبوونی دکتۆر سەردار وەك دکتۆری تیپ و پێشمەرگە تا ساڵی ١٩٨٦ مامەوە، لەو ماوەیەدا تەواوی ئەرکەکانی سەرشانم بە تەواوی بەجێهێنا، لەو ساڵە بە دواوە چوومەتە دەرەوەی وڵات و تا ئێستا لە وڵاتی ئەڵمانیا دەژیم.

لێرەدا دەمەوێت یادی هاوڕێی و هاوسەنگەرانم بکەوە و ناویان بهێنم کە تا ئێستاش بە یادەوەری ئەوانەوە دەژیم، بریتین لە سەربەرز: (شەهید ئەیوب تاڵەبانی، شەهید غەریب تاڵەبانی، شەهید عومەر تاڵەبانی، شەهید مامە ڕیشە، شەهید مامۆستا ئەنوەر، شەهید مەلا ئەحمەد، هەڤاڵ عوسمانی حاجی مەحموود، هەڤاڵ مام ساڵحی گۆڕی ئەسپ، هەڤاڵ سامان گەرمیانی، دکتۆر هەژار، هەڤاڵ ئەحمەد چاوشین، هەڤاڵ وەهاب شارباژێڕی، هەڤاڵ حامی حاجی غالی، هەڤاڵ مەحموود سەنگاوی، هەڤاڵ بەهادینی حاجی مەحموود، هەڤاڵ عەدنانی حەمەی مینا)[٣٩].

---

(٣٩)– چاوپێکەوتن لەتیف محەمەد مەلا محەمەد (د. سامالّ)/ ٢٠٢٢/١٢/٢.

## مەحموود ئەبوبەکر محەممەدئەمین حەمە (دکتۆر موحموود فەقێیانی)

لە ساڵی ١٩٥٧ لە گوندی فەقێیانی سەر بە شارۆچکەی ڕەواندز لە دایکبووم، ساڵی ١٩٧٧ پەیوەندیم بە ڕیزەکانی پێشمەرگەوە کردووە، پاشان بۆ سەرکردایەتی بەڕێکەوتووین، لەوێش لەسەر بڕیاری سەرکردایەتی ئەو کات و هەڤاڵ مام جەلال نزیکەی ١٥ کەس بووین چووینە ئێران بۆ خولی برینپێچی، بۆ ماوەی شەش مانگ خولەکە بەردەوام بوو، حزبی دیموکرات سەرپەرشتی دەکرد، دواتر گەڕاینەوە سەرکردایەتی لەگەڵ شەهید سەید سەلیم بۆ ماوەیەك گەڕاینەوە سنووری خۆمان.

لەو ماوەیەدا لە سنووری خۆمان بەشداری چەندین شەڕمان کردووە، وەکو شەڕی دۆڵی ئالانە، لە ساڵی ١٩٧٩ بە هاوکاری حزبی دیموکرات چووینە ئێران، بەشداری چەندین شەڕمان کرد وەکو شەڕەکانی مەهاباد و نەغەدە و ڕێگای قارنێ، لەوێ بریندار بووم، لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٩ گەڕاینەوە سنوورەکەمان و بەشداری چەندین چالاکیمان کرد، من وەکو دکتۆری شۆڕش درێژەم بە کاری پێشمەرگایەتیدا، چەندین بریندارمان چارەسەر کرد، چ پێشمەرگە بووایە چ هاوڵاتی جیاوازیمان نەدەکرد، لەوانە هەڤاڵ غەریب عەسکەریم چارەسەرکردووە، هەروەها هەڤاڵ نەوشیروان مستەفا و بورهان بلەیی و هەڤاڵ سەعید و هەڤاڵ عەبدوڵڵا بۆرم چارەسەرکردووە.

بە دامەزراندنی تیپەکان من چوومە تیپی ١٢ی سۆران، وەکو ڕابەری سیاسی و دکتۆری تیپ درێژەم بە خەبات دا، هەروەها لە تیپی ١٢ی سۆران کادیرێکی دیکەمان هەبوو بەناوی دکتۆر ئیبراهیم، ئەوکات هەڤاڵ حەسەن کوێستانی فەرماندەی تیپ بوو، چەندین جار چوومەتە سەرکردایەتی و بەشداری دەیان داستان و بەرگریم کردووە، دواتر برینداربووم و بۆ چارەسەر ڕەوانەی ئێران کرام، بەشداری تەواوی شەڕەکانی مەڵبەندی سێم کردووە، تا

لە گرتنی بارەگای فەوجی ئاکۆیان بەسەختی برینداربووم، بووە هۆی کەمئەندام بوونم، ئێستاش پارچە گوللە و ساچمە لە نێو جەستەمدا ماون.

لە کیمیابارانی مەلەکاندا لەوێ بووم، ژمارەیەکی زۆری بەرکەوتەی کیمیاییم چارەسەرکردووە، لە ساڵی ۱۹۸۸ بەماڵەوە ئاوارەی ئێران بووم، لە ئاوارەییدا زیاتر پەرەم بە کارەکەمدا و چارەسەری ئاوارەکانی ئێرانم کردووە، بەهۆی دۆخی هەستیاری ئەوکاتەوە هەموو پێشمەرگە و فەرماندەکان نەیاندەتوانی متمانە بە هەموو کەس بکەن، بۆیە من چارەسەرم دەکردن، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی متمانەیەکی زۆر بە دەستبهێنم، ئەمەش هۆکار بوو بۆ ئەوەی زیاتر پەرە بە پیشەی پزیشکی بدەم(٤٠).

---

(٤٠)– چاوپێکەوتن لەگەڵ مەحموود ئەبوبەکر محەمەدئەمین حەمە (د. موحموود فەقێیانی)، ٢٠٢٣/١/٢٦.

# مەزن عەبدولقادر سۆفی عەبدوڵڵا (دکتۆر مەزن)

لە ساڵی ١٩٥٨ لە هەولێر لەدایکبووم، قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەییم لە هەولێر تەواوکردووە، پەیمانگای باڵای تەندروستی بەشی فریاکەوتنم لە موسڵ تەواوکردووە، لە ساڵی ١٩٧٩ پەیوەندیم بە ڕێکخستنەکانەوە کردووە، لەگەڵ شەهید فەتاح و هەڤاڵ ڕێکەوت کاری ڕێکخستنەکانمان کردووە، دوای تەواوکردنی خوێندن لە بەغداد دامەزرام، بەهۆی شێخ لەتیف بەرزنجییەوە ئەرکەکەم بۆ هەولێر گواستەوە، پێش من دکتۆر فریاد مەجید غەفووری کە خەڵکی کۆیەیە لەوێ بوو، هەروەها هەڤاڵ سەعدی پەرستار بوو برای شەهید فاروق بوو یارمەتی شۆڕشی دەدا.

ئیدی لە ١٩٨٢/٣/١٦ چوومە دەرەوە و بووم بە پێشمەرگە لە ڕێگەی هەڤاڵ عەبدوڵڵا ڕەشید چوومە دەرەوە، چوومە خەلیفان و لەوێوە لە ڕێگەی ڕێکخستنەکانەوە بە نهێنی گەیشتمە لای هەڤاڵ ملازم سەیید کەریم، لەوێ دکتۆر زریانی لێ بوو، ئیدی لە مەڵبەندی سێ بناغەی نەخۆشخانەی بالیسانمان دانا، بینای نەخۆشخانەکە پێشتر نەخۆشخانەی حکومیی تێدابوو، دواتر حکومەت نەخۆشخانەکەی داخست، ئێمەش بە یارمەتی پێشمەرگە چووینە ناو ئەو بینایە و نۆژەنمانکردەوە، بەهۆی ئەوەی براکانم لە تیپی ٨٦ پێشمەرگە بوون، هەڤاڵ شاخەوان سەرتیپ بوو کە هاوڕێی ڕێکخستنم بوو داوای لێکردم بچم بۆ تیپەکەی، منیش ڕەزامەندیم نیشان دا و ڕۆیشتم، هەروەها کە، دواتر هەڤاڵ شێخ جەعفەر بوو بە سەرتیپ، پێش من دکتۆر ڕەفعەت لەوێ بوو.

لە تیپی ٨٦ تووشی چەند شەڕێك بووین لەگەڵ بەرەی جوددا، دواتر لە گوندی گردەسووری دەشتی هەولێر تووشی شەڕێك بووین، دواتر دانوستان دەستی پێکرد، بۆ ماوەی پازدە ڕۆژ هەڤاڵ مام جەلال لە گوندەکەی خۆمان میوانی باوکم بوو، هەڤاڵ کۆسرەتم لە نزیکەوە دەناسی، دوای دانوستان گوتی مەڵبەندی چوارمان دامەزراندووە دکتۆرمان نییە پێویستە لەگەڵم بێیت، منیش چووم نەخۆشخانەی سماقوولیمان دامەزراند و بۆ ماوەیەك

لە مەڵبەندی چوار دەستم بە خەبات کرد، لە ناو شۆڕشدا برایەکی دیکەم پێشمەرگە بووە، باوکم و برایەکیشم شەهید بوون.

ڕۆژێك لە کۆبوونەوەیەکدا پێشنارێکم بۆ هەڤاڵ کۆسرەت کرد کە زۆری بە دڵ بوو ئەویش بریتی بوو لە: شۆڕش بۆ ئازادکردنی دیلی جاش و سەرباز داوای پارە یان چەکی لە کەسوکاری دیلەکە دەکرد، ئەو کات بوونی دەرمان لە پارە و چەك گرنگتر بوو، چونکە بە ئەستەم دەرمان لە شارەوە دەردەکرا بۆ شاخ، گوتم کاتێك کەسوکاری دیلەکان کە دێن بۆ ئازادکردنی دیل، ئێوە بیاننێرن بۆ نەخۆشخانەکە من لیستی دەرمانیان بۆ دەنووسم لەبری ئازادکردنی دیلەکە، هەڤاڵ کۆسرەت بیرۆکەکەی زۆر پێ باش بوو، قایل بوو، ئیدی کاتێك کەسوکاری دیلەکە دەهات بە پێی پێویستی من لیستی دەرمانم دەنووسی، چونکە هێنانی دەرمان بۆ ئەوان ئاسانتر بوو، لەبەرئەوەی زۆرینەیان پیاوی حکومەت بوون یان پەیوەندیان لەگەڵ حکومەت هەبوو، هەرچۆنێك بێت ئاسانتر دەیانتوانی بە بازگەکاندا تێپەڕ ببن، لەلایەکی دیکەوە لە ڕێگەی ڕێکخستنەکانەوە یان لە ڕێگەی ئێرانەوە یان لە ڕێگەی هاوکارییەکانی سەرکردایەتییەوە پێمان دەگەیشت، ئیدی هەموو کادیرێکی تەندروستی کۆڵەپشتی دەرمانی پێ بوو، زۆر جار لە شوێنی پارێزراو لای هەندێك گوندنشینی جێ متمانە دەمانشاردەوە، تا لە کاتی شەڕدا کە لێمان دەبڕێت زوو بگەینە دەرمان و تا لەبەر برینێکی ئاسایی نەهێڵین پێشمەرگەکانمان بەهۆی دووری دەرمانەوە شەهید ببن.

لە شەڕێکدا هەڤاڵ عەلی نەبی پشتی بریندار بوو، هەر لەسەر ئەو شاخەی کە شەڕەکەی لێ بوو یازدە تەقەڵ برینەکەیم بۆ دوورییەوە و ڕاستەوخۆ چووەوە ناو شەڕەکە، لە ١٩٨٥/٨/٥ لە شەڕی عێراق-ئێران لە سنووری چۆمان دۆخەکە زۆر نالەباربوو، فڕۆکە دەسوڕایەوە و بەردەوام چەك ڕەوانەی بەرەکانی شەڕ دەکرا، ئێوارەیەك لە سنووری دەشتی هەولێر هێزێکی ئێمە لە دۆڵەبەکرەوە ویستیان بۆ لای قەراج و کەندینئاوا بپەڕنەوە، لە ڕێگا هەلیکۆپتەر دەگاتە سەریان و تووشی شەڕ دەبن، تێیدا ٣٨ پێشمەرگە بریندار بوون و پێشمەرگەیەکیش شەهید بوو کە یەکەم ڕۆژی پێشمەرگایەتی بوو، من لەگەڵ هەڤاڵانم کە

بەردەستیان دەکردم ماوەی ٤٢ کاتژمێر بەبێ پشوودان چارەسەرم کردن و هەموویانم تەداوی کرد لەوانە هەڤاڵ عەبد کە سەرووی ٣٠ ساچمەی بەرکەوتبوو.

هەڤاڵ کۆسرەت ڕەسووڵ باوەڕێکی هەبوو هەمیشە دەیگوت ئەگەر مردن بێت هیچ شتێك ناتوانێت بیگەڕێنێتەوە بۆیە من خۆم ناپارێزم، لە ڕووداوێکدا ساڵی ١٩٨٦ ڕۆژێك چەند فڕۆکەیەکی عەنتەر گەیشتنە سەرمان و بۆردومانی کردین بەپێوە بوو خۆی پەنا نەدەدا سارۆخێك دای لە شاخێك لە پشتمانەوە، ساچمەیەك دای لە سەری و دانەیەکی دیکە چووە پشتییەوە، (سی)ی لای ڕاستی بریندارکرد و تووشی خوێنبەربوونی ناوەکی بوو، کە گەیشتینە شەو دۆخی زۆر خراپ بوو، خوێنبەربوونەکەی زیادی دەکرد و فشاری خوێنی کەمبووەوە، لەگەڵ دکتۆر زریان دەستمان کرد بە خوێندنەوەی زانیاری لە هەندێك پەرتووکی پزیشکییەوە، بۆ چارەسەرکردنی پێویستمان بە (چێست تیوب) هەبوو کە نەمانبوو، لە شارەوە داوامان کرد و گەیشت بە دەستمان، دکتۆر زریان گوتی ئەوە کارێکی زۆر مەترسیدارە کە بڕیارماند لێداوە، گوتم هیچ دوو دڵ مەبە ئەگەر هەڤاڵ کۆسرەت شەهید بێت کارەساتێکی گەورەیە، ئەگەر ڕزگاریشی بکەین ئەوە کارێکی زۆر گەورەیە، بۆ سبەی ئیدی دەستمان پێکرد و چێست تیوبمان بۆ کرد و خوێنەکەیمان دەرهێنا و بۆ ماوەی ٤٠ ڕۆژ ئینجا هەوکردنی نەما و چاکبووەوە.

هەر لەگەڵ دکتۆر زریان هەڤاڵ نەسرەدین خەڵکی کۆیە بوو ساچمە بەر سەری کەوتبوو، هیچ ئومێدێکی نەمابوو، لەگەڵ دکتۆر زریان چارەسەرمان کرد و ڕێگەمان نەدا شەهید بێت تا لە دوای ١٩٩١ جارێکی دیکە خۆی چارەسەر کردەوە، هەروەها لە شەڕێکی دیکە پێشمەرگەیەك گوللە بەر گورچیلەی کەوتبوو دۆخی زۆر خراپ بوو، تووشی خوێنبەربوونی ناوەکی بوو بوو خۆشبەختانە ڕزگارمان کرد.

لە کاتی دەستپێکردنی ئەنفالدا خێزانم تووشی نەخۆشییەك بوو پێویستی بە شار هەبوو، لەسەر مۆڵەتی شۆڕش هاتمەوە شار و تا ساڵی ١٩٩١ لە شاردا بووم، لە ڕاپەڕینیشدا پەیوەندیم لەگەڵ شۆڕشدا هەر نەپچڕابوو، دوای ڕاپەڕین هەڤاڵ کۆسرەت داوای لێکردم

کاروباری نەخۆشخانەکانی شار ڕێکبخەمەوە، منیش داوام لە دکتۆر محەمەد باجەلان و چەند دکتۆرێکی دیکە کرد کە پێکەوە نەخۆشخانەکان بخەینەوە سەر کار، دواتر دەستم لە کاری پزیشکی هەلگرت و دەستم بە کاری بازرگانی کرد، ماڵم بردە سلێمانی و تا ساڵی ٢٠٠٢ مامەوە، لە ساڵی ٢٠٠٢ سیناریۆیەکم بۆ دروست کرا و تا ساڵی ٢٠١٧ زیندانی کرام، لە ٢٠١٨ نەمتوانی لە کوردستاندا بژیم، ئێستا ماوەیەك لە ئێران و ماوەیەك لە تورکیا دەژیم، لە ساڵی ١٩٨٢ لە شاخ هاوسەرگیریم پێکهێناوە[٤١].

[٤١]– چاوپێکەوتن لەگەڵ د. مەزن عەبدولقادر سۆفی عەبدوڵلا، ٢٠٢٣/٢/٢.

# مەنسور یوسف مستەفا (دکتۆر مەنسور)

لە سێپتەمبەری ساڵی ١٩٥٠ لە گەڕەکی چوارباخی شاری سلێمانی لە خێزانێکی هەژار لە دایکبووم، باوکم کاری کرێکاری کردووە، خوێندنم لە قوتابخانەی ئەیوبییەی سەرەتایی دەست پێکرد، لە پۆلی چواری سەرەتاییەوە باوکم گواستمییەوە بۆ خوێندنی ئێواران تاکو بە ڕۆژ کاری شاگردی بکەم، لەبەر بژێوی ژیان لەلای ددانسازێك دەستم بە کار کرد، پۆلی پێنج و شەش لە قوتابخانەی زانستی ئێواران لە ناوەندی جمهوری بە ڕۆژ و لە پۆلی دووەوە چوومە دواناوەندی وەتەنی ئێواران، دوای تەواوکردنی ناوەندی لە پەیمانگای پیشەیی تەندروستی بەغداد وەرگیرام.

لەبەر پەیوەندی نەکردنم بە ڕێکخراوی (الاتحاد الطلبة العراقي) هەوڵی دەستگیرکردنم درا، کە کۆتا مانگی خوێندنم بوو، واتە بەس تاقیکردنەوەکانم مابوو، لەگەڵ هاوڕێیەکم کە خەڵکی هەولێر بوو ڕامانکرد و گەڕاینەوە سلێمانی و چەند مانگێك مامەوە، چوومە لای ددانسازێکی دیکە ئەویش (محەمەد مەمەند) کە پێیان دەوتم خەلفە، لەو کاتەی کە لەوێ نەبوو سەرپەرشتی کارەکەم دەکرد و هەموو کارێکی ددانسازیم دەکرد، پێشتر کە چوومە پەیمانگا زۆربەی کارەکانم لای ددانساز کە وەستای یەکەمم بوو ئەویش سدیق جەمیل بوو لە شەقامی کاوە.

هەر لە ساڵی یەکەم لە پەیمانگا مامۆستایەکم کە زانی توانا و شارەزاییم هەیە داوای لێکردم لە دوای پەیمانگا بچم، منیش دەچوومە نۆرینگەکەی بۆ هاوکاری و کارکردن، تاکو زیاتر شارەزای پیشەکەبم، کە بووە هۆی ئەوەی ئەزموونی زیاتر لە پرۆگرامی پەیمانگاکە وەربگرم.

لە ساڵی ١٩٦٨ کە خوێندکاری دواناوەندی بۆتانی ئێواران بووم بە نهێنی پەیوەندیم کرد بە یەکێتی قوتابیان و لاوانەوە، کە سەر بە پ.د.ك بوو، لە کاتێکدا ئەو کاتە هەموو سلێمانی جەلالی بوو، منیش مەلایی بووم، تاکو ئازاری ساڵی ١٩٧٠ تێکەڵبوونەوە، منیش هەروەها لە لاوانی دیموکراتی کوردستان تا ساڵی ١٩٧٤ کە شەڕ هەڵگیرسایەوە و ساڵی ١٩٧٥

ئاشبەتاڵ ڕوویدا، نیگەرانی و نارەحەتی زۆر باڵی کێشابوو بەسەرماندا بە تایبەت ئێمە کۆمەڵێك گەنجی شۆڕشگێڕ بووین، بەڵام سەرلێشێواو بووین، بێ دەرگا و دەرەتان بووین، کە ساڵی ١٩٧٥ ی.ن.ك بەیانی دامەزراندنی بڵاوکردەوە، زۆر بە گڕتینەوە لە مانگی ١٢ی ساڵی ١٩٧٦ لەسەر داوای مامۆستا غەفوور ژاژڵەیی پەیوەندیم کرد بە بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان کە باڵێك بوو لەناو ی.ن.ك، سەرەتا لە مانگی ٥ لایەنگربووم، لە ساڵی ١٩٧٧دا شەرەفی ئەندامێتی بزووتنەوەم وەرگرت، بەردەوام بووم لە خەباتی نهێنی و بە پلەکانی ڕێکخستندا سەرکەوتم، تاکو ساڵی ١٩٨٣ بەهۆی چالاکی ناو شار ئەو کات بریتی بوو لە دیوار نووسین و بڵاوکردنەوی بەیان و کۆکردنەوەی پیتاك و یارمەتی، ئاگادار کرامەوە کە لە ژێر چاودێریدام، بۆیە لە مانگی نۆی ساڵی ١٩٨٣ چوومەوە دەرەوە.

لە شاخ چوومە گوندی گورگەدەر لە شارباژێڕ ماوەی یەك مانگ مامەوە، ئەو کاتە سۆسیالیست بوو بوو بە دوو بەش، بەشێکیان لەناو ی.ن.ك دا بوون، بە ناوی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان، بەشەکەی دیکەش بە جیا وەکو حزبی سۆسیالیست مانەوە، ئەوەی یەکەم پێکهاتەکەی لق و ناوچە و ڕێکخراو و شانەی سەرەکی بوو، پێشتر لە ساڵی ١٩٨١ بە هەڵبژاردنی نهێنی لە ناوچەی سلێمانی بووبووم بە ئەندام، لە ساڵی ١٩٨٣شدا کارگێڕی ناوچەی شۆڕشگێڕان بووم، لە مانگی ١٠ی ساڵی ١٩٨٣ چووم بۆ سەردانی لق بۆ دەستبەرکاربوونم لەناو پێشمەرگەدا، بەڵام پێیان ڕاگەیاندم تا ماوەیەك ئارام بگرم، چونکە پێشهاتێکی گەورە لە ئارادایە.

مانگی ١١ نامەیەکی لقم بۆ هات داوام لێ کرابوو بەشێوەی نهێنی بچمەوە ناو شار و خۆم بشارمەوە تا ئەو کاتەی ئاگادارم دەکەنەوە، ئیدی گەڕامەوە سلێمانی و خۆم شاردەوە، لە مانگی ١ی ساڵی ١٩٨٤ دەستکرا بە دانوستان لەگەڵ حکوومەتی عێراق، لەبەرئەوەی کە من پێش چوونە دەرەوە بە کاری ڕێکخستن سەرقاڵ بووم هەموو خەتەکانم دەناسی، بۆیە گەڕامەوە بۆ شار و دەستم کردەوە بە کاری ڕێکخستن، لە مانگی ١١ی ١٩٨٤ دەزگای ئەمن کەوتە گەڕان بەدوامدا، پێش کۆتایی دانوستان چوومەوە دەرەوە، کە دانوستان تەواوبوو، من گەیشتمە سنووری شارباژێڕ.

لە مانگی سێی ساڵی ١٩٨٥ بووم بە لێپرسراوی ناوچەی شاربាژێڕ، لە شوێنی هەڤاڵ جەمیل هەورامی، ئەو بوو بەبەرپرسی لق، ساڵی ١٩٨٦ نێوانی شۆڕش و حکوومەت بە تەواوی تێکچوو، ڕژێم هێرشی گەورەی بۆ ناوچەی شارباژێڕ دەست پێکرد، کە مەڵبەندی یەك لەوێ بوو، هەڤاڵ جەبار فەرمان لێپرسراوی بوو، دوای شەڕێکی گەورە هێزەکان بۆ سنووری دۆڵی جافایەتی کشانەوە، کە لە دوای گفتوگۆوە سەرکردایەتی هاتبوونە ئەوێ، ئێمەش کشاینەوە ناوەندی شۆڕشگێڕان لە هەڵەدن، کات زستان بوو لە بەرگەڵوو بنکە و بارەگای دەزگاکان دروست دەکرا، ناوەندی شۆڕشگێڕانیش بە هەمان شێوە، بینایەك دروستکرا و من لەوێ بووم، لە هەوڵی ئەوەدابووم کە کاری سیاسی لەناو هێزی پێشمەرگەدا بکەم.

مانگی ١١ی ساڵی ١٩٨٥ بارەگای هەڤاڵ دکتۆر فوئاد مەعسوم بەرامبەر بارەگای ئێمەبوو لەوبەر دۆڵەکەوە، کات نزیك نیوەڕۆ بوو، هەڤاڵ خاڵە کەمال هات و بانگی کردم لەگەڵیدا بچم بۆ بارەگاکەیان، کە گەیشتم هەڤاڵ مامۆستا عەبدوڵلا عومەر کە بەرپرسی ناوەندی شۆڕشگێڕان بوو لە بارەگاکەی خۆمان بوو، لەوێ لەگەڵ هەڤاڵ دکتۆر فوئاد مەعسوم دانیشتبوو، پرسییان کارێك هەیە بزانین چیت بۆ دەکرێت، بچۆ بۆ بارەگای هەڤاڵ نەوشیروان مستەفا، هەڤاڵ کۆسرەت ڕەسووڵ لە مەڵبەندی سێ وە هاتووە، شەو ڕێگاکە کەمینی لێ بووە، لە ڕێگا لایانداوە و لە جۆگەیەك بازی داوە و کەوتووە، بەهۆیەوە ددانێکی پێشەوەی شکاوە، دەتوانی چی بۆ بکەی؟ منیش گوتم هیچ کەرەستەیەکم پێ نییە، جانتایەکی دیبلۆماسی گەورەم هەبوو، پڕم کردبوو لە دەرزی بەنج و گاز و پێویستی ددان کێشان، کە لە ساڵی ١٩٨٣ یەکەم جار هاتمە دەرەوە پێش خۆم ناردبوومەوە دەرەوە، تا ئێستاش ئەو پێداویستییانە لە مۆزەخانەی ئەمنە سوورەکەی سلێمانی پارێزراوە، ئیدی لەگەڵ هەڤاڵ خاڵە کەمالدا چووم بۆ بارەگای هەڤاڵ نەوشیروان، پاش هەواڵ پرسین، هەڤاڵ نەشیروان ناو و ناونیشانی لێ پرسیم، منیش خۆم ناساند، هەڤاڵ کۆسرەت و گوتی دکتۆر مەنسور دەناسم ددانسازێکی بەناوبانگی سلێمانی بووە، هەڤاڵ نەوشیروانیش گوتی لەگەڵ پێشمەرگەیەك دەتنێرم بۆ نەخۆشخانە.

پێشتر ساڵی ١٩٨٤ کە لە سووورداشەوە بۆ دۆڵی جافایەتی گواسترابوومەوە دکتۆر سەردار تاڵەبانی (سەروار)، هەموو کەرەستەکانی کە لە سووورداش هەیبوو گواستبوویەوە بۆ نەخۆشخانەکەی بەرگەڵوو، لەگەڵ پێشمەرگەکە گەیشتمە نەخۆشخانەکە منی بە دکتۆر شوان ناساند کە بەڕێوەبەری نەخۆشخانەکە بوو، لەوێ بە دوو هاوڕێی ئەزیزم شاد بوومەوە ئەویش دکتۆر سەردار و دکتۆر ئاکۆ بوون، لەگەڵ دکتۆر سەردار چوومە ژوورەکە و کەرەستەکان هەموو لە گوێنیەدا بوون، بۆرەك کە بۆ کاری ددانسازی بەکاردێ کرابووە نێوانی کەرەستەکان تاکو تووشی زیان نەبن، مێزێکی گەورە لە ژوورەکەدا بوو، هەموو پێویستییەکانم دەرهێنا و پاکم کردنەوە و لەسەر مێزەکە ڕێکمخست، ئەوەی من پێویستم بوو لەوێ هەبوو، چوومەوە بۆ لای هەڤاڵ کۆسرەت، بۆ شەو کە کارەبای مۆلیدە داگیرسا، چووین و ئامادەکاریم بۆ بەیانی کرد، بۆ بەیانی کە هەڤاڵ کۆسرەت هات یەکسەر ددانە شکاوەکەم لابرد و ددانە دروستکراوەکەم کردە شوێنی، زۆر جوان و ڕێکوپێك بوو تا ماوەی چەند ساڵێك ئەو ددانەی هەر مابوو کەس هەستی پێ نەدەکرد.

کە کارەکەم تەواوکرد، گەڕامەوە ناوەندی شۆڕشگێڕان، دوای دوو ڕۆژ دکتۆر فوئاد بانگی کردمەوە، گوتی دەتنێرینە نەخۆشخانەکە، ئەوان پێویستییان پێتە، دکتۆر شوان چوو بوو بۆ لای هەڤاڵ نەوشیروان پێی گوتبوو پێویستمان پێی هەیە با بێتە نەخۆشخانەکە، لە دوای سووورداشەوە واتە لە ساڵی ١٩٨٥ەوە دکتۆر سەروار چوو بووە ئێران و نەگەڕابووەوە، ئیدی چوومە بەشی ددان، هەرچەندە پێشتر زۆر ئارەزووی ئەوەم هەبوو وەکو کادری سیاسی لە ناو خەڵکدا کار بکەم، تەنانەت تا ماوەی دوو هەفتەش بە ڕۆژ لە نەخۆشخانەکە بووم و بە شەو دەچومەوە ناوەندی شۆڕشگێڕان، لەگەڵ پێشمەرگەکان و مامۆستا عەبدوڵڵا و مامۆستا چەتۆ حەوێزی و دکتۆر پێشەوا تاڵەبانی و ڕاهاتبووم.

لە نەخۆشخانەکە دەستم کرد بە ڕێکخستن و چاککردنی شوێنی کارەکەم، ئەم هەڤالانەی لێ بوون: (دکتۆر شوان، دکتۆر نەوزاد سالح ڕەفعەت، دکتۆر خالید، دکتۆر سەردار، ئاکۆ، دکتۆر بەیان، دکتۆر نەوزاد و دکتۆر بۆتان)، پاش ماوەیەك هەر یەك لە: (هێمن، دکتۆر هێرش، دکتۆر دانا، دکتۆر موحسین، دکتۆر ئیسماعیل)، هەروەها دکتۆر شێرکۆ لە سێروان بوو هەندێکجار سەردانی دەکردین، زۆر جار ئەم دکتۆرانە سەردانسان

دەکردین: (دکتۆر فائیق گوڵپی، دکتۆر حسێن حەمەساڵح، دکتۆر حەسەن)، هەروەها دکتۆر شالاو لە یاخسەمەر بوو وەك دکتۆری تایبەتی هەڤاڵ مام جەلال، ساڵی ١٩٨٦ کۆمەڵێك تێکۆشەری دیکە پەیوەندی پێوەکردین لەوانە: (دکتۆر هێرش، دکتۆر هێمن، دکتۆر پێرس، دکتۆر دانا، دکتۆر موحسین، دکتۆر ئارام، دکتۆر ئیسماعیل، دکتۆر بۆتان تاڵەبانی، دکتۆر هندرێن، دکتۆر وریا عەرەب و دکتۆر شەماڵ ئەحمەد)، پێشمەرگەیەکی گەنجیش بەناوی بەخە بچکۆل (دلێر)، کە نان و سەموونی بۆ دروست دەکردین، دواتر دکتۆر ئیسماعیل و دکتۆر شەماڵ لەگەڵ هەڤاڵ ئازاد هەورامی چوونە بادینان، هەر لە نەخۆشخانەکە هەڤالان (گەشاو، دابان و سابات) وەکو برینپێچ کاریان دەکرد.

بێجیاوازی بۆ پێشمەرگە و هاوڵاتی خزمەتم دەکرد، هەر کارێکی پەیوەست بە ددانەوە لە دروستکردنەوە هەتا تاقمی ددان، یان نیو تاقم، هەروەها چارەسەرکردنی ددان بە هەموو شێوەیەك بۆ گوندنشینان بێبەرامبەر.

لە ڕێگای کەسوکارم یان لە ڕێگای دکتۆر محەمەد مەمەندی هاوڕێمەوە پێداویستیم بە دەست دەگەیشت، زۆرجاریش لە ڕێگای ڕێکخستنەکانەوە بەتایبەت مامۆستا کەمال کوردی، دەگەیشتە ئۆردوگای کارێزە، دواتر لە ڕێگای قاچاغچییەکانەوە دەهاتە گاپیلۆن و منیش دەچووم لەوێ وەرم دەگرت، نەخۆشخانەکە گەورە بوو کاری باشی تێدا دەکرا، خزمەتی نەخۆش و برینداری پێشمەرگە زۆر فراوان بوو کە پێکهاتبوو لە: (تاقیگە، تیشك، ددان، نۆرینگە، هۆڵی دە تەختەی خەوتنی نەخۆش، هۆڵی نەشتەرگەری و ئێشکگری).

زۆر جار لەلای هاوڕێکانم بووم لە کاتی تەداویدا هەوڵی فێربوونی زانیاریم دەدا لێیانەوە، تاکو لە هەر کاتێکدا پێویست بێ سوودێك بگەیەنم، دکتۆر شوان داوای لێکردم ببم بە بەرپرسی کارگێڕی و لۆجیستی نەخۆشخانە، ئیتر دابینکردنی پێداویستی نەخۆشخانە لە خواردن و کەلوپەل و دەرمان و پێویستی چارەسەر کەوتە ئەستۆ، ڕۆژێك لەگەڵ دکتۆر شوان سەردانی هەڤاڵ نەوشیروانمان کرد دەربارەی پێویستی نەخۆشخانە، لێی پرسین دۆخی نەخۆشخانە چۆنە؟ وەڵاممان دایەوە هەموو شت زۆرباشە، ژووری نەشتەرگەری زۆر گەورەمان هەیە، تەنها هەندێك پێویستی دەرمانمان کەمە، دەمانەوێت لە ڕێگای بەڕێزتەوە، بتوانین پەیوەندی بکەین، حزبی دیموکرات لای مالوومە بوون لە

گەورەدێ، ئەوان دەیانتوانی هاتوچۆ بکەن، شتومەك بهێنن، بەڕێزت هاوکاریمان بکە تاکو لە ڕێگای ئەوانەوە هەندێك پێویستیمان بۆ بێت، پێی گوتین سبەی دکتۆر فوئاد دەچێت بۆ لای دکتۆر قاسملۆ، یەکێکتان بچن لەگەڵیدا و داواکارییەکان بگەیەنن، نامەیەکی پێدام، بردم بۆ دکتۆر فوئاد، ئەویش گوتی سبەی کاتژمێر نۆ وەرە دەچین بۆ لایان.

بۆ سبەی چووینە لای حزبی دیموکرات لەبەردەمی خۆمدا بە دکتۆر قاسملۆی گوت کە ئەم شتانەمان پێویستە، ئەویش بانگی کەسێکی کرد گوتی ئەم برادەرە بەرە بۆ لای ئاغای سەلیمی، کە بەرپرسی تەداروکات بوو، چوومە لای بە هەڤاڵانی چواردەوری خۆی گوت هەر کات ئەم پیاوە هات چی پێویست بوو بۆی جێبەجێ بکەن، ئیدی ئەمە دەرگای خێر و خۆشی بۆمان، لێرەوە هەرچیمان پێویست بووایە بۆمان دەهات، جگە لەمەش لە ڕێگای ڕێکخستنەوە چەند گوێنییەك دەرمان کۆدەکرایەوە و بۆیان دەناردین، لە سەرگەڵوو موەلیدەیەکی گەورەی لێ بوو کارەبای هەموو بارەگاکانی دابین دەکرد، زۆر جار بە ڕۆژ پێویست بوو کارەبا هەبێت بۆ هۆڵی نەشتەرگەری دەبوو بنێرین بۆ سەرگەڵوو تاکو کارەباکە داگیرسێنن، داوام لەو هەڤاڵەی دیموکرات کرد کە جنراتۆرێکی کارەبامان بۆ بکرێت، پاش نزیکەی دوو هەفتە سەربازێك بە ئۆتۆمبێلی خۆیان بۆی هێنایینە بەردەم نەخۆشخانە، داماننا و بۆ کاتی پێویست بووینە خاوەنی کارەبای خۆمان.

ساڵی ١٩٨٦ ڕژێم زۆر بە چڕی دەستی کرد بە بۆردومانکردنی هێزی پێشمەرگە و لە سنووری هەموو مەڵبەندەکان، کە بە ناوچەی ڕزگارکراو بە تۆپ و سوپا و جاشەوە لە هەموو لایەکەوە هێرشی کرد، پێش من دکتۆر بەیان کاری کارگێڕی دەکرد، لەو کاتەدا بریندار و نەخۆش زۆر بوو، ڕۆژانە سەرقاڵ بوون، بۆیە ئەرکی ئەو بە من سپێردرا.

لە ساڵی ١٩٨٧ دکتۆرێکی سەر بە کۆمەڵە بارەگایان لەلای مالوومە بوو، کێشەی لە نێوانیان دروست بووبوو هاتە لای ئێمە بەناوی دکتۆر ئارش، کە زۆر شارەزا بوو لە چارەسەری (چین)ی بە دەرزی. هەروەها لە نیوەی دووەمی هەمان ساڵ دکتۆر دلێر کە دکتۆری حزبی شیوعی کوردستان بوو هاتە نەخۆشخانەکە و بەردەوام بەشداری کاری پزیشکی دەکرد و تا ئەنفالەکان بەردەوام بوو.

ئێمە لە نەخۆشخانەکە هەموو کات بۆ هەر ئەگەر و ڕووداوێك لە ئامادەباشیدا بووین، ئەو کاتانەش کە پشوو بووایە و کار نەبووایە، سەرقاڵی خوێندنەوە و گفتوگۆ بووین لەسەر ڕووداوەکانی ڕۆژ چ هی کوردستان چ هی دونیا، هەموو کاتیش بۆ ڕووداوەکان ئامادەبووین، لە داستانی ڕزگاری نەخۆشخانەی مەیدانیمان دروست کرد لە گەڕەدێ، تاکو لە نزیکەوە هاوکاری برینداران بکرێت، دکتۆر هێمن و دکتۆر وریا عەرەب چوونە ئەوێ و تا کۆتایی شەڕەکە مانەوە، هەروەها پێش دەستپێکردنی هەڵمەتی سەر کەرکووك تیمێك دروست کرا و چوونە ناوچەکە لە نزیکەوە لەگەڵ هێزەکان نەخۆشخانەی مەیدانییان دروست کرد کە بریتی بوون لە دکتۆر شوان. دکتۆر خالید و دکتۆر نەوزادکتۆر

لە نەخۆشخانەی بەرگەڵوو چارەسەری پێشمەرگە و تەواوی هاووڵاتییانی ناوچە ئازادکراوەکانمان دەکرد، من بەشی ددانم بەڕێوەدەبرد، چارەسەری پێویست بۆ هەموو نەخۆشێك دەکرا، ڕۆژانە بەردەوام لە بەیانی تاکو ئێوارەیەکی درەنگ کارم تێدا دەکرد، ڕۆژانە نزیکەی ٥٠ کەس سەردانی دەکردینو چارەسەر دەکران، کارەکان بریتی بوو لە ددان دەرهێنان و ددان پڕکردنەوە و دروستکردنەوە و دروستکردنی ددان وتاقمی ددان و پاککردنەوە و چارەسەرکردنی هەندێك نەخۆشی ددان و دەم، هەموو بێبەرامبەر بۆ گوندنشینان ئەنجام دەدرا، خۆم و هاوڕێکانم بە ئارەزوومەندی وەك بڕوایەك بۆ بەشداری لە خەبات و تێکۆشان هەموو بەرژەوەندی خۆمان وەلا نابوو، بەشداری خەبات و ئەو شەرەفە گەورەیەمان کرد، کە بریتی بوو لە تێکۆشان لە پێناو مافی ڕەوای گەلەکەمان، وەك ئەندامانی یەك خێزان مامەڵەمان دەکرد، بێ ئەوەی جیاوازی بکرێت، تەنانەت کەسێك نەیدەگوت ئەوە کاری من نییە.

زۆرێك لە ئێمە خوێنی خۆی دەبەخشی بەبرینداران، من چەندین جار خوێنم بەخشیوە، لە شەڕێکدا جاشێکی فەرماندەی فەوج بە بریندارى دەستگیرکرابوو، هێنایان بۆ نەخۆشخانە، پێویستی بە نەشتەرگەری بوو، بۆی ئەنجام درا، چوار بوتڵ خوێنی پێدرا و بەشی نەکرد، لە بارەگاکانی نزیك خۆبەخشیش هاتن، لەوانیش چوار بوتڵ خوێنی بۆ وەرگیرا، جگە لەوەش هیچ ڕۆژ و شەوێك نەبووە چەندین پێشمەرگە و هاووڵاتی سەردانی نەخۆشانە نەکەن.

چەند جارێك چەند كەسێكمان سەردانی هەڤاڵ مام جەلالمان دەكرد، یان ئەو كە دەهاتە بەرگەڵوو سەردانی دەكردین، هەموو جارێك پرسیاری نەخۆشخانەكە و پێداویستییەكانی لێ دەپرسین، زۆر جار من باسی هەموو شتێكم دەكرد، وەكو ئازووقە و پێداویستی و دەرمان، هەڤال مام جەلالیش هەموو جار مامۆستا نازم عومەر بەرپرسی دارایی ئاگادار دەكردەوە كە نەخۆشخانەكە هەرچییان پێویست بوو بۆیان دابین بكە.

ڕۆژێكی ساڵی ١٩٨٧ ڕژێم تۆپبارانی دۆڵی جافایەتی كرد، بەتایبەت بەرگەڵوو لە سێ قۆڵەوە بۆردومان كرا، پاش كەمێك بۆمان دەركەوت بە كیمیایی لێی داوین، مەبەستی ڕژێم ئەوە بوو خەڵكی لە چاڵ و كونەكان بێنە دەرەوە و بەرەو بەرزییەكان بچن، دواتریش بە تۆپی پارچە لێی دەدان، تۆپێك دابووی لە سەربانی ژوورێكی بارەگای هەڤاڵ نەوشیروان بەهۆیەوە فەرماندەیەكی پێشمەرگە بەناوی هەڤاڵ مەحموود سێدەری و كوڕەكەی كە ١٨ ساڵ بوو لەگەڵی پێشمەرگە بوو لەگەڵ هەڤاڵ نەقیب ئەمیر بەركەوتبوون، هەڤاڵ نەقیب بە ئەندازەی لەپە دەستێك پارچەیەك لە پشتی سەری چەقی بوو، شەهید بوو، كوڕەكەی هەڤاڵ مەحموود سێدەریش سێ پارچەی گەورەی بەركەوتبوو، هەرچەندە باوكی زۆر هەوڵی لەگەڵ دابوو، بەڵام ئەویش شەهید بوو، كیمیاییەكە كاریگەری لەسەر هەناسە و سییەكانی هەڤاڵ مەحموود دانابوو، ئێمەش وەكو ستافی نەخۆشخانە و سێ بریندار بەرەو بەرزایی پشتی نەخۆشخانەكە هەڵهاتین، ماوەی ٢٠ خولەك تۆپباران بوو، دوای وەستانی تۆپباران، هێشتا كیمیاییەكە ناوچەكەی داپۆشی بوو، گەڕاینەوە نەخۆشخانەكە ماسكمان بەست و چووین بەدەم برینداركانەوە بە گوێزەرەوە هەڤالان مەحموود سێدەری و نەقیب ئەمیر هێنرانە بۆ نەخۆشخانەكە، هەڤاڵ نەقیب ئەمیر گیانی سپاردبوو، هەڤاڵ مەحموود هەموو گیانی بلقی كردبوو، لەگەڵ دوو برینداری دیكەدا بردمانن بۆ نەخۆشخانەكەی حزبی دیموكرات هەرچەندە زۆر هەوڵیان دابوو لەگەڵی، بەڵام درەنگانی شەو شەهید بوو.

بەیانی گەڕاینەوە بۆ بەرگەڵوو، لەگەڵ تەرمی شەهید مەحموود دا كارەستێكی دیكە لە پایزی ١٩٨٧ ڕوویدا لە ١٠ بۆ ١١ی پێش نیوەڕۆ لەبەرزایی كێوەكانی دەوری دۆڵەكە سێ خاڵ دروست كرابوو، كە یەك دۆشكەیدوو لوولە و دووانی تاك دانرابوو بۆ بەرگری لە كاتی هاتنی فڕۆكەدا، هەروەها لە كاتی هاتنی فڕۆكەدا چەند فیشەكێكیان دەتەقاند، وەك

ئاگادارکردنەوە بارەگاکان و خەڵکەکان زانیمان فڕۆکەیە، بۆیە هەموو ڕامان کرد بۆ پەناگەکان، لە چواردەوری نەخۆشخانەکە سێ پەناگەمان لە بناری شاخەکە دروست کردبوو، هۆڵەکەش بریندارى لێ بوو، هەموویانمان بردە پەناگەکە، من و دکتۆر خالید، دکتۆر بەیان و دکتۆر سەردار لەگەڵ دوو لە بریندارەکان چووینە پەناگەیەك، دکتۆر خالید دوا کەس بوو بانگی لە کەسێك کرد: کاکە وەرە بۆ ئێرە فریای هیچ شوێنێك ناکەویت! گوتی: نا ڕادەکەم، لەو کاتەدا من و دکتۆر خالید دوا کەس بووین کە سەرم هەڵبڕی، وەکو زنجیر بۆمب هاتە خوارەوە و دای لە شاخەکە بە شێوەیەك وەك بومەلەرزە و تەقینەوەیەکی زۆر گەورە وابوو، خۆڵبارین و ڕەشییەکی زۆر ناوچەکەی داپۆشی، تاکو چەند خولەکێك هیچ ڕووناکاییەك نەبوو، پاشان وردە وردە ڕووناکایی دەرکەوت، لە نزیك ئەو شوێنەی پێشمەرگەکەی لێ بوو، تۆپێك لێی دابوو، هیچ پاشماوەیەکی نەمابوو، تەنها پارچەی ڕانکوچۆغەکەی نەبێ کە ڕەنگی شین بوو، لە ژێر دار و دەوەنەکەوە دۆزیمانەوە، ئەویش ناوی شەهید (مەندە) بوو، هەر لەو بۆدوومانەکەدا کاك عوسمانی سەرگەڵوو لەگەڵ دوو کوڕی بەناوی زانا و دانا شەهید بوون، لە ئەشکەوتێکدا خۆیان حەشاردابوو ڕووخابوو بەسەریاندا و خنکابوون.

بەرەی کوردستانی دروست بوو بوو، بەردەوام نێردەی لایەنەکان سەردانی سەرکردایەتی (ی.ن.ك)یان دەکرد، نێردەیەکی مەکتەبی سیاسی پ.د.ك هاتن بۆ سەردان، نێردەی مەکتەبی سیاسی ی.ن.ك بە ئۆتۆمبێلەکانی هەڤاڵ مام جەلال هاتنە بەردەم نەخۆشخانەکە، لەوێ هەڤاڵ فازڵ میرانی دابەزی دوو پێشمەرگە چوو بوونە ژێر باڵییەوە لە کاتی پەڕینەوە لە شوێنێك بازی دابوو، بەڵام قاچی لە جێ چووبوو، نەیدەتوانی ڕێگا بکات، بۆیە هێنایان بۆ نەخۆشخانە، ستافەکە چوون بەلایەوە، چارەسەرکرا، دوای ئەوەی کە باش بووەوە گەڕا بەناو نەخۆشخانەکەدا و گوتی: وەڵا باوکم ئێوە حکوومەتن، لە کەم شاری ئێرانیش نەخۆشخانەی وا چاك و پێشکەوتوو هەیە!

دوای ئەوەی لەگەڵ ئێران ئاشتبووینەوە، پێش چەند مانگێك لە چالاکی لێدانی کەرکووك نێردەی قەرارگای ڕەمەزانی ئێران کە نزیکەی ١٥ کەس دەبوون، هاتن بۆ لای سەرکردایەتی ی.ن.ك، برووسکەی هەڤاڵ مام جەلال هاتبوو، کە چەند کەسێك دێنە لامان،

بۆ قسەکردن لەسەر هاوکاری نەخۆشخانەکە، ٤ کەس هاتن و بەرپرسەکەیان بەناوی ئاغای نادری بەرپرسی بێهداری بوو، دوای بەخێرهاتن و پشوو و چا خواردنەوە، هەڤاڵ سەردار کە چەند ساڵێك لە ئێران و لە کرماشان کاری کردبوو فارسی دەزانی بۆ قسەکردن لەگەڵیان، کە گەڕان بە ناو نەخۆشخانەکەدا و هەموویان بەسەر کردەوە، پاشان بۆ خوانی نیوەڕۆ لامان بوون، لە کاتی نانخواردن قسە دەکرا، ئاغای نادری گوتی برایان لێتان ناشارمەوە. من زۆر سەرسام بووم بەو هەموو هەوڵ و ماندووبوونەی نەخۆشخانەکەتان، ئەو کارانەی کردووتانە لێتان ناشارمەوە ئێمە لای خۆمان وا بیرمان کردبووەوە کە ئێوە هەر یەکەی کۆڵەپشتێك دەرمان و پێداویستیتان پێیە، لە ئەشکەوت و ژێر بەرددا هەندێك چارەسەری پێویست بۆ خەڵك و بریندار دەکەن، کەچی ئێوە خاوەنی چاکترین نەخۆشخانەی مەیدانی ژووری نەشتەرگەری و نوێترین دەزگای بێهۆشین، کە من لە هیچ نەخۆشخانەکەیەکی خۆمان نەمبینبوە، پاشان گەڕانەوە بۆ یاخسەمەر لە میوانخانەکەی سەرکردایەتی بوون.

لە سکرتاریەتی هەڤاڵ مام جەلال برووسکەیەك هات کە خۆمان ئامادە بکەین، بۆ برینداریکی سەخت کە لە قەرەداغ بە پارچەی تۆپ بریندار بووە، کە هەڤاڵ کەریم سەلام بوو، لێپرسراوی پاسۆك بوو، ئۆتۆمبێلەکانی هەڤاڵ مام جەلال چوو بوون بە شوێنیدا، دوای ئەوەی لە ڕێگا پەڕی بوونەوە، تاریك بوو کە گەیشتنە نەخۆشخانە و برایە ژووری نەشتەرگەری، پێشتر ئامادەکاری کرابوو، دەست کرا بە نەشتەرگەری، زۆر جار لە کاتی نەشتەرگەری گەورەدا ڤیدیۆ و وێنەی کارەکە دەگیرا بۆ ئەرشیف کە تا ئێستاش هەر ماوە، لەو کاتە دکتۆر هێمن کرمێکی گەورەی لە ناو ڕیخۆڵەیدا دەرهێنا، بووبوو بە دوو لەتەوە دکتۆر هێمن بە مەقەستەکەی کرمەکەی گرتوو هێنایە بەردەم لێنزی کامێراکە و گوتی: **"تەماشا بکەن، تەنانەت ئەم کرمە لە ناو سکیشدا بەر شالاوی ڕژێم کەوتووە و لە دەستی ڕژێم ڕزگاری نەبووە"**. پارچەکە نیوەی کرمەکە لە ناو سکیدا لەت کردبوو، بەڵام نەپچڕابوو، دواتر نەشتەرگەرییەکە سەرکەوتوو بوو، بریندارەکە چاك بوویەوە.

ڕۆژێك فڕۆکەی ڕژێم کەوتە بۆردومانکردنی ناوچەکانی: سەرگەڵوو، بەرگەڵوو، یاخسەمەر، چالاو، شاخی کەرکەر و قزلەر، چەندین بریندار هێنران بۆ نەخۆشخانەکە،

دەستکرا بە چارەسەرکردنیان، لەناو بریندارەکان منداڵێکی ١٢ بۆ ١٣ ساڵان هەبوو پارچە لە سکیدا بوو پارچەی تیشێرتەکەی بردبووە ناو سکی و گەدەیەوە، دووەم کەس بوو برایە ژوورەوە بۆ نەشتەرگەری، دکتۆر شوان، دکتۆر هەڵۆ، دکتۆر هێمن و دکتۆر هێرش لە ژوورەوە بوون، هەندێکیشمان لە دەرەوە بووین بۆ چارەسەرکردنی ئەوانەی دەرەوە، کە نەشتەرگەرییەکە تەواوبوو، دکتۆر هەڵۆ هاتە دەرەوە دەستخۆشی لێکردین، ئێمەش پرسیاری منداڵەکەمان کرد، گوتی: زۆرباشە و ڕزگاری بووە، پارچەکەش بەشێکی گەدەی بڕی بوو، بۆیە بۆیان لابرد و کاری پێویستی بۆ ئەنجام دراوە، دکتۆر شوان و دکتۆر حسێن حەمەساڵح نەشتەرگەرییان بۆ ئەنجامدا، دکتۆر خالید و دکتۆر ئاکۆش هاوڕێیان بوون، منداڵەکە ناوی ڕەسووڵ بوو کوڕی حاجی ئەحمەد هەڵەدنی بوو، باوکی لە نەخۆشخانەی دووکان کارگوزاربوو، دوای چاکبوونەوەی لای ئێمە، بەنهێنی ڕەوانەی نەخۆشخانەی دووکان و ڕەوانەی شاری سلێمانی کرد بۆ لای چەند دکتۆرێکی نەشتەرگەری، ئەوانیش دوای پشکنین و تیشك پێی دەڵێن: بڕۆ دڵنیابە لە منداڵەکەت، ئەگەر لێرە و لە بەغدادیش بووایە ئەوەی بۆ نەدەکرا، دکتۆر هەڵۆ ورەیەکی زۆر گەورە بوو بۆ ئێمە، ئەزموونێکی زۆری هەبوو، پێشتر ماوەی ١٣ ساڵ دکتۆری وەك دکتۆری سوپا کاری کردبوو.

لە ساڵی ١٩٨٧ ڕژێم دەستی کرد بە بۆردومانکردنی دۆڵی مەرگە کە ناوچەکانی سێروان، ئاوەژێ و کانی تووی گرتەوە، چەندین کەس شەهید و بریندار بوون، بریندارەکانیان هێنا بۆ نەخۆشخانەی بەرگەڵوو، یەکێك لە بریندارەکان هەڤاڵ شەمسەدین بوو، تۆپی کیمیایی لە نزیکی تەقی بوو، ڕای کردبووە چاڵی خۆشاردنەوە، بەڵام بەهۆی ئەوەی چەکەکەی لە بیرکردبوو، گەڕابووەوە بۆ چەکەکەی، گازەکە کاریگەری زۆری لەسەر دانابوو، زۆری هەڵمژی بوو، بەشێکی گیانی بلقی کردبوو، دوای ئەوەی کە شۆردمان و چارەسەرمان بۆ کرد، چەند ڕۆژێك لامان مایەوە، بەڵام بەهۆی سەختی برینەکەیەوە گیانی شەهید بوو.

ڕژێم هەموو هەوڵی خۆی بۆ لەناوبردنی پێشمەرگە خستبووە گەڕ، بۆ ئەو مەبەستەش سوودی لە بەکرێگیراوەکانی دەبینی، لە ناوچەی سێروان هەوڵی ژەهرخواردکردنی کۆمەڵێك کەسیدا، شەهید بوون لەوانە: هەڤاڵ بێستوون مەلا عومەر،

دایکی هەڤاڵ مستەفا چاوڕەش و کچێك بە ناوی سەریعە، کە کچی مەلای گوندەکە بوو، هەروەها ژمارەیەکی دیکە ژەهراوی بوون و لەوانە: دکتۆر مەحموود عوسمان، مستەفا چاوڕەش، دکتۆر شوان، عەدنان موفتی، سامی شۆڕش، کچێکی تەمەن پازدە ساڵ بەناوی تریفە، کە خوشکەزای هەڤاڵ مەستەفا چاوڕەش بوو، لەگەڵ پێشمەرگەیەکی دیکە. دکتۆر شوان گەڕایەوە نەخۆشخانەکەی بەرگەلوو، بۆ شەو دۆخی تێکچوو، ڕۆژی دواتر، دکتۆر مەحموود عوسمان هات ئەویش دۆخی خراپ بوو، هەڤاڵ مستەفا چاوڕەش بەهۆی شەهیدبوونی دایکی نەهات، دۆخی هەموویان خراپ بوو، لە ڕێگەی هەڤاڵانی حزبی دیموکرات زۆر هەوڵماندا کە ژمارەیەك لە (پزیشکانی بێسنوور)یان لابوو، بەڵام لای ئەوانش هیچ دەرمانێك بوونی نەبوو، بەڵام ئەوەندەمانزانی ژەهرەکە سالیۆمە، بۆیە مەکتەبی سیاسی بەپەلە بڕیاریدا بیان نێرێت بۆ ئێران، هەموویان ڕەوانەی نەخۆشخانەی میهر کران لە تاران، چارەسەری بەپەلەیان بۆ کرا، دواتر هەڤاڵ مام جەلال و مەکتەبی سیاسی هەوڵی ئەوەیاندا کە دونیا لەم کارە چەپەڵانەی ڕژێم ئاگاداربکەنەوە، دوای دوو ڕۆژ پزیشکانی بێسنوور بە فڕۆکە دەرمانی دژە سالیۆمیان گەیاندە نەخۆشخانەکە، من و دکتۆر نەوزاد لەگەڵ دکتۆر شوان بووین، پاش چەند ڕۆژێك هەموو چاکبوونەوە.

لەو ڕووداوەوە بە برووسکەیەك داوامان لە مەکتەبی دارایی کرد کە هەڤاڵ نازم دەباغ بەرپرسی بوو، بۆ دابینکردنی کەلوپەلی نەخۆشخانەکانی مەڵبەندی یەك لە قەرەداغ کە دکتۆر فائیق، دکتۆر ناسیح، دکتۆر جەبار عەبدول و دکتۆر جەلال ڕەشید بەڕێوەیان دەبرد، نەخۆشخانەی مەڵبەندی سێ، کە دکتۆر زریان و دکتۆر حسێنی لێ بوو، لەگەڵ نەخۆشخانەی بەرگەلوو کە ئێمەی لێ بووین، بۆ دڵنیابوونەوە لە دۆخی تەندروستی دکتۆر شوان، مەکتەبی سیاسی ڕەوانەی فەڕەنسای کرد، منیش لە ڕێگەی قەرارگاوە ڕێژەیەکی باش دەرمان و پێداویستیم وەرگرت و بەشێکیشم لە بازاڕ کڕی و گەیاندمە قاسمەڕەش، کە مامۆستا ساڵح وەك بەرپرسی کاروباری لۆجیستی شۆڕش لەوێ بوو، تاکو بیگەیەنێتەوە نەخۆشخانەکە، هێرشەکانی ڕژێم لە هەموو لایەکەوە دەستی پێکرد، سەرەتای ئەنفال بوو، ئەستەم بوو هەموو دەرمانەکان بگەیەنینە نەخۆشخانەکان، بۆیە بەهۆی مامۆستا ساڵحەوە نامەیەکی قەرارگا و دەرمانەکانم بردە شاناخسێ، لە سنووری شاری بانە لە ناو پەیگایەکی

سوپا دامانناو، بەو هیوایەی بە کۆپتەرێك بۆمان بەرنەوە بەرگەڵوو، ڕۆژ بە ڕۆژ هێرشی ڕژێمی بەعس فراوانتر دەبوو، لە دوای یەك هەفتە هەڤاڵ فەرەیدوونم بینی، پێم گوت کە دەرمانێکی زۆرم پێیە و ناتوانم بیگەیەنمە نەخۆشخانەکە، ئەویش چوو بۆ لای بەرپرسی هێزەکەی سوپا لە ناوچەی شاناخسێ، داوای لێکرد چارەسەرێکمان بۆ بکات، ئەویش داوای کرد هەندێك دەرمانی زۆر پێویست جیابکەینەوە و بەڵێنی دا کە بە کاروانێك بۆتان بگەیەنێت، منیش جیام کردەوە، بەڵام بەهۆی چڕی بۆردومانەکانی ڕژێم، بوونی فڕۆکەیەکی زۆر بە ئاسمانەوە، نەتوانرا ئەوەش ڕەوانە بکەین.

ماوەی ١٧ ڕۆژ لە شاناخسێ مامەوە، هێدی هێدی خەڵك دەهاتن و ناوچەکەیان چۆڵ دەکرد، من ویستم بە دەستبەتاڵی بگەڕێمەوە بەرگەڵوو، بەڕێکەوتم و گەیشتمە نزیك دۆڵی شێخ محەمەد کە زۆرینەی هەڤاڵانی مەکتەبی سیاسی و هاورێیانم بینی، گوتیان بڕیاری چۆڵکردنی نەخۆشخانەکە دراوە، ستاڤ نەخۆسخانەکەش سبەی بەڕێدەکەون، گەڕامەوە شاناخسێ و لەلایەن کەرتی سێی تیپی ٣٧ی شارباژێڕ بەهۆی هاوڕێم حاجی سەراوی شوێنم بۆ دابین کرا، ڕێکەوتین کە بچم بۆ کڕینی هەندێك ئازووقە، چووم و ئەو کارەم جێبەجێ کرد، بەشێکیشم بۆ بارەگاکە کڕی، چونکە ئێمە زۆر بووین، ئەوانیش میوانیان هەبوو ئازووقە شکەم بوو، ڕۆژی دواتر لەگەڵ هەڤاڵ سالاری حاجی دەروێش کە وەك نمایندە بۆ ڕاییکردنی کاروباری خەڵك و پێشمەرگە لە شاناخسێ کاری دەکرد، ژمارەیەکی زۆری پێشمەرگە گەیشتن، دڵخۆش بوو کە هاورێکانم سەلامەت بوون، لەوانە: دکتۆر ئاکۆ، دکتۆر بەیان، دکتۆر موحسین، دکتۆر فەرهاد، دکتۆر سەردار، دکتۆر دلێر، هەروەها کچەکانیش کە ماوەی دوو مانگ بوو هاتبوونە نەخۆشخانەکە کە بریتی بوون لە: (سابات، دابان و گەشاو).

ماوەی ٢٠ ڕۆژ لە شاناخسێ ماینەوە، لە سێیەم ڕۆژدا فڕۆکەکانی ڕژێم گەیشتنە سەرمان و بۆردومانی کردین، ئێمە وەك ستاڤ نەخۆشخانەکە لەلای کەرتی سێی تیپی ٣٧ بووین، کە کەمێك لە سەرووتر بوون، کە گوێمان لە تۆپەکان بوو، زانیمان کیمیاییە، بۆیە بەخێرایی بەرەو لای بریندارەکان ڕۆیشتین، جلی خۆپاراستن و ڤیناعی دژە گازمان پێ بوو، دەستکرا بە چارەسەرکردنی بریندارەکان، لەوێ دکتۆر هادی کە سەر بە تیپی ٢١ بوو شەهید بوو، چەند پێشمەرگەیەکی دیکەش شەهید بوون، بریندارەکان ڕەوانەی

نەخۆشخانەی هێزەکانی ئێران بە ناوی (فاتیمەی زەهرا)، هەندێکیش ڕەوانەی نەخۆشخانەی بانە کران، هەڤاڵ ئاسۆی شێخ عارف دۆخی زۆر خراپ بوو، ناردمانە بانە، لەوێوە بۆ نەخۆشخانەی ئەسفەهان گوێزابووەوە، پاش چەند ڕۆژێك هەواڵی شەهیدبوونی هاتەوە.

بەهۆی قەرەباڵەغی شاناخسێوە بڕیاردرا دابەش بکرێین، ئێمە وەك ستافی نەخۆشخانەی بەرگەڵوو داوا کرا بچین بۆ قوڵەهەرمێ، کە بینای نەخۆشخانەیەکی پێشووتری شۆڕشی لێ بوو، خۆمان ئامادەکرد و لەگەڵ ستافی چاپخانە بە ئۆتۆمبێلێکی مینی پاسێك ڕۆژی دواتر بەرەو بانە بەڕێکەوتین، شەوەکەی ماینەوە و لە مزگەوتێکدا خەوتین، بۆ سبەی دووبارە بەڕێکەوتینەوە بۆ سەردەشت و قاسمەڕەش و لەوێشەوە بۆ قوڵەهەرمێ.

نزیکەی سێ مانگ لە قوڵەهەرمێ ماینەوە، بەڵام بەهۆی ئەوەی هیچمان لانەمابوو، نەمانتوانی چارەسەر پێشکەش بکەین، بۆیە گوێزراینەوە بۆ شاری سەقز و لەوێ خانوویەکمان بە کرێ گرت و هەندێك دەرمانمان پەیداکرد و کردمان بە بنکەی تەندروستی، هەر ماوەی دوو هەفتە دکتۆرەکانمان توانییان بچن خزمەت بکەن، لەبەرئەوەی خەڵکەکە کە دەهاتن بۆ نەخۆشخانەکە دکتۆرە کوردە عێراقییەکانیان زۆر بەلاوە باشتر بوو.

تاوای لێهات بە شاردا بڵاوبووەوە کە خەڵکی بێنە لای ئێمە، دەیانگوت دکتۆرە کوردەکانی لێیە و زۆر باشن، ئەمەش وایکرد کە دەوڵەت و بەرپرسان ڕازی نەبوون و بەهۆیەوە کارەکانی نەخۆشخانەکەی ئێمە وەستا، دکتۆر هەڵۆ لە بەشی نەشتەرگەری گشتی کاری دەکرد، دکتۆرێکی فارسیشی لێ بوو، ئەویش نەشتەرگەری دەکرد و بەرپرسی بەشەکەش بوو، کە نەخۆش دەبران بۆ نەشتەرگەری، دەیانگوت: توخوا با دکتۆرە کوردە عێراقییەکە نەشتەرگەرییمان بۆ بکات! ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە دکتۆر هەڵۆ ڕێگەی لێ بگیرێت و نەتوانێت دەوام بکات.

پاش چەند مانگێك کە لە سەقز بووین، ئۆردوگا دروست کرابوو بۆ ئاوارەکان کە لە هەموو لایەکەوە هاتبوونە ناو ئێران، ئەمەش قورسایی خستە سەر نەخۆشخانەکانی ئێران،

بۆیە بڕیاردا لە هەر ئۆردوگایەك دكتۆرێكی و یاریدەدەرێكی خۆمان نەخۆشخانەیەكی مەیدانی دروست بكات، بە خێمە یان بە هەر شتێكی دیكە، دكتۆر خالید و دكتۆر شێركۆ لە ئۆردوگای (بێزیلی) بوون، دكتۆر فەرهاد، دكتۆر بۆتان و دكتۆر نەوزاد لە ئۆردوگای ئالۆەتان بوون، بەمشێوەیە ماوەیەكی زۆر خزمەتی خەڵكی خۆمان كرد.

ئەو نەخۆشخانەیەی كە بەرەی كوردستانی لە ساڵی ١٩٨٧ لە ناوچەی ڕاژان بڕیاری لەسەر دابوو، ئێمە لە ڕێگەی قەرارگای ڕەمەزان و ڕێكخراوی پزیشكانی بێسنوورەوە هاوكارییەكی باشی دەرمانمان هەبوو ئاگادار كراین كە بەشێكی باشی ئەو دەرمان و پێداویستییانە بنێرین بۆ ئەو نەخۆشخانەیە، لەگەڵ دكتۆر هەڵۆ بەشێكی زۆر دەرمان و پێداویستیمان جیاكردەوە لۆرییەكی گەورەمان بە كرێ گرت، بارمان كرد و لەگەڵیدا ڕۆیشتین، كاتژمێر یەكی پاش نیوەڕۆ دەرمانەكانمان گەیاندە نەخۆشخانەكە، لەوێ دكتۆر خەیروڵلا حەسەن بابەكر كە ئەو كاتە سەر بە ح.س.ك. بوو بەرپرس بوو لە نەخۆشخانە، هەڤاڵ ئاوات عەبدولغەفوور نوێنەری ی .ن.ك بوو،ماڵیشی لەوێ بوو، بۆ خوانی نیوەڕۆ میوانی ئەو بووین، دوای تەواوكردنی ئەو ئەركە بۆ عەسرەكەی گەڕاینەوە بۆ سەقز[٤٢].

---

(٤٢)– چاوپێكەوتن لەگەڵ مەنسوڕ یوسف مستەفا، (د. مەنسوڕ)، ٢٠٢٣/٨/١٤.

# محەمەد حاجی حسێن حاجی (دکتۆر محەمەد حاجی)

ساڵی ١٩٦٥ لە شاری هەولێر لەدایکبووم، قۆناغەکانی سەرەتایی و ماوەندی و ئامادەییم لە شاری هەولێر تەواوکرد، لە پەیمانگای تەندروستی هەولێر وەرگیرام، ئێمە لە ڕێکخستنەکانی هەولێر بووین لە ڕێکخراوی دوو کە هەڤاڵ عەبدولڕەزاق سەرپەرشتی دەکرد، دواتر ئاشکرابووین ساڵی دووەمی پەیمانگا پێش ئەوەی تەواوی بکەم لە ساڵی ١٩٨٧ لەگەڵ دکتۆر کەنعان (هەژار) هەڵهاتین و بووین بە پێشمەرگە، لە چالاکی دەستبەسەرداگرتنی تەفتەفدا چەندین کەلوپەلی پزیشکییان هێنایە دەشتی هەولێر، لەوانە ئامێری تیشك، من و دکتۆر کەنعان و دکتۆر ئازاد کە ڕابەر سیاسی تیپی ٩٣ بوو، بردمانە سماقووڵی و لەوێ بۆ نەخۆشخانەی خەتێ کە ڕێگایەکی سەخت و مەترسیدر بوو، ماوەیەك لە نەخۆشخانەی خەتێ کارمان کرد، ئامێری تیشکمان بردە نەخۆشخانەکە دەبوو پارێزراو بێت، چونکە تەنها ئامێری تیشك بوو لە شۆڕشدا لە سنوورەکە، چونکە پێشتر دەبوو بریندار یان ببەینە شار یان ئێران.

بۆیە ئامێرەکە کارئاسانییەکی باشی بۆ کردین، دواتر نەخۆشخانەکەمان بردە دۆڵی مەلەکان، لە ئەشکەوتی دۆڵی مەلەکەکان یاخود گوندی مەلەکان نەخۆشخانەکەمان دامەزراند، شوێنەکە پارێزراوبوو، تەنانەت لە کاتی تۆپبارانەدا لە ژوورەوە پێشمەرگە بێ ترسی پاڵی دابوویەوە، چونکە شوێنێکی سەخت بوو، ئیدی ئامێرەکەمان هەڵوەشاند و بردمانە نەخۆشخانەکە و لەوێ دامان نا، ئامێرەکە هەندێك پێداویستی لەگەڵ نەبوورلەوانە کاسێت، کەموکورتییەکانی ئامێرەکەمان لە ئێرانەوە بۆ هات، کە دکتۆر ئازاد عوسمان چوو هێنای، دواتریش فیلمەکانمان لە ڕێگەی ڕێکخستنەکانەوە لە شارەوە بۆ دەهات، خزمەتێکی زۆری پێشمەرگەی گوندنشینانی ئەو سنوورەمان پێکرد، ڕۆژانە چارەسەری نەخۆش و بریندار دەکرا، چونکە نەخۆشخانەکە گەورە بوو تایبەت بوو بە سنووری مەڵبەندی سێ کە سنوورێکی فراوان بوو، ئەگەر برینەکان سادە بووایە دکتۆری تیپەکان چارەسەریان دەکرد، ئەگەر سەختیش بووایە دەهاتە لای ئێمە، ئەشکەوتی

نەخۆشخانەکە شوێنی ١٢ تەختی نووستنی لێ دەبووەوە، لە پشتەوە ئامێری تیشکەکەمان لێدانابوو، هەروەها وەکو کۆگایەك بەکارمان دەهێنا،

لە نەخۆشخانەکە چەندین نەشتەرگەری ئەنجامدرا، هەندێك بریندار هەبوو دەست یان قاچ بڕینەوەیان بۆ کرا، کاری من تیشکگرتن بوو، نەشتەرگەرییەکان دکتۆر زریان و دکتۆر هەڤاڵ دەیانکرد، هەندێك بریندار هەبوو قاچی بەکەڵکی نەشتەرگەری و چاکبوونەوە نەدەهات، دکتۆر زریان قاچی دەبڕییەوە، هەندێك برینندارمان هەبوو برینەکەی زۆر سەخت بوو بۆ نموونە هەبووە گوللە بەر سەری دەکەوت، کە زۆر مەترسیدار بوو، پێشمەرگەیەکمان لە شەڕێکدا گوللەیەك لەلای ڕاستی سەری دابوو لەلای چەپی دەرچوو بوو، ماوەیەك لای ئێمە مایەوە چارەسەری بۆ کرا و نێردرا بۆ ئێران.

لە هەمان شوێن لە نەخۆشخانەکە زیندانمان هەبوو، ڕۆژێك بۆردومان کراین، زیندانییەکان بەرکەوتن، لە نەخۆشخانەکە چارەسەرمان بۆ کردن، هەروەها بێ جیاوازی برینداری حزبەکانی دیکەشمان دەکرد، جگە لە چارەسەری گوندنشینان، چونکە ئەو شوێنە دابڕابوو لە ئاوەدانی و شار، نەخۆشی بەتەمەنی گوندنشین هەبوو کە دەهات نەخۆشخانەکە دەیگوت هەرگیز شارم نەبینیوە، واتە بۆ هەمووان بوو، نەخۆشخانەکە لە ناوجەرگەی شەڕە سەختەکاندا بوو لە هەر چوارلامانەوە شەڕ بوو، ڕژێم لە هەموو لایەکەوە هێرشی بۆ دەهێنان، بەردەوام بریندارمان هەبوو، لە کاتی شەڕەکانیشدا بە کۆڵەپشتێکەوە بەشداری شەڕەکانمان کرد.

لە تۆپبارانی گوندێکی نزیکی شەقڵاوە، منداڵێکی برینداریان بۆ هێنام تەمەنی شەش مانگ دەبوو، ساچمەیەکی گەورە لە ناو سنگی بوو، ئەو منداڵە زۆر کاری لێکردم، چونکە زۆر بچووك بوو، هەرگیز لە بیرم ناچێتەوە، هەروەها چارەسەری برینداری کیمیاییمان دەکرد، هەموو ڕۆژێك بەیانیان و ئێواران کیمیایی لە دۆڵی مەلەکان دەدا، ئێمە قیناعمان هەبوو بەکارمان دەهێنا و دەچووین بەرەو ڕووی خەڵکەکە تا چارەسەریان بکەین، بەجۆرێك ئاژەڵەکانیش بەردەکەوتن و بەهۆیەوە دەمردن، کیمیایی لە نەخۆشخانەکە دەدا، چەند بۆمبێکی کیمیایی بەدیاریکراوی دای لەسەر ئەشکەوتەکە کە نەخۆشخانەکەی تێدابوو، بۆمبەکان کەوتنە بەردەم نەخۆشخانەکە گازەکە هاتە ژوورەوە، ئەشکەوتەکەی

تاریك کرد، خۆمان بەرکەوتین، لەوانە خۆم تووشی ڕەبووە بووم هۆکارەکەی ئەو کیمیاییە بوو، دکتۆر کەنعانیش بەرکەوت، ژنێکی بەتەمەنی ئەو سنوورە شەهید بوو، چەند پێشمەرگەیەکی سەر بە پ.د.ك کە لە ئێران هاتبوونەوە بەرکەوتن هاتنە لای ئێمە شۆردمانن و چارەسەرمان کردن، هەڵمژینی یەك هەناسە بەس بوو بۆ ئەوەی پەکت بخا، هەروەها گازەکە قورس بوو دەنیشت و درەنگ کۆتایی دەهات، لە کاتی چارەسەرکردنی بەرکەوتووەکانیشدا خۆمان دەستمان بەریان دەکەوت و بەهۆیەوە کاریگەری لەسەر ئێمەش دەبوو، دەشمانزانی بۆ تەندروستیمان خراپە، بەڵام نەدەبوو چارەسەری بەرکەوتووەکان نەکەین، تایبەت جۆرێکی کیمیاییەکە پێستی دەسووتان، ئێمە سەرکێشیمان بە ژیانی خۆمانەوە دەکرد.

هەرچەندە نەخۆشخانەکە بچووك بوو، بەڵام خزمەتێکی زۆری دەکرد بە سنوورەکە، لە ڕێگەی ڕێکخستنەکانەوە یاخود لە ئێرانەوە دەرمانمان بەدەست دەگەیشت، ستافی نەخۆشخانەکە و سنوورەکەی ئێمە بریتی بوون لە دکتۆر هەڤاڵ بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی مەلەکان، دکتۆر زریان بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی بالیسان، دکتۆر هونەر، دکتۆر فەرهاد، دکتۆر خدر، دکتۆر نەوزاد عەباس، دکتۆر کەنعان، دکتۆر خەسرەو، دکتۆر ڕێبوار، دکتۆر کارووخ، دکتۆر جەرجیس، لە ئەنفالدا تەواوی هێزەکان بەرەو دۆڵی بالیسان و سنووری ئێمە هەتا نزیکەی مانگێك بەرگری کرا، سنووری ئێمە کۆتا شوێن بووین کە ڕژێم دەستی بەسەردا گرت، بەشێکی زۆری تەقەمەنییەکانمان تەقاندەوە، بەشێکیمان شاردەوە، دکتۆرەکان لەگەڵ بریندارەکاندا بەڕێکەوتن منیش بەتەنها مامەوە، بڕیارمدا ئامێری تیشکەکە بشارمەوە، لە تاریکیدا دەستم کرد بە هەڵوەشانی ئامێرەکە، لە کاتی هەڵوەشان بەهۆی ئەوەی تاریك بوو دەستم کەوتە بەر ئیسرینگێکی بەهێزی ئامێرەکە و سێ پەنجم شکا، دکتۆر هەڤاڵ گەیشت پێم و لە دەستی کردمەوە و تەداوی بۆ کردم، بەڵام دەستبەرداری نەبووم، دەستم کرد بە هەڵکەندنی چاڵێکی قووڵی هاوشێوەی گۆڕێك لە ناو ئەشکەوتەکە بێ ئەوەی بهێڵم خەڵکی گوندەکە پێی بزانن، بە نیازی ئەوەی جارێکی دیکە بێینەوە و بەکاری بهێنینەوە، هەندێك دەرمانمان لەگەڵ خۆمان برد، هەندێك دەرمانی دیکە و چەند ئامێرێکی بچوکمان لە سەقفی ئەشکەوتەکە شاردەوە، ئیدی کشاینەوە بۆ

ئێران، دیاربوو دوو ڕۆژ دوای ئێمە ڕژێم گەیشتبووە شوێنەکە و پێی زانیبوو، ئامێری تیشکەکەیان دەر هێنابوو، نزیکەی ٣٠ ساڵ دوای ئەو ڕووداوە گەڕامەوە کوردستان و چوومە ئەشکەوتەکە کەمێك چاڵەکەم هەڵکەند لە شوێنەواری چاڵەکە فیلمێکی ئامێری تشکەکە مابوو! پاشەڕۆی ئاژەڵی پێوەبوو، هەڵم گرت و بۆ یادگاری بردم بۆ هۆڵەندا، بیرم دەکردەوە و بەخۆم دەگووت ڕەنگە ئەو تیشکە بەدەستی خۆم گیرابێ، ئێستا ئەشکەوتەکە بووە بە تەویلەی ئاژەڵ!

لە کشانەوە بۆ ئێران هەندێك بریندار سەختمان لەگەڵ بوو، بردمانن بۆ ئێران، لە ڕێگا هەڤاڵ کۆسرەت پرسیاری ئامێرەکەی کرد، پێم گوت لەژێر زەوی شاردوومەتەوە، گوتی تا چەند ئەگەری هەیە بمێنێتەوە و تێکنەچێت؟ گوتم تا نزیکەی دوو ساڵ، بە گاڵتەوە گوتی: "ئەگەر تا دوو ساڵی دیکە نەگەڕاینەوە مانای وایە هەرگیز ناگەڕێینەوە" دۆخەکە زۆر ناخۆشبوو هێزی پێشمەرگە لە قەندیل نزیکەی ١٢ ڕۆژ بەرگری کرد، بەهۆی پەنجە شکاوەکانمەوە من شەڕم بۆ نەدەکرا، ئیدی گەیشتینە ئێران و تیشکم بۆ پەنجەکانم گرت و چارەسەرم کرد، سێ مانگ لە سەقز ماینەوە، دواتر لەگەڵ دکتۆر نەوزاد عەباس لە دۆڵەکۆگەی سەر سنوور نەخۆشخانەیەکی بچوکمان دامەزراند و ماوەی دوو مانگ ماینەوە، چەند بارەگایەکی بچووکی پێشمەرگەی لێ بوو، هەندێك دەرمانمان هەبوو، پاشان گەڕامەوە باشووری کوردستان و دەستگیرکرام و لە ئەبوغرێب زیندانی کرام، دواتر کرام بە سەرباز.

لەسەرووبەندی ڕاپەڕیندا لە کوردستان بووم، ماوەیەك لە سکرتاریەتی هەڤاڵ مام جەلال بووم، پاشان چوومە دەزگای ئاسایش لە ساڵی ١٩٩٥ کوردستانم بەجێهێشت و چوومە ئەوروپا و تا ئێستا لەوێ دەژیم[٤٣].

---

[٤٣]– چاوپێکەوتن لەگەڵ محەمەد حاجی حسێن حاجی، (د. محەمەد حاجی)، ٢٠٢٢/١١/٢٩.

# محەمەد ڕەسووڵ عەلی عومەر (برینپێچ)

ناسراوم بە محەمەدی مام ڕەسووڵی سوورەدێ، لە گوندی سوورەدێی بناری قەندیل لە شارەدێی ناودەشت لە ساڵی ١٩٧٠ لە دایکبووم، لە ساڵی ١٩٨٧ماڵمان چووەتە ڕانیە و لە ساڵی ١٩٨٣ لە تەمەنی لاویمدا پەیوەندیم ڕیزەکانی ی.ن.ك لە دۆڵی سەرکەپکان کردووە و لەلای شەهید عەلی برام بووم بە پێشمەرگە لە کەرتی ڕێکخستن و ڕێکخراوی دووی کۆمەڵە درێژەم بە کاری ڕێکخستندا، بەهۆی پێشمەرگایەتییەوە لە قۆناغی ناوەندیدا دەستبەرداری خوێندن بووم.

لە ساڵی ١٩٨٧ بۆ ماوەی پێنج مانگ لە نەخۆشخانەی شۆڕش لە گوندی قووڵەهەرمێ لە زەڵێ خولی برینپێچیم بینیوە، دکتۆرەکانیش بریتی بوون لە دکتۆر جەلیل و دکتۆر هەندرێن، خولەکەم بەسەرکەوتووی تەواوکرد و وەکو برینپێچ پێداویستییەکانی تیپەکەمان چارەسەر دەکرد، لە ماوەی خزمەتمدا بە گوێرەی توانا و شارەزایی خۆم چیم پێ کرا بێت لە ڕووی چارەسەرەوە بۆ پێشمەرگە کردوومانە.

بە هاوکاری تیپەکەمان دەچووین لە ئێران دەرمانمان بە کۆڵەپشت دەهێنا، لە کاتی پێویستدا گیانی هاوکاری زۆر بوو جا هاووڵاتی بێت یان پێشمەرگە، من هەم برینپێچ بووم هەم عەدەد جیهاز، لە ساڵی ١٩٨٨ کاری ڕێکخستنی کۆمەڵەم دەکرد لە سنووری تیپەکەمان ٧٣ی قەندیل، لە کاتی کیمیابارانی هەڵەبجەدا لە گوندی هاوار بە کاریگەری کیمیایی تەنگەنەفەس بووم[٤٤].

---

[٤٤]– چاوپێکەوتن لەگەڵ محەمەد ڕەسووڵ عەلی عومەر (برینپێچ)، ڕۆژی ٢٠٢٢/٧/٢٧.

## محەمەد مستەفا محەمەد ئیسماعیل (دکتۆر محەمەد سەقەر)

ساڵی ١٩٦٢ لە گەڕەکی ئیمام قاسمی شاری کەرکووك لە دایکبووە، لە ساڵی ١٩٧٥ لە خوێندنگەی هەڵمەت قوناغی سەرەتاییم تەواوکردووە، لە ساڵی ١٩٨٧ قۆناغی ناوەندیم لە خوێندنگەی ئیمام قاسم تەواوکردووە، لە ساڵی ١٩٨٢ قۆناغی ئامادەییم تەواوکردووە، پاشان ماوەی دوو ساڵ لە پەیمانگای تەکنیکی کەرکووك خوێندم، بەڵام بەهۆی نەبوونم بە (جیش الشعبی) ناچار دەستبەرداری خوێندن بووم، ساڵی ١٩٨٢ پەیوەندیم بە ڕێکخستنەکانی (کۆمەڵە)وە کرد لە سنووری تیپی ٢١ی کەرکووك، دواتر لە ساڵی ١٩٨٤ لە هەمان تیپ و کەرتی تیپ و کەرتی سێی چیمەن و کەرتی یەکی ساڵەیی بووم بە پێشمەرگە.

لە ساڵانی ساڵی ١٩٨٦ تا ١٩٩١ کاری پزیشکی و برینپێچیم لە ڕیزەکانی پێشمەرگەدا کردووە، بە گوێرەی ئەوەی سنووری تیپی ٢١ و ٢٥ لەگەڵ حکومەتدا نزیك بوو، هەروەها سنووری ئێمە لەسەر هەر سێ ڕێگای سەرەکی کەرکوك – سلێمانی، کەرکوك – شوان – تەقتەق، کەرکووك – هەولێر بوو، هەمیشە حکومەت هێرشی دەکردە سەرمان، بە تایبەت لە ڕێگەی فڕۆکەوە، پێشمەرگەش هەمیشە لە چالاکیدا بوون، ڕژێمیش هەمیشە لە ڕێگەی سوپا و جاشەوە هێرشی بۆ دەکردین، لەم سەروبەندەدا هەمیشە شەهید و بریندارمان هەبوو، بۆ ئەو مەبەستە زۆر پێویستمان بە کادیری پزیشکی بوو، هەروەها لە تیپەکاندا نەخۆشخانە نەبوو، ئەوەی هەبوو هی مەڵبەندەکان بوو، زۆر جار بریندارەکانی ئێمە دەبران بۆ مەڵبەندی دوو لە بەرگەڵوو، هاوکات ئێمەش سەر بە مەڵبەندی دوو بووین، کە لە ئێمەوە دوور بوو، تەنها چەمی سوورقاوشان نەبێت کە نەخۆشخانەیەکی بچوکی لێ بوو هەندێك جار بریندارمان بۆ ڕەوانە دەکرد، ئیدی ناچار بووین بریندارەکانی دیکە لە گوندەکان و دیوەخانەکان و مزگەوتەکان چارەسەر بکەین.

ساڵی ١٩٨٦-١٩٨٧ لە سنووری ئێمە چەندین چالاکی ئەنجامدرا، چەندین بریندار و شەهیدمان هەبوو، دکتۆر هادی سەرپەرشتی دەکردین، کە زۆر لێهاتوو و شارەزا بوو،

هەروەها پێشمەرگەیەکی ئازاش بوو، ڕاستەوخۆ بەشداری شەڕەکانیشی دەکرد، لە شەڕی ناحیەی قەرەهەنجیردا دوو سەنگەری ڕژێم دەستی بەسەردا گیرا و پێشمەرگەش چووە ناو ناحیەکەوە، لەو شەڕەدا هەڤاڵ هیوا چیمەنی کە فەرماندەی کەرت بوو شەهید بوو، هەروەها هەڤاڵ سوارە شەهیدبوو، هاوکات دوو بریندارمان هەبوو، ئەوانیش هەڤاڵ سەید مەجید و هەڤاڵ شوانە بوون، دواتر برینداەکانمان برد بۆ گوندی فەقێ میرزا کە شوێنێکی دوورە دەست بوو، لەوێ بەسەر ماڵەکان و مزگەوتەکەیدا دابەشبووین، هەر دوو بریندارەکەمان فیشەك بەر سەریان کەوتبوو، هەڤاڵ سەید مەجید بەر ناوچەوانی کەوتبوو، فیشەکەکە هەندێك لە تاڵی جەمەدانییەکەی لەگەڵ خۆی بردبووە ژوورەوە، هەروەها هەڤاڵ شوان فیشەکەکە لەلایەکی سەریدا بوو لەلاوە دەرچووبوو، مۆخی لای چەپی سەری دەرکەوتبوو، دکتۆر هادی شوێنی برینەکەی بە ئۆکسجین بۆ پاککردەوە دواتر بۆتڵی موغەزی بەتایبەت پلازمای بۆ بەست و هەروەها دەرزی ئەنتی بایۆتیکی تێکەڵ بە موغەزییەکە کرد، ئەو هەڤاڵە تا ئێستاش کە ساڵی (۲۰۲۲)ە لە ژیاندا ماوە، هەڤاڵ سەید مەجید هەرچەندە چاکبووەوە، بەڵام پاش ماوەیەك لەگەڵ دوو پێشمەرگە بەناوەکانی (شەریف و کاوە) بە مەبەستی سەردانی کردنی گوندەکەیان (چیمەن) تووشی کۆپتەرەکانی ڕژێم دەبن و هەر سێکیان شەهید دەکرێن.

لە شەڕی گوندی نەبیاوە لەسەر ڕێگای کەرکووك – پردێ بریندار و شەهیدمان هەبوو، بریندارەکانمان گواستەوە بۆ گوندی قەمبەر لە دەشتی هەولێر، کە گوندی شەهید ئەحمەد قەمبەری بوو، بریندارەکانمان برینی جیوازیان هەبوو، چەند ڕۆژێك لەو گوندە ماینەوە، بەسەرپەرشتی دکتۆر هادی چارەسەر دەکران.

لە شەڕی شاخی کەڵکەسماقدا کە دەڕوانێتە سەر شارۆچکەی دووکان، بریندار و شەهیدمان هەبوو، یەکێك لە شەهیدەکان دکتۆر حەمید بوو، کە یاریدەدەری پزیشکی بوو، بریندارەکانمان گواستەوە بۆ گوندی کارێزە لە بناری خاڵخالان، چەند ڕۆژێك لەو گوندە ماینەوە، بەڵام ڕۆژێك سێ کۆپتەر هاتنە سەرمان، هەڤاڵ هەڵکەوت کە فەرماندەی کەرت

بوو، لە ئەنجامی بۆردومانی کۆپتەرەکاندا شەهید بوو، ئێمەشبە چەکی (RBG) تەقەمان لە کۆپتەرەکان کرد و دوورکەوتنەوە و ڕۆیشتن.

لە شەڕێکی داستانی ڕزگاریدا کە شەڕێکی گەورە بوو، کە ڕاستەوخۆ لەلایەن هەڤاڵ (مام جەلال)ەوە سەرپەرشتی دەکرا، دوای دەستگرتن بەسەر چەند سەنگەرێکی دوژمندا، چەند بریندارێکمان هەبوو، لەگەڵ دکتۆر ئاتێلا کە سەر بە تیپی ٥١ی گەرمیان بوو بریندارەکانمان چارەسەر کرد، هاوکات تیپی ٧٥ی سەگرمە لەگەڵمان بوو، کە بۆ ئەرکێك بانگکرابوون، دواتر هەر کەس بۆ سنووری خۆی گەڕایەوە، لە گەڕانەوەماندا بۆ سنووری تیپی ٢١ بە بڕیاری فەرماندەکان شەو ڕێگای سەرەوەی قەشقۆڵی هەڵبژێردرا کە نزیك بوو لە ئاوەکەوە و دەچووە سەر چەمی سوورقاوشان، فەرماندەکەی ئێمە دکتۆر هادی بوو، بۆیە ئەوێ هەڵبژێردرا کە تووشی کەمین نەبین، بەڵام چەند پێشمەرگەیەك و هاوڵاتییەك بە ناوی کوێخا قادری دارەقووتە ڕێگای خوارەوەیان هەڵبژاردبوو، کە دەبوو بە ڕێگای سەرەکیدا بپەڕنەوە و بەرەو گوندی تەلان بچن، ئەوان تووشی کەمینی دوژمن بوون و تەقەیان لێ کرا، شەهید و برینداریان هەبوو، هەڤاڵ عەلی تەلانی کە پێشمەرگەی مەڵبەندی دوو بوو شەهید بوو، کوێخا قادر بریندار بوو فیشەك لای ڕاستی سنگی هەڵدڕی بوو، هەندێك لە جگەریشی بڕی بوو، هێنایان بۆ چەمی سوورقاوشان، دکتۆر هادی و دکتۆر دڵشاد نەشتەرگەریان بۆ کرد، دوو پێشمەرگە بەناوەکانی (هەڵکەوت و سەرباز) دوو بوتڵ خوێنی خۆیان پێ بەخشی، پاش نەشتەرگەرییەکە چاکبووەوە، ئێمەش چەند ڕۆژێك ماینەوە.

لە چالاکییەکی دیکەدا لە ناو شاری کەرکووك و لە گەڕەکی ڕەحیم ئاوا کە دەنگی دایەوە، پلانەکەمان وابوو، سەرەتا هێرشمان کردە سەر بازگەیەك، تا دوژمن پێوەی سەرقاڵ بێت و هێزی بۆ بنێرێت، ئێمەش کەمینمان بۆ ئەو هێزە دانابوو، هەروایش دەرچوو هێزێکی زۆری قوات خاسە هاتن و کەوتنە کەمینەوە و ژمارەیەکی زۆریان لێ کوژرا، ئێمەش سێ شەهیدماندا یەکێك لەوانە هەڤاڵ چالاك بوو کە خەڵکی گەڕەکەی ڕەحیمئاوای شاری کەرکووك بوو، لەگەڵ شەهید ڕزگار کە خەڵکی کەرکووك بوو، لەگەڵ شەهید

حەمەڕەحیم کە خەڵکی گوندی بنگردی سنووری چەمچەماڵ بوو، هەروەها برینداریشمان هەبوو، پاشان برینداره‌کانمان گەڕاندەوە سنووری خۆمان، یەکێك لە برینداره‌کان بە ناوی هەوراز فیشەك بەر لای ڕاستی شانی کەوتبوو، برینەکەی کرابووەوە هەناسەی لێ دەردەچوو، لە گوندی مۆرخواردەی خواروو دامانننا، دکتۆر هادی نەشتەرگەری بۆ کرد و منیش ماوەی چەند ڕۆژێك چارەسەرم بۆ دەکرد تا چاکبووەوە، ئەوەی پەیوەندیدارە بە دەرمانەوە لە ڕێگەی ڕێکخستنەکان و دەزگای تەندروستیی کوردستانی سەر بە (ی.ن.ك)وە بۆمان دابین دەکرا، کە ڕۆڵێکی گرنگیان گێڕا لەو ڕووەوە، ئێمە مەفرەزەیەك بووین دکتۆر هادی سەرپەرشتی دەکردین.

هەڤاڵ محەمەد ناسراو بە دکتۆر محەمەد فەرەنسی پێش من لەو مەفرەزەیە بوو لە هەموو ئەو ڕووداوەکاندا ئامادەیی هەبووە، دکتۆر دڵشاد کە دەرچووی کۆلێژی پزیشکی بوو ڕۆڵی گرنگی هەبوو لە بەهاناوەچوونی گوندنشینەکان، هاوکات پێشمەرگەیەکی ئازا و چالاك بوو، هەروەها دکتۆر سەردار و دکتۆر حەمید کە یاریدەدەری پزیشکی بوون ڕۆڵی دیاریان هەبوو، دکتۆر ئەنوەر کە یاریدەدەری پزیشکی بوو هەرچەندە پێشمەرگە نەبوو، بەڵام خزمەتی زۆری پێشمەرگە و گوندنشینانی کردووە.

لە شەڕی تەقتەقدا سەربازگەیەك گیرا و کۆمەڵێك چەکی قورس دەست هێزی پێشمەرگە کەوت، لەوانە زرێپۆشێك و دیمترۆفیکی دوو لوولەیی و سەدان پارچە چەك و فیشەك و هاوەنێکی ٨٢ملم، بەڵام چەند شەهید و برینداریکمان هەبوو، هەڤاڵ عەبدولڕەحیم کە لێپرسراوی سەربازیی مەڵبەندی دوو بوو سەپەرشتی شەڕەکەی دەکرد شەهید بوو، هەروەها هەڤاڵ باپیر کە فەرماندەیەکی ئازای تیپی ٢١ی کەرکووك بوو شەهید بوو، هەروەها هەڤاڵ یاسین شەهید بوو هاوکات چەند برینداریکمان هەبوو، چارەسەرمان بۆ کردن.

لە گوندی کانی هەنجیری نزیك ئاغجەلەر هاوڵاتییەك بە ناوی عەزیز لە کێڵگەیەکدا پەنجەیەکی قاچی بریندار بووبوو، برینەکەیان بە تونی بەستبوو لە ئەنجامدا تووشی

ڕەشبوونەوە بووبوو، لەگەڵ دکتۆر هادی تەماشامان کرد، پاش پشکنین، بۆمان دەرکەوت تەنها چارەسەر قرتاندنی پەنجەکەی بوو، بۆیە شەهید دکتۆر هادی داوای ئامێری گازی کرد و نەشتەرگەری بۆ کرد و پەنجەکەی پێ قرتاند و دەرمانی بۆ نووسی و ناوبراو چاکبووەوە، لە ڕووداوێکی دیکەدا لە چالاکییەکدا هەر یەك لە تیپەکانی ٢١ی کەرکووك و ٢٥ی خاڵخالآن و ٢٣ی سورداش هێرشمان کردە سەر سەربازگەیەك لە گوندی تەوەکەڵ کە دەکەوێتە سەر ڕێگای ناحیەی ئاغجەلەر، سەر بازگەکە گیرا و کۆمەڵێك دەستکەوت هەبوو، لەو شەڕە دوو پێشمەرگەی تیپی ٢١ی بە ناوەکانی هەڤاڵ ڕۆستەم کە خەڵکی گوندی قەفاری ناوشوان بوو لەگەڵ هەڤاڵ سەباحی کۆمەڵایەتی کە خەڵکی شاری کەرکووکی گەڕەکی ئیمام قاسم بوو شەهید بوون، هاوکات چەندین بریندار هەبوو چارەسەرمان کرد.

لە چالاکییەکی دیکەدا کەرتێکی تیپی ٢١ی کەرکووك لەگەڵ کەرتێکی تیپی ٤٧ی پیرەمەگروون چەند سەنگەرێکی دوژمن لە شاخی دەربەند تەکییەدا هەبوو، شاخەکە درێژ دەبێتەوە بۆ لای ئاغجەلەر لە نێوان تەوەکەڵ و ئەو دیو گوندی چنارتوو، شەو ڕۆیشتین و چالاکییەکەمان ئەنجامدا، فەرماندەیەکی تیپی ٤٧ی پیرەمەگروون شەهید بوو، هەروەها پێشمەرگەیەکمان بە ناوی هەڤاڵ شەماڵ خەڵکی گوندی زەردك بوو بریندار بوو، کە هەردوو قاچی شکابوو، ناچاربووین بە چەند پشتوێنێکی پشتمان دایگرینە خوارەوە، شوێنەکە سەخت بوو، پاشان گەیاندنیانە گوندی گۆپتەپە، دکتۆر هادی چارەسەری برینەکەی بۆ کرد، پاشان دوای چەند ڕۆژێك ولآخمان بۆ پەیدا کرا و ڕەوانەی مەڵبەندی دوومان کرد لە سەرگەڵوو پاشان بۆ بەرگەڵوو دواتر چاکبووەوە و دووبارە گەڕایەو بۆ سنوورەکەمان.

لە ساڵی ١٩٨٧ لە کەرتی یەکی ساڵەیی تیپی ٢١ی کەرکووك بووم، دەرمانی باشم پێ بوو هاوکاری خەڵکی گوندەکانمان دەکرد بە نەخۆش و برینداراەوە، هەبوو نەخۆش بوو پێویستی بە دەرمانی جیاواز هەبوو، کە پێشمەرگە بریندار دەبوون بۆ چارەسەری برینەکانیان لایان دەمامەوە، تەنانەت چەند کاتیشی پێویست بووایە، شەهید برایمە سوور کە بە مام برایمە سوور ناسرابوو، فەرماندەی کەرت بوو، پاشان بووە جێگری تیپی ٢١ی

کەرکووك لە گوندی (دووبرا) شەهید بوو ماوەیەك پێش شەهیدبوونی دەستی برینداربوو بۆ چەند ڕۆژێك لە ماڵی خۆی من لای مامەوە چارەسەری برینەکەیم بۆ کرد، پاشان چاکبوویەوە، بۆ ئەو و بریندارەکانی دیکە شەهید دکتۆر هادی ڕێنمایی دەکردین کە چی بۆ بریندارەکان بکەین، چونکە دکتۆر هادی خۆشی لە گوندەکە بوو، ئەوکاتە ماڵی مام برایمە سوور لە گوند کاولەسوور بوو، کە گوندێکی بچووکە لە سنووری شێخ بزێنی خوارو.

لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٧ داواکراین چووینە مەڵبەندی دوو پاشان چووینە گوندی چۆخماخ وەکو تیپی ٢١ی کەرکووك هەڤاڵ شۆڕشمان لەگەڵ بوو، ئەو کاتە خولێکی ئەفسەری هەبوو بۆ کادیرانی ی.ن.ك منیش یەکێك لەوانە بووم نووسراومان بۆ کرا چووین بۆ وڵاتی ئێران بۆ ماوەی حەوت مانگ.

ئەنفال دەستی پێکردبوو تەنها مەڵبەندی سێ مابوو شەڕ وەستابوو، منیش لە ڕێگای قەندیلەوە بۆ سنووری مەڵبەندی سێ گەڕامەوە، پەیوەندیم بە تیپی ٢١ی کەرکووکەوە کرد و لە گوندی (شیرەێ) بووین، پاشان شەڕ دەستی پێکردەوە ئێمە نەمانتوانی بگەڕێینەوە بۆ سنووری قەندیل، بەرەو سنووری خۆمان نزیکەی ١٢٠ پێشمەرگە بووین، زۆر بە زەحمەت بە دەشتی بتوێن و پاشان بناری کۆسرەتدا پەڕینەوە، لە ڕێگای سەرەکی دووکان بۆ دەشتی کۆیە (اختفاء) بووین، پاشان بۆ دەشتی هەولێر بۆ دەم زێی بچووك ئەوکاتە هەڤاڵان مام ڕۆستەم و سیروان کوێخا نەجم و چەند کادیرێکی دیکە و هەڤاڵ ڕێبازی دەشتی هەولێری لێ بوو، هەڤاڵ ئاسۆی موعەلیم کە لەو خولەی تاران لەگەڵمان بوو ئەویش لەوێ بوو، پاشان لە ئاو پەڕینەوە بۆ سنووری شێخ بزێنی و دۆخمان خراپتربوو، چونکە گوندەکان چۆڵکرابوون و دوژمن بەردەوام بە دوامانەوە بوون.

لەو سنوورە دابەشکراین بۆ چەند مەفرەزەیەك، مەفرەزەیەك درا بە من بە ناوی مەفرەزەی سەرخاسە، کە بریتی بوون لە هەڤاڵان: (ئارام چیمەنی، ڕزگار چیمەنی، پشکۆ هەیبەیی، وریا قەفاری، پۆڵا هەیبەیی)، کۆتا کەسیان نەبێت ئەوانی دیکە هەموو گیانیان

سپارد بە کوردستان و شەهید بوون، سنووری مەسقەلانمان بڕی بوو، چونکە دەبوو لەو دەشت و دۆڵانە خۆمان بشارینەوە، بەرەو سنووری چەمی خاسە و چەند گوندێکی دیکە، تاکو پشتی ناحیەی قەرەهەنجیر شوێنەکانمان دیاری کردبوو کە پەیوەندی بەیەکترەوە هەبێت، ئەواکاتە تەنها ٣٠ بۆ ٣٢ پێشمەرگە مابووین، کە لەم مەفرەزانە پێکهاتبوو: (مەفرەزەی هەڤاڵ سیروان، مەفرەزەی مامۆستا عادل، مەفرەزەی هەڤاڵ ئاکۆ سوور) بووین بە پارتیزان و شەڕ بەرۆکی گرتین و زۆر بە ئەستەم دەرچووین دوو لە ئەوان کوژرا و ئێمەش سێ شەهیدمان بە ناوەکانی شەهید ئیبراهیم و شەهید جوتیار و شەهید نیزام بەخشی.

پاشان ئێمە بەبروسکەی سەرکردایەتی لە مانگی ١٢ی ساڵی ١٩٨٨ بۆ مانگی ١ی ساڵی ١٩٨٩ بە فەرمانی هەڤاڵ نەوشیروان مستەفا گەڕاینەوە بۆ سنووری پیرەمەگروون لەبەرئەوەی جیگاکەمان لەلایەن ڕژێمەوە ئاشکرابوو، پەیوەندیمان کرد بە هەڤاڵ غەریب هەڵەدنییەوە، چونکە ئەوانیش وەکو پارتیزان لەو سنوورە بوون، پاش دوو ڕۆژ مانەوە لە بناری پیرەمەگروون پاشان بۆ دۆڵی جافایەتی لە لە بناری شاخی ژیلوانەوە بەڕێکەوتین بۆ سەر سنوور سەر ئاوی هەرزنە، پێشمەرگەیەکیش بە ناوی هەڤاڵ جەلال ناسراو بە مامۆستا جوامێر وەکو دەلیل لەگەڵمان بوو کە سەر بە مەفرەزەکەی هەڤاڵ غەریب هەڵەدنی بوو، بەفر و باران زۆر باریی بوو ڕووبارەکە بواری نەدەدا بپەڕینەوە، هەندێك شوێن هەبوو مینڕێژ کرابوو، تووشی چەندین مین بووین، کە لە جۆری ڤارمالا پێنج چکوڵی بوو، کە سەر قەپاغەکەی پێوە نەبووایە دوو کەپسوولی هەبوو یەکێکیان یەکێکیان ٣٠سم بۆ ٥٠سم بەرزدەبوویەوە، سیمێکی پێوە بوو کەپسوولی دووەم مینەکەی دەتەقاندەوە، ١٢٠٠ پارچە ساچمەی تێدا بوو، لە چوار دەوری خۆی بۆ ٥٠م کاریگەری دەبوو، ئەوانە هەڵدەگیرانەوە، بەڵام جۆرێکی دیکەی لێ بوو تاکەکەسی بوو نەماندەتوانی هەڵیبگرینەوە، چونکە دیار نەبوو، هەندێك وڵاخ و هێستری بەرەڵامان گرتبوو، بە ناو مینەکاندا دەهاتن و دەچوون، پێمان سەیر بوو هیچیان نەدەتەقینەوە، بەڵام دەلیلەکەمان مامۆستا جوامێر مینێکی پێدا تەقییەوە، ژێر پێیەکی شەق کرد، منیش جانتاکەیەك دەرمان و چارەسەرم پێ بوو، کە

مەقەست و دەرزی و دەزووی دوورینـەوە و گـۆز و لـەفاف و چـەند پێداویسـتییەکی دیکـەی تێدابوو، بەهۆی برینەکەیـەوە دەمـارێکی پێـی پچـڕابوو، خـوێنی لـێ دەڕۆیشـت، منـیش بـە دەزووی نـاوەوە کـە دەبێتـە گۆشـت دووریمـەوە، واتـە پێویسـت ناکـات دواتـر دەزووەکـە دەربهێنرێتەوە، ئەوە بوو خوێنی ڕاوەستا پاشان پێچامەوە، چووین بـۆ شـوێنی پەڕینـەوەو ئـەو شـوێنەی لێـی دەپەڕینـەوە لـە ئاسـت گونـدی هەرزنـە بـوو، کـە گونـدێکی ڕۆژهـەڵاتی کوردستانە، سیمەکە پچڕابوو، هەنـدێك گابـەردی لـێ بـوو، لـە ژێـر بـەردەکان خۆمـان مـات کردبوو، چونکە شاخی بەرامبەرمان دوژمنی بەسـەرەوە بـوو، نەمانـدەتوانی خۆمـان نیشان بـدەین، خـواردن و ئاومـان پـێ نـەمابوو، ئـاوی سـەربەردەکانمان دەخـواردەوە، چـونکە ئـاوی ڕووبارەکە قوڕاو بوو.

هەندێك پێشمەرگەمان هەبوو کە مەلەیان دەزانـی ئـەوانیش نەیانـدەتوانی لـە ئاوەکـە بپەڕنـەوە، پاشـان هێسـترەکانیان تـاقی کـردەوە، هەنـدێك ڕۆیشـتن و نـەیانتوانی ناچـار گەڕانەوە، سێ ڕۆژ ماینەوە پاشان هـەڤاڵ ئـاکۆ سـوور و هـەڤاڵ خـەلیل بێـدەری، بڕیاریانـدا بگەڕێینەوە بۆ لای هەڤاڵ غەریب هەڵەدنی، چـونکە جیهازەکـەمان ڕاکـاڵ بـوو پاترییـەکانی کاری نـەدەکرد لـە ڕێگادا پێشـمەرگەکان (بـەڕوو)یان دەخـوارد، ڕۆژی چوارەم هەنـدێك کـە لەوبەری ئاوەکـەوە دەرکـەوتن، کـە هـەڤاڵ غـەریب هەڵـەدنی برووسـکەی بـۆ سـەرکردایەتی کردبـوو، ئـەوانیش پەیوەندییـەکانیان لـە سەردەشـت ئاگـادارکردبووە، کـە بـریتی بـوون لـە هـەڤاڵ مـام سـاڵح و هـەڤاڵ جوتیـار، دوو هـاوڵاتی گوندەکـەیان لـە سەردەشـتەوە هێنـابوو، ئـەوەی سـەیر بـوو هەرچـەندە بەتەمـەنیش بـوون، کەچـی لـە چـاوتروکانێکدا لـە ئاوەکـە پەڕینەوە، ئەوان حەبلیان لەگەڵ خۆیان هێنابوو، ئیدی هەموو لە ئاوەکە پەڕینەوە و تا ناو قــەدمان تــەڕبوو، بریندارەکــەشمان پەڕانــدەوە، پاشــان ئــاگرێکی گــەورەیان کــردەوە و وشکبووینەوە، خواردنیشیان لەگەڵ خۆیـان هێنـابوو، پـاش نـانخواردن کەوتینـە ڕێ بـەرەو سەردەشت و بۆ بارەگاکەمان لە گوندی بلەکێ.

بە درێژایی ئەو ساڵانەی کە پێشمەرگە بووم و و کاری برینپێچیم کردووە، دواتر بووم بە پارتیزان، هەروەها لە ساڵی ١٩٩٠ – ١٩٩١ کاری عەدەد جیهازیم کردووە، جیهازێکی جۆری

ڕاكاڵم پێ بوو، لە كاتی ڕاپەڕین و ڕزگاركردنی كەركووكدا بەكارم دەهێنا پاشان لە كەركووك كشاینەوە من لەگەڵ هەڤاڵ ملازم عومەر بووم، لەو كاتەشدا دەستبەرداری كاری پزیشكی نەبووم و كۆڵەپشتی دەرمانم هەر پێ بوو. لە ساڵی ١٩٩٢ ماوەی ١١ مانگ لە ئاسایش دامەزرام و بووم بە ئەفسەر لە بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی كەركووك كە لە دەربەندیخان بوو لەو كاتەوە تا بەردەوامم لەو پیشەیە و ئێستا پلەكەم لیوای مافپەروەرە لە ئاسایشی كەركووك[٤٥].

[٤٥]- چاوپێكەوتن لەگەڵ محەمەد مستەفا محەمەد ئیسماعیل (د. محەمەد سەقەر)، ٢٠٢٢/١٠/٣٠.

## محەمەد ئەبوبەکر خزر ڕەسووڵ (محەمەدی وەستا بەکری ڕەواندزی)

ساڵی ١٩٤٨ لە ڕەواندز لە دایکبووە، باوکی ٨ منداڵە، قۆناغـەکانی خوێنـدنی خوێنـدنی سـەرەتایی و ناوەنـدی و ئامـادەیی لـە ڕەزانـدز و سـلێمانی تـەواوکردووە، دواتـر پـەیمانگای تەندروستی لە بەغداد تەواوکردووە، سەرەتای کاری سیاسی و لە نێو شۆڕشی ئەیلولدا بووە، لە شۆڕشی ئەیلول لە گوندی دێلزەی سـەر بـە شارۆچکەی چۆمان وەکو مامۆسـتای شـۆڕش وانەی وتووەتەوە، دواتر بەڕیاری شۆڕش چووەتە بارزان و لەگەڵ دکتۆر مەحموود عوسمان کاری کردووە، تاکو نسکۆی ١٩٧٥ چووەتە ئێران، دواتر ئاوارەی ئێران بووە، دواتر پەیوەنـدی بە کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستان و بەشداری شۆڕشی نـوێ بـووە، لـە ڕێگـەی هـەڤاڵان نەوشیروان مستەفا و فەرەیدوون عەبدولقادر و دواتر پەیوەندی بە دکتۆر فوئاد مەعسوم و دواتریش پەیوەندی بە هەڤاڵ مام جەلالەوە کردووە، بەهۆی نزیکی لە هەڤاڵ مام جـەلال و ئەنجامدانی کاری ڕێکخستن لە گەڕانەوەیەکیـدا بـۆ ئێـران خـۆی و ٧ لـە هـەڤاڵانی دەسـتگیر دەکرێن، ماوەی ٨ مانگ زیندانی دەکرێن.

دوای تـەواوکردنی مـاوەی زیندانییەکـەیان لـە ١٩٧٦/١١/٧ ڕادەسـتی حکومـەتی عێـراق دەکرێنـەوە، واتـە لـە سـەردەمی فەرمانڕەوایـەتی ئەحمـەد حەسـەن بـەکردا، زیندانییـەکان بـریتی بـوون لـە: (دکتـۆر محمـد، ئەسعەد سلێمان، ڕەشید شـەقلاوەیی، ئەحمـەد خـۆرانی، ئیسـماعیل غـەریب، مامۆسـتا شـکور و مامۆسـتا قـەهار)، هـەڤاڵان نەوشـیروان مسـتەفا، فەرەیدوون عەبدولقادر و مام ڕۆستەم ئاگاداری ئەوە بوون کە ئەو هەڤاڵانە زیندانی کراون و لە زینداندا خۆڕاگرانە لە ژێر چەندین گوشاردا دانیان بە هیچدا نەناوە، هاوکات هـەڤاڵان خاڵە شەهاب و ئەنوەر و زۆراب لە زینداندا بوون، هەموو پێکەوە لـە هـەمان زینـدان سـزای لە سێدارەدانیان بۆ دەردەکرێت، بەهۆی ئامادەنەبوونی خانەوادەکەی، دکتۆر محەمەد تـەنها دەمێنێتـەوە، دوا مۆڵـەتی دیـداری خانەوادەکـەی بـۆ دیـاری دەکـەن، دوای نـەهاتنی خانەوادەکـەی و وتنـەوەی دروشمـی کـەم ژیـان و کـەڵ ژیـان لـە ژێـر ئەشـکەنجەدا ورگـی دەتەقێت، لە زینداندا پزیشکێکی دڵسۆز نەشتەرگەریی بۆ دەکات، پرسیاری ماڵ و منداڵ لە

دکتۆر محەمەد دەکات، ئیدی سۆز و بەزەیی دەیگرێت، بۆیە چەند جارێك برینەکەی نوێ دەکاتەوە، پزیشکەکە زانیبووی نزیکە لێبووردنی گشتی دەربچێت و بەر لێبووردن دەکەوێت و لە ١٩٧٩/٨/١٦ بەر لێبووردنی گشتی دەکەوێت و ئازاد دەکرێت.

دوای سێ مانگ دەگەڕێتەوە سەر کاری حکومیی و وەکو پزیشك خۆی بۆ قەسرێ و باڵەکایەتی دەگوازێتەوە و وەکو بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی قەسرێ دەست بەکاردەبێت، دواتر بوونی پەیوەندی بە هەڤاڵان مام جەلال نەوشیروان مستەفا و قادر خەبات و حەسەن کوێستانی، دەست دەکات بە یارمەتیدان و پشتگیریکردنی هێزی پێشمەرگە و دەرمانیان بۆ دەنێرێت و برینداران تیمار دەکات، بەهۆی دڵسۆزی و لێهاتوویی لە کارەکانیدا لەلایەن هەڤاڵ نەوشیروان مستەفاوە دەمانچەیەکی بەدیاری پێ دەبەخشرێت، لە ڕێگا لێی ئاشکرا دەبێت و فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەردەچێتەوە، ناچار ئاوارەی دۆڵی باڵەییان دەبێتەوە، لەوێشەوە بۆ کونە چك چکیلە و دواتر بۆ دۆڵی خانەقا و بەرگرتکە لەلای کەسایەتییەك بە ناوی شێخ عومەر جێگیر دەبێت.

لێرەوە وەکو پێشمەرگەی شۆڕش و لە کەرتی چواری هەرێمی حەوت لای هەڤاڵ حەسەن کوێستانی بووەتەوە بە پێشمەرگە، لەگەڵ هەڤاڵان قادر خەبات و ڕەحمان سەیدەدا بەشداری شۆڕش بووە و لە چەندین داستان و شەڕدا بەشداری کردووە، لەوانە کێوەڕەش، قرناقە، پشت ئاشان، هەندرێن و بالیسان و چەندینی دیکەدا.

جگە لەوەی وەکو پێشمەرگە لە شۆڕشدا بووە، هاوکات وەکو دکتۆری شۆڕشیش خزمەتی کردووە، بە وتەی دکتۆر مەشیر حەمەغەریب کاتێك ڕژێمی بەعس بە فڕۆکە لە ناوچەی ناوچەی ڕەواندزی داوە، دکتۆر محەمەد بە داو (دەزوو)ی تەسبیح برینی خەڵکی سنوورەکەی دووریوەتەوە، گوتوویەتی بە داو (دەزوو)ی برینپێچی بۆیان نادوورمەوە، چونکە ئەوان دەتوانن بگەنە نەخۆشخانەکانی شار، بۆیە ئەوانەم بۆ برینی پێشمەرگە هەڵگرتووە، چونکە پێشمەرگە ناتوانن بچنە شارەکان، بۆیە دکتۆر محەمەد جگە لەوەی

دکتۆری پێشمەرگە بوو، هاوکات دکتۆری گوندنشینانی سنوورەکەشی بووە، لەوانە دۆڵی خانەقا، برد گرتکە، ئینزە، لێوژە، وەرتێ، پردەشاڵی.

ئەوانەی لە شاخ هاوکار و پشتیوانی دکتۆر محەمەد بوون، بریتی بوون لە هەڤالان نەوشیروان مستەفا، فەرەیدوون عەبدولقادر، قادر خەبات، حەسەن کوێستانی، ڕەحمان سەیدە و ئیسماعیل مەحموود، شایەنی دکتۆر محەمەد هەموو کات لەگەڵ ئازاری سك ئێشەدا دەژیا، بەهۆی بوونی ئازاری زیندان و ئەو ئەشکەنجەیەی زیندانەوە، لە ڕووداوێکی دیکەدا باڵی بریندار بووە، خۆشی تیماری خۆی کردووە، لە دۆڵی بالەییان لە کێوە ڕەش لە کورتەك، برینەکانی سووك بووە، لە کیمیابارانی بالیسانیشدا بەهۆی تیمار و برینپێچی، کیمیایی کاریگەری لەسەر جێدەهێڵێت، دواتر جارێکی دیکە بەر لێبووردنی گشتی دەکەوێت و بە بڕیاری شۆڕش دەنێردرێتە ڕانیە، لەوێ لە خزمەت بەردەوام دەبێت و چەندین هاوکاری شۆڕشی کردووە و زانیاری بۆ شۆڕش ناردووە، هەروەها تیماری چەندین پێشمەرگەی کردووە و دەرمانی بۆ پێشمەرگە ڕەوانە کردووە.

لە ڕووداوێکدا لەلایەن شۆڕشەوە داوای لێدەکرێت بچێت تیماری پێشمەرگەیەك بکات، بە ناوی هەڤاڵ ڕەسووڵ کۆیلەی، بەڵام هەواڵی لێ دەدرێت و لە گەڕانەوەیدا لە ناو پێشمەرگە لەلایەن هەواڵگری حکومەتی عێراقەوە دەستگیر دەکرێت و لەبەر بوونی دۆسیەی پێشتری و ئاشکرابوونی پەیوەندیەکانی بە ڕێکخستنەوە بڕیاری گوللەبارانکردنی بۆ دەردەچێت، ئەوکات هەڤالان حەسەن کوێستانی، عەبدوڵلا حەبیب، نەوشیروان مستەفا و ئیسماعیل مەحموود ئاگادارکرانەوە، تاکو هەڤاڵ مام جەلال لە ڕێگای ئاکۆی سوارئاغا و شێخ مستەفای باقلان لە ڕێگای دادوەری سەربازی گوللەبارانکردنەکەی دوابخرێت، لەبەرامبەردا بڕێك پارە ڕادەست کرا و تا لە ساڵی ١٩٨٧ – ١٩٨٨ بەر لێبووردنی گشتی کەوتەوە و دووبارە بەشداری شۆڕش بوویەوە و تا ساڵی ١٩٩١ بەردەوام بوو لە ڕێکخستن و هاندانی خەڵك دواتر بەشداری ڕاپەڕینی کرد و لە ئازاکردنی کوردستاندا ڕۆڵێکی گرنگی گێڕا.

وەکو دکتۆر و کارگێڕی مەڵبەندی ٦ی سۆران لەگەڵ هەڤاڵ عەبدوڵڵا بۆردا بووە، تاکو لە شەڕی نەگریسی براکوژی لە ساڵی ١٩٩٨دا شەهید بوو، شایەنی باسە دکتۆر محەمەد دوو برای دیکەی بە ناوەکانی هەڤاڵان عەبدولقادر و خدر شەهیدن، هەموو ژیانی خۆی و خانەوادەکەی لە پێناو دۆزی کورددا دانا، هیچ بەرپرسیارێتییەکی قبوڵ نەکردووە، سەرکەوتنی کوردستانی بەلاوە گرنگ بوو، کەسێکی خاوەن ئەزموون و دەست پاك و بەوەفا بووە، خۆی و منداڵەکانیشی قوربانی پێشمەرگایەتی شۆڕش بوون، بەشداری هەردوو شۆڕشی ئەیلول و شۆڕشی نوێ کردووە، دوو جار لە لێبووردنی گشتی لە زیندان ڕزگاری بووە، لە ولاتی ئێرانیش زیندانی بووە(٤٦).

(٤٦)– لە هەڤاڵ ئەرخەوانی د. محەمەد وەرگیراوە، ٢٠٢٣/١/٢٧.

# محەمەدهاوا عوسمان حەسەن (دکتۆر هاوتا)

لە ساڵی ١٩٦٤ لە کۆیە لەدایکبووم، دواتر لە شاری هەولێر نیشتەجێ بووین و قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەییم لە هەولێر تەواوکردووە، پاشان لە پەیمانگای تەندروستی بەغداد ناوم هاتووەتەوە، پێشتر پەیوەندیم هەبووە بە ڕێکخستنەکانی شۆڕشی نوێوە، لە خێزانێکی شۆڕشگێڕ لەدایکبووم، باوکم ڕۆڵی دیاری هەبووە لە شۆڕشی ئەیلوولدا، برایەکم بەناوی (دکتۆر ئازاد) دکتۆری شۆڕش بووە، کە دواتر شەهید بووە، خوشکێکم بە ناوی (دکتۆر نازەنین) بە هەمان شێوە دکتۆری شۆڕش بووە، یەکەم پێشمەرگەی کچ بووە لە شۆڕشدا، من ڕۆڵێکی گرنگم هەبووە لە ناردنە دەرەوەی دەرمان و کەرەستەی پزیشکی لە شاری هەولێرەوە بۆ شۆڕش، دوای تەواوکردنی خوێندن لە ساڵی ١٩٨٦ پەیوەندیم کرد بە شۆڕش و چوومە تیپی ٩٣ی کۆیە، دکتۆر کاوە لەوێ نۆرینگەی هەبوو، پێش من دکتۆر هیمداد لەوێ بوو دکتۆری تیپ بوو، هەروەها دکتۆر سالار لەوێ بوو گواسترایەوە بۆ سەرکردایەتی، ئیدی من و دکتۆر هیمداد ماینەوە لە تیپەکە، کە من گەیشتم هەڤاڵ ڕەهبەری سەیید برایم کە سەرتیپ بوو گواسترابوویەوە، دوای ئەو مامۆستا بەکر بوو بە سەرتیپ.

ڕەوشی تەندروستی لە تیپەکەی ئێمەدا زۆرباش بووە، لە سنووری ئێمە دکتۆرێك هەبووە لەو سنوورە نۆرینگەی داناوە و چەندین برینداری چارەسەرکردووە، لە ڕووداوێکدا پێشمەرگەیەك بە سەختی بریندار بوو هێنایان بۆ لای من دۆخی زۆر خراپ بوو چەند جارێك ئاماژەی بۆ گیرفانی کرد منیش دەستم برد بۆ گیرفانی و بینیم نامەیەکی خۆشەویستەکەی تێدایە، لەو کاتەدا شەهید بوو، ئەو ڕووداوە تا ئێستاش کاریگەری لەسەرم هەیە و لە بیرم ناچێتەوە، لە ڕووداوێکی دیکەدا پێشمەرگەیەك سکی بریندار بوو دۆخی باش نەبوو نەمدەزانی چییەتی، بۆنی ناو سکیم کرد و بە بۆنەکەی زانیم کە ڕیخۆڵەی بەرکەوتووە و دوای هەوڵدانێکی زۆر شەهید بوو، ماوەیەك لە نەخۆشخانەی خەتێ لەگەڵ دکتۆر فائیق گوڵپی و دکتۆر عەبدولقادر کارم کردووە، تایبەت بەرکەوتەوی کیمیایی بوون

بە ئۆتۆمبێل و تەرەکتەر و عەرەبانە برینداره‌کانمان داده‌گرت و دەمانشۆردن و دەرزی ئەترۆپینمان لێیان دەدا و جلەکانمان بۆ دەگۆڕین.

دواتر چوومە نەخۆشخانەی خەتێ و لەوێ چەندین چارەسەری پزیشکیم بۆ بریندارانی پێشمەرگە و نەخۆشی کەوتنی گوندنشینەکان کردووە، لە ڕووداوی کیمیابارانی گۆپتەپەدا بریندارانی چەکی کیمیاییم بینیوە کە هەلیکۆپتەر هەڵیدەگرتن و دەیبردن بۆ ناوەڕاست و باشووری عێراق کە دواتر ئەنفالکران، ئەو کاتەی کە بەیانی دەستبەسەرداگرتنی ناوچەی سەرکردایەتی و شەهیدبوونی ژمارەیەکی زۆر پێشمەرگە لە ڕادیۆوە خوێندرابوویەوە ڕاستەوخۆ باوکم جەڵتە لێی دەدات، دواتر کەژاڵی خوشکم لە ١٩٨٨ بۆ سەردانم لە چیوەی بالیسان هەواڵی ماڵەوەی بۆ هێنام و باسی دۆخی خراپی تەندروستی باوکم و سەختی ژیانیانی بۆ کردم، گوایە باوکم لە نەخۆشخانە دەرکراوە و گوایە ماڵیشیان دەستی بەسەردا گیراوە، کەچی لە شەوی جەژندا دەری دەکەن، منیش پێم گوت هەتا یەك مەفرەزە بمێنێت لە شاخ دەمێنمەوە، ئەگەر هەموو پاشەکشە بکەن بەرەو ئێران ئەوە یەکەم کەس من دێمەوە و خۆم ڕادەست دەکەم.

ئیدی هەرواش بوو پاشەکشە دەستی پێکردو ئێمە چووینە ئێران و لەوێ ماینەوە لەوێش لە کاری تەندروستیم بەردەوام بووم، لە نەخۆشخانەی سەقز نزیکەی سێ هەفتە خزمەتم کرد و ئەوەی پێویست بووایە نووسراومان بۆ دەکرد و دەماننارد بۆ تاران، هەرچەندە من لە ڕێگەی ی.ن.ك زەمالەی خوێندنم لە دەرەوەی وڵات هەبوو، بەڵام ڕەتمکردەوە و لەسەر دواتر لەسەر باوکم و دایکم گەڕامەوە باشووری کوردستان و خۆم ڕادەستکردەوە و بەر لێبووردنی گشتی کەوتم، خێزان و کوڕەکەی شەهید دکتۆر ئازادی برام لای ئێمە بوون لە ئێران، کچێکی بچوکیشی هەبوو لای دایك و باوکم بوو لە باشووری کوردستان، تا شەڕی کوەیت دەستی پێکرد و ئێمەیان نارده سەربازی دواتر گواسترامەوە بۆ هەولێر و دەستبەرداری سەربازی بووم، لەو ماوەیەدا پەیوەندیم لەگەڵ ڕێکخستن هەبوو، ساڵی ١٩٩١ پەیوەندیم کرد بە هێزی برووسکەوە بەشداری ڕاپەڕینەکەمان کرد.

لە کاتی ڕاپەڕیندا هێزەکانی ڕژێم هۆڵێکیان سووتاند کە تایبەت بوو بە بەڵگەنامەکان، فریای هۆڵی دووەم کەوتین و کوژاندمانەوە، ئیدی دەستمان گرت بەسەر بەڵگەنامەیەکی

بێشوومارى ڕژێمدا، بە لۆرى بارمان كرد بردمان گەڕەكى عەسكەرى دوو خوێندنگە بوو كردبوومان بە بارەگاى هێزى برووسك، بەڵگەنامەكانمان لەوێ دانا و بەپێى دەرفەت دەچووين تەماشامان دەكرد و وردبينيمان دەكرد، بۆ ماوەى بيست ڕۆژ سەرقاڵ بووين كە بريتى بوون لە بەڵگەنامەكانى: (الاستخبارات الشعبة ٥، الامن العامة الاربيل، دائرة المخابرات العراقية)، ئێمە وردبينيمان دەكرد و بەڵگەنامە گرنگەكانمان جيادەكردەوە دوو ڕۆژ جارێك ئۆتۆمبێلێكى جۆرى پيكابمان پڕ دەكرد و دەماننارد بۆ شەقلاوە بۆ لاى هەڤاڵ نەوشيروان مستەفا، تا گەيشتە ٣٢ تۆن بەڵگەنامە كە دواتر ى.ن.ك ڕادەستى ويلايەتە يەكگرتووەكانى ئەمريكاى كرد، كە نزيكەى ٣ بۆ ٤ تۆنى هى ئەو گرووپەى ئێمە بوو، ٣٢ تۆنەكە ٢ تۆنى هى حسك بوو ٣٠ تۆنەكەى ديكە هى ى.ن.ك بوو، هەمووى لە شەقلاوە دانرا و دواتر فڕۆكە هات و هەمووى برد بۆ ئەمريكا، ئێستا لەوێ هەمووى پارێزراوە و ئەرشيف كراوە و داتاكراوە، سكان كراوە و لەسەر C.D و بە PDF لەوێ بە ناوى ى.ن.ك تۆمار كراوە، هەروەها وەرگێڕدراوەتە سەر زمانى ئينگليزى، موڵكى (ى.ن.ك)ە، واتە هەر كاتێك بيەوێت دەتوانێت بيگەڕێنێتەوە.

لە بەڵگەنامەكاندا بەڵگەى شۆكهێنەر بوونى هەبوو، بۆ نموونە ئەو ڕاپۆرتەم خوێندەوە كە زۆر بە وردى لەسەر خۆم نووسرابوو، ئەو تۆمارەم بينى كە ڕژێم وەكو تۆڕێكى جاسووسى لە نێو شۆڕشدا دروستى كردبوو، ناوى سيانى خۆيان و ناوى نهێنيان، لەوێ بيرم كەوتەوە كە گومانم لە چەند كەسێك هەبوو پێشتر و ئێستا وەكو خۆى بوو بە ڕاستى، لەوانە كەسێك بوو كە هەر لە سەرەتاى ڕێكخستنەكانەوە گومانم لێى هەبوو، كاتى خۆى بە هەڤاڵەكانم گوت بە گوێيان نەكردم، تەنانەت كاتى خۆى ڕێكخستنەكانى (حزبى شيوعى)يشم ئاگاداركردەوە، كە گومانم لە چەند كەسێك هەيە، ئەوانيش بۆيان نەسەلما، كەچى لە تۆمارەكەدا وەكو خۆى بەڕاست دەرچوو، بەگشتى هەموو بەڵگەنامەكان تايبەت بوو بە سنوورى پارێزگاى هەولێر.

لە بەڵگەنامەكاندا ڕاپۆرت لەسەر خوودى خۆيان هاتبوو بۆ نموونە لەبەڵگەيەكدا هاتبوو: "عەقيد ڕوكنێك دەزانێت خێزانەكەى ناپاكى لێ دەكات....." واتە بەو شێوازە لەسەر خۆشيان ڕاپۆرت بوونى هەبوو، جگە لە بوونى سەدان كاسێتى دەنگ تۆماركردن،

جاسووسە کوردەکانی ڕژێم بە نهێنی کاسێتیان ئامادەکردووە و سەردانی خەڵکیان کردووە و پرسیاری ئاسایی دۆخی ژیان و کەسوکاری خەڵك کراوە، بۆ نمونە ڕۆژێك جاسووسێکی کورد سەردانی ماڵێکی کوردی کردووە کە خزمی خۆی بووە ویستوویەتی زانیاری لەسەر ئەو ماڵە خزمەی خۆی کۆبکاتەوە لەو کاتە پیاوی ماڵەکە لە ماڵ نابێت، ژنەکەشی لە حەوشەی ماڵەکە سەرقاڵی یاپراغ دروست کردن بووە جاسووسەکە لە تەنیشتی ژنەکە دادەنیشێت و بە نهێنی کاسێتەکە دەخاتە کار و دەست دەکات بە پرسیارکردن لە ژنەکە، سەرەتا پرسیاری ئاسایی دەکات و دواتر پرسیاری پیاوەکەی دەکات، ژنەکە بێ ئاگایە لەوەی کە جاسووسە، هەموو قسەیەکی لا دەکات، چونکە خزمیان بووە، دواتر ئەو قسانە دەبن بە بەڵگە لەسەر پیاوەکە.

هەر لە ڕاپەڕیندا چووین تەواوی دەرمان و پێداویستییەکانی نەخۆشخانەی سەربازیمان هێنا و لە ڕاپەڕین و لە گەڕەکی حی العسکری لە ناو خوێندنگەیەکدا دانا و خستمانە خزمەتی خەڵکەوە، تا لە ١٩٩٤ دامەزرامەوە لە بواری تەندروستیدا، من لەو ساڵانە باوەڕم وابوو کە کارێکی نەشیاوە وڵات بەجێبهێڵین، لە ساڵی ١٩٩٦ باوکم کۆچی دوایی کرد، لە مانگی ١٩٩٧/١ دەستگیر کرام و دوو مانگ زیندانی کرام و لە کاتی قۆناغی ئامادەیی زیاتر ئەشکەنجە درام، کە ئازادکرام لە کۆتایی ١٩٩٧ لەگەڵ دایکم کوردستانم بەجێهێشت و گەیشتمە ئەورووپا و دەستم کرد بە خوێندن و کارکردن، لەوێ لە نەخۆشی شەکرە و ڕەبۆ پسپۆڕیم وەرگرت و تا ئێستا کە (٢٠٢٣)ە لەوێ کاردەکەم، خێزانەکەم خەڵکی بادینانە و کوڕێکم هەیە بە ناوی (بوێر) لە بەشی مێژوو دەخوێنێت[٤٧].

---

[٤٧]– چاوپێکەوتن لەگەڵ د. محەمەدهاوتا عوسمان حەسەن، ٢٠٢٣/٣/١١.

## موشیر حەمەغەریب ئەمین (دکتۆر موشیر)

لە ساڵی ١٩٥٢ لە کۆیە لەدایکبووم، ساڵی ١٩٦٧ لە شۆڕشی ئەیلولدا بووم بە پێشمەرگە، دوو خولی پزیشکیم بینیوە لە ناو پردان (قەیماسە) لە مەکتەبی سیاسی کە ٦٣ کەس بووین، ناوی خولی پێنج بوو، یەکێکیان ساڵێکی خایاند و ئەوەی دیکە شەش مانگی خایاند، د، مەحموود عوسمان و دکتۆر فازیڵ مەلا مستەفا مامۆستامان بوون، سەرپەرشتیاری خولەکە محەمەد عەلی فلامەرز بوو، دوای نسکۆ ئێمە لە ئێران بووین بە پەناهەندە لە نەخۆشخانە وەکو یاریەدەری پزیشك کارم دەکرد، ١٢ بۆ ١٣ کەس بووین کە کادیری تەندروستی شۆڕش بووین.

لەگەڵ دامەزراندنی ی.ن.ك لە ساڵی ١٩٧٥دا، پەیوەندیم پێوەکردن، لە ساڵی ١٩٧٦ بووم بە لێپرسراوی ڕێکخستنەکانی ی.ن.ك لە ئێران بە نهێنی، ئەو کاتە ی.ن.ك لقی هەبوو، من لەسەر باڵی بزووتنەوە بووم، وەکو سەرپەرشتیاری لق وابووم، لە ئێران و لە ورمێ لەگەڵ ڕەسووڵ مامەند بەشداری کۆبوونەوەکانی دروستبوونی بزووتنەوەم کردووە، دواتر، لە نەخۆشخانەش کارم دەکرد، دواتر بۆ نەخۆشخانەی کرمان گوازرامەوە، تا ساڵی ١٩٧٨ لەوێ مامەوە.

لە سنووری ڕانیە و قەڵادزێ و دەشتی هەولێر و خۆشناوەتی کارم کردووە، سەرەتا لە دۆڵەڕەقە نەخۆشخانەیەکی بچووکمان دانا و دەرمان بە یاساغ پەیدا دەکرد، هەروەها لە ڕێگەی ڕێکخستن و ئێرانیشەوە بۆمان دەهات، لە ڕووداوێکدا پێشمەرگەیەکمان بریندار بوو دۆخی زۆر خراپ بوو، منیش کەرەستەی پێویستم نەبوو، بە سرنجێکی ١٠ سیسی، ڤیتامین سی و B12 ئاوی مەعدەنیم پێکەوە تێکەڵ کردوو لە ڕێگەی دەمارەوە بۆم کرد تا نەمرێت، ئەم کارەم هیچ بنەمایەکی زانستی نەبوو جگە لە سەرکێشییەك نەبێت.

لە ڕووداوێکی دیکەدا هەڤاڵ ئیسماعیل هیرانی کە پێشمەرگەی ١٩٧٦ بوو بریندار بوو قاچی کرمی لێدابوو، من چارەسەرم بۆ کرد تا چاك بوویەوە، وەکو کادیری تەندروستی سەرەتا تەنها بووم دواتر دکتۆر هۆشمەند (دکتۆر شالاو) و دکتۆر کاوە، هاتن، کە دکتۆر کاوە لەگەڵ هەڤاڵ ڕەهبەر بوو شەهید بوو، لە ڕووداوێکدا برایەکی هەڤاڵ محەمەد برای ئیسماعیل وەرتی مینی لە دەست تەقی بوو، هەرچەندە کەرەستەم کەم لابوو، دەستی لێبووەوە تەنها ڤایلۆکاینم لابوو بەوە بەنجم کرد چارەسەرم کرد، هەڤاڵ عومەری سەید عەلی زۆر بە سەختی بریندار بووبوو پێویستی بە تیوبێك هەبوو، لەگەڵ دکتۆر خدر بووین، هەڤاڵ عومەر، میزی بۆ نەدەکرا، ناچار من و هەڤاڵ ئەحمەد مەولود (کە سەرتیپ بوو) بە جلی شوانییەوە چووین لە دەرگەڵە بە زۆر بە زۆر تیوبێکمان لە دکتۆرەکەی ئەوێ سەند کە یاریەدەری پزیشکی بوو، هێنامانەوە و لەگەڵ دکتۆر خدر بەو تیوبە کێشەی میز نەکردنەیمان بۆ چارەسەر کرد.

لە ڕووداوێکدا پێشمەرگەیەك لە گوندی گولان بە ڕوومانە بریندار دەبێت و برینەکەی سەخت زۆر بوو، بە ٤٤ تەقەڵ برینەکەیم دوورییەوە، بە گاڵتەوە گوتی بۆ نایەی دەمیشم بدووریتەوە خۆ هیچ جێگایەکت نەهێشتەوە بۆم تەقەڵی لێ نەدەی، لە ڕووداوێکی دیکەدا پێشمەرگەیەك کە خەڵکی دەشتی هەولێر بوو گوللە بەر ڕیخۆڵەی کەوتبوو پیسایی لێدەهاتەدەر، من بۆیم دوورییەوە، بەڵام هەر ترسم هەبوو دوورینەوەکە سەرکەوتوو نەبێت، بە پێشمەرگەکانم گوت هەر کەس هەواڵی ئەوەم بۆ بهێنێت کە ئەو بریندار (با)یەکی لێ بەربێت، یەك فیشەکدانی پڕ لە فیشەکی بە دیاری پێ دەدەم، کاتژمێر یازدەی شەو بوو، پێشمەرگەیەك بە ڕاکردن هات گوتی: "بریندارەکە (با)ی لێوە هاتووە"، گوتم: "دڵنیایی؟" گوتی: "دوو گەواهیدەرم هەیە"، کە چووم وابوو ئیدی ناچار دیارییەکەم پێی بەخشی، مەبەستی من لەو کارە ئەوە بوو واتە نەشتەرگەرییەکەم سەرکەوتوو بووە.

لە ڕووداوێکی دیکەدا مام سەعیدمان فێری دەرزی لێدان کردبوو، ناومان نابوو دکتۆر سەعید پیاوێکی بە تەمەن بوو، چووینە جەولە و چووینە گوندێك و لە ماڵێك داینەوە من خەوم لێکەوت، لەناکاو بوو بە دەنگەدەنگ، هەڵیانساندم و گوتیان ژنێك لە گوندەکە دووپشك پێوەی داوە، ژنەکەیان هێنا، پرسیم دووپشك بە کوێی داوی، هیچی نەدەگوت، دەمگوت دەستت، دەیگوت نا، دەمگوت قاچت دەیگوت نا، بەو شێوازە هەرچیم دەگوت دەیگوت نا، دکتۆر سەعیدیش ناچار بە پێکەنینەوە گوتی هەرچەندە وەکو خوشکم وایت مادام بە ئەندامی مێینەتییەوە داوە، منیش گوتم دەرزییەکی دژە هەستیاری بۆ بکە، دکتۆر حەسەنیش گوتی: "ئەدی فرۆکاینێکی لێ نەدەم"، مەبەستی (پرۆکاین) بوو، گوتم نا نەکەی ئەوە نابێت.

لە ڕووداوێکی دیکەدا پێشمەرگەیەك بریندار بوو، پێویستمان بەوە بوو بە ولاخێك بیگوازینەوە، گوێدرێژێکی ڕەشمان لە کابرایەك بە زۆر ستاند و پێشمەرگەکەمان نارد بۆ ناوچەی وەرتێ تا لەوێوە بینێرین بۆ دکتۆر خدر تا چارەسەری بکات، لەوێ فڕۆکە دەگاتە سەریان و دەستڕێژی گوللەیان لێ دەکات و گوێدرێژەکە بەر دەکەوێت و دەمرێت، دوای دوو مانگ هەندێك پارەمان پێگەیشت لەگەڵ هەڤاڵ عەزیز بەگی لێپرسراوی لق و هەڤاڵ سوارە ئاغای فەرماندەی هەرێم گوتم با بچین هەندێك پارە بدەین بەو پیاوەی کە گوێدرێژە ڕەشەکەمان لێ سەند، لەوێ هەڤاڵ حاجی ئەحمەدی بۆڵی کە لێپرسراوی کەرت، خەڵکام کۆکردەوە و وەکو کادیرێك قسەم بۆ دەکردن و کابرای خاوەن گوێدرێژەکەم بانگ کرد، گوتم گوێدرێژەکەت بەر بۆردومانی فڕۆکە کەوتووە، فەرموو ئەوە بڕی ٥٠ دینار وەك قەرەبوو، حاجی ئەحمەد تووڕە بوو گوتی پارەی مەدەرێ ئەوە خزمی منە و نابێت پارە وەربگرێت، هەروەها حاجی ئەحمەد درێژەی پێدا و بە گاڵتەوە گوتی: "کاك دکتۆر تۆ و سوارەئاغا و عەزیز بەگ هەموو کاتێك بۆ ئێمە کەرە ڕەشن چۆن پارەتان لێوەردەگرین".

لە ڕووداوێکی دیکەی گاڵتەئامێزدا لە ئێران شوێنێکیان پێدابووین لە کرماشان، هەڤاڵ عەریف عەلی قاچێکی بڕابووەوە، لەوێ ئەو بریندارانە هەموو کات کێشەیان هەبوو لەوێ تەوالێتێکی غەربی هەبوو دەچوون بۆ تەوالێتەکە، بەڵام ئاویان بەکارنەدەهێنا، تا لەسەر پیسبوونی تەوالێتەکە بوو بە شەڕ، منیش گوتم مام عەلی تۆ لە هەمووومان گەورەتری ئەو کێیە پاکوخاوێنی تەوالێتەکە ناپارێزێت؟ گوتی نازانم، ئەو کاتە لە قەرارگای ڕەمەزان سابوونیان پێ دەداین، چووم (ئاوانێك)م کڕی –ئەوەی شتی لەناو دەهاڕی- ژمارەیەکی زۆری سابوونم هێنا و بانگی کەسێکم کرد کە لەگەڵمان بوو ناوی مامۆستا کەریم بوو، گوتم هەزار تمەنت دەدەمێ ئەو سابوونانەم بەو ئاوانە بۆ ورد بکە، ئەویش کارەکەی ئەنجامدا، بەس پێم نەگوت بۆ چیمە، شەو کاتژمێر ١٢ چووم لێواری تەوالێتە غەربییکەم کەمێك تەڕ کرد و سابوونە هاڕاوەکەم لە لێوارەکانی ڕۆکرد و پێوەیم لکاند، کاتژمێر ١٢ کەسێك هات و چووە تەوالێتەکە، کاتێك تەوالێتەکە بەکاردەهێنێت لێوارەکەی کە سابوونی پێوە بووە وەکو مۆر لەسەر شەرواڵەکەی لە دواوە دەردەچێت، دەرکەوت ئەو کەسە مام عەلییە، هەروەها هەڤاڵ نەوشیروان و دکتۆر فوئادیش کە هاتبوون بۆ ئەوێ، ئەوانیش کێشەکەیان بیستبوو، بە پێکەنینەوە چووم بۆلایان و گوتم: "ئەرەوەڵا دزەکەم گرت"، ناردیان بە دوایدا، مام عەلی کاتی خۆی ڕێپێدراو (مفوض)ی پۆلیس بووە، هات توشی سەرسوڕمان بوو گوتی: "لەوە گەڕێن کە ئاشکرابووم، کاتی خۆی من پۆلیس بوومە، هەرگیز فێڵی وا بەمێشکماندا نەهاتووە، هەتا ئێستا فێڵبازی وام نەبینیوە، بەس بزانم ئەمە چۆن بیری لەوە کردەوە؟"

هەر لە ئێران دوو پێشمەرگەمان هەبوو یەکی قاچێکیان بڕابووەوە، کەشەکە زۆر سارد بوو، سەرمایان بوو، لەبەر خۆیانەوە جنێویان بە شۆڕش دەدا کە بۆ وایان لێ هاتووە و کەس لێ یان ناپرسێتەوە، منیش گوتم: "کاکە بۆ جنێو بە شۆڕش دەدەن، ئێوە یەك قاچتان هەیە سەرمایەتی، من دوو قاچم هەیە و هەردووکیشی سەرمایەتی، کەچی جنێو بە شۆڕش نادەم".

لە شەڕی عێراق – ئێراندا ژمارەیەك دكتۆر بوون بە پێشمەرگە ئەوەی من بزانم دكتۆر زریان و دكتۆر چیا و چەند دكتۆرێكی دیكەش بوون، لە سەركردایەتیش دكتۆر شادمان، دكتۆر حەسەن، دكتۆر شوان بوون، ئەو كاتە لەو سنوورەی ئێمە كادیر كەم بوو، من كاری ڕێكخستنیشم دەكرد، زۆر جار ئەو گوندنشینانەی كە چارەسەرم دەكردن، دەمكردن بە ڕێكخستن، سنوورەكەی ئێمە فراوان بوو، لە قەڵاتووكان و پشدەر هەتا خۆشناوەتی و بالیسان درێژ دەبوویەوە، سەرەتا من ڕابەری سیاسی هەرێمی ١٤ بووم، دواتر بوومە لێپرسراوی هەر دوو ناوچەی باڵەك و ڕەواندز، دوای تێكچوونی دانوستانی ی.ن.ك حكومەت من چوومە ئێران و بوومە لێپرسراوی نەخۆش و برینداركانی ئەوێ تا ساڵی ١٩٩٠ لەوێ وەك نوێنەری ی.ن.ك لەوێ مامەوە[٤٨].

(٤٨)– چاوپێكەوتن لەگەڵ موشیر حەمەغەریب ئەمین (د. موشیر)، ٢٠٢٣/٢/٢٦.

## ناجی سادق ئەنوەر محەمەد (دکتۆر ناجی)

بە دکتۆر ناجی یان بە شێخ ناجی ناسراوم، لە ساڵی ١٩٦١ لە گوندی خاڵۆبازیانی کەرکوك لە دایکبووم، قۆناغی سەرەتاییم لە گوندی خاڵۆبازیانی و قۆناغی ناوەندیم لە شارەدێی لەیلان و قۆناغی ئامادەییم سلێمانی تەواوکردووە، لە ساڵی ١٩٨٢ پەیمانگای کشتوکاڵم لە ساڵی ١٩٨٢ حەویجە تەواوکردووە، دواتر لە هەمان ساڵ لە ڕێگەی هەڤاڵ شوانی کادیر پەیوەندیم بە ڕێکخستنەکانی پۆلی ڕێکخستنی جەباری کۆمەڵەوە کردووە، خوشکێکم شەهیدە و خوشکێکی دیکەم لە ساڵی ١٩٦٤ەوە تا ئێستا پارچەی تۆپ لە لاشەیەتی، باوکم بە باخدارییەوە سەرقاڵ بووە.

لە ساڵی ١٩٨٤ەوە پەیوەندیم بە پێشمەرگەوە کردووە، لە ساڵی ١٩٨٤ تووشی فەقەرات بووم، لەسەر بنەمای نامەیەکی هەڤاڵ مام جەلال لە کاری پێشمەرگایەتی بەخشرام و دەستم بە کاری برینپێچی کرد، دواتر بەهۆی سوود وەرگرتن لە ئەزموونی دکتۆر محەمەد تۆرانی و محەمەد سەعدوڵلا فێری کاری برینپێچی بووم، لە ساڵی ١٩٨٥ فێری ئەوە بووم کە بە تەنها کاری برینپێچی بکەم، ئیدی من لە سنووری گوندەکەی خۆم مامەوە، هەرچەندە گوندەکانیان ڕووخاند و ناوچەکەمان بوو بە ناوچەی قەدەغەکراو، بە درێژایی ساڵانی ١٩٨٥ تا ١٩٨٨ سەرووی ٥٠٠ کەس لەسەر دەستی من تیمار و چارەسەر کراوە هەم وەك بریندار هەم وەك نەخۆش.

یەکەم کاری برینپێچیم چارەسەرکردنی پێشمەرگەیەکی گەرمیان بوو، هێندە بە ترسەوە دەمدوورییەوە ئارەقەم کرد، ئیدی لەمەوە دەستم ڕاهات، هەروەها هەڤاڵ سەید نوری کە پارچە بەر لای ئەندامی نێرینەی کەوتبوو، بۆ ماوەی ١٢ ڕۆژ بە نهێنی لە باخێکدا چارەسەرم بۆ کرد، لە ڕووداوێکی دیکە لە گوندێکی ئەو سنوورە منداڵێك نەخۆش بوو، کە بینیم هێندە لاواز بوو بوو لە مردندا بوو، هیچم بۆ نەکرا تەنها ئەوە نەبێت دەرزییەکی گرامایسینی ٨٠یم بۆ کرد، هیچ ئومێدێکم بە زیندوومانەوەی نەبوو، دوای چەند ڕۆژێك هاتن گوتیان باش بووە، تا ئێستاش بە منداڵەکەی دکتۆر ناجی بانگی دەکەن، دوو پەتا کە

سورێژە و گرانەتا بوون بڵاوبوونەوە، لەو سنووورە چارەسەری سەدان منداڵی و هاوڵاتیم کرد، ئیدی بەمجۆرە بەو گوندانە دەگەڕام و فریای خەڵك دەکەوتم، هەروەها بوونی مار و دووپشك کێشەیەکی دیکەی گوندنشینان بوو، چارەسەرم دەکردن.

لە ساڵی ١٩٨٧ پێشمەرگە لە سنووری ئێمە چالاکی دەکرد، ئەگەر برینداریان هەبووە، دەیان هێنا و من چارەسەرم دەکرد، لە ڕێگەی هەڤاڵ شێخ بایز تاڵەبانییەوە دەرمانم بە دەست دەگەیشت، ئەو لە هێنانی دەرمانەکان لە کەرکوکەوە سەرکێشی دەکرد، لە فەرمانگەی ڕێگاوبانی سلێمانی فەرمانبەر بوو، کە دەچوو بۆ دەوام بە ئۆتۆمبێلی فەرمانگەکەی لەسەر ڕێگای کەرکوك – سلیمانی لە شوێنێکی دیاریکراو دەرمانەکانی بۆ دادەنام، منیش دوو کەسم ڕاسپاردبوو لە کاتی دیاریکراو بچن بۆ شوێنی دیاریکراو دەرمانەکان هەڵبگرنەوە، منیش بە پێی پێویستییەکانی خۆم لیستی دەرمانم بۆ دەنووسی، هەروەها ئەو گوندنشینانەی کە چارەسەرم بۆ دەکردن و دەرمانم پێ دەدان، لە پاشتردا کە هاتوچۆی کەرکوکیان دەکرد لە پاداشتی ئەوەی بۆم کردوون بڕێك دەرمانیان بۆ دەهێنام.

ڕۆژێك لە ناوچەی زەنگنەوە برینداریکیان بۆ هێنام قۆڵی کون بوو، بۆ ماوەیەکی درێژ من چارەسەرم کرد، هەرچەندە لە ڕێگەی دوورەوە هاتبوو کەشەکەشی هاوین بوو، بۆ من زۆر ئەستەم بوو، لە ڕووداوێکی دیکەدا ڕۆژێك لە لایەن ڕژێمەوە تۆپێك تاقیکرابووە، بەمەبەستی زانینی مەودای بڕینی دووری تۆپەکە لە ناسریەوە تەقێنرابوو، بە داخەوە تۆپەکە لە ناوچەی ئێمە کەوتبووە خوارەوە لە شوێنێکی قەرەباڵغدا، زۆری پێ نەچوو چەند هیلیکۆپتەرێك بۆ هەڵگرتنەوەی تۆپەوە و زانینی مەودای دوورییەکەی گەیشتنە ناوچەکە کە بینییان ناوچەکە قەرەباڵغە کەوتنە دەستڕێژ لە خەڵکەکە ژمارەیەکی زۆری خەڵکیان بریندار کرد، بە جۆرێك ڕێکەوتبوو وەك ئەوە وابوو نیشان لەو خەڵکە بگرن، سێ کەس بە ناوەکانی (ئەرشەد، عەبدوڵڵا و سەیدگوڵ) شەهید بوون کە تەواوی لاشەیان سوتابوو، برینداریکی زۆریان هەبوو، نزیکەی ١٦ کەس بوو چارەسەرم کردن، ڕۆژانە سارێژکاریم بۆ دەکردن کە بریتی بوون لە خەڵکی گوندەکانی خاڵۆبازیانی و شێخ جیری و کەوەڵە و ئۆمەرەگەدە و حسێن ئیسلام و ناوچەی زەنگنە و قەرەحەسەن، هۆکاری کۆبوونەوەی ئەو

خەڵکە لەو شوێنە ئەوە بوو ڕۆژێك پێشتر هێلیکۆپتەر هاتبوو، پێنج لاپاڵمی دابوو لە چەند شوێنێکی جیاوازی باخەکان و سووتاندی، بە خەڵکی ئەو ناوچەیەی ڕاگەیاندبوو چۆڵی بکەن، ڕۆژی دواتر خەڵکەکە بە مەبەستی چۆڵکردنی ناوچەکە کۆببوونەوە، کەچی تووشی ئەو کارەساتە هاتن.

من لەو سنوورە بە کەپرێك شوێنێکی کاتیم بۆ مانەوەی خۆم دروست کردبوو کە وەك نۆرینگەیەك وابوو، شوێنەکە کاتی بوو، چونکە من شوێنم نەبوو، شەوێك هاوڕێیەکم بە ناوی قودرەت کە خەڵکی شێخ جیری بوو هات بە شوێنمدا گوتی بریندارێکمان هەیە، گوللە لە دەستی دەرچووە، بە تراکتۆر کەوتینە ڕێ، کە گەیشتمە گوندی تەیمەزئاوا بینیم گۆڕی بۆ هەڵدەکەنن، بە داخەوە شەهید بووبوو، ئەو شەوە لە وێ مامەوە، بۆ سبەی بە پێ گەڕامەوە شوێنی خۆم بۆ خاڵۆبازیانی،

ساڵی ١٩٨٨ لە مانگی چواردا پێشمەرگەکانی تیپی ٣١ی سلێمانی و کەرتی چواری جەباری ویستیان خەڵکی ئەو ناوچەیەی ئێمە کە گەمارۆ درابوون ڕزگاربکەن، لەو ڕووداوە ژمارەیەك هاوڵاتی بریندار بوون، چارەسەرم کردن، خەڵکەکە نزیکەی ٨٠٠ کەس بوون، خەڵك هەبوو ئاژەڵەکانی لەگەڵ خۆی هێنابوو، نەیاندەزانی ئەنفال دەکرێن، چونکە بە کاتی لە ڕووداوەکە تێگەیشتبوون، ئیدی لەم ڕووداوانە بەدواوە من لە ڕێگەی شێخ بایز و چەند برادەرێکی دیکەوە نووسراوێکم بۆ کرا و چوومە ڕانیە دانیشتم، بێ ئەوەی گومانم لێ بکەن، چونکە خۆم وەك مامۆستا ناساند.

کە ڕاپەڕین دەستی پێکرد من لە کەرکوك بووم، حکومەت دەستی کرد بە ڕەشبگیری لە کەرکوك، یەك ڕۆژ پێش ئازادکردنی کەرکوك، هێلیکۆپتەرێك هاتە سنوورەکەمان و دەستڕێژی لێ کردین خەڵکێکی زۆر بریندار بوو، لە ماڵی ئێمە ژێرزەمین (چاڵ)ێکمان هەبوو لەوێ دەستم کرد بە چارەسەرکردنی بریندارانی ڕووداوەکە، بۆ سبەی پێشمەرگە گەیشتە کەرکوك و کەرکوك ئازادکرا.

لە گەڕەکی ئێمە موختارێك هەبوو، زۆر خراپ بوو بەرامبەر بە کورد، ئێمە وەك ڕێکخستن پلانمان دانا تەقەی لێ بکەین، لەلایەن هەڤاڵێکمانەوە بە ناوی خەلیل تەقەی

لێکرا، بەڵام نەمرد، بۆ ئێوارەکەی ئەو هەڤاڵە هات بۆ لای من، چەکەکەی پێ بوو، گوتم لای من دایبنێ، بە قسەی نەکردم، پێشنیاری چەند شوێنێکم بۆ کرد تا چەکەکەی بشارێتەوە بەڵام ڕازی نەبوو، بردبوویەوە بۆ ماڵی خۆیان، شەو لە پشکنینی گەڕەکەکەدا خۆی دەسگیرکرابوو، چەکەکەشیان لە ماڵیان دۆزیبووەوە، ڕێکخستنەکان ئاگاداریان کردم کە خێزانەکەی ڕزگار بکەین، بۆ شەوەکەی خێزانەکەیان هێنا بۆ ماڵی ئێمە، منیش پلانی ڕزگارکردنیم دانا، هەڤاڵێکم بە ناوی مۆفەق ڕاسپارد کە لە دووزەوە بیبات بۆ کفری، دواتر بۆ کەلار و لەوێوە بۆ سلێمانی و پاشان بۆ چەمچەماڵ، بۆ سبەی هەڤاڵ مۆفەق گەڕایەوە گوتی گەیاندوومە بە شوێنی خۆی، بەڵام هەڤاڵ خەلیل لە سێدارەدرا(٤٩).

(٤٩)– چاوپێکەوتن لەگەڵ ناجی صادق ئەنوەر محەمەد (د. ناجی)، ٢٠٢٢/٨/٢.

## ناجیح محەمەد ئەحمەد حەمله، ناسراو بە دکتۆر ناجح گوڵپی

لە ساڵی ١٩٦٣ لە هەورامانن دێی گوڵپ لەدایك بوم، خوێندنی سەرەتایم لەوێ تەواوکردووە، خوێندنی ناوەندی و دواناوەندیم لە هەڵەبجە تەواو کردووە، ساڵی ١٩٨١ لە کۆلێژی ڤێترنەری بەغداد وەرگیرام، ساڵی ١٩٨٦ تەواوم کردوە، لە مانگی شوباتی ١٩٨٧ بووم بە پێشمەرگە، لە خەستەخانەی مەڵبەندی یەك لە قەرەداغ (بەلەکجاڕ)، تا هەڵمەتەکانی ئەنفالی یەك و دوو سێ لە قەرەداغ و گەرمیان و دەشتی کۆیە بەشداربووم، لەساڵی ١٩٨٨، پاشان چوومەتە ئێران و لە ساڵی ١٩٩١ خێزانم پێکهێناوە، ئیستا باوکی چوار مندالّم، سێ کچ و یەك کوڕ، ساڵی ١٩٩١ بەشداری ڕاپەرین بووم، پاشان ساڵی ١٩٩٢ گەڕامەوە سەر کاری پێشوی خۆم وەك پزیشکی ڤێترنەری لە فەرمانگەی بەیتەری هەڵەبجە.

سەرەتای کاری سیاسییم، ئێمە وەك کوڕی شەهید هەمیشە گوێ قوڵاخی پێشمەرگە و شۆڕش بوین، لە ساڵەکانی ١٩٨٣ بەدواوە تیکەڵی سیاسەت و خوێندنەوەی چاپکراوکانی شۆڕش بووین کاری سیاسیمان وەك ڕێکخستن دەکرد، چەندە جارێك دەرمان و پیداویستی پزیشکیمان کۆدەکردوە و دەمان نارد بۆ پێشمەرگە، چەندین جار کاتێك لە بەغداد بوم دەرمانی تایبەتم دەکڕی و دەم هێنایەوە و دەم نارد بۆ قەرەداغ، هەروەها چەند جارێك لەگەڵ براکەم کە شەهیدبوو کردووە، سەرکێشیم لە کیمیابارانی هەڵەبجە، چوومەتە نەخۆشخانەی سلێمانی بۆ هێنانی ئەنتی سیرەمی زانینی گروپی خوێن و دەمنارد بۆ خەستەخانەی مەڵبەند لەسەر داواکاری دکتۆر فائیق، تا هاوکار بێت بۆ زانینی گروپی خوێنی بریندارەکان و پەیداکردنی خوێن بۆیان.

کاتێك بووم بەپێشمەرگە کاری تەداوی و دەرزی لێدانم دەکرد، هەروەها لە کاتی نەشتەرگەری یارمەتی دکتۆرەکانم دەکرد، ماوەیەکیش لە نەخۆشخانەی مەڵبەند لە

بەلەکجاڕ کاری ددانم دەکرد، لەوانە: ددان پڕکردنەوە، ددان هەڵکێشان، تا کاتی ئەنفالی دوو بۆ سەرناوچەی قەرەداغ، ڕۆیشتینە گەرمیان، لەم ماوەیەدا گرنگیمان دەدا بە چارەسەری بریندارەکان.

لەو ڕووداوە تەندروستییانەی کە لە بیرمە ڕۆژێك فڕۆکەکانی ڕژێم لە گوندی ژاڵەی سەگرمە بۆدوومانیان کرد، ژنێکی ئەو گوندە پارچەیەك دابووی لەسەر گەدەی و گیری خواردبوو، هەروەها چەندین بریندار ی دیکەی لەگەڵ بوو ئێمە چارەسەرمان کردن، هەروەها پێشمەرگەیەك بە ناوی هەڤاڵ شەهابەڕەش کە خەڵکی خانەقین بوو لە سنووری کەلار لە شەڕێکدا پەنجەی پێی بریندار بوو، لە کۆڵی پێشمەرگەیەکی دیکەدا بوو، ئێمە چارەسەرمان بۆ کرد نەیدەتوانی قاچی لە زەوی دابنێت، ڕۆژێك دکتۆر فایەق بە زۆر قاچی پێ لە زەوی دانا، ئینجا توانی بە پێی خۆی بڕوات، هەروەها پێشمەرگەیەکی دیکەمان بە ناوی حەمە کۆشك پارچەیەك دابووی لە بڕبڕەی پشتی و قاچی لە کارکەوتبوو بەهۆیە شەلەل بوو، هەتا کاتی ئەنفال لەگەڵمان بوو، دۆخی زۆر خراپ بوو، هەرگیز لە بیرم ناچێ، بە درێژایی هاوینی ١٩٨٨ لەسەر پشت کەوتبوو بەهۆی ئەو کەشە گەرمەوە لەشی تووشی بریندار ی و سووتاوی بووبوو، هێندەمان دەرزی لێ دابوو بێزا بووبووین، بەجۆرێك ڕۆژێك لە بری دەرزی ئاوی موقەتەرمان لێدا، هێندە بێ بەرگری مابووەوە گوتی باش بووم بەو دەرزییە لە ڕاستیدا دەرزیش نەبوو، تا نزیکی ئەنفال بووینەوە هەواڵمان بۆ کەسوکاری نارد تا بێن بیبەنەوە. هەروەها لە ڕووداوێکی دیکەدا هەڤاڵ حەمەلەتیف لە شەڕی ئەنفالدا لە نزیك کانی سارد هاوەن دابووی لە نزیکی، پێنج بۆ شەش پارچەی بەرکەوتبوو، هێنایان بۆ لای ئێمە چارەسەرمان کرد و ناردمانەوە بۆ کەسوکاری.

لە نەخۆشخانەکە زیندانییەکی عەرەبمان لابوو کاری بۆ دەکردین، بۆ خۆنزیککردنەوە لە من دەهات دەیگوت کە سەرکەوتن تۆ دەبی بە وەزیری کشتوکاڵ، منیش گاڵتەم بە

قسەکەی دەهات، ڕۆژێك کەسێك بە ناوی پێشمەرگەوە هات بۆ لامان، پاش چەند ڕۆژێك، شەوێك پاسەوانی بۆ گرتین، بەیانی کە هەڵساین تەماشا دەکەین ئەو بە ناو پێشمەرگەیە و ئەو زیندانییە عەرەبە هەڵهاتوون، واتە لەلایەن حکومەتەوە نێردرابوو، بەو هەواڵە دکتۆر فایەق توڕەبوو. گوتی دەبێت دوایان بکەون و بیهێننەوە، ئیدی بەو شەوە ناردینی بە دوایدا کە شەوێکی زۆر تاریك و زۆر سارد بوو، چەند کاتژمێرێك بە دوایاندا ڕۆیشتین نەماندۆزینەوە.

لە ئەنفالی سێی دەشتی کۆیە پێش ڕۆژێك بەمەبەستی هەواڵپرسی کەسوکارم لە هەڵەبجە لە برایانی نەخۆشخانەی مەڵبەند لە دەشتی کۆیە لە دێی قزلوو مۆڵەتم وەرگرت، ئیتر چوومە مەڵبەندی سێ لە خەتێ و بالیسان، لەوێشەوە بەرەو کارووخ و قەندیل چوم بۆ ئەوەی بچمە ئێران هەواڵی دایك و برام بزانم چیان لێ هاتووە لە کیمیابارانی هەڵەبجە، پاش ئەوەی گەیشتم هیچ هەواڵێك لە کەسوکارم نەبوو ئیتر دڵنیا بوومەوە کە شەهیدبوون، سەرباری ئەوەی چوومە تاران بە هەموو نەخۆشخانەکاندا گەڕام کە دەیان وت بەڵکو لەوێ بن و برینداربووبن، بەڵام بە دەستی خاڵی گەڕامەوە، دکۆتر فائیقی برام بەتەمای هەواڵ بوو، منیش هیچ هەواڵێکم بۆ نەنارد، وتم با هەر وابزانێ کە دایکم و براکەم خێزانەکەی ماون. تا ڕاپەڕین لە ئێران و لە بارەگاکانی سەر سنوور لە مەڵبەندی یەك لە ناوچەی مەریوان و دزڵی مامەوە تا کاتی ڕاپەڕین هاتینە خوارەوە بۆ ناو خەڵکی ڕاپەڕیو.

کاتێ لە نەخۆشخانەی بەلەکجاڕ بووین چەند جارێك لە ڕێگەی ڕێکخستنەکانی شارەوە دەرمانمان بۆ هات، هەروەها دەرمانیشمان لە ئێرانەوە بۆ دەهات، ڕۆڵی من وەك پێشمەرگەیەك وەك پزیشکێك لە ناو شۆڕشدا ئەوەبوو من بە ئەرکی خۆم وەك هاوڵاتیەك کە هەستم بە بەرپرسیارێتی دەکرد لە وڵاتێکی داگیرکراودا کە دابەش کرابوو بە هیوای ئازادی و ڕزگاری یەکجاری ئامادە بووم گیانی خۆم بەخت بکەم، بیرمە دیلێکی عەرەب لامان

بوو ماوەیەك دەی گوت ئینشائەڵڵا دوای ئازادی دێم دەتبینم دەبیت بە وەزیری کشتوکاڵ، منیش دەم گوت تۆ بڵێی وا دەربچێت! کوردستان دەسەڵاتی ئەوەندە بە سیستەم و ڕێکوپێك بێت[٥٠].

[٥٠]- چاوپێکەوتن لەگەڵ ناجیح محەمەد گوڵپی (د. ناجیح)، ڕۆژی ٢٠٢٢/٧/٣١.

## نازەنین عوسمان حەسەن قادر (دکتۆر نازەنین)

لە ٢ی ئەیلولی ١٩٥٦، لە شاری کۆیە لە دایکبووم. پۆلی یەك و دووی سەرەتاییم لە کۆیە خوێندووە. لە ساڵی ١٩٦٣، کە بە ساڵی "حەرەس قەومی" ناسراوە، کۆیە گەمارۆیەکی گەورەی ئابووری لەسەر بوو، کێشەی خواردن و ئاسایشی هەبوو، لە پۆلی سێی سەرەتایی گواستمانەوە شاری هەولێر. هەر لە سەرەتای ژیانمەوە، بەهۆی ژینگەی ماڵەکەمانەوە دەستم کردووە بە چالاکیی سیاسی. بەهۆی ئەوەی باوکم و خێزانەکەمان لەگەڵ باڵی مەکتەبی سیاسی بوون و لەژێر کاریگەریی خاڵم (خالید دلێر)دا بووین، زیاتر لایەنە چەپەکەی باڵی مەکتەبی سیاسی بووین. دوای ئەوەش، خاڵم (شەهید جەعفەر عەبدولواحید) کاریگەریی بەسەرمەوە زۆر بوو، بەتایبەتی لە پۆلی دووی ناوەندی، خاڵم لە ماڵی ئێمە دەژیا، هەردووکمان لە یەك ژوور بووین و هاندەرم بوو بۆ کتێب خوێندنەوە و جۆری کتێبەکانی بۆ دیاریدەکردم.

لە سەرەتای دروستبوونی (کۆمەڵەی مارکسی لینینی)، وەك ئەندام کارم نەدەکرد، ئەویش بەهۆی تەمەنمەوە، بەڵام بەهۆی ئەوەی کۆبوونەوەکان لە ماڵی ئێمە دەکران، ئاگاداری هەندێك لە کۆبوونەوەکانی ڕێکخراوەکە بووم و فێر کرابووم نهێنیپارێز بم. لە ساڵی ١٩٧٥ - ١٩٧٦، لە پۆلی شەشی ئامادەیی دەرچووم و لە بەشی ڤێتەرنەری زانکۆی بەسرە وەرگیرام. لەوێ شانەی ڕێکخستن نەبوو، لەگەڵ هەندێ لە خوێندکارە کوردەکان بازنەیەکی ڕۆشنبیریمان پێك هێنابوو. کە چووم بۆ بەسرە بۆ زانکۆ، باوکم وتی: "من بڕوایەکی تەواوم بە تۆ هەیە، بەس یەك تکام هەیە؛ سیاسەت مەکە" ئەویش بەهۆی ئەوەی هێندە تووشی کێشە و گێچەڵی سیاسی و نەفی و گرتن بووبووین، بەڵام من لەوەیا بە گوێم نەکرد.

بەهۆی قەرەباڵغیی بەشی ناوخۆیی لە بەسرە، لەگەڵ جوان زەنگەنە و ئەرخەوانی کچی بەکر ئاغا، کە یەکێك بوو لەو ئەفسەرانەی لە کۆماری مەهاباد بەشدار بوو، ژوورێکمان لە ماڵی مەسعود ساڵح گرت. لە یەکێك لە سەفەرەکاندا کارتۆنێك کتێبی قەدەغەکراوم لەگەڵ خۆم برد بۆ بەسرە، لە کاتی پەڕینەوە لە ڕووبار بە کەڵەك (گبگە)،

کارتۆنەکەم بیرچوو، نەشمدەوێرا بگەڕێمەوە بەدوایدا. دواتر (ئەمن) کتێبەکانیان دۆزییەوە و بەدواداچوونیان بۆ کردبوو، چووبوونە سەر ماڵی مەسعود ساڵح، ئەوکات فەرمانبەر بوو لە بەسرە، ئەویش حاشای کردبوو کە شتێکی لەو بابەتەی بینیبێت و ڕزگاری کردین. پاش ڕاپەڕین گلەیی لێ کردم کە بەو کارەی من مەترسیم لەسەر ژیانی دروست کردووە.

لە قۆناغی دووەم، بەشی ڤێتەرنەری لە بەسرەوە گوێزرایەوە بۆ موسڵ. یەکەم جار شەهید دکتۆر بەختیار پەیوەندیی پێوە کردم و چوومە ڕیزەکانی کۆمەڵە، ئەوکات شەهید دکتۆر بەختیار لە قۆناغی شەشەمی کۆلێجی پزیشکیی بوو، دوای دەرچوونی، ماوەیەك پەیوەندیم نەما. بەهۆی نهێنیی زۆرەوە، هیچ شانەیەك ئاگاداری ئەوی تر نەبوو. لە ساڵی سێیەمی خوێندن، لە دوو لاوە پەیوەندییان پێوە کردم (مەجید عەولا خوێندکاری پزیشکی بوو وە شۆڕش حاجی خوێندکاری ئەندازیاری بوو) ئیتر چوومە شانەی شۆڕش حاجی و لەگەڵ نەریمان حەوێز کە هاوپۆلم بوو لەهەمان شانە بووین، وردە وردە ڕێکخستنەکانمان گەشەی کرد، منیش بووم بە سەرپەرشتیاری خەتی کچان.

لە ساڵی ١٩٧٦ خاڵە جەعفەرم لەگەڵ هەردوو هاوڕێی: هەڤاڵ خاڵە شەهاب و هەڤاڵ ئەنوەر، لە سێداردران. لەدوای پرسەکە، گەڕامەوە زانکۆی موسڵ، بە جلی ڕەش و ملپێچێکی سوورەوە دەوامم دەکرد، هەمووان دەیانزانی نیشانەی چییە، ئیتیحادی بەعسییەکان بە ڕقەوە سەیریان دەکردم و بەردەوام ڕەقیبیان بۆ دانابووم. لەکۆتایی ساڵی ١٩٧٩، بەعسییەکان کەوتنە دژایەتی شیوعییەکان، ئەوکات قۆناغی پێنجەمی زانکۆ بووم، لەو هەڵمەتەدا هاتنە بەشی ناوخۆیی کچان، سەرەتا بۆ کچە شیوعییە دیارەکان دەگەڕان. ئێمە پەیوەندیمان لەگەڵ خوێندکارە شیوعییەکان باش بوو، یان وایانزانی ئێمەش شیوعین، یان دانپێدانانیان لەسەر کرابوو، چونکە (ئەمن) بەتایبەتی بەدوای من و بەیان محەمەدی هاوڕێمدا هاتبوون، کە ئەویش لە قۆناغی چوارەمی پزیشکی بوو، هەردووکمان کۆمەڵە بووین و من لێپرسراوی بەیان بووم. هەرچی بڵاوکراوە و کتێبی نهێنی کە لای من بوو، باش شاردبوومنەوە، نەیانتوانی بیدۆزنەوە، لە لای من تەنیا لاپەڕەیەکیان دەست کەوت، ناوی ئەو کتێبانەی لێ نووسرابوو کە دەبوایە لە خولی کادیران بیخوێنمەوە و

تاقیکردنـــەوەیان لەســـەر بکـــەین، بـــۆ ئـــەوەی پلـــەت لـــە نێـــو کۆمەڵـــەی ڕەنجـــدەران بەرزبووبایەتەوە، دەبوو بە جۆرە تاقیکردنەوەیەکدا بڕۆیت.

هەرچـی بـەیان بـوو، کلیلـی دۆلابەکـەی لـێ ونبووبـوو، توانییـان دۆلابەکـە بشـکێنن و بلاوکراوەیان دەست کـەوت. ئـیتر ئـەو بلاوکراوانـەی لای بـەیان بوونـە هۆکـار بـۆ گرتنمـان، ئێمەیان بردە لێکۆڵینەوەی (الأمن الخاصة) و کەوتنە پرسیاری زۆر و هەڕەشـە و ترسـاندن وەك هەموو لێکۆڵینەوە پیسەکانی ڕژێمی بەعس. لە (بەیان)یان پرسی: "ئەو بلاوکراوانەت لە کوێ بوو؟" ئەویش وتی: "لەناو تاکسی دۆزیمـەوە"، ئـیتر ئێمـەیان ئـازادکرد، بـۆ چـەند کاتـژمێرێك، نـەمانزانی مەبەسـتیان چـی بـوو، شـەو جـارێکی تـر هاتنـەوە بەدوامانـدا، بەچاوبەستراوی ئێمەیان بردە زیندان، دوو ژووری جیا و هەرچی پێمان بوو لێیان سەندین و تـەنیا یـەك بـەتانی تێـدا بـوو، تروسـکاییەکی ڕوونـاکیی دوور دەهاتـە ژوورەکـان. چـەند کاتـژمێرێك لـەو ژوورانـە دایاننـاین، پاشـان هـاتن بەدوامانـدا و بردیـانین بـۆ لێکۆڵینـەوە جارێکی تر، یەکەم قسەی لێکۆڵەرەکە وتی: "دەتانەوێت بە چی دەست پێ بکەین، بە سیگار یان بە بوتڵ؟" هەموو پرسیارەکان دەربارەی سەرچاوەی ئەو بلاوکراوانە بوو، باوەڕیان پـێ نەدەکردین. ڕۆژ بووەوە هێشتا لە لێکۆڵینەوە بووین، دیسانەوە بەچاوبەسـتراوەیی ئێمـەیان هێنایەوە بۆ بەشی ناوخۆیی.

بـۆ ڕۆژی دواتـر، دەگەڕاینـەوە بـۆ دەوام، بـۆ ئـەوەی هەسـت بـە هـیچ نـەکرێت، بـەڵام کچـەکانی تـری ڕێکخسـتن، ڕێکخسـتنە کوڕەکانیـان ئاگـادار کردبـووەوە، پەیوەنـدییان بـە باوکمەوە کردبوو، باوکم گەیشتە موسڵ، پێی وتین: "ئەگەر دەتوانن خۆتان ڕزگار بکەن، بـا نەکەونە زیندان، با نەفەوتێن، چەند جارێك دەستمان بەدڕندەیی ڕژێم سووتاوە و دەزانـین چۆنن". لە ڕێگەی ڕێکەوت عوسمـان کـە لـە بەشـی کـارگێڕی و ئـابووری بـوو و لێپرسـراوی ڕێکخســتن بـــوو ، چـــووینە بەشـــێکی تـــری نـــاوخۆیی لای بـــەهاری مـــام ڕەزا ئـــەویش هەرخوێندکاربوو لە بەشی کارگێڕی و خزمایەتیشمان هـەبوو، لـەوێ جلوبـەرگی تایبـەتیان بـۆ هێنـاین لەگـەڵ ناسـنامە بـە نـاوێکی تـرەوە، دوای ئـەوە ڕێکـەوت هـات و ئێمـەی بـردە ژوورەکـەی خـۆی کـە لـە ماڵێکـدا بـە کرێـی گرتبـوو. لـە ڕێگـەی ڕێکخسـتن هـەولێرەوە

تاکسییەکیان بۆ ناردین و خاوەن تاکسییەکە (نوری سەعید عەزیز) بوو، چووینە ماڵی ئەوان. باوکم لەگەڵ برادەرێکی نزیکی خۆی (مامۆستا جەلال حەمەد) ڕێك کەوتبوو و هاتن ئێمەیان بردە ماڵی خۆیان و ماوەیەك لەو ماڵە ماینەوە تا لیژنەی سەرکردایەتیی ناوخۆی هەولێر هەڤاڵ (کۆسرەت رەسوڵ و حاجی مەمۆ) بە ئۆتۆمبێلی خۆیان ئێمەیان بردە کەرکووك، لە کەرکووك ئێمەیان بردە ماڵی محەممەد فاتیحی، کە خوشکەزای ئەبو شەهاب بوو، لێپرسراوی ڕێکخستنی یەکێتیی لە کەرکووك، ئەوکات ئەبو شەهاب ئەندامی سەرکردایەتی کۆمەڵە بوو، پێنج ڕۆژ لەوێ ماینەوە. هەندێك لە هاوڕێ کوڕەکانیش (شۆڕش حاجی، هەژار محەممەد کانی میرانی، نەریمان حەوێز) هاتنە کەرکووك و لەو ماڵە لەگەڵمان بوون، ڕێکخستنی هەولێر هەماهەنگییان لەگەڵ سلێمانی کردبوو بۆ دەرچوونمان.

لە ٩ی ئازاری ١٩٨٠، بردیانین بۆ سلێمانی بۆ ماڵێك لە گەڕەکی زەرگەتە، ماڵی باوکی شەهید هیوا بوو، یەك شەو ماینەوە لەو گەڕەکە، چونکە شەوی پێشتر چالاکیی پێشمەرگەی لێ کرابوو، پێشمەرگە هاتبوونە سەر بنکەی پۆلیس و جاشەکان و مەترسیی پشکنین هەبوو. بۆ بەیانی، لیژنەی سەرکردایەتیی ناوخۆی سلێمانی کە هەڤاڵ هەڵۆ (تەها ئەحمەد سمێڵ) بەرپرسی ئیغتیالات و کاك فەرهاد بە (فەرهادە قەڵەو) ناسرابوو، بەرپرسی ڕاگەیاندنی ناوخۆ، ئێمەیان بردە ماڵی وەستا عەلی ئاسنگەر. خانووەکەیان زۆر گەورە بوو، ئەوکات لەو جۆرە ڤێلایانە کەم بوون، سێ کچ و دوو کوڕی هەبوو، ژێرزەمینەکەیان چاپخانەی لێ بوو، شەوان کوڕەکانیان بڵاوکراوەکانیان دابەش دەکرد، شەوێکیان ئێمەش لەگەڵیان ڕۆشتین. تا بڵێی ماڵێکی چاك بوون، بەڕێز و کوردپەروەر و بوێر بوون. تا لەوێ بووین، خواردنی باشیان بۆ دەکردین و دەیانگوت: "بخۆن، بچنە شاخ هیچتان دەست ناکەوێت" خوشکی کاك عەلی، جلی خاکیی کورتەك و شەرواڵی بۆ دوورین. لە ٢٠ ئازاری ١٩٨٠، ئێمەیان ناردە ڕانیە. کاك حاجی بەمۆ لە هەولێر و کەرکوك و سلێمانی بەردەوام سەردانی دەکردین، بۆ ڕانیەش هەڤاڵ هەڵۆ و هەڤاڵ فەرهاد ئێمەیان گەیاند و ڕادەستی کاك موراد ڕانیەیی کردین. بۆ ئێوارە ئێمەیان بردە ماڵی مامۆستا رەفیق تا ٨ی بەیانی، دوای ئەوە کاك موراد ئێمەی بردە بەستەستێن و جلوبەرگە کوردییە پیاوانەکەمان لەبەر

کرد. لەلایەن سەرۆك جاشێکەوە کە لەژێرەوە سەر بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە بوو، لە ٢١ی ئازاری ١٩٨٠ ئێمەیان بە وڵاخ و لەگەڵ سێ کەسی شارەزا ڕەوانە کرد و لە بەیانیی ڕۆژی ٢٢ی ئازار، گەیشتینە خڕی ناوزەنگ و چووینە بارەگای ملازم عومەر، کە پێشتر هەڤاڵ دارۆی شێخ نوری و نەرمینی خوشکم لەو بارەگایە بوون.

لەو ڕۆژەوە، ئیتر من و بەیان بووین بە یەکەم پێشمەرگەی کچ لە شۆڕشی نوێدا، پێش ئێمە هەندێك ژنی لێ بوو (هێرۆ خان، نەرمین عوسمان، ڕووناکی شێخ جەناب، هاوسەری مەلا بەختیار، پەخشان حەفید، هاوسەری هەڤاڵ ئەرسەلان، فاتمە خان، هاوسەری شێخ عەلی و پاکیزە خانی هاوسەری هەڤاڵ (فەرەیدوون). لە خڕی ناوزەنگ، کاری پزیشکیمان دەکرد. لە سەرەتادا د. خدر مەعسوم سەرپەرشتی دەکردین، دکتۆر خدر فێری ددانکێشانی کردین. ئەو کاتە لەبەر کەمخۆراکی و خراپیی باری تەندروستی، دەم و ددانی زۆر لە پێشمەرگەکان خراپ بووبوون و هیچ ئامێر یان پزیشکێکی ددانی لێ نەبوو تاکو بۆیان پڕ بکەنەوە و چارەسەری باشیان بۆ بکەن، تاکە ڕێگەچارەمان دەرهێنانی ددانە خراپەکان بوو.

دوای ماوەیەك دکتۆر شادمان مەستی گەیشتە لامان، پزیشکێکی لەخۆبوردوو و کۆمەڵەیەکی عەیارە ٢٤ی دڵسۆز بوو، خەسڵەتی ئەوروپی و کوردیی تێدا کۆببووبووەوە. بۆ هاوین، نەخۆشخانەکەمان گواستەوە بۆ تووژەڵە و هەندێك توانای دەرمانمان باشتر بوو، هاوکاریمان زیاتر بۆ دەهات کە لە ئێرانەوە دەرمانەکان کۆ کرابوونەوە، هەندێك پاکەت تەنیا چەند حەبێکی تێدا دەبوو. هەموو دەرمانەکانمان بە شێوەی جۆر و سوودەکانیان دابەش دەکرد و لە نێو سندوقی چەك کە وەك دۆڵاب بەکارمان دەهێنا، دامان دەنان. کارە سەرەکییەکانمان لە نەخۆشخانە؛ پێدانی دەرمانی ئازار و دژەهەوکردن و دەرزیلێدان و ددان دەرهێنان بوو، هەروەها چارەسەری برینداراەکانمان دەکرد. زۆربەی ئەو کادیرانەی لە ئەوروپاوە دەگەڕانەوە، لە لای ئێمە لە نەخۆشخانە کۆدەبوونەوە و کەشێکی گەرموگوڕی هەبوو لە ورووژاندنی باسە گەرمەکانی جیهان.

کارێکی گرنگی ترمان، پشکنینی گرووپی خوێن بوو بۆ پێشمەرگەکانی هەموو بارەگاکانی سەرکردایەتی و ئەو پێشمەرگانەی سەردانی سەرکردایەتیان دەکرد، تا هەر پێشمەرگەیە و گرووپی خوێنەکەی بزانێت بۆ کاتی پێویست. جگە لە ئیشی پزیشکی، کاری ڕێکخستینیشمان دەکرد؛ بەرپرسبووین لە شانەیەکی ڕێکخستنی کۆمەڵە لە ناوەندی کۆمەڵە. جارێکیان پێشمەرگەیەکی کۆمەڵە لە یەکێك لە دانیشتنەکانمان بەشدار بوو، هەروەها بە سەردان هاتبوو، دوایی ئەوەی گەڕاوە مەفرەزەکەی نامەیاکی بۆ ناردین و تێدا نووسیبووی کە هاتبووە سەرکردایەتی کۆمەڵە تا چەکەکی ڕادەست بکاتەوە و بچێ خۆی ڕادەست بە میری بکا، بەڵام کە ئێمەی بینیبوو، دوو کچی پێشمەرگەین، بەخۆی گوتووبوو کە شەرمە کچ خۆی بگرێ و ئەو خۆی ڕادەست بکاتەوە، بە خۆ و بە چەکەوە گەڕابووەوە نێو مەفرەزەکەی.

کارێکی دیکەی ئێمە بریتی بوو بڵاوکردنەوەی خوێندەواری، چەندین منداڵ و کچی دێهاتەکانیشمان فێری خوێندن و نووسین دەکرد، بەڵام ئەمە ڕۆژانە نەبوو، بەڵکوو بەپێی توانای هاتنیان بوو بۆ لامان، یان چوونی ئێمە بۆ لایان. لە پاڵ ئەو کارانەدا، دەستمان کرد بە هەڵمەتێکی ڕۆشنبیریی لەناو لادێکاندا، ئەوەبوو جارێکیان لەگەڵ نەرمینی خوشکم و بەیان دەچووینە گوندی شێنێ، هەڤاڵ مام جەلال لە سەربان بوو، بانگی کردین گوتی: "کچگەلینە دەچنە کوێ؟" پێمان گوت کە بۆچی دەچین، مام گوتی: "نەچن باسی مارکسیەت و ئیمپریالیەت و سەرمایەدارییان بۆ بکەن". جارێکیش لە سەردانێکدا بۆ گوندەکان، چووینە ماڵێك، زستان بوو، مانگاکەیان هەر لە ژوورەکەی خۆیاندا دەژیا، منیش بە ژنەکەم گوت: "دیوارێك دروست بکەن لەنێوان خۆتان و مانگاکەدا، لەبەر بڵاونەبوونەوەی نەخۆشی" ژنەکە گوتی: "پەح! وەڵڵا مانگاکەم لە خۆمان خۆشتر دەوێن" لەو ڕووداوە گرنگ و خۆشانەی بەسەرمدا هاتن لە نەخۆشخانە: لادێییەك دەهاتە نەخۆشخانەی ناوزەنگ، هەموو ڕۆژێك دەبوو دەرزیی دژەهەوکردنی لێ بدەین، بەهۆی ئەوەی زۆر لەناو بەفر مابووەوە، پەنجەی گەورەی قاچی تووشی سەرەتای گەنگرین بووبوو، پاش ماوەیەك ئازارێکی تر لە شانیدا پەیدا بوو، داوای دەکرد دوو دەرزی لێ بدەین. خۆمان

دەرمانمان کەم بوو و هەموو جۆرە دەرمانێکمان نەبوو، ئەویش بە یەك دەرزی ڕازی نەدەبوو، پێمان دەگوت ئەو دەرزییە بۆ هەموو هەوکردنەکی لەشت باشە و ئەو دەیگوت نەخێر، ئەو دەرزییە تەنیا بۆ ئەو قامکەمە و ئێوە لەبەر خاتری ئەو قامکەم ئەو دەرزیەم لێ دەدەن و دەرزییەکی تریشم دەوێت.

تازە چووبووینە تووژەڵە، لە شوێنێکی خراپی وشکانیی دۆڵی تووژەڵە خێمەیەکی کاتیی نەخۆشخانەمان دانابوو، خەریکی چاککردنی شوێنێکی باشتر بووین هەر لە تووژەڵە و نزیك کانییەك، هەموو پزیشکەکانی تر و بەیان خەریکی چاککردنی شوێنەکە بوون، من بە تەنیا لە نەخۆشخانە بووم، پێشمەرگەیەك هات و خرێنەی زۆر بەئازار بوو، دەبوو بۆی دەربهێنم. زۆر خەریکی بووم، زیاتر لە کاتژمێرێکم پێ چوو تا توانیم دەریبهێنم، بەڵام کێشە ئەوە بوو دوایی تووشی خوێنبەربوون بوو، بۆم ڕانەدەوەستا و هێندە دەرمانم بۆ لەسەر دانا تا خوێنبەربوونەکەی ڕابگرم، کاری لەسەر دڵی کرد و پێشمەرگەکە لەهۆش خۆی چوو. زۆر شڵەژام و بەتەنیاش بووم، بەهەرحاڵ توانیم بیخەمە سەر جێگە و بەئاگای بهێنمەوە. دوایی پێی گوتم کە پێشتر چووەتە سەردەشت و تیشکیان بۆ گرتووە و پێیان گوتووە دەبێ بچێتە تاران بە نەشتەرگەریی گەورە بۆی دەربهێنن، چونکە ڕەگەکانی ددانەکە زۆر قووڵن و خوارن. من زۆر تووڕە بووم، بەڵام ئەو زۆر دڵخۆش بوو، چونکە ماوەیەك بوو لەبەر ئازار سرەوتی نەبوو و پارەشیان بۆ خەرج نەکردبوو تا بچێتە تاران.

حاڵەتێکی تر کە تووشم هات، شەوێك هەڤاڵ دارۆ دەچێتە نێو چادرگەکەیان و دووپشکێك بە پشتەملیەوە دەدات، چادرەگەکەی ئێمە لەخوار چادرگەکەی ئەوانەوە بوو. هاواریان کرد کە دووپشك بە هەڤاڵ دارۆوەی داوە، خۆم پێشتر پێوەی دابووم، دەمزانی چەند بەئازارە. ئێمەش لە چادرەکەمان دەرزیی نۆڤالجینی دژەئازارمان هەبوو، زوو ئامادەم کرد و یەکسەر لە دەماری دەستیم دا. پرسیی: ئەوە چیت لێ دام؟ گوتم: "نۆڤالجین"، تومەز هەستیاریی بە نۆڤالجین هەیە. کەوت و خەریك بوو بێهۆش بێت، بەو شەوە بەبێ لایت ڕام کردە خوارەوەی دۆڵەکەی تووژەڵە کە نەخۆشخانە کاتییەکەمان لەوێ بوو و دکتۆر شادمان لەوێ دەخەوت. گوتم: "دکتۆر پێ ڕابگە وابزانم هەڤاڵ دارۆم کوشت، هەستیاریی بە

نۆڤالْجین هەیە و من بە دەمار لێم داوە"، هەتا بەیانی لەگەڵ دکتۆر شادمان نەنوستین، چونکە فشاری خوێنی زۆر دابەزیبوو. ئەوە یەکێك بوو لە شەوە هەرە ناخۆشەکانی ژیانم.

بەیان و من خەفارەتی چێشت لێنانمان نەدەکرد، بەهۆی ئەوەی هەموو ڕۆژ لە نەخۆشخانە دەوامان دەکرد. ڕۆژێکیان هەندێ گۆشتمان بۆ هات و مولازم عومەر لێی پرسین ئایا دەزانین کفتەی حەڵەب بکەین، ڕاستە بە تیۆری دەمانزانی چۆن دەکرێ، بەڵام بە کردەوە نەمان کردبوو، گوتمان دەیزانین. پێشمەرگەکان قیمەکەیان ئامادەکرد و برنجەکەمان خستە سەرئاگر، برنجە زۆر نەرموبڵ دەرچوو، خۆی نەدەگرت و نەمان توانی بیکەین بە کفتە. تا برنجەکە بەخەسار نەڕوا گوتمان با بیکەین بە شۆربا، هێندە زۆر بوو سێ ژەم شۆربامان لێخوارد، پێشمەرگەکان خوایان نەمابوو لە چاوەڕوان کفتەی حەڵەب شۆربای نەخۆشیان خوارد. لە بەهاری ١٩٨٠ سەفەرێکی تارانمان کرد، هەندێك دەرمان و دژەژەهری مار و دووپشك و هەندێك ئامێری بچووکمان بۆ نەخۆشخانەکە کڕی، لەو سەفەرەدا دکتۆر شادمانیشمان لەگەڵ بوو. لەگەڵ بەیان دوو پێڵاومان کڕی هەمان مۆدێل بوو ڕەنگی سەوزی عەسکەری و هەمان قیاسمان هەبوو، خۆمان دەماننناسییەوە کامە هی کامەمانە، هەندێ جار پێشمەرگەکان بە گاڵتە تاکێکی منیان لەگەڵ تاکێکی بەیانیان دەگۆڕیەوە بەڵام ئێمە دەمان ناسینەوە خۆمان نیشانەمان کردبوون، جارێکیان هەڤاڵ نەوشیروان لەسەر پێڵاوەکانی ئێمە ڕووداوێکی گێڕاوە کە ئێمە چۆن جیاوازییان دەکەین، گوتی تەقە دەبێت و ئەوان لە ژوورەوە لە بارەگا دانیشتون و هەریەك دەست دەداتە چەکەکەی و ڕادەکەنە دەرەوە، پێشمەرگەیەك پێڵاوی هەڤاڵ نەوشیروان لە پێدەکات و ڕادەکات و لە جێگای ئەوە کەوشەکانی خۆی بۆ هەڤاڵ نەوشیروان جێدێڵێ، پێی کاك نەوشیروان گەورە بووە و کەوشەکەی پێشمەرگەکەش سێ چوار ژمارە بچووکتر بووە.

لە ٢٠ی تشرینی یەکەمی ١٩٨٠، حکومەت بڕیاری گرتنی سەری مامەندەی دابوو، هێرشێکی گەورەی بۆ قەندیل هێنابوو. شەڕی مامەندە دەستی پێ کرد، دەوروبەری ناوزەنگ هەمووی گیرابوو، ئەگەری ئەوە هەبوو ناوزەنگیش بگیرێت، ئەگەر سەری مامەندە بگیرایە، خڕی ناوزەنگ بەئاسانی دەکەوتە بەردەستیان، بۆیە بڕیاری بەرگریی درا و

هێزەکانی ناوچەکە هەمووی بەشدار بوون یەکێك لە هەنگاوە ڕێچکەشکێن و بوێرانەکانمان، بەشداریی شەڕ بوو. لەو هێرشەی کرایە سەر سەری مامەندە. هەرچەندە ئێمە سەر بە بارەگای سەربازی لای مولازم عومەر بووین و دەبوو ڕێنمایی لەو وەربگرین، بەڵام هەڤاڵ عومەر لە شەڕدا بوو و دەممان نەدەگەیشتێ، هەڤاڵ فەرەیدونیش وەك ناوەندی کۆمەڵە ڕازی نەبوو ئێمە بەشداریی شەڕەکە بکەین، بۆیە چووینە لای هەڤاڵ نەوشیروان، داوامان کرد ڕێگەمان پێ بدات بەشداریی شەڕەکە بکەین. لە سەرەتادا ناڕازی بوو، بەڵام ئێمە پێداگرییمان کرد و ئەویش ڕێگەی پێ داین و گوتی: "بڕۆن با بکوژرێن" ئێمە تەنیا دەمانچەمان هەبوو، بەڵام هەڤاڵ نەوشیروان کلاشینکۆف و تەقەمەنی پێ داین و هەندێك خواردن و دەرمانمان خستە کۆڵەپشت و سەر مامەندە کەوتین، لە مامەندە چووینە لای هەڤاڵ ئاواتی شێخ جەناب تا ئەو ڕێنماییمان بکات. ئەو ڕۆژەی ئێمە گەیشتین، شەوەکەی حکومەت شکا و کشایەوە. هەندێك بریندار هەبوون، ئەوەی بۆمان کرا تیمارمان کردن. دوو شەهیدمان هەبوو، شەهید مستەفا و شەهید محەمەد خالید (کۆیی بوو). لەگەڵ ملازم عومەر و هێزەکەی بە شەو دابەزینەوە بەرەو زەڵێ. لە ڕێگە هەڤاڵ عومەر کۆبوونەوەیەکی بە پێشمەرگەکان کرد، ستایشی ئازایەتی پێشمەرگەکانی کرد کە چۆن بەرگرییەکی قارەمانانەیان کردووە، بەتایبەتییش ستایشی من و بەیانی کرد کە ئەوە یەکەم جارە لە شۆڕشی نوێدا کچ بەشداری شەڕ دەبێت. لە کتێبی "ڕۆژژمێری پێشمەرگەیەك" لە لاپەڕە ٣٧٦دا، محەمەدی حاجی مەحمود لە یادەوەرییەکانیدا باسی بەشداریی من و بەیان لە شەڕی مامەندەدا دەکات، کە چۆن ئەو نان و پەنیرەی پێمان بووە دابەشمان کردووە بەسەر پێشمەرگەکانیدا و بریندارەکانمان تیمار کردووە.

لە هاوینی ساڵی ١٩٨٠، کەناڵی سێی تەلەفزیۆنی فەرەنسی گەیشتە ناوزەنگ، هەڤاڵ ئەحمەد بامەڕنی، نوێنەری یەکێتی لە فەرەنسا لەگەڵیان بوو. ڕۆژنامەنووسەکان چەند ڕۆژێك مانەوە، هەر لەو کاتەدا حکومەت بە فڕۆکە بۆردوومانی ناوچە ئازادکراوەکانی دەکرد. دوای ئەوەی ڕۆژنامەنووسەکان گەڕانەوە، هەڤاڵ ئەحمەد بامەڕنی مایەوە، کە لەگەڵ هەڤاڵ نەوشیروان باسی ڕێکخراوی پزیشکانی بێسنووریان کردبوو، ئەوان بیر لەوە

دەگەنەوە من و بەیان بنێرن بۆ لای پزیشکانی بێسنوور بۆ فێربوونی فریاگوزاریی پزیشکی. من لە قۆناغی پێنجەمی کۆلێژی پزیشکی ڤێتێرنەری بووم و بەیان قۆناغی چوارەمی کۆلێجی پزیشکی بوو. ئیتر ئەحمەد بامەڕنی کەوتە هەوڵدان و هەستیشمان دەکرد برادەرانی سەرکردایەتی هەوڵی دوورخستنەوەمان دەدەن بەهەر شێوەیەك بێت، وەك بەرپرسیارێتییەك بەلایانەوە قورس بوو دوو کچ بە تەنها لە نێو پێشمەرگەدا بن.

بۆ مەبەستی وێنەگرتن، هەڤاڵ ئەحمەد بامەڕنی و من و دکتۆر بەیان و هەڤاڵ نەبەز بە گوند ئازادەکاندا دەگەڕاین تا وێنەی کۆمەڵایەتی بگرین، ژنانی ئەو ناوچەیە ڕازی نەدەبوون پیاو وێنەیان بگرن. دوای گەڕانەوەی ئەحمەد، ئەو وێنانە لەگەڵ هاوڕێیانی فەرەنسا چاپیان کردن و بوونە کەرەستەی پێشانگەیەك کە بۆ ناساندنی کوردستان و خەباتی ی.ن.ك ئامادە کرابوو. دوای گەڕانەوەی هەڤاڵ ئەحمەد بامەڕنی بۆ فەرەنسا، بەشداری و ڕاهێنانمانی لەگەڵ پزیشکانی بێسنووری فەرەنسی ڕێکخستبوو، کە بۆ ماوەی شەش مانگ ڕاهێنانیان لەلا بکەین و هەر ئەوانیش تێچووی گەشتەکەیان هەلگرتبوو، ئیتر بەرەو ئێران بەڕێکەوتین بۆ وەرگرتنی (لیسەپاس) بۆ پەڕینەوەمان بۆ سوریا.

لە ئێران ماوەیەکی باش ماینەوە و زۆریش بێ پارە بووین، بڕیارماندا کارێك بکەین. ڕۆژێك لەسەر شەقام لە کتێبفرۆشێکمان پرسی: دەتوانین ئێمەش کتێب بفرۆشین؟ وتی: "لە خاوەنی کتێبخانەکەم دەپرسم"، بۆ بەیانی، گەڕاینەوە بۆ لای و گوتی: "دەتوانن"، ئیتر کەوتینە کتێب فرۆشتن لەسەر شەقام. هەرچەندە نوێنەرانی ی.ن.ك لە تاران پێیان قورس بوو، بەڵام بێ پارەیی ئەو بڕیارەی پێ داین. لە بێ پارەییدا بەیانیان تەنیا یەك قاوەمان دەخواردەوە، بۆ ئەوەی پارەکە بەشمان بکات. لەگەڵ ئەوەش، ئەوەی پەیدامان کرد لە کتێب فرۆشتنەکە، دامان بە ماڵێکی کورد لە هەمان ئوتێل، لەبەر ئەوەی باری دارایییان لە ئێمە خراپتر بوو و دوو منداڵیان پێ بوو. لیسەپاسمان وەرگرت و دەرچووین بەرەو سوریا، لە سوریا پاسپۆرتی سوری و ڤیزەی فەرەنسیمان وەرگرت و دەرچووین بەرەو پاریس.

لەوێ لە چەند نەخۆشخانەیەك دەستمان كرد بە ڕاهێنان. لەو ماوەیەشدا دوو گەشتمان كرد، یەكێكیان بۆ ئیتاڵیا بۆ مەبەستی بانگەشەی شۆڕش و كۆكردنەوەی كۆمەك بۆ شۆڕش. گەشتی دووەمیش، بۆ نەمسا بوو، بۆ بەشداری لە كۆنگرەی ئەكسا. مانەوەمان شەش مانگی خایاند و گەڕاینەوە بەرەو سوریا بەمەبەستی گەڕانەوەمان بۆ ئێران و لەوێشەوە بۆ ناو شۆڕش، بەڵام ئەوكات پەیوەندیی ی.ن.ك و ئێران تێك چووبوو، بواریان نەداین بچینە ناو ئێرانەوە. بۆ ئەوەی ئەو ماوەیەی لە سوریا بووین كاتەكەمان بەفیڕۆ نەڕوات؛ لە ساڵی خوێندنی تازەدا داوامان كرد لە زانكۆكانی ئەوێ خوێندنەكەمان تەواو بكەین، ئیتر هەردووكمان (من و بەیان) وەرگیراینەوە لە قۆناغەكانی خۆمان، من لە شاری (حەما) و بەیانیش لە (شام). دوای تەواوكردنی زانكۆ، لە بەشی ڕاگەیاندنی نووسینگەی ی.ن.ك لە شام دەستبەكار بووم، هاوكار بووم لە دەركردنی بڵاوكراوەكانی ی.ن.ك و خولێكی چاپەمەنیشم بینی. بەهۆی ئەوەی لە ماڵی هەڤاڵ دارۆ بووین، كە نوێنەری ی.ن.ك بوو لە سوریا، پەیوەندیمان بە هێزە سیاسییە كوردستانییەكانەوە زۆر بوو، میوانێكی زۆر لە برادەران و بریندارەكان ڕوویان لەوێ دەكرد، هەروەها ئەو نامانەی بە جفرە بۆ هەڤاڵ دارۆ دەهات، حەلمان دەكردن.

كاتێك گفتوگۆ لەنێوان ی.ن.ك و ڕژێمی سەدام لە كۆتایی ١٩٨٣ دەستی پێ كرد، لە كاتی گفتوگۆكە، دەسەڵاتی سووری نەیدەهێشت ئێمە لە سووریا بمێنینەوە، چونكە وەك ئۆپۆزسیۆن نەدەماین، هەروەها خۆشمان لایەنگری ئەو گفتوگۆیە نەبووین، بۆیە بڕیارمان دا سووریا بەجێ بهێڵین، ئەوەبوو ڕەزامەندی پەناهەندەییمان لە سوید و فەڕەنسا وەرگرت، من چووم بۆ فەرەنسا و لەگەڵ هەڤاڵ ئەحمەد بامەڕنی ژیانی هاوسەرگیریم پێكهێنا.

لە فەرەنسا دیسانەوە بۆ بەراوردكردنی بڕوانامەكەم دەستم كردەوە بە خوێندن و لە قۆناغی سێیەمی ڤێترینەری وەریانگرتم. لە ساڵی ١٩٨٧ لە زانكۆ دەرچووم و لە چەند كلینكێكی شەوانە كارم دەكرد. دوای تەواوكردنی زانكۆ، بەردەوام بووم لە خوێندن بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامەی دكتۆرا. لەو كاتەشدا كە خوێندكار بووم، هەڤاڵ مام جەلال بڕیاری گەڕانەوەی هاوسەرەكەمی دا بۆ كوردستان، ئیتر تەنیا مامەوە بە دوو منداڵەوە،

جگە لە خوێندن و کارکردن بۆ بژێوی، کاری سیاسیشم دەکرد. ئەو ئەرکانە، لە ئەوروپا کارێکی ئاسان نییە، هەر بۆیە بەناچاری وازم لە خوێندن هێنا بۆ کارەکەم تا ساڵی ١٩٩٤ هەڤاڵ ئەحمەد لە کوردستان گەڕایەوە.

جارێکی دیکە دەستم کردەوە بە خوێندن و لە ١٩٩٧ دکتۆرام بەدەست هێنا. بەهۆی ئەوەی هاوسەرەکەم نوێنەری ی.ن.ك بوو لە فەرەنسا، زۆربەی ئەو کەسانەی دەهاتنە فەرەنسا لە ماڵی ئێمە میوان دەبوون. لە ساڵی ١٩٨٦ ماوەیەك هەڤاڵ نەوشیروان لامان بوو، لە فەرەنسا داوای پەناهەندەیی کردبوو، تا بۆی دەرچوو، ئینجا گەڕایەوە وڵات. دوای ڕاپەڕین کاتی سەردانمان بۆ کوردستان، لە هەر شوێنێك منی ببینیایە بە دەوروبەرەکەی دەوت: "من قەرزاری نازەنینم، زۆری خزمەت کردووم".

لەوێ جگە لە هەندێك سەرکردە، بریندار و نەخۆشیش ڕوویان تێ دەکردین، بۆ نموونە ڕێکخراوی زنجیرەی هیوا، ئەو نەخۆشانەی دەهێنا کە لە کوردستان چارەسەریان نەبوو، کچێکی حەوت ساڵانەیان هێنا، نەخۆشیی دڵی هەبوو، ماوەی شەش مانگ لامان مایەوە. کچێکی تر قاچی بڕدرابووەوە و کێشەی قاچە بڕاوەکەی هەبوو، ئەویش ماوەیەکی باش مایەوە، ئیتر بەم شێوەیە. هەروەها بەهۆی پەیوەندیی ی.ن.ك لەگەڵ پارتی سۆشیالیستی فەرەنسی و پزیشکانی بێسنوور، هەندێك زەمالەمان بۆ خوێندکاران وەردەگرت و هەندێك بریندار لە نەخۆشخانەکانی فەرەنسا چارەسەر دەکران، ئێمەش هەم وەك خێزان و هەم وەك نوێنەرایەتیش لە خزمەتیاندا بووین، جگە لەو کەسانەی بە مەبەستی پەنابەری دەهاتن لەسەرتا لەلامان دامانەوە تا ئیشوکاریان تەواو دەبوو یان بەرەو وڵاتێکی تر دەچون.

دوای ئەنفالی بادینان، زۆر لە دانیشتوانی ئەو ناوچانە ڕوویان لە کەمپەکانی سلۆپی و دیاربەکر کردبوو، مەدام میتران ژمارەیەکی زۆری لەو خێزانانە هێنایە فەرەنسا و بۆ ماوەی چەند مانگێك لە کەمپێکی سەربازی لە نزیك کلێرمەنفیرۆن مانەوە تا بڵاوەی پێ کردن و لە شارەکان نیشتەجێ بوون. ئەو ماوەیەی کە لە کەمپەکە بوون، وەك خۆبەخش هاتوچۆی

نەخۆشخانەکانم پێ دەکردن و لە لای پزیشکەکان وەرگێڕانم بۆ دەکردن، بەتایبەتی کە من شارەزاییم لە زمانی بادینی و زمانی پزیشکە فەڕەنسییەکاندا هەبوو.

لە کۆتایی ١٩٩٠، لەبەر باری ئەمنی، هەڤاڵ مام جەلال لە ماڵی ئێمە لە پاریس مایەوە، شووقەکەمان تازە گرتبوو، کەس شارەزای نەبوو، بۆ یەکەم جاریش ژیلەی کچم ژوورێکی بچووکی هەبوو، ئەو ژوورەمان دا بە هەڤاڵ مام جەلال. هەڤاڵ مام جەلال ژیلەی تووڕە دەکرد و بە فەرەنسی پێی دەوت: "ئەو ژووره هیی منه"، ژیلەش دەگریا و دەیوت: "نەخێر، هیی منه".

دوای راپەڕین، سەردانێکی کوردستانمان کرد، ئەوکات هەڤاڵ ئەحمەد لە کوردستان دەژیا، ڕۆژێك لای مام جەلال داوەتی خواردن بووین لە قەلاچوالان، ژیلە ماڵەکەی مام جەلالی بینی و پێشتریش لە هەولێر ماڵەکەی بینیبوو و گوتی: "مام جەلال ئەو هەموو ماڵه گەورانەی هەیە، تەماحی لە ژوورەکەی من کردووە"، ئیتر مام لە هەموو شوێنێك ئەو قسەیەی ژیلەی بۆ خەڵك باس دەکرد، زۆری پێ خۆش بوو، کە ژیلەش گەورە بوو، هەر وازی لێ نەدەهێنا.

لە ساڵی ١٩٩١، لە کاتی کۆڕەوەکە، ڕەوەندی کوردی لە فەرەنسا، بڕیاری مانگرتنی خواردنیان دا لە بەردەم کەنیسەی نۆتردام. پۆلیس ڕێگەی نەدەداین، هەستاین من و دوو برادەر چووین بۆ لای (مەدام میتران)، ئەو ڕۆژە کۆبوونەوەیەکی گشتیی هەبوو لە فرانس لیبەرتێ، چووین و بینیمان، داوامان لێ کرد کە هاوکارمان بێت بۆ وەرگرتنی مۆڵەت لای پۆلیس، مەدام میتران وتی: "مانگرتن خەباتێکی بێدەسەڵاتانەیە، بڕۆن کاری گەورەتر بکەن!"، کە گەڕاینەوە بۆ لای خۆپیشاندەران، گوتمان مەدام میتران دەڵێت کاری گەورەتر بکەن، بابچین پەلاماری باڵیۆزخانە نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بدەین، ئیتر کەوتینە چالاکیی جۆراوجۆر و مانگرتنەکەش بەردەوام بوو. هەرچی چالاکیی سیاسیی

تریش هەبوو، وەك خۆپیشاندان، ئەم شار و ئەو شار، ئەم وڵات و ئەو وڵاتمان دەكرد بۆ بەشداریكردن، جا چ بۆ كوردستانی باشوور بووبێت، چ بۆ بەشەكانی تری كوردستان[٥١].

[٥١]– چاوپێكەوتن لەگەڵ د. نازەنین عوسمان، ٢٠٢٣/٣/١٨.

# ناسیح فاتیح عوسمان (دکتۆر ناسیح قەرەداغی)

ساڵی ١٩٦٠ گوندی شیوی قازی قەزای قەرەداغ لەدایکبووم، قۆناغەکانی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەییم شاری سلێمانی تەواوکردووە، لە زانکۆی سلێمانی و زانکۆی بەغداد کۆلێژی پزیشکیم تەواوکردووە، ساڵی ١٩٨٦ سەربازیم بەجێ هێشتووە و چوومەتە ناوچە ئازادەکانی قەرەداغ و پەیوەندیم کردوو بە نەخۆشخانەی مەڵبەندی یەکەوە و هەر لەوێ ماومەتەوە تا ئەنفال و چۆڵکردنی قەرەداغ و گەرمیان و کشانەوە بۆ سەرسنوورەکان.

لە ساڵی ١٩٨٠ کاری وەرگێڕانی پەرتووك و چیرۆکم لە زمانی ئینگلیزییەوە کردووە، بابەتم بۆ بڵاوکراوەکانی: (کاروان، ڕۆشنبیری نوێ و بەیان) نووسیوە، تا ئێستاش لە بواری خۆمدا سەرقاڵی توێژینەوەی زانستیم، لە ڕووی سیاسیی و کاری ڕێکخستنەوە من بەشدارییم کردووە نەویستوومە ئەو کارانە بکەم، دۆخێك و سەردەمێك ئێمەی ناچار کرد خزمەتی شۆڕش و میللەتەکەمان بکەین.

نەخۆشخانەی مەڵبەندی یەك تەنها نەخۆشخانە بووە لە ناوچەی دەسەڵاتی مەڵبەندی یەکدا و خزمەتی هاووڵاتییان و پێشمەرگەی کردووە بەهەموو لایەنەکانەوە، هەر لە بناری شارەزوورەوە تا دۆڵی قەرەداغ و بازیان و پانتایی گەرمیان.

لە نەخۆشخانەکە چارەسەری خەڵك و پێشمەرگەمان کردووە لە کاتی جەولە و شەڕەکاندا بەشداربووین، وەك لە شەڕی بورجەکە و شەری ئازادکرنی قەرەداغ، ئەنفالی قەرەداغ و گەرمیان، بە درێژایی ڕێگای کشانەوە بۆ قەندیل و پاش کشانەوە لە سەقز و دزڵی و مەریوان.

لە ئەنفالدا لە قاسمەڕەش کۆبووەنەوەیەکمان لەگەڵ هەڤاڵ مام جەلال ئەنجامدا، لەوێ پێی گوتین: "ئێوە سیانزە سوارەی مەریوانن"، مەبەستی تەنها پزیشکانی شۆڕش بوو، کە وەکو پزیشك ١٣ کەس بووین، دەمەوێت ئەوەش بڵێم ئێمە ژمارەیەکی زۆری کارمەندی تەندروستیمان هەبوو کە هیچ کات ڕۆڵیان لە پزیشکان کەمتر نەبوو.

ئێمە بە چەند ڕێگایەك دەرمانمان بەدەست دەگەیشت، لەوانە دەستکەوتی شەڕەکانی پێشمەرگە بۆ نموونە ئازادکردنی قەرەداغ (دەرمانێکی زۆر و ئەمبولانسێك)، لەگەڵ سەردانی خۆمان بۆ نەخۆشخانەی مەڵبەندی دوو لە بەرگەڵوو، هەروەها خۆم ساڵی ١٩٨٧ لەوێوە بە کۆڵی گوێدرێژ بارە دەرمانم هێناوەتەوە بۆ بەلەکجاڕ، هەندێکیش دەکڕدرا یان لە ڕێگەی ڕێکخستنەکانەوە دەگەیشت، نەخۆشخانەمان پزیشك و کارمەندی پزیشکی و کارمەندی کارگێڕی هەبوو، هەندێ لە تیپەکان کارمەندی پزیشکی و کەسی ڕاهێنراویان هەبوو.

ساڵی ١٩٨٨ لە بۆردومانی کیمیایی نەخۆشخانەی بەلەکجاڕ، من و کارمەندەکانی تر کە کاتی بۆردومانەکە لە نەخۆشخانە بووین بە کیمیایی برینداربووین (گازە بلۆقێنەرەکان وەك خەردەل). لە کاتی کشانەوەی ئەنفالدا مانگی ١٩٨٨/٤ نیشانەکانی بەردی گورچیلەم لێ دەرکەوت ئازار و سەختییەکەی زۆرم چەشت تا گەیشتینە مەڵبەندی سێ، لەوێ بە پشوودان باش بووم، دواتر هاوینی ١٩٨٨ لە تەبرێز نەشتەرگەریم بۆ کرا.

من لە ناوچەی دزڵی و مەریوان بووم لەگەڵ مەڵبەندی یەك تا کۆتایی ١٩٩٠، لە ڕاپەڕین نەگەڕامەوە بۆ کوردستان بەڵکوو لە ئێران وەك پزیشك دامەزرام و ساڵی ١٩٩١ هاوسەرگیریم پێکهێناوە و لە مازەندەران تا ١٩٩٦ کارم کردووە، کە گەڕامەوە ماوەیەك لە تەندروستی سلێمانی و لە منداڵپارێزی کوردستان کارم کردووە و پاشان ساڵی ١٩٩٩ - ٢٠٠٥

لە هەولێر ژیاوم و لە لە ڕێکخراوی مرۆییە نێودەوڵەتییەکاندا کارم کردووە، ٢٠٠٥ - ٢٠١٠ لە زانکۆی سلێمانی و ٢٠١٠ - ٢٠١٥ زانکۆی پۆلی تەکنیکی سلێمانی و ٢٠١٦ - ٢٠١٧ دەستەی کوردستانی بۆ دیراساتی ستراتیژی مامۆستا بووم، ساڵی ٢٠١٧ هاتوومەتە کەنەدا و ئێستاش لێرەم و بە وانەوتنەوە و کاری توێژینەوە لە گەڵ چەند زانکۆییەکی بەریتانیا و کەنەدا ژیان بەسەر دەبەم، هەروەها لە زانکۆی نۆتینگهامی بەریتانیا دکتۆرام تەواوکردووە[٥٢].

[٥٢]– چاوپێکەوتن لەگەڵ ناسیح فاتیح عوسمان (د. ناسیح قەرەداغی)، ٣١/٧/ ٢٠٢٢ و ٢٠٢٢/٨/٦.

# نەبەز مەحموود عەبدولڕەحمان (دکتۆر نەبەز)

لە ساڵی ١٩٥٨ لە هەڵەبجەی شەهید لە دایکبووە، قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی لە هەڵەبجە تەواوکردووە، دواتر لە شاری بەغداد خوێندنی تەواوکردووە، ساڵی ١٩٧٩ پەیوەندی بە ڕیزەکانی پێشمەرگەوە کردووە.

# نەجات محەممەد فەرەج (دکتۆر نەجات)

لە ساڵی ١٩٥٥ لە گەڕەکی مەڵکەندی شاری سلێمانی لە دایکبووە، قۆناغی سەرەتایی و ناوەندی لە شاری سلێمانی تەواکردووە، دواتر بەشی ئامادەیی پیشەسازی تەواوکردووە، لە ساڵی ١٩٧٥ پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە کردووە، لە ساڵی ١٩٧٨ و لە شەڕی هەکاریدا کە ژمارەیەکی زۆری پێشمەرگەی ی.ن.ك شەهیدکران، سەرکردایەتی داوای لە بەرپرسی ڕێکخستنەکانی شارەکان کرد داوا لە ئەندامانی ڕێکخستن بکەن بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی ڕیزەکانی پێشمەرگە بچنە دەرەوە و ببن بە پێشمەرگە، دکتۆر نەجات یەکێك بوو لەو کەسانەی کە لەو کاتەوە بووە بە پێشمەرگە.

لە شاخ لە سەرکردایەتی بۆ ماوەی شەش مانگ لە ناوزەنگ خولی پزیشکی بینیوە، هۆکاری ئەوەش ئەوە بووە ئەو کاتە خولێکی پزیشکی بۆ چەند پێشمەرگەیەکی خاوەن بڕوانامە کرایەوە تا لە ڕووی پزیشکییەوە خزمەتی شۆڕش بکەن، دوای تەواوکردی خولەکە دکتۆر نەجات وەکو ڕابەری سیاسی گەڕاوەتەوە ناو ڕیزەکانی پێشمەرگە بۆ سنووری هەرێمی پێنج، کە هەڤاڵ سیروان تاڵەبانی لێپرسراوی هەرێمەکە بووە، لەو سنوورە چەندین کاری تەندروستی و برینپێچی ئەنجام داوە و خزمەتی کردووە.

لە ١٩٧٩/٦/١٣ هەواڵ نەخۆش کەوتنی ژنێکی گوندنشینی بەساڵاچووی پێ دەدەن و داوای لێ دەکەن بچێت چارەسەری بکات، ئەویش ئامادەیی دەردەبڕێت، دواتر لەلایەن چەند هەڤاڵێکییەوە ئاگادار دەکرێت کە ڕێگای ئەو گوندە مەترسیدارە و کاتەکە لەبار نییە، لە وەڵامی ئەو ئاگادارکردنەوەیەدا دکتۆر نەجات دەڵێت: "جا عەیب نییە پیاو بترسێت!" ئیدی لە سێوسێنانەوە لەگەڵ سێ پێشمەرگەی دیکەدا بەرەو گوندەکە دەکەونە ڕێ، لە ڕێگا تووشی شەڕێك دەبن و ئەو ڕۆژە لە کاتژمێر یەکی پاش نیوەڕۆوە تا کاتژمێر پێنجی ئێوارەکەی بەرگری دەکەن تا ئەو کاتەی فیشەکیان لێ دەبڕێت، دوو لە پێشمەرگەکان بە سەختی بریندار دەبن، دوای ئەوەی کە فیشەکیان لێ دەبڕێت نایانەوێت خۆیان ڕادەست

بکەن، چونکە ئەوکاتە کۆمەڵە وا ڕێکخستن و پێشمەرگەی پەروەردە کردبوو کە خۆیان ڕادەستی دوژمن نەکەن و تا دوا دڵۆپی خوێن بەرگری بکەن و لە کۆتاییدا بە هەر ڕێگایەك بێت خۆیان ڕزگار بکەن، ئیدی لەوێ شەهید دەبن[٥٣].

[٥٣]- لە بەڕێز جەمال فەتاح ڕەشید وەرگیراوە، ٢٠٢٣/٢/٤.

# نەجمەدین عەبدوڵڵا نیاز (دکتۆر ئاراس مەندەلاوی)

ساڵی ١٩٥٩ لە مەندەلی لە دایکبووم، قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەییم لە مەندەلی تەواوکردووە، دواتر ساڵی ١٩٨٣ کۆلێژی پزیشکی ڤێتێرنەریم تەواوکردووە، پێشتر برایەکم لە ساڵی ١٩٧٥ پێشمەرگە بوو، کە زانکۆم تەواوکرد ڕاستەوخۆ بووم بە پێشمەرگە و چوومە تیپی ٥١، دواتر لە کاتی دانوستانەکە چوومە تیپی ٤٧ی پیرەمەگروون.

کاتی چوونە دەرەوەی من کاتی دانوستان بوو، دوای دانوستان بەشداری شەڕەکانی داستانی ڕزگاری و قەیوان ماوەتم کردووە، هەروەها بەشداری چالاکییەکانی ناو شارم کردووە، کادیرانی پزیشکی زۆرینەمان تاکو ساڵی ١٩٨٤ لەگەڵ تیپەکان بووین و لە جەولەکاندا بەشدار دەبووین، دوای دانوستان بارەگا و بنکە دروست کرا، بنکەی مالوومە یەکێك بوو سەر مەڵبەندی دوو بوو هەڤاڵ فادری حاجی عەلی لێپرسراوی مەڵبەند بوو، لەوێ وەکو پزیشك چارەسەری پێشمەرگەی بریندار و هاوکاری گوندنشینانم کردووە.

لە مالوومە من و دکتۆر شێرکۆ پێکەوە بووین، ڕۆژێك هەڤاڵ مستەفا چاوڕەش بریندار بووبوو، لەوێ چارەسەرمان کرد، بەبەردەوامی پێشمەرگەی بریندارمان بۆ دەهات، هەندێکجار پێشمەرگە مینی پێدا دەتەقی ئێمە چارەسەرمان دەکرد، نزیکەی دوو ساڵ لەوێ مامەوە، لە ڕێگەی ڕێکخستنەکانی شارەوە بۆمان دەهات، لە دوای دانوستانیش هەندێکجاریش لە نەخۆشخانەی ناوەندی بەرگەلۆوەوە بۆمان دەهات.

تیپی ٤٧ی پیرەمەگروون لە گوندی گاپیلۆن بوو، هەڤاڵ شۆڕش ئیسماعیل سەرتیپ بوو، شەوێك بڕیار بوو دەست بگرین بەسەر مەعەسکەر سەلامدا، هێزی تیپی ٤٧ی هێرشمان کردە سەر مەعەسکەرەکە، بەڵام کەوتینە کەمینەوە هەشت شەهیدماندا لەوانە هەڤاڵ هێمنە ڕەش کە جێگری تیپ بوو، دوو برینداریشمان هەبوو لەوانە هەڤاڵ عومەر عەرەب، لەوێ من تەداویم بۆ کردن، پارچەی گوللە ئارپیجی بەرپشتیان کەوتبوو، هەم بریندارکردبوون هەم پشتیانی سووتاندبوو، دۆخی ئەم دووانە دوای تەداوی چاکبوونەوە.

ڕۆژێکی دیکە بڕیاردرا بە مەفرەزە بچینە ناو شاری سلێمانی و هێرش بکەینە سەر ماڵی چەند بەرپرسێك، لەوانە ماڵی پارێزگار، پێش گەیشتنە ناوشار کەوتینە کەمینەوە هەڤاڵ سلاح سەقزی برینداربوو، گوللە بەر پشتی کەوت، تەداویمان بۆ کرد، لە تیپەکە دکتۆر شێرکۆم لەگەڵ بوو، دواتر دکتۆر عەلی هات دواتر لە داستانی ڕزگاری شەهید بوو، لە تیپی ٢٣ی سورداش دکتۆر ئاسۆمان هەبوو دواتر شەهید بوو، لە داستانی ڕزگاری من چوومە لای تیپی ٥٣ی شێروانە، لە شەڕی دابان‌دا لە گوندی هەڵەدن بنکەیەکمان دانا، بۆ چارەسەرکردنی بریندارەکان، پێشمەرگەیەکی تیپی ٥٣ی شێروانە فیشەك لە ملیدابوو، ناوی هەڤاڵ ئیسماعیل بوو فەرماندەی مەفرەزە بوو، پاش هەندێك چارەسەر شەهید بوو، هەروەها چارەسەری بریندارانی حکومەتیشمان دەکرد دوای چارەسەرکردنی برینەکانیان ڕادەستی حکومەت دەکرانەوە.

لە ١٩٨٧/٤/١٧ لە گوندی قزلەر بە کیمیایی تۆپباران کرا دوو پێشمەرگەمان شەهید بوون، چەند بریندارێکمان هەبوو ڕەوانەی ئێران کران، خۆم بە سووکی بریندار بووم، پاش چارەسەرێکی کەم چاکبوومەوە، هەر بریندارێکیش برینەکەی سەخت بووایە دەمان نارد بۆ نەخۆشخانەی ناوەندی لە بەرگەڵوو، لە دوای ئەنفال چووینە ئێران و من لەوێوە چوومە ئیلام بۆ لای خزمەکانم، لە ڕاپەڕین گەڕاینەوە، لە ساڵی ١٩٩٣ چووم بۆ ئەوروپا و گەیشتمە وڵاتی سوید، لە ساڵی ١٩٨٩ لە ئێران هاوسەرگیریم کردووە[٥٤].

---

[٥٤]– چاوپێکەوتن لەگەڵ د. نەجمەدین عەبدوڵلا نیاز، (د. ئاراس مەندەلاوی)، ٢٠٢٢/١١/٢٩.

## نەریمان حەوێز حەمەد (دکتۆر نەریمان)

ساڵی ١٩٥٧ لە کۆیە لە دایکبووم، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەییم لە کۆیە تەواوکردووە، ساڵی ١٩٧٥ لە کۆلێژی ڤێپێرنەری زانکۆی موسڵ وەرگیرام، ساڵی ١٩٧٦ پەیوەندیم بە کۆمەڵەی خوێندکاران و کۆمەڵەوە کردووە، لە ساڵی ١٩٧٨ بووم بە ئەندامی لیژنەی باڵا و بەرپرسی هێڵی خوێندکارانی کچان لە زانکۆی موسڵ، ڕێکەوت عوسمان بەگ لێپرسراومان بوو لە موسڵ لەژێر ترس و هەڕەشەی زۆر کارەکانمان ئەنجام دەدا، سەدان ئەنداممان هێنایە ڕیزەکانی ڕێکخستنەوە، لەوانە هەڤاڵان: جەبار یاوەر، شۆڕش حاجی، نازەنین عوسمان، هەژار کانی مارانی و بەیان محەمەد، زۆر بە سەختی بڵاوکراوە و نووسراو و نامیلکەکانی ڕێکخستنمان لە هەولێر و سلێمانی دەگەیاندە موسڵ.

لیژنەی باڵا هەر یەکە خەڵکی شارێك و لە کۆلێژی جیاواز بووین، بۆیە زۆر بە ئەستەم کۆبوونەوەکانمان ئەنجام دەدا، لە ترسی چاودێری وردی ڕژێم و کوردە سیخوڕەکان ساڵی ١٩٧٩ لە سیخوڕی کەسانی ناپاك هێرش کرایە سەر بەشی ناوخۆیی کچان، لە کۆلێژی پزیشکی لە دۆڵابێکدا هەندێك بڵاوکراوەی ی.ن.ك دەستی بەسەردا گیرا و هەڤاڵ نازەنین عوسمان لە بەشی پزیشکی ڤێتێرنەری و هەڤاڵ بەیان محەمەد لە کۆلێژی پزیشکی دەستگیرکران و بە چاو بەستراوی ڕەوانەی ئەمنی موسڵ کران. دوای ١٢ کاتژمێر لێکۆڵینەوەی ورد و پرسیار دەربارەی نووسراوەکان و ناوی کەسانی ڕێکخراو، دانیان بە هیچدا نەنا، گوتیان ئەو کاغەزانەمان دۆزیوەتەوە، بەهەمان شێوە و بە چاو بەستراوی هێنایانەوە بۆ بەشی ناوخۆیی و ئاگاداریان کردبوون، دووربکەونەوە لەو جۆرە نووسراوانە.

ئاگادارکردنەوەکە کاتی و بەمەبەست بوو، بۆ زانین و ئاشکراکردنی ئەندامانی بەرپرس، ئەو ڕۆژە هاتنەوە کۆلێژ و هەڤاڵ نازەنین پێی گوتم زوو فریامان بکەون ئەوە فێڵە، بەپەلە پەیوەندیمان بە سلێمانی و هەولێر کرد، دوای دوو کاتژمێر هەڤاڵ کۆسرەت بە ئۆتۆمبێلێکی تاکسی و دوو ناسنامەی ساختەوە بۆ کچەکان گەیشتە موسڵ و بە پلاندانانی هەڤاڵ کۆسرەت بەوەی کە کچەکان بە دوای دەوام و ئاگادارکردنیان لە نەخشەی

پلانەکە بە ئارامی بچنەوە بەشی ناوخۆیی خۆیان، کچەکان بە جلوبەرگی شارستانی و بە نهێنی چوونە لای دەرگای دواوەی بەشی ناوخۆیی، لەوێ هەڤاڵ کۆسرەت چاوەڕێ بوو بردنی بۆ هەولێر، دوای ئەوە بە نیو کاتژمێر دوو ئۆتۆمبێلی ئەمنی موسڵ هەڵیانکوتایە سەر بەشی ناوخۆیی کچان و چوونە ژوورەوە بۆ دەستگیرکردنەوەیان، کە زانیان نەماون دوای پشکنین لە بەشی ناوخۆیی و زانکۆ کارمەندانی ئەمنی موسڵ هەر هەموو لابران و سزادران.

بە پێی نەخشەی هەڤاڵ کۆسرەت و سەرکردایەتی ناوخۆ من کە پۆلی پێنجی دوا قۆناغ بووم، بەرپرسی هێڵی کچان بووم، شۆڕش حاجی و هەژار کانی مارانی کە ئەو ڕۆژە لە پەیوەندی بەردەوام بووین لەگەڵ هەڤاڵانی کچدا ناچارکراین بەپەلە ڕابکەین، هەڤاڵ کۆسرەت جلی کوردی و ناسنامەی ساختەی بۆ ئێمە هێنابوو، ئێمە چووینە هەولێر و لە ماڵێکی ئامادەکراوی سەر بە ڕێکخستنەکانی هەولێر یەکمان گرتەوە، دوای سێ ڕۆژ بە هەمان شێوە ئێمەیان بردە کەرکووک ماڵی خوشکەزایەکی هەڤاڵ ئەبوشەهاب دوای سێ ڕۆژ بردیانین بۆ سلێمانی بۆ ماڵی ئەندامێکی ڕێکخستن و دوای پێنج ڕۆژ بردیانین بۆ قەڵادزێ بە هیمەتی جاشە سیخوڕەکانی ڕێکخستن لە بەستەستێن بەڕێ کراین بۆ ناوزەنگ.

بۆ مێژوو لەم پرۆسە مەترسیدارە هەڤاڵ کۆسرەت ڕەسووڵ و دکتۆر خەسرەو خاڵ، هەلۆ ئەحەسمێڵ، فەرهاد قەڵەو و حاجی مەمۆ زۆرر ماندووبوون، لە ١٩٧٩/٣/١٦ لە ناوزەنگ پێشوازی زۆر شایستەمان لێکرا، بەتایبەتی دووانمان کچ بوون، هەڤاڵ مام جەلال ڕاستەوخۆ ئێمەی بینی، من لەوێ بووم بە ئەندامی کۆمیتەی شەهید ئازاد/ سەرکردایەتی، کە هەڤاڵ فەرید ئەسەسەرد لێپرسراوی بوو، بەهۆی کەمی پزیشك لە نەخۆشخانەی شۆڕش کارم دەکرد و هاوکاری ئەو چەند پزیشکە کەمەم دەکرد لە چارەسەری بریندراری پێشمەرگە و نەخۆشی خەڵکی ناوچەکە، خولێکم لە سەردەشت بینی بۆ ددان کێشان، تا هەڤاڵ دکتۆر سەروار پەیوەندی کرد بە شۆڕشەوە.

ئەوەی شانازی پێوە دەکەم لە شەڕی هێزی پشتیوان لە ئالوەتان بە کۆڵێك دەرمان لەگەڵ دەستەی هێرش ڕۆیشتم و خوودی هەڤاڵ مام جەلال پاداشتی کردم، کاتی بۆردومانەکەی چالاوە لە دەزگای ڕۆشنبیری کۆمەڵە کارم دەکرد، هەروەها بارەگامان لەوێ

بوو، ڕۆژێك كە فڕۆكە بۆردومانی كردین خۆم گەیاندە ناو برینداره‌كان و دەستم كرد بە فریاگوزاری سەرەتایی و بردیانم بۆ نەخۆشخانە، تا ساڵی ١٩٨٧ بێ دابڕان بەردەوام بووم لە كاری ڕێكخراوەیی و پێشمەرگەیی و پزیشكی، لە ناوچە جیاوازەكانی سەركردایەتی و دەشتی كۆیە، سەرەتایی ساڵی ١٩٨٨ شۆڕش ناردیانم بۆ سووریا بۆ تەواوكردنی پۆلی كۆتاییم لە زانكۆی ئەوێ.

لەوێش جگە لە خوێندن بووم بە بەرپرسی پەیوەندییەكانی ی.ن.ك لە سووریا و هاوكاریكردنی هەڤاڵ دكتۆر خەسرەو خاڵ، دوای تەواوكردنی خوێندن لە كۆتایی ١٩٨٩ هەڤاڵ مام جەلال لە سووریا بوو داوام لێكرد بگەڕێمەوە ناو شۆڕش گوتی تۆ زۆرت كرد، پاش هاوكاری كردنی دارایی ناردمی بۆ سوید، ماوەی سێ ساڵ لە سوید بووم و لەوێش بەردەوام هاوكاری نووسینگەی سویدی ی.ن.ك بووم و چەندین سیمینارم لەسەر ئەو ستەمە كردووە كە بەرامبەر بە گەلەكەمان دەكرا، دوای ڕاپەڕینی ١٩٩١ ڕاستەوخۆ گەڕامەوە كوردستان و بووم بە ڕاوێژكار لە وەزارەتی كشتوكاڵ دواتر بووم بە بەڕێوەبەری گشتی ڤێتێرنەری و ئێستاش خانەنشینم(٥٥).

---

(٥٥)– لە بەڕێز ئەحمەد عارف وەرگیراوە، ٢٠٢٣/٣/١٣.

## نەوزاد سەمەد کەریم جەرجیس (دکتۆر نەوزاد)

خەڵکی گۆمەشینی نزیك قەزای کۆیەم و لە ساڵی ١٩٥٩ لەدایکبووم و قۆناغی سەرەتاییم لەوێ تەواوکردووە، باوکم پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلول بوو، زۆر کەم لە ماڵ بوو، بۆیە من هەمیشە لە ماڵەوە بووم، دواتر لە ناوەندی چووینە هەولێر، لە ساڵی ١٩٧٤ باوکم لە پێشمەرگایەتیدا شەهید بوو، ناچار چەند مانگێك دەستبەرداری خوێندن بووم، دایکم ڕازی نەبوو هەڕەشەی ئەوەی کرد کە ئەگەر نەچمەوە بەر خوێندن خۆی بکوژێت، ئێمە چەند خوشك و برایەك بووین، ئیدی من گەڕامەوە بەر خوێندن، لە کاتی گەیشتنی هەواڵی شەهیدبوونی باوکم خوشکێکم کەوتە زەوی، سەری بەر بەردێك کەوت و نەخۆشییەکی خراپی گرت و دواتر بەهۆی ئەو نەخۆشییەوە کۆچی دوایی کرد.

لە ساڵی ١٩٨٠ لە بەغداد کۆلێژی پەرستاریم تەواوکرد، لە ساڵی ١٩٧٩ بووم بە ئەندامی کۆمەڵە، پەیوەندیم لەگەڵ هەڤالانی کۆمەڵەی هەولێر هەبوو لەگەڵ هەڤاڵ فەقێ گۆمەشینی کە لێپرسراومان بوو، لە بەغدادیش لەگەڵ کۆمیتەی شەهید جوامێر پەیوەندیم هەبوو، دواتر هەڤاڵ فەقێ و هەڤالانی دەستگیرکران، ئیدی من لە ساڵی ١٩٨٠ەوە گەڕامەوە کوردستان و بووم بە پێشمەرگە.

لە سنووری تیپی ٨٦ی هەولێر بووم بە پێشمەرگە و دواتر لە خانەقا هەڤاڵ نەوشیروان مستەفام بینی گوتی تۆ لەگەڵ من بمێنەوە، ئیدی من تا کۆتایی ١٩٨١ لەگەڵی مامەوە، دواتر چووینە سەرکردایەتی و ماوەی سێ مانگ لەوێ بووم، دواتر پێشنیار کرا بچمەوە خوارەوە بۆ ناو تیپەکان، خۆم داوای تیپی ٩٣ی خۆشناوەتیم کرد و چوومە ئەو تیپە و تا ناوەڕاستی ١٩٨٤ مامەوە، بەدرێژایی ئەو ماوەیە من لە ڕێگەی برایەکمەوە دەرمانم بۆ دەهات، کە لە شاری هەولێردا پۆلیس بوو، لە شاخیش هەڤاڵ نەوشیروان کۆڵەپشتێکی پێدام بۆ دەرمانەکان.

لە ڕووداوێکدا پێشمەرگەیەکمان گوللەیەك بەر سنگی کەوت، ئێمە پێداویستیمان کەم بوو، دکتۆر زریان گوتی وەرە با نەشتەرگەری بکەین، گوتم دکتۆر چۆن دەبێت، خۆ ئێمە هیچمان لا نییە؟ گوتی تۆ یارمەتیم بدە من نەشتەرگەری بۆ دەکەم، ئەگەر بۆی نەکەین بە دڵنیایی دەمرێت، چونکە گوللە بەر سکی کەوتووە و ڕیخۆڵەی بڕیوە، جا بۆچی هەوڵێك نەدەین، ئیدی بردمانەوە سەرکردایەتی و تیشکمان بۆ گرت، واتە دەمانتوانی لەبەر ڕووناکی تیشك نەشتەرگەریمان بۆ کرد، لە کاتێکدا ڕووناکی تیشك نابێت بەر کەسی ئاسایی بکەوێت چ جای نەخۆش، خۆشمان کاتژمێر و نیوێك لەبەر ئەو تیشکە بووین، خۆشبەختانە نەشتەرگەرییەکە سەرکەوتوو بوو، پێشمەرگەکە چاك بووەوە، بیرمە دکتۆر زریان بەشێك لە ڕیخۆڵەی فڕێدا، ئیدی هەر شۆربامان پێ دەدا، تا چووەوە بۆ تیپەکەی.

لە ڕووداوێکی دیکەدا لە گوندی سیساوە هێرشمان کردە سەر سەنگەرێکی سەربازی ڕژێم، لە ناو گوندەکە و خوێندنگەکەی سەربازی دیکە و جاشی لێ بوو، ئێمە تا نزیك خوێندنگەکە چووین، هەڤاڵ ملازم خولە ڕابسپاردم نەچمە پێشمەوە، تا لە کاتی بریندای فریایان بکەوم، ئیدی بە ڕوومانە هێرشمان کرد و پێشمەرگەیەکمان بریندار بوو، لە کشانەوەماندا پێشمەرگەکە بە کۆڵمانەوە بوو هەر بە ڕێگاوە تەداویم دەکرد، تەنانەت خۆم فیشەك بە شەرواڵەکەم کەوتبوو.

ماوەیەك چوومە نەخۆشخانەکەی گوندی پلێنگان کە دکتۆر شالاو و دکتۆر کاوەی لێ بوو، لەوێ بۆ ماوەیەك ژمارەیەکی زۆر خەڵکمان چارەسەر کرد، ڕۆژێك هەر خۆم لە نەخۆشخانەکە مابووم، پیاوێك هات هەندێك کەرەستەی پێ بوو، گوتم فەرموو، گوتی من هاتووم بۆ لای کاك دکتۆر، گوتم دکتۆر شالاو دەڵێی؟ گوتی نازانم ناوی چییە، تەنەکەیەکی پێ بوو نیوەی هەنگوین بوو. گوتی ئەو هەنگوینەم بۆ دکتۆر هێناوە، منیش بەخێرهاتنم کرد و چایەکیشم بۆ لێنا، لە ڕاستیدا ئەو هەنگوینە زۆر پێویست بۆ ئێمە چونکە هیچ نەبوو بیخۆین، گوتم نەخۆشییەکەت چی بوو؟ گوتی من تووشی سەرئێشەیەك بوو بووم، هەموو بەغداد و موسڵ و هەولێر گەڕاوم کەس نەیتوانیوە چارەسەرم بکات، کۆتا شوێن لێرە حەبێکم وەرگرت و بەوە چاك بوومەوە، پاش کەمێك پیاوەکە ڕۆیشت، لە

نەخۆشخانەکەی ئێمە پیاوێکی لێ بوو بە ناوی مام مەحموود یارمەتی دەداین و بەردەستی دەکردین، بانگم کرد گوتم مام مەحموود تۆ بیرتە ئەو پیاوە لەلایەن دکتۆر شالاوەوە چارەسەر کرابێت؟ گوتی نەخێر، دوای ئەوەی دکتۆر شالاو و هەڤالان گەڕانەوە لەوانیشم پرسی گوتیان نەخێر، دووبارە لە مام مەحموودم پرسییەوە تۆ هیچت بیر نییە؟ پاش کەمێك بیرکردنەوە گوتی: "هەندێك جار خەڵك دێن واز ناهێنن، وا دەزانن من دکتۆرەکەم منیش بۆ ئەوەی لە کۆڵم ببنەوە حەبێکی پاراسیتۆڵ لە سندوقەکەی ئێوە دەردەکەم و پێی دەدەم، مام مەحموود درێژەی پێدا و گوتی پێش ماوەیەك پیاوێك هات تووشی سەرئێشەیەکی خراپ بووبوو گوتی چەند شارم کردووە، کەس نەیتوانیوە چارەسەرم بکات، ناونیشانی ئێرەیان پێداوم، هاتووم چارەسەرم بکەی، پێم گوتوە دکتۆری لێ نییە، بڕوای پێ نەکردووم، گوتی نا تۆ دکتۆرەکەی، منیش بۆ ئەوەی لە کۆڵم بێتەوە، هەڵسام چووم ئامێری پشکنینەکەی دکتۆر شالاوم دەکرد و کردمە گوێم و لە خۆمەوە لە بری ئەوەی دوو سەماعەکە بخەمە سەر سنگ و دڵی، خستمە سەر سەری، نەخۆشەکە زۆری بەلاوە سەیر بوو، یەکسەر گوتی ئێستا تەواوە! من چەندێکە سەردانی دکتۆر دەکەم و دەڵێم سەرم ئێش دەکات، ئەوان لە بری سەرم دەچن پشکنینی سنگم دەکەن! بەڕاستی تۆ دکتۆری تەواوی، دواتر هەندێك حەبم پێدا و ڕۆیشت"، بۆمان دەرکەوت ئەو کابرایە ئەوەیە کە مام مەحموود لە خۆیەوە بە نیازی لە کۆڵبوونەوە وای لێکردووە، کەچی لە ڕووی دەروونییەوە ئەو نەخۆشە چاك بووبووەوە، ئێمەش دەستمان کرد بە هەنگوین خواردن و دەمانگوت هەربژی مام مەحموود.

لە ڕووداوێکی دیکەدا لە ناوچەی سماقووڵی پیاوێکی ناپاك دەستگیرکرابوو کە هەواڵی لە چەند پێشمەرگەیەك دابوو، بەو هۆیەوە چەند پێشمەرگەیەك شەهید بووبوون، لە کاتی هەوڵدان بۆ دەستگیرکردنی فیشەکێك بەر ڕانی کەوتبوو، بە بریندادری هێنایان و زیندانی کرا، بانگیان کردم تەداوی بکەم، گوتم قاچت هەڵبکە با تەداویت بکەم، هەندێك دەرمان و دەرزییەکم پێ بوو، وایزانی بۆ ئەوە چووم بیکوژم، گوتی کاك دکتۆر توخوا مەمکوژە، گوتم کاکە کاری من ئەوە نییە بتکوژم، من هاتووم چارەسەرت بکەم، دەترسا و متمانەی پێ

نەدەکردم، هەندێك تەداویم بۆ کرد و ڕۆیشتم، بەهۆی چەند هەڵوێستێکەوە کە بەگوێی هەڤاڵ نەوشیروان مستەفام نەکرد، خۆشی دەویستم، واتە ئەوەی هەبوو ئەگەر بە گوێت نەکردایە، خۆشی دەویستی، لە دواییدا من ماوەیەك لە ئێرلەندا خوێندم، لەم ساڵانەی دواییدا پێی دەگوتم دکتۆرە ئێرلەندییەکە، یەکێك لەو پێداویستییانەی کە کەم بوو، بەنج بوو، مەگەر پێشمەرگەیەك برینداری مەترسیداری هەبووایە، ئەگەر نا نەبوو، تەنانەت زۆر جار ددانی گوندنشینەکانم بە بێ بەنج هەڵدەکێشا، ئیدی بە درێژایی ئەو ساڵانە هەتا ساڵی ١٩٨٥ بەردەوام بووم.

دواتر چوومە ئێران و دواتر ڕەوانەی لیبیا کرام، لەوێشەوە ڕۆیشتم و گەیشتمە سویسرا، لەوێ فێری زمانی ئەڵمانی بووم و دوو ساڵ پزیشکیم خوێند، دواتر دەستبەرداری بواری پزیشکی بووم و چووم بەکالۆریۆس و ماستەرم لە کارگێڕیدا لە زانکۆی زیوریخ خوێند، تا ئێستاش لە سویسرام و نوێنەری (ی.ن.ك)م، هەروەها لە پارتی سۆسیال دیموکراتی سویسریم و لە کانتۆنێکیدا ئەندامی سەرکردایەتیم لەو پارتەدا، لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە لە ساڵی ٢٠٠١ هاوسەرگیریم کردووە و باوکی دوو کچم[٥٦].

(٥٦)- چاوپێکەوتن لەگەڵ نەوزاد سەمەد کەریم جەرجیس (د. نەوزاد)، ٢٠٢٢/١٢/١٣.

# نەوزاد عەباس حەمەد (دکتۆر نەوزاد)

ساڵی ١٩٥٩ لە هەولێر لە دایکبووم، خەڵکی گوندی گردەشینەی دەشتی هەولێرم، قۆناغەکانی خوێندنم لە هەولێر تەواوکردووە، ساڵی ١٩٧٩ پەیمانگای تاقیگەی پزیشکیم لە بەغداد تەواوکردووە، پێشتر پەیوەندیم لەگەڵ ڕێکخستنەکانی (کۆمەڵە) هەبوو، ڕژێمی بەعس بێزاری کردبووین، دوای ئاشکرابوونم بەدوامدا دەگەڕان، ئیدی چوومە دەرەوە و بووم بە پێشمەرگە و چوومە سنووری تیپی ٩١ی سەفین کە هەڤاڵ جوامێر و هەڤاڵ ئەیوبی لێ بوو، لەو سنوورە لە چالاکی بەردەوام بووم و هەتا ساڵی ١٩٨٩ لەو سنوورە مامەوە.

لەو سنوورە ئەوە پێویست بووبێت بۆ پێشمەرگەم کردووە، بە دەیان پێشمەرگەم لە ناو ئەشکەوت چارەسەر کردووە، ڕۆژێك هاوڕێیەکم بە فیشەکی دۆشکە بریندار بوو، هێنایان بۆ لامان فریای نەکەوتم لەبەر دەستی خۆم شەهید بوو، من هەمیشە کۆڵەپشتی دەرمانم پێ بوو، لە ڕێگەی ڕێکخستنەکانەوە دەرمانم بە دەستم دەگەیشت، تیپەکەی ئێمە زۆر کاریگەر بوو هەڤاڵ جوامێر سەرتیپ بوو، هەڤاڵ قارەمان لێپرسراوی کەرتی یەك بوو هەڤاڵ تەحسین دیبەگەیی لێپرسراوی کەرتی دوو بوو، بارەگامان لە گوندی زیارەت بوو، خۆم هاوشانی پێشمەرگە بەشداری شەڕم دەکرد، هەرچەندە ئاگاداریان دەکردمەوە کە بەشدار نەبم.

ئێمە لەلایەن گوندنشینەکانەوە زۆر ڕێزمان لێ دەگیرا، هەروەها گوندنشینەکانیشمان چارەسەر دەکرد، ئێمە بارەگاکەمان لە ئەشکەوتێکدا بوو، نەخۆشخانەیەکمان لەوێ دامەزراندبوو، ئەوەی بیرم بێ لەوێ دکتۆر محەمەد حاجیمان لەگەڵ بوو، هەر پێشمەرگەیەك بریندار بووایە، زوو دەگەیشتینە سەری و تەداویمان دەکرد و دەرزیمان بۆ دەکرد، هەندێك جار شکاوی دەهاتە بەردەستمان، شکاوییەکەمان دەگرتەوە و بۆ ماوەی مانگێك هەڵمان دەبەست تا چاك دەبووەوە.

دواتر من چوومە نەخۆشخانەی مەلەکان کە لە ئەشکەوتی مەلەکاندا بوو، ڕۆژانە خەڵکی گوندەکان دەهاتن چارەسەرمان دەکردن، لە ئەشکەوتەکەدا بەشێکمان جیاکردبووەوە بۆ نەشتەرگەری، کە دکتۆر هەڤاڵ و دکتۆر هونەر و دکتۆر محەمەد حاجی لەوێ بوون، لە کاتی کیمیابارانەدا بریندار دەهاتنە لامان، ئێمە سێ دەرزیمان هەبوو بۆ بەرکەوتەی کیمیایی بەکارمان دەهێنا، هەروەها بەشداری خولی خۆپاراستنمان لە کیمیایی کرد، لە ئەنفالیشدا چووینە قەندیل و بەشداری شەڕەکانی ئەو سنوورەمان کرد، هەرچی پەیوەندیدارە بە خوێن بەخشین، من لە پێشمەرگەکانم وەردەگرت، بۆ حاڵەتی پێوەدانی مار و دووپشك، دەرزی دژەژەهرمان لێدەدا و هێمای کۆ (زائد)ێکمان لە شوێنی پێوەدانەکە دەکرد و دەمانگوشی و تا ژەهرەکە دەردەچوو.

لە کۆتاییشدا لە قەندیلەوە چووینە ئێران دواتر لە ڕاپەڕیندا گەڕاینەوە، لە ژیانیشمدا بە پارچەی هاوەن بریندار بووم و خۆم، چارەسەرم بۆ خۆم کرد، دوای ڕاپەڕین، چوومە سەر کەرتی تەندروستی و لە نەخۆشخانەی ڕاپەڕینی هەولێر بەردەوام بووم ئەمساڵ ٢٠٢٢ خانەنشین بووم، لە ساڵی ١٩٨٩ هاوسەرگیریم کردووە و باوکی پێنج منداڵم[٥٧].

---

[٥٧]– چاوپێکەوتن لەگەڵ: نەوزاد عەباس حەمەد (د. نەوزاد)، ٢٠٢٢/١١/٢١.

## نەوزاد نوری محەمەد ڕەسووڵ (دکتۆر نەوزاد)

لە ساڵی ١٩٦١ لە شاری کەرکووك لە قەڵا لە دایکبووم، دایکم خەڵکی گورگەیەرە، باوکم خەڵکی هەڵەبجەیە، بەهۆی ئەرکەکەی کە فەرمانبەر بووە لە کۆمپانیای نەوت چووینەتە کەرکووك، تا لە ساڵی ١٩٧٤ خانەنشین بووە، قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەییم لە شاری سلێمانی تەواوکردووە، باوکم بۆچوونی وابوو بە عەرەبی بخوێنین، بیرمە من ئەوەم زۆر پێ ناخۆش بوو، لە پۆلی یەکی سەرەتایی بەگریانەوە دەهاتمەوە بۆ ماڵەوە، بەڵام دواتر سوودم لە زمانی عەرەبی بینی، تایبەت کاتێك زیندانی بووم لە لێکۆڵینەوە زۆر بە ڕەوانی قسەم دەکرد و نەمدەهێشت فێڵم لێ بکرێت، تا گەیشتین بە نسکۆی شۆڕش، دواتر هاتینە سلێمانی بیرمە لای حامیە پێشمەرگە لەسەر شۆستەکان چەکی بڕنەویان دادەنا و خۆیان ڕادەست دەکرد و هەر لەو ساڵە باوکم کۆچی دوایی کرد، خاڵم پێشمەرگە بوو بەهۆی چەك دانانەوە دەگریا، لە پۆلی یەکی ناوەندی خوێندکارەکان گاڵتەیان بە زمانەکەم دەکرد.

لە سلێمانی هاوڕێم پەیداکرد، لە پۆلی سێی ناوەندی باسی ئەوەمان دەکرد ببین بە پێشمەرگە، هەستی نەتەوایەتیمان زۆر بەرز بوو، مامۆستایەکی بەعسیمان هەبوو، باسی سەدامی دەکرد، خوێندکارێکی هاوڕێم هەبوو لە پۆلدا گاڵتەی بە قسەکانی مامۆستا دەکرد بیرمە یەك زللەی دا لەو خوێندکارە دەنگی دایەوە، ئیدی لەوەوە ئەو خوێندکارە بوو بە پێشمەرگە، دوای چەند ساڵێك هاتەوە ناو شار بۆ ئیغتیالات و ویستی ئەو مامۆستایە بکوژێت، بەڵام هەواڵی لێ درا، چونکە خوێندنگەکە گواسترابووەوە، بۆ سبەی چوو بووە بەردەم خوێندنگە تازەکە، بێ ئاگا لەوەی هەواڵی لێ دراوە و بۆی دانیشتوون، ئیدی لەوێ تەقەی لێ دەکەن و شەهیدی دەکەن.

من لە پۆلی سێی ناوەندی چوومە خوێندنگەی شەوان، چەند هاوڕێیەکی ڕێکخستنی (کۆمەڵە)م ناسی، ئیدی لە ساڵی ١٩٨٣ گوتم دەمەوێت بچمە دەرەوە، ڕێکخستنەکان گوتیان تۆ پۆلی سێی ناوەندیت تەواونەکردووە، ئێمە خەڵکی نەخوێندەوارمان ناوێت، تەنانەت

ساڵێکیش چوومە ئامادەیی پیشەسازی، دواتر ئامادەیی پەرستاری کرایەوە، دکتۆر بەکر بەڕێوەبەری بوو، من واسیتەم کرد و وەرگیرام، سێ ساڵ خوێندم، هاوکات سەرقاڵی کاری ڕێکخستن بووم، لە ١٩٨٢ لە خۆپیشاندا گیرام و بردیانم بۆ فرقە و هەوالگری سەربازی سێ ڕۆژ زیندانی بووم، ئەشکەنجەی زۆر درام، بەڵام دانم بە هیچدا نەنا، لە ژێر ئەشکەنجەدا هاوڕێیەکمان دۆخی زۆر خراپ بوو کە هێنایانەوە هۆڵەکە بێ هۆش بوو دوای چەند کاتژمێرێك شەهید بوو، ئێمە دەستمان کرد بە هاوار تا بەیانی لە دەرگامان دا ئینجا هاتن دەرگایان لێ کردینەوە و هاتن تەرمەکەیان بردە دەرەوە.

لە فیرقەوە بریانین بۆ ئەمن، بەڵام ئەشکەنجە نەدراین، ڕاپۆرتیان لەسەر نووسین، فایلیان بۆ کردینەوە، لەسەر فایلەکەی من نووسرا (المتهم)، دایکم هات، بەڵێننامەیان پێ پڕکردینەوە و ئیمزامان کرد کە لە دۆخی دووبارەبوونەوە لە سێدارەبدرێین، لە ناکاو بیستمان لێبووردنی گشتی هاتووە، وامانزانی ئازاد دەکرێین، کەچی من و هاوڕێیەکم براین بۆ ئەمنی کەرکووك، لەوێشەوە بۆ ئەمنی بەغداد و چەند هەفتەیەك ماینەوە، ئێوارەیەك هەموومان هێنراینە دەرەوە گوتیان بەر لێبووردنی گشتی سید الرئیس کەوتوون، هەموو ئازادکران، کەچی من و ئەو هاوڕێیەکم ماینەوە، دوای هەفتەیەك نوێنەرێکی پارێزگای کەرکوك هات هەندێك ئامۆژگاریی کردین و ئازادکراین و هاتینەوە بۆ سلێمانی.

هۆکاری چوونە دەرەوەم زەبروزەنگی ڕژێم بوو، من پێشتر بە بێباکی دژایەتی ڕژێمم دەکرد، نەمدەزانی ڕژێم چەند بەهێزە و چەند بێباك و چەند مەترسیدارن لەناوەوە، لە زینداندا چییان لە زیندانی دەکرد، چەند بە ئاسانی خەڵك لە سێدارە دەدرا و گوللەباران دەکران، لە زیندان تووشی شۆك بووم، ئێمە چەند نەترسانە لە دەرەوە سروودی ئەی ڕەقیبمان لە ناو جەرگەی شاردا دژی ڕژێم دەگوتەوە، لە هەموو زیندانێك لێکۆڵینەوەکە دووبارە دەبوویەوە، گوتیان لە ئەمنی سلێمانی گوتووتە ئیدی ئەو چالاکییانە لە دژی حکومەت دووبارە ناکەیتەوە، گوتم بەڵێ لەژێر ئەشکەنجە وام گوتووە، گوتیان ئەشکەنجەی چی؟ واتە هێشتا پەشیمان نیت؟ ئیدی ئەوەندەی دیکە ئەشکەنجەیان دام، بۆیە کە ئازادکرام ئامادەیی پەرستاریم تەواوکرد و ڕاستەوخۆ چوومە دەرەوە بۆ حاجی مامەند،

هەڤاڵ مەلا بەختیار لێپرسراوی مەڵبەند بوو، لەوێ ناردیانم بۆ نەخۆشخانەیەك کە دکتۆر هەژاری لێ بوو.

سنووری ئێمە مەڵبەندی سێ، شەڕی عێراق-ئێران بوو، ئێمە لەسەر شاخەوە بە دووربین پاسدارمان دەبینی، حکومەتی عێراق ویستی حاجی مامەند بکات بە خەلفی بۆ خۆی، پاسدار هێرشیان کرد و چەند شوێنێکی گرت، شوێنی ئێمە ستراتیژی بوو، کە هێرش کرا، ئێمە چۆڵمان کرد و چووین بۆ ناوچەی شارباژێڕ، سنووری مەڵبەندی یەك ئالای شۆڕشی لێ بوو، ڕێکخستنی نهێنیان هەبوو لە ناو شۆڕش، چەند جارێکیش قسەیان لەگەڵ کردم، ڕاستی من تووشی شۆك بووم، چونکە وتەی نەشیاویان بەرامبەر ی.ن.ك بەکاردەهێنا، ئێمە لە شارەوە هەستمان بەو ناکۆکییە نەکردبوو، هەروەها من قایل نەبوم بە قسەکانیان و مەڵبەندی یەکم بە جێهێشت و چووم بۆ مەڵبەندی دوو، چونکە بە خۆم گوت من هاتووم ببم بە پێشمەرگە، نەك دژی سەرکردایەتی ی.ن.ك بوەستمەوە.

گەیشتمە مەڵبەندی دوو زۆریان پێ خۆش بوو، لە شۆڕشدا کادیری تەندروستی زۆر ڕێزلێگیراو بوو، چونکە هەموو وابیریان دەکردەوە کە ڕۆژێك هەر بریندار دەبن و پێویستیان بە دکتۆرەکان دەبێت، تەنانەت فەرماندەکان و سەرکردایەتیش دەیانویست هەمیشە کادیرێکی تەندروستییان لەگەڵ بێت، ئەو ماوەیە دەستپێشخەری دانوستان کرابوو، بۆیە شەڕەکان لە کاتی دانوستان کەمبوویەوە، شەڕە گەورەکانی پێشمەرگە و حکومەت لە دوای تێکچوونی دانوستان و هێرشی پێشمەگەوە بوو بۆ سەر کەرکووك، بەجۆێك شەڕەکان زۆر بوو هێندەمان بریندار هەبوو فریای چارەسەریان نەدەکەوتین.

لە شۆڕشدا هەموو ناوی نهێنیمان هەبوو، من هەر ناوی ڕاستی خۆم بەکاردەهێنا، چەند ساڵ پێکەوە بووین و لە یەك ژوور دەنوستین، کەچی ناوی ڕاستی یەکدیمان نەدەزانی، دوای ڕاپەڕینی ١٩٩١ ناوەکانی یەکدیمان زانی.

لە مەڵبەندی دوو ئەوەی بیرم بێت، مستەفا چاوڕەش لێپرسراوی مەڵبەند بوو، بردیانم بۆ نەخۆشخانەی بەرگەڵوو، دکتۆر سەرداری ددانی لێ بوو، دکتۆر بەیان، دکتۆر

تاڵەبانی، دکتۆر حسێن، دکتۆر ئاکۆ و دکتۆر شوان، هەڤاڵ مام جەلال زۆر گرنگی بە دکتۆر شوان دەدا، لەبەرئەوەی خەڵکی بادینان بوو، دەیوست وانیشان بدا کە شۆڕش گرنگی بە خەڵکی هەموو ناوچەکان دەدا، هەروەها دکتۆر شوان خۆیشی کوڕێکی وریا و چالاك بوو، لە نەخۆشخانەی بەرگەڵوو وەکو نەخۆشخانەی شار ڕۆژانە نەخۆشمان دەبینی، چونکە دکتۆری پسپۆڕمان هەبوو، بۆ نمونە لەوێ تاقمی تەواوی ددان بە خۆڕایی بۆ گوندنشین دروستکراوە، دەرمانەکان لە ڕێگەی ڕێکخستن و هەندێکی لە ڕێگەی ئێران و بەشێکیشی خۆمان دەمان کڕی، هەروەها پەیوەندیمان لەگەڵ حزبی دیموکرات، ڕۆژنە ئۆتۆمبێلیان دەچوو بۆ شار، چیمان بویستایە ئەوان بە نهێنی بۆیان دەهێنایـن، ئەوان بۆ خۆیان کێشەیان نەبوو، بەس بۆ ئێمە ڕێپێدراو نەبوو، ئەو لیستی داواکارییانە دکتۆر شوان دەینووسی، هەموو ئەم پەیوەندییانە لە ژێرەوە هەڤاڵ مام جەلال ڕێکیخستبوو، بەجۆرێك ئەوەی لە سلێمانی نەبووایە لە بەغدادەوە بۆیان پەیدا دەکردین، بەڵام پارەکەیان وەردەگرتەوە، ئەمە هۆکارێك بوو بۆ ئەوەی نەخۆشخانەکەمان لە هیچی کەم نەبێت، حزبی دیموکرات دکتۆری فەڕەنسییان لەگەڵ بوو، ڕێکخراوی پزیشکانی بێسنوور لەگەڵیان بوو، ئێمە بەشی ددان و تیشك و تاقیگەمان هەبوو، تا ئەوەی دکتۆر شوان بڕیاریدا ژووری نەشتەرگەریی دروست بکرێت.

لە دانوستاندا شەڕ وەستا و ستافی تەندروستی چووینە سورداش و چووینە نەخۆشخانە حکومییەکەی سورداش، دکتۆر فائیق گوڵپیم لەوێ بینی، لە سنووری سورداش کەیسی ڕووداوی هاتوچۆمان هەبوو، لەگەڵ پێوەدانی مار و دووپشك، هەورووەها خەڵکی لە کاتی دانوستانە نەزانانە بێ ترس دەگەڕان، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی ژمارەیەکی زۆر خەڵکی بە مین و لوغم بریندار بن و چەند ئەندامێکی لەشیان لە دەست بدەن، کەیسی مەترسیداریش بە ئۆتۆمبێلی فریاکەوتن دەنێردرا بۆ سلێمانی، هەروەها دکتۆر ئیسماعیل و دکتۆر یاسین لە نەخۆشخانەکەی سووورداش بوون، بەڵام دوای دانوستان ئەم دووانەیان لە ڕێگەی ئێرانەوە چوون بۆ ئەورووپا.

شایەنی باسە کاتی دانوستانیش شۆڕش لە ئامادەسازیی لە بواری تەندروستیدا هەر بەردەوام بوو، چونکە هەڤاڵ مام جەلال دەیزانی دانوستان سەرناگرێت، ناڕاستەوخۆ لە شارەکان هەم ئەزموونمان وەرگرت هەم خولمان دەبینی، هەم بە پراکتیکی لە نەخۆشخانەکاندا کارمان دەکرد، کە دانوستانیش هەڵوەشایەوە ئێمە هەموو دەرمانەکانی نەخۆشخانەی سووورداشمان لەگەڵ خۆمان برد بۆ ناو شۆڕش.

دواتر هەڤاڵ مام جەلال دکتۆر شوانی بە سەرپەرشتیاری دەزگای تەندروستی شۆڕش دانا، بەڵام نەخۆشخانەی مەڵبەندەکانی دیکە، کەمتر پابەندبوون پێوەی، چونکە دەیانویست خۆیان بەرپرسی خۆیان بن، هەرچەندە دکتۆر شوان بیرۆکەی زۆرباشی هەبوو، لەوانە خەزن کردنی دەرمان بۆ کاتی پێویستی، هەورەها دەرمان و پارەی بۆ مەڵبەندەکانی دیکە دەنارد، ستاف نەخۆشخانەکانی دیکە دەهاتن بۆ بەرگەڵوو، لەوانە دکتۆر زریان و دکتۆر فائیق، بەڵام ئێمە نەدەچووین بۆ لای ئەوان، چونکە ئێمە سەنتەر بووین، بەجۆرێك پسووڵەمان هەبوو بۆ نەخۆش، هەروەها ئێمە مۆلیدەی گەورەمان هەبوو، هەر کاتێك بریندار مەترسیدار بهاتایە ڕاستەوخۆ مۆلیدە هەڵدەکرا و هۆڵی نەشتەرگەری ئامادەبوو، شەو درەنگ هۆڵی نەشتەرگەری پاکدەکرایەوە و ئامادە دەکرا بۆ سبەی، بۆ نمونە دکتۆر ئاکۆ پزیشکی سرکەر بوو، بۆی نەبوو نەخۆشخانەکە جێبهێڵێت، چونکە نەشتەرگەریی بێ بەنج ناکرێت، هەروەها هۆڵی نەشتەرگەریی و تاقیگەمان دروست کرد، قەرەوێڵە هەبوو، چەرچەف هەبوو، ژوورمان هەبوو بۆ بینینی نەخۆش، کۆگامان، چێشتخانە، دەرمانخانە و تیشکمان هەبوو، هەروەها ئێشکگرمان هەبوو ۲٤ کاتژمێر لە ئەرکدا بوو بەسەر نەخۆش و بریندارەکاندا دەگەڕا، چونکە دەبوو موغەزیان بۆ هەڵبواسێت و دەرزیان بۆ بکات، بە نۆرە ئێشکگریمان دەکرد، تەبەڵەمان هەبوو، هەر قەرەوێڵەیەك پێداویستی خۆی لەگەڵ بوو، هەروەها هەموو ڕۆژێك پشکنینی تەواو بۆ ئەو نەخۆش و بریندارانە دەکرا کە خەوێنرابوون، هەموو بەیانییەکیش دکتۆر شوان بەسەریاندا دەگەڕان و تەماشای فایل و گۆڕانکارییەکانی دەکرد و چارەسەری نوێی بۆ دەنووسین، ئەو نەخۆش و بریندارەی باشتر بووایە پێویستی بکردایە ڕێگەی پێ دەدرا و دەنێردرایەوە، جگە لەمانە گەرماومان هەبوو

هەموو ڕۆژ بە دار دامانەدەخست (گەرمکردن)، بەجۆرێك ئەوەی لە نەخۆشخانەی سلێمانی هەبووایە، ئێمە هەمان بوو، نەخۆشخانە زۆر پاك و ڕێك بوو، شوێنێكی پاكوخاوێن بوو، میوان كە دەهات حەزی دەكرد بێتە نەخۆشخانەكە، دكتۆر شوانیش ڕێگەی نەدەدا، دەیگوت ئەمە نەخۆشخانەیە، چۆن شتی وا دەبێت، ئیدی لەسەر ئەوە ڕقیان لە د. شوان دەبووەوە.

لە شۆڕشدا نهێنی زۆر باش دەپارێزرا، ئێمە لەگەڵ سەركردایەتیدا بووین زۆربەی زانیارییەكانمان پێ نەدەگوترا، بۆ نمونە لە لێدانی كەركووكدا ئێمە نەمانزانی، بە دكتۆر شوانیان گوتبوو، وەرە لەگەڵمان، دكتۆر شوان هاتەوە گوتی لەگەڵ پێشمەرگە دەرەچم، گوتم دكتۆر شوان بۆ كوێ دەچی؟ گوتی نازانم تەنها پێم گوتراوە وەرە لەگەڵمان، لە نەخۆشخانەكە زۆر جار خەڵك لێمان تووڕە دەبوون، نەیاندەهێشت بە ئەركی خۆمان هەڵسین، كە بریتی بوو لە ڕزگاركردنی بریندارەكان، یان منەتیان بەسەردا دەكردین، هەروەها ئێمە پڕۆژەمان هەبوو، كە بریتی بوو لە دروستكردنی نەخۆشخانەیەك لەژێر زەویدا، بۆ ئەوەی بەهیچ شێوەیەك فڕۆكە نەیبینێت و مەترسی بۆردومانمان لەسەر نەمێنێت، تەنانەن ئامێری شۆفڵ هات و هەندێك كاریشمان لێكرد، بەڵام بەهۆی ئەنفالی ١٩٨٨ تەواونەكرا.

لە نەخۆشخانەكە دكتۆر هێمنی لێ بوو دواتر دكتۆر هەڵۆ (ئەدیب) هات، كە دكتۆرێكی جەراحی گەورە بوو، ڕۆژێك لە شەڕی عێراق-ئێراندا فڕۆكەیەكی ئێرانی تێكشكا، فڕۆكەوانەكانی نەمردن، ی.ن.ك فڕۆكەوانەكانی هێنا بۆ بەرگەڵوو، بۆ بەیانییەكەی كاتژمێر ١٠ فڕۆكەی حكومەتی عێراقی گەیشتە سەرمان و ڕاستەوخۆ نەخۆشخانەكەی بۆردومان كرد و وێرانی كردین، ئەگەر سەختی شوێنەكە نەبووایە هەموو دەمردین، سروشتی سەختی شوێنەكە وایكرد تۆپەكان بەرێكی ئامانجەكانیان نەپێكن، بەڵام دەرگاكانی نەخۆشخانەكەی لول كرد، پەنجەرەكانی شكان و ژووری نەشتەرگەری بەركەوت و وێران بوو، تەپەدۆری سەقفی نەخۆشخانەكە هەموو كەوتە زەوی، دواتر ڕوونبووەوە كە حكومەتی عێراقی وایزانیەوە كە دوو فڕۆكەوانە ئێرانییەكە بریندارن و لە نەخۆشخانەكە چارەسەردەكردێن.

ئەو بۆردومانە دوو چیرۆکی تراژیدی لێکەوتەوە، بەگوێرەی ئەوەی ئێمە چارەسەری خەڵکی گوندنشینانمان دەکرد خێزانێکی خەڵکی سەرگەڵوو چەند خولەکێك پێش بۆردومانەکە دەگەنە لای نەخۆشخانەکە، کە بۆردومانەکە دەکرێت بەڕاکردن دەچنە ژێر تاشەبەردێکی گەورەوە، بەهۆی بۆردومانەکەوە قەدپاڵی شاخەکە هەرەس دەهێنێت و تاشەبەردەکە دەتەپێت، ئەو خێزانە بە تەواوی لە ژێر تاشەبەردەکەدا نغرۆ دەکات و بەهۆیەوە هەموویان دەخنکێن و زیندەبەچاڵ دەبن، دوای چەند ڕۆژێك دەریانهێنان، ئەوە ڕووداوێك بوو تا ئێستاش کاریگەری لەسەرم هەیە، هەروەها پێشمەرگەیەکی بریندارمان لابوو، لای ئێمە چارەسەری پێویستی بۆ کرابوو، بەرێکەوت بڕیاری جێهێشتنی نەخۆشخانەکە کەوتە ئەو خولەکەوە کە بۆردومانەکە کراین، کە چوو بووە دەرەوە بە گوێرەی وتەی گوندنشینان لە دوورەوە بینراوە کە بەرەو سەرگەڵوو چووە کە بۆردومانەکە کراین، ڕاستەوخۆ تۆپێك لەو پێشمەرگەیە دەدات، بەجۆرێك شەهیدی کرد تەنانەت پارچەیەکی بچوکیشیمان نەدۆزیەوە! ئەو بۆردومانە بەجۆرێك خەڵکی ترسان، تەنانەت سەردانیکارانمان کەم بووەوە، هەندێك چەند پێشمەرگەیەك و دکتۆرێکیش بە ناوی دکتۆر نەوزاد جێی هێشتین، بەبەهانەی ئەوەی کە ئیدی بە ئامانج دەگیرێین.

ڕژێمی بەعس هیچ کات سڵی لە بۆردومانی کوێرانە نەدەکردەوە بێ باک بووە لەوەی کە ژن و منداڵ و تەنانەت ئاژەڵیش بەربکەون، یەکێک لە گەواهیدەرەکانی ئەم چیرۆکە (دکتۆر نەوزاد نوری)یە، بە قورگی پڕ گریانەوە یەکێک لەو چیرۆکانەی بۆگێڕاینەوە و وتی: **"ڕژێم زۆرجار لە (سوسێ)وە ناوچەی سەرگەڵوو و بەرگەڵووی بۆردومان دەکرد، خەڵکی ناچار چاڵ (کونەتەیارە)یان هەڵکەند بۆ خۆشاردنەوە، ڕۆژێك بۆردومان کراین، دوای بۆردومانەکە خەڵکی ناوچەکە دوو منداڵیان هێنا، گوایە برینداڕن، ئێمەش تەماشامان کرد هیچ برینێکیان پێوە نەبوو، دکتۆر شوان گوتی پاڵیان بخەن، پشکنینمان بۆ کردن، بۆمان ڕوون بووەوە کە تووشی خوێنبەربوونی دەماغ هاتوون و ناو دەمیان خوێنی لێدێت، هێندەی نەبرد هەردووکیان شەهیدبوون، دکتۆرەکان هەموو لە ژوورەوە داخیان بۆ ئەو دوو منداڵە هەڵدەکێشا، دیار بوو کە دەنگمان چووەتە دەرەوە، من ئارامیم لێ بڕا و چوومە دەرەوە بینیم پیاوێکی کەڵەگەت و قۆز لە حەوشەی نەخۆشخانەکە وەستاوە جووتێك پێڵاوی**

**لاستیکی پەنجەرەداری بەدەستەوە بوو، تەماشای ئاسمانی دەکرد و واقی وڕمابوو، منیش نزیکی بوومەوە، نەدەجووڵایەوە و شۆك بووبوو، بەڵام نەدەگریا، فرمێسك لە چاوی قەتیس مابوو، قوڵپێکی گریان بەری قوڕگ و هەناسەی گرتبوو بۆی نەدەهاتە دەرەوە، پاش کەمێك تەماشای پێڵاوەکانی دەستی کرد و هەتا هێزی تێدابوو بەرەو دۆڵەکە فڕێی دان، لەوێ تێگەیشتم کە باوکی ئەو دوو منداڵەیە، ئەو جووتە پێڵاوەش دیار بوو نوێ بوو بۆ یەکێکیانی هێنابوو، نزیکەی ٣٥ ساڵ بەسەر ئەو ڕووداوەدا تێپەڕیوە هێشتا بە گریانەوە ئەو دیمەنە دەهێنمە پێش چاوم، دەیان بریندار و نەخۆش لەبەرچاوم شەهید بوون، ئاسایی بووم و کاری لێم نەکردووە، بەڵام بە گیان لە دەستدانی ئەو منداڵە ئارامیم لێ بڕا، ڕقێکمان هەبوو لە حزبی بەعس ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ئەستوورتر دەبوو".**

دوای ماوەیەکی دیکە ڕژێم بە کیمیایی بۆردومانی کردین، واتە ماوەیەك پێش کیمیابارانی هەڵەبجە، تاریق عەزیز لە دانوستان بە سەرکردایەتی ی.ن.ك گوتبوو ئەگەر ڕێکنەکەون لەگەڵ حکومەت کارێکی زۆر خراپتان پێ دەکەین، دواتر ڕوون بووەوە کە مەبەستی کیمیاباران بووە، کە کیمیاران کراین، نەخۆشخانەکە جمەی دەهات لە بریندار ئێمە بە دەنگی تۆپەکان دەمانزانی کە کیمیاییە، چونکە دەنگی کەم بوو هەروەها پارچەشی نەبوو، دوکەڵەکەشی ڕەنگاوڕەنگ و بۆندار بوو، ئێمە کە کادیری پزیشکی بووین نەماندەزانی چی بکەین، چ جای خەڵکی مەدەنی و پێشمەرگە! جارێکیش لە بە کیمیایی لە نەخۆشخانەکەیدا لە پەنجەرەکانەوە دەمانبینی دووکەڵی ڕەنگاوڕەنگ بڵاودەبێتەوە، بۆیە هەموو ڕامان کرد، کاریگەرییەکەی بە جۆرێك بوو لە پەلوپۆی دەخستین، من خێزاندار بووم، منداڵێکم هەبوو، ڕاستەوخۆ بەرنەکەوت، بەڵام کاریگەرییەکەی پێی گەیشت و کاریگەری زۆری لەسەردانا، حکومەت دەیزانی خەڵکی بەهۆی کیمیاییەکەوە کونەتەیارە و شوێنە سەختەکان و ماڵەکان جێدەهێڵێت و ڕادەکات، ئینجا بە تۆپی پارچە بۆدومانی دەکردین، بۆ ئەوەی هەر کەس لە کیمیاییەکە ڕزگاری ببێت بەر پارچەکان بکەوێت، ئیدی ئێمە بۆ ماوەی هەفتەیەك نەخۆشخانەکەمان جێهێشت.

ئیدی بیرمان کردەوە لە دۆخی کیمیایی چی بکەین؟ ئێمە هەلگری باوەڕی کۆمەڵە بووین و وێنەی (مارکس)مان لە دیوارەکانمان هەڵواسی بوو، وێنەی ئەستێرەمان بە بۆیە لەو دیوارەکان کێشابوو، لە ناو ڕۆژێك دکتۆر شوان گوتی وێنەکان دابگرن و بۆیە بهێنن ئەستێرەکان بسڕنەوە، میوانمان دێت، ئیدی بەرپرسانی پاسداران هاتن و چوونە ئێستگە کە بەرامبەرمان بوون، ئێمە لە ناوخۆمان دەمان گوت ئێمە کادیری کۆمەڵەین و مارکسیین چیمان داوە لەم مەلایانە! من بۆچوونم وابوو لەگەڵ حکومەتی عێراق ڕێکبکەوین باشترە، ئەو کات قەبارەی زیانەکانمان کەمتر دەبوو، جگە لەوەش ناسنامەی ئێمە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی عێراقی بوو.

ئێمە ئاڵنگاریی ئەو ڕژێمە سەرکوتکارەکمان دەکرد و بێ باك بووین، زۆرجاریش باجی سەرکێشی ئێمە شارنشین و گوندنشینەکان دەیاندا، بەلام سروشتی شەڕ وایە ئەوەی ناوچەی خۆیەتی دەیباتەوە، چونکە شارەزایە، ئێمە لە شاخ خەڵکمان هەبوو لە تاریکایی شەودا بێ بەکارهێنانی ڕووناکی بەڕێگای سەخت و ڕچەڕێیەکانی شاخەکاندا دەڕۆیشت، چونکە کوڕی ئەو گوندە یان ئەو شاخە بوو، ئەمە بۆ سەربازێکی ڕژێم کە خەڵکی ناوەڕاست و باشووری عێراق بوو کارێکی ئەستەم بوو، کە دەگەیشتن بە شاخەکان لە ترسا دەگریان، بۆیە بە فڕۆکە لێی دەداین، هێزێکی گەورە توانای شەڕکردنی دوو پێشمەرگەی ئێمەی نەبوو لەسەر شاخ، زۆرجار گوندنشینێك زیاتر ئەوانەی کە شوانییان کردووە تەواو شارەزای ناوچەکە خۆی بوو دەکرا بە دەلیل بۆ پێشمەرگە، لە هەر دۆخێکی پیشاندانی ڕێگەی هەڵە و ناپاکییکردنێکیش هەڕەشی کوشتنی لێدەکرا.

ئێمە لە نەخۆشخانەکە زۆربەی شەوان گفتوگۆی فکریمان دەکرد، دەنگۆی ئالای شۆڕشیش لە ئارادابوو، کوڕێکی گەنجی هەولێری هاتبوو بۆ لامان هەموو شەو دەرگای گفتوگۆی دەکردەوە، بۆ نمونە دەیگوت: "کاکە ئێمە چۆن دەتوانین بە کلاشینکۆف حکومەت بڕوخێنین!" زۆر جاریش من بەشداریم دەکرد، وتەکانی ئێمە دەگەیشتەوە هەڤاڵ نەوشیروان مستەفا، زۆر جاریش دکتۆر شوانی بانگ دەکرد، هەروەها هەندێکجاریش یەك یەك بانگی دەکردین، پرسیاری ئەوەی لێدەکردین کە لای ئێوە چی دەگوزەرێ؟ ئێمەش

دەمانگوت هیچ نییە، ئێمە لە نەخۆشخانەکە هەموو هاوڕێین و قسە دەکەین و گفتوکۆ دەکەین و گاڵتە دەکەین، دواتر هەرچیش بڵێین بۆچوونی خۆمان دەڵێین، جگە لەمانە بابەتی کاتبەسەربردنیشمان هەبوو وەکو یارییەکانی تاوڵە و کاغەز (کۆنکان)مان هەبوو.

بەرامبەر نەخۆشخانەکە ئێستگە و زیندانی هەبوو، هۆکاری دانانی زیندانەکە لە نزیکی سەرکردایەتی و ئێستگە و نەخۆشخانەکە ئەوەبوو، کە ئەو پەیامە بە حکومەت بگەیەنن لە ئەگەری بۆردومانکردندا ئەوە زیندانییەکانی حکومەتیش گیانیان دەکەوێتە مەترسییەو کە پیاوی حکومەت و سەرباز و ئەفسەری تێدابوو، هەندێك زیندانییەکانی دیکە دەبران بۆ هەڵکەندنی چاڵ و شاردنەوەی تەرمەکان، ڕۆژێك لەو کارەدا زیندانییەك لە پشتی سزادراوێکەوە دەوەستێت لە کاتی گوللەبارانکردنی سزادراوەکە فیشەك بەر دەموچاوی ئەو زیندانییە دەکەوێت کە بۆ چاڵ پڕکردنەوە براوە، هێنایان چەناگەی هەڵتەکاندبوو، ئێمە لە ژووری نەشتەرگەریی پێش نەشتەرگەریی بریندارەکانمان ڕووت دەکردەوە بۆ ئەوەی جلی خاوێنی لەبەربکەین، ویستمان نەشتەرگەری بۆ بکەین کاتێك ویستمان ڕووتی بکەینەوە بۆ ئەوەی جلەکانی بگۆڕین، بە دەستی ئاماژەی بۆ ناوگەڵی کرد تەماشامان کرد ناوگەڵی ئاوساوە، کە تەماشامان کرد گۆرەوەییەکی لول کردبوو ناسنامە (هوية)ی جاشایەتی لەو گۆرەوییەدا لەلای گونی شاردبووەوە تا لە پشکنیندا ئاشکرا نەبێت، تەنانەت ناسنامەکە ژمارەی ئەو چەکەکەشی لەسەر بوو کە پێی دراوە، ئێمە ناسنامەکەمان نارد بۆ بارەگای هەڤاڵ نەوشیروان مستەفا، بەڵام نەشتەرگەریمان بۆ کرد و ناردمانەوە بۆ زیندان و دکتۆر خالید ڕۆژانە دەچوو تیماری دەکرد.

هەڤاڵ عەباسی ڤیدیۆ چەندین جار هاتووە بۆ لامان و ڤیدیۆی نەشتەرگەرییەکانی دەگرت، من هەمیشە خۆم لە ڤیدیۆکان دەپاراست، چونکە دەمزانی ڕۆژێك هەر دێت دەست حکومەت دەکەوێت، دواتریش هەر وا دەرچوو، ڕۆژێك ژنێك کە تووشی خوێنبەربوون بووبوو لە سەرگەڵووەوە هات، دەرقاچی شەرواڵەکەی بەستبوو تا خوێنەکەی زۆۆ نەبینرێ، زۆر شەرمی دەکرد، ئێمە لەوێ کێشەی دکتۆری ئافرەتمان هەبوو، دکتۆر شوان ژنەکەی نارد

بۆلای حزبی دیموکرات کە فەڕەنسییەکان لەوێ بوون و ڕێکخراوی پزیشکانی بێسنووری لێ بوو دکتۆری ژنیان هەبوو.

لە زستانی ١٩٨٨دا حکومەت پلانی گرتنی سەرگەلوو و بەرگەلووی دارشت، لای ئێمە مایەی گاڵتە بوو بە کارێکی ئەستەممان دەزانی، چونکە چەندین جار حکومەت لەو هەوڵەیدا شکستی هێنابوو، هەموو جار دوای شکان پاشەکشەی دەکرد، کۆتا جار بێگوێدانە قوربانی و شکان هەر لە پێشڕەوی بەردەوام بوو، هێزی دیکەی دەهێنا، لەو زستانەدا ڕۆژێك دەمەو ئێوارە کوڕێکی گەنج بەو زستان و بەفرە بێ گۆرەوی و پێڵاو بەرەو ڕووی ئێمە هات، کە گەیشت بینیم زۆر گەنج بوو لەو شەڕە سەختە و کەشە ساردەدا نەیتوانی بوو بمێنێتەوە، چەکیشی پێ بوو، هەرچونێك بوو چەکمان کرد، چونکە مەترسیدار بوو بە چەکەوە بێتە نەخۆشخانە، زۆر شەکەت بوو، پاڵمان خست، پشکنینمان بۆ قاچی کرد و دکتۆر شوان دەرزی دەدا لەسەر پەنجەی مردبوو قاچی واتە ئێمەجۆرێکی دیکەی بریندارمان هەبوو بریتی بوو لە ڕەشبوونەوەی قاچ (گانگرین)، ئێمە کرێممان لێدا و بۆیمان پێچا، بۆ ئەوەی گەرم بێتەوە و خوێنی بۆ بێتەوە، بە پێچەوانەوە بینیمان وردە ورد سەری پەنجەکانی بەرەو ڕەشبوونەوە دەچوون، ئیدی کە زانیمان کەڵکی نەماوە، دکتۆر شوان گوتی باشترە بچێتەوە شار و خۆی ڕادەست بکات، تا چارەسەری بکەن، ئەگینا دەبێ قاچی ببڕینەوە، ئیدی ناردمانەوە.

لە ڕووداوێکی دیکەدا من لەگەڵ دکتۆر شوان بووم، باوکێك خۆی و کچێکی کە تەمەنی ١٥ ساڵ دەبوو، گوتی دکتۆر دەستێکی زۆر ئازاری هەیە، دکتۆر شوان تیشکی بۆ گرت، زۆر بەڕوونی وەرەمی شێرپەنجەییمان لەسەر ئێسکەکەی بینی، دکتۆر شوان گوتی پێویستە بەپەلە بیبەن بۆ سلێمانی و نامەیەکیشی بۆ دکتۆرێکی سلێمانی نووسی تا بەزووترین چارەسەری بکات، دکتۆر شوان لە سلێمانی دەوامی کردبوو، بە نهێنی حکومەتەوە چەند دکتۆرێك پەیوەندی هاوڕێیەتییان لەگەڵ دکتۆر شوان مابوو، پزیشکانی جەڕاح لە نەخۆشخانەکە هەموو زانیارییەکیان پێدەگوتین تا فێربین و شارەزابین، خۆشمان چەندین نەشتەرگەرییمان دەکرد، بۆ نمونە نەشتەرگەری گورچیلەمان کردووە، هەروەها هەموو

جۆرە نەشتەرگەرییەکی هەناوییمان دەکرد، دکتۆری گەورەی جەڕاحی ئێمە دکتۆر هەڵۆ (ئەدیب) بوو، هەموو نەشتەرگەرییەکانی دەکرد و دکتۆر شوانیش یارمەتی دەدا، واتە نەشتەرگەری گەورە بێ دکتۆر هەڵۆ نەدەکرا، هەندێك نەشتەرگەریش هەبوو دکتۆر شوان بێ دکتۆر هەڵۆ بۆی دەکرا وەکو شکاوی قاچ و ڕیخۆڵەکوێرە و دەرکردنی پارچەی تۆپ، دکتۆرەکانی دیکەش هەموو بەردەستی دکتۆر هەڵۆمان دەکرد، لەوانە دکتۆر هێمن ، دکتۆر بەرزان، چونکە دکتۆر هەڵۆ دکتۆری پێشکەوتوو (أقدم) بوو، بە تەمەنیش گەورەتر بوو لە ئێمە، تەنانەت لە ناو شاری دهۆك دکتۆری جەڕاح بووە، لە کاتی نەشتەرگەریدا کارە قورسەکەی دەکرد و دەڕۆیشت دەیگوت ئێوە تەواوی بکەن، بۆ ئەوەی فێربین، چارەسەرەکانیشی بۆیان دەنووسی و ئەوانەی نەخۆشی خۆی بوون بەیانیان و شەو دەیبینین.

لە دۆخی نەخۆشکەوتنی ئەندامانی سەرکردایەتیدا، دکتۆرەکان دەچوون بۆ چارەسەرکردنیان، ئەگەر هەڤاڵ مام جەلال نەخۆش بکەوتایە تەنها دکتۆر شالاو دەچوو چارەسەری بکات کە خەڵکی کۆیە بوو خزمی بوو، کە خۆی لە یاخسەمەر بوو واتە نزیکی هەڤاڵ مام جەلال بوو، واتە دکتۆر شالاو لە نەخۆشخانەکەی ئێمە نەبوو، ئێمە نزیکی هەڤاڵ نەوشیروان مستەفا بووین، لە ڕووداوی ژەهرخواردکردنی هەڤاڵ مستەفا چاورەش، هێنایان بۆ بەرگەڵوو، پکشنینی تاقیگەیی و تیشکمان بۆ گرت، دکتۆر مەحموود سۆرانیشی لەگەڵ بوو، هەندێك چارەسەری بۆ کرا و نێردرا بۆ ئێران، لە ڕووداوێکی دیکەدا مین بۆ دکتۆر فوئاد مەعسووم و هەڤاڵ نەوشیروان دانرا، تێیدا دکتۆر فوئاد مەعسووم بریندار بوو، چارەسەرمان کرد، هەڤاڵ نەوشیروانیش بە سووکی بریندار بوو، لەگەڵ دکتۆر شوان چووین چارەسەری بکەین ڕازی نەدەبوو دەیگوت برینەکەم سووکە چارەسەرم پێویست نییە.

لە نەخۆشخانەکە ئەگەر کەسێك ئامادەبووایە خوێنمان لێ وەردەگرت، زۆر جاریش دەچووین لە زیندانەکە پرسیارمان لە لە سەربازە دیلەکانی حکومەت دەکرد، ئەوەی ڕازی بووایە خوێنمان لێوەردەگرت، ئەوانیش بە ڕیز دەهاتن خوێنیان دەبەخشی، بەپێی

گرووپەکانی خوێن هەڵمان دەگرت، لە دۆخی نەمانی خوێندا ناچار خۆمان خوێنمان دەبەخشی.

بەوجۆرە تا کۆتایی دوا قۆناغی ئەنفال لە نەخۆشخانەکە بووین تا حکومەت دەستی گرت بەسەر چیای دابانـدا، ئیدی هەڤاڵ نەوشیروان گوتی تەواو بڕۆن، ئیدی هەموو کەرەستەکانی ناو نەخۆشخانەکەمان جێهێشت، هەرچەندە بڕیار بوو پێشمەرگەکانی هەڤاڵ نەوشیروان دوای ئێمە نەخۆشخانەکە بسووتێنن، بەڵام نەیان سووتانبوو، چونکە کە هێزی حکومەت گەیشتە نەخۆشخانەکە بە ڤیدیۆ تۆماریان کردبوو لە تەلەفزیۆن بڵاوکرابووەوە، دایکم پێشتر دەیگوت حکومەت هەرگیز ناتوانێت دەستبگرێت بەسەر بەرگەڵوودا، کە بینیبووی دەستی کردبوو بە گریان.

گەورەترین ناخۆشی ژیانم چوونم بوو بۆ ئێران، ماوەی ساڵێك لەوێ بووم، نەمتوانی بمێنمەوە، هەندێك دەچوون بۆ ئەوروپا، بەڵام من نەچووم، دکتۆر دانای براشم کە پزیشکی شۆڕش بوو لەگەڵم بوو، ئێمە لە سلێمانی حکومەت دەستی گرتبوو بەسەر خانووەکەماندا و لە ساڵی ١٩٨٧ تەختی کردبوو، دایکم و خوشکەکانم بێلانە و جێگەبوون، ئێمە وەکو خوشك و برا زمانی عەرەبیمان دەزانی، ئەو ڕۆژەی هێز دابووی بەسەر ماڵماندا، بەعەرەبی قسەیان کردبوو، پرسیاری من و دکتۆر دانای برام کرابوو، خوشکێکم لەگەڵیان بە عەرەبی قسەی کردبوو، یەکێك لە سەربازەکان پێی دەڵێت باشترە ئەمشەو لێرە نەمێنن، چونکە جاش دێت و ماڵتان تاڵان دەکات، ئیدی دایکم و خوشکەکانم ماڵیان جێهێشتبوو، دواتر دایکم دەستگیرکرا و برابوو بۆ ئەمن و ماوەیەك زیندانی کرابوو، دوای چەند هەفتەیەك ئازاد دەکرێت، کە دێتەوە بێ ماڵ و جێگە دەمێنێتەوە، موستەشارێکیش دەستی بەسەر خانووەکەماندا گرتبوو، باوکم کاتی خۆی فەرمانبەری کۆمپانیای نەوت بووە، لە کاتی خانەنشین خۆی بە خانەنشینی سەربازی نووسی بوو، ئیدی زەوی پێدرا، بانکیش پارەی پێدایـن و ئەو زەوییەمان کرد بە خانوو، من دوای ئەو هەموو ساڵە لە ئەڵمانیاوە بیر لەوە دەکەمەوە و بەخۆم دەڵێم: "حکومەت زەوی پێداین و پارەی پێداین تا بیکەین بە خانوو، خوشکەکانم هەموو زانکۆیان تەواوکرد و لە دامەزراوەکان دامەزرابوون، بیرمە دوو بەفرگر

(ثلاجة) و دوو بەستەر (مجميدة)مان هەبوو پڕ بو لە گۆشت، کەچی ئێمە چووبووینە شاخ و لە دژی وەستابووین، کەچی خولیای کوردایەتی لە مێشکی دابووین، سەرمسووڕماوە لەسەر ئەو هەموو نیعمەتەوە دژیشی بووین!"

ئیدی ئێمە لە ئێرانەوە گەڕاینەوە قەڵادزێ و لەوێ ڕادەستبووینەوە، گوتیان لێرە نیشتەجێ دەبن، لەوێوە گەڕاینەوە بۆ سلێمانی، گوتیان بچن لە (جيش الشعبي) ناو بنووسن و بڵێن ئێمە (عائدون)ین، من چونکە هەرگیز سەربازیم نەکردبوو گوتیان ئێوە لادەر (متخليف)ن، پێویستە بچن سەربازی بکەن، کاتێکم زانی بە تێکدەر (مخريب) ئەژمارکراوین و بردیانین بۆ سەربازی و هەوڵگری سەربازی لە بەغداد لە یەکەی چوار (الشعبة الرابعة)، لەوێ زۆر سوودم لەوە بینی کە زمانی عەرەبیم دەزانی، کابرای لێکۆڵەر (محقيق) گوتی ئەم عەرەبیە باشە لە کوێ فێربووی؟ گوتم من لە هەر لە سەرەتاییەوە بە عەرەبی خوێندوومە بە چاو بەستراوی واژووی پێکردم، لەوێ بردیانین بۆ زیندانی (محجر) کە کۆنترین زیندانی عێراق بوو ئینگلیز دروستی کردبوو، لەوێ بردیانین بۆ زیندانی ئەبوغرێب و لەبەشی زیندانی هەوالگری دانراین، نەك سزادراوان، لەوێ چەندین ئەشکەنجە دراین کە بریتی بوو لە تێهەڵدانی مەمەڕەکان و خۆشتن بە پێنج خولەك و پێدانی خواردنی پیس، وردە ورد بەرگری لەشمان لاواز دەبوو، پایز زیندانی کراین تا بەهار لەو ماوەیە ئاگرمان نەبینی، هێندە بێ هێز بووبووین کە دەیانبردین بۆ بەر هەتاو نەمدەتوانی بە پێوە بوەستم و دەکەوتم، هەموو ڕۆژ پۆست دەهات بۆ زیندانەکە بە لیست ناوی تێدابوو، من لەو لیستانەدا بووم ناردیانم بۆ ئینزیباتی و بەر لێبووردنی گشتی کەوتم، تا شەڕی کوەیت و ڕاپەڕینی بەسەردا هات.

چووم لە نەخۆشخانەی چوارباخ دەستم کرد بە کارکردن، تا دکتۆر شوان و هەڤاڵان هاتنەوە، دەزگای تەندروستییان دروست کرد و داوایان کرد بچم لەگەڵیان کار بکەم، منیش ڕۆیشتم، بەشێك لە دکتۆرەکان چووبوون بۆ ئەوروپا و هەندێك لە ئێران مابوونەوە و هەندێکیش هاتنبوونەوە بۆ سلێمانی.

لە دەزگای تەندروستی بووم بە لێپرسراوی بەشی سلێمانی، لەگەڵ ئەوەدا خانوومان نەبوو، بێ جێگە و ڕێگە بووین، چەندین جار بە دکتۆر شوانم گوت دۆخمان زۆر خراپە و بە هەڤاڵ مام جەلال بڵێ، بەڵام ئەو هەرگیز حەزی بە داواکاری نەبوو، هەر بۆیە ئێمەی دکتۆرەکانی شۆڕش وەکو بێ باوك وابووین، مووچەیەکی کەممان هەبوو، زۆر بێ خزمەتگوزاری بووین، نە ئاو هەبوو نە کارەبا، بڕیارمدا بچم بۆ ئەوروپا و لە ساڵی ١٩٩٨ کوردستانم بەجێهێشت و گەیشتمە سوید و دوو ساڵ و نیو لەوێ بووم، دواتر بە گوێرەی ئەوەی پەنجەمۆرم هەبوو لە ئەڵمانیا گەڕامەوە ئەڵمانیا، لەوێ ویستم پەرە بەلایەنی تەندروستی بدەم، داوای بڕوانامەیان لێکردم، بەو شێوازەی ئەوان دەیانویست نەمبوو، ناچار دەستم کرد بە کارکردن و چووم لە خەڵوەتگەی پیری ساڵێك کارم کرد، دواتر چووم لە کارگەیەك دەستم بە کارکردن کرد و هەتا ئێستا کە ٢٠٢٣یە بەردەوامم.

لە ساڵی ١٩٨٦ ژیانی هاوسەرگیریم پێکهێنا و بێ ویستی خۆم ژنیان بۆ هێنام بۆ سەرگەڵوو، لە ڕووی تێگەیشتنەوە زۆر لەیەکەوە دووربین، کچێکمان بوو ناوماننا سۆما کە لە هۆنراوەیەکی مامۆستا شێرکۆ بێکەسەوە ناوەکەم دەرهێنا و دواتر کوڕێکی دیکەمان بوو ناومانا سروود، دواتر لە هاوسەرم جیابوومەوە، ئەرکی پێشمەرگایەتیشمان لەسەر نەما، چونکە وەکو پاتری (پیل)ێك بەکارهێنراین و خەڵکی دیکە چووە شوێنمان، ساڵی ٢٠١٠ لە ئەوروپا بە ڕێکەوت چووم لە وڵاتی مەغریب هاوسەرگیریم کرد، ئەوەی جێگەی داخە دایکم تا مرد کرێچی بوو، ئەو خانووەی بۆ نەگەڕایەوە کە لێیان سەندبوو(٥٨).

---

(٥٨)- چاوپێکەوتن لەگەڵ نەوزاد نوری محەمەد ڕەسووڵ (د. نەوزاد)، ٢٠٢٣/١/٢١.

## نەوزاد ئەحمەد محەمەد عەلی (دکتۆر ڕێبوار)

لە ساڵی ١٩٥٧ لە شەقلاوە لە دایکبووم، قۆناغەکانی خوێندنم لەوێ تەواو کردووە، پاشان، خوێندنی پەیمانگای پزیشکیم لە ساڵی ١٩٧٩ لە بەغداد تەواوکردووە، دواتر بەشداری کاری ڕێکخستن و پێشمەرگایەتی بووم و لە سنووری مەڵبەندی سێ.

من سەرەتا پەیوەندی بە ڕێکخراوی کۆمەڵە کرد لە دۆڵی بالیسان کە هەڤاڵ عەبدولڕەزاق لێپرسراوی ڕێکخراوەوەکە بوو، گوتی نەخۆشخانەیەکی نوێمان کردەوە، پێویستمان بە کادیری پزیشکییە بۆ نەخۆشخانەی مەلەکان، چونکە سەرکردایەتی شۆڕش پێشبینی هێرشی زیاتر و فراوانتری ڕژێمی کردبوو، بۆیە بڕیاری کردنەوەی نەخۆشخانەیەکی دیکە درا، ئێمە چەند هەڤاڵێك چووینە نەخۆشخانەی مەلەکان و دەستمان بە کارکردن کرد کە هەتا دوای ئەنفال بەردەوام بووین، ئەو هەڤالانەش بریتی بووین لە: (دکتۆر هەڤاڵ، بەندە، دکتۆر فەرهاد، دکتۆر محەمەد حاجی، دکتۆر کەنعان - هەژار، دکتۆر نەوزاد، دکتۆر هونەر و مامۆستا هیوا)، کاری ئێمە بەبێ جیاوازی بریندار و نەخۆشی هەموو لایەنە سیاسییەکانمان چارەسەر دەکرد، کە ئەوە هەستێکی شۆڕشگێڕانە و کوردانە بوو، هەروەها بێ جیاوازی خەڵکی ناوچە ئازادکراوەکان چارەسەر دەکرا.

نەخۆشخانەکانی مەڵبەندی سێ بریتی بوون نەخۆشخانەی (خەتێ) لە گوندی خەتێ لە دۆڵی بالیسان کە دکتۆر زریان و چەند کارمەندێکی تەندروستی سەرپەرشتییان دەکرد، هەروەها نەخۆشخانەی (مەلەکان) کە لە ئەشکەوتێکدا بوو دکتۆر هەڤاڵ و چەند کارمەندێکی تەندروستی بەڕێوەیان دەبرد لە ساڵی ١٩٨٧ دروستکرا، هەروەها هەر تیپێکی سنووری مەڵبەندی سێ کارمەندێکی تەندروستی هەبوو، کە سەرپەرشتی کەرتی تەندروستی تیپەکەی دەکرد.

ی.ن.ك لە خەباتی شاخ و پێشمەرگایەتیدا گرنگی زۆری بە لایەنی تەندروستی پێشمەرگە دابوو، بۆ ئەم مەبەستەش چەندین نەخۆشخانەی لە مەڵبەندەکان و ناوچە ئازادکراوەکان بەپێی توانی ئەو سەردەمە بوونیاد نابوو، جگە لەوەی لە هەر تیپێکی

هێزەکانی پێشمەرگەدا کادیرێکی پزیشکی دانابوو، کە ڕۆڵی پزیشکی ئەو تیپەی دەبینی، یەکێك لەوانە بوونیادنانی نەخۆشخانەی شۆڕش بوو لە گوندی مەلەکان، لە سنووری مەڵبەندی سێی هەولێر.

ئەوەبوو لە دوای کۆتایی هاتنی دانوستانی ی.ن.ك و حکومەتی عێراق لە دوای ساڵی ١٩٨٥ لەبەر فراوانبوونی ناوچە ئازادکراوەکان و زۆری چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگە بە بڕیاری مەڵبەند و بەپشتیوانی خوودی هەڤاڵ کۆسرەت ڕەسووڵ لەسەر پێشنیار و بە هیمەتی دکتۆر زریان و هاوکاری دەستەیەك لە پزیشك و کادیری تەندروستی پێشمەرگە نەخۆشخانەی مەلەکان لەناو ئەشکەوتێکی قایم و تۆکمە بەپێی توانای ئەو سەردەمە بوونیادنرا.

نەخۆشخانەکە لە ژوورێکی ١٠ قەرەوێڵەیی پێکهاتبوو، لەگەڵ ژوورێکی تیمارکردن و ژوورێکی تیشك، کە تیشکی تێدا وەردەگیرا، بەو ئامێرەی کە چەند پێشمەرگەیەکی قارەمان لە چالاکییەدا لە شارەدێی تەقتەق دەستیان بەسەرداگرت، ئامێری تیشکەکە گواسترایەوە بۆ نەخۆشخانەی مەلەکان، کە سوودێکی زۆر باشی هەبوو بۆ بریندارەکانی هێزی پێشمەرگە، نەخۆشخانەی مەلەکان لە سەردەمی خەباتی شاخ و پێشمەرگایەتیدا ڕۆڵێکی گەورەی و بەرچاوی هەبوو لەچارەسەرکردنی بریندارەکانی هێزی پێشمەرگە، ئەگەرچی پێداویستییە پزیشکییەکان کەم بوون، ئەوەی هەشمان بوو بە ڕێگەی قاچاخ یاخود لە ڕێگەی ڕێکخستنە نهێنییەکان بۆمان دەهات، بەلام لە نەخۆشخانەی مەلەکان دڵسۆزانە پێشمەرگەی هەموو لایەنە سیاسییەکان بەرگری میللی و جەماوەری ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستانمان بەبێ جیاوازی چارەسەر و تیمار دەکرد.

لە گەرمەی هێرشەکانی شاڵاوەکانی ئەنفالدا لە کۆتایی مایسی ساڵی ١٩٨٨ کە کرایە سەر سنوورەکانی مەڵبەندی سێ، بەپێی توانا تەندروستییەکان توانیمان خزمەتێکی باشی بەرەکانی شەڕ بکەین، هەر لە شاخی هەڵەموند و بێترخێن لە سنووری بەرەکانی شەڕی وەرتێ تا دەگاتە چیای هەندرێن و شاخی کێل کێل و سەری جوانەگا و ڕەشکی لەسەر و دۆڵاکۆی ڕەواندز و دۆڵی مەلەکان، هەرچی برینداری ئەو بەرانەی شەڕ هەبوو، بەمەبەستی

چارەسەرکردن بە سواری ولاخ، دەهێنرانە نەخۆشخانەی مەلەکان، ئێمە کۆمەڵێك دکتۆر و کادیری تەندروستی بووین، ئەوەی لە دەستمان بهاتبایە بۆ چارەسەری پێشمەرگە قارەمانەکان دریغیمان نەدەکرد.

کادیرانی تەندروستی نەخۆشخانەکە بە گشتی بریتی بووین لە: (دکتۆر زریان، دکتۆر هەڤاڵ، دکتۆر عەبدولقادر، دکتۆر حسێن، دکتۆر فەرهاد، دکتۆر خدر، دکتۆر هونەر، دکتۆر نەوزاد عەباس، دکتۆر محەمەد حاجی، دکتۆر هەژار، دکتۆر کارووخ و بەندە دکتۆر ڕێبوار)، جگە لەوەی دکتۆری مەڵبەندەکانی دیکەش ماوەیەك هەندێکیان هاوکارمان بوون وەکو: (دکتۆر فایەق گوڵپی و دکتۆر جەلال)، هەروەها دکتۆری تیپەکانیش زۆر جار سەرەڕای ئەرکی تیپەکانیان هاوکارێکی باشی نەخۆشخانەکەمان بوون، ئەوەی جێگەی داخە زۆر جار لەبەر دووری ڕێگا و سەرختی ڕێگا و بە زەحمەت گواستنەوەیان پێشمەرگە بریندارەکانمان پێش گەیشتنیان بە لای ئێمە شەهید دەبوون، یاخود هەندێکیان لەبەرچاوی ئێمە شەهید دەبوون، کە ئەو دیمەنانە زۆر ئازاری دەداین.

چەند بریندارێك ئەوانەی ناوەکانیانم بیر ماون، ماوەیەکی زۆر لای ئێمە لەگەڵ ئازاری برینەکانیان بووبووین بە هاوڕێ لەوانە: (لوقمان حاجی کاملا، عەبە بچکۆل، موحسین سەرانەیی، شاسوار، حەمەد عەزیز ڕابیێ، دڵشاد ماویانی و ڕەحمان کەزیانی)، لەگەڵ چەندین پێشمەرگەی دیکەی (پ.د.ك) و حزبی شیوعی و پاسۆك، ماوەیەکی زۆر بەدەم ئازار و ناڕەحەتی برینەکانیان لە نەخۆشخانەی مەلەکان لە ژێر چاودێری و چارەسەری پزیشکی مانەوە، برینی هەندێکیان سارێژ بوو، دواتر گەڕانەوە بەرەکانی شەڕ یان کەسوکایان، هەندێکیشیان لەبەر سەختی برینەکەیان هەر لای ئێمە مانەوە، هەتا چەند ڕۆژێك بەر لەوەی بڕیاری پاشەکشە بدرێت، واتە کۆتا پرۆسەی ئەنفالەکان ئەوە بوو بە زامداری و بەناچاری ڕەوانمان کردن بۆ ئێران.

ئەو ماوەیەی لە نەخۆشخانەی مەلەکان بووم زۆر دیمەنی ناخۆش و ناخهەژێنم بینیوە، کاتێك چارەسەری بریندارێکمان دەکرد زۆر دڵخۆش دەبووین، بەڵام کاتێك کە پێشمەرگەیەك شەهید دەبوو لە ناخەوە ئازارمان دەچەشت، لە ڕووداوێکدا لە هێرشەکەی سەری جوانەگادا

کە لە شەوی ٧ لەسەر ١٩٨٨/٦/٨ کۆمەڵێك پێشمەرگەی تیپی ٩١ سەفین شەهید بوون، کە یەکێکیان (هۆشەنگ)ی برام بوو، لەگەڵ تەرمی پێشمەرگەیەکی دیکە بەناوی (ئازاد سالح) کە خەڵکی شارەدێی هیران بوو، تەرمەکانیان هێنایانەو لای من، دۆست و خزم و کەسوکاری شەهیدانی دیکەش بەداویاندا هاتبوون، زۆر بە داخەوەم بۆ ئەو ڕۆژە تاڵە، کە هەرگیز لە بیرم ناچنەوە.

لە ڕووداوێکدا پێشمەرگەیەکی تیپی ٩١ی سەفین بە ناوی هەڤاڵ لوقمان لە زۆر بە سەختی بریندار بوو، ڕانی شکابوو، پێویستی بە ڕاکێشان بوو، بەردمان کرد پەڕۆوە بە قاچیدا هەڵمانواسی تا ئێسکەکانی بێنەوە شوێنی خۆی تا چاك ببێتەوە ئەو ڕاکێشانە پێویستی بە کات بوو بە جۆرێك شەش مانگ لای ئێمە مایەوە تا چارەسەر بوو ئەو بریندارە لەلایەن دکتۆر هونەرەوە سەرپەرشتی دەکرا، هەروەها هەموو خزمەتێك دەکرا، چونکە شەش مانگێك لەسەر پشت لەسەر جێگە بوو، تەنانەت دەبوو لە پیساییش پاکی بکەینەوە، لە ڕووداوێکی دیکەدا کادیرێکی ڕێکخستن بە ناوی هەڤاڵ عەبە بچکۆل لە تۆپبارانی خەتێ بە سەختی بریندار بوو ماوەیەکی زۆر لای ئێمە مایەوە تا چارەسەرمان کرد. پێش پرۆسەی ئەنفال بە بڕیاری سەرکردایەتی ئەو بریندارانەی دۆخیان خراپ بوو گواسترانەوە بۆ بۆ ئێران، چونکە دەزانرا دەبن بە بارگرانی، ئەوەی لە توانامانـدا بوو خەڵکی ناوچە ئازادکراوەکانیش کردمان.

لە سەروبەندی ئەنفال ١٩٨٨/٥/٢٣ بۆ سەر سنووری مەڵبەندی سێ، ڕژێم بە چەکی کیمیایی بۆردومانی دۆڵی ئاکۆیان و دۆڵی مەلەکان و دۆڵی بالیسانی کرد، خەڵکێکی زۆر بریندار بوون، هەندێك پێشمەرگەی لقی دووی (پ.د.ك)یش لەوێ بوون، بۆمبێك لە پێشی بارەگایانی دابوو، لە کاتی بەرکەوتنی چەکی کیمیایی شوێنی تەڕ ڕاستەوخۆ دەسووتا، بۆ نمونە هەبوو پێش بۆردومانەکە دەستنوێژی گرتبوو ئەو کەسە دەست و دەموچاو و قاچی دەسوتا، یان شوێنی پشتوێن کە ئارەقی دروست دەکرد، لەو ڕووداوە هەم پێشمەرگە و هەم خەڵکی ناوچەکە ژمارەیەکی زۆر بەرکەوتن، بیرمە کوڕێك بە ناوی نەجمەدین خۆی و دایکی بەرکەوتبوون، هەموو لەشیان سووتا بوو بە گازی خەردەل و گازی دەمار، هەر یەك لەو

چەكانە بە ڕێژەی جیاواز كاریگەری لەسەر خوێن و دەمار و پێست دەكرد، چەكی خەردەل زۆر مەترسیدار بوو كە كاری سووتان بوو، ئەندامەكانی دەرەوەی لەشی دەسووتان دواتر كە هەڵدەمژرا ناوەوەی قورگ و بۆری هەناسە و سییەكانی دەسووتان، زۆر جار ڕژێم دوو جۆر گازی پێكەوە بەكاردەهێنا تا ئێمە بە ئاسانی و خێرایی نەتوانین دەستنیشانی بكەین و سەرمان لێ بشێوێت تا زۆرترین زیان بكەین، پێشتریش هەندێك هاوڕێی ئێمە خولێكی خۆپاریزی چارەسەركردیمان لەسەر چەكی كیمیایی بینی بوو، كە هاتنەوە مەلزەمەیەكیان پێ بوو زانیارییەكانیان بە ئێمەش گوتەوە، چەندینی زانیاریمان وەرگرت، هەندێك دەرمانیشمان وەرگرتبوو، كە سەركرایەتی هەندێكی لە ئێران و هەندێكی لە ڕێگەی ڕێكخستنەكانەوە پەیداكردبوو، ئەوەی كە لە بیرم ناچێ ئەو دایك و كوڕەمان لە ژێر چادرێك درێژ كردبوو لە كاتی چارەسەركردن دایكەكە كۆچی دوایی كرد، منیش بۆ ئەوەی كوڕەكەی هەستی پێ نەكات بە چپە بە هاوڕێكانم گوت، قسە مەكەن، كوڕەكەش گوێی لێ بووبوو، گوتی تێگەیشتم دكتۆر دایكم مرد! لەبەرئەوە دەڵێی قسە مەكەن، ئەو ڕووداوە تا ئێستاش كاریگەریی لەسەرم هەیە و بیرم ناچێتەوە، دواتر لە ساڵی ١٩٨٩ ئەو كوڕەم لە ئێران بینییەوە تووشی تەنگەنەفەسی بووبوو، بەڵام دواتر بەهۆی كاریگەریی كیمیاییەوە گیانی سپارد.

هێرشی ڕژێم ماوەی سێ مانگ بەردەوام بوو، تێیدا چەندین چەكی جۆراجۆری تێدا بەكارهات، ڕژێم توانی دەست بەسەر چەند شوێنێكی مەڵبەندی سێدا بگرێت، دوای ڕژێم ئەوەی پلانی هێرشی بەرفراوانی داڕشت، لە مەڵبەند كۆبوونەوەیەك كرا، دۆخەكە و ژمارەی چەك و ڕێژەی خواردنی بەردەست هەڵسەنگێنرا، ئەگەری پاشەكشە هاتە گۆڕێ، ئەو پێشمەرگانەی خێزان و منداڵی لەگەڵ بوو داوا كرا بینێرنەوە شارەكان، چونكە دەبوون بە بارگرانی، پێشتریش یەكێك لە خاڵە نەرێنییەكانی شكستی شۆڕشی ئەیلول بوونی ژمارەیەكی زۆری خێزان و منداڵ بوو لە شاخ، پاشان ئێمە بڕیاری پاشەكشەماندا بە هەموو مەڵبەند و تیپەكانی ئەو سنوورە نزیكەی هەزار كەسێك مابووین، ئێمە دكتۆر هونەرمان ڕاسپارد بچێت قسە لەگەڵ هەڤاڵ كۆسرەت ڕەسووڵ بكات، ئەویش گوتبووی چاوەڕێی فەرمانی ئێمە بن و جارێ لە نەخۆشخانە بمێننەوە.

ئێمە لەوێ وەك بەرپرس هەڤاڵان: (کۆسرەت ڕەسووڵ و عەبدولڕەزاق، سەفینی مەلا قەرە، فەرەیدوون عەبدولقادر و شێخ جەعفەر)مان لەگەڵ بوو، هەروەها دکتۆر هێمن لەگەڵ هەڤاڵ فەرەیدوون هاتبوو، دواتر لە ڕووداوی ئۆتۆمبێل شەهید بوو، ئێمە لە (دکتۆر هێمن)مان پرسی ئێمە لە کاتێکدا سەرقاڵی پاشەکشەین و دۆخەکە شڵەژاوە بۆچی لەگەڵ هەڤاڵ فەرەیدوون هاتوون، گوتی منیش نازانم، شەو دانیشتبووین گوێمان لە ڕادیۆیەك گرتبوو، باسی لەوە کرد کە دانوستانی نێوان ڕژێمی عێراق و کورد لە گۆڕێدایە، کاتێکیش پرسیار لە هەڤاڵ فەرەیدوون کرا، گوتی بەڵێ بوونی هەیە و منیش لە نێردەکەدام و دەگەڕێمە خوارەوە، ئێمە ئەو هەواڵەمان پێ خۆش بوو، چونکە پێمان باش بوو پشوویەك بدەین و هێزمان بەبەربێتەوە و خۆڕێکبخینەوە، ئیدی خەڵکی دڵسۆز لە شارەکانەوە خۆی گەیاند بە مەڵبەند گوتیان هێزێکی زۆر لە شەقلاوە و خەلیفان و سۆران کۆبوونەتەوە و هەر وا هێز بەڕێوەیە، ئیدی تێگەیشتین ئەو دەنگۆی دانوستانە بۆ خاوکردنەوەی پاشەکشەی پێشمەرگەیە تا حکومەت چواردەوری هێزەکانی مەڵبەندی سێ بگرێت و کۆمەڵکوژیان بکات، بۆیە بڕیاری پاشەکشە درا.

بە بڕیاری مەکتەبی سیاسی لە کۆتایی مانگی ١٩٨٨ پێویستە هەرچیمان هەیە بیسوتێنن و بیتەقێننەوە و لە کاتی دیاریکراو بگەینە شوێنی مەبەست، کە چووین کە هەڤاڵ کۆسرەت و هێزەکەی لە پشتی کاروخ بوون، لەوێوە بۆ ئێران بە ڕێکەوتین، دەبوو هەر ئەو ڕۆژە بپەڕینەوە چونکە هەڤاڵ کۆسرەت زانیاری هەبوو کە ڕژێم سبەی دەگاتە شوێن و بارەگاکانی پێشمەرگە و ئەستەمە ڕزگاربین، بۆیە پەلەیان لێ کردین تا گەیشتینە بناری شاخی کونەکۆتر، لەوێ بەرەیەکی دیکە کرایەوە کە هەڤاڵ ئازاد هەورامی سەرپەشتی شەڕەکەی کرد، کاتێك ڕژێم زانی هێزەکانی مەڵبەندی سێ لە شوێنی خۆیان نەماون، ڕژێم زۆر هەوڵیدا شاخی کونەکۆتر بگرێت، چونکە بە کلیلی ڕێگای دۆڵی باڵەییان بۆ بناری قەندیل، ئەگەر ئەو شاخە بگیرابایە ئەو هێزەی پێشمەرگە لە بناری قەندیل و سەر سنوورەکان هیچی دەرنەدەچوو، بۆیە پێشمەرگە بەرگرییەکی قارەمانانەی کرد، بەداخەوە شەهیدی زۆرمان بەخشی، واتە شەڕی کونەکۆتر شەڕێکی مێژووییە نابێت لە یاد بکرێت، ڕژێم ژمارەیەکی زۆری سەرباز و جاشی لێ کوژرا، پاش شەڕێکی چەند ڕۆژە ڕژێم داخی تێکچوونی پلانەکەی

کە بریتی بوو لە گەمارۆدانی هێزەکانی مەڵبەندی سێ بە شاخی کونەکۆتر ڕشت، ئیدی لە توانامان نەما و بڕیاری پاشەکشەمان دا، ئێمە وەك و کادیرانی تەندروستی چەند کەرەستەو دەرمانی کەممان پێ مابوو، هەروەها کادیری تەندروستیمان کەم مابوونەوە، چونکە هەندێکیان خێزان و منداڵیان هەبوو گەیاندبوویان بە ئێران، بیرمە لەو سنووورە هەر من و دکتۆر هێمن بووین، دواتر دکتۆر زریان و دکتۆر خدر لە دیوی ئێرانەوە بە هانای شەڕەکە هاتنەوە.

پاشان چووینە ئەودیوی سنوور و هەتا ١٩٩١ بارەگاکانمان لەو سنوورانە بوو، دواتر لە ئێران چەند ئۆردوگایەکیان لە ئێران بۆ ئەوانەی کە خێزانیان هەبوو کردەوە، مانگی سووری ئێرانی خواردن و کەلوپەلی دابەش دەکرد، نەخۆشی بڵاوبووەوە ئێمە دەستمان بە چارەسەر کرد و بەهۆی پەیوەندییەکانی دکتۆر کەمال خۆشناو کە بەرپرسی پەیوەندییەکان بوو چادرگە و دەرمانی بۆ پەیداکردین و بنکەیەکی تەندروستیمان دانا و دکتۆر زریان و دکتۆر شوان سەردانیان دەکردین، ئەوەی پێمان کرا لە خزمەتی خەڵك درێغیمان نەکرد و هەڵمەتێکی خەتەنەکردنی منداڵانمان دەستێکرد، ئەگەر نەخۆشێك لای ئێمە چارەسەر نەکرایە ڕەوانەی نەخۆشخانەکانی ئێرانمان دەکرد، هێشتا شەڕی عێراق - ئێران بە تەواوی نەوەستابوو، هێندەی نەمابوو عێراق پیرانشەهر بگرێت، ئێمەش بەرەو سنووری نەغەدە هەڵهاتین، واتە هێندەی نەمابوو شەڕ بوەستێ عێراق لە کۆششی بە دەستهێنانی زۆرترین خاکدا بوو تا دواتر بیکات بە کارتی فشار لەسەر ئێران، ئێمە ئەو شەڕەمان بە چاوی خۆمان بینی، تۆپی عێراق دەگەیشتە پیرانشار.

کە هاتینەوە ئەوەی بەلامەوە جێگەی پرسیار بوو لە ئەمنی شەقلاوە فایلێکی ڕژێمم بەرچاو کەوت، کە تێیدا زانیاری تەواوی لەسەر من تێدا بوو، تەنانەت ئەو ناو و نازناوی کە لە خۆمان نابوو زۆر بە نهێنیمان دەزانی تێیدا بوو، ئیدی دوای ڕاپەڕین، هەڤاڵ کۆسرەت داوای لێکردم ئەرکی نەخۆشخانەی شەقلاوە وەربگرم و سەرپەرشتی بکەم، کە مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی بەرەی کوردستانی لەوێ بوو، دواتر کە ڕژێم دەستی پێکردەوە، من چەند ڕۆژێك سەردانی خانەوادەکەم لە ئێران کرد، کە گەڕامەوە بە داخەوە بینیم

نەخۆشخانەکە لەلایەن خەڵکەوە تاڵانکراوە و هیچی تیانەماوە، دواتر دووبارە لە ڕێگەی چەند ڕێکخراوی پزیشکانی بێسنوور و خاچی سوورەوە کە لە شەقڵاوە بارەگایان هەبوو داوام لێکرد نەخۆشخانەکەم بۆ ئاوەدان بکەنەوە، لیستێکم بۆ کردن و بۆیان دابینکردین، ئیدی لە دوای کۆڕەو کە کارمەندانی پێشووی ئەو نەخۆشخانەیە لە ئێرانەوە هاتنەوە ڕادەستمان کردنەوە، لێرەوە من ئەو ئەرکەم نەما و چوومە کۆمیتەی ڕێکخستنی شەقڵاوە، دواتر بۆ هێزی یازدەی سەفین گواسترامەوە کە هەڤاڵ سەفینی مەلا قەرە سەرپەرشتی دەرکرد، دواتر کە حکومەتی هەرێم پێکهات بۆ هێزی سوپای یەکگرتووی کوردستان لە هەریر گواسترامەوە، دواتر لەگەڵ هەڤاڵ عەبدوڵلا بۆر کەوتمە سنوورەکانی ڕەواندز تا دوای شەڕی ناوخۆ و پرۆسەی ئازادی عێراق، لە ٢٠٠٣ خولی کۆلێژی سەربازی قەلاچوالانم تەواوکردووە، لە ساڵی ٢٠٠٤ کە هێزێکی پاسەوانی سنووری پێکهێنرا لەسەر بڕیاری فەرماندەی گشتی پێشنیار کرا بچمە پاسەوانی سنوور لە بارەگای فیرقەکە ئەرکی فەرماندەیی ناوچەی یەك بوو، هەتا ٢٠١٢ لەوێ بووم دواتر بۆ فەرماندەیی گشتی پێشمەرگە گواسترامەوە، لە ساڵی ١٩٩١ ژیانی هاوسەرگیریم پێکهێنا و باوکی دوو کچ و دوو کوڕم[٥٩].

---

[٥٩]– چاوپێکەوتن لەگەڵ نەوزاد ئەحمەد محەمەد عەلی (د. ڕێبوار)، ٢٠٢٢/٨/٢٤.

# نوری خزر ئیبراهیم خزر (دکتۆر نەبەز)

لە ساڵی ١٩٥٢ لە شاری هەولێر لە دایکبووم، قوناغەکانی خوێندنم لە شاری هەولێر تەواوکردووە، خێزانی ئێمە لە ڕووی داراییەوە هەژار بووین، لە ساڵی ١٩٦٨ ئۆتۆمبێلی سەربازی لە باوکمی دا و گیانی سپارد، ناچار دەستبەرداری خوێندن بووم و چوومە سەربازی، دواتر لە ساڵی ١٩٧٤ بووم بە پێشمەرگە، دوای شۆڕش چوومەوە بەرخوێندنی شەوان و ساڵی ١٩٨٢ پەیمانگای تەندروستیم تەواوکرد، ساڵی ١٩٧٧ پەیوەندیم بە ڕێکخستنەکانی (کۆمەڵە)وە کرد و ساڵی ١٩٧٩ بووم بە ئەندامی (کۆمەڵە)، لە ڕێکخستنەکانی شاردا کارا بووم، پەیوەندی ڕێکخستنی شارم لەگەڵ شاخدا گرێ دەدا، دواتر لە ١٩٨٢-١٩٨٤ هەر لە شاردا وەکو پێشمەرگەی نهێنی لە هەولێردا بووم فەرمانبەری حکومەتیش بووم لە کەرتی تەندروستیدا، ساڵی ١٩٨٤ چوومە شاخ و بووم بە پێشمەرگە، دواتر بەشداری کۆنفرانسی سێی (کۆمەڵە) کرد.

ساڵی ١٩٨٥ چوومە بەڕانەتی و دواتر چوومە دەشتی هەولێر و بووم بە دکتۆری تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر، لە کاتی چالاکییەکاندا من چارەسەری برینداەکانم دەکرد و لەلای برینداەکان دەمامەوە، چونکە پێشتر دکتۆر مەزن لەوێ بوو، من چوومە شوێنەکەی ئەو، لە ڕووداوێکدا هەڤاڵ قارەمان شینە بریندار بوو، پێویستی بە خوێن بوو، لەو ڕووداوە دکتۆر خالیدیشم لەگەڵ بوو کە دکتۆری تیپی ٨٧ بوو، بۆ ئەو برینداره من خوێنم لە هەڤاڵ سەردار و هەڤاڵ شێرۆ ڕێباز وەرگرت، دواتر بەشی نەکرد، ناچار خوێنی خۆم پێ بەخشی، دواتر پلازمام پێ بەخشی، دواتر بەشداری تەواوی شەڕەکانی سنووری دەشتی هەولێرم کرد، من لە یەك جانتاوە کاری دوو تیپم دەکرد، پێشمەرگەکان وایاندەزانی جانتاکەی بەشی هەمووان دەکات، هەرچەندە من یارمەتی گوندنشینەکانم دەدا، زۆر جار پێشمەرگەکان ڕەخنەی ئەوەیان لە من دەگرت کە هێندەی پێشمەرگە خەمی گوندنشینەکانم بووە و نیوەی دەرمانەکانم بۆ نەخۆشی گوندنشینان تەرخانکردبوو، کە بەشێکی زۆری ئەو دەرمانانە پەیوەندی بە سەرکێشی دایکمەوە هەبوو کە لە شار بۆی پەیدا دەکردم.

کارێکی دیکەی من بریتی بوو لە گواستنەوەی بریندار، واتە دوای ئەوەی بریندارەکەم چارەسەر دەکرد و خوێن و موغەزیم پێ دەدا، دواتر بە گوێدرێژ بۆ سماقووڵی یان بالیسانم دەگواستەوە، هەموو ئەو کارانەم بە تەنها دەکرد و بە ڕێگای سەرەکی حکومەتدا دەمپەڕاندەوە، زۆر جاریش بە شەو ئەو کارەم دەکرد، ناخۆشترین کاتەکان ئەو کاتانە بوو کە تووشی کەمین دەبووین، کە لە ڕاستید زۆر مەترسیدار بوو.

زۆر جار گوندشینەکان نەخۆش دەکەوتن دەهاتن بۆ لام، منیش ڕەچەتەیەکم بۆ دەنووسی و کەسوکاری دەچوون لە شار بۆیان دەهێنام، کە دەیانهێنا من نیوەیم بۆ نەخۆشەکە بە کاردەهێنا و نیوەکەی دیکەیم بۆ پێشمەرگە هەڵدەگرت، یاخود بە نهێنی نامەم دەنارد بۆ ڕێکخستنەکان بۆیان دەناردین، یەکێك لەو کەسانەی کە زۆر هاوکارم بوو دایکم بوو نامەم بۆ دەنارد و لە شار دەرمانی بۆ پەیدا دەکردم و بۆی دەناردم، هەرگیز لەوکارانە پەشیمان نیم کارێکی مرۆڤایەتیم کردووە، کە یارمەتی گەلەکەم داوە، سەرەڕای هەموو ڕەخنەکانم، ئێستاش ئەو مێژووە دووبارە ببێتەوە ئەنجامی دەدەمەوە، هەرچەندە لە سەرەتای شۆڕشی نوێدا لەلایەن گوندنشینەکانەوە پێمان دەگوترا ئەو شۆڕشەش کۆتایی دێت، بەڵام ئێمە وەڵاممان دەدانەوە کە ئێمە ناهێڵین شۆڕش وای لێ بێت، چونکە ئێمە وەکو ی.ن.ك بناغەیەکمان دانا کە تا ئێستاش هۆکاری بەهێزی ی.ن.ك بریتییە لەو بناغەیەیە.

لە کیمیابارانەدا چەند برینداڕێك هاتنە لام و چارەسەرم کردن، ئێمە لەو سنوورە چەند دکتۆرێك بووین، لەوانە دکتۆر خالید جەمیل بابان، دکتۆر محەمەد و دکتۆر مەزن گردەسۆری، دکتۆر مەزن لە پێش من لەوێ بوو، هەرچی پەیوەندیدارە بە کەرەستەی پزیشکییەوە ئەوەی هەمان بوو کۆڵەپشتەکەمان بوو، هەروەها لە هەولێرەوە ئامێری پشکنینی خوێنم بۆ هات، موغەزی و پلازمای خوێن و کەرەستەی دوورینەوەی برینم هەبوو، ئێمە بەشداری خولێك بووین کە هەڤاڵ مام جەلال لە یاخسەمەر بۆی کردینەوە، لەوێ چەند پزیشکێکی ئێرانی وانەی پێدەگوتینەوە، دواتر دەمامك و دەرمانی چارەسەری و خۆپارێزی کیمیاییمان وەرگرت، کە گەڕاینەوە من بەر ئەو ناوچانە نەکەوتم کە کیمیاباران کران.

مـن لـە سـنووری دەشـتی هـەولێر کـامێرام هـەبوو، ئەرشـیف و وێنـەی ١٢ سـاڵی خـۆم و پێشمەرگەم ئەرشیف کردبـوو، لـە هێرشـێکی حکومەتـدا بـۆ سـنووری ئێمـە، مـن کامێراکـە و ئەرشیف و وێنەکانم لە ژێر زەویدا شاردەوە، دوای هێرشەکە گەڕامـەوە بەداخـەوە نـەمتوانی بیدۆزمەوە و لە ناوچوو.

بەو شێوازە هەتا شاڵاوەکانی ئەنفال هەر لە دەشتی هەولێر مابووین، دواتـر جیهـازم بـۆ کرا، کە کەسوکارم لەسەر سنوور چاوەڕێم دەکەن، منیش خۆم گەیاندە لای ئـەوان و چووینـە شاری شنۆی ئێران، تـا سـاڵی ١٩٨٩ ماینـەوە، دواتـر چوومـە تورکیـا و سـاڵی ١٩٩٠ لـە تورکیـاوە بەرەو کەنەدا بەڕێکەوتم، لە ساڵی ٢٠٠٤ گەڕامەوە کوردستان و لە هەولێر بـووم بـە ئەنـدامی مەڵبەند و لێپرسراوی کۆمیتە ئیدی تا ٢٠٠٦ لێپرسراوی کۆمیتە بووم، دواتر لە هەڵبـژاردنی ناوخۆیی ی.ن.ك سەرکەوتنم بەدەستنەهێنا، بەڵام هەر بەردەوام بووم تا ساڵی ٢٠١٥ مامـەوە، لەو ساڵەوە گەڕامەوە کەنەدا، لـە ڕووی کۆمەڵایەتیشـەوە لـە سـاڵی ١٩٧٠ ژیـانی هاوسـەرگیریم پێکهێناوە[٦٠].

(٦٠)– چاوپێکەوتن لەگەڵ نوری خزر ئیبراهیم خزر (د. نەبەز)، ٢٠٢٢/١٠/١٧.

# هاوڕێ ڕەحیم کەریم (دکتۆر کامەران)

لە ساڵی ١٩٦٢ لە سەرچناری سلێمانی لەدایکبووم، قۆناغەکانی خوێندنم لە سلێمانی تەواوکردووە، دواتر لە ساڵی ١٩٨٢ پەیمانگای تەندروستیم تەواوکردووە، کە ساڵی ١٩٧٩ کرابووەوە، سەرەتا ناوی (الاعدادیة التضمید في السلیمانیة) بوو، ماوەیەك لەناو نەخۆشخانەی زانکۆدا بوو، ماوەیەکیش لە ناو نەخۆشخانەی (سنگ)ەکەدا بووین، نزیکەی ٣٠ خوێندکاربووین، دکتۆر بەکر بەڕێوەبەری ئامادەییەکە بوو، من لە یەکەم ساڵی کردنەوەیدا وەرگیرام، دەبوو لە نەخۆشخانەکەدا هەموو ساڵێك دوو بۆ سێ مانگ کاری پراکتیکی بکەی تاکو فێری کارەکان ببین، من پێشتر لە ناو شاری کاری ڕێکخستنم کردووە، لە ناو شاردا چەندین جار بەنهێنی پێشمەرگەیان هێناوەتەوە ناو شار و ئێمە چارەسەرمان کردووە، بۆ نمونە لە سەرچنار ئێمە برینداری پێشمەرگەمان بە نهێنی چارەسەرکردووە، جگە لەوەش بە ڕێگای تایبەت دەرمانمان ناردووەتە دەرەوە بۆ شۆڕش.

دوای تەواوکردنی ئامادەییەکە ئێمە سێ هاوڕێ بووین، (من، عەباسی وەستا وەهاب و کاروان عەبدوڵڵا) ئێمە لەلایەن هەڤاڵ وریای وەستا وەهابەوە بەشداری ڕێکخستنمان کردبوو کە هەڤاڵ عەباس برای بوو، ناومان لە سەربازی هاتەوە، منیش پەیوەندیم بە هەڤاڵ وریاوە کرد کە دەمەوێت بچمە دەرەوە، ڕاستەوخۆ چوومە گوندی قزلەر بۆ ماڵی هەڤاڵ وریا کە ڕابەر سیاسی تیپی ٤٧ بوو، لەوێ چووەم کەرتی ڕێکخستن کە هەڤاڵ جەمال دیموکرات لێپرسراوی بوو، هەروەها مامۆستا عەلی کەمال، مامۆستا پێشڕەو و هەڤاڵ بێستوون سابوراوایی لە کەرتەکە بوون.

کاتی چوونە درەوەم بۆ ناو شۆڕش ئەوکاتە بوو کە تیپەکان دروست بوون، من چوومە تیپی ٤٧ی پیرەمەگروون، نازنازی ڕێکخستن بریتی بوو لە کامەران بۆیە لە شاخ نازناوی دکتۆر کامەرانم وەرگرت، کە کۆتایی ساڵی ١٩٨٢ بوو، ئەو کاتە تیپەکان هێشتا بارەکایان نەبوو جەولەمان دەکرد، من کۆڵەپشتی دەرمانم پێ بوو، لەو کاتەدا ئێران هێرشی کردە سەر کوردستانی ڕۆژهەڵات، ی.ن.ك چوو بە هانای هێزە کوردییەکانی ڕۆژهەڵاتەوە، کەرتی ڕێکخستنی ئێمەیان نارد بۆ ئەو شەڕە.

بەو شەڕانە دەڵێن شەڕەکانی ئێران، واتە لە دوای ساڵی ١٩٧٩ زۆرینەی ناوچەکانی کوردستانی ڕۆژهەلات ئازادکرابوون، ئێران دەیویست بیگرێتەوە، کە پ.د.ك هاوکاری دەکرد، بۆیە زنجیرەیەك هێرشی کردە سەر ئەو ناوچانە، چونکە بە دەست حزبی دیموکرات و کۆمەڵەی ئێرانەوە بوون، ئێمە هێزی پشتیوانی بووین، لە ناوچەکانی نێوان سەردەشت تا خانە بەدەستمانەوە بوو، تیپی یازدەی هەورامان نزیکەی ١٠ شەهیدیان دا لەو شەڕانەدا، ئێمە سێ بۆ چوار مانگ لەوێ ماینەوە وەکو تیپی ٤٧ نەچووینە ناو گەرمەی شەڕەکان، ئێمە گەڕاینەوە ناوچەکانی خۆمان تا ناوچەکەمان چۆڵ نەبێت کە بریتی بوو لە دۆڵەڕووت، تا خەڵکی گوندەکان نەڵێن پێشمەرگە بوونی نەماوە، تیپی دیکەیان ناردە شوێنمان لەوانە تیپی ٢١ی کەرکووك، دوای بەهێزبوونەوەی ئێران، توانی دەست بەسەر ئەو ناوچانەدا بگرێتەوە، بەهۆیەوە سنووری ناوچەی هاوتوچۆی ی.ن.ك کەمبووەوە.

دوای ئەو شەڕانە زۆربەی کات من لە دۆڵە ڕووت و دۆڵی جافایەتی و سنووری تیپی ٤٧ی پیرەمەگروونـدا بووم، سەرەتا سەرکردایەتی ی.ن.ك لە ناوزەنگ بوو، دواتر هاتە ناوچەکانی یاخسەمەر و هەڵەدن و سەرگەڵوو و بەرگەڵوو، لەوێ نەخۆشخانەیەکیان بۆ حزبی دیموکرات دامەزراند کە بریتی بوو لە چادرگەیەك، تەنانەت دکتۆری ئەورووپی لێ بووە و هەڤاڵ عەبدولڕەحمان قاسملۆ لەگەڵ خۆی هێنابوونی و نەشتەرگەری گەورەی تێداکراوە.

لە ڕووداوێکدا کۆتایی ساڵی ١٩٨٣ پێشمەرگەیەك فیشەك لە دەستی دەرچوو بوو بەر ناوسکی پێشمەرگەیەك و قاچی پێشمەرگەیەکی دیکە کەوتبوو، هەر زوو چارسەری ئەوە کرا کە بەر قاچی کەوتبوو، ئەوەی دیکە دۆخی زۆر خراپ بوو، دکتۆرێك لەوێ بوو نەشتەرگەری بۆ کرد و منیش یارمەتیم دەدا، بڕیاردرا بینێرن بۆ ناو شار تا بەنهێنی چارەسەری بکەن، بەڵام لە ڕێگا شەهید بوو، هەرچی دەرمانە لە ڕێگەی ڕێکخستنەکانی ناو شارەوە بۆمان دەهات.

تا ساڵی ١٩٨٤ لە دۆڵەڕووت و قزلەر و هەناران و کارێزکلاو و کانی گۆران و چۆخماخ و هەڵەدن و بەرگەڵوو مامەوە، لە گوندەکاندا لە ڕێگای هاتوچۆمان چەند جارێك نەخۆشی گوندنشینانمان چارەسەرکردووە، دکتۆر جەزا کە لە تیپەکەی ئێمە بوو لە شەڕێکدا لە

نێوان (ی.ن.ك) و (پ.د.ك)دا ڕوویدا، پێشمەرگەیەك بە ناوی هەڤاڵ بەختیار بریندار دەبێت دكتۆر جەزا سەری ئۆتۆمبێلێكی دەخات تا بیگەیەنێت بە نەخۆشخانە بێ ئاگا لەوەی كە ئەوە ئۆتۆمبێلێكی بەجێماوی سەر بە (پ.د.ك) بووە، لەلایەن پێشمەرگەكانی (ی.ن.ك)ەوە بەهەڵە تەقەی لێ دەكەن و شەهید بوو، یەكێكی دیكە لە دكتۆرەكانمان دكتۆر ئازاد ئەحمەد بوو كە لە ساڵی ١٩٨٩ شەهید بوو.

ئەو كاتە دۆخێك هاتە پێشەوە بە كۆمەڵێك دەگوترا عێراقچی وەكو هەڤاڵ مەلا بەختیار و هەڤاڵ سالار، جۆرە پشێوییەك دروست بوو، من لەگەڵ هەڤاڵ وریا بووم كە بەهەڵە لەلایەن هێزێكی خۆمانەوە شەهید كرا، من مانگێكی تەواو لەگەڵ هەڤاڵ جەبار فەرماندا بووم، كە لە هەڵەدن بارەگامان دانا و هەڤاڵ بێستوون سابووراوایی و مامۆستا عەلی كەمال و هەڤاڵ جەمالی دیموكرات و مەلا وریا هەڤاڵانی كەرتی ڕێكخستنی تیپی ٤٧ی پیرەمەگروون لەوێ بوون، هەڤاڵ جەبار فەرمان لێپرسراوی ڕێكخراو بوو، لەو كاتەدا بێ ئەوەی ئاگاداربم من لەسەر عێراقچییەكان ئەژمار كرابووم، دوای دروستبوونی ناكۆكیمان لەگەڵ هەڤاڵ جەبار فەرمان ئەوێم جێهێشت و چووم بۆ ئێران، لە ساڵی ١٩٨٥ تا ١٩٨٨ لە تاران مامەوە، لە ساڵی ١٩٨٨ چووم بۆ نەمسا و تا ئێستا لەوێم[٦١].

---

[٦١]– چاوپێكەوتن لەگەڵ هاوڕێ ڕەحیم كەریم (د. كامەران)، ٢٠٢٢/١٢/١٥.

# هۆشمەند عەبدولکەریم بابان (دکتۆر شاڵاو)

لە ١٩٥٦/٣/٣٠ لە شاری هەڵەبجە لە دایکبووە، لە تەمەنی پێنج ساڵیدا لە شاری سلێمانی دەستی بە خوێندنی قۆناغی سەرەتایی کردووە، قۆناغی ناوەندی لە شاری هەولێر و ئامادەیی لە خوێندنگەی (الشرقیة) لە شاری بەغداد لە ساڵی ١٩٧٣ بە پلەی یەکەم تەواوکردووە، ساڵی ١٩٧٤ لە کۆلێژی پزیشکی زانکۆی بەغداد تەواوکردووە، ساڵی ١٩٧٩ تەواوی کردووە، پاشان لەسەر داوای خۆی لە نەخۆشخانەی کۆماری شاری هەولێر دامەزراوە.

لە ساڵی ١٩٧٦ پەیوەندی بە ڕیزەکانی بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستانەوە لە شاری کۆیە کردووە، یەکەم چالاکی کە کردوویەتی بریتی بووە لە بردنی بڵاوکراوەی حیزبی، کە بریتی بوو لە چالاکییەکانی پێشمەرگەی ی.ن.ك بۆ شاری بەغداد و بڵاوکردنەوەی لە هەردوو کۆلێژی پزیشکی و ئەندازیاریدا.

لە تەمموزی ساڵی ١٩٨٠ لە ناوزەنگ پەیوەندی بە ڕیزەکانی (ی.ن.ك)ەوە کردووە، لە ساڵی ١٩٨١ –١٩٨٢ لە دۆڵە ڕەقە نەخۆشخانەی بۆ شۆڕش دامەزراندووە، لەگەڵ شەهید دکتۆر کاوە لە شەڕەکانی قرناقە و پشت ئاشان وەکو پزیشك لەگەڵ هەڤاڵ نەوشیروان مستەفا بەشدار بووە، دوای لێکدانەوەی خەتی گشتی و بزووتنەوە لە یەکێتیی شۆڕشگێڕان لە بالیسان بووە بە ئەندامی مەڵبەند کە هەڤاڵ دکتۆر خەسرەو شاڵی بەرپرسی بووە، دواتر وەکو کادیری شۆڕشگێڕان بەشداری وەفدی دانوستانی بە سەرۆکایەتی هەڤاڵ مام جەلال بۆ بەغداد کردووە.

لە سالانی ١٩٨٤ – ١٩٨٧ لە سورداش، سێروان و یاخسەمەر وەکو بەرپرسی تەندروستی شۆڕش کاری کردووە، هەروەها پزیشکی تایبەتی هەڤاڵ مام جەلال بووە، لە ساڵی ١٩٨٨ بووە بە بەرپرسی مەکتەبی ی.ن.ك لە شاری تاران، لە ساڵی ١٩٨٩ لەسەر ڕەزامەندی هەڤاڵ مام جەلال چووە بۆ دەرەوەی وڵات و بەمەبەستی تەواوکردنی خوێندنی باڵا لە وڵاتی سوید نیشتەجێ بووە، ساڵی ١٩٩٢ وەکو پزیشکێکی سویدی لە شاری مالمۆ دامەزراوە، ساڵی ١٩٩٣ بڕوانامەی دکتۆرای لە پزیشکی هەناویدا بە دەستهێناوە، لە دوای ساڵێك دووبارە دەستی کردووەتەوە بە خوێندن و لە بواری پزیشکیدا و لە بەشی دڵ بڕوانامەی دیکەی بە دەستهێناوە، ساڵی ٢٠١٢ بووە بە پرۆفیسۆر لە بواری پزیشکیدا و بووە بە بەڕێوەبەری بەشی دڵ لە نەخۆشخانەی ساندڤیك و پاڤلێ، لە ٢٠١٨/٨/٣ کۆچی دوایی کردووە و لە شاری کۆیە بە خاکسپێردراوە[٦٢].

---

[٦٢]– زانیارییەکان لە هەڤاڵ ڕەهبەری سەیید ئیبراهیم وەرگیراوە، ٢٠٢٢/٨/٢.

# هونەر محەمەد مەولود (دکتۆر هونەر)

ساڵی ١٩٥٤ لە شەقلاوە لە دایکبووم، کوڕی ئـەدیبی کـورد محەمـەد مـەولود (مـەم)م، لـە قۆناغی سەرەتایی هۆنراوەیەك هەبوو لە پۆلی سێی سەرەتایی لەسەر دایك هی بـاوکم بـوو، ماڵی ئێمە هەمیشە ئـەدیبانی کوردی لێبـوو وەکو شـێرکۆ بێکـەس، هـەژار موکریـانی، مـام هێمن، مارف خەزنەدار، عەبدولڕەحمان قاسملۆ، من لەو کەشە گـەورە بـووم بۆیـە بـووم بـە پێشـــمەرگە، قۆناغـــەکانی خوێنـــدنم لـــە هـــەولێر تـــەواوکردووە، پـــەیمانگای شـــیکاری نەخۆشییەکانی بەغدادم تەواوکردووە، کە سەر بە وەزارەتی تەندروستی بوو.

بـاوکم هـاوڕێی هـەڤاڵ مـام جـەلال بـوو، پەیوەنـدی لەگـەڵ هـەموو پارتـەکانی هـەموو پارچەکانی کوردستان هەبوو، لەوانە عەبدولڕەحمان قـاسملۆ و عەبـدولڕەحمانی زەبیحـی و عەبـدوڵڵای حەســەن زادە، بـاوەڕی وابـوو پێویسـتە ئـەدیب و هونەرمەنـد بـبێ بـەخاڵی کۆکەرەوەی هـەموو میللەتەکـەی، نـەك ڕەوت و پارتێـك، بۆیـە ئامـادە نـەبوو پێنووسـەکەی دژی هیچ لایەك بەکاربهێنێت، هەروەها باوکم گۆڤاری هەولێری دەرکرد.

مـن هـەر لـە سـەرەتاوە پەیوەنـدی ڕێکخسـتنم هـەبوو، لەگـەڵ دکتـۆر فـەرهاد لـە نەخۆشخانەی سەربازی بووین، لـەو کاتـە لـە لیژنـەی پزیشـکی کارمـان دەکـرد، ئێمـە لـەوێ مۆڵەتمان بە سـەرباز دەدا، چونکە ئێمـە لیژنـە بـووین، هەڵدەسـتاین ئـەم کاغەزانـەمان بـە مۆری نەخۆشخانەی سەربازی هەولێرەوە دەدزی، دواتر ئیمزاکانمان تەزویر دەکرد و دەمـان نارد بۆ شۆڕش واتە بۆ مەڵبەندی سێ، کە دکتۆر کـەمال خۆشـناو بەرپرسـی مەڵبەنـد بـوو، لەوێ هەر پێشمەرگەیەك نەخۆش بووایە بەو نووسـراوە کـە نـاوی پێشـمەرگەکەیان لەسـەر دەنووسی، ئیدی دەیتوانی بێتە ناو شار و لە بازگەکانیش کێشەی نـەبوو، ئیـدی چارەسـەری وەردەگرت و دەگەڕایەوە ناو شۆڕش، هەروەها ئێمە قسەمان لەگـەڵ پـۆلیس و سـەربازەکانی حکومـەت دەکـرد و دەمـانگوت ئەگـەر دەتـەوێت دەتـوانین بـۆ مـاوەی ٧٢ کاتـژمێر مۆڵـەتی (الاستراحة)ت بۆ بکەین، ئەوە زۆر بوو بۆ ئەو کاتەی شەڕ، بـەس ئێمـە مـەرجێکمان هـەبوو بۆی، دەمـانگوت ئێمـە بـەناوی نەخۆشـییەوە مۆڵـەتت بـۆ دەکـەین، بـەلام کـە دەرمانـەکانت

وەرگرت بیدە بە ئێمە، ئەویش ڕازی دەبوو، دەرمانەکانی بۆ دەهێنایین، بەو جۆرە لەگەڵ دکتۆر فەرهاد و دکتۆر ڕێبوار دەرمانمان کۆدەکردەوە و دەمان نارد بۆ شۆڕش، دەمانزانی شۆڕش پێویستی بە چی دەرمانێکە، ئێمە بە سەربازەکەمان دەگوت بچۆ داوای مۆڵەت بکە و بڵێ هەست بە فلان نەخۆشی و ئازار دەکەم، بۆ ئەوەی ئەوانیش بینێرن بۆ پشکنین بۆ لای ئێمە، ئێمەش هەمان نەخۆشیمان دەنووسی گوایە پێویستی بە فلان دەرمانە، واتە ئێمە سیناریۆی کەیسەکانمان لەسەر داوای شۆڕش دادەڕشت، بۆ ئەوەی ئاشکرا نەبین ڕێگای دیکەشمان دەگرتەبەر واتە کارێکمان دەکرد پشکنینەکە پاك دەرنەچێت، بۆ نمونە ئەگەر شۆڕش پێویستی بە چارەسەر و دەرمانی گورچیلە هەبووایە، ئێمە سەربازەکەمان تێدەگەیاند کە بڵێ ئازاری گورچیلەم هەیە، کاتێك دەهات بۆ لای ئێمە دەمان نارد نموونەیەك لە میزەکەی بهێنێت، کاتێك دەهاتەوە ئێمە چەند شتێکمان دەکردە میزەکەیەوە تا ئەنجامی خوێن و هەوکردن و زیخ و بەرد بخوێنێتەوە، یان نموونەی میزی کەسێکی دیکە کە بەڕاستی نەخۆش بووە تێکەڵ میزی کەسە ساغەکەمان دەکرد، کاتێکش سەربازەکە ئەنجامی پشکنینەکەی دەبرد بۆ لای پزیشکەکە ئەویش ناچار دەبوو چەندین دەرمانی بەهێز و باشی ئەنتی بایۆتیك و ئازاری بۆ بنووسێت، لە کاتێکدا ئەمە هەمووی سیناریۆ بوو، هەمووی لە پێناو چارەسەرکردنی برینی پێشمەرگەیەکدا بوو لە شاخ.

دوای کۆکردنەوەی دەرمانەکان، دەماننارد بۆ شاخ لە ڕێگەی هەڤاڵ شاخەوان، دکتۆر ڕێبوار کە لە نەخۆشخانەکە پێکەوە بووین، برایەکیشی پێشمەرگە بوو، هەمیشە گومانی لەسەر بوو، ئێمە کەم نزیکی نەدەکەوتین، چونکە لە ژێر چاودێریدا بوو، حکومەت وابیری دەکردەوە ماڵێك کەسێکیان بووبێت بە پێشمەرگە واتە کاریگەری لەسەر تەواوی ئەندامانی خێزانەکەشی هەیە.

دوای ئەوەی لە سەربازی بەخشراین من نێردرامە شەقڵاوە و لەوێ دەستم بە دەوام کرد، پاش ماوەیەك بانگی کردینەوە بۆ سەربازی، ئیدی من نەچووم بۆ سەربازی واتە بەبێ ئەوەی لە ڕێکخستندا ئاشکرابم، بڕیارم دا بچمە شاخ، چوومە دەرەوە و پەیوەندیم بە تیپی ٩١ سەفین کرد و پشتگیری ڕێکخستنیشم پێ بوو، هەڤاڵ جوامێر سەرتیپی بوو، تیپەکە لە چەند کەرتێك پێکهاتبوو، دکتۆر سەر بە کەرتی تیپ بوو، لە کەرتی تیپدا بێتەل (عدد

جهاز) بوونی هەبوو، مەفرەزەی پاسەوانی سەرتیپ، لەگەڵ کادیری کۆمەڵایەتی و سیاسی، بۆیە من لە کەرتی تیپەکە بووم.

من لە شاخ بە دکتۆر هونەر ناسرابووم، من کە بووم بە پێشمەرگە تەمەنم هەبوو، هاوتەمەنەکانی من زۆر دەگمەن هەیە ناوی هونەر بێت، هەموو خەڵك وایدەزانی ئەو ناوە نازناوە، ئیدی بڕوایان نەدەکرد تا ئەو کاتەی ناسنامەکەم نیشان دان، ئەوەندەی بزانم یەك کەسم بیستووە ناوی هونەر بێت.

لە ساڵی ١٩٨٨ لە گوندی نازەنین کە بارەگای تیپی ٩١ی سەفینی لێ بوو فڕۆکە بۆردومانی کرد و هەڤاڵ جوامێر کە سەرتیپ بوو ڕانێکی بە تەواوی لێ بووەوە، بانگیان کردم، هەرچەندە من پزیشك نەبووم، چونکە پێویستی بە پزیشکی نەشتەرگەری و سڕکەر و هۆڵی نەشتەرگەری و نزیکەی ١٥ بوتڵ خوێن هەبوو، چونکە شادەماری پچڕا بوو وەکو سۆندەی ئاو خوێنی فڕیدەدا، بە داخەوە شەهید بوو، برینداریکی دیکەمان پارچە تۆپێك سنگی بە تەواوی هەڵدڕی بوو واتە دوو لەتی کردبوو، هەر لەو ڕووداوە سێ پێشمەرگە بە ڕێکەوت لای ئێمەوە تێپەڕی بوون و سەر بە تیپێکی دیکە بوون، یەکێکیان کوڕێکی گەنج بوو کە تازە بووبوو بە پێشمەرگە خەڵکی وەرتێ بوو، شایانی باسە خەڵکی وەرتێ زۆر ئازا و دڵسۆز و مەرد و بەخزمەتن، پێشمەرگە گەنجەکە پارچە لە سکیدا بوو هەتا بەر جەرگی کەوتبوو هەڵیتەکاندبوو، منیش کۆڵەپشتێکم پێ بوو چەند دەرزی و حەب و دەزووی تێدابوو، دەمویست بچم ئەو بریندارانە بدوورمەوە کە دەمتوانی ڕزگاریان بکەم، واتە نەك ئەوانەی زۆر مەترسیدار بوون و دڵنیابووین چارەسەرمان پێ ناکری، واتە دەچوومە لای ئەوەی کە تووشی خوێنبەربوونێك بووبوو کە ئەگەر بوەستێنرابا ڕەنگە ژیانی ڕزگار کرابا، بۆیە من سەرقاڵی ئەوانە بووم، چوومە سەر ئەو کوڕە گەنجە کە بینیم برینەکەی زۆر سەختە بە جێمهێشت، ئەو دوو پێشمەرگەیەی کە لەگەڵی بوون قسەیەکیان کرد زۆرم لاناخۆش بوو گوتیان تۆ یارمەتی ئەوانەی تیپەکەی خۆت دەدەی، ئێمە لە تیپێی دیکەین بۆیە یارمەتیمان نادەی، گوتم کاکە وانییە ئەوەتا سەرتیپەکەمان ڕانی لێ بووەتەوە ناتوانم بچمە سەری و چونکە دەزانم هیچم پێ ناکرێ، ئەو کوڕەی ئێوەش بەر جەرگی کەوتووە بۆیە ناتوانم هیچی بۆ بکەم و هیچیشم پێ نییە، بۆیە بە دوای بریندارێك دەگەڕێم کە

بتوانم ژیانی ڕزگاری بکەم، ناخۆشترین ساتیش ئەوە بوو کە دڵنیای ناتوانی کارێك بۆ کەسێك بکەیت و شەهید دەبێت، دواتر هەر خۆم یەکێك لە بریندارەکانم بەناوی هەڤاڵ سەلاح برد بۆ نەخۆشخانەی خەتێ بۆ لای دکتۆر زریان برینەکەی کرمی کردبوو، هیچمان لانەبوو، ناچار دکتۆر زریان سپڕای مێشی لێدا، لەوێش بردم بۆ ئێران لەو سەرەوە کە گەڕامەوە بە وڵاخ بارێکی دەرمانم هێنایەوە، ڕێگەی دیکەشمان هەبوو بۆ بەدەستخستنی دەرمان وەك ڕێکخستنەکان یان خۆمان دەمان کڕی، یان لە ڕێگەی قاچاخچییەکانی سەر سنوورەوە بوو هەندێك جاریش داوامان لە گوندنشینەکان دەکرد لە شارەوە بیهێنن، هەندێك جاریش لە ئێرانەوە دەمان هێنا.

لە ڕووداوێکی دیکەدا پیاوێك لە گوندێکەوە هات کە نزیکەی کاتژمێر و نیوێك لە بارەگای ئێمەوە دوور بوو، گوتی خێزانم کاتی منداڵبوونیەتی، بەڵام منداڵەکەی لە دایك نابێت، گوتم من یاریدەدەری تاقیگەم، ئەو کارەم نەکردووە و نازانم، ئەگەر نا لەگەڵت دێم، زۆر خەمم بەوە خوارد کە نەمدەتوانی هاوکاری بم، لەو سنوورە ئێمە چەند کادیرێکی تەندروستی بووین لەوانە: دکتۆر زریان، دکتۆر هەڤاڵ، دکتۆر حسێن، دکتۆر شالاو. دکتۆر هیمداد، دکتۆر خەلیل، دکتۆر خەسرەو (محەمەد)، دکتۆر جەلیل، دکتۆر نوری (نەبەز)، دکتۆر جەمال، دکتۆر کاروخ، دکتۆر ئاری، دکتۆر ئارام، دکتۆر نەوزاد عەباس، دکتۆر محەمەد حاجی، دکتۆر هەژار، هەروەها دکتۆرێکی دیکە کە هەرچەندە لە سنووری ئێمە نەبوو بەس هاوڕێم بوو ناوی دکتۆر هادی بوو سەر بە تیپی ٢١ی کەرکووك بوو کوڕێکی باڵابەرزی زۆر ئازابوو، پێکەوە بەشداریی خولێکی خۆپارێزی کیمیاییمان کرد، ئەو خولە لە سەرکردایەتی کرایەوە، لە ناوەندی کۆمەڵە فەرەیدون عەبدولقادر قسەی بۆ کردین دواتر ڕەوانەی سەر سنوور کراین و ئێرانییەکان وانەکانیان پێ وتینەوە، چەندین ڕێنمایی تەندروستیمان وەرگرت، هەروەها ماسك و جلی کیمیاییمان وەرگرت، هەڤاڵ مام جەلال گوتی پێوستە دکتۆرەکان پێش خەڵکی وەریگرن، چونکە ئەگەر دکتۆرەکان بەر کیمیایی بکەون دوایی ناتوانن خەڵکیش ڕزگار بکەن، دوای گەڕانەوەمان و لێدانی کیمیایی، دکتۆرێکمان هەرچەندە ماسك و جلی کیمیایی لەبەر بوو، هەموو لاشەی ئارەقەی کردبوو ئاوسا بوو سوور بووبووەوە، خەڵکی گوندەکان هێنابوویان، بەلامانەوە سەیر بوو، چونکە

جل و ماسکی پێ بوو، هۆکارەکەی ئەوەبوو لە کاتی کیمیایی هێندە شپرزە بووبوو بیری چوو بوو قەپاخی سەر فلتەری ماسکەکە بکاتەوە، وەکو ئەوەی کەسێك بیەوێت قوڕگت بگرێت و بتخنکێنێت، ئیدی زانیمان ئەوە کیمیایی نییە، ئەوە هی ئەوەیە نەیتوانیوە هەناسە بدات، بۆیە وای لێهاتووە.

لە کیمیابارانـدا خۆم بەرکەوتم، لە خولەکە گەڕاینەوە گەیشتینە بارەگای مەڵبەنـدی چوار لە سماقوولی، شەوێك پێش ئەوەی بپەڕینەوە کیمیایی لە سنوورەکەیدا بە دەنگی تۆپەکە زانیمان کیمیاییە، بڕیارماندا بچین بۆ ئەو شوێنەی کە کیمیاییەکەی لێ داوە، چونکە دەمانزانی کە زیانی هەبوو و برینـدار بوونی هەیە، کە چووین کەس هیچی لێ نەهاتبوو، چووینە سەر پارچەی تۆپەکان، گوتم با تەماشای پارچەکان بکەم بزانم چۆنە و بۆنی چی لێ دێت، تا بزانم کام جۆرەیە، پارچە ئاسنێکم هەڵگرت و بۆنم کرد ڕاستەوخۆ ناو لوت و گەرووی بڕی و سووتانی هەمووی خوێنی لێ هات، کارەکەم هەڵە بوو، هەرچەندە دوای چەند کاتژمێرێکیش بوو دەستم لێدا، ئیدی تا دوو هەفتە خوێن لە لووت و قوڕگم دەهات، جارێکی دیکەش کە حکومەت هێرشی کردە سەر سەرکردایەتی لەوێش بەر چەکی کیمیایی کەوتم، بەڵام بەهۆی شارەزاییەوە خۆم ڕزگارکرد، چونکە کەرەستەمان پێ بوو، بەڵام پێشمەرگە هیچی پێ نەبوو، ناچار جەمەدانییەکەی تەڕ دەکرد و دەیدا بەسەریدا.

من وەك خۆم مادەی سڕکەرم لانەبوو، ئەوەی هەموو لاشە سڕ دەکات، ئەوەی لامان بوو نیوە سڕکردن بوو، بۆ نمونە پێشمەرگەیەك گوللە یان ساچمە لە لەشیدا بووایە بەوە دەرمان دەکرد، دەرزی نیو سڕکەرمان لێدەدا و برینەکەمان دەکردەوە و گوللەکەمان دەردەهێنا، هەرچی ساچمە بوو، چونکە بچوك بوو دۆزینەوەی ئەستەم بوو، چونکە ئامێری تیشکمان لانەبوو، پێشمەرگەکە بە هیلاك دەچوو تا دەمان دۆزییەوە، زۆر جار برینمان کردووەوە و ساچمەکەمان نەدۆزیوەتەوە، ناچار برینەکەمان دووریوەتەوە و دەرمانمان پێداوە، پێشمەرگەمان هەبوو دوای چەندین ساڵ دەری کردووە، بەڵام لە نەخۆشخانەی مەلەکان پێدوایستیمان هەبوو وەك ئامێری تیشك و تاقیگە و میکرۆسکۆب و خوێن وەرگرتنمان هەبوو، ماوەیەك دکتۆر فایەق گوڵپی هات بۆ لای ئێمە لەگەڵ دکتۆر هەڤاڵ

ڕۆڵی گرنگییان هەبوو، بیرمە ڕۆژێك ڕۆژنامەنووسێکی ئەڵمانی بەناوی (هانس) هات، چەندین وێنەی گرتین، لەگەڵ دکتۆر هەڤاڵ چاوپێکەوتنیشی ئەنجامدا، نەخۆشخانەی مەلەکان کە سەدان کاری گرنگی تێداکراوە ئێستا وێرانەیە و لەلایەن خەڵکی ئەو ناوچەیەوە بووە بە شوێنی حەواندنەوەی ئاژەڵ.

دواتر من چوومە نەخۆشخانەی مەلەکان لەوێ ئەرکمان قورستر بوو، شوێنی خەوتنی بریندارمان هەبوو دەبوو خزمەتی بکەین و چێشتی بۆ لێ بنێین و خاوێنی بکەینەوە و دەرزی و پشکنینی بۆ بکەین، ئەو کاتەی لە تیپی ٩١یش بووم زۆر چالاك بووم، پێیان دەگوتم (پێشمەرگەی ناوشار)، چونکە شەوان دەچوومە ناو شەقڵاوە، جارێك، من و هەڤاڵ جوتیار و هەڤاڵ ئەیوب و هەڤاڵ فاروق و هەڤاڵ زەکی چووینە ناو شەقڵاوە، ئاشکرابووین و تووشی شەڕ بووین هەڤاڵ جوتیار بریندار بوو گوللە تیغی سەری کردبوو، بەس پێستەکەی بڕی بوو، هەر لە ناو شەقڵاوە تەداویم کرد و بەسەر شاخدا گەیاندمانەوە نازەنین.

لە شەڕێکی دیکەدا لە مەڵبەندی چوار پێشمەرگەیەك بە ناوی هەڤاڵ ئەحمەد جەمیل فەرماندەی کەرت بوو بریندار بوو خۆم لەسەر شاخەوە هێنامە خوارەوە بە ناو دوو سەنگەری جاشدا لەگەڵ هەڤاڵ فاخیردا ڕزگارمان کرد، هەروەها بەشداریی شەڕەکانی سەرکردایەتی و داستانی ڕزگاری و هێرشی سەر کەرکووك بەشدارییم کردووە، لە شەڕێکی دیکەدا پێشمەرگەیەك بریندار بوو، بەناوی هەڤاڵ سیراج نەیتوانی بوو بگاتە لای ئێمە، ناچار لە کونە شاخدا بۆ ماوەی سێ ڕۆژ خۆی شاردبووەوە، کە سوپا و جاش کشابوونەوە ئینجا هاتبووە دەرەوە و خۆی گەیاندبووە لای دکتۆر زریان،

لە هێرشەکانی ئەنفالدا دوا هێرش بۆ سەر ئێمە بوو، مەڵبەندی چوار کشانەوە و هاتنە مەڵبەندی سێ، داوا کرا بچینە قەندیل، برایەکی دکتۆر ڕێبوار کە پێشمەرگەی تیپی ٩١ی سەفین بوو لەسەر شاخی پشت نەخۆشخانەی مەلەکان شەهید بوو، هێنایانە خوارەوە من لەسەر پشتی وڵاخ بارم کرد و بردمەوە لە هیران ناشتمان، من شارەزای ئەو ناوچەیە بووم، چونکە ناوچەی خۆم بوو، ئیدی ئێمە چووینە بناری قەندیل و شەوێك لەوێ ماینەوە هەڤاڵ ئازاد هەورامی شەهید بوو، ئێمەی دکتۆر نەدەبوو لە هێڵی یەکەمی شەڕ

بین، بەڵام زۆر جار، کە دوژمن بە هێز دەگەیشتە لای ئێمە، دەبوو من لەگەڵ کەرتی تیپ بوومایە و لە سەرتیپ نزیك بوومایە و لە شوێنێکیش بوومایە کە تۆپ نەیگرێتەوە، جاری واش هەبوو بە پێچەوانەوە زیاتر دەکەوتینە بەر تۆپباران.

دواتر چووینە ئێران و لەوێ دکتۆر ڕێبوار و دکتۆر جەمال دەستیان بە خزمەتی خەڵك کرد، من بە تەمەن لەوان گەورەتر بووم، ئاشبەتاڵی ١٩٧٥م بیر بوو، ئیدی گوتم ئێمە تازە بەکەڵکی شۆڕش نایەین، باشترە خەمی خۆمان بخۆین، بۆیە من یەکێك بووم لەوانەی وازم هێنا و چوومە پاکستان و لە ڕێگەی نەتەوەیەکگرتووەکان لە ساڵی ١٩٨٩ گەیشتمە سوید، لەوێ ویستم بڕوانامەکەم بهێنم و لە تاقیگە بخوێنم، بەڵام بە هۆی زۆری تەمەنەوە دەستبەرداری بووم، ناچار دەستم بە کاری دیکە کرد[٦٣].

(٦٣)– چاوپێکەوتن لەگەڵ: هونەر محەمەد مەولود (د. هونەر)، ٢٠٢٢/١١/٢٤.

## هیمداد عەبدوڵلا حەسەن حسێن (دكتۆر هیمداد)

لە ساڵی ١٩٥٩ لە شارۆچكەی كۆیە لە دایكبووم، باوكم پۆلیس بووە دواتر لە شۆڕشی ئەیلوولدا بووە بە پێشمەرگە، زۆرینەی قۆناغەكانی خوێندنم لە كۆیە تەواوكردووە، لە ساڵی ١٩٧٤ ئاوارەی ئێران بووین لە ١٩٧٩ گەڕاینەوە، سێ ساڵیش لە ئێران خوێندوومە، چەند جارێك زیندانی كراوە، چوومە ڕیزەكانی كۆمەڵە، ساڵی ١٩٨٣-١٩٨٤ پەیمانگای تەندروستی بەشی تاقیگەم تەواوكردووە، دۆخی دارایی خانەوادەكەی ئێمە خراپ دەبوو، هاوكات دەبوو سەربازی بكەین، لەبەر داواكاری دایك و باوكم هەتا بەغدادیش چووم، بەڵام گەڕامەوە، باوكم گوتی مادام سەربازیت نەكرد، دەبێ بچیتە شاخ، بەهیچ شێوەیەكیش نابێت خۆت ڕادەستی حكومەت بكەینەوە، ئەگەر كارێكی ئەوها بكەیت ئەوا بەدەستی خۆم دەتكوژم.

بڕیاری چوونەدەرەوەم دا و چوومە مەڵبەندی چوار كە ئەوكات هەڤاڵ كۆسرەت ڕەسووڵ لێپرسراوی مەڵبەند بوو، دكتۆر زریان بەرپرسی نەخۆشخانەكەی مەڵبەند بوو، لەسەر داوای هەڤاڵ كۆسرەت چوومە نەخۆشخانەكە، لەوێ زۆر زانیاریم لە دكتۆر زریان وەرگرت، چونكە بەشەكەی من تاقیگە بوو، واتە چارەسەركردنی نەخۆش و بریندار نەبوو، لەگەڵ ئەو یارمەتیانەی ئەو و بوونی ژمارەیەكی زۆری بریندار ناچار فێری تەداوی چارەسەركردن بووم، هاوكات دكتۆر مەزن و دكتۆر شێروان و دكتۆر هیوامان لەگەڵ بوو، دواتر دكتۆر ئازاد، دكتۆر فەرهاد، دكتۆر محەمەد (خەسرەو)، دكتۆر نەبەز، دكتۆر بەڵێن و دكتۆر فازیڵ هاتنە سنوورەكە.

لەو كاتەی كە مەڵبەندی ٣ و ٤ جیاكرانەوە، من لە سنووری مەڵبەندی چوار مامەوە، دواتر دكتۆر حسێن حەمەساڵح كە برازای هەڤال مام جەلال بوو هاتە مەڵبەندی ئێمە، برایەكیشی بە ناوی دكتۆر شێركۆ دكتۆری شۆڕش بوو، هەروەها دكتۆر هەڤاڵمان هەبوو، هەروەها دكتۆر سالار مەحموود و دكتۆر كاروان لە تیپی ٩٣ی كۆیە بوون، ئێمە لە دۆڵی سماقووڵی بووین، لە خۆشخانەكەی خەتێ دكتۆر چیا، دكتۆر كارووخ و دكتۆر جەلیل هەبوون، لەو ماوەیەدا چەند دكتۆرێكی دیكەم ناسیوە لەوانە دكتۆر هادی، دكتۆر ئاسۆ و

دکتۆر هێمن، زۆرجاریش دەچووم بۆ هێنانی دەرمان یان گواستنەوەی بریندار دەچووم بۆ سەرکردایەتی لەوێ دکتۆر ئارام، دکتۆر بەیان، دکتۆر مەنسوڕ، دکتۆر شوان، دکتۆر هەڵۆ بوونیان هەبوو.

زۆرجار لە ڕێگای ڕێکخستنەکانەوە بۆ مان دەهات، پێشتر دەمان کرد بە لیست و لە ڕێگەی پەیوەندییەکانی ڕێکخستنەوە دەگەیشت، هەندێکجاریش کە یارمەتی گوندنشینەکانمان دەدا، ئەوانیش لە شار دەرمانیان بۆ دەهێناین، دکتۆر زریان بەپسپۆڕییەکەی من دڵخۆش بوو گوتی ئێمە بریندارمان زۆرە ئەگەر پشکنینیان بۆ بکەی زۆرباشە، لە ڕووداوێکدا کە حکومەت تۆپبارانی خەڵکی کردبوو ژمارەیەکی زۆری خەڵکی بریندار کردبوو هاتنە نەخۆشخانەکەی ئێمە کە ئەوکاتە لە سوسێ بووین، دکتۆر زریان گوتی پێویستە یارمەتیم بدەی، گوتم من هەرگیز ئەو کارەم نەکردووە، گوتی فێرت دەکەم، یەکێك لەوانە پارچە دابووی لە شانی لە پشتەوە، برینەکەیمان بۆ کرد و چارەسەرمان کرد، ئەو برینداڕانەی گۆشتەکەیان سووتابوو دەبوو بیبڕین تا دەگەیشت بە گۆشتی ساغ و دواتر بە تیتۆڵ پاکی بکەینەوە و بیدوورینەوە و بیپێچین، ڕۆژانەش تەداوی دەکران هەتا هەو نەکەن، بەو شێوازە ئێمە لەوێ چارەسەرمان کردن، ئێمە لەگەڵ بریندارەکان دەماینەوە و لەگەڵ ئەوانیش دەخەوتین، یەك لەو بریندارەانەی کە دەرسم لەسەر خوێندبوو تا فێری چۆنێتی برینپێچی ببم هاوکات شەو بە خێرایی لە تاریکیدا تەداویم کردبوو بۆ سبەی تەماشا دەکەم (هیدایەت)ی برامە، کە دواتر ئەنفال کرا، لەوەوە زیاتر کارەکەی خۆم خۆشویست.

پێشمەرگە زۆر دڵیان بە بوونی دکتۆرەکانی شۆڕش خۆش بوو وا بیریان دەکردەوە کە بیرینداریش بن شەهید نابن، چونکە دکتۆریان لەگەڵە، لەڕوویەکی دیکەوە دکتۆرەکان هەمیشە مایەی ورە بوون بۆ پێشمەرگە نەشتەرگەری بچوك و برینپێچیمان بۆ پێشمەرگە کردووە بەبێ بەنج، پێی گوتووین بەنجم ناکەن؟ دەمانگوت نەوەڵا لامان نییە لە بری بەنج قسەی خۆشت بۆ دەکەین، ڕۆژێك پێشمەرگەیەك هات گوتی فلان شوێنم ئازاری هەیە، دوای ئەوەی پشکنینم بۆ کرد، گوتم ئەوە کیسی تیایە پێویستە بۆت دەربهێنم، گوتی پەشیمانم گوتم ئازارم هەیە ئێستا دەمدەیتە بەرچەقۆ، دواتر گوتی بەنجم ناکەی؟ گوتم نا قسەی

خۆشت بۆ دەکەم، ڕۆژێك پێشمەرگەیەکی بریندارمان بەبێ بەنج نەشتەرگەری کرد، بەدەم ئازارەوە گوتی: "مام جەلال بەنجت نەبوو بۆ شۆڕشت کرد"، لە کاتی پارتیزانیش بە گاڵتەوە ژیانمان بەڕێکرد، چونکە لە ڕووی دەروونییەوە زۆر گرنگ بوو.

لە دوای دانوستان شەڕەکان زیادی کرد و بریندار زۆر بوو، تایبەت تیپی ٨٦ و ٨٧ چالاکییان زۆر بوو، لە ساڵی ١٩٨٥ هێرش کرا، هەڤاڵ کۆسرەت لە سەرکردایەتی بوو، هەڤاڵ سابیر ڕەسووڵ و هەڤاڵ ڕێباز سەرکردایەتی شەڕەکەیان کرد، لە ساڵی ١٩٨٦ هێرشێکی سەرتاسەری کرا، هەموو گوندەکانی دۆڵی سماقووڵییان سووتاند و پێشمەرگەش بەرگرییەکی باشی کرد، من و دکتۆر شێروان ١٤ بریندارمان بۆ هات، زۆرینەی بریندارەکانیش بە چەکی نیشانشکێن پێکرابوون، ئەوەی تووشی خوێنبەربوون بووبوو دەبوو ڕایبگرین و برینەکان خاوێن بکەینەوە و بیدوورینەوە و بینێرینەوە بۆ تیپەکەی، هەندێکیان فیشەك بەر سنگیان کەوتبوو ژیانیان لە مەترسیدا بوو، پێویست بوو خوێنەکە لە سینگیان دەربکەین لەوانە هەڤاڵ کارزان و هەڤاڵ سیراز بەر سینگیان کەوتبوو، هەندێکیشیان بەر سەریان کەوتبوو، دوای ئەوەی گەمارۆدراین بۆ شەوەکەی پاشەکشەمان کرد لە بریندارەکان هەڤاڵان (کارزان و سیراز)مان پێ بوو، تا گەیشتین و دکتۆر زریان چارەسەری کردن، هەڤاڵ کەمال قاچی بریندار بووبوو، بەهۆی سەرماوە قاچی تووشی گانگرین بووبوو بە مشارێکی باریکی پزیشکی قاچیمان بڕییەوە، دەبوو دوو پەنجە لەسەرووی ڕەشییەکەوە کەبوو بیبڕینەوە، دواتر پێستەکەمان بەسەردا دەدایەوە و دووریمانەوە، ئەوەی خوێنی پێویست بووایە لە هاوڕێکانیان وەرمان دەگرت.

لە شەڕەکانی سەرکردایەتی و لە شەڕی عێراق-ئێران لە فەتحی ١ و ٢ چووینە کەرکووك، لەسەر داوای هەڤاڵی قاسمی هاوڕێی دێرینم بە تەرەکتەر چووین، لە ڕێگا گوتی: "ئێمە تازە دکتۆری خۆمان لەگەڵە شەهید نابین" لەوێ ژمارەیەك سەنگەرمان گرت و هێندەی نەبرد هەڤاڵ قاسم شەهید بوو کە فیشەکێك بەر سەری کەوتبوو، نەمانتوانی هیچی بۆ بکەین.

لە ساڵی ١٩٨٧ تەواوی تیپەکانی مەڵبەندی ٤ لە بنکەی جەعفەری ئیبن مەنسوریاندا کە نزیك بوو لە هەولێرەوە، لەو شەڕە چەند بریندارێکمانـدا و چارەسەرمان کردن، لە

پلانێکی دیکەدا هێرشمان کردە سەر گردی چادر لە کۆیە، لەوێ مین بە پێشمەرگەکانماندا تەقییەوە، دووانیانم چارەسەر کرد، یەکێکیان پارچە بەر سنگی کەوتبوو، خوێنێکی زۆر لە سنگیدا کۆبووبووەوە چارەسەری سەرەتاییم بۆ کرد، بەڵام دۆخی زۆر خراپ بوو، فشاری لە سییەکانی دەکرد، بە کاری چێست تیوب هەندێك خوێنم دەرهێنا و هەناسەی باش بووەوە، برایەکی لەگەڵمان بوو زۆر دڵی بەو کارەی من خۆش بوو.

لە ڕووداوێکی دیکەدا لە گرتنی سەری ڕەش، بەفرێکی زۆر باری بوو ساڵی ١٩٨٧ بوو هەڤاڵ عەباسی ڤیدیۆمان لەگەڵ بوو، بریندارێکی زۆرمان هەبوو، ژمارەیەکی زۆری پێشمەرگەمان ڕەقبوونەوە، هەڤاڵ هێرش خەڵکی کۆیە بوو بریندار بوو گەیاندمانە نەخۆشخانەکە هەرچەند سێ ڕۆژ ژیا، بەڵام دواتر شەهید بوو.

لە ساڵی ١٩٨٨ پێش ئەنفال لە سەرکردایەتی بووین، لەگەڵ تیپی ٩٣ کۆیەدا مامەوە، کە شەڕەکە بەرفراوان بوو، ئەنفال دەستی پێکرد، هێزێکی زۆری حزبەکانی دیکە لە کۆیە کۆبوونەوە، هێزی ئێمە هەڤاڵ شێخ جەعفەر سەرپەرشتی دەکرد، کە نزیکەی ٧٠٠ پێشمەرگە دەبووین، لە گوندی تەکەڵتوو شەڕێك ڕوویدا ژمارەیەکی زۆری پێشمەرگەی حزبی شیوعی و ژمارەیەك چەکداری حزبی دەعوە شەهید بوون، لە کاتی خەباتی پارتیزانی ئێسکیانمان دۆزییەوە. لەو شەڕە من لە گوندی قوزلوو بووم، ڕژێم بە کیمیایی هێرشی کردە سەر گوندی گۆپتەپە، ئەوەی بۆم کرا ڕێنماییم دەکردن ئاو بەکاربهێنن و بچنە بەرزایی، چونکە هیچ دەرمانێکم پێ نەبوو، جگە لەوەی کە سووتابوون، بەڵام زۆرینەیان چاویان سوور بووبوو، تەنگەنەفەس بووبوون، ئیدی ئێمە بەرەو مەڵبەندی چوار چووین، خەڵکی مەدەنیش کە مانەوە زۆرینەیان ئەنفالکران.

ئێمە وەکو تیپی ٩٣ گەیشتینە کەپکی حەمەدئاغا، تۆپباران کراین، بریندار و شەهیدمان هەبوو، هەندێکمان تەداوی کرد و چەند پێشمەرگەیەکیشمان شەهید بوو، توانای بەرگریمان نەما، سەرکردایەتی بڕیاریدا هەندێك هێز بمێنێتەوە و ئەوانەی دیکە بەرەو ئێران بچن، لێرەوە یەکەی پارتیزانی دروستکرا، سنووری دەشتی هەولێر بەسەرپەرشتی هەڤاڵ ڕێباز بوو، سنووری ئێمە بەسەرپەرشتی هەڤاڵ جەعفەری حەمەدەرویش بوو، لە ڕووی دەروونییەوە ئەو مانەوەیە بۆ خەڵك زۆر باش بوو، لە ڕووی

پراکتیکییەوە بڕیارێکی هەڵە بوو، چونکە ئێمە خولێکی بۆ مانەوە لەو جۆرە ژیانە و هیچ ئامادەکارییەکمان نەکردبوو، تەنها ئاڵنگارییەك دوژمن بوو.

هەرچەندە من بڕیاری مانەوەم نەدابوو، لەو هێزە بووم ویستمان بڕۆین بۆ ئێران، پرسیاری هاوڕێکانم کرد لە مامۆستا بەکر کرد، گوتی لە سەکرانن ئەوان دەمێننەوە، گوتم من تا ماڵئاواییان لەوان نەکەم نایەم، چونکە هاوڕێکانی منداڵیم بوون، خەڵکی شارێکیش بووین، گوتم کێ دەڵێت دەیانبینمەوە، گوتی باشە ئەسپەکەی منیش ببە، ماڵئاواییان لێ بکە و وەرەوە، کە چووم زۆر دڵیان خۆش بوو، وایانزانی بڕیاری مانەوەم داوە، هەڤاڵ سەفین گوتی دەمێنیتەوە؟ گوتم نەخێر هاتووم ماڵئاواییتان لێ بکەم، دەرمانەکانم لە شوێنێك هەڵگرتبوو، گوتیان باشە مادام هەر دەڕۆی، ناوی هەندێك دەرمانی پێویست و چۆنێتی بەکارهێنانیمان بۆ بنووسە، منیش دەستم کرد بە نووسین، لەناکاو کاغەزەکەم دڕان، گوتی چی بوو هەڵەت کرد؟ گوتم نا دەمێنمەوە لەگەڵتان، نەك لەبەرئەوەی باوەڕم بەم کارە هەبێت، بەڵکو لەبەر هاوڕێیەتی دەمێنمەوە، گوتم لەگەڵ ئێوە بمرم باشترە لەوەی دواتر بە پەشیمانی بژیم، بەهۆی منەوە هەڤاڵێکی دیکەش مایەوە، پێشمەرگەیەکی منداڵمان هەبوو، گوتم تۆ ئەسپەکە بۆ مامۆستا بەکر ببەوە، گوتی بەجێم ناهێڵن؟ گوتمان نەخێر، لەو بڕوایەدا بووین بەرگەی ئەو ژیانە نەگرێت، ئەومان بەڕێکرد و نەهاتەوە، سەرەتا هێزەکە ٤٠ کەس دیاریکرا بوو، بەسەر مەفرەزەی ٧ کەسیدا دابەش کرابوو دواتر بوو بە ٢٠، لەو ٢٠ کەسەش ١٤ کەس ماینەوە، واتە دوو مەفرەزەی ٧ کەسی، ئیدی ئەو دوو مەفرەزەیە یەکمان گرت.

لەسەرەتادا دۆخمان زۆر خراپ بوو، بەئەستەم ئاردمان بۆ پەیدا دەکرا، نەماندەزانی بیکەین بە هەویر، کە دەشمانکرد نەماندەزانی بیکەین بە نان، پاش ماوەیەك فێری ئەوە بووین ئارد بشارینەوە، هێزەکەی ناوی یەکەی پارتیزانی دەشتی کۆیە بوو، سنوورەکەمان دەشتی کۆیە و بتوێن بوو، لە ١٩٨٨/٨/١٠ تا مانگی ١٩٨٩/٤ ماینەوە، خواردنمان لێ بڕا، پەیوەندیمان بە سەرکردایەتییەوە نەمابوو، بێتەلمان لانەمابوو، بیرمان لەوە کردەوە قسە لەگەڵ هەڤاڵ ڕێبازی یەکەی پارتیزانی دەشتی هەولێر بکەین، من و مامۆستا زیرەك و هەڤاڵ قاسمەسوور چووین بەرەو دەشتی هەولێر، بە ڕێگای جێ پێی ئاژەڵدا چووین تا

گەیشتینە شوێنێك دەنگی خەڵك دەهات، نزیك بووینەوە تەماشا دەکەین پێشمەرگەن و سەر بە حیزبی شیوعی بوون، زۆر ڕێزیان گرتین و خواردنیان پێدایین، بەرەو بەڕانەتی چووین تا هەڤاڵ ڕێباز ببینین، بەڵام مەترسیدار بوو نەمانتوانی ناچار گەڕاینەوە دەشتی کۆیە.

پێش ئەوەی ئێمە بچینە دەشتی کۆیە هێزێکی دیکەمان لەو سنووورە بوو ئازوقەی ئەو گوندانەی کە ئەنفالکرابوو کۆیان کردبووەوەو لە شوێنی سەخت شاردبوویانەوە و لەوێ ڕۆیشتبوون، پێیان گوتین کە لە هەر گوندێك لە کوێ شاردوویانەتەوە، ئەوە بۆ ئێمە زۆر باش فریامان کەوت، ڕۆژێك ئێشکگربووم، ڕوانیم بۆ کێڵگەیەك بینیم نیسکە چێندراوە کاتەکەش گەرم بوو پێگەیشتبوو، چووم هەندێکم لێ دوورییەوە، کە گەڕامەوە گوتیان: ئەوە چییە پێتە؟ گوتم: ئەمڕۆ نیسکێ دەخۆین، گوتیان ئەخر نیسك چۆن ئەوها دەخورێت؟ بەردێکی پانمان هێنا لەسەر شاخێك وەکو دەستاڕ هاڕیمان و کردمان بە چێشت، ڕۆژانی دیکە هەر نانی وشکمان دەخوارد، هەرچی قاپ و قاچاغە، ئێمە گوندە چۆڵەکان دەگەڕاین و قاپ و کەوچك و مەنجەڵمان کۆدەکردەوە و لە هەر سنوورێك و لە پاڵ هەر شاخێك و شوێنێکی سەخت هەندێکمان دەشاردەوە، بۆ ئەوەی لە گەڕانەکاندا لەو شوێنە دیاریکراوانە بەکاری بهێنین.

لە سنووری خۆمان لە چەند شوێنێك خواردنمان شاردبووەوە، کە چووین بیانهێنین هیچی نەمابوو، واتە شوێنەکانمان ئاشکرا بووبوو، ئەوە زۆر کاریگەریی لەسەر دانایین، ناچار بەبرسێتی چووین بۆ بناری شاخی کۆسرەت مانگی ١١ بوو لەوێ خواردنمان پەیداکرد، لەوێ ماینەوە، هەڤاڵ ئەبوزێدمان لەگەڵ بوو لەگەڵ ئەو پەیوەندیمان بە ڕێکخستنەکانەوە کرد و لە شارەوە هەندێك پێڵاو و خواردنمان پێگەیشت، لێرەدا دۆخێکی مەترسیدار هاتە پێشەوە کە بەمشێوەیە بوو (ئەوانەی کە خۆیانڕادەستدەکردەوە و حکومەت ناچاری دانپێدانانی دەکردن، دواتر ناچاری دەکردن شوێنەکانی ئێمە ئاشکرا بکەن و خۆشیان لەگەڵ هێزی حکومەت بەشدار بن بۆ لەناوبردنمان، واتە هاوڕێیەکی نزیکی خۆمان دەبوو بە چاوساغی دوژمن بەسەرمانەوە بێ ئەوەی ئێمە ئاگاداربین)، حکومەت لە کاتی پارتیزانیدا تەنانەت گوێدرێژ و سەگی لە گوندەکانیشدا دەکوشت، بۆ ئەوەی بەتەواوی سیماکانی ئاوەدانی

بسڕێتەوە، خەباتی پارتیزانی ئاڵنگارییەکی گەورەی ڕژێم بوو، زۆرێك لە پارتیزانەکان بەهۆی ئەو خەباتەوە کەسوکاریان لەپێناو دانا، لە کاتی پارتیزانی دەنگۆی ئەوەمان بڵاودەکردەوە کە کەم نین و ژمارەمان زۆرە، زۆر جار سەنگەرەکانی حکومەت خۆی لە ڕووبەڕووبوونەوەمان دەپاراست.

لە ژیانی پارتیزانیماندا چەرمەسەری زۆرمان بەسەرهات لەوانە: لە دەشتی کۆیە هەڤاڵ جەعفەری حەمەدەرویش تووشی مەلاریا بوو، لە دۆڵی کاولان نەیدەتوانی بڕوات، ئێمەش دەبوو بچین، چونکە ئەو شوێنەی شەوێك لێی دەماینەوە هی ئەوە نەبوو شەوێکی دیکە لێی بمێنینەوە، بە دوای گوێدرێژێکدا گەڕاین دەبوو بە شەویش بگەڕێین، بەڵام دەستمان نەکەوت، گوتم ئێوە بڕۆن من لەگەڵ هەڤاڵ جەعفەر دەمێنمەوە، ڕازی نەبوون، هەندێکی دیکە گەڕان گوێدرێژێکیان دەستکەوت، بردمان بەرەو بناری کۆسرەت و لەوێ وردە وردە چارەسەرمان کرد، جگە لەوە ئێمە لەو ژیانە سەخت و سارد و برسێتییەدا نەخۆش نەدەکەوتین، هۆکارەکەی ورەبەرزی و باوەڕەکەمان بوو، هەروەها ئەو ١٤ کەسە هێندە متمانەمان بەیەك بوو لە هیچ شتێك نەدەترساین، هۆکاری ئەوەی ئەمڕۆ ڕوودەدات نەبوونی متمانەیە.

ئیدی دۆخمان بەرەو خراپبوون چوو، پێشنیارکرا بچینە ناو کۆیە، هەندێکمان پێیان باش نەبوو، چونکە پێشتر پێشمەرگەی حزبی شیوعی چووبوونە گەڕەکێکی کۆیە و پێیان زانرابوو، لە کاردانەوەی ئەوەدا حکومەت ئاو و کارەبای ئەو گەڕەکەی بڕی بوو، ئەوە بوو بڕیاردرا و چووین، من لەگەڵ هەڤاڵ کامەران بووم گوتی با بچینە ماڵی دایکم لە پەڕی شارە، ئەگەر هەرچی ڕوویدا فریا دەکەوین هەڵبێین، کە چووین تووشی سەرسووڕمان بوون، مانگی ١٠ بوو کەشەکە هێشتا گەرم بوو، تەماشای لایەکی حەوشەکەیانم کرد و گوتم پشتی ئەو دیوارە چۆڵە؟ گوتیان بەڵێ، بەرمیلێك لە حەوشە بوو گوتم باشە ئەو بەرمیلە واتە بەرمیلێکی ٢٠٠ لیتری ببەنە پاڵی دیوارەکە، دایکی گوتی ئەمڕۆ هەینییە بڕوامەکەن ئاشکرا بن، گوتم قەینا هەر دایبنێن، ئیدی ئەوەبوو خۆمان شۆرد و جلی برایەکی هەڤاڵ کامەرانم لەبەرکرد، بۆ سبەی دەنگۆی ئەوە بڵاوبووەوە، هێز ماڵی کەسوکاری پێشمەرگە دەپشکنێت، هەڤاڵ کامەران هەڵسا و دەستی کرد بە خۆبەستن، گوتم: ئەوە چی دەکەی؟ گوتی: خۆ خۆم

ڕادەست ناکەم، بەرگری دەکەم، ئەگەر بشکوژرێم خۆ پێشتر دەتوانم سێ بۆ چوار کەسیان لێ دەکوژم، گوتم: بەهۆی ئێمەوە ئەم گەڕەکە وێران دەکەن و ئەنفالیان دەکەن، ئەوە باشترە ئێمە دەستگیر بکرێین، بەلام ئەم گەڕەکە با زیانی بەرنەکەوێت، لە کاتی گواستنەوەمان خۆمان لە ئۆتۆمبێلەکانیان فڕێ دەدەین تا تەقەمان لێ بکەن و شەهیدمان بکەن، دایکی کامەران گوتی بڕواناکەم بێنە مالی ئێمە، ڕەنگە بچنە مالێکی نزیکمان ئەوانیش پێشمەرگەیان هەیە، ئیدی ئێمە چووینە ناو بۆفییەکی پێخەفەوە، لەناکاو هاتنە حەوشەکەوە دایکی هەڤاڵ کامەران دەستی کرد بە هاوار، ئیدی ئاشکرابووین، لە پشکنیندا هەڤاڵ کامەران دەستگیرکرا، لە درزی بەتانییەکەوە بینیم لە حەوشەکە بە پشتێنەکەی خۆی دەستی دەبەستن، ئیدی ئەویان برد، منیش هاتمە حەوشەکە و لەسەر ئەو بەرمیلەی کە دایاننابوو خۆم هەلدایە پشتی مالەکە، هێشتا بە تەواوی لە کۆلانەکە دەرنەچووبووین، لەسەرخۆ دەستم کرد بە ڕۆیشتن تا نزیکی چۆلەوانییەکە بوومەوە و دەستم کرد بە ڕاکردن و گەیشتم بە ڕێگای سەرڕەزان کە ناوچەیەکی چڕ بوو لە درەخت و لە شوێنێکی کەمێك سەخت و لەناو چاڵ و گژوکیا خۆم شاردەوە، هێندەی نەبرد لە ناو کۆیە بوو بە تەقە و هیچ شوێنێك نەما دەنگی تەقەی لێوە نەیەت، لە دلی خۆمدا گوتم هەموو هەڤالانم ئاشکرابوون.

پێش چوونە ناو کۆیە دوو شوێنمان دانابوو کە یەکدی لێ ببینینەوە، من بۆ هیچیان نەچووم و بەڕێگایەکی دیکەدا چووم، لەناکاو گوێبیستی دەنگێك بووم بانگی کامەرانی دەکرد، منیش خۆم تێك نەدا و ویستم بزانم چییە و وردە وردە نزیك دەبوومەوە، لەسەر گردێکەوە کەسێك هاتە خوارەوە هاواری لێ کرا و گوتیان کامەران ئەوە تۆی؟ گوتی بەلێ، گوتیان ئەی دکتۆر؟ گوتی نازانم لەیەك دابڕاین، منیش لە شوێنی خۆمەوە گوتم منیش ئەوەتام لێرەم، بەلام لە ناو شار ژمارەیەك لە کەسوکارمان دەستگیرکرا و بێ سەروشوێن کران، لەوانە لە مالی ئێمە دایك و باوکم و خوشکێکم دەستگیرکرابوون و ئەنفالیان کردن، باوکم چەندین جار دەستگیرکرابوو، هەموو جار دەمگوت کۆیە بچووکە لەوێ بڕۆ، بە گوێی نەدەکردم، من و باوکم یەك قسەمان هەبوو هەرچی بەسەرماندا هات پەشیمان نەبین، چونکە خۆمان ئەو ڕێگەیەمان هەلبژاردووە، بۆیە پەشیمان نیم، لە ئێستادا لەبەر خوێنی

شەهیدان دوورەپەرێزم و نامەوێت ناشیرین ببم، من ڕۆژێك لە ڕۆژان لەلایەن بەعسەوە قسەیەکیشم پێ نەگوتراوە، واتە لەبەر ئەوە نەبووم بە پێشمەرگە کە ستەم لە خۆم کراوە، بەڵکو لەبەرئەوە بوو کە گەلەکەم ستەمی لێدەکرێت، نەك بەعس هەر کەس گەلەکەم بچەوسێنێتەوە دوژمنی منە، دەمتوانی لەسەردەمی بەعسدا بەهۆی پیشەکەمەوە خۆم و خانەوادەکەم بە باشترین شێوە بژین، ئێستاش چاوەڕێی هیچ نیم و بەلامەوە گرنگ نییە.

کاتێك کەسوکارم دەستگیرکرابوون پێیان نەگوتم، بەڵام هەواڵی دەستگیرکردنی کەسوکاری هەڤاڵانم بیستبوو، ڕۆژێك لە گوندێکی سنووری بیتوێن، منیان نەدەناسی بەڕێکەوت گوێبیستی ئەوە بووم، کە ماڵی دکتۆر هیمداد دەستگیکراون، هەڤاڵانم ویستیان بابەتەکە بگۆڕن، گوتم مەیشارنەوە و بەلامەوە شتێکی سەیر نییە، هەرچەندە لە ناخەوە زۆر ڕووخام، بەڵام نەمهێشت خەڵکی ئەو گوندە بە ورە ڕووخاوی بمانبینن، تاکو ورەی ئەوانیش نەڕووخێت.

ئیدی وردە وردە سنووری گەڕانمان بەرتەسکبووەوە، دەچووینە هەر شوێن لە دوامان بوون، داوامان لە ڕێکخستنەکان کرد سەرکردایەتی ئاگادار بکەنەوە کەچی بکەین، ئیدی ناتوانین بمێنینەوە، ئیدی ڕۆیشتین تا گەیشتینە قەندیل هەرچەندە شارەزاش نەبووین، مانگی چوار بوو، بەفر هەموو شوێنێکی داپۆشی بوو، بارەگاکانی حزبی دیموکرات لەوێ بوون، شەو لای ئەوان دەبووین و بە ڕۆژ دەچووینە سەر شاخەکان، هەڤاڵ سەباحی بەکری مەلا گوتی من شارەزام و لە ساڵی ١٩٨٣ لێرە بووم، ڕێگای دیوی ئێرانی نیشان داین، لە کاتی ڕۆیشتندا بە هەڵە چووین، بایەکی سارد هەڵی کرد وامان هەست دەکرد ئێسکمان دەبڕێت هێندە سارد و تیژ بوو، هەموو پاڵمان بەیەکەوە دا و چووینە پەنایەك کە کەمتر با دەیگرتەوە هەتا ڕەقنەبینەوە، دۆخی دوو پێشمەرگەمان زۆر خراپ بوو، زۆر لێیان دەترساین، هەموو پێکەوە نەماندەهێشت کەسمان بخەوین، چونکە زۆرمان خەو دەهات، تا ڕەقنەبینەوە، جگە لەوەی کە زۆر برسیمان بوو، بەحەربەی چەکەمانمان بەفرەکەمان بریندار دەکرد و شوێن پێمان دەکردەوە، چونکە زۆر لووس بوو دەخزاین، تا ئەو شوێنەی کە چووینە دیوی ئێرانەوە هێزی عێراق و فڕۆکەمان لە دوا بوو، کە گەیشتینە سەر ڕووبارێك کەمێك هۆشمان هاتەوە، کەمێك پشوومان‌دا وەکو ئەوەی لە هۆش خۆمان

چووبووین، کە بەئاگا هاتینەوە زۆر درەنگی کردبوو دنیا تاریک داهاتبوو، ڕۆیشتین گەیشتین نزیکی بارەگایەکی ئێرانی بووینەوە، ئەشکەوتێکی لێ بوو ئاگرمان کردەوە و خۆمان وشککردەوە و نووستین، بڕیارماندا وەکو هێز لێیان نزیک نەبینەوە، من فارسیم دەزانی لەگەڵ هەڤاڵێك چووین بۆ لایان مانگی ڕەمەزان بوو، کە گەیشتین تەماشا دەکەم بارەگاکە کەسی لێ نییە، دۆشکەیەك دانرابوو، هاوارم کرد ئینجا هاتنە دەرەوە و شپرزبوون و خۆیان بەستا بوو، گوتم ئێمە سەر بە (ی.ن.ك)ین، پەیوەندییان لەگەڵ هەڤاڵانی ئێمە کرد و هێزێکی ی.ن.ك لەگەڵ ئیتلاعات هاتن ڕۆیشتین و لە گوندێك پشووماندا، پێستی دەموچاومان هەبوو بەری دابوو.

لە ئێران تووشی ڕیخۆڵەکوێرە بووم، نەشتەرگەریم بۆ کرا، هەڤاڵ کۆسرەت لە تاران بوو داوای لە من و هەڤاڵ جەعفەر کرد، کە چووین گوتی هەندێك بریندار هەیە ڕەوانەی ئیتاڵیایان دەکەین، پێوستە لەگەڵیان بچی، گوتم من حەز دەکەم بچمەوە ناو پێشمەرگە، هەڤاڵ نەوشیروان مستەفاش لەوێ بوو، گوتی: ئەوەت لەدەست ناچێت کە هاتیتەوە دەتنێرینەوە بۆ ناو پێشمەرگە، دواتر بۆمان ڕوون بووەوە دەیانویست بەڕێم بکەن تاکو پشوویەك بدەم، چونکە دەیانزانی خانەوادەکەم شەهید کراون، ئیدی لەگەڵ بریندارەکان چووین بۆ ئیتاڵیا و لەوێ بریندارەکان چارەسەرکران، لەوێ هەندێك دیاریم بۆ هەڤاڵانم کڕی، بەنیازی ئەوەی بگەڕێمەوە، بۆ ئێوارەکەی نامەیەکم بۆ هات کە تەماشام کرد نامەی هەڤاڵ جەعفەر بوو تێیدا هاتووە: "ئەگەر بۆت دەکرێت مەگەڕێوە، لەبەرئەوەی بەنیازن هەموومان بنێرنە ئۆردوگای جەهروم – شوێنێکی خراپ بوو – لەوێ چەکمان دەکەن، ئەگەر دەتوانی بمێنیتەوە زۆرباشە" ئەوەبوو لەوێ مامەوە، نەمدەویست زۆر بمێنمەوە، لەبەرئەوەی بەفیزای ی.ن.ك لەوێ بووم، لەوێوە چووم بۆ دانیمارك و مافی پەنابەریم وەرگرت.

لە ساڵی ١٩٩٢ لەبەر خوشکەکانم گەڕامەوە کوردستان، چونکە دوو خوشکم ئەنفال نەکرابوون، یەکێکیان بەهۆی ئەو ڕووداوەی بەسەر خانەوادەکەمان هاتبوو باری دەروونی تێکچووبوو تا ئێستاش هەروایە و لەژێر چاودێریدایە، ئیدی هەردووکیانم لەگەڵ خۆم برد بۆ دانیمارك، هەر لە کوردستانیش لە ساڵی ١٩٩٢ ژیانی هاوسەرگیریم پێکهێنا، دوو کچمان

هەیە، سەرەتا ژیان بۆ من زۆر سەخت بوو تەنها بووم، چونکە هەڤاڵانم دابڕابووم، ناو بەناو هەواڵی شەهیدبوونی هاوڕێکانم دەبیست زۆر کاری تێدەکردم، لەوانە شەهید جەعفەر کە لە ١٩٩١/٣/٢١ لە کەرکووك شەهید بوو، دواتریش لە شەڕی ناوخۆ هەندێکیان شەهید بوون زۆر بە ئازار بوو، ئیدی من لە دانیمارك بەهۆی ئەوەی زمانەکانی کوردی و عەرەبی و فارسیم دەزانی وەکو مامۆستای پەناهەندەکانی ئەو سێ زمانە دامەزرام(٦٤).

---

(٦٤)– چاوپێکەوتن لەگەڵ هیمداد عەبدوڵلا حەسەن حسێن (د. هیمداد)، ١٢ و ٢٠٢٢/١٢/١٣.

# هیوا محەمەد ئەمین (برینپێچ)

لەدایکبووی ساڵی ١٩٦٣م و لە ڕۆژێکی ڕەش و دۆزەخیی ڕۆژگاری بەعسییەکان و زەعیم سدیقدا لەدایکبووم، و باوکم بەهۆی کوردایەتیی تێیدا زیندانیی کرا و ئەشکەنجەیەکی زۆر درا و بەهۆیەوە لە خاك و نیشتیمان دەریانکردین و ماوەی پێنج ساڵان لە خواروی عێراق لە شاری عەمارە بە دەستبەسەریی و حوکمی دوورخستنەوە ژیاین. من بەهۆی پەیوەندیم بە ڕێکخستنەکانی شارەوە، لە چالاکییەکدا دژ بە ڕژێم و لە بۆسەیەکدا گیرام. من ئەو کاتانە قوتابی بووم لە ئامادەیی پیشەسازیی- بەشی کارەبا دەمخوێند.

هەرگیز بیرم لەوە نەکردبووەوە، کە ڕۆژێك لەڕۆژان، ئەگەر بەڕێگەی ڕێکەوتیش بووبێت، بتوانم دەرزی و دەرمان یان هەر مادەیەکی چارەسەریش بێت، بە مرۆڤێکی نەخۆش ببەخشم! بەڵام ڕۆژگاری سەخت و دژواری گەلێك، کە تیایدا خەبات و تێکۆشان بۆ ڕزگاریی نیشتیمان و ئازادیی کۆمەڵگەکەی دەکات، وادەسەپێنێت و پێویست دەبێت، کە خۆت بخەیتە ژێر باری کارێکی وەها گران، پڕمەترسیی، لێپرساوێتیی و بەرپرسراوێتییەوە، کە نە ئەرك و نە پیشەی تۆیشە.

لەو سۆنگە و دەلاقەیەوە پێم چاك و پێویستە کە چەند دێڕێك سەبارەت بە خەباتی پزیشکایەتیی لە نێو شاخدا بنووسم تاکو مرۆڤی کورد ئاگاداری ئەو خەبات و تێکۆشانە بێت کە چۆن کادیرانی پزیشکیی شانبەشانی پێشمەرگە لەنێو سەنگەر و لەنێو شاخ، دۆڵ و ئەشکەوتەکانی کوردستاندا درێژەیان بە خەباتداوە و لەگەڵیشیدا ژیانی سەدان مرۆڤی کوردیان لە نەخۆشیی و مردن ڕزگار کردووە. ئەم چەند دێڕە تەنیا ئاوڕێکی زۆر کورتە لە مێژووویەکی سێ ساڵەی ساڵەکانی ١٩٨٠ – ١٩٨٢.

پایزی ساڵی ١٩٨٢ بوو، ڕێك ئەو ڕۆژەی کە چەکی پێشمەرگایەتییم هەڵگرت. دواهەمین هەفتەی مانگەکانی هاوین بوو، کەش و هەوایەکی ساردی کوتوپڕاویی هەڵیکرد و بەدوایدا بەفرێکی ئەستوور و قورسداباریی کە بەهۆیەوەدار و درەختێکی زۆر شکانەوە و

هەندێك زیانیشی بە كشتوكاڵ، مەڕوماڵات و لەوەڕ و لەوەڕگەكانی گوندیەكان گەیاند بوو. لەو سات و وەختانەدا بوو، كە لە گوندێكی پڕ شاخ و كێوی بەرز و دژوار، ڕازاوە، جوان، سازگار، پڕ كانی و ئاو، داپۆشراو بە ڕەز و بێستان، دارستانی سروشتییی گوندی پاڕەزان بڕیاری دروستكردنی نەخۆشخانەیەكی شۆڕش درا، لەو ڕۆژگارەدا هەر گوندێكی كوردستان شایستەی ئەوە بوو كە نەخۆشخانەیەكی هەبێت. خۆخستنە ژێرباری ئەركێكی وەها گران؛ بێگومان كارێكی هەروا سانا و بێكێشە نەبوو، بەزاراوەی ئەمڕۆ: بودجە، دەرمان، فەرمانبەری دەوێت، بەڵام بۆ گەلێكی خاوەن ئیرادە، بە ئەزمون و قاڵبووی ڕۆژگاری سەخت و دژواری خەبات و بەرگریی، هەڵبەت كارێكی ناكردە و ئەستەم نەبوو. لە هەمان ساڵدا، واتا لە سەرەتای پایزی ساڵی ١٩٨٢دا بوو دكتۆر هەژار عوسمان مەعروف كە پزیشك و دەرچووی كۆلێژی پزیشكیی شاری بەغداد بوو، بە بیرۆكە و دەستپێشخەریی ئەو و بەرەزامەندیی لێپرسراوی مەڵبەندی ی.ن.ك، كۆچكردوو هەڤاڵ بەكری حاجی سەفەر، بڕیاری دروستكردنی نەخۆشخانەیەك درا بەناوی نەخۆشخانەی (شەهید دكتۆر نەبەز).

ئەوكاتەی كە من چوومە نێو ڕیزی پێشمەرگەوە، یەكەم كەس كە ڕووبەڕووی بوومەوە دكتۆر هەژار بوو! ئەو لە گوندی پاڕەزان بوو، تازە لە ناوچەی گوندی بلەكێ و ناوچەی سەركردایەتی یەكێتی دابەزیبوو و هاتبووە ناوچەی شارباژێڕ، ئەو كوڕێكی باریكەلەی باڵابەرزی چاوشین بوو ، كوڕی پڕۆژە و چالاكیی بوو، خوێنەرێكی زۆر باشیش بوو. نەخۆشخانەكە لە ناو خانوویەكدا بنیاتنرا كە كاتی خۆی و لە ڕۆژگاری بەعس و ڕژێمی سەددامدا بنكەیەكی تەندروستیی بووە، كە بۆ بەشێكی زۆر لە گوندەكانی شارباژێڕ دروستكرابوو، دكتۆر لەوێ بوونی نەبووە، بەڵكو تەنیا یاریدەدەری پزیشك هەبووە.

نەخۆشخانەكە كە بریتی بوو لە سێ ژوور كە بە هیمەتی خەڵكی چەند گوندێك و پێشمەرگە و دوای بوونێكی زۆر نۆژەنكرایەوە و بۆ دواجار بنیاتنرایەوە. بێگومان چوونە ژێرباری ئەركێكی وەها سەخت و گران، دوور لە هەبوونی توانایی مادیی و نەبوونیی پزیشك، برینپێچ، دەرمان، دەرمانساز، تاقیگە، پاشان مەترسیی بۆردومان و هێرشی سەربازیی ڕژێمی بەعس كارێكی سانا، ئاسان و بێ كێشە نەبوو، بە هەق بڵێم دكتۆر هەژار

هەم وەك پزیشكێكی پیشەیی و هەمیش وەك پێشمەرگەیەكی دڵسۆز و مرۆڤێكی كوردپەروەر و مرۆڤدۆست بووە ئەندازیاری ڕاستەقینەی دامەزرێنەری ئەو نەخۆشخانەیە. كاتی نۆژەنكردنەوەی نەخۆشخانەكە، بەهەق بڵێم، دەمبینی كە چۆن ئەو بە شەوق، چێژ و وزەیەكی ئومێدبەخشانە و مرۆڤدۆستانەوە گوێنیە خۆڵ و داری بەسەر پەیژەدا سەردەخست لەكاتی نۆژەندكردنەوەی سەربانی نەخۆشخانەكەدا. ڕووبەری نەخۆشخانەكە نزیكەی هەشتا مەترێكی چوارگۆشەیی مەزەندە دەكرا، سێ ژوور و ڕاڕەوێك بوو. ئەو سەردەمە؛ جگە لە كۆڵەپشتەكەی دكتۆر هەژار كە بڕێك دەرمان و پێداویستیی فریاگوزاریی خێرای تێدا بوو، هیچی تر لەو نەخۆشخانەیەدا نەبوو، زەویەكی ڕەق و تەق و سێ ژووری چۆڵ و هۆڵ! ئەوكاتەی دكتۆر هەژار بڕیاری لە دروستكردنی نەخۆشخانە كەدا، من پرسیارم لێی كرد، ئاخۆ دروستكردن و بنیاتنانی نەخۆشخانەیەكی وەها ئیمكانی هەیە؟ ئەو كە قاڵبووی چەندین ئەزمونی پزیشكایەتیی پارتیزانیی و دروستكەری چەندین بنكەی تەندروستیی جێگیر و گەڕۆكیی بوو لە نێو شاخ و گوندە دووردەستەكاندا، قاڵبووی خەباتی پزیشكیی بوو لەنێو سەنگەردا كە چۆن وەك پزیشكێك لە كاتی هێرشی دوژمن و بەرگرییدا بتوانێت بەهانای پێشمەرگە بێت و لە مردن ڕزگاریان بكات؟ بۆیە لە وەڵامدا پێی گووتم: بەڵێ كارێكی وەها ئەگەرچی گران و دژوارە، بەڵام ناكردەنییش نیە. من هەر ئەودەمە بڕیارمدا كە لای ئەو بمێنمەوە تاكو ئەودەمەی بزانم چارەنوس بەرەوكوێم دەئاژوێت.

ڕۆژێكیان دكتۆر هەژار لێی پرسیم، كە ئەگەر پێت خۆش بێت و ڕەزامەندبی فێری هەندێك كاری پزیشكیی، لەبابەتی برینپێچیی، ناسینی دەرمان و ئامێرە سادە پزیشكییەكان، دەرزیلێدان، فریاگوزاری خێرات دەكەم، تاكو هەم بتوانیت ببیتە یارمەتیدەرێكی من و هەمیش لە كاتی تەنگانەدا بتوانیت ژیانی مرۆڤێك لە مردن ڕزگار بكەیت. ئەگەرچی ئەو كارە بۆ منێك كە هیچ بەهرە و پێشینەیەكی پزیشكییم نەبوو بە كارێكی زۆر گران و ئەستەمم دەهاتەپێشچاو، بەڵام هەروەك پێشتریش ئاماژەم پێیدا، كە هەندێكجار لە قۆناخێكی مێژوویی بەرگریی گەلەكەتدا وادەخوازرێت بچیتە ژێر باری كارێكەوە كە نە دڵخواز و نە پیشەی تۆشە. دكتۆر هەژار بە دیقەت و سەبرێكی زۆرەوە منی

فێری کارە پزیشکییەکان دەکرد، منیش زانیاری هەندێکیانم لەسەر کاغەز تۆمار و یاداشت دەکرد تاکو لەبیرم نەچنەوە.

دواجار من بوومە یارمەتیدەرێکی ناچاریی دکتۆر هەژار، و لەزۆربەی کارە پزیشکییەکانی وەك برینپێچیی، نەشتەرگەریی و ڕووداوە کوتوپڕەکان و.... تاکو کار گەیشتە ڕادەیەك کە ئیتر ناوم بە دکتۆر هیوا ناسرا، دکتۆر هەژار سەرەڕای ئەوەی کە دکتۆرێکی بەئەزمون و بەتوانا بوو، بەهەمان شێوەش پزیشکێکی بەڕەوشت، دڵسۆز، بەویژدان، خەمخۆر و چوست و چالاك بوو، بۆیە کاتێك مرۆڤ ڕووبەڕووی کەسانی وەها دەبێتەوە خۆبەخۆ ناتوانیت کاریگەریی ئەو وەرنەگریت و نەبیتە بەشێك لە ڕەوشت و ویژدانی ئەو، بۆیە و هەر لەو سۆنگەیەوە بڕیارمدا، کە لەگەڵ ئەودا بمێنمەوە و تەنیای جێنەهێڵم، تاکو دواساتەکانی تەمەنی نەخۆشخانەکە لەگەڵیدا مامەوە. ئەوەی لەوێدا جێگەی خەم و نیگەرانیی بوو، نەبوونی دەرمان و پێداویستیی پزیشکیی بوو، ئەوش خەمێك بوو کە هەمیشە دکتۆر هەژار پێوەی دەینالاند! بەلام داینەمۆی شۆڕشێك کە بە خوێن و ئارەقە و ماندووبوون و قوربانییدان ببزوێت، گەلێك کە تامەزرۆ و شەیدای سەربەستیی، ئازادیی و دادپەروەریی بووبێت، کارێکی هێند گران و نەکردەیی نەبوو.

لەو ڕۆژگارەدا هەر پێشمەرگە، هاوڵاتی و کوردپەروەرێك لە شار و لە گوند خۆی بە لێپرسراو و بەرپرسیارێتیەکی مێژوویی، ئەخلاقیی و ویژدانیی دەزانی بەرامبەر بە گەل و نیشتیمانەکەی، بۆنموونە؛ هەوڵ و هیمەتی دکتۆر قادر شەریف گێڵدەرەیی نابێت لەیادبچێت، کە چۆن دەرمان و پێداویستیی پزیشکیی کۆدەکردەوە و لە گوندەکاندا دەیانیشاردەوە و بەکۆڵەپشتە پزیشکیەکانیەوە لەگەڵ هاوڕێیانی تری دکتۆر وەك پزیشکانێکی پارتیزان لە نێو سەنگەری پێشمەرگە و گوندیەکاندا دەگەڕان و خزمەتیان دەکرد. لەسەروبەندی بنیاتنانی نەخۆشخانە و دەستبەکاربووندا بووین کە دەستەویەخەی کەمیی و نەبوونی دەرمان بووین کە ڕۆژێکیان کۆمەڵێك پێشمەرگەی ی.ن.ك لە کەرتێکی تیپی ٤٧ی پیرەمەگرون کە هەڤاڵ حەمەی تەیب لێپرسراوی بوو، هاتن بۆلامان بۆ نەخۆشخانەکە، ئەوان لە ئەنجامی بڕینی ڕێگەیەکی دوورودرێژ زۆر ماندووو بووبوون و

هەندێکیشیان نەخۆش و دەردەدار. کاتێك بینیان نەبوونی دەرمان چ کاریگەریەکی لەسەر کارەکانمان هەبوو، پەیمانیان پێداین کە لە ماوەیەکی کورتدا بڕێکی باش دەرمانمان بۆدابین بکەن.

ماوەیەکی زۆر بەسەر سەردانی ئەو کەرتەدا تێنەپەڕیی بوو، کە ڕۆژێك هەمان مەفرەزەی هەڤاڵ حەمەی تەیب دەچنە نێو شاری سلێمانی و دەدەن بەسەر کۆگەیەکی گەورەی دەرمان لە نزیك نەخۆشخانەی ئیستیشاریەکەی ئەوکاتەی سلێمانی و ئەو پەیمانەی پێیانداین ڕاستگۆیانە و خەمخۆرانە بردیانەسەر و بڕێکی زۆر دەرمان و جۆرەها پێداویستیی پزیشکیی کە لە بڕی چەند فەردەیەکدا بوون بەڕێگەیەکی پڕ زەحمەت و چەرمەسەریی گەیاندە نەخۆشخانەکەمان. ئەو دەستەودیاریەی کەرتەکەی کاکە حەمە دڵی من و دکتۆر هەژاری زۆر خۆش کرد، و گوڕ و تینێکی زۆری بە ئێمە و نەخۆشخانەکە بەخشیی.

نزیکە کۆتاییەکانی بەهاری ساڵی ١٩٨٣ بوو، دکتۆر قادر حاجی حەمەشەریف کە دەرچووی پەیمانگەی پزیشکیی - دەرمانسازیی، و کادرێکی ی.ن.ك و هەروەها پزیشکێکی ناو شۆڕش بوو لە ناوچەکانی شارەزوور و هەورامان، هات بۆ گوندی پاڕەزان و پەیوەست بوو بە نەخۆشخانەکە. بێگومان ئەو پێشتر لەگەڵ دکتۆر هەژاردا باسیان لەوە کرد بوو کە نەخۆشخانەیەك بنیاتبنێن! دەستەودیاری ئەو کۆمەڵێك دەرمان و پێداویستیی پزیشکیی بوو لە بڕی دوو فەردەدا کە ماوەیەکی زۆر بوو توانیبووی بڕێکی باش دەرمان و پێداویستیی پزیشکیی لە شاری هەڵەبجە و شارەزور و سلێمانی کۆبکاتەوە و لە گوندەکاندا و لە ماڵی جوتیارەکاندا بیانشارێتەوە و بیانپارێزێت. ئەو توانیبووی ئەو دەرمانانە بەڕێگەیەکی پڕمەترسیی بەنێو سەربازگە و بۆسەی جاشەکانی ڕژێمدا لە دەشتی شارەزورەوە بە باری ئێستر و گوێدرێژ گەیاندە نەخۆشخانەی دکتۆر دکتۆر نەبەز.

ماوەیەکی کورت دوای ئەویش دکتۆر جەهانگیر کەرکووکیی (ستار قادر) کە دەرچووی ئامادەیی پزیشکیی بوو، و پێشمەرگە و پزیشکی ناوچەی شارەزوور و هەورامان بوو،

پەیوەست بوو بە نەخۆشخانەکەمان و لەگەڵ دکتۆر قادر و چەند دکتۆرێکی دی کە دوایی ناویان دەهێنم، تاکو دوارۆژە سەختەکانی نەخۆشخانەکە مانەوە. پاشان دکتۆر شاخەوان (غەفور تاهیر) کە دەرچووی پەیمانگەی پزیشکیی بوو، لە ناوچەی کەرکوك و گەرمیانەوە هات و بۆماوەیەك لەنێوماندا مایەوە و خزمەتێکی باشی کرد. لەوێ بەدواوە ئیدی ستافێکی چالاك و دڵسۆز پێکهات و دڵسۆزانە کەوتینە چارەسەرکردن و خزمەتکردنی نەخۆشی پێشمەرگە و گوندیەکان. سەردانیکەرانی نەخۆشانی گوندیان و پێشمەرگە و بریندارانی پێشمەرگە ڕوو لە هەڵکشاندا بوو.

جێگەمان تەنگ بوو، بۆیە بەناچاریی نەخۆشخانەیەکی ترمان لە گوندی حاجی مامەند، کە بنکەی سەرەکیی مەڵبەندییەکی لێبوو، بنیاتنا و بەڕێزان دکتۆر شاخەوان و دکتۆر جەهانگیر نێردران بۆ ئەوێ و لەوێ مانەوە، ئەو نەخۆشخانەیەش باشترین خزمەتی بە پێشمەرگە و گوندیانی کرد. نەخۆشخانەکەمان لە پارەزان لەبەر نەبوونیی توانایی مادیی و نەبوونی پزیشکی تایبەتمەند لە بوارە جیاجیاکاندا بەناچاریی پشکنین و چارەسەر بۆ هەموو نەخۆش و نەخۆشییەك دەکرا، تەنیا پزیشکێك کە دەرچووی کۆلێژی پزیشکیی بوو، دکتۆر هەژار بوو، ئەوانی دیش هەریەك بەپێی توانایی بوارەکەی خۆی چارەسەری تەواویان بۆ نەخۆشەکان دەکرد، بەڵام بۆ نەخۆشییە قورس و جیددیەکانی وەك نەخۆشیی منداڵان، ژنانە، منداڵبوون و نەشتەرگەریی قورس دکتۆر هەژارمان بانگ دەکرد.

دواجار بەسەردانێکی دکتۆر سەردار تاڵەبانیی بۆ نەخۆشخانەکەمان، کە لە ناوچەی هێزەکانی پێشمەرگەی دەشتی کەرکووك و گەرمیانەوە هاتبوو، فێری هەندێك چارەسەری نەخۆشیی کردین لە بابەتی بەنج و ددان هەڵکێشان و هەندێك زانیاری تر، ئەو دکتۆری ددان و دەرچووی کۆلێژی ددان بوو لە بەغداد. دواجار چارەسەر و ڕێنمایی نەخۆشیەکانیدانیش بوونە بەشێك لە کارەکانمان. هەندێکجار ڕێکدەکەوت کە گوندییەکان داوای دەرمان و چارەسەریان بۆ ئاژەڵەکانیشیان بکردایە؟! دکتۆر هەژار بۆی گێڕامەوە کە ڕێککەوتووە نزای دەمبەستی گورگی بۆ جووتیارەکان نووسیوە. ڕاستە ئەو پزیشکێکی

زانستخواز بوو و باوەڕی بەو شتانە هەرگیز نەبوو، بەڵام بۆ دڵخۆشکردن و نەشکاندنی دڵیان ئەو کارەی کردبوو.

جارێکیان لە گوندی حاجی مامەند گوندیەك هات بۆلامان و کەوتە تکا و پاڕانەوە کە مانگایەکی شیردەر و نازداری هەیە و نەخۆشیەك (تەبەق)ی گرتووە کە زۆر ماندووی کردووە، ئەگەرچی هەوڵماندا کە تێیبگەێنین کە ئەو کارە کاری دکتۆری بەیتەرییە، بەڵام سوودی نەبوو و بەناچاریی و لەبەر دڵنەوایی ئەو من دەرزیەکی تێکەڵەی ڤیتامینم لێیدا، بەڵام هیچ سوودێکی نەبوو.

زۆرجار ئەگەر دەرمانی پێویستمان بۆ گوندنشینەکان لەبەردەستدا نەبووایە بەناچاریی ڕەوانەی شارمان دەکردن تاکو دەرمان و چارەسەری پێویست لەوێ وەربگرن، بەڵام بۆ پێشمەرگە دەبوایە لەڕێگەی ڕاسپاردنی خزم و کەسوکاری خۆمانیان پێشمەرگە، هاوڕێ، دۆست، جوتیارو ئەو سایەق پیکاپ و جێبانەی کە لەنێوان شار و گوندەکان کاریان دەکرد، دەرمان و چارەسەرمان لە شارەوە بۆ بهاتایە. نەخۆشخانەکەمان جمەی دەهات لە نەخۆشی جۆراوجۆر لە گوندیەکان و ئەو پێشمەرگانەی کە لە سەنگەری بەرگریی و هێرشدا بریندار دەبوون، بەهەمان شێوەش حاڵەتی لەناکاوی وەك مارپێوەدان، ئازاری کوتوپڕ و فیشەك لەدەستدەرچوون هەبوون.

لەماوەی سێ ساڵ تەمەنی ئەو نەخۆشخانەیەدا باشترین خزمەت بە پێشمەرگە و خەڵکی گوندەکان کران، بێگومان کاری نەخۆشخانە و پێدانی دەرمان بە گوندیەکان بێ بەرامبەر بوو، دەرگا بیست و چوار کاتژمێر کراوە بوو، هەموو نەخۆشێك بە ڕێز و حورمەتەوە بەڕێدەکران، تیمی پزیشکیەکەمان هەستی بە ماندووبوون و بێزاریی نەدەکرد، هەموو کار و ماندووبوونێك لەپێناوی خزمەتکردن بە مرۆڤی کورد بوو. لەڕاستیدا ئێمە بە ڕووداوی فیشەك لەدەستدەرچوون زۆر دلگران دەبووین، دکتۆر هەژار بەتایبەتی لەناخەوە ئازاری دەچەشت و هەندێکجاریش زۆر تووڕە دەبوو، تووڕەیی و بێزاریی ئەو لە ڕووداوی فیشەك لەدەستدەرچوون، کە ئەنجامی کەمتەرخەمی و یاریکردن بەچەك بوو،

وای لێدەکرد کە هەندێکجار بەهانای پێشمەرگەوە نەچێت، بەڵام دوایی پەشیمان دەبووەوە و ڕەوشت و ویژدانی ڕێگەی پێنەدەدا کە تیمار و چارەسەری نەکات.

نزیك دوا ڕۆژەکانی زستانیی ساڵی ١٩٨٣ بوو کە بۆخۆشتن و جلشتن چوومە دەرەوەی گوند، لە ڕێگەی گەڕانەوەمدا بۆ نەخۆشخانە گوێم لە تەپە و قرژمەی تەقەی تفەنگێك بوو کە لە چاخانە بچوك و پەڕتوکاوەکەی گوندی پارەزان هەستا، بەدوایدا هاوار و ناڵە بەرز بووەوە، منیش بەپەلە بەرەو ئاراستەی دەنگی تەقە و هاوارەکان ڕامکرد و بینیم پێشمەرگەیەك لە خوێنی خۆیدا گەوزاوە و لنگەفرتێ دەکات، هاوڕێکانی دەستەپاچە نەیاندەزانی چی بۆبکەن، ئیدی من هەرچۆنێك بوو باوەشم پێیدا کرد و بەهیمەتی پێشمەرگەکانی دی هێنامانە سەرپێیان و بەجامانەیەك ملی ئەو، کە فیشەکێك بەر قۆڵیی پێکابووی پێچام و بەپەلە گەیاندمانە نەخۆشخانە بۆلای دکتۆر هەژار. بەڵام بەداخەوە پاش هەندێك هەوڵدان بۆ ڕزگارکردنی ئەو لەلایەن دکتۆر هەژارەوە، بەڵام بەداخ و کەسەرێکی زۆرەوە و بەهۆی سەختیی و خەستیی برینەکەیەوە گیانی پاکی لە ئەنجامی فیشەك لەدەستدەرچوون لەلایەن هاوڕێیەکی پێشمەرگەی خۆیەوە، سپارد بە خاکی کورد و کوردستان. ئەگەر هەڵە نەبم و لەسەر زەینی تەواو بم ئەو ناوی ڕێبوار بوو تەمەنی هەروا بیست بۆ بیست و دوو ساڵانێك دەبوو، و پێشمەرگەی تیپی ٣٧ی شارباژێڕ بوو.

لە هەمان ئەو ڕۆژگار و ساتانەدا بوو، کە کچێکی هەڤاڵ بەکری حاجی سەفەریش کە ئەگەر هەڵە نەبم ناوی تانیا بوو، لەئەنجامی فیشەك لەدەستدەرچوون و یاریکردن بە چەك لەلایەن خاڵێکییەوە، لە نەخۆشخانەکە و دوای هەوڵێکی بێوچان بۆ ڕزگارکردنی گیانی تانیای پێنج ساڵان، جەستەی پاکی لەژێر دەستی دکتۆر هەژار و مندا سارد بووەوە، بە خەمێکی زۆرەوە تەرمی ئەو منداڵە ناسکە کە پێش چەند خولەکێك پێشتر پڕ بوو لە جوڵە، وزە، خەون، حەز، چێژ و خولیای جوانی منداڵانە بۆ ژیان، سپاردەوە بە بنەماڵەکەی، و گیانی پاك و بێگەردی بەخشی بە کورد و کوردستان.

هێشتا هاوڕێیان دکتۆر قادر و دکتۆر جەهانگیر و دکتۆر شاخەوان نەگەیشتبوونە لامان، کە ڕۆژێکیان دکتۆر هەژار نامەیەکی پێچراوەی بەدەستگەیشت، کە لەلایەن گۆرانیبێژی کوردپەروەر و نیشتیمانپەروەر هەڤاڵ حەمە جەزای ڕەحمەتیی نێردرا بوو، تیایدا هەواڵیدابوو کە فەردەیەك بۆ دوو فەردە دەرمانی لە شارەوە بۆ هاتووە و دەیبەخشێت بە نەخۆشخانەکەمان. ئەو کاتانە هەڤاڵ حەمە جەزا لە گوندی ڕازاوەی چنگیانی شارباژێڕ دەژیا. خانوویەکی گڵین، بەڵام زۆر سادە و ساکار و تەنگ و تاریکی لەوبەر ئاواییەکە دروستکردبوو، ئەو بە تەنیا لەو کۆتیلەیەدا دەژیا، ماڵ و منداڵەکەی وابزانم لەنێو شاردا بوون. کاتێك دکتۆر هەژار ئەو هەواڵەی لە نامەکەدا خوێندەوە زۆر دڵخۆش بوو، چاوە شینەکانی لە خۆشیاندا دەبریسکانەوە. هەر ئەو ساتە پێی گووتم کە خێرا خۆم بپێچمەوە و بەرەو گوندی چنگیان بۆ کارێکی وەها بەڕێبکەوم، نامەیەکی نووسی و بەپێچراوەی دایە دەستم کە بیگەێنمە دەستی هەڤاڵ حەمە جەزا. بارگیرێکم پێشی خۆمدا و بەسەر کێوە بەرز و ڕەنگینەکەی (سەرکوك)ی پاڕەزاندا هەڵگەڕام و لەوێشەوە بەرەو گوندی حاجی مامەند لێژبوومەوە و پاشان ڕووە و کێوە سەخت، بەرز و کوڕەکەی (سیەر)ی بناری شاخەکەی (کوڕەکاژاو)ی جوان و ڕازاوە درێژەم بەڕێگەدا و دواتر بەنێو گوندی دڵگیر و ئارامەکەی (باراو)دا و دواجار گەیشتمە گوندی چنگیان و گەیشتم بە خزمەت هەڤاڵ حەمە جەزا. زۆر ماندووی ڕێگە بووم، ئەگەرچی بارگیرم پێبوو، بەڵام ڕێپێوان بە پێ زۆر خۆشتر بوو وەك ڕێکردن بە سواری پشت بارگیرێکەوە. هەڤاڵ حەمە جەزا پێشوازیەکی جوان و میوانداریيەکی باش و دۆستانەی لێکردم، ئەوە یەکەمجارم بوو کە لە نزیکەوە ئەو پیاوە نیشتیمانپەروەرە ببینم! هەر ئەو ڕۆژە و پاش نانخواردن و پشودان هەڤاڵ حەمەجەزا فەردەیەکی باش دەرمان و پێداویستی پزیشکیی، کە لەناو شاری سلێمانیەوە و لەڕێگەی هاوڕێ، دۆست و کەسوکارەکانیەوە بۆی هاتبوو بۆی بارکردم و بەهەمان ڕێگەی سەخت و دژواردا و لە ئێوارەیەکی درەنگاندا گەیشتمەوە نەخۆشخانەکەی گوندی پاڕەزان و دەرمانەکانم بەسەلامەتیی گەیاندە دەستی دکتۆر هەژار و ئەویش زۆر دڵخۆش بوو.

چەند ڕۆژێك پێشتریش بڕێك دەرمانی باشم هێنا كە لە ڕێكخراوەكانی ناوشارەوە گەیاندرابووە لای هەڤاڵ ئەبوشەهاب لە گوندی دۆڵپەمو لەگەڵ بڕی پەنجا دینار كە ناوبراو وەكیارمەتیەك بەخشیبووی بە نەخۆشخانەكەمان، بەو بڕە پارەیەش توانیمان هەندێك پێداویستیی سەرەتایی بۆ نەخۆشخانەكە بكڕین و بیهێنینە سەرپێی خۆی. ئەوكاتەیشی كە دكتۆر قادر لە شارەزوور و هەورامانەوە گەیشتە نەخۆشخانەكە، لەوێ دەستبەكار بوو. ئەو سەرەڕای كاری پزیشكیی و پەیداكردنی دەرمان لە شار و گوندەكانەوە، پیاوێكی ئیداریی، گورج و گۆڵ و وریاش بوو، ئەو جگەلەوەی كە بەدەردی پشتئێشەوە دەیناڵاند، بەڵام توانیی باشترین خزمەت پێشكەش بە نەخۆشخانەكە بكات.

كارێكی سەرنجڕاكێش كە لە نەخۆشخانەكەمان پەیڕەویی لێدەكرا، ناونووسكردنی ئەو نەخۆشانە بوو كە دەهاتنە نەخۆشخانەكەمان بۆ چارەسەركردن لەسەر پەڕاوێكی گەورەی تۆمار كە كاتی خۆی مەفرەزەكەی شەهید حەمەی تەییب لە سلێمانی لەگەڵ بڕێكی زۆر دەرمان لەگەڵ خۆیاندا هێنابوویان. لەو دەفتەرەدا ناوی نەخۆش، جۆری نەخۆشیی، بڕی دەرمان و جۆری دەرمانی چارەسەر و ڕێكەوت تۆمار دەكرا، سەدان ناوی نەخۆش لەو پەڕاوەدا تۆمار كرا بوون، كە بەداخەوە لە نێو گواستنەوەی نەخۆشخانە لە ئەم گوند و ناوچە بۆ ئەو گوند و ناوچەیەكی تری كوردستان لەنێوچوو. ئەركی پاكوخاوێنیی نەخۆشخانە، خواردن، چێشتلێنان، خزمەتی پێشمەرگەی نەخۆش و بریندار، پاسەوانیی شەو و.... تاد لە ئەستۆی ستافی نەخۆشخانەكەدا بوون. خواردنی سەرەكیمان بریتی بوو لە ساوەر، تەماتەی سورەكراو، پەتاتە، نسكێنە، برنجی سور، خۆ ئەگەر جارجارە پلە گۆشتێكمان بخواردایە دڵخۆش دەبووین.

بەرەبەری نزیكبوونەوەی هاتنی وەرزی پایزی ساڵی ١٩٨٣ بوو، وەرزی دوروێنە و چنینەوەی بەرهەمی بێستان و ڕەز و میوەی جوتیارەكان بوو، هەموویان دڵخۆش و شاد بوون كە بەری ڕەنج، ئارەقڕشتن و ماندووبوونی ئەو ساڵەیان بخۆن و بەرهەمەكانیان لە بازاڕی شارەكاندا ساغبكەنەوە! بەڵام بەداخەوە كە چارەنووسی جووتیاری كورد هەموو كات و سەردەمێك ماڵوێرانیی و گوند ڕووخان بووە لەلایەن دوژمنانی كوردەوە، ڕژێمی بەعس

لەناکاوێکدا کەوتە تۆپبارانکردنی دوورهاوێژی گوندەکانی شارباژێڕی سەخت لە بەری چوارتا، قەلاچوالان و نالپارێزەوە، و لە ماوەیەکی زۆر کەمی دوو ڕۆژییدا تەواوی خەڵکی گوندەکانی شارباژێڕی سەخت بەرهەم، ولاخ، ڕەشەولاخ، ئاژەڵەکانیانیان پێش خۆیاندا و بە ناو چەم و دۆڵەکاندا شۆڕبوونەوە و ڕوویان کردە چوارتا، قەلاچوالان، ماوەت، سلێمانی و.... لەو نێوەشدا گوندی پاڕەزان کە نەخۆشخانەکەمانی لێبوو بێبەش لەو تۆپبارانە نەبوو و کۆمەڵێك تۆپ و ڕاکێتی پێوەنرا، بەلام قوربانیی گیانی لێنەکەوتەوە جگە لە تیاچوونی هەندێك مەڕومالات. بلاوبوونەوەی هەواڵی هێرشی گەورە و بەرفراوانی ڕژێم بۆ ناوچەکانی شارباژێڕ کار و مانەوەی ئێمەی لەو گوندە و پاراستنی نەخۆشخانەیەك بە ستاف، کەلوپەل و پێشمەرگەی بریندار و نەخۆش گرانتر کرد و چیتر کارێکی ئاسان نەبوو، بۆیە بەناچاریی ئەو نەخۆشخانەیەی کە سەردەمانێك ئاوەدانیی و جێگەیەکی زۆر گرنگ و پێویست بوو بۆ پێشمەرگە و گوندییەکان بەسواری بەرزەولاخ و گوێدرێژ گواستمانەوە بۆ گوندی حاجی مامەند و پەیوەستبووینەوە بە هاوڕێانمان لە نەخۆشخانەکەی حاجی مامەند.

گوندی حاجی مامەند مەڵبەندییەکی لێبوو، مەڵبەند بە هەموو دەزگا قەزایی، کۆمەلایەتیی، سیاسیی و لەناویشیدا دەزگای تەندروستیی. لێپرسراوی مەڵبەندی سلێمانی ئەوکات هەڤاڵ مەلا بەختیار، بۆ چەند مانگێك توانی مانگانە بڕی هەشتا دینار بۆ نەخۆشخانەکەمان لە ڕێگەی دەزگای داراییەوە کە کۆچکردو ئەندازیار هەڤاڵ ئازاد حەمەعەلی بەڕێوەیدەبرد، دابین بکات، بڕی ئەو پارەیەش بۆ پێداویستیی نەخۆشخانە خەرج دەکرا. نەخۆشخانەکەمان چ لە پاڕەزان و چ لە گوندی حاجی مامەند نەك هەر خزمەتی پێشمەرگە و گوندیانمان دەکرد، بەڵکو بەبێ جیاازیی چارەسەری پزیشکیی بۆ پێشمەرگەکانی حیزبەکانی تری کوردستان وەکو پ.د.ك، حسك، حزبی شیوعی و بۆ سەربازی هەڵهاتوو لە جەنگ و تەنانەت سەربازە دیلەکانی دوژمنیش دەکران!! هەر لەو سەروبەندانەدا بوو کە مامەڕیشەی لێپرسراوی کەرتی چواری جەباری لە چالاکییەکدا توانیبووی زیاتر لە سی سەربازی دوژمن بە دیلیی بگرێت و بەڕێگەیەکی پڕ زەحمەت و

چەندین شەڕدا بیانگەێنێتە ناوچە ئازادکراوەکانی ژێر دەستەڵاتی هێزی پێشمەرگە. سەربازەکان تەواو ماندووی ڕێگە بوون و هاندێکیان بریندار و هەندێکیشیان نەخۆش بوون، لەلایەن نەخۆشخانەکەمانەوە و لە سۆنگەی هەست و ڕەوشتی مرۆڤانە و مرۆڤایەتییەوە چارەسەر و خزمەتێکی زۆرباش کران. سەربازەکان لەنێوماندا ڕاهاتبوون و درکیان بەو ڕاستییە کرد بوو کە پێشمەرگە ئەو دڕندەیە نییە کە ڕژێم لەنێو سوپاکەیدا پڕوپاگەندەی بۆکردبوو.

لەنێو سەربازە دیلەکاندا کوڕێك هەبوو نەخۆش و لەژێر چارەسەری پزیشکیی نەخۆشخانەکەماندا بوو، و ناوی موئەیەد و دەرچووی پەیمانگەی مامۆستایان بوو لە شاری عەمارە، ئەو لە باوکییەوە بیستبووی کە لە ساڵەکانی شەستەکاندا مامۆستایەکی کورد هەبووە لە شارۆچکەکەیان (شێخ سەعد) کە لەسەر کاری سیاسیی ڕژێمەکەی سەدام دوورخرابووەوە، ئەو باسی دەکرد کە باوکی زۆر هاوڕێی ئەو مامۆستایە بووە و خۆشیویستووە، کاتێك ناوەکەی هێنایە سەر زمانی بۆم دەرکەوت کە ئەوە باوکی من بووە! کاتێك پێمگووت کە ئەو مامۆستایە باوکی منە، بە چاوێکی پڕحەپەسانەوە، وەك بڵێی خەونێکی بینیبێت چاوەکانی فرمێسکی تێزان و لەگەڵیشیدا زۆر دڵی خۆش بوو ، ئەوەش بۆخۆی ڕێکەوتێکی زۆر سەرنجڕاکێش بوو!

وەك پێشتر ئاماژەم پێیدا کە دکتۆر هەژار منی فێری هەندێك کاری فریاگوزاریی سەرەتایی، برینپێچیی، نەشتەرگەریی، ناسینی دەرمان و...تاد کردبوو، ڕۆژانە لەنێو کاری پزیشکیی و خزمەتکردنی نەخۆشدا سەرقاڵ بووم! لەسەرەتاکانی بنیاتنانی نەخۆشخانەکەماندا بوو کە ڕۆژێك دوو پیاوی گوندیی لە گوندی (هەرمێلە)وە بەسواریی و بەپەلە خۆیان کرد بە نەخۆشخانەکەدا و پێیان ڕاگەیاندین کە پێشمەرگەیەك بەسەختی بریندار بووە و پێویستی بە فریاکەوتنە! ئەوکات تەنیا دکتۆر هەژار و من لەو نەخۆشخانەیەدا بووین، ئەو کۆڵەپشتێك دەرمان و پێداویستیی پزیشکیی بۆ پێچامەوە و پێی گووتم کە دەبێت خێرا بچم بەهانای ئەو بریندارەوە، بەڕاستی کارێکی وەها بۆ من زۆر دژوار و گران هاتە پێشچاوم! بەڵام دکتۆر هەژار گووتی بڕۆ و سەرکەوتوو دەبیت، ئیتر ئەو

هاندانــە کــەمێك دڵــەڕاوکێی کەمکردمــەوە. کۆڵەپشــتم لــە بــار نــا و منــیش بەســواری ئێســترێکەوە کەیــەکێك لــە هاوڵاتییــە گوندییــەکان ڕایدەکێشــا بەڕێکــەوتین. هێشــتا لــە باسکەکەی نێوان پاڕەزان و دۆڵپەمودا ئاوا نەبووبووم، کە دیمەنی خۆم بەوجۆرە بینیی، لە شــەرماندا زۆر بەخۆمــدا شــکامەوە وداوامڵێکــردن کــە پێمخۆشــە بــە پێیــان بــڕۆم، و ئیــدی سەرتاپای ڕێگەکەم بەنێو شیو و دۆڵ و شاخەکاندا بڕی. کاتێك گەیشتمە لای بریندارەکە و سەیرێکی برینەکەیم کرد، بۆمدەرکەوت کە برینەکەی زۆر قوڵە و ئێسقانی قاچی شکا بوو، ئەگــەر لەســەر زەیــن بم و بــیرم مابێــت پێشــمەرگەکە نــاوی (جــەبار عــەلی حــەویز) بــوو. کەسێکی گوندەکە کــە بــۆ یارمەتیــدانم لــە ژووری بریندارەکــەدا بــوو، کاتێــك ئــەو بــرین و خــوێنی بریندارەکــەی بــینی یەکڕاســت کــەوت و بوورایــەوە. پــاش هــەوڵێکی زۆر تــوانیم خوێنبــەربوونی پێشــمەرگە بریندارەکــە بووەســتێنم و بــە دوو نەشــتەرگەریی کــە هــەم دوورینەوەی ماسولکەکانی و هەمیش گۆشتەکەی بوو، لە مەترسیی ڕزگاری بکەم، پاشان قاچیم لە گەچ گرت و دواتر بەسواری ئەسپ و بەنێو ڕێگەیەکی سەخت و دژواردا لەگەڵ هــەمان ئــەو دوو هاوڵاتییــە پێشــمەرگەکەمان گەیاندمانــە نەخۆشــخانەکەی پــاڕەزان بــۆ لای دکتۆر هەژار. ئەو کاتێك کەوتە پشکنین و سەیرکردنی برینەکەی، زۆر ستایش و پەسەندی کاری نەشتەرگەریی و برینپێچییەکانی دامەوە، منیش بەو پەسەندان و ستایشکردنانە زۆر دڵخۆش بووم، بەوپێیەی کە توانیبووم ژیانی کەسێك لە مەترسیی مردن ڕزگار بکەم.

میلی کاتژمێری یاداشتەکانی کاری پزیشکیی و نەخۆشخانە دەگەڕێنمەوە بۆ ساڵی ١٩٨٣، ئەو ساڵەی کە بەداخێکی زۆرەوە نەخۆشیی شێرپەنجەی براکوژیی سەریهەڵدایەوە. ئەو شەڕە، شەڕێکی ناڕەوا، بێسوود و لەپێناوی هیچ و بۆ هیچدا بوو، شەڕێك کە دەیان پێشمەرگە و ڕۆڵەی ئەم نیشتیمانە زامدار و خوێنلەبەررۆشتووە تیایدا بوونە قوربانیی. نەخۆشخانەکەمان لەو سات وکاتانەدا کەوتە خۆئامادەکردن و جێگە سازکردن بۆ پێشوازیی لە بریندارانی ئەو شەڕە! کڵپەی شەڕەکە لەماوەیەکی کەمدا پەرەی سەند و ئاگرەکەی بەشێکی زۆری کوردستانی گرتەوە، برا برای خۆی دەکوشت، کوشتارێکی زۆر و خوێنێکی زۆر ڕژایەکێك لەو قوربانییانە کوشتنی سەرکردەیەکی سەربازیی پ.د.ك بوو بەناوی

جەزای عەلی کاتب. دەبێت بۆ مێژوو بگوترێت کە کوشتنی ناوبراو زۆر ناهەقیی و غەدر بوو، کوشتنی ئەو لە شەڕدا نەبوو، بەڵکو لە نانەوەی بۆسەیەکی پێشمەرگەکانی ی.ن.ك لە تیپی ٣٣ی سلێمانی ئەوکاتدا بوو، کە دەتوانرا نەکوژرایە. هەڤاڵ جەزا ئەگەرچی پارتی بوو، بەڵام لەنێو گوندیان و تەنانەت پێشمەرگە و سەرکردە سەربازییەکانی (ی.ن.ك)یشدا، بەتایبەتی لەناوچەی شارباژێڕ زۆر خۆشەویست و جێگەی ڕێز بوو، ئەو باوەڕی بە شەڕی براکوژیی نەبوو، بەڵام بەداخەوە لەئەنجامیشدا بووە قوربانیی ئەو شەڕە ناڕەوایە.

یەکێك لەو بریندارانەی کاتی کوشتنەکەی هەڤاڵ جەزا کە ئەگەر لەسەر زەین بم لە دۆڵێکی نزیك گوندی (گورگەیەر) بوو، ناوی ئامانج بوو. کوڕێکی گەنج کە تەمەنی نزیکەی تەمەنی منی هەبوو، واتا نۆزدە بۆ بیست ساڵانێك دەبوو، خەڵکی هەمان گەڕەکی سابونکەرانی سلێمانی بوو، کە من بەشێکی تەمەنی منداڵیم تیایدا بەسەربردبوو، کێ دەڵێت ئەو و من بەمنداڵیی چەندین جار یاری تۆپانێ، هەڵماتێن، هەلوکێن و پاسکیلسواریمان پێکەوە نەکردبوو؟! بەو ڕووداوە من دڵشکاو و ناڕەحەت بووم، ئاخر چۆن و بە چ بەهانەیەك مرۆڤ هاوخوێن و هاوڕێی منداڵیی خۆی دەکوژێت؟! ئەوە پرسیارێك بوو کە بەداخەوە و تاکو ئێستاش وەڵامەکەیم بەدەستنەکەوتووە. ئەو کاتەی ئامانج بەدیلیی هێنایان بۆ نەخۆشخانەکەی پاڕەزان ئەو بریندار بوو، فیشەکێك بەر لای سنگی چەپی کەوتبوو. ئێمە زۆر بەجوانیی تیماری ئامانجمان کرد و خزمەتێکی باشمان کرد، ڕۆژانە تیمارمان دەکرد، هەرگیز نەماندەهێشت هەست بە ناڕەحەتیی و دڵتەنگیی بکات، یان هەست بکات کە ئەو دیلە و لەژێر دەستی ئێمەدایە، بەپێچەوانەوە ڕێزی زۆرمان گرت. ستافی نەخۆشخانەکەمان هەرگیز گوێی بەوە نەدەدا کە برینداران سەر بە چ بەرە یان تاقم و گرووپی حیزبێکی ترە، هەمووە وەك و یەك خزمەت و تیمار دەکران، پێش شەڕی براکوژیی زۆرجار ڕێکدەکەوت کە پێشمەرگەکانی پ.د.ك دەهاتن بۆلامان و چارەسەری پزیشکیان بۆدەکرا.

لە گوندی چنارەی شارباژێڕ بارەگایەکی پێشمەرگەکانی پارتی هەبوو، جارێکیان بە گەشتێکی پێشمەرگانە، دکتۆر هەژار و من چووینە ئەو گوندە و هەواڵمان بە

پێشمەرگەکانی (پ.د.ك)دا کە کێ نەخۆشە بێت بۆلامان بۆ چارەسەرکردن. کاتێك دایکی ئامانج هەواڵی کوڕەکەی دەبیستێت، ئاگری جەرگ لە سلێمانیەوە هەڵیدەگرێت و بەپەلە خۆی دەگەێنێتە نەخۆشخانەکەمان لە گوندی پاڕەزان. کاتێك دایك ئامانجی کوڕی بە شان و ملپێچراوەیی و ڕەنگی زەرد دەبینێت، چینێك گریانی قووڵ و لاوانەوەی بەسۆزی بۆ کرد، کە هەرگیز لە مێشك و ویژدانمدا دەرناچن. ئامانج لەدوای چارەسەر و دڵنیایی لە باری تەندروستی، لەلایەن لێپرسراوی مەڵبەندی یەك هەڤاڵ بەکری حاجی سەفەر، ئازاد دەکرێت و سەرپشك دەکرێت لە چارەنوسی خۆی، ئەو ڕۆیشت و لەدوای خواحافیزیی و ئامێزگرتنەوە بۆیەکتری ئیتر لەوە بەدوا هەواڵێکم لە ئامانج نەبیستەوە.

بیرم دێتەوە؛ و لە گەرمەی شەڕی براکوژییدا بوو، کە پێشمەرگەیەکی پ.د.ك بەناوی عەلی لە ناوچەی نێوان چاڵەخەزێنە و گوندەکانی موبرە و مامەخەلان بە دیلی و برینداریی کەوتبووە دەستی پێشمەرگەکانی ی.ن.ك، ئەو زۆر بەسەختیی بریندار بووبوو، کاتێك ئەویان گەیاندبووە لامان بۆ نەخۆشخانەکە باری تەندروستیی زۆر خراپ بوو، فیشەکێك بەر لامیزەڵدانی دەکەوێت و هەردوو جووتە گونی بە دوو دەمارەوە شۆڕبووبوونەوە، کاتێك من ئەو دیمەنەم بینی هەرگیز پێشبینییم نەدەکرد کە شێوە و پێکهاتەی گون بەوجۆرە بێت؟! دکتۆر هەژار کەوتە چارەسەر و نەشتەرگەریی بۆ عەلی، منیش بەردەستییم دەکرد، لەڕاستیدا کارکردن لەگەڵ دکتۆر هەژاردا زۆر ئارامبەخش و خۆش بوو، ئەو دیقەت، ماندووبوون و هەوڵێکی زۆر دڵسۆزانەی نواند ، نەشتەرگەریەکە زۆر سەرکەوتووانە ئەنجامدرا، و دواجار هەستمان بەئارامییەکی زۆر کرد کە توانیمان ژیانی مرۆڤێك لە مردن یان کەمئەندامیی ڕزگار بکەین. پاش دوو ڕۆژێك دایك و باوکی عەلی لە سلێمانیەوە هاتبوون بۆ سۆراخی کوڕەکەیان، ئەوان ڕێگەیەکی دووردرێژی پڕ لە ماندووبوونیان بڕی بوو تاکو گەیشتبوونە گوندی پاڕەزان، یەکێك لە خەڵکی گوندەکە هات بۆلامان و گووتی کە ژن و پیاوێکی بەتەمەن سۆراخی کوڕەکەیان دەکەن، پرسی داخۆ عەلی ناو لای ئێمە هەیە؟ ئیتر من چووم بەرەو گۆڕەپانی گوند و لەوێ پێشوازیەکی دۆستانە و بەڕێزێکی زۆرەوە دایك و باوکی عەلیم لەگەڵ خۆمدا هێنا بۆ نەخۆشخانە. باوکی عەلی

تەمەنی هەروا ٧٥ بۆ ٨٠ ساڵانێك دەبوو، باڵایەكی مامناوەندیی، بەڵام ژیانی پڕ كوێرەوەریی و هەژاریی باڵای ئەوی بچوككردبووەوە! ئەو كۆڵهەلگر (حەماڵ)ی ناوبازاڕ بوو، پیاوێكی دەستكورت و خێزانێكی هەژار و نەدار بوون، پشتی كۆماوەی ژێر باری سەختیی، دژواریی و كۆژانیی (موعانات) كۆڵهەلگریی و ئازاری هەژارێتیی بوو. ئەو كاتێك عەلی كوڕی بەوجۆرە لەبەرامبەر خۆیدا بینیەوە بێدەنگیەكی زۆر باڵی بەسەر هەموویاندا كێشا، بەڵام نەیتوانی هەستی سۆزی باوكایەتیی لە ڕووخسار و دەروونیدا بشارێتەوە، بۆیە چەند دڵۆپە فرمێسكێك لە چاوەكانیدا سارێژیان كرد و پاشان بەسەر لۆچ و قلێشی دەموچاویدا هاتنەخوارەوە، ئەو پاشان قسەیەكی بە كوڕەكەی گووت كە تاكو ئێستاش لە بیردان و ویژدانی مندا دەنگدەدەنەوە و ئازارم دەدات!! ئەو بە دەنگێكی كز و خەمبارانەوە گووتی: كوڕم من تۆم بۆ ئەوە نەنارده دەرەوە كه بڕۆیت برای خۆت بكوژیت! ئەوكات بۆم دەركەوت كە ئێمە لەم وڵاتەی خۆمان و لەم شاخ و دۆڵ و دەرانە و وەك گەلێكی بێكەس و بێ پشتیوان خەریكی چین؟ گەلێكین تەنیا لەسەر خواردنی لاشەكانی یەكتری دەژین.

دوای هاتنی عەلی بەچەند كاتژمێرێك پێشمەرگەیەكی (ی.ن.ك)یان هێنا بۆلامان، كە لە هەمان بەرەی ئەو شەڕە بوو كە عەلی تێدا بریندارکرابوو، کە فیشەکێکی بڕنەو بەر دەموددانی كەوتبوو، بەجۆرێك كە لایەك لە پێستی لای چەپی ڕوومەتی هەڵدڕی بوو، ئەگەر زەین و هۆشم بەهەڵەمدا نەبات، ئەو ناوی شێخ محەمەد بوو كە ناسراو بوو بە حەمە ڕەش، لێپرسراوی كەرتی چواری جەباری و هاوڕێی نزیكی مامەڕیشە بوو. دكتۆر هەژار كەوتە چارەسەر و نەشتەرگەریی ئەو. من كاتێك كە برینداریی ئەوم بینی، باوەڕم وابوو كە پێشكەوتووترین نەخۆشخانەی دنیا ناتوانێت نەشتەرگەریەكی سەركەوتوانەی بۆ بكات، من بەردەستییم دەكرد و لەدواجاردا دكتۆر هەژار وێڕای بێ توانایی و دەستكورتیی لە نەبوونی نەخۆشخانە و شوێنی تایبەت بە نەشتەرگەریی، توانیی نەشتەرگەریەكی زۆر سەركەوتووانەی بۆبكات، بەجۆرێك كە تاكو ئێستاش سەرم دەسوڕمێت لەو نەشتەرگەریە زۆر ورد و سەركەوتوانەیە؟! بریندارانی شەڕی براكوژیی لە هەردوولای شەڕكەر هەبوون، هەندێك لە بریندارەكان لەبەر نەبوونی توانایی دەرمان و پزیشك نەدەهێنرانە لای ئێمە،

یان دەبران بۆ ئێران یان بە نهێنیی و لەڕێگەی ڕێکخستنەکانی ناوشارەوە کاری پزیشکیی و چارەسەرییان بۆ مەیسەر دەکردن و دوای چاکبوونەوە دەهاتنەوە شاخ.

لێرەوە پێویستە میلی کاتژمێری ڕۆژان و یادەوەرییەکانی خەباتی پزیشکایەتیی و نەخۆشخانەکانمان لە شاخ بگەڕێنمەوە بۆ ئەو کاتانەی کە ئیتر نەخۆشخانەی شەهید دکتۆر نەبەز لە گوندی حاجی مامەند، لەبەر هێرشی دوژمن نەما و بەناچاریی گواسترایەوە بۆ گوندی (کانی دڕکە) لە شارباژێڕی تەخت! بەڵام پێش ئەوەی باسی نەخۆشخانە نوێ و تازە گواستراوەکە بکەم، پێمخۆشە لایەنێکی تر و پانۆرامای لاپەڕەیەکی تر لە کار و خەباتی پزیشکیی بکەم کە لەو گوندەدا ڕوویاندابوو. لەو سەروبەندەدا کە هەواڵی هێرشێکی گەورە بۆسەر مەڵبەندی یەك لە گوندی حاجی مامەند، لەلایەن دوژمنەوە بڵاوبووەوە، مەڵبەندی یەك بار و بنەی خۆی و دەزگا کۆمەڵایەتیی، سیاسیی، قەزایی، ڕێکخراوەییەکانی پێچایەوە و گواستیەوە بۆ ناوچە و بەری قەراخ لە گوندی سێوسێنان. خەڵکی گوندەکەش بەدوایدا گوندیان چۆڵکرد و بۆ پاراستنی گیان و شەرەفی خۆیان ڕوویان کردە سلێمانی و دەوروبەری. گوند لەو ئاوەدانیی و جموجۆڵی ژیانەوە، وێنەیەك لە ترس و شوێنێکی نەفرەتلێکراوی بەخۆیەوە گرتبوو، کە زیاتر لە گۆڕستانێکی خامۆش دەچوو تاکو ڕۆژگارێك کە مرۆڤ تیایدا ژیابووبێت! ئەو کاتەی نەخۆشخانەکەمان گواستەوە بۆ گوندی کانی دڕکە، بەشێکی بچووکمان لە نەخۆشخانەکە لە حاجی مامەند هێشتەوە بۆ بەهاناوەچوونی پێشمەرگەی بریندار لە کاتی شەڕ و هێرشدا. ئەوکاتە حاجی مامەند تاکو گوندی گوێزەڕەش و چنارە بەرەی پێشەوەی شەڕ و هێڵی بەرگریی پێشمەرگە بوو لەبەرامبەر دوژمن. ساڵی ١٩٨٣ ئەوکاتەی ڕژێم نیازی هێرشی هەبوو، پێشمەرگە کەوتنە سەنگەرگرتن، دوو کەس لە ستافی نەخۆشخانەکەمان کە دکتۆر هەژار و دکتۆر جەهانگیر بوون بۆ چەند ڕۆژێك هاوشانی پێشمەرگە بەخۆیان و کۆڵەپشتی دەرمانیانەوە لە سەنگەردا بوون. ستافی نەخۆشخانەکەمان بڵاوە و پەرتەوازە بووبوو، ئەگەر هەڵە نەبم دکتۆر قادر چوو بۆ بەری لای قەراخ، (دکتۆر نەجمەدین عیسا عەباس) و دکتۆر جەهانگیریش چوون بۆ نەخۆشخانەکەی کانی دڕکە، دکتۆر ڕەحیم ئەرکەوازیش کە دەرچووی پەیمانگەی پزیشکیی و پێشمەرگەی لای عەلی

شامار بوو، بۆ ماوەیەك لە نەخۆشخانەكەی حاجی مامەنـد مایـەوە و خزمـەتێكی باشـی بـە پێشـمەرگە و گوندیـەكان كـرد، پاشـان ئـەو پەڕیـەوە بـۆ بـەری قـەراخ و ئـیتر لەوەبـەدوا هەواڵێكم لێی نەبیستەوە. دكتۆر هـەژاریش ئەوكاتانـە حـاجی مامەنـدی جێهێشت ولەگـەڵ خێزانەكەیدا كە دووگیان بـوو، و لـە گونـدی شـوكێ و بـۆ ماوەیـەكی كـورت پێكـەوە ژیـان و دوایی خێزانەكەی بۆ منداڵبوونەكەی بەنهێنی چووەوە بۆ سلێمانی و پاشان كـوڕێكی چـاوی گەشـی بـە دنیـا هێنـا. هـەروەك بڕیـار بـوو كـە هـەرجارە و بـەنۆرە كەسـێك لـە سـتافی نەخۆشـخانەكەمان لـە نەخۆشـخانەكەی حـاجی مامەنـد بمێنێتـەوە بـۆ سەرپەرشـتیكردن. ڕێكەوت وابوو كە من یەكەم كەس بم لـە نەخۆشـخانەكەدا بمێنمـەوە ، دكتـۆر كـامیلی مـەلا مەحمود كە پێشمەرگە و پورزای شەهید سەلاحی موهەندیس بوو، نازانم و بیرم نەماوە كە چـۆن ڕێـی كـەوتبووە گونـدی حـاجی مامەنـد، مـن و ئـەو لـەوێ ماینـەوە و پێكـەوە نەخۆشخانەكەمان بەڕێوەدەبرد. لەو ماوەیەدا نەخۆشـخانەكەمان، كـە لـە لاپـاڵی شـاخەكەی پشت گوندی حاجی مامەند بوو، گواستەوە بۆ مەقەڕەكەی مەڵبەندی یەك كە لە دۆڵەكـەی گوندەكەدا بوو.

هەندێك ڕێكەوت لە ژیاندا هەیـە زۆر جوانـە! ڕێكـەوتێك كـە گیـانی مـنی لـە دیلیـی و كوشتن ڕزگار كرد. ڕۆژێكیان دكتۆر كامیل هەواڵێكی لە بـاجی مینـای دایكییـەوە بۆهـات لـە گوندێكی نزیك گورگەیەری شارباژێڕەوە، لەو سەروبەندەدا دكتۆر كامیل خـەریكی ژنهێنـان بوو، دایكیشی بۆ هەمان مەبەسـت لـە شـارەوە ڕێگـەی گونـدی گرتبووەبـەر. دوای گەیشـتنی هەواڵەكەی دایكی، دكتۆر كامیـل داوای لێبـوردنی لێكـردم و بـۆ خواحـافیزیی یـەكتریمان لـە ئامێزی یەكتریدا نوقوم كرد و بەرەو لای دایكی ڕۆیشت، بەڵام بەداخەوە دكتۆر كامیل نەك هەر بە ئاكامی ژنهێنانەكـەی نەگەیشت، بـەڵكو لـە ڕووداوێكـدا گیـانی بەخشـی بـە كـورد و كوردستان. من ئیدی بەتەنیا مامەوە و نەخۆشخانە و كاری پزیشكیی ئیتر بووبووە بەشـێك لە ویژدان و بیركردنەوە و ژیانم، بە تەنیا و بێ هاودەنگیی مامـەوە. ئـەو كاتانـە سـاڵی ١٩٨٤ بوو، وەكو پێشتر گووتم كە ڕژێـم نیـازی هێرشـێكی بـەرفراوانی بـۆ مەڵبەنـدی یـەك و ئـەو ناوچانەی دەوروبەری هەبوو، گونـدی حـاجی مامەنـد بەپێویسـت سـێ كـەرتی پێشـمەرگەی

لێمایەوە بۆ پاراستن و بەرگریکردن لێی، چونکە گرتنی ئەو گوندە و شاخەکانی دەوروبەری ژیان و هاتوچۆی پێشمەرگە و گوندەکانی تری دەخستە مەترسیەوە، بۆیە هێشتنەوەی کەسێك لە ستافی نەخۆشخانەکەمان لەوێ کارێکی زۆر پێویست و لەپێشینە بوو بۆ بەهاناچوونی پێشمەرگەی بریندار.

دەمە و ئێوارەیەکی ساڵی ١٩٨٤ بوو کە لە نەخۆشخانەکەی حاجی مامەند و لە هەمان ئەو ڕۆژەی ڕۆیشتنەکەی دکتۆر کامیل بەتەنیا مابوومەوە، پێشمەرگەیەك هات بۆلام و گووتی، دکتۆر هیوا، هەڤاڵ فەرەج (فەرەج هۆنەرێنەیی) و هەڤاڵ فەرەیدون (فەرەیدون حەمەساڵح پێنجوێنیی) داوای تۆ دەکەن کە بچیت بۆ بارەگاکەیان، منیش تاقم و تفەنگم بەست و چووم بۆ مەقەڕەکەیان کە بەسەر بەرزایی گوندەکەوە دروستکرابوو. ئەو ئێوارەیە خواردنێکی سادەی پێشمەرگانەمان خوارد و ئەو شەوەمان بە قسەی خۆش و سیاسەت و نوکتە و قسەی خۆش بەسەربرد. شەو درەنگان بوو، منیش ویستم ماڵئاواییان لێبکەم و بگەڕێمەوە بۆ نەخۆشخانە، ئیتر هەڤاڵ فەرەج بە خواردنی سوێند بە گۆڕی شەهیدان ڕێگری لێکردم و نەیهێشت بڕۆم، ئەو سوێندەش لای پێشمەرگە پیرۆز بوو و نەدەکرا بشکێنرێت! هەڤاڵ فەرەج ماوەیەك بوو کێشە و ئازاری گەدەی هەبوو، بۆیە داوای لێکردم کە هەندێك حەبی ئازاری بدەمێ، منیش ڕۆیشتم و هەرچۆنێك بوو لە نێو تاریکیی و شەوزەنگی نەخۆشخانەکەدا هەندێك حەب ودەرمانم بۆی هێنا و ئیدی ئەو شەوە بێئازار لێیخەوت. سبەینێکەی و لە بەیانێکی زۆر زوودا بوو کە هێشتا تازە دنیا بەرەو ڕووناکیی دەچوو، بەدەنگی تەقە و دەستڕێژی گوللە و دەنگی تۆپ و هاوەن و هێلیکۆپتەر بەئاگاهاتینەوە. تەقەیەکی زۆر لە بارەگاکەمان کرا و ئێمەش بە شپرزەیی خۆمان دەربازکرد و بڵاوەمان لێیکرد، من لە پەنا دیواری پشت مەقەڕەکەدا گیرسامەوە، بەڵام دوژمن منیان لەوێدا بینیبوو و کەوتنە تەقەیەکی زۆر بەرامبەرم. هەڤاڵ فەرەج کە منی بینی بەوجۆرە شوێنەکەم خراپە، هاواری لێکردم کە بچمە سەنگەرەکەی ئەوەوە، ئەو کەوتە دەستڕێژی گوللە بەرامبەر بە دوژمن و و منیش بەدوایدا ڕامکرد و خۆم گەیاندە سەنگەرەکەی ئەو و دەستمانکردە شەڕ و بەرگریی. گوندەکە بەشێکی زۆری لەلایەن سوپا و

جاشی کوردەوە گیرابوو، نەخۆشخانەکەش بەهەمان شێوە کەوتبووە دەستی سوپای دوژمنەوە! ئەگەر دوێنێشەوەکەی لە نەخۆشخانەکەدا بمامایەتەوە و هاتنی باجی مینا و بانگهێشتەکەی هەڤاڵ فەرەج و هەڤاڵ فەرەیدون حەمە ساڵح نەبوایە، ئەوا دکتۆر کامیل و من بە دیلییان کوژرواییی دەکەوتینە دەستی دوژمن. هەڤاڵ فەرەج پیاوێکی ئازا، مەرد، بەجەرگ و ئازا بوو، ئەو کاتێك بەپێوە شەڕی دەکرد دوژمن هەر سەد مەترێك لێمانەوە دوور بوو کە لەناکاوێکدا گوللەیەك هات و سەر سنگی چەپی بەقوڵیی پێکرا. هەڤاڵ فەرەج شەرواڵەکەی ڕاتەکاندم و بەئارامیەوە پێی گووتم: دکتۆر هیوا من بریندار کراوم و فریام بکەوە! لەڕاستیدا منیش هیچ کەرەستەیەك پزیشکیی و دەرمانم لەبەردەستدا نەبوو، لەبەر دوژمن نەشمدەتوانی بگەڕێمەوە نەخۆشخانە. ئیتر ئەوەی لای من گرنگ بوو ڕزگارکردنی گیانی ئەو بوو لە دوژمن، هەرچۆنێك بوو بە کۆڵ و بە چوونە بنباڵەوە بە هەزار فەلاکەت و دەردەسەریی دەربازم کرد و گەیاندمە پشتی گوندەکە بۆ شوێنێکی دڵنیاتر. ئەوکات وەڵاممان نارد بۆ  دکتۆر هەژار کە بێت بە هانای هەڤاڵ فەرەجەوە، بەڵام ئەو پێشتر کە زانیبووی دوژمن هێرشی کردووە بەپەلە بەرەو ڕووی شەڕەکە ڕێگەی گرتبووەبەر. ئەو بەخۆی و کۆڵەپشتە پڕ لە دەرمانەکەی لەسەر لوتکەی شاخی سیەری پشت گوندی حاجی مامەند هەڤاڵ فەرەج دەبینێت و دەکەوێتە تیمار و چارەسەر، بەڵام بەهۆی خوێنبەربوونی ناوەوە هەڤاڵ فەرەج خوێنێکی زۆری لەبەرڕۆیشتبوو بەداخەوە نەتوانرا گیانی ڕزگار بکرێت و لەسەر لوتکەی شاخە بەرزەکەی سیەری بناری شاخی کوڕەکاژاو گیانی پاکی خۆی بە کورد و خاکی کوردستان بەخشی. ئیتر لەوەبەدوا شوێنەوارێك لە نەخۆشخانەکانی پاڕەزان و حاجی مامەند نەما، وەکو گووتم گواستمانەوە بۆ شاربازێڕی تەخت لە گوندی (کانی دڕکە).

ئەو گوندە لە هەڵکەوتەیەکی جوگرافیایی وشك و برنگ و بێئاوییدا هەڵکەوتبوو، لەنێو دۆڵێکی زۆر قوڵدا بنیاتنرابوو کە لە سێ لاوە بە شاخ گیرابوو، سەرچاوەی ئاوی خواردنەوەکەی تەنیا کانیاوێك بوو کە لە لاپەڕی گوندەکەدا ئاوەکەی دادەچۆڕا، لەو سەروبەندانەدا من بۆ ماوەیەك چوومە گوندی چنگیان، لەوێ دوو پێشمەرگەی بریندارمان

هەبوون کە توانای ڕێوڕۆشتنییان نەبوو، کاری من لەوێ نەشتەرگەریی و تیمارکردن پێشمەرگەیەك بوو کە لە شەڕێکی دژی داگیرکەردا قاچێکی بەسەختیی بریندار بووبوو. لەوێ توانیم ژوورێکی بچووك و پەڕتوکاو و تاریك کە خاوەنەکەی جووتیارێکی گوندەکە بوو، بە هیمەتی هەڤاڵ وەهابی سەرتیپی ٣٣ی سلێمانی، بەدەستبکەوێت و پاشان بیکەمە بنکەیەکی تەندروستیی زۆر سەرەتایی، کە لەوێدا چارەسەری ئەو نەخۆشانەم دەکرد کە لە توانای مندا بووایە، دابینکردنی بڕی دەرمان لە نەخۆشخانەکەی کانی دڕکەوە دابینم کردبوو، هەڤاڵ وەهابیش لەڕێگەی خۆیەوە بڕێکی باش دەرمانی لە شارەوە بۆ هاتبوو و بەخشیی بە بنکە تەندروستییەکە، هەر لەو سەرو بەندەدا باوکی ڕەحمەتیشم بەسەردان لە شاری سلێمانیەوە هاتبوو بۆلام و بڕێك دەرمانی لەگەڵ خۆیدا هێنا بوو، مەلا محەمەد ساڵح شارەزوریی کە پێشنوێژی گوندەکە بوو، و نوسەری چەند پەرتووکێکی ئایینیش بوو چەند عەلاگەیەك دەرمانی باشی بۆ هاتبوو، دای بە من و ئیتر بەوشێوانە ئیدارەی نەخۆشخانەکانمان دەکرد. دوای تەواوکردن و بەجێگەیاندنی ئەرك و کارەکانم لە گوندی چنگیان، باروبنەم پێچایەوە و بەرەو گوندی کانی دڕکە ڕۆیشتم و دواتر پەیوەستبوومەوە بە هاوڕێیانم لە نەخۆشخانەکەی کانی دڕکە، و لەوێ لەگەڵ هاوڕێیان مامەوە تاکو دروستبوونی دانوستاندن لەگەڵ ڕژێمی بەعس، ئەو کاتانەی دکتۆر جەهانگیر، دکتۆر نەجمەدین و بەندە لەوێ بووین خزمەتێکی زۆرمان بە پێشمەرگە و خەڵکی ئەو ناوچانە کرد بوو.

ئەو کاتانەی من لە گوندی چنگیان بووم مقۆمقۆی دانوستاندنی نێوان ڕژێم و شۆڕش هەبوو، کەسێك نەیدەزانی ئەو هەواڵە تاکو چ ڕادەیەك ڕاست بوو؟ بەڵێ دانوستاند دەستیپێکرد و هێدی هێدی پێشمەرگە بۆ سەردانی کەسوکار و مەبەستی چارەسەرکردنی نەخۆشیی و گرفتە تەندروستیەکانیان ڕوویان کردە شار! لەو سەروبەندانەدا دکتۆر هەژار ئەو هەلەی قواستەوە و هەڵمەت و چالاکییەکی دژە نەخۆشیی، واتا کوتانی منداڵانی ڕاگەیاند، ستافێکی بچکۆلەمان پێکهێنا لە دکتۆر هەژار، دکتۆر جەهانگیر و بەندە. دەرمان و کەرەستەی پزیشکییمان لەلایەن حکومەتی عێراقەوە بۆدابینکرا بوو. هەڵمەتەکە لە

شارباژێڕی تەختەوە دەستیپێکرد و بەدوایدا گوندەکانی شارەزور و پاشان پەڕینەوە بۆ بەری قەراخ. لەگەڵ ئەنجامدانی کوتانی منداڵان، بەهەمانشێوەش دەیان نەخۆشی گوندییەکان دەهاتن بۆلامان بەمەبەستی چارەسەر و وەرگرتنی دەرمان. لە ناوچەی قەراغ دکتۆر کەمال عەبدولڕەحمان (دکتۆر حەسان) کە دەرچووی کۆلێژی پزیشکیی بەغداد و هاوڕێی دێرینی دکتۆر هەژار بوو، هاوکارێکی زۆر باشمان بوو، و تێکڕا لەوێ بووینە ستافێکی زۆر باشی پزیشکیی و کارەکانمان بەباشیی ئەنجامدا.

دکتۆر کەمال لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٨٠ پەیوەست بوو بە هێزی پێشمەرگە و وەك پارتیزانێك و پزیشکێك گوند بە گوند و سەنگەر بە سەنگەر ڕۆڵێکی باش و ئازایانە و دڵسۆزانەی بینی لە خزمەتکردنی پێشمەرگە و خەڵکی ناوچەکانی گەرمیان و قەراغ. دکتۆر قادر ئەوکاتانە لە لە ناوشاری سلێمانی بوو بۆ سەرپەرشتیکردن و دابینکردنی پزیشك بۆ پێشمەرگەی نەخۆش و بریندار. ئەو جگەلەوەی کە باری تەندروستیی پشتی باش نەبوو، و بەڕێکردنی کاروباری پێشمەرگەی نەخۆش و برینداریش ئەرکی ئەوی هێندەی دی گرانتر و دژوارتر کردبوو. لەبەرئەوە دکتۆر قادر و دکتۆر هەژار بڕیاریاندا کە من بنێرنە ناو شاری سلێمانی بۆ هاوکاریکردنی دکتۆر قادر. لە نەخۆشخانەی فێرکاریی و فریاگوزاریی ئەو دەمانە، حکومەتی عێراق قاوشێکی گەورەی ١٠ ژووریيان پێماندا بوو کە لەوێوە بتوانین سەرپەرشتیی کاروبارەکانی پێشمەرگەی نەخۆش بکەین! کاری من سەرپەرشتیکردنی تەندروستیی و پەیداکردنی دکتۆر بوو بۆ پێشمەرگەی نەخۆش، بریندار و ڕووداوی کوتوپڕ.

شەوێکی درەنگان بوو، کاتژمێر نزیك بە دووی شەو بوو کە پێشمەرگەیەکیان لە قەراغەوە هێنا بوو کە لە ڕووداوێکدا بەسەختیی قاچی چەپی بەشی خوار ئەژنۆی بریندار بووبوو، خێرا ڕۆیشتم و دکتۆری ئێشکگرم هێنا، ئەو دکتۆری حکومیی بوو، دکتۆرەکە خەواڵوو بوو، تاکو بەخۆیدا هاتەوە و باوێشکێکیدا، نابەدڵانە لەگەڵمدا هاتوو گەیشتە سەر برینداره پێشمەرگەکە پاش پشکنین و ئەمدیودیوکردنی قاچی برینداره‌کە، بینیم کە خوێنێکی زۆری لەبەرڕۆیشتووە و ئێسقانی قاچی شکاوە، ئەو بڕیارێکی

بەخێرایدا و گووتی دەبێت قاچی ببڕدرێتەوە، دەنا تووشی گانگرین دەبێت، جگە لەوەش هیچ چارەیەکی دی نیە! بەڕاستی من زۆرم پێسەیر بوو! کە دکتۆرێك بڕیارێکی وەها خەمساردانە و بێبەزەییانە بدات؟! من بەو ئەزموونەی کە لە شاخ لەگەڵ دڵسۆزیی و خەمخۆریی دکتۆر هەژار و هاوڕێیانی تری کادیرانی پزیشکدا هەمبوو، و لە سۆنگەی ئاکار و ویژدانەوە، نەمدەتوانی پەسەندی بڕیارەکەی بدەم، بۆیە بۆدواجار تکام لێیکرد کە هەوڵێکی جیددیتر بدات تاکو ئەو قاچە نەبڕدرێتەوە، بەڵام ئەو بەداخەوە لەسەر بڕیارەکەی خۆی سوربوو. پێشمەرگەکەش لەتاو ئازاری زۆر تینی بۆهاتبوو و پێیگووتم: دکتۆر هیوا گیان بهێڵە قاچم ببڕنەوە تاکو لەم ئازارە ڕزگارم بێت! بەڵام من دوابڕیارمدا و ڕێگریم لە بڕیارەکەی دکتۆر کرد، ئیتر لەوێ بەخێرایی چوومە ژووری دکتۆرێکەوە و تەلەفۆنێکم بۆ دکتۆر قادر کرد و بارەکەم تێگەیاند، ئەویش یەك و دوو گەیشتە لای من و لە ڕێگەی لیژنەی هەماهەنگ (تنسیق)ییەوە بریندارەکەمان ڕەوانەی نەخۆشخانەکانی بەغداد کرد.

ڕۆژێك ژنێکی عەبابەسەری گەنج هاتبووە نەخۆشخانەکە و کەوتبووە سۆراخی ناوی من، ئەوکاتەی هاتە قاوشەکەمان ڕووبەڕووی من هات و گووتی: دکتۆر هیوا کێیە و لە کوێیە؟ بەڕاستی من لەوێدا پێکەنینم بەخۆمدا هاتەوە، کە چۆن ڕۆژگار منی کردووەتە دکتۆرێك، کە نە پزیشکییم خوێندووە، نە خاوەن بڕوانامەیەکم و نە ڕۆژێکیش هیچ عەشق و ئارەزوویەکم بۆ کاری پزیشکیی هەبووە! بەڵام لە سۆنگەی خۆشەویستییم بۆ خەبات و خزمەتکردنی مرۆڤی کورد ئەو ئەرکەم گرتە ئەستۆی خۆم و لەو ڕێگەیەشدا هیچ کۆتایەکم لە هیچ خزمەتێك بە نەتەوە و مرۆڤی کورد نەکرد. لەڕاستییدا دکتۆر هەژار هۆکاری دروستکردنی ئەو عەشقەم بوو بۆ کاری پزیشکیی. ئەو کاتەی من لە ساڵی ١٩٨٢ زیندانی سیاسیی بووم و پاش ئازادبوونم بەهۆی لێبوردنی گشتیەوە، چوومە شاخ و بەرێکەوت دکتۆر هەژارم لە گوندی پاڕەزان بینی و ئیتر لەوەبەدوا من لەگەڵ ئەودا و تاکو دواساتەکانی ژیانی پێشمەرگایەتیی پێکەوە ماینەوە، بەو ژنەم گووت: بەڵێ خوشکی من فەرموو من دکتۆر هیوام، کاتێك بە باڵامیدا هەڵڕوانی وەکو بڕوا نەکات کە من دکتۆرم،

پاشان نامەیەك، كە لە لەپی دەستیدا بوو دایە دەستم و هەندێك نزای خێری بۆ كردم و ئیتر ڕۆیشت، كاتێك نامەكەم كردەوە، هەواڵێكی زۆر خۆش و مژدەبەخشی تێدابوو و گووتم خوایە گیان ئەوە چ هەواڵێكە! نامەكە هی ئەو پێشمەرگە برینداره بوو كە چەند ڕۆژێك لەوەوبەر ناردبوومان بۆ بەغداد بۆ چارەسەركردن، تیایدا سوپاسی كردووم كە بوومەتە هۆكارێك كە قاچی نەبڕدرێتەوە و لە میحنەتیی و دەردەسەریی ڕزگارم كردووە. ئەوە دوا هەواڵ بوو لەو پێشمەرگەیە و ئیتر نەمبینییەوە.

ئەم چیرۆكانە گشتی ڕاستەقینەن و بەشێكی بچووكن لەو ڕووداوانەی كە لە ڕۆژگاری سەخت و دژواری گەلەكەماندا ڕوویانداوە، ئەوەی هاوڕێیانم و من كردوومانە و ئەنجامانداوە منەتێك نیە، و تەنیا ئەركێكی سەرشان بووە، ئەوەی كردوومانە دلۆپێكە لە دەریای پڕخوێن، فرمێسك و ڕەنج و تێكۆشانی گەلێك لەپێناوی ئازادیی، سەربەرزیی و ژیانێكی شایستەتردا. گەلێك كە هێندە ڕەنج و خوێنی بەخشی بووبێت، بووبووە جێگەی سەرنج و ڕاكێشانی خەڵكانێكی نا كوردیشدا. ڕۆژێكی نزیك دوا سات و كاتەكانی پایزی ساڵی ١٩٨٢ بوو، ئەگەرچی پایزی ئەو ساڵە زۆر سارد و سەخت بوو، بەڵام كەش و هەوا لە دواساتەكانی خۆیدا كەمێك نەرمتر و دۆستانەتر دەیڕوانی. هێشتا نەخۆشخانەكەی پاڕەزان بنیات نەنرا بوو، ڕۆژێكیان دكتۆر هەژار و من گەشتێكی پزیشكیی پێشمەرگانەمان كرد بۆ گوندەكانی شارباژێڕ، دوو كۆڵەپشت دەرمانمان پێچایەوە و بەرێكەوتین بەرەو ناوچەكانی چاڵەخەزێنە و دۆڵەسور تاكو گوندەكانی نێوان شارباژێڕ و پێنجوێن، دەچووینە هەر گوندێك بار و بنەمان لێدەخست و لەلایەن دكتۆر هەژارەوە پشكنین و چارەسەری بۆ نەخۆشی پێشمەرگە و گوندیەكان دەكرد، منیش بەردەستیم دەكرد. ڕۆژێكیان ڕێمان كەوتە گوندێك بەناوی قوڵەگیسكان، كە گوندێك بوو بەسەر دوندی گردێكی زۆر بەرزەوە، گوندێكی كەم ئاو، وشك و ڕووتەن بوو، كە چووینە گوندەكە پیاوێكی تەمەن مامناوەند هات بەرەوڕوومان و ئێمەی گەیاندە ماڵەكەی خۆی. گوێمان لە هاوار و ناڵەی ئازاری ژنێكی سكپڕ بوو، كە لە ژورێكی ماڵەكە دەهات. ئازار و ژانی ژنەكە، تاوی بۆ پیاوەكەی هێنابوو كە ڕووبكاتە گوندی حاجی مامەند بۆ هێنانی دكتۆرێك. ئەو كاتانە شیوعیەكان بارەگای

سەرەکییان لە حاجی مامەند بوو، تێکەڵ بوون لە پێشمەرگەی کورد و عەرەب، دکتۆرێکیان دەبێت، ئەو لەگەڵ کابرای گوندییەکەدا بۆ هانای ژنەکە بەرەو گوندی قوڵەگیسکان بەڕێدەکەویت. ماوەی دووریی نێوان ئەو دوو گوندە جگە لە سەختیی و نشێویی ڕێگەکانیان، سێ کاتژمێك دەبوو. دکتۆرەکە ناوی عەلی بوو، خەڵکی بەغداد و بەڕێکەوتیش هاوڕێی کۆلێژی پزیشکیی دکتۆر هەژار دەبێت. ئەو بەهۆی، خۆشەویستیی و خەمخۆریی بۆ مرۆڤی کورد لە سۆڤیەتی جارانەوە دەگەڕێتەوە کوردستان، ئەو دواجار لە کاتی شەڕی بەرەی جود و یەکێتیدا کە شیوعییەکانیش بەشێك بوون لەو شەڕی براکوژییە، دەچێتە بەری قەراغ و ئیتر هەواڵێکمان لەو دکتۆرە نەبیستەوە. دکتۆر عەلی زۆر دڵسۆزانە و بە خەمێکی زۆرەوە سەرپەرشتیی ژنەکە و ئازارەکانی دەکرد. کاتێك دکتۆر عەلی، دکتۆر هەژاری بینی زۆر دڵخۆش بوو و باوەشیان بەیەکدا کرد. ئەو دکتۆر هەژاری لەگەڵ خۆی بردە لای ژنەکە و پێکەوە کەوتنە چارەسەرکردنی. پێشتر پیاوی ژنەکە هاتە لای دکتۆر هەژار و پێی گووت کە پێیخۆشە دکتۆرێکی کورد چارەسەری ژنەکەی بکات، نەك عەرەبێك؟ ئەو داخوازیە دکتۆری هەژاند و لەدڵەوە زۆر دلگرانی کرد، ئیتر کەمێك لە پیاوەکە توڕە بوو، و ئەویش کەمێك بەخۆیدا شکایەوە.

ئەم چەند دێڕەی نووسیمەوە بەشێکی بچوکە لەو کار و خەباتە پزیشکیەی، کە ئێمە ئەنجاممانداوە. تیم و ستافی پزیشکیی ئێمە بە ڕێز و حورمەتێکی زۆرەوە پێشوازیمان لە هەموو نەخۆشێك دەکرد، ڕۆژێك لە ڕۆژان دڵ هیچ گوندییەکیان پێشمەرگەیەکمان نەئێشاند، کچان و ژنانی گوندییەکانمان وەك خوشك و دایکی خۆمان سەیردەکرد، لە هەر شوێنێك نەخۆشێکی جووتیاری گوندەکان هەبووایە و ئەگەر توانای سەردانکردنمانی نەبووایە، ئەوا خۆمان بە پێیان دەچووین بۆلای، هەرچەندە ڕێگە سەخت و بەفر و زریان بووایە. هیوادارم پزیشکەکانی نەوەی نوێی گەلەکەمان لە کوردستان، ئەو خەم و ئازار و ماندووبوونانەی ئێمە بۆ تەندروستیی مرۆڤی کورد بەخشیمان و چەشتمان و شەو و

ڕۆژمـان بـۆی دەنایەسـەر، ببێتـە سەرمەشـقێك بـۆ ویـژدان و ڕەوشـتێکی بـاڵاتر، تـاکو ببنـە کەسانی ماندووونەناس بۆ خزمەتی گەل و نیشتیمانەکەیان[٦٥].

[٦٥]– چاوپێکەوتن لەگەڵ هیوا محەممەد ئەمین، ٢٠٢٣/٨/٢٠.

# وەلی ئەکرەم محێدین ئەحمەد (دکتۆر هۆشمەند)

لە ساڵی ١٩٥٥ لە شاری کەرکووك لەدایکبووە، قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی لە شاری کەرکووك تەواوکردووە، دواتر کۆلێژی پزیشکی ڤێتێرنەری لە شاری بەغداد تەواوکردووە، لە تاقی لاوێتیدا و لە ساڵی ١٩٧٤ پەیوەندی بە شۆڕش کردووە، دوای توانەوەی شۆڕشی ئەیلول، لە ساڵی ١٩٧٦ پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی (ی.ن.ك)وە کردووە، دکتۆر هۆشمەند نازناوەکەی بووە، کەسایەتی لەسەرخۆ و نهێنی پارێز بوو، هیچی لەلای ئێمە نەدەدرکاند، بە ڕێکەوت ڕۆژێك لە نێو پەرتووکەکانیدا کاغەزێکم بینی، تەماشا دەکەم ناوی دەرمانی تێدایە و باس لە ناردنی دەرمان دەکات بۆ شۆڕش، ئاگادارم کردووە کە دەستی بۆ کارێکی مەترسیدار بردووە ڕژێم لە شاری کەرکووکدا زۆر بەهێزە دواتر هەموو خانەوادەکەمان لە ناو دەبەن، بۆیە کاغەزەکەم لێ شاردەوە، بەڵام دواتر گوتی من دەچمە دەرەوە بۆ شاخ، بەبێ ئەو کاغەزەی کە لای تۆیە متمانەم پێ ناکەن، داوای لێکردم کە ئەو کاغەزەی پێ بدەمەوە، منیش ڕادەستیم کردەوە.

هەر لەو ماوەیە چەندین جار دەرمانی دەناردە دەرەوە بۆ پێشمەرگە لەگەڵ دکتۆر عوسمان و دکتۆر پێشەوا دەچوون دەرمانیان پەیدا دەکرد و دەیانهێنایەوە بۆ ماڵ، ئێمەش دەچووین لە ناو ئامێری بەفرگری دراوسێکانماندا دەمانشاردەوە، ئەوکاتە شەڕی عێراق – ئێران هەڵگیرسابوو، خەڵکی دەترسا، لەلایەن ژنی دراوسێکەمانەوە ئاگادار کراین کە دەنگی پشکنینی ماڵەکەیان هەیە چیتر ناتوانێت ئەو دەرمانانە بشارینەوە، ئێمەش دکتۆر هۆشمەندمان ئاگادارکردەوە، ئەویش گوتی با هەر لەو ماڵە بن، چەند ڕۆژێکی دیکە خۆم دەینێرمە دەرەوە.

دواتر لە ساڵی ١٩٨١ لە تیپی ٥١ی گەرمیان بووە بە پێشمەرگە و لە ساڵی ١٩٨٣ لە ناوجەرگەی گەرمیاندا نۆرینگەی کردووە و دەستی کردووە بە چارەسەرکردنی بریندارانی پێشمەرگە، ئێمە وەکو خانەوادەکەی ڕێکەوتین سەردانی بکەین، چووین و لە گەرمیان

بینیمان، دواتر بەهۆی ئەوەی لە گوندێکی دیکە بریندار هەیە داوای لێدەکەن بچێت چارەسەری بکات، ئەویش دەچێت و لە ڕێگا دەکەوێتە کەمینەوە و لە ١٩٨٣/٦/١٦ لە گوندی چرچەقەڵای گەرمیان شەهیدبووە.

شەهید دکتۆر هۆشمەند بێ جیاوازی خزمەتی پێشمەرگە و گوندنشینانی کردووە، لە ساڵی ١٩٩١ لە کۆڕەوەکەدا لە ڕێگای چوون بۆ ئێران بە ڕێکەوت باسی دکتۆر هۆشمەندمان دەکرد، لەوێ ژنێك پرسیاری ئەوەی کرد کە ئێمە باسی کام دکتۆر هۆشمەند دەکەین؟ ئێمەش بۆمان ڕوونکردەوە، ئەویش گوتی ئەم منداڵەی کە پێمە و ئێستا تەمەنی ٨ ساڵە ناوی هۆشمەندە، بە ناوی دکتۆر هۆشمەند ناونراوە، ئەو کاتەی کە دووگیان بوومە، تووشی نەخۆشی بوومە، هاوسەرەکەم چووە بە دوای دکتۆردا و پاش چەند کاتژمێرێك هاوسەرەکەم لەگەڵ دکتۆرێکدا گەڕایەوە ماڵ، دوای ئەوەی چەند پرسیارێکی لێ کردم، چەند دەنکە حەبێکی پێدام، منیش بەو حەبانە چاکبوومەوە، دوای ڕۆیشت لەگەڵ هاوسەرەکەم بڕیارماندا ناوی منداڵەکەمان بنێین هۆشمەند[٦٦].

---

(٦٦)– چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز ڕەمزیە ئەکرەم محێدین خوشکی شەهید د. هۆشمەند، ٢٠٢٣/٢/٧.

# وریا عەرەب عەلی (دکتۆر وریا)

یەکێك لە خەسڵەتە باشەکانی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان گرنگیدان بوو بە پزیشك و بواری پزیشکی لە مەڵبەند و ناوچەکاندا، بە نمونە نەخۆشخانەی بەرگەڵوو، چەندین پزیشکی پسپۆڕ و چەندین کادری پزیشکی لێ بوو، هەروەها تاقیگەی خوێن و هۆڵی نەشتەرگەری گەورە و تیشك و دەرمانخانەی لێ بوو، سەرباری چارەسەری پێشمەرگە هاوڵاتیانیش سوودمەندبوون لە خزمەتگوزارییەکان.

لێرەدا باسی ئەو هێزە دەکەم کە دوای پێکهێنانی بەرەی کوردستانی بەرەو ناوچەکانی بادینان بەڕێکەوتن، لە ساڵی ١٩٨٧ چەند کۆمیتەیەکمان دامەزراند هەر کۆمیتەیەك نەخۆشخانە و بنکەی تەندروستی هەبوو، چەند کادرێکی پزیشکی بەڕێوەیان دەبرد، دکتۆر هێمن سەرقافڵەی ئەو تیمە پزیشکییانە بوو، ئەگەر بەسادەیی بۆتان باس بکەم ڕەنگە هەندێك کەس بڕوا نەکات، کە چۆن کاری کردووە و چۆن بەورەیەکی بەرزەوە کاری کردووە، تەنانەت بۆ بڕینەوەی ئێسك مشاری بڕینەوەی ئاسن و دارمان بەکاردەهێنا، کە دوای پاکردنەوە و کوڵاندنی کاری بڕینەوەمان پێ دەکرد، لەبەرئەوەی هیچ کەرەستەیەکی تایبەتمان لەلا نەبوو، زۆر جاریش لە بری تیتۆڵ و یود و ستافیلون، کتری پڕ لە ئاوی گەرم بۆ پاکردنەوەی برین و شوێنی نەشتەرگەری بەکاردەهات، یاخود فلچەی ددان و زمەی تفەنگیشمان بۆ پاکردنەوەی برینی قوڵ بەکاردەهێنا.

لە بواری نەشتەرگەریدا شەهید دکتۆر هێمن زۆر بە توانا بوو، هەر بەو کەرەستانەی باسم کرد ڕۆژێك قاچی پێشمەرگەیەکی حزبی شیوعیمان بڕییەوە، کە بە یارمەتی دکتۆر شەماڵ و بەندە سەرکەوتوو بووین، هەروەها هاوڵاتییەکیش چەند ئێسکێکی دەستی

شکابوو، دوای دوورینەوەی دەمار و لابردنی ئێسکە شکاوەکانی کە زۆر بە خراپی پارچەی بەرکەوتبوو، چارەسەرمان کرد و دواتر تا کۆتایی تەمەنی توانی دەستەکانی بەکاربهێنێت.

لە ڕووداوێکی دیکەدا پێشمەرگەیەکی پ.د.ك لە ناو قوولایی ڕانی تووشی خوێنبەربوون هاتبوو، کە کارێکی زەحمەت بوو بتوانیت لەو بارودۆخەدا فریای بکەویت، لەبەرئەوەی شوێنەکەی دوورە دەست بوو، دکتۆر هێمن و هاوکارانی ڕانی برینەدارەکەیان هەڵدایەوە و لە کۆتاییدا خوێنبەربوونەکەی وەستێنرا، کە چەندین مانگ بوو بەدەستی ئازارەوە لاواز و بێ هێزی کرد بوو، هەندێك جاریش چارەسەری ژنانی نەخۆشیش دەکرا، کە لە دوای منداڵبوونەوە دووچاری گرفت دەبوون.

جگە لەمانەش نمونەی دیکەشمان هەبوو وەك خوێنبەربوونی ناو سییەکان، هەندێك جاریش زمەی تفەنگ بەکاردەهات بۆ کون کردنی نێوان پەراسووەکانی و دانانی تیوب و ڕزگارکردنی لەو خوێنەی کە لە سییەکانیدا کۆ دەبووەوە، ئەم کارانە زۆرجار لە خانووی گڵ و ژێر کوخ و کەپردا دەکرا، کەچی سەرکەوتووش دەبووین کە لە ڕاستیدا دەبوو بە تەواوی پێویستی و کەرەستەوە لە هۆڵی نەشتەرگەری بکرابان، لەگەڵ هەموو ئەمانەدا لە چالاکی و هێرشەکانی پێشمەرگە بۆ سەر دوژمن بەشداردەبووین[٦٧].

[٦٧] - گۆڤاری ڕێبەری پێشمەرگە.

## وشیار ئیسماعیل قادر (دکتۆر وشیار سمایلەخڕە)

لە ڕاستیدا کوڕی سمایلەخڕە نییە دایکی کچی سمایلەخڕەیە، هەرچەند بە ڕەگەزنامە و ناسنامە بە ناوی باپیریەتی، باوکی خۆی ناوی (غەریب شەریف)ە، دکتۆر وشیار ساڵی ١٩٤٨ لە گەڕەکی (قەڵات)لە شاری کۆیە لە دایك بووە، دایکی مردووە و ناخۆشیان کەوتووەتە نێوان مام غەریب و سمایلەخڕەی خەزووری، مام غەریب دڵی ڕەنجاوە هەر ئەو ساڵی کۆیەی بەجێ هێشتووە ڕۆیشتووە چۆتە گوندی (وەڵزێ)ی ناوچەی باڵەکایەتی، لەوێ پیشەی چەخماخسازی و تەنەکەچیەتی و مسگەری کردووە، دکتۆر وشیار براو خوشکی نییە، دایکیشی نەدیوە، تا گەورە بووە، نەیزانیوە کوڕی سمایلەخڕە نییە، دوایی چۆتە کن باوکی (غەریب شەریف کوورەچی) کە چووە باوکی ئەو سۆز و میهرەبانی و دلۆڤانیەی نەبووە، بۆیە گەڕاوەتەوە کن سمایلە خڕەی باپیری! لەناخەوە هەست و دڵی ڕووشاوە، بە بەدبەختی ژیاوە، تا پێنجی سەرەتایی خوێندووە، ساڵی ١٩٦٨ بۆتە پێشمەرگە لە شۆڕشی ئەیلوول بەو مانایەی (مەلایی) بووە.

لەناو شۆڕش لەناوپردان خولێکی برینپێچی دەبینێ یەکەم دەبێ، دەبێتە برینپێچ لە خەستەخانەی ناوپردان بە (دکتۆر وشیار) ناسرا، تا نسکۆ و هەرەسی شۆڕشی ئەیلوول ساڵی ١٩٧٥ گەڕاوەتەوە، سەرەتای ساڵی ١٩٧٦ لەگەڵ شەفیق زاهیر کە نەخۆش بووە لەگەڵی چۆتە بەغدا لە ماڵی دکتۆر خالید سەعید دەمێننەوە، دکتۆر خالید دەیانکاتە بزووتنەوە ڕێکیان دەخا پێیان دەڵێ چەند گەنجێکی ئازا و قارەمان ئامادە بکەن دەچینەوە شاخ و شۆڕشی نوێ هەڵدەگیرسێنینەوە.

لە کۆیە پوورەی ڕێکخستنی بزوتنەوە دروست دەکەن، لە ماڵی سەردار شێخانی لەگەڵ خاڵە دێوە کۆبونەوەیەی ڕێکخستنی بزووتنەوە دەکەن، لەو کۆبونەوەیەدا دکتۆر وشیار ڕادەسپێرن کەوا ڕاسپاردە و نامەی عەبدولرەحمان ڕووتە و نامەی ڕێکخستن و دەمانچە و کوڵەباڵ، بباتە قەندیل بۆ بارەگای دکتۆر خالید، لێرەوە دکتۆر وشیار لە ١٩٧٦/٩/١٩ بەهۆی چاوساغی ڕێکخستنەوە دەگاتە قەندیل دەچێتە بارەگای د. خالید، دکتۆر خالید پێی دەڵێ چەند ڕۆژێك بمێنەوە تا سەرکردایەتی بزووتنەوە وەڵامی نامەکان دەدەنەوە، چەند ڕۆژێك

دەمێنێتەوە لە قەندیل، کە دوا دەکەوێ تومەز هەواڵی لێدراوە، دوو خاڵی (قادر سمایلەخڕە و خدری سمایلەخڕە) لە ڕانیە دەگرن، د. خالید پێی دەڵێ تازە ئاشکرا بووی، ناکرێت بگەڕێیتەوە بۆ شار، لە بارەگای دکتۆر خالید دەمێنێتەوە و دەبێتە پێشمەرگە و دەبێتە یەك لە هەڵگیرسێنەرانی شۆڕشی نوێ.

لە ١٩٧٧/٦/١٩ لە بۆسەیەکی قیادە موەقەتە لە دەشتی (هیرتێ) لە سنووری تورکیا و عیراق بریندار دەبێ گوللە بەر لاقی دەکەوێ، دکتۆر وشیار سمایلەخڕە لەگەڵ دکتۆر خالید لە دۆڵی گۆستێ پێشوازی لە کابرایەکی درێژ شەپقەکی تورکی لەسەربووە، چاکەت و پانتۆڵێکی هاکەزایی لە بەربووە، چەکێکی کلاشینکۆفی لەشان بووە دەکات، لە بارەگای دکتۆر خالید لە ژورێکی لەگەڵ دکتۆر وشیار دەمێنێتەوە، لە دکتۆر وشیار دەپرسێت من ناناسی، دکتۆر وشیاریش دەڵێت ناوەڵلا قوربان، تومەز لەبەر سامی دکتۆر خالید نەیوێراوە بپرسێت ئەوەی پێشوازی دەکەین کێ یە؟ ئەویش دەڵێ: من نەوشێروانم، دکتۆر وشیاریش دەڵێ تۆ نەبووی پڕوپاگەندەیان بۆ کردبووی نارنجۆکت خستبووە ناو قوتابخانەی کچانەوە؟ ئەویش دەڵێ نەخێر من نەبووم کاری وا چۆن دەکەم، لە سلێمانی سەد ناوی نەوشێروان هەیە، دکتۆر وشیار لێی دەپرسێت لەناو (ی.ن.ك) کۆمەڵە و بزوتنەوە کامیانی؟ ئەویش گووتبووی کۆمەڵە بووم، بەڵام ئێستا کۆمەڵە نیم کاریان لەگەڵ ناکەم.

کە مام جەلال ساڵی ١٩٧٧ گەڕاوەتەوە کوردستان، دکتۆر وشیار یەك لەوانە بووە لە سێ گۆشەی سێ سنووری لە (چەمکەبی) پێشوازی لێکردووە دەیگووت پێشتر هەڤاڵ نەوشێروان مستەفا ئەمین چوو بوو، کە مام جەلال هاتووەتەوە هەندێك سەرکردەی دەدەقادە و سێ کادیری سازمانی ئینقلابی حزبی تودەی ئێرانی لەگەڵ بووە، لە بارەگای دکتۆر خالید ئامادەکاری بۆ کرابوو، مەڕیان بۆ سەربڕی بوو خواردنیان بۆ دروستکردبوون، مام جەلال لەوێ چەکی یەك لاقی دابوو بە دکتۆر وشیار و ڕەسول مامەند،

دکتۆر وشیار زۆر سەرسام بوو بە سام و کەسایەتی و ئازایەتی دکتۆر خالید، لەگەڵ ئەوەش زۆر دۆستی عەلی عەسکەری بووە، گەرچی حەمید باتاسی ئاگای لە هەردوو خێرانی عەلی عەسکەری و منداڵەکانی بووە، لە سەرگەینێڵ و بێدەلان و پشکاوا، لە ساڵانی (١٩٧٦-١٩٧٧) بەڵام دکتۆر وشیار بەهۆی دکتۆری و گوزەرانی باشی زۆر بە پەرۆشیان بوو، پێداویستی بۆ

دابین کردوون، بەزەیی زۆری پێدادەهاتنەوە کە ژیانیان سەخت و ناخۆش و بێ دەرامەت و لەمەینەتی دا بوون، بەڵام عەلی عەسکەری لەبەرچاوی بوو، دکتۆر وشیار دەیگێڕاوە دەیگووت: لە (دۆڵی گۆستێ) لە پەنابەردێکی گەورە پێکەوە دانیشتبووین، قسەی خۆشمان دەکرد دەیگووت عەلی عەسکەری زۆر ڕووخۆش و بەکەیف و ئەدەب دۆست و خۆشەویست بوو، داوای لێدەکردم قسەی خۆشی بۆ بکەم. دکتۆر وشیار دەیگووت: خوا بداتێ کچێکی ناسك و جوانکیلەت ژن بێ، بە گۆزە شەراب و بە گۆسکە قاورمەت لەکن بێ و لەناو ئەشکەوتی بی، نەیە دەرێ تا مندالت دەبێ، عەلی عەسکەری یەکبەخۆی پێدەکەنی و قاقای لێدەدا و دەیگووت: شەرتبێ (وشیار) ئازادبین و بەسەربەرزی بگەڕێینەوە هێندەم خزم و دۆست هەیە، بۆت جێبەجێ دەکەم، بەس لەناو ئەشکەوتێ نەبێ.

لە کاروانی هەکاری ئەو ڕۆیشت و دکتۆر وشیار و ئەحمەد فەتحوڵڵا و ئەحمەد فەقێ ڕەشیان بەجێ هێشت، لەگەڵ ڕەسوڵ مامەند، بۆ ڕاپەڕاندنی کاروباری ڕێکخستن بزووتنەوە، پاش کارەساتی هەکاری کە بزوتنەوە ساڵی ١٩٧٩ جیابوونەوە لە (ی.ن.ك) دکتۆر وشیار سمایلەخڕە لەگەڵیان دەبێ و حسك دادەمەزرێنن، تا لە کۆنگرەی یەکی حزب لە ١٩٨١/٥/١٢ لە گوندی (دۆڵە توو) لەناوباخ و دارستانەکانی لەسەر زەوی، کۆنگرە دەگرن، دکتۆر وشیار سمایلەخڕە بە ئەندامی سەرکردایەتی بە یەدەگی دوو هەڵدەبژێردرێت، لە کۆبوونەوەی سەرکردایەتی حزب بەشدار دەبێ.

ساڵی ١٩٨٤ دەچێتە سوید و پاش ڕاپەرین دەگەڕێتەوە کوردستان، لەساڵی ١٩٨٥ لە حسك وازدەهێنێت و دەستلەکارکێشانەوەی خۆی ڕادەگەینێ، من لە شاخ ساڵی ١٩٨٠ لە نۆکان بینیم دەمانچە و ڕادیۆیەکی پێ بوو، لە شار نەمدەناسی بەڵام بەشێوەزاری کۆییانە قسەی نەدەکرد! بە ڕوح گەورەم هاتەبەرچاو، کە گەڕاوە بۆ چناڕۆك و کۆیە بەتەواوی ناسیم، خاکی و دەنگخۆش و هێمن و لەسەرخۆ، سمایلەخڕە باپیری دەنگخۆشێکی بێ هاوتا و ئوستادی مقامات و گۆرانی بووە، باخچەوان بووە لە باخچەی سەرقەرۆکان لە کۆیە، یەکەم کەس بووە باینجانی هێناوەتە کۆیە و چاندویەتی، لە خێزانێکی کۆمەنیست و توندە تەبیعەتن، مام قادری بابی سمایلەخڕە، لە مۆریاسەوە هاتوونەتە کۆیە، دەڵێن بە تەور ژنێکی خۆی کوشتووە، ناسراو بووە بە (قالە کەرکوژ).

بەڵام دکتۆر وشیار قەت شیوعی نەبووە و نەتوڕە و توندە تەبیعەت، بەڵام تێکەڵاوی کەمە و کۆمەڵایەتی نییە، بەدبەختی و قوڕبەسەری زۆری دیوە، ناوی خۆی بەخۆیەوەیە و وشیار و پڕ زانیاری، زمانی عەرەبی و فارسی و سویدی دەزانێ، زۆر حەز لە ئاوەدانی ناکا، سەردەمێك بەتاقە ماڵ لە چنارۆك دەژیا لە خانوویەکی قوڕ و بەرد، وەك بارەگای جارانی پێشمەرگە لە شاخ و قەندیل یەکەم کەسە چنارۆکی ئاوەدانکردۆتەوە و چوار وەرزە لێی ژیاوە، کەم کەس دەیزانی دکتۆر وشیار لەگەڵ دکتۆر مشیر حەمەغەریب خاڵۆزا و پورزای یەکن[٦٨].

[٦٨]– لە بەڕێز ڕەهبەر سەیید برایم وەرگیراوە، ٢٠٢٣/٣/١١.

## یوسف محەمەد عەزیز (دکتۆر شوان - شڤان)

### دەزگای تەندروستیی کوردستان، یان پێشمەرگەی ماندوونەناس

دەزگـای تەندروسـتیی کوردسـتان لـە ڕۆژە سـەختەکانی شـۆڕش بـۆ خزمـەتکردنی جەماوەری ناوچە ئازاکراوەکان و هێزی پێشمەرگە هاتـە مەیـدان، بـە وتـەی دکتـۆر شـوان : کۆمـەڵێك دکتـۆری و کـادیری پزیشـکی بـووین لـە ناوچـە ڕزگارکراوەکـان بـە پەرشـوبڵاوی کارمـان دەکـرد، بـەڵام دوای ئـەوەی ڕژێـم هـەموو بنەکـە تەندروسـتیی و دەزگـا خزمەتگوزارییـەکانی لـە ناوچـە ئازادکراوەکـان کێشـایەوە، بۆشـاییەك دروسـت بووبـوو، بـۆ ئەوەی ئەو بۆشاییە نەهێڵین هەستاین بە دامەزراندنی (KHF)، کە پێکهاتبوو لـە ١٦ دکتـۆر و زیـاتر لـە ١٠٠ کـادیری پزیشـکی بـۆ ئـەوەی هـەموو ناوچـەکانمان بـێ بـەش نـەبن لـە خزمەتگوزاری دەزگاکەمان، بۆیە دەزگاکەمان دابەشی ٤ مەڵبەنـد کردبـوو، وەك مەڵبەنـدی یـەك لـە گونـدی سێوسـێنان، مەڵبەنـدی دوو لـە گونـدی سـەرگەڵوو، مەڵبەنـدی سـێ لـە سماقووڵی، گرتگ و بالیسان و مەڵبەندی ٤ لە گوندی مەلەکان، هەر یەك لەو مەڵبەندانـەش لە یەك بۆ دوو دکتۆر و چەندین کادیری پزیشکی کاریـان تێدا دەکـرد، جگـە لـەو دکتـۆر و کادیرانەی لەگەڵ تیپ و کەرتەکان لە جەولە و گەڕاندا بـوون، بـۆ نمونـە دکتـۆر جـەبار کـە دەرچووی کۆلێژی پزیشکی بوو لەگەڵ تیپەکانی گەرمیان جەولەی دەکرد.

**نەخۆشخانەکان بەمشێوازە دابەش کرابوون بە پێی ئەم خشتەیە**

**ن = نەخۆشخانە**

**ب = بنکەی تەندروستی**

**ك.گ = کادیری پزیشکی گەڕۆك**

**نەخۆشخانەی ناوەندی**

| ن. مەڵبەندی یەك | | | | ن. مەڵبەندی دوو | | | | ن. مەڵبەندی سێ | | | | ن. مەڵبەندی چوار | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ب | ب | ب | ب | ب | ب | ب | ب | ب | ب | ب | ب | ب | ب | ب | ب |
| ک<br>گ | ک<br>گ | ک<br>گ | ک<br>گ | ک<br>گ | ک<br>گ | ک<br>گ | ک<br>گ | ک<br>گ | ک<br>گ | ک<br>گ | ک<br>گ | ک<br>گ | ک<br>گ | ک<br>گ | ک<br>گ |

**لە نەخۆشانەی ناوەندی بەرگەڵوو کە لەم بەشانە پێکهاتبوو:**

١. **ژووری نەشتەرگەری**
٢. **ژووری تیشك**
٣. **ژووری تاقیگە**
٤. **ژووری ددانسازی**
٥. **دەرمانخانە**
٦. **هۆڵی خەوتنی برینداری و نەخۆش**

**هەموو ئەو نەشتەرگەرییانەی کە لە شارەکان دەکرا، لەم نەخۆشخانەیەشدا دەکرا، لە داستانی ڕزگاری ڕۆژانە زیاتر لە ١٠٠ بریندار لەم نەخۆشخانەیەدا تیمار کراوە، زۆربەشی بە کامێرای ڤیدیۆ گرتوومانە، ئێستاش ماون، دەتوانم بڵێم یەکەم کاری بەرەیی لە دەزگاکەی ئێمەوە دەستی پێکرد، ئەویش کاتێك ملازم کەریمی پاسۆك بەهۆی فڕۆکەوە بریندار بوو،**

برادەرێکی سەر بە پارتی گەل خوێنی پێ بەخشی و لە نەخۆشخانەکەی ئێمە نەشتەرگەرییەکی سەرکەوتوونەی بۆ کرا.

لە بارەی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی و ڕۆڵی دەزگاکەیان گوتی: لە ١٩٨٧/٤/١٥ لەلایەن بەعسەوە بەکارهات دەزگاکەی ئێمە بوو لە دونیای دەرەوەی ڕاگەیاند و لە ڕێگەی دکتۆر کەمال فوئادەوە داوای یارمەتیمان لە دەرەوە کرد بۆ دابینکردنی کەلوپەلی پێویست دژی ئەم چەکە، لە ناوخۆش لە ڕێگای ڕادیۆ و پۆستەر و کەرەستەی دیکەوە هەڵساین بە بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری دروستی جەماوەر و پێشمەرگە دژ بە چەکی کیمیایی و کردنەوەی چەندین خول و سیمینار بۆ کادیرە پزیشکییەکان.

لەبارەی سەرەتای دامەزراندنی کۆمەڵەی فریاکەوتنی کوردستان گ وتی سالی ١٩٨٧ لەسەردەستی دکتۆر و کادیرە پزیشکییەکان دەزگاکەمان و ئەجوومەنی گوندەکان (KRA) دامەزرا، کە بەشێك بوو لە دەزگاکەمان سەرەتا ناوی (کۆما هاریکارییا کوردا Kurdish Relief Association) بوو، هەروەها سالی ١٩٨٨ لەسەر بڕیاری هەڤاڵ مام جەلال ئەم ڕێکخراوە کرایە ڕێکخراوێکی بەرەیی کە هەموو حیزبەکان نوێنەریان تێدا بوو کە من سەرپەرشتیم دەکرد.

لەسەر شێوەی کارکردنی دەزگا لە دوای ئەنفالەوە گوتی: بۆ ئەوەی ئاوارەکان لە خزمەتگوزارییەکانمان بێبەش نەبن، کادیرە پزیشکییەکانمان بەسەر ئۆردوگای ئاوارەکاندا دابەش کرد بە دابینکردنی دەرمان و کەلوپەلی پزیشکی بۆیان هەروەها دووبارە مەڵبەندەکانمان دامەزراندەوە بەمشێوەیە:

١. مەڵبەندی یەك لە گوندی دزلی
٢. مەڵبەندی دوو لە گوندی بلەکێ
٣. مەڵبەندی سێ لە بادینانەوە

جگە لە نەخۆشخانە سەرەکییەکەی ناوزەنگ لەسەر سنوورەکان بۆ پارتیزان و هێزی تایبەت چەندین خولی فریاگوزاریمان کردەوە.

لەبارەی ڕۆڵی دەزگاکەیان لە کاتی ڕاپەڕین گوتی: کادیرەکانمان بە کۆڵەپشتی پڕ دەرمانەوە دابەشی سەر میحوەر و ڕەتڵەکانی هێزی پێشمەرگە کر، خۆشمان ئامادە کرد تا

لە کاتی ڕاپەڕین نەهێڵین نەخۆشخانەکان لە کار بکەون و لە کوێ پێویست بوو کار بکەین، نەخۆشخانەی ڕانیەش گەواهیدەری ئەم گوتەیەمانە، چ لە ڕاپەڕین و چ لە کۆڕەوەکە چ خزمەتێکی کۆمەڵانی خەڵك و پێشمەرگەمان کردووە.

لە بارەی چۆنیەتی کارکردنیان لە دوای ڕاپەڕینەوە گوتی: پلانمان دانا بۆ ئازاکردنی نەخۆشخانەی ناوچە ئازادکراوەکان، ئەویش هەم بە دەستکاری نەکردنی مونتەسیبەکان هەم بە هاوکاریکردنیان، جگە لە دروستکردنی بنکەی نەخۆشخانەی نوێ لە ناوچە وێرانکراوەکان، بۆ ئەوەی ئەو بۆشاییە کە لە کارگێڕی نەخۆشخانەکان دەبینرا پڕ بکەینەوە، تا دەستبەکاربوونی وەزارەتی تەندروستی زۆربەی بنکە و نەخۆشخانەکان بەهۆی دەزگاکەی ئێمەوە لە کارنەکەوتبوون، دواتریش بە بڕیاری پەرلەمان و حکومەتی هەرێم لە پێناو بەرژەوەندی گشتی و پێویستی قۆناغەکە نەخۆشخانەکانمان ڕادەستی وەزارەتی تەندروستی کرد، بەڵام بەداخەوە شێوەی ڕادەستکردنی شوێنەکان وەك ئەوە نەبوو کە ئێمە ئاواتمان بوو، چونکە لە گەلێك شوێن کەموکورتی تێکەوت، کە دەبوو وانەبێت، لە کۆتایی مانگی ئازاری ساڵی ١٩٩٣ ڕادەستکردنەکە ئەنجامدرا، کە کۆی نەخۆشخانەکان ٨٠ نەخۆشخانەی و بنکەی تەندروستی بوو، کە نزیکەی ٦٠٠ بۆ ٧٠٠ دکتۆر و کادیری پزیشکی کاریان تێدا کردووە، بە درێژایی ئەو ماوەیە دەزگاکەمان مووچەی بۆ دابینکردوون.

لە دوای ئەو ڕووداوانەوە وەك دەزگای تەندروستی مرۆڤایەتی خێرخوازی ناحکومی بەردەوام بووین، هاوکارییمان لەگەڵ زۆربەی ڕێکخراوە جیهانییەکان بەردەوام بوو، چالاکییەکانمان لە زۆربەی گوندە وێرانکرداوەکاندا ئەنجامدا، ئاوی پاکمان بۆ ژمارەیەك گوند دابین کرد، لە ١٩٩٣/٢/٢٠ خولێکمان کردەوە بە ناوی خولی شەهید دکتۆر هێمن و لە ژێر دروشمی خۆپاراستن چاکترە لە چارەسەرکردن، دواتر کادیرە بەشداربووەکانی ئەو خولە بە شێوەی دوو تیم بۆ ناوچەی سلێمانی و پشدەر نارد بەمەبەستی بەرزکردنەوەی ئاستی هوشیاری تەندروستی لەو گوندانە.

لەبارەی سەرچاوەی دەرمانی دەزگاکە بەر لە ڕاپەڕین، دەرمان لە ناوشار و ڕێکخستنەکان، بارەگا و نەخۆشخانەکانی دوژمن کە لە شەڕ دەستی بەسەردا دەگیرا، هەروەها لە ساڵی ١٩٨٨ میدیکۆی جیهانی باشترین یارمەتی داوین کە ڕێکخراوێکی

ئەڵمانییە، هەروەها لە دوای ڕاپەڕین و لە کاتی ئازادکردنی کەرکووك دەرمانێکی زۆرمان گواستەوە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتمان جگە لەوەی پەیوەندیمان لەگەڵ میدیکۆی ئەڵمانی، پزیشکانی بێسنوور و پزیشکانی جیهاندا هەیە(٦٩).

هەر لەسەر ئەو ڕووداوانە دکتۆر شوان دەڵێت: سەرەتا دکتۆرەکان یان کادیرە تەندروستییەکان لەو کەرتەی یان لەو شوێنەی کە لێی بوون خزمەتیان دەکرد، دواتر ویستمان ڕێکیان بخەین و کەلوپەلیان بۆ پەیدا بکەین، ئیدی وەکو گەڕۆك بەسەر کەرت و ناوچەکاندا دەسووڕانەوە، خزمەتی پێشمەرگە و خەڵکیان دەکرد، دواتر بۆ هەر دکتۆر و دوو بۆ سێ کادیری تەندروستی گوندێك دیاری کرا، بۆ ئەوەی لە کاتی گەڕانەوەیان ببێتە شوێنی حەوانەوەیان و پێشمەرگە و خەڵکیش شوێنەکەیان بزانن و هاتوچۆیان بکەن، بەڵام دوای پەرەسەندنی چالاکییەکانی پێشمەرگە، هەوڵماندا بۆ هەر سێ بۆ چوار گوندێك بنکەیەکی تەندروستی دابنێین و نەخۆشخانەش بۆ مەڵبەندەکان دابمەزرێنین، سەرەتا بۆ هەر نەخۆشخانەیەك یەك بۆ دوو دکتۆر و پێنج تا شەش کادیری تەندروستیمان بۆ دانا، بەڵام پاش ئەوە کە چەندین دکتۆری لە خۆبردووی دیکە و بە دەیەها ژمارەی کادیری تەندروستی بە توانا هاتنە پاڵ ڕیزەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە، ئێمەش ژمارەی دکتۆر و کادیرە تەندروستییەکانمان بۆ نەخۆشخانەکان زیاد کرد، هەروەها ساڵی ١٩٨٥ لە بەرگەڵوو کە ئەو دەم بارەگای سەرکردایەتی (ی.ن.ك)ی لێ بوو، نەخۆشخانەیەکی گشتیمان دامەزراند، ئەو نەخۆشخانەیە هیچ جیاوازییەکی ئەووتۆی لەگەڵ نەخۆشخانەی شارەکاند نەبوو، چونکە جێگای خەوتنی هەبوو، کە بیست نەخۆشی دەگرت و لە کاتی نا ئاسایی و تەنگانەدا دەمانتوانی جێگای سەد نەخۆش بکەینەوە، ژووری نەشتەرگەریمان هەبوو، کە بریتی بوو لە بەشەکانی سڕکردن و پاککردنەوە و تەداوی، کە زۆر جاران نەشتەرگەری گەورەمان تێدا ئەنجام دەدا، هەروەها ئامێری تیشك گرتنیشمان هەبوو، کە لە دوو بەشی ڕەش و سپی و ڕەنگاوڕەنگ پێکهاتبوو، ئەمە بێجگە لەوەی کە تاقیگەیەکی گەورەمان

---

(٦٩)– عەبدواحید ئیدریس شەریف و شۆڕش عەزیز خدر: دەزگای تەندروستیی کوردستان یان پێشمەرگەی ماندوونەناس، ڕۆژنامەی هەرێم، ژمارە ٢٠، ١٩٩٣/٤/٢٢.

هەبوو، زۆر پشکنینی جۆراوجۆری لێدەکرا، دوو بەشی دیکەشمان هەبوو، یەکەمیان بەشی کیمیایی کە لە چەند تیمێکی تەندروستی پێکهاتبوون و بەسەر پێشمەرگەمان دەسووڕانەوە و خەڵك و پێشمەرگەیان هۆشیار دەکردەوە، کە چۆن خۆ لە کیمیایی بپارێزن، کە تووشیشی بوون چۆن خۆیان چارەسەر بکەن، دووەمیشیان بەشی ددان بوو، کە دکتۆر سەردار دەرچووی کۆلێژی پزیشکی بەشی ددان و دکتۆر مەنسوری ددانساز بەڕێوەیان دەبرد، ئەم بەشە هەموو جۆرە نەخۆشییەکانی ددانی تێدا چارەسەر دەرکرا، لە ددان کێشانەوە تا تاقم دروستکردن، پێویستە ئەوەش بگوترێت کە نەخۆشخانەکە وا دروست کرابوو، کە گوللەی تۆپ و فڕۆکە کاری تێنەدەکرد.

زۆربەی دەرمانەکانمان لە ڕێگەی ڕێکخستنەکانی شارەوە بە دەست دەگەیشت، بە تایبەتی شەهید جەمال تاهیر، ئەندامی مەکتەبی سیاسی ی.ن.ك لەم ڕووەوە یارمەتییەکی زۆری دەداین، ڕێکخستنەکانی شار هێندە چالاك بوون ئەگەر دەرمانێکمان بویستایە ئەوا بە ماوەی هەفتەیەك دەگەیشتە دەستمان ئامێری تیشکیشمان کاتی خۆی لە ئێران کڕی بوو، پاشان لە ڕێگای هەندێك ڕێکخراوی وەکو میدیکۆ و ئینتەرناشناڵەوە، لە ڕێگەی یاساغەوە کە بەڕاستی دۆستی کورد بوون، دەرمانیان بۆ ڕەوانە دەکردین، هەروەها زۆرجارانیش بەهۆی چالاکییەکانی پێشمەرگەوە دەرمانمان بەدەست دەکەوت، ئەمەش بێجگە لەوەی کە زۆر جاران دەمان کڕی و لە ڕێگەی یاساغەوە پێمان دەگەیشت، چۆنێتی دابینکردنی دەرمان هەروا نەمایەوە، بەڵکو لە ساڵی ١٩٨٧ (کۆما هاریکارییا کورد)مان دامەزراند، پاشان گۆڕدرا بە (کۆمەڵەی فریاکەوتنی کوردستان) و ئێستا بە (K.R.A) دەناسرێت، پاش ئەنفالەکان لەسەر داوای هەڤاڵ مام جەلال ئەو کۆمەڵەیە کرا بە کۆمەڵەیەکی بەرەیی و هەموو پارتەکان نوێنەری خۆیان بۆ نارد، ئەو کاتە وەکو (K.R.A) توانیمان پەیوەندی لەگەڵ چەندین ڕێکخراوی خێرخوازی جیهانی وەکو خاچی سووری سویدی و (S.C.F) و خاچی سووری ئەڵمانی و هەندێك ڕێکخراوی دیکەوە ببەستین و لە ڕێگەی ئەوانەوە دەرمان و کەلوپەلی دیکەمان بۆ دەهات، دوای ئاشتبوونەوەی گشتی دەرگای نەخۆشخانەمان خستە سەرپشت.

لە ڕۆژە سەختەکانی پێشمەرگایەتیدا ی.ن.ك نزیکەی ٢٢ دکتۆری شارەزای دەرچووی کۆلێژی پزیشکی و بە سەدان کادیری تەندروستی لە سەنگەرەکانی خۆی کۆکردبووەوە، ئەو دکتۆرانە وەنەبێ چارەسەری بریندار و نەخۆشەکانیان لە ئەستۆدا بێ، بەڵکو لە سەدان شەڕی قارەمانانەدا خۆیان و کۆڵەپشتەکانیان شەڕی قارەمانانەیان کردووە، بریندار و شەهیدیشیان داوە.

نەخۆشخانەکەی ئێمە هیچ جیاوازییەکی لە نێوان پێشمەرگەکاندا نەدەکرد بۆ نمونە چۆن پێشمەرگەیەکی ئاساییمان چارەسەر دەکرد، فەرماندەکانیش ئەوها، لە ڕووداوێکدا هەڤاڵ کۆسرەت ڕەسووڵ لە سماقووڵی و هەڤاڵ عومەری سەید عەلی لە دۆڵی شەهید بە بۆردومانی فڕۆکە بریندار بوون، لای ئێمە چارەسەر کران، هەروەها جارێکیان ڕژێمی بەغداد لەسەر پردەکەی بەرگەڵوو مینێکی بۆ هەڤاڵ نەوشیروان و هەڤاڵ فوئاد مەعسوم دانابوو، لە کاتی تەقینەوەیدا دەموچاویان بریندار بوو، لەلای ئێمە چارەسەرکران، هەڤاڵ ئازاد هەورامیش پێش شەهیدبوونی بە ساچمەی گوللە تۆپ بریندار بووبوو لەلای ئێمە چاکبووەوە، هەروەها هەڤاڵ مام ڕۆستەم لە شەڕی گۆپتەپە و ژاڵە برینداربوو، ئێمە چارەسەرمان کرد، مولازم خولەش لە شەڕەکانی ١٩٨٣ گوللەیەکی نیشانشکێن بەر پشتی کەوتبوو بۆمان دەرهێنا، هەڤاڵ سەردار سەعید سۆفی لە ڕووداوێکدا گوللەیەك بەر قاچی کەوتبوو لە نەخۆشخانەکەی ئێمە بۆیان دەرهێنا، ئەوە بێجگە لە چەنید کادیری بەتوانای دیکەی ی.ن.ك لە نەخۆشخانەکەی ئێمەدا ژیانیان لە مردن ڕزگارکرا.

هەرچەندە پێشتر نەخۆشخانەکە خزمەتی بریندار و نەخۆشی لایەنەکانی دیکەی کردووە، بەڵام دوای ئاشتبوونەوەی گشتی دەرگای نەخۆشخانەکانمان خستە سەر پشت و زۆر لە برادەرانی سەرکردایەتی و پێشمەرگەی لایەنەکان دیکەمان چارەسەر دەکرد، بۆ نموونە ملازم کەریم کەنە کە ئەندامی سەرکرایەتی پاسۆك بوو، لە بۆردوکانێکی فڕۆکەی ڕژێمی بەعسدا بریندار بووبوو، لە نەخۆشانەکەی ئێمەدا چارەسەرکرا، ئەو پێشمەرگەیەشی کە خوێنی پێ بەخشی سەر بە پارتی گەل بوو، لەو نەخۆشخانەیەدا تەنانەت چارەسەری ژەهرخواردووشمان کردووە، لەوانە دکتۆر مەحموود سۆرانی کە لە ساڵی ١٩٨٧ ژەهرخوارد کرا، لەلایەن ئێمەوە چارەسەر کرا، هەروەها هەڤاڵ فازڵ میرانی ئەندامی مەکتەبی سیاسی

پ.د.ك لە ساڵی ١٩٨٥ لە سەردانێكیدا بۆ ناوچە ئازادكراوەكانی ژێر دەسەلاتی ی.ن.ك قاچێكی شكا، ئەویش هەر لە هەمان نەخۆشخانەدا تیشكی بۆ گیرا و دواتر چارەسەركرا، لەگەڵ زۆر حاڵەتی دیكە لەلای ئێمە چارەسەركراون، هەروەها لەگەڵ ئەنجوومەنی گوندەكانیش پەیوەندیمان هەبوو، بۆ ئەوەی لە كاتی بۆردومان و پێكدادانەدا بریندار و نەخۆشەكانیان بهێننە لای ئێمە.

یەكەم دەزگابووین لە كوردستاندا كە لە ڕۆژی ١٩٨٧/٤/١٦ بە هەڤاڵ مام جەلالمان ڕاگەیاند كە ڕژێمی بەغداد چەكی كیمیایی بەكارهێناوە، ئەویش لەلایەن خۆیەوە بە تارانی ڕاگەیاند و ڕۆژی پاشتر بە هەڤاڵ نەوشیروان مستەفاش گوترا، دوای ئەوەش لە ئێستگەكانی جیهانی بلاّوكرایەوە، شایەنی وەبیرهێنانەوەیە كە یەكەم كەس یەكەم شەهیدی كیمیایی هەڤاڵ شەمسە بوو كە پێشمەرگەیەكی ئازای ی.ن.ك بوو(٧٠).

ساڵی ١٩٨٦ بەبەردەوامی تیمی گەڕۆكمان بۆ داستانەكانی دابان و ڕزگاری دەنارد، لە ماوەی بیست و چوار كاتژمێردا بە سەدان برینداریان هێنایە نەخۆشخانەكەبە زووترین كات چارەسەر دەكران، تەنانەت وای لێهاتبوو كە بارەگای مەكتەبی سیاسی و ئێستگە و ڕاگەیاندنەكانیش پڕ بوون لە بریندار، دوای ئەنفالیش چەندین خولی تایبەتمان لەسەر خزكەتگوزاری سەرەتایی بۆ پێشمەرگە كردەوە، بەتایبەتی ئەو پێشمەرگانەی كە بەچەكەوە دەنێردرانەوە باشووری كوردستان تا شەڕی پارتیزانی بكەن، لە ڕاپەڕینیشدا بۆ هەر میحوەرێك دوو دكتۆر و سێ كادیری تەندروستیمان دەستنیشانكرد، زۆر چالاكانە كارەكانی خۆمان ڕادەپەڕاند، هەروەها هەوڵماندا كە نەخۆشخانە و بنكەی تەندروستی لە تالاّن و شڕەخۆری بپارێزین، یارمەتی دكتۆرەكان بدەین، هەروەها كادیرە تەندروستییەكان ڕۆڵی بەرچاویان هەبوو، لە چارەسەركردنی بریندارەكان، شەو و ڕۆژیان لەسەر یەك نابوو لەگەڵ ئازاری پێشمەرگەدا ئێشكیان دەگرت و بەردەوامیش هەوڵی سەرخستنی كاری دكتۆرەكانیان دەدا.

---

(٧٠)– ئیدریس لاوە: هەڵدانەوەی ڕۆژژمێری دكتۆرەكانی شاخ، ئەڵقەی یەكەم، ڕۆژنامەی كوردستانی نوێ، ژمارە ٥٩٠. ساڵی سێیەم، لاپڕە ٥.

دکتۆر خالید محەمەد ڕەشید لەسەر دەزگای تەندروستیی کوردستان دەڵێت: لە ساڵی (١٩٨٢)ەوە، پەیوەندیم بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە کردووە، سەرەتا لەگەڵ تیپی ٢١ی کەرکووك بووم دواتر هاتمە نەخۆشخانەی گشتی تا ساڵی ١٩٨٨ لە ژووری نەشتەرگەری کارم کردووە، پاشان لە ئۆردوگاکانی ئێرانەوە درێژەمان بە خزمەتکردن دا، تا بۆ باشووری کوردستان گەڕاینەوە.

یەکەم جار کە ڕژێمی بەعس کیمیایی لە دژ بەکارهێناین زۆر کاری تێکردین، هەڤاڵ شەمسە کە تەمەنی ١٧ بۆ ١٨ساڵان دەبوو ئەوەندە بە خێرایی هەواڵەکەی پێڕاگەیاندین لە شوێنی هەواڵەکە چەکەکەی لە بیر چووبوو، جا ئەو کاتە لەبەرئەوەی عەیب بوو پێشمەرگە چەکی خۆی بەجێبهێڵێت، بۆیە گەڕایەوە شوێنی ڕووداوەکە و لە ناو دووکەڵی کیمیاییەکە چەکەکەی هێنایەوە، بەڵام بەداخەوە کە هەموو لەشی سووتابوو، بۆ ماوەی دوو بۆ سێ ڕۆژ لای ئێمە مایەوە، پاشان گیانی سپارد بە ڤیدیۆش سەرجەمی ڕووداوەکەمان تۆمارکردووە.

دکتۆر ئارام کە ماوەیەکی زۆر لە نەخۆشخانەی گشتی و دەزگای تەندروستیی کوردستان کاری کردووە، لە ساڵی ١٩٨٦دا پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە و تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر کردووە، دوای ئەوەی چووەتە نەخۆشخانەی گشتی وەکو بەرپرسی بەشی دەرمان کاری کردووە، زۆر جارانیش لەگەڵ مەفرەزەکانی پێشمەرگەدا دەرچووە، لەسەر نەخۆشخانەکە دەگێڕێتەوە و دەڵێت: لە نەخۆشخانەکە هێندە پێشمەرگەی قارەمان و ئازامان دەبینی کە چۆن بەرامبەر ئازار و برینەکانیان دانیان بەخۆیاندا دەگرت و بەردەوام بزەی لێویان دەهات، بۆ نمونە لە ڕووداوێکدا پێشمەرگەیەکی تیپی ٨٧ کە ناوی گەنجۆ بوو بە نەخۆشی ڕەوانەی لای ئێمە کرابوو، دکتۆر پشووی بۆ نووسی، بەڵام کە ئەنفالی یەك ڕوویدا، پشووەکەی ڕەتکردەوە و زۆر هەوڵماندا کە بۆ شەڕ نەچێت، بەڵام ئەو بە گەرم و گوڕییەوە گوتی: هەر دەبێت بەشداری ئەو شەڕە بکەم[٧١].

[٧١]–ئیدریس لاوە: هەڵدانەوەی ڕۆژژمێری دکتۆرەکانی شاخ، ئەڵقەی دووەم، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە ٥٩٢. ساڵی سێیەم، لاپڕە ٥.

هەر لە درێژەی ئەم باسەدا دکتۆر جەبار عەبدول نەریمان دەڵێت: ساڵی ١٩٨٥ لە ناوچەی قەرەداغ بوومە پێشمەرگەی تیپی ٧٥ی سەگرمە، ئەو کات دکتۆر ساجد کە یاریدەدەری پزیشکی بوو، لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەکی دیکەی شارەزای بواری تەندروستی سەرپەرشتی تیپەکەیان دەکرد، کە تەنها خێوەتێك و چەند جۆرە دەرمانێکیان لابوو، بۆیە بریندارە سەختەکانیان دەنارده بەلەکجاڕ و سێوسێنان، کە دکتۆر فائیق و دکتۆر حەسەنی لێبوو، دواتر بە یارمەتی برادەرانی مەڵبەند و تیپ نەخۆشخانەیەکمان دروست کرد و خەڵکی ناوچەکەش ڕوویان تێکردین، هەر لەوێ پێشمەرگەکانمان ڕاهێنا لە کاتی کتوپڕدا چارەیەك بۆ خۆیان بدۆزنەوە، هەرچەندە زۆرجار خۆشمان بە کۆڵەپشتی دەرمانەوە، لەگەڵ برا پێشمەرگەکان بۆ شەڕ دەچووین، لە پەنایەکی نزیکەوە بریندارەکانمان چارەسەر دەکرد، بۆیە لە هەموو لەو شەڕانەدا ئێمە بریندارمان هەبوو وەکو شەڕەکانی سەنگاو، گڵەزەردە، دارەڕەش و قەرەداغدا.

هەروەها نەخۆشخانەکەمان وارێکخستبوو دەمانتوانی چارەسەری درێژخانی تێ بدکەین و لە ڕووی خواردنیشەوە زۆر ڕێکوپێك بوو کە دەدرا بە بریندارەکان، ئەگەر هەر کەموکورتییەکیش هەبووایە ئەوا پەیوەندیمان بە نەخۆشخانەی گشتییەوە دەکرد و لەوێوە پێویستیمان بۆ دەهات، لەوێ پێشمەرگەیەکی نەبەردمان هەبوو بەناوی شێخ محەمەد بیکەسی هێندە بە جەرگ بوو کە هەر بریندارێك بهاتایە ئەو دەبووە دایك و باوك و خوشك و برای بۆی، خزمەتی دەکرد و جلوبەرگی بۆ دەشۆری و خواردنی بۆ ئامادە دەکرد، بەڵام بە داخەوە ئەو پێشمەرگە نەبەردە لە ١٩٩١/٦/١ لە دۆڵی بالیسان شەهید بوو، هەروەها پێشمەرگەیەکی دیکەمان هەبوو بەناوی مامە پاشا کە وەکو کۆگایەکی خوێن وابوو، بێ جیاوازی خوێنی بە بریندارەکان دەبەخشی و نانی گەرمی بۆ ئامادە دەکردن، بەداخەوە دواتر شەهید بوو، ئەو دوو نمونەیە لەبەرچاوم زۆر زیندوون و هەرگیز لە بیرم ناچنەوە.

کاتێك کە مەڵبەندەکەمان کشایەوە بۆ قرناقە و قشت ئاشان و سوورەدێ لە شەڕی سەرکردایەتی و گەرمیان و قەڵاسێوکە، بەشداریمان کرد، دواتر بۆ ئەوەی کەمێك پشوو بدەین لەو نزیکانە ماینەوە، دواتر لە ناوچەکانی باڵەییان و بناری قەندیل و دۆڵی شەهیدان و سنووری مەڵبەندی سێ شەڕ دەستی پێکردەوە، لە ١٨ قۆڵەوە دوژمن هێرشی

بۆسەر مەڵبەندی سێ هێنا، ئەو دەمە دکتۆر فائق و دکتۆر جەلال و دکتۆر هەڤاڵ لە مەلەکان بوون، ئێمەش لەوبەر بووین چارەسەری ئەو پێشمەرگە بریندارانەمان دەکرد کە لە شەڕە بچوکەکاندا بریندار دەبوون، هەروەها دکتۆر هێرش لە پشتی قەندیلەوە لە گوندی گۆیژی پێشوازی لە بریندارەکان دەکرد، خۆ ئەگەر برینەکەش سەخت بووایە ئەوا ڕەوانەی ئێران دەکرا.

دوای ئەو شەڕانە کشاینەوە سەر سنوورەکان، جارێکی دیکە هەر مەڵبەندێك نەخۆشخانەکەی خۆی دامەزراندەوە، ئێمە وەکو مەڵبەندی سێ چووینە بناری شاری سوورکێو، لەوێ لەگەڵ چەند کادیرێکی تەندروستی سەرپەرشتی نەخۆشخانەکەمان دەکرد، هەروەها نەخۆشی ئاوارەکانمان هەر لە نەخۆشخانەکەدا چارەسەر دەکرد، لە پەڕینەوەشمان بۆ ئێران ئەو پێشمەرگانەمان چارەسەر دەکرد کە وەك پارتیزان گەڕابوونەوە یان بەهۆی مین و تەقەمەنییەوە بریندار دەبوون.

ئێمە لەلای پێشمەرگە و فەرماندەکان زۆر خۆشەویست بووین، هەرگیز نەیاندەهێشت بەشداری لە شەڕەکاندا بکەین، دەیانگوت ئەگەر ئێوە شەهید بن ئەوا خەباتی ڕەوای ئێمە بێهێزی و لاوازی تێدەکەوێ، بۆیە پێویستە ئێوە دوورەپەرێزی شەڕبن و ئەگەر ئێمە برینداربووین چارەسەرمان بکەن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دکتۆر و کارمەندانی تەندروستی لە زۆر نەبەردیدا قارەمانانە بەشدارییان کردووە، بۆ نموونە دکتۆر ساجد خۆی و مەفرەزەکەی دەچوونە ناو شاری سلێمانی و چالاکیی جوامێرانەیان ئەنجام دەدا.

هەر سەبارەت بەو ڕووداوانە دکتۆر فائق دەڵێت: لە ڕۆژی ١٩٨٢/٤/١ لە گوندی هاوار پەیوەندیم بە تیپی ١١ی هەورامانەوە کردووە، پاش چەند ڕۆژێك چوومەتە سەرکردایەتی ی.ن.ك کە لە زەڵێ و ناوزەنگ بوو، دوای ئەوە لە ڕۆژی ١٩٨٢/٥/٢٢ لە نەخۆشخانەی سەرکردایەتی لە گوندی قووڵەهەرمێ، دەستم بە کاری پزیشکی کرد و لەوێ چارەسەری بریندار و نەخۆشی خەڵکی ناوچە ئازادکراوەکانی شێنێ و سوونێم دەکرد.

پاش دروستبوونی هەر چوار مەڵبەندەکەی ی.ن.ك نەخۆشخانەی مەڵبەندی دوومان دامەزراند، لێرەوە لە ڕێگەی نەخۆشخانکەوە درێژەمان بە خزمەتی برا پێشمەرگەکانمان و جەماوەری ناوچەکەدا، بە تایبەتی جەماوەری ناوچەی دۆڵی جافایەتی و دۆڵەڕووت.

لە ١٩٨٣/٣/١ بەدواوە تا ڕۆژی ١٩٨٥/١/١٥ لە سووورداش کارەکانمان ڕادەپەڕاند و پاشان گوستمانەوە بۆ نەخۆشخانەی مەڵبەندی یەك لە گوندی کانی دڕکە، لەوێش زۆر نەماینەوە بە هاوکاری مەڵبەندی یەك نەخۆشخانەکەمان گواستەوە بۆ گوندی سێوسێنانی ناوچەی قەرەداغ، بەڵام لەبەر نالەباری شوێنەکە و تۆپبارانەکانی ڕژێم، بڕیارماندا لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٦دا نەخۆشخانەکە بگوازینەوە بۆ نزیك بەلەکجاڕی ناوچەی قەرەداغ، تا دەستپێکردنی ئەنفالە شوومەکە لەوێ ماینەوە.

لەو ماوەیەدا بەشداری شەڕەکانی گەرمیان و قەرەداغمان کرد، بە سەدان بریندارى کیمیابارانمان لە مردن ڕزگارکرد، ئەمە بێجگە لە بریندارانی شەڕەکان، دواتر لە ڕۆژی ١٩٨٨/٥/٧ لە نەخۆشخانەی مەڵبەنی سێی ی.ن.ك گیرسامەوە، لە بەشی یەکەمەی ئەنفالە شوومەکەی ڕژێمی بەغداد لەگەڵ دکتۆر هەڤاڵی هاوڕێم بەیەکەوە لە نەخۆشخانەی مەلەکان چارەسەری بریندارەکانمان دەکرد.

لە ڕۆژی ١٩٨٨/٦/١٢ لەلایەن هەڤاڵ مولازم عومەرەوە برووسکەیەکم بۆ هات بۆ ئەوەی نەخۆش و بریندارەکان ببەمە ئەودیوی ئێران و دکتۆرێکی دیکە دێتە شوێنی من، بەڵام لە دواییدا بۆم دەرکەوت کە مەرامی برووسکەکە هەر ئەوە نەبووە، بەڵکو مەبەستی چوونم بۆ ئێران ئەوەبوو، کە ئاگادارم بکەنەوە لەوەی کە زۆربەی کەسوکارەکانم بەدایکم و برایەکمەوە لە کارەساتەکەی هەڵەبجەدا شەهیدبوون.

پاشان لە ئێران ماینەوە لە شارەکانی سنە و سەقز و ئۆردوگای ئاوارەکانی کوردەکانی عێراقەوە خزمەتی نەخۆشەکانمان دەکرد تا لە ڕاپەڕینە مەزنەکەی بەهاری ساڵی ١٩٩١ و لە ڕۆژی ١٩٩١/٤/٣ لە هەڵەبجەی شەهید لەگەڵ چەند برادەرێکی برینپێچ نەخۆشخانەیەکمان دەمەزراند، بۆ ئەوەی نەخۆش و بریندارەکانی کۆڕەوە مەزنەکە تیمار بکەین[٧٢].

وەکو چۆن پێشتر نەخۆشخانەکەمان نەخۆشخانەی جەماوەر و هێزی پێشمەرگە بوو، پاش ئاشتبوونەوەی گشتیش لە ساڵی ١٩٨٦ فراوانتر خزمەتی لایەنە جۆراوجۆرەکانی

---

[٧٢]- ئیدریس لاوە: هەڵدانەوەی ڕۆژژمێری دکتۆرەکانی شاخ، ئەڵقەی سێیەم، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە ٥٩٣. ساڵی سێیەم، لاپڕە ٥.

کردووە، چەندین کادیر و پێشمەرگەی لە مردن ڕزگارکردووە، بۆ نمونە لە گوندی سێوسێنان کۆمەڵێك کادیری (حسك) مان چارەسەر کرد، هەروەها هەڤاڵ ملازم کەریم ئەندامی سەرکردایەتی (پاسۆك)ی ئەوکات هەڤاڵ ئەکبەر حەیدەری کادیری پ.د.ك لەلای ئێمە چارەسەرکراون، لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە پێشمەرگە و کادیری لایەنەکانی دیکە، ئەمە جگە لەوەی ئێمە بە خۆڕایی خەڵکی نەخۆشی ناوچە ڕزگارکراوەکانمان چارەسەر دەکرد، چونکە هەرچیمان بکردایە نەماندەتوای پاداشتی ئەو جەماوەرە خۆڕاگرە بدەینەوە، کە گوندەکانیان لانکەی حەوانەوە و پشوودانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بوون، بە پێخەف و ئاگری ئەوان گەرم دەبووینەوە، بە نانی دەمی منداڵی ئەوان برسێتیمان دەشکا.

ئێمە لە ژێر کاریگەری ماددەی مۆرفین و کیتامین نەشتەرگەریمان دەکرد، بە پێی باری تەندروستی نەخۆشەکە هەڵسوکەوتمان دەکرد، ئەگەر فریا بکەوتبایە ڕەوانەی جێگەی دیکەمان دەکرد، خۆ ئەگەر کتوپڕیش بووایە ئەوا لە ژێر کاریگەری ماددەی کیتامین یا مۆرفین یا سڕکردنی بەشەکی (بەنجی مەوزوعی) نەشتەرگەریمان بۆ دەکرد، بۆ نمونە لە مانگی ١٩٨٧/٤ برایەکی پێشمەرگە بە ناوی سەردار ساڵەح لە تیپی ١٥ی شارەزوور تووشی هەوکردنی ڕیخۆڵە هات، ئەوەبوو لە ژێر کارتێکردنی ماددەی کیتامین نەشتەرگەریمان بۆ کرد و چاکبووەوە، بەڵام بەداخەوە لە پاشاندا ئەنفالکرا.

هەروەها لە ١٩٨٧/١٠/١٧ پێشمەرگەیەك بە ناوی هەڤاڵ حەمەد لە تیپی ٥٩ی حەمرین زۆر بە سەختی بریندار بوو، فریای ئەوە نەدەکەوت، کە بیگەیەنینە نەخۆشخانەی گشتی ناچار بۆ ئەیش هەر لە ژێر کارتێکردنی ماددەی کیتامین (فتح بطن)مان بۆ کرد و چاکبووەوە، ڕۆژی ١٩٨٨/٤/١١ لە ژێر کارتێکردنی ماددەی مورفین بەوەرید و سڕکردنی بەشەکی لاقی ئەبو فەلاحی کادیری تیپی ٥١ی گەرمیانمان بڕییەوە، لەگەڵ کۆمەڵێك کاری دیکە کە بۆ ئەو ڕۆژگارە داهێنانێك بوو بۆ خۆی، چونکە لە زۆربەی پێداویستییەکان کەموکورتیمان هەبوو.

لە کیمیابارانەکاندا بە نووسین و بڵاوکراوە ئامۆگاریمان بەسەر هەموو تیپەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و ناوچەکەدا بڵاوکردەوە، بیرمە کاتژمێر سێی پاش نیوەڕۆی ڕۆژی ١٩٨٨/٢/٢٧ ڕژێمی بەغداد بە فڕۆکە بارەگاکانی مەڵبەندی یەکی ناوچەی قەرەداغی بە

گازی خەردەل بۆردومان کرد و نزیکەی ١٠٪ خەڵکی ناوچەکە بە خۆمەوە بریندار بوون، هەروەها ٣٠ کەسی ئەندامانی مەجلیسی ئەعلا شەهیدبوون، ئەوەبوو لەگەڵ دکتۆر ناسیح بەماوەیەکی کەم هەموو برینداراەکانمان چارەسەرکرد، هەروەها کاتژمێر ٦:١٥ی ئێوارەی ڕۆژی ١٩٨٨/٣/٢١ لە کیمیابارانکردنی گوندی سێوسێنان بە گازی دەمار نزیکەی ١٠٠ کەس شەهیدبوون و زیاتر لە ٢٠٠ کەس برینداربوون، هەر هەموویان لای ئێمەو چارەسەرکران.

کاتژمێر ٦ی ئێوارەی ڕۆژی ١٩٨٨/٥/٤ فڕۆکەکانی ڕژێم گوندی گۆپتەپە و عەسکەر و کانی هەنجیر و زۆر شوێنی دیکەیان بە بۆمبی کیمیایی بۆردومان کرد ئەوکاتە من لە گوندی قزلووی دەشتی کۆیە بووم، بە زووترین کات برینداراەکان گەیشتنە لای ئێمە و چارەسەرکران.

دوای ئەوە هاتمەوە مەڵبەندی سێی ی.ن.ك و لە ڕۆژانی ١٧-١٩٨٨/٥/٢٢ لە نەخۆشخانەی گوندی خەتێ بەهاوکاری دکتۆر عەبدولقادر و هەڤاڵ عوسمان و هەڤاڵ هەتاو نزیکەی ١٠٠ برینداری گوندی وەرتێ و ناوچەی خۆشناوەتیمان چارەسەرکرد، کە تەنها یەکێکیان شەهید بوو ئەویش برینەکەی زۆر سەخت بوو[٧٣].

---

(٧٣)– ئیدریس لاوە: هەڵدانەوەی ڕۆژژمێری دکتۆرەکانی شاخ، ئەڵقەی چوارەم، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە٥٩٦. ساڵی سێیەم، لاپڕە ٥.

# پاشکۆکان

## پاشکۆی لیستەکان

## لیستی ناوی پزیشکان و کادیرانی تەندروستی شۆڕش

## لیستی ناوی شەهیدانی پزیشك و کادیرانی تەندروستی شۆڕش

## پاشکۆی بەڵگەنامەکان

## پاشکۆی وێنەکان

## لیستی سەرچاوەکان

## لیستی ناوی هاوکارانی بەرگی دووەم و سێیەم

## پاشکۆی لیستەکان

## لیستی ناوی پزیشك و کارمەندانی تەندروستیی شۆڕش ١٩٧٦-١٩٩١

## (کادیرانی پزیشکی شۆڕش)

| ژ | ناوی سیانی | نازناو |
|---|---|---|
| ١ | خدر مەعسوم | – |
| ٢ | یوسف محەمەد عەزیز | شڤان |
| ٣ | هۆشمەند عەبدولکەریم | شاڵاو |
| ٤ | سەروار یەحیا ڕەشید | سەردار |
| ٥ | کەمال عەبدولڕەحمان ساڵح | حەسان |
| ٦ | عەبدولڕەحمان عوسمان مەعروف | هەژار |
| ٧ | فائق محەمەد گوڵپی | – |
| ٨ | حەسەن عەلی سەعید | – |
| ٩ | ئەدیب محەمەد عەلی | هەڵۆ |
| ١٠ | عەبدولڕەحمان عوسمان یونس | زریان |
| ١١ | حسێن حەمەساڵح بورهان | – |
| ١٢ | ناسیح فاتیح عەلی | – |
| ١٣ | جەلال عوسمان ڕەشید | – |
| ١٤ | بەرزان ئەکرەم عیزەت | هێرش |
| ١٥ | ئاودێر عوسمان مستەفا | پێرس |
| ١٦ | محەمەد ئەمین غەفور | – |
| ١٧ | بەیان حسێن عەلی | – |
| ١٨ | خالید محەمەد ڕەشید مەحموود | – |
| ١٩ | ئاکۆ سەعید محەمەد | – |
| ٢٠ | شادمان فوئاد مەستی | – |

| | | |
|---|---|---|
| ٢١ | جەعفەر شەفیعی | – |
| ٢٢ | فەرەج یاوەر سادق | سەردار |
| ٢٣ | شێرکۆ حەسەن عەبدولڕەحمان | – |
| ٢٤ | وریا عەرەب عەلی | – |
| ٢٥ | مەنسوور یوسف مستەفا | – |
| ٢٦ | سەعدوون ڕۆستەم عەبدوڵڵا | ئارام |
| ٢٧ | موحسین لەتیف کەریم | – |
| ٢٨ | فەرهاد نوری محەمەد | دانا |
| ٢٩ | شەماڵ ئەحمەد محەمەد | – |
| ٣٠ | هیوا عەرەب عەلی | – |
| ٣١ | سەردار عەبدولقادر ئەحمەد | – |
| ٣٢ | نازەنین عوسمان حەسەن | – |
| ٣٣ | فارس حەمە عەبدوڵڵا | جوتیار |
| ٣٤ | محەمەد کەریم حەمەئەمین | – |
| ٣٥ | جەلال تۆفیق فەتاح | شوان |
| ٣٦ | عەبدوڵڵا ئەنوەر عەبدوڵڵا | – |
| ٣٧ | جەمال عەبدولقادر محەمەد | – |
| ٣٨ | سەرکەوت محەمەد زەکی | – |
| ٣٩ | ئیبراهیم محێدین عارف | – |
| ٤٠ | بەرزان عەلی محەمەد | – |
| ٤١ | عومەر کەریم محەمەد ئەحمەد | – |
| ٤٢ | ئیبراهیم فەتاح قادر | – |
| ٤٣ | مەحموود ڕەزا محەمەد عزیز | – |
| ٤٤ | لەتیف محەمەد مەلا محەمەد | ساماڵ |

| | | |
|---|---|---|
| ٤٥ | خالید سالّح فەرەج | – |
| ٤٦ | حەسەن عەبدولڕەحمان نادر | – |
| ٤٧ | ڕێبوار نەجمەدین عوسمان | – |
| ٤٨ | فائق محەمەد ئەمین عەبدوڵڵا | – |
| ٤٩ | تەها عەبدولڕەحمان حەمەعەزیز | – |
| ٥٠ | سیروان عەلی ڕەزا | – |
| ٥٢ | شێرکۆ حەمید حەمەسالّح | سیروان |
| ٥٣ | ئەحمەد ڕەحیم محەمەد ئەمین | – |
| ٥٤ | جەلال محەمەد عەلی سەعید | – |
| ٥٥ | عەلی حسێن محەمەد شاواز | – |
| ٥٦ | ئازاد ئەحمەد ئەمین حەسەن | مەریوان |
| ٥٨ | حەیدەر عەلی ڕۆستەم | – |
| ٥٩ | ئەبوبەکر محەمەد عەلی | کارووخ |
| ٦٠ | نوری خدر ئیبراهیم | نەبەز |
| ٦١ | جەمیل ئەحمەد حەسەن | خالید |
| ٦٢ | عەبدولواحید ئیدریس شەریف | ڕەوەند |
| ٦٣ | ئەحمەد نەجمەدین ئەحمەد | ئاری |
| ٦٤ | ئازاد محەمەد سەعید | – |
| ٦٥ | جەمال جەلال کاکل | – |
| ٦٦ | جەمال عوسمان عەبدوڵڵا | وەسمان |
| ٦٧ | کەنعان عوسمان مەولود | هەژار |
| ٦٨ | خالید سەعدوون مستەفا | سیروان |
| ٦٩ | هاوار حەسەن قادر | – |
| ٧٠ | حەمید عومەر ئیبراهیم | ئامانج |

| | | |
|---|---|---|
| ٧١ | ڕەقیب وەلی | ئاری |
| ٧٢ | کامەران ڕەسووڵ قادر | – |
| ٧٣ | عەبدولقادر حەمەد عەلی | – |
| ٧٤ | نەوزاد عەباس حەمەد | – |
| ٧٥ | سەمەد عەزیز ئەحمەد | – |
| ٧٦ | یوسف ئەحمەد | بەیاد |
| ٧٧ | جەرجیس عەبدولڕەحمان محەمەد | – |
| ٧٨ | ڕەفعەت هیدایەت | – |
| ٧٩ | جەلیل ئیبراهیم مەحموود | – |
| ٨٠ | عومەر ئیبراهیم | عومەر جەراح |
| ٨١ | عەلی حسێن محەمەد | – |
| ٨٢ | محەمەد حاجی | – |
| ٨٣ | محەمەد عەلی حەمەد ئەمین | – |
| ٨٤ | زاهیر حەسەن مستەفا | – |
| ٨٥ | عەلی محەمەد فەتحوڵڵا | سەید عەلی |
| ٨٦ | دلێر مستەفا شەریف | – |
| ٨٧ | نەوزاد ئەحمەد محەمەد | ڕێبوار |
| ٨٨ | سابیر مەولود مام شێخ | شوان |
| ٨٩ | ئەکرەم فەتاح | – |
| ٩٠ | نەریمان حەوێز حەمەد | – |
| ٩١ | عومەر کەریم حەمەد | – |
| ٩٢ | خەلیل عەزیز | فەرهاد |
| ٩٣ | سامی عەلی عەزیز | – |
| ٩٤ | نەوزاد نوری محەمەد | – |

| | | |
|---|---|---|
| ٩٥ | کەمال جەمال ڕەشید | – |
| ٩٦ | زرنگ ئیسماعیل بەگ | – |
| ٩٧ | زەینەدین نەجمەدین | ساجد |
| ٩٨ | هێمن ئەحمەد حەمەساڵح | – |
| ٩٩ | سالار مەحموود ئەسعەد | – |
| ١٠١ | بەیان مەلا محەمەد | – |
| ١٠٢ | جەبار عەبدول نەریمان | – |
| ١٠٣ | هاوڕێ ئەحمەد محەمەد | بارزان |
| ١٠٤ | شۆڕش عەزیز خدر | بەڵێن |
| ١٠٥ | عادل محەمەد موراد | – |
| ١٠٦ | کەمال جەوهەر کەریم | دکتۆر هیوا |
| ١٠٧ | ئەنوەر محەمەد نوری | – |
| ١٠٨ | بورهان ڕەئووف نەجم | بورهان چوارداخی |
| ١٠٩ | سلێمان محەمەد حاجی | – |
| ١١٠ | لوقمان ئەحمەد عەباس سالم | ئاکۆ |
| ١١١ | تاریق ساڵح قادر | دڵشاد |
| ١١٢ | بەرزان عوبێد عەبدولقادر نادر | هەژار |
| ١١٣ | دارا فەتاح ڕەشید حەمەئەمین | – |
| ١١٤ | خەلیل ئیراهیم ئەحمەد ساڵح | – |
| ١١٥ | نوری سەعید محەمەد | دکتۆر نوری قەرەناوی |
| ١١٦ | ڕەزا ساڵح ئەحمەد | – |
| ١١٧ | کەیفی مستەفا عەلی ئیبراهیم | – |
| ١١٨ | ئەحمەد عەبدولکەریم عارف عەلی | – |

| | | |
|---|---|---|
| ١١٩ | بەختیار خالید تاهیر محەمەد | – |
| ١٢٠ | ئازاد ئەحمەد حەمەساڵح | هێمن |
| ١٢١ | ئاسۆ ڕەزا ئەحمەد | – |
| ١٢٢ | فەرەیدون محەمەد ئەمین | – |
| ١٢٣ | بۆتان عوسمان ئەسعد واحێد | – |
| ١٢٤ | حەمید محەمەد ئەمین | – |
| ١٢٥ | کامەران ئەسعەد عەلی | – |
| ١٢٦ | شۆڕش سەلیم ئیبراهیم | – |
| ١٢٧ | عەبدولهادی ساڵح سەعید | – |
| ١٢٨ | کامیل مەحموود عەبدولڕحمان | – |
| ١٢٩ | ئیبراهیم محمود محەمەد | ڕێباز |
| ١٣٠ | جەزا محەمەد فەرەج | – |
| ١٣١ | جەبار فەتاح عەبدوڵڵا | نەبەز |
| ١٣٢ | حەمەسەعید محەمەد | ڕەزا |
| ١٣٣ | کاوان عەبدولقادر غەفور | – |
| ١٣٤ | محەمەد نەجات محەمەد | – |
| ١٣٥ | نەبەز مەحموود عبدولڕەحمان | – |
| ١٣٦ | سالار حەمەعەلی ڕەزا ئەمین | – |
| ١٣٧ | سەردار عەبدوڵڵا ساڵح | – |
| ١٣٨ | عەلی قادر محەمەد | – |
| ١٣٩ | عەلی قادر شەریف | – |
| ١٤٠ | عوسمان ڕەشید فەرج | – |
| ١٤١ | عەبدولڕەحمان حەسەن سەعید | چیا |
| ١٤٢ | ئەنوەر عەبدوڵڵا حەسەن | شێرکۆ |

| | | |
|---|---|---|
| ١٤٣ | ئیبراهیم خەلیل ئیسماعیل | – |
| ١٤٤ | وەلی ئەکرم محێدین | هۆشمەند |
| ١٤٥ | قەیتەران نوری سابیر | هەژار |
| ١٤٦ | عەلی ڕەسووڵ خدر | – |
| ١٤٧ | تاهیر عوسمان محەمەد | – |
| ١٤٨ | عوسمان محەمەد قادر | – |
| ١٤٩ | جەلال سابیر ئەمین | ئاسۆ |
| ١٥٠ | جەلال محەمەد عەلی | – |
| ١٥١ | عەلی حسێن محەمەد | – |
| ١٥٢ | ئاتێلا سەعدوڵلا خەلیل | – |
| ١٥٣ | حەمزە عەباس عوسمان | – |
| ١٥٤ | کاوە عەبدوڵلا محەمەد | – |
| ١٥٥ | فازڵ جەمال حەمەد | – |
| ١٥٦ | عەبدولمەجید عەولا ئەحمەد | دکتۆر مەجید |
| ١٥٧ | عەدنان حەمەشەریف بارام | – |
| ١٥٨ | حەمید حەمەد ئەمین بارام | – |
| ١٥٩ | سەیفەدین حیسامەدین بایز | هێرش |
| ١٦٠ | زرار شەریف کەریم ئەحمەد | زرار تیژەیی |
| ١٦١ | نەبەز خالید ئەمین | – |
| ١٦٢ | محەمەد سەعید سابیر عەلی | محەمەد فەڕەنسی |
| ١٦٣ | جاسم محەمەد عەلی خدر | – |
| ١٦٤ | خەسرەو ڕەسووڵ ئیبراهیم خزر | محەمەد |
| ١٦٥ | گەشاو ئیبراهیم محەمەد عەلی | – |
| ١٦٦ | دابان محەمەد | – |

| | | |
|---|---|---|
| ١٦٧ | سابات محەمەد | – |
| ١٦٨ | ئاراس خدر عەبدولڕەحمان عەزیز | دکتۆر ئاراس بابان |
| ١٦٩ | ئازاد عوسمان حەسەن قادر (دکتۆر ئازاد) | – |
| ١٧٠ | ئازاد نەجمەدین نوری بابا عەلی | دکتۆر ئارام |
| ١٧١ | ئەنوەر عوسمان محەمەد (دکتۆر ئەنوەر) | – |
| ١٧٢ | ئیبراهیم خورشید تالیب سەعید | دکتۆر برایم |
| ١٧٣ | ئیبراهیم محەمەد حەسەن | دکتۆر هەڤاڵ |
| ١٧٤ | جەلال نادر قادر ڕەسووڵ | (دکتۆر ئارام) |
| ١٧٥ | حەسەن عەبدولکەریم ئەحمەد سەمین | دکتۆر حەسەن دووزی |
| ١٧٦ | حەسەن قادر خورشید (دکتۆر حەسەن) | – |
| ١٧٧ | حەمەئاوات سدیق مەعروف (دکتۆر حەمەئاوات) | – |
| ١٧٨ | حەمەئەمین محەمەد مارف | دکتۆر ئەمین |
| ١٧٩ | حەیدەر عەبدوڵڵا محەمەد عومەر | دکتۆر حەیدەر منارەیی |
| ١٨٠ | خدر محەمەدئەمین عوسمان (دکتۆر خدر) | – |
| ١٨١ | ڕەشید مەغدید قادر مەولود (دکتۆر ڕەشید) | – |
| ١٨٢ | ڕەفیق حەمەجان عەزیز (دکتۆر ڕەفیق) | – |
| ١٨٣ | ڕزگار بەکر مەعروف (دکتۆر ڕزگار) | – |
| ١٨٤ | ڕێزان ئەحمەد هەردی (دکتۆر ڕێزان) | – |
| ١٨٥ | سەلام حەمەکەریم حسێن (دکتۆر سەلام) | – |
| ١٨٦ | شوان کەریم حەمەڕەزا ( دکتۆر شوان) | – |
| ١٨٧ | شێرکۆ ئەمین محەمەد بارام (دکتۆر شێرکۆ) | – |
| ١٨٨ | شیروان مەحموود حەمەد مەحموود | – |
| ١٨٩ | عاسی حسێن حەمەزارا | – |

| | | |
|---|---|---|
| ١٩٠ | عەبدولڕەحمان عیسا محەمەد | – |
| ١٩١ | عەبدولقادر حەمەشەریف حەمەکەریم | دکتۆر قادر |
| ١٩٢ | محمدهاوتا عوسمان حەسەن | دکتۆر هاوتا |
| ١٩٣ | عەبدولهادی ئیسماعیل مەحموود محەمەد | دکتۆر هێمن |
| ١٩٤ | عەلی ئەحمەد حەمەخان | دکتۆر عەلی نەمەڵی |
| ١٩٥ | عوسمان سادق خدر | دکتۆر چیا |
| ١٩٦ | عوسمان عەلی محێدین نادر | دکتۆر شوان |
| ١٩٧ | عومەر ئیسماعیل عەبدوڵڵا خدر | – |
| ١٩٨ | غەفوور تاهیر ئەحمەد غەفور | دکتۆر شاخەوان |
| ١٩٩ | فەوزی فائیق تۆفیق بابان | چیا |
| ٢٠٠ | کاوە عەبدوڵڵا محەمەد سلێمان | دکتۆر کاوەی عەبدوڵڵا شۆڕش |
| ٢٠١ | *کەریم ڕەحمان سەلمان عەزیز (برینپێچ)* | – |
| ٢٠٢ | کەمال شاکر محەمەد قادر | – |
| ٢٠٣ | مەحموود ئەبوبەکر محەمەدئەمین حەمە | دکتۆر موحەموود فەقێیانی |
| ٢٠٤ | مەزن عەبدولقادر سۆفی عەبدوڵڵا | – |
| ٢٠٥ | محەمەد ڕەسووڵ عەلی عومەر (برینپێچ) | – |
| ٢٠٦ | محەمەد مستەفا محەمەد ئیسماعیل | دکتۆر محەمەد سەقەر |
| ٢٠٧ | محەمەد ئەبوبەکر خزر ڕەسووڵ | محەمەدی وەستا بەکری ڕەواندزی |

## لیستی ناوی شەهیدانی پزیشك و کارمەندانی تەندروستیی شۆڕش

(ش = شوێن) (ك.ت = کارمەندی تەندروستی) (ن = نەخۆشخانە)

| ژ | ناوی شەهید | پیشە | نازناو | پێشمەرگایەتی | شەهیدبوون | ش. کارکردن |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | بەختیار خالید تاهیر محەمەد | پزیشك | نیەتی | ١٩٧٨ قەرەداغ | سلێمانی ١٩٧٩ | ن.قوڵەهەرمێ |
| ٢ | ئازاد ئەحمەد حەمەساڵح | پزیشك | هێمن | ١٩٨٥ ن. گشتی | ناوزەنگ١٩٨٩ | ن. بەرگەڵوو |
| ٣ | ئاسۆ ڕەزا ئەحمەد | ك.ت | نیەتی | تیپی ٢٣- ١٩٨٥ | قۆجەبلاخ ١٩٨٨ | تیپی ٢٣ |
| ٤ | فەرەیدون محەمەد ئەمین | ك.ت | نیەتی | ناوزەنگ ١٩٨٥ | ناوزەنگ ١٩٨٩ | ن. بەرگەڵوو |
| ٥ | بۆتان عوسمان ئەسعد واحێد | ك.ت | نیەتی | ن. گشتی ١٩٨٣ | قەندیل ١٩٨٩ | ن. بەرگەڵوو |
| ٦ | حەمید محەمەد ئەمین | ك.ت | نیەتی | تیپی ٢١- ١٩٨٢ | کەلکەسماق١٩٨٦ | تیپی ٢١ |
| ٧ | کامەران ئەسعەد عەلی | ك.ت | نیەتی | تیپی ٢١- ١٩٨٣ | گردخەبەر١٩٨٧ | تیپی ٢١ |
| ٨ | شۆڕش سەلیم ئیبراهیم | ك.ت | نیەتی | تیپی ٤٤- ١٩٨٥ | ئازمەك ١٩٩١ | بەتالیۆنی ٧ |
| ٩ | عەبدولهادی ساڵح سەعید | ك.ت | نیەتی | تیپی ٢١- ١٩٨٤ | شاناخسێ ١٩٨٨ | تیپی ٢١ |
| ١٠ | کامیل مەحموود عەبدولڕحمان | ك.ت | نیەتی | ن.سووورداش١٩٨٣ | دوکان ١٩٨٤ | ن. سووورداش |
| ١١ | ئیبراهیم محمود محەمەد | ك.ت | ڕێباز | هەرێمی٢-١٩٧٩ | موسڵ ١٩٨٠ | هەرێمی ٢ |
| ١٢ | جەزا محەمەد فەرەج | ك.ت | نییەتی | هەرێمی٢-١٩٧٩ | گورگەیەر ١٩٨٣ | شارباژێر |
| ١٣ | جەبار فەتاح عەبدوڵلا | ك.ت | نەبەز | شارباژێر ١٩٧٧ | سلێمانی ١٩٩١ | — |
| ١٤ | حەمە سەعید محەمەد | ك.ت | ڕەزا | شارەزوور ١٩٧٦ | میریسوور ١٩٧٨ | — |
| ١٥ | کاوان عەبدولقادر غەفور | ك.ت | نییەتی | تیپی ٥٧-١٩٨٦ | قەرەداغ ١٩٨٨ | ن.مەڵبەندی١ |
| ١٦ | محەمەد نەجات محەمەد | ك.ت | نییەنی | هەرێمی٥-١٩٧٦ | سێوسێنان ١٩٧٩ | هەرێمی ٥ |
| ١٧ | نەبەز مەحموود عبدولڕەحمان | ك.ت | نییەتی | شێنێ ١٩٧٩ | نودێ ١٩٨١ | — |
| ١٨ | سالار حەمەعەلی ڕەزا ئەمین | ك.ت | نییەتی | سەگرمە ١٩٨١ | هیران ١٩٨٦ | — |
| ١٩ | سەردار عەبدوڵلا ساڵح | ك.ت | نییەتی | گەرمیان ١٩٨١ | گەرمیان ١٩٨٢ | — |
| ٢٠ | عەلی قادر محەمەد | ك.ت | نییەتی | تیپی٤٧-١٩٨٥ | ئەزمەڕ ١٩١١ | — |
| ٢١ | عەلی قادر شەریف | ك.ت | نییەتی | هەرێمی٥-١٩٧٨ | خاوێ ١٩٨٠ | — |
| ٢٣ | عوسمان ڕەشید فەرج | ك.ت | نییەتی | ١٩٩١ | چیمەن ١٩٩٠ | — |
| ٢٤ | عەبدولڕەحمان حەسەن سەعید | ك.ت | چیا | شارەزوور ١٩٧٨ | زەڕایەن ١٩٨١ | — |
| ٢٥ | ئەنوەر عەبدوڵلا حەسەن | ك.ت | شێرکۆ | — | بەغداد ١٩٨٥ | — |
| ٢٦ | ئیبراهیم خەلیل ئیسماعیل | ك.ت | نییەتی | شارەزوور ١٩٧٧ | هەڵەبجە ١٩٧٧ | — |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ٢٧ | وەلی ئەکرم محێدین | ك.ت | هۆشمەند | گەرمیان ١٩٨١ | چرچەقەڵا ١٩٨٣ | — |
| ٢٨ | قەیتەران نوری سابیر | ك.ت | هەژار | تیپی٩١ – ١٩٨٥ | ١٩٨٨ | — |
| ٢٩ | عەلی ڕەسووڵ خدر | ك.ت | نییەتی | ت.هەورێ ١٩٨٣ | هەولێر ١٩٨٧ | — |
| ٣٠ | تاهیر عوسمان محەمەد | ك.ت | نییەتی | تیپی ٢١- ١٩٨٥ | کەرکووك ١٩٩١ | — |
| ٣١ | عوسمان محەمەد قادر | ك.ت | نییەتی | تیپی ٥٩-١٩٨٥ | گەراوی ١٩٨٨ | — |
| ٣٢ | جەلال سابیر ئەمین | ك.ت | ئاسۆ | هەرێمی٥- ١٩٧٦ | هەکاری ١٩٧٨ | — |
| ٣٣ | شێرکۆ حەمید حەمەساڵح | ك.ت | سیروان | هەرێمی٢ -١٩٧٩ | موسڵ ١٩٨٠ | — |
| ٣٤ | ئەحمەد ڕەحیم محەمەد | ك.ت | نییەتی | هەرێمی ٥- ١٩٨١ | بانیخێڵا ن ١٩٨٦ | — |
| ٣٥ | جەلال محەمەد عەلی | ك.ت | نییەتی | تیپی. ٥١- ١٩٨٤ | میل قاسم ١٩٨٦ | — |
| ٣٦ | عەلی حسێن محەمەد | ك.ت | نییەتی | ت. ٥١ – ١٩٨١ | تازەدێ ١٩٨٨ | — |
| ٣٧ | ئازاد ئەحمەد ئەمین | ك.ت | مەریوان | ١٩٨٣ | ١٩٨٤ | — |
| ٣٨ | ئاتێلا سەعدوڵلا خەلیل | ك.ت | نییەتی | تیپی ٥٣- ١٩٦٨ | گەرمیان | — |
| ٣٩ | حەیدەر عەلی ڕۆستەم | ك.ت | نییەتی | تیپی ٥٧- ١٩٨٣ | گەبە ١٩٩٢ | — |
| ٤٠ | هەمزە عەباس عوسمان | ك.ت | نییەتی | تیپی ٨٧ | ١٩٨٥ | — |
| ٤١ | کاوە عەبدوڵلا محەمەد | ك.ت | نییەتی | تیپی ٩٣ | ١٩٨٦ | — |
| ٤٢ | فازڵ جەمال حەمەد | ك.ت | نییەتی | تیپی ٩١ | ١٩٨٨ | — |
| ٤٣ | حەیدەر عەبدوڵلا محەمەد عومەر | ك.ت | دکتۆر حەیدەر منارەیی | تیپی ٨٧ | ١٩٨٨ | — |
| ٤٤ | کەمال جەوهەر کەریم | ك.ت | هیوا | — | ١٩٩٥ | — |
| ٤٥ | مەجید عەولا ئەحمەد | پزیشك | نییەتی | — | ٢٠٠٠ | — |
| ٤٦ | زرار شەریف کەریم ئەحمەد | برینپێچ | زرار تیژەیی | تیپی ٢١ – ١٩٨٤ | ١٩٩٣ | سلێمانی |
| ٤٧ | عەدنان حەمەشەریف بارام | ك.ت | نییەتی | ١٩٨٣ | - | — |
| ٤٨ | حەمید حەمەد ئەمین بارام | ك.ت | نییەتی | | | — |
| ٤٩ | سەیفەدین حیسامەدین بایز | ك.ت | دکتۆر هێرش | ١٩٧٧ | ١٩٨٨ | — |
| ٥٠ | جاسم محەمەد عەلی خدر | ك.ت | نییەتی | — | — | — |

# پاشکۆی بەڵگەنامەکان


ژمارە / م ـ ت ـ ت ـ ر
ڕۆژ / ١٥ / ١٢ / ١٩٨٦

بڕیـــار

بڕیارماندا ئەم دوو ب م لە دەورەی پەرستاری برینپێچی بەشداری بکەن

مهیر حمە غریب ئەمین
محمد ئەبوبەکر خزر

وێنەیەک بۆ //

ناوبراوان

برپیاری ناردنی محەمەد ئەبوبەکر خزر ڕەسووڵ (محەمەدی وەستا بەکری ڕەواندزی) بۆ خولی برینپێچی




**نامەیەکی شەهید دکتۆر عەلی جافەرانی کە لە زیندانەوە بۆ هاوڕێکانی ناردووە لەم بڵاوکراوەیە بڵاوکراوەتەوە**

# نامەی شەهید دکتۆر علی جافەرانی لەزیندانەوە بۆ هاوڕێکانی

## نامەی شەهیدێک

دکتور عەلی (عەلی قادر شریف)
لەیەکێ لەنەخوشخانەکانی سلیمانی دا کاری دەکرد . قورسی
باری ژیان ، ناچاری کرد ، سەرباری (٦) سەعات کاری رۆژانەی
٣ ـ ٤ سەعاتی تریش لە دەرەوەی نەخوشخانە کاربکات سەرباری
ئەمەش ، ئیش وکاری نهێنی سەرشانی بەرێت و بیکی جی بەجی
دەکرد . دوای ئەوەی لەلایەن دەزگای ئەمنەوە رابیچ درا ، ئازارو
ئەشکەنجەیەکی زوریان دا ، بەلام خوراگری و نهێنی پاراستنی
ئەم لە لیدان و ئازاردانی فاشیەکان بالاتر بوو، هەر چەند
دوای چەند روژێك بەردرا ، بەلام دوای ئەمە مانەوەی لە عێارا
تال بوو ، بویە شاری بەجی هێشت و لە ( ) ئەوی
گەیاندە ریزی پیشمەرگەکانی حزبی [illegible] ، ئەوهندەی ژیا ،
دلسوزو ئیش کەر ، وەك کادیریکی لیهاتوو
کاری کرد ... روژی ١٩٨٠/٨/١٠ ، لە ئەنجامی هیرشێکی گەورەی
فاشیەکان بو سەر ناوچەی بازیان ... دوای شەرێکی پالەوانانەی
حەوت سەعاتی ، لەنزیك گوندی ( خاوێ ) گیانی پاکی بەگەل و
نیشتمانەکەی بەخشی ...
پیش شەهید بوونی بە چوار هەفتە ، نامەیەکی بو ( )
نووسیبوو ، لەو نامەیەدا بەدریزی باسی ئەو ئازارو ئەشکەنجەیە
دەکات کە لەزیندانەکانی ئەمن دا ، تووشی هاتبوو ، ئیمە

بروانە لاپەرە (٣٥)

(٢٨)

دەقی نامەکە

پاشی حاڵەی نامەی شەهیدێك

حەزمان دەکرد ، تەواوی نامەکە بڵاوبکەینەوە ، بەڵام کەمیی دەرفەت و چاپ ناچارمان دەکات ، تەنها چەند برگەیەکی لێ بڵاوبکەینەوە ... سەرەتا باسی گرتنی و چۆنیەتی گوزەران و قورسی ژیانی خۆی و هاوڕێکانی دەست پێدەکات .. تا ئەو کاتـەی بەرەو بەندیخانەی ڕایی دەدەن .. کەدەیبەنە ژووری زیندا- نەوە ، ئەوەی لەوێدا دەیان بینی بریتین لە ( چەند کرێکارێکی کارگە ، چەند کرێکارێکی بازار ، چەند قوتابی و فەرمانبەرێکی بچوك و ... هتد ) سەرەتای ئازاردانی بەوە دەست پێ دەکات کە ( بەدەستیکم بەدەرگا ئاسنەکەدا هەڵیان واسیم ، سەریان ئەکاند هەموو لەشم بەخوێنی گەرم سوور بوو ) دوای ئەوەی ئازارێکـــی زۆری دەدەن ، .. هەر ( لەبەر ئەوەی زوبانی کوردیەو کورد- ستانی خۆش دەوێ و مل کەچی نەبووە بۆ فاشیەکان ) ئازاری بـــەر ئەشکەنجەیە دەکات چونکە ( بەلامەوە ، - زیندان - وەك قوتابخا- نەیەك وا بوو ، دەرسی سەربەستیم تیدا وەرگرت ) ، ســـەرەرای ئەوەش دلخۆشی خۆی باس دەکات سەبارەت بەوەی کە ( هیچ نهێنیەکم نەدرکاندو ناوی هیچ هاوڕێیەکی خۆم نەووتووە ) .. بەم جۆرە .. باسی درندەیی ئازاردانی فاشیەکان و .. خوراگری خۆی دەکات ... تا لەکۆتایی دا .. ڕوویان تێدەکات و دەڵێ ( جەلادەکان ، ئەو پەتەی چاوەڕێی ملتانە ، بۆ دوا ڕۆژی ڕەشتان بەدەستی گـەل ، زوو کەن بیخەنە گەردنم ، هەروەکو خستانە گەردنی هەزارەها بێ تاوانی وەکو من ، کەتەنها تاوانیان ئەوە بە کوردن و تینووی سەربەستین ، ...

بڕوانە لاپەڕە (٤٣)

(٣٥)

## پاشماوەی نامەکە

بەلاغێکی ڕۆژنامەگەری

یەکێتی‌ی نیشتمانی کوردستان
لیژنەی پەیوەندیەکانی دەرەوە
بەلاغێکی ڕۆژنامەگەری دەربارەی
ڕفاندن و بریندار بوونی کومەڵی
خەبیری سۆفیەتی دەرکرد . لە و
بەلاغەدا هاتووە کەلەهەفتەی یە -
کەمی مانگی نابدا ، لەئەنجامی
هیرشێکی ئیرانەی پێشمەرگـــە
دلیرەکانی کوردستاندا بو ســەر
کاروانێکی سۆپایی لەنزیک شــاری
کەرکوک ، چەند سەربازێک لەگەل
یانزە خەبیری سوفیەتی گــیران
دو روز دوای گیرانی خەبیرەکان
لە ئەنجامی هیرشێکی درندانــەی
دوژمن بەپالپشتی فروکەی جەنگی و
بار هەلگر .. بو ســەر شوینــی
پێشمەرگەکان . سێ لە خەبیرەکان
بریندار بوون .. دوای شەرەکە بە
روژێک خەبیرەکان بەرەلا کــرانو
بەسەلامەتی گەیشتنەوە شاری کەر-
کوک ، بەلاغەکە ڕای گەیاندوە کە
ئیمە بەهیچ جۆرێ لەو هیرشەدا
بو ســەر کاروانەکە مەبەستمــان
گرتنی خەبیرەکان نەبووە و رزیمی
فاشیست خوی بەرپرسیارە بەرامبەر
بەبریندار بوونیان هەروەهــا
ئومیدەواری دەردەبڕی بەرامبــەر
بەوەی کەخەبیرەکان لــەڕێ‌ی
خۆیانەوە ، ئەوەی بەچاوی خو-
یان بینیویانە لە کوردستان و
لە عیراقیش دا لە کاول کردنی
کوردستان و لە شەری لەنــاو
بردنی گەلی کوردو هیزە نیشتما-
نیە عیراقیەکان .. وەک خــوی
بو گەلانی سوفیەتی بگێڕنــەوە .

**پاش ماوەی نامەی شەهیدێــک**

ئەو پەتەی کە ئیستا دەستــی
خوتانی پی سور دەکەن بە خوینی
گەلەنیوەی تاوانبار دوا کەس
ئەبن کەبەئەرمانی گەل لــە
سیدارە ئەدرین و ئیتر پەتــی
تاوانکار جیگا و شوینی نامینی
لــە وولاتــە خوشەویــتە
کەماندا ....)

XXX

(٤٢)

## کۆتایی نامەکە




**وتاری دکتۆر ناسیح فاتیح عوسمان لەسەر کیمیابارانکردنی کوردستان، لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ**

# پاشکۆی وێنەکان



دکتۆر عاسی



لای چەپ: دکتۆر عاسی



**دکتۆر عاسی حسێن حەمەزارا لەگەڵ هەڤاڵ مام جەلال**




**عەبدولڕەحمان حەسەن سەعید (دکتۆر چیا)**



عەبدولڕەحمان حەسەن سەعید (دکتۆر چیا)



ڕاوەستاوەکان لە چەپەوە: عەبدولڕەحمان حەسەن سەعید (دکتۆر چیا)



ناوەڕاست: عەبدولڕەحمان حەسەن سەعید (دکتۆر چیا)



لای چەپ: عەبدولڕەحمان حەسەن سەعید (دکتۆر چیا)



پێشمەرگەی سەر گوێدرێژەکە: عەبدولڕەحمان حەسەن سەعید (دکتۆر چیا)



ڕاوەستاوەکان لە چەپەوە: عەبدولڕەحمان حەسەن سەعید (دکتۆر چیا)



لە ڕتستەوە یەکەم: عەبدولڕەحمان حەسەن سەعید (دکتۆر چیا)



دکتۆر عەبدولڕەحمان عیسا



لای چەپەوە دکتۆر عەبدولقادر حاجی حەمەشەریف (دکتۆر قادر)، ١٩٧٩
کوردستانی ڕۆژهەڵات لەگەڵ پێشمەرگەیەك



عەبدوڵڵا ئەنوەر عەبدوڵلا عەلی (دکتۆر عەبدوڵڵا)



لە ڕاستەوە: عەبدوڵڵا ئەنوەر عەبدوڵلا عەلی (دکتۆر عەبدوڵڵا)




عەبدولهادی ئیسماعیل مەحموود (دکتۆر هێمن کەرتی چواری جەباری)




عەبدولهادی ئیسماعیل مەحموود (دکتۆر هێمن کەرتی چواری جەباری)




عەلی حسێن محەمەد شاواز (دکتۆر عەلی)




عەلی قادر شەریف هۆمەر (دکتۆر عەلی جافەرانی)



**دکتۆر عەلی نەمەڵی ساڵی ١٩٨٥**



ڕاوەستاوەکان لە ڕاستەوە دووەم: دکتۆر عەلی نەمەڵی ساڵی ١٩٨٢



دانیشتوان لە چەپەوە دکتۆر عوسمان سادق خدر (دکتۆر چیا)



ڕاوەستاوەکان لە ڕاستەوە دووەم: دکتۆر عوسمان سادق خدر (دکتۆر چیا)



ڕیزی یەکەم ناوەڕاست: دکتۆر عوسمان سادق خدر (دکتۆر چیا)



دکتۆر عوسمان سادق خدر (دکتۆر چیا)



دکتۆر عومەر ئیسماعیل عەبدوڵلا (دکتۆر عومەر)



دکتۆر عومەر ئیسماعیل عەبدوڵلا (دکتۆر عومەر)



غەفوور تاهیر ئەحمەد غفور (دکتۆرشاخەوان)



غەفوور تاهیر ئەحمەد غفور (دکتۆر شاخەوان)



غەفوور تاهیر ئەحمەد غفور (دکتۆر شاخەوان)



غەفوور تاهیر ئەحمەد غفور (دکتۆر شاخەوان)



ڕاوەستاوەکان لە ڕاستەوە دووەم: غەفوور تاهیر ئەحمەد غفور (دکتۆر شاخەوان)



لای چەپەوە دووەم: (دکتۆر جوتیار)، هاوینی ١٩٨٨ شاری سەقز



لای ڕاستەوە دووەم: (دکتۆر جوتیار)، هاوینی ١٩٨٨ شاری سنە



ناوەڕاست (دکتۆر جوتیار)، دەربەندی دلّی ١٠٨٩



دکتۆر جوتیار، بەهاری ١٩٩١ ناڵپارێز



لای ڕاستەوە یەکەم: (دکتۆر جوتیار)، بەردەم نەخۆشخانەی بەلەکجاڕ زستانی ١٩٨٨



ڕاوەستاوەکان لای چەپەوە یەکەم: (دکتۆر جوتیار)، قۆپی قەرەداغ ١٩٨٨/٣/٢٩



فازڵ جەمال حەمەدەمین (دکتۆر فازڵ)



لە چەپەوە یەکەم: (دکتۆر فایەق زرگوێزی)



وێنەی دکتۆر دفایەق زرگوێزی



فەرج یاوەر سادق سەلمان (دکتۆر سەردار)، لە کاتی بازاڕیکردن بۆ نەخۆشخانەی بەرگەڵوو



**فەرج یاوەر سادق سەلمان (دکتۆر سەردار)، کاتی دامەزراندنی تاقیگەی نەخۆشخانەی بەرگەڵوو**



دانیشتووان، ڕیزیی یەکەم: لای ڕاستەوە: دکتۆر شوان، دکتۆر ئاکۆ. دکتۆر نەوزاد، نەرمین خان خێزانی دکتۆر نەوزاد، ڕیزی دووەم لە ڕاستەوە: چێشتلێنەرێکی عەرەب، دکتۆر حسێن بابا شێخ عەلی، فەرەج یاوەر (دکتۆر سەردار)، شەهید دکتۆر بۆتان، دکتۆر بەیان.



فەرج یاوەر سادق سەلمان (دکتۆر سەردار)، لە کاتی چارەسەرکردنی منداڵێکی بریندناری بەرکەوتەی چەکی کیمیایی



فەرج یاوەر سادق سەلمان (دکتۆر سەردار)، لە کاتی وەرگرتنی خوێن لە پێشمەرگەیەک



**دانیشتووەکان لە چەپەوە دووەم: فەرج یاوەر سادق سەلمان (دکتۆر سەردار)**



**فەرەیدوون محەمەد ئەمین حسین (دکتۆر فەرەیدوون)**



فەرەیدوون محەمەد ئەمین حسین (دکتۆر فەرەیدوون)



لە ڕاستەوە یەکەم: فەرەیدوون محەمەد ئەمین حسین (دکتۆر فەرەیدوون)



لە چەپەوە دووەم: فەرەیدوون محەمەد ئەمین حسین (دکتۆر فەرەیدوون)



**لە ڕاستەوە: دکتۆر چیا، هەڤاڵ مام جەلال، دکتۆر فەوزی فائیق تۆفیق بابان (دکتۆر چیا)، کەریم بابان.**



**دکتۆر فەوزی فائق تۆفیق بابان (دکتۆر چیا)/ ١٩٨٥/ گوندی چنگیان، شارباژێڕ**



**لە ڕاستەوە یەکەم دکتۆر فەوزی فائیق تۆفیق بابان (دکتۆر چیا)**

**لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەگ لە پیری شەوکیل**



**لە چەپەوە دکتۆر فەوزی، دایکی دکتۆر فەوزی، فەرید تۆفیق برای دکتۆر فەوزی**



**لە چەپەوە یەکەم: دکتۆر فەوزی، گوندی چنگیان/ شارباژێر**



**ناوەڕاست: دکتۆر فەوزی، گوندی چنگیان/ شارباژێر**



لە ڕاستەوە یەکەم: دکتۆر فەوزی/ پیری شەوکیل



لای ڕاست: دکتۆر فەوزی، گوندی چنگیان، شارباژێڕ



لە چەپەوە یەکەم: دکتۆر فەوزی



لای چەپ: دکتۆر فەوزی، گوندی چنگیان، شارباژێڕ



دکتۆر قەیتەران (دکتۆر هەژار)



کامیل مەحموود ئەوڕەحمان سەلیم (دکتۆر کامیل)




دانیشتووەکان لە ڕاستەوە یەکەم: کامیل مەحموود ئەوڕەحمان سەلیم (دکتۆر کامیل)



لە ڕاستەوە کامیل مەحموود ئەوڕەحمان سەلیم (دکتۆر کامیل)



دانیشتووەکان لە چەپەوە سێیەم: کامیل مەحموود ئەوڕەحمان سەلیم (دکتۆر کامیل)



کامیل مەحموود ئەوڕەحمان سەلیم (دکتۆر کامیل) کانی شەکراو نزیك گوندی قڕگە.




کامیل مەحموود ئەوڕەحمان سەلیم (دکتۆر کامیل)



کامیل مەحموود ئەوڕەحمان سەلیم (دکتۆر کامیل)



ڕاوەستاوەکان لە چەپەوە دووەم: کامیل مەحموود ئەوڕەحمان سەلیم (دکتۆر کامیل)



ڕاوەستاوەکان لە چەپەوە دووەم: کامیل مەحموود ئەوڕەحمان سەلیم (دکتۆر کامیل)



**کامیل مەحموود ئەوڕەحمان سەلیم (دکتۆر کامیل)**



کامیل مەحموود ئەوڕەحمان سەلیم (دکتۆر کامیل)



**کامیل مەحموود ئەوڕەحمان سەلیم (دکتۆر کامیل)**



کاوان عەبدولقادر غەفوور ئەحمەد (دکتۆر کاوان)



کاوان عەبدولقادر غەفوور ئەحمەد (دکتۆر کاوان)



کاوان عەبدولقادر غەفوور ئەحمەد (دکتۆر کاوان)



کاوان عەبدولقادر غەفوور ئەحمەد (دکتۆر کاوان)



کاوە عەبدوڵڵا محەمەد (دکتۆر کاوە)، ئەرشیفی هەڤاڵ ڕەهبەری سەید برایم




**شەهید دکتۆر کاوە لەبەرجەم نەخۆشخانەکەی (نەخۆشخانەی شەهید دکتۆر خالید)**

**ئەرشیفی هەڤاڵ ڕەهبەری سەید برایم**




**دوو پێشمەرگە لەبەردەم نەخۆشخانەی شەهید دکتۆر خالید، گوندی کانی کوردە، ١٩٨٤،**

**شەهید دکتۆر کاوە لەو نەخۆشخانەیە دکتۆر بووە، تابلۆکە بە نهێنی لەلایەن**

**(سەرتیپ تایەر جەڕاح، )لە شاری کۆیە نووسراوە، ئەرشیفی هەڤاڵ ڕەهبەری سەید برایم.**



لە ڕاستەوە شەهید ئەمیر، ڕەهبەر سەید برایم، شەهید دکتۆر کاوە، پشتیوان هەمزە، ئەرشیفی هەڤاڵ ڕەهبەری سەید برایم



لە ڕاستەوە پشتیوان، شەهید دکتۆر کاوە، ڕەهبەر سەید برایم ئەرشیفی هەڤاڵ ڕەهبەری سەید برایم



لە ڕاستەوە ڕەهبەر سەید برایم، شەهید دکتۆر کاوە، ئەرشیفی هەڤاڵ ڕەهبەری سەید برایم




نەخۆشخانەی شەهید دکتۆر کاوە لە کۆیە، لە ئێستادا.




**کاوە عەبدوڵڵا محەمەد سلێمان (دکتۆر کاوەی عەبدوڵڵا شۆڕش)،**

**ئەرشیفی هەڤاڵ حەمەهەڵەبجەیی.**



کەریم ڕەحمان سەلمان عەزیز (برینپێچ)، بارەگای تیپی ٥١ی گەرمیان



لای ڕاستەوە یەکەم: کەریم ڕەحمان سەلمان عەزیز (برینپێچ، ڕاپەڕینی ١٩٩١ ڕێگای باوەنوور



**لای چەپەوە یەکەم: کەریم ڕەحمان (برینپێچ)، بارەگای تیپی ٥١ی گەرمیان، دەربەند دەرەوار**



پێشەوە: کەریم ڕەحمان سەلمان عەزیز (برینپێچ، ڕاپەڕینی ١٩٩١ باوەنوور



لای ڕاستەوە: کەریم ڕەحمان (برینپێچ)، بارەگای تیپی ٥١ی گەرمیان دەرەوار ناوچەی سەنگاو



لای ڕاستەوە: کەریم ڕەحمان سەلمان عەزیز (برینپێچ)



لای ڕاستەوە: یەکەم: کەریم ڕەحمان سەلمان عەزیز (برینپێچ)، ئێران، دزلی



کەریم ڕەحمان سەلمان عەزیز (برینپێچ)




**کەمال جەوهەر کەریم (شەهید دکتۆر هیوا)**




**کەمال جەوهەر کەریم (شەهید دکتۆر هیوا)**




**کەمال جەوهەر کەریم (شەهید دکتۆر هیوا)، لەگەڵ عەزیمە خانی هاوسەری**



لای چەپەوە دووەم: کەمال جەوهەر کەریم (شەهید دکتۆر هیوا)



لای ڕاستەوە کەمال جەوهەر کەریم (شەهید دکتۆر هیوا)



**کەمال جەوهەر کەریم (شەهید دکتۆر هیوا)**

لای ڕاست بە پێوە ،،شەهید عەبدوڵای مەلا قادر ، ئاسۆ ئەڵمانی، شەهید دکتۆر هیوا،،دەرباز ،شەهید تەحسین کاوانی ،شەهید کەمال مەسیفی ،کەمال وەرشە ، شێروان چاوشین،ئەوی ڕاست دانیشتووە کاک شیرزاد و عمید ئامنج
زۆر سوپاس بۆ کاك تاهیر بایز بۆ سەرجەم ناوەکان

.

#لە_وێنە_و_یادگاریەکانی_شەهید_د_هیوا





ناوەڕاست دکتۆر کەمال شکار ١٩٨٠



دکتۆر کەمال شاکر، ١٩٨٨ دیوی ئێران، گوندی زەکریان، نزیك دزڵی



لای چەپ یەکەم: دکتۆر کەمال شاکر، گوندی خێڵی حەمە، ١٩٨٧



دانیشتووان لای ڕاست یەکەم: دکتۆر کەمال شاکر، ١٩٧٩



لای ڕاست دکتۆر کەنعان (دکتۆر هەژار)



لە ڕاستەوە دکتۆر کارووخ، هاولاتییەك، دکتۆر کەنعان (دکتۆر هەژار)، دکتۆر فەرهاد، دکتۆر محەمەد حاجی



دکتۆر کەنعان (دکتۆر هەژار) تیشك بۆ قاچی پێشمەرگەیەکی بریندار دەگرێت لە نەخۆشخانەی گوندی خەتێ کە بەهۆی تۆپباران بریندار بووە.



لە ڕاستەوە دووەم: دکتۆر فەرهاد، لە چەپەوە یەکەم: دکتۆر کەنعان (دکتۆر هەژار)، نەخۆشخانەی تەبرێز.



ناوەڕاست: دکتۆر لەتیف محەمەد مەلا محەمەد (دکتۆر سامالّ)



مەحموود ئەبوبەکر محەمەدئەمین حەمە (دکتۆر موحموود فەقێیانی)

ئەرشیفی دکتۆر مەحمود فەقێیانی



مەحموود ئەبوبەکر محەمەدئەمین حەمە (دکتۆر موحموود فەقێیانی)




**مەحموود ئەبوبەکر محەمەدئەمین حەمە (دکتۆر موحموود فەقێیانی).**



لە چەپەوە دکتۆر مەزن عەبدولقادر ١٩٨٣/٣/٢٧ دۆڵی بالیسان



دکتۆر مەزن عەبدولقادر ١٩٨٣/٣/٢٧ دۆڵی بالیسان



لای ڕاست دکتۆر محەمەد حاجی لەگەل دکتۆر کەنعان (دکتۆر هەژار)



محەمەد ڕەسووڵ عەلی عومەر (برینپێچ)



محەمەد مستەفا محەمەد ئیسماعیل (دکتۆر محەمەد سەقەر)



نووسەر لەگەڵ محەمەد مستەفا محەمەد ئیسماعیل (دکتۆر محەمەد سەقەر)



محەمەد ئەبوبەکر خزر ڕەسووڵ (محەمەدی وەستا بەکری ڕەواندزی)



محەمەد ئەبوبەکر خزر ڕەسووڵ (محەمەدی وەستا بەکری ڕەواندزی)



دکتۆر محەمەدهاوتا عوسمان حەسەن



دکتۆر محەمەدهاوتا عوسمان حەسەن



موشیر حەمەغەریب ئەمین (دکتۆر موشیر)



موشیر حەمەغەریب ئەمین (دکتۆر موشیر)



نووسەر لەگەڵ دکتۆر ناجی



ناوەڕاست دکتۆر ناجی، ١٩٨٤



دکتۆر ناجیح گوڵپی



لە چەپەوە یەکەم، دکتۆر ناجیح گوڵپی، هەڤاڵ برایمی پێشمەرگە، دکتۆر بۆتان، دکتۆر سەرکەوت زەکی، لەبەردەم نەخۆشخانەکەی بەلەکجاڕ



لە ڕاستەوە دکتۆر ناجیح گوڵپی، دکتۆر سەرکەوت زەکی



لای ڕاست دکتۆر جوتیار، دکتۆر سەرکەوت، دکتۆر ناجیح گوڵپی، دکتۆر برایم محێدین عارف



لای چەپەوە ڕاوەستاوەکان دکتۆر ناجیح گوڵپی، دکتۆر بۆتان، هەڤاڵ برایم ڕەسووڵ پێشمەرگە، دانیشتووەکان لای چەپ دکتۆر ناسیح و دکتۆر سەرکەوت



لای چەپەوە دکتۆر برایم، دکتۆر ناسیح، دکتۆر سەرکەوت، دکتۆر جوتیار، دکتۆر جەلال (شوان)



لای ڕاستەوە دکتۆر ناجیح گوڵپی، دکتۆر ناسیح قەرەداغی، دکتۆر بۆتان و هەڤاڵ برایم پێشمەرگەی نەخۆشخانەکە



ڕاوەستاوەکان لای چەپ یەکەم: دکتۆر جوتیار، دکتۆر عوسمان، دکتۆر بۆتان، دکتۆر سەرکەوت زەکی، دکتۆر برایم محێدین عارف، گوندنشینێك
دانیشتووەکان لای چەپەوە یەکەم: دکتۆر محەمەد، نەناسراو، دکتۆر ناجیح گوڵپی، نەناسراو.



دکتۆر نازەنین عوسمان حەسەن



دکتۆر نازەنین عوسمان حەسەن



دکتۆر نازەنین عوسمان حەسەن



دکتۆر نازەنین عوسمان حەسەن



لە ڕاستەوە دکتۆر نازەنین عوسمان حەسەن



دانیشتووەکان لای چەپ دکتۆر ناسیح، دکتۆر سەرکەوت
ڕاوەستاوەکان لە چەپەوە: دکتۆر جوتیار، دکتۆر ناجیح، دکتۆر برایم محێدین،



نەبەز مەحموود عەبدولڕەحمان (دکتۆر نەبەز)




**نەجات محەمەد فەرەج (دکتۆر نەجات)**



پێشەوە یەکەم: نەجمەدین عەبدوڵڵا نیاز (دکتۆر ئاراس مەندەلاوی)



ڕاست یەکەم: نەجمەدین عەبدوڵڵا نیاز (دکتۆر ئاراس مەندەلاوی)



دانیشتووەکان ناوەڕاست: نەجمەدین عەبدوڵڵا نیاز (دکتۆر ئاراس مەندەلاوی)



نەجمەدین عەبدوڵڵا نیاز (دکتۆر ئاراس مەندەلاوی) لە ئێستادا لەبەردەم بنکەی تەندروستی مالوومە، کە تێیدا پزیشك بووە.



نەجمەدین عەبدوڵڵا نیاز (دکتۆر ئاراس مەندەلاوی) و نووسەر، سلێمانی،

٢٠٢٢/١٢/٧



دکتۆر نەریمان حەوێز



دانیشتووان لای چەپ یەکەم دکتۆر نەوزاد (دکتۆر ڕێبوار)



لای ڕاستەوە دکتۆر نەوزاد (دکتۆر ڕێبوار) لەگەڵ دکتۆر هونەر، **نەخۆشخانەی ئەشکەوتی مەلەکان**



لای ڕاست: نوری خزر ئیبراهیم خزر (دکتۆر نەبەز)



لای چەپ یەکەم: نوری خزر ئیبراهیم خزر (دکتۆر نەبەز)



لای ڕاست: نوری خزر ئیبراهیم خزر (دکتۆر نەبەز)



دکتۆر هاوڕێ ڕەحیم کەریم (دکتۆر کامەران)



لە ڕاستەتەوە دووەم: هاوڕێ ڕەحیم کەریم (دکتۆر کامەران)



لای چەپ: هاوڕێ ڕەحیم کەریم (دکتۆر کامەران)



**دکتۆر هۆشمەند (دکتۆر شاڵاو)**



دکتۆر هۆشمەند (دکتۆر شاڵاو)



دکتۆر هۆشمەند (دکتۆر شاڵاو)



لە ڕاستەوە دکتۆر هۆشمەند (شالاو)، پێشڕەو سەید برایمی



دانیشتووان یەکەم لای ڕاست دکتۆر هونەر، ڕاوەستاوەکان ناوەڕاست دکتۆر هەڤاڵ،



**لە ڕاستەوە دکتۆر هیمداد، شەهید جەعفەر حەمە دەروێش**



دکتۆر وشیار سمایله خڕە لەگەڵ هەڤاڵ مام جەلال



دکتۆر وشیار سمایلە خڕە



لە ڕاستەوە یەکەم: دکتۆر وشیار سمایلە خڕە



لە ڕاستەوە یەکەم: دکتۆر وشیار سمایلە خڕە.

# لیستی سەرچاوەکان

## یەکەم: چاوپێکەوتنەکان

١. چاوپێکەوتن لەگەڵ دکتۆر نەجمەدین عەبدوڵڵا نیاز، (دکتۆر ئاراس مەندەلاوی)، ٢٠٢٢/١١/٢٩.

٢. چاوپێکەوتن لەگەڵ دڵشاد عەلی قادر، کوڕی شەهید دکتۆر عەلی جافەرانی، ٢٠٢٣/٢/٨، مستەفا چاوڕەش: س.پ، ل١٩١.

٣. چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز ڕەمزیە ئەکرەم محێدین خوشکی شەهید دکتۆر هۆشمەند، ٢٠٢٣/٢/٧.

٤. چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز سەرگوڵ عەبدولڕەحمان سالح، خوشکی دکتۆر حەسان، ٢٠٢٣/١/١٩.

٥. چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز فەرهاد محەمەد ئەمین برای شەهید دکتۆر فەرەیدوون، ٢٠٢٣/٢/٧.

٦. چاوپێکەوتن لەگەڵ عەبدولڕەحمان عیسا محەمەد (دکتۆر عەبدولڕەحمان)، ٢٠٢٢/٨/٢٢.

٧. چاوپێکەوتن لەگەڵ عەبدوڵڵا ئەنوەر عەبدوڵڵا عەلی (دکتۆر عەبدوڵڵا)، ، ٢٠٢٢/٧/٣٠.

٨. چاوپێکەوتن لەگەڵ عەبدولهادی ئیسماعیل مەحموود محەمەد (دکتۆر هێمن)/ ٢٠٢٢/١٠/١٤.

٩. چاوپێکەوتن لەگەڵ فەرهاد نوری محەمەد ڕەسووڵ (دکتۆر دانا)، ١٣ و ٢٠٢٣/١٢/١٤.

١٠. چاوپێکەوتن لەگەڵ مامۆستا قادر محەمەد قادر برای شەهید دکتۆر عوسمان، ٢٠٢٣/٢/٧.

١١. چاوپێکەوتن لەگەڵ محەمەد حسێن محەمەد شاهواز برای شەهید عەلی حسێن محەمەد شاهواز (برینپێچ)، ٢٠٢٣/٢/١، لەگەڵ ئەسمەر حەسەن محەمەد هاوسەری دکتۆر عەلی، ٢٠٢٣/٢/٧.

١٢. چاوپێکەوتن لەگەڵ محەمەد ڕەسووڵ عەلی عومەر (برینپێچ)، ڕۆژی ٢٠٢٢/٧/٢٧.
١٣. چاوپێکەوتن لەگەڵ محەمەد مستەفا محەمەد ئیسماعیل (دکتۆر محەمەد سەقەر)، ٢٠٢٢/١٠/٣٠.
١٤. چاوپێکەوتن لەگەڵ هیمداد عەبدوڵلا حەسەن حسێن (دکتۆر هیمداد)، ١٢ و ٢٠٢٢/١٢/١٣.
١٥. چاوپێکەوتن لەگەڵ: فەوزی فائیق تۆفیق ئەحمەد خزر بابان (دکتۆر چیا)، ٢٠٢٢/١٠/٢٨.
١٦. چاوپێکەوتن لەگەڵ مەحموود ئەبوبەکر محەمەدئەمین حەمە (دکتۆر موحموود فەقێیانی)، ٢٠٢٣/١/٢٦.
١٧. چاوپێکەوتن لەگەڵ ناجیح محەمەد گوڵپی (دکتۆر ناجیح)، ڕۆژی ٢٠٢٢/٧/٣١.
١٨. چاوپێکەوتن لەگەڵ فائیق محەمەد ئەمین عەبدوڵڵا (دکتۆر فائیق)، ٢٠٢٢/٨/٨.
١٩. چاوپێکەوتن لەگەڵ نەوزاد سەمەد کەریم جەرجیس (دکتۆر نەوزاد)، ٢٠٢٢/١٢/١٣.
٢٠. چاوپێکەوتن لەگەڵ فارس حەمە عەبدوڵڵا، (دکتۆر جوتیار)، ٢٠٢٢/٧/٥.
٢١. چاوپێکەوتن لەگەڵ کەریم ڕەحمان سەلمان عەزیز، ٢٠٢٢/٨/١.
٢٢. چاوپێکەوتن لەگەڵ ناجی صادق ئەنوەر محەمەد (دکتۆر ناجی)، ٢٠٢٢/٨/٢.
٢٣. چاوپێکەوتن لەگەڵ کەنعان عوسمان مەولود (دکتۆر هەژار)، ٢٠٢٢/٨/٢٢.
٢٤. چاوپێکەوتن لەگەڵ نوری خزر ئیبراهیم خزر (دکتۆر نەبەز)، ٢٠٢٢/١٠/١٧.
٢٥. چاوپێکەوتن لەگەڵ مەنسوڕ یوسف مستەفا (دکتۆر مەنسوڕ)، ٢٠٢٢/١١/١٢.
٢٦. چاوپێکەوتن لەگەڵ: نەوزاد عەباس حەمەد (دکتۆر نەوزاد)، ٢٠٢٢/١١/٢١.
٢٧. چاوپێکەوتن لەگەڵ: هونەر محەمەد مەولود (دکتۆر هونەر)، ٢٠٢٢/١١/٢٤.
٢٨. چاوپێکەوتن لەتیف محەمەد مەلا محەمەد (دکتۆر ساماڵ)/ ٢٠٢٢/١٢/٢.
٢٩. چاوپێکەوتن لەگەڵ فەرەج یاوەر سادق سەلمان (دکتۆر سەردار)، ٢٠٢٢/١٢/٨.
٣٠. چاوپێکەوتن لەگەڵ هاوڕێ ڕەحیم کەریم (دکتۆر کامەران)، ٢٠٢٢/١٢/١٥.
٣١. چاوپێکەوتن لەگەڵ عوسمان عەلی محێدین نادر (دکتۆر شوان)، ٢٠٢٢/١٢/٢٩.
٣٢. چاوپێکەوتن لەگەڵ نەوزاد نوری محەمەد ڕەسووڵ (دکتۆر نەوزاد)، ٢٠٢٣/١/٢١.

٣٣. چاوپێکەوتن لەگەڵ محەمەد حاجی حسێن حاجی، (دکتۆر محەمەد حاجی)، ٢٠٢٢/١١/٢٩.

٣٤. چاوپێکەوتن لەگەڵ دکتۆر مەزن عەبدولقادر سۆفی عەبدوڵلا، ٢٠٢٣/٢/٢.

٣٥. چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەحمەد عارف ٢٠٢٣/٢/٣.

٣٦. چاوپێکەوتن لەگەڵ حەمید حەسەن سەعید برای شەهید دکتۆر چیا، ٢٠٢٣/٢/٧.

٣٧. چاوپێکەوتن لەگەڵ موشیر حەمەغەریب ئەمین (دکتۆر موشیر)، ٢٠٢٣/٢/٢٦.

٣٨. چاوپێکەوتن لەگەڵ دکتۆر محەمەد هاوتا عوسمان حەسەن، ٢٠٢٣/٣/١١.

٣٩. چاوپێکەوتن لەگەڵ دکتۆر بەفرین عەولا خوشکی دکتۆر مەجید، ٢٠٢٣/٣/١٨.

٤٠. چاوپێکەوتن لەگەڵ دکتۆر نازەنین عوسمان، ٢٠٢٣/٣/١٨.

٤١. چاوپێکەوتن لەگەڵ ناسیح فاتیح عوسمان (دکتۆر ناسیح قەرەداغی)، ٢٠٢٢/٧/٣١ و ٢٠٢٢/٨/٦.

٤٢. چاوپێکەوتن لەگەڵ عەبدولقادر حەمەشەریف حەمەکەریم (دکتۆر قادر)، ٢٠٢٢/٨/١١.

٤٣. چاوپێکەوتن لەگەڵ هیوا محەمەد ئەمین، ٢٠٢٣/٨/٢٠.

٤٤. چاوپێکەوتن لەگەڵ نەوزاد ئەحمەد محەمەد عەلی (دکتۆر ڕێبوار)، ٢٠٢٢/٨/٢٤.

٤٥. چاوپێکەوتن لەگەڵ کەمال شاکر محەمەد قادر (دکتۆر کەمال شاکر)، ٢٠٢٢/١٠/١٠.

٤٦. چاوپێکەوتن لەگەڵ عەلی ئەحمەد حەمەخان، (دکتۆر عەلی نەمەڵی)، ٢٠٢٢/١١/٢٩.

٤٧. چاوپێکەوتن لەگەڵ عومەر ئیسماعیل عەبدوڵلا خدر (دکتۆر عومەر)، ٢٠٢٢/١٢/١٢.

٤٨. چاوپێکەواتن لەگەڵ هەڤاڵ جەعفەر شێخ مستەفا، سلێمانی، ٢٠٢٤/٢/٢٧.

## دووەم: زانیاری وەرگیراو

٤٩. ژیاننامـەی شـەهید (دکتـۆر کـاوان عەبـدولقادر) لـە لـەعلی ئەحمـەد حەمەسـاڵح، براژنی شەهید کاوان عەبدولقادر وەرگیراوە، ٢٠٢٣/٢/٤.

٥٠. ژیاننامەی شەهید دکتۆر کامیل لە بەڕێز حاکم حیلمی برای شەهید دکتۆر کامیل، وەرگیراوە، ٢٠٢٣/٣/١١.

٥١. ژیاننامەی دکتۆر عەدنان لە هەڤاڵ فاتیح عومەر وەرگیراوە، لە ٢٠٢٢/٢/٢٩.

٥٢. ژیاننامەی هۆشمەند عەبدولکەریم بابان (دکتۆر شالاو)، لە هەڤاڵ ڕەهبەری سەیید ئیبراهیم وەرگیراوە، ٢٠٢٢/٨/٢.

٥٣. ژیاننامەی نـەریمان حـەوێز حەمـەد (دکتـۆر نـەریمان) لـە بـەڕێز ئەحمـەد عـارف وەرگیراوە، ٢٠٢٣/٣/١٣.

٥٤. ژیاننامەی نەجات محەمەد فەرەج (دکتۆر نەجات) لە بەڕێز جەمال فـەتاح ڕەشـید وەرگیراوە، ٢٠٢٣/٢/٤.

٥٥. ژیاننامەی وشیار ئیسماعیل قادر (دکتـۆر وشـیار سمایلـەخڕە) لـە بـەڕێز ڕەهبـەر سەیید برایم وەرگیراوە، ٢٠٢٣/٣/١١.

٥٦. ژیاننامەی کـاوە عەبـدوڵڵا محەمـەد سلێمان (دکتـۆر کـاوەی عەبـدوڵڵا شـۆڕش) لـە هـەڤاڵ حەمـەی حـاجی شـەریف هەڵەبجـەیی، ئەنـدامی ڕێکخـراوی شـەهید وەسـتا ئەنوەر، ڕێکخستنە دێرینەکانی ی.ن.ک، ٢٠٢٣/١/١.

٥٧. ژیاننامـەی کۆچـکردوو عاسـی حسـێن حەمـەزارا (دکتـۆر عاسـی) محەمـەد سـابیر زەنگەنە ٢٠٢٣/١/٢٣.

٥٨. ژیاننامــە دکتــۆر محەمــەد لــە هــەڤاڵ ئەرخــەوانی دکتــۆر محەمــەد وەرگــیراوە، ٢٠٢٣/١/٢٧.

٥٩. سێیەم پەرتووکەکان

٦٠. حەیـدەر مـەنتك: ئینسـکلۆپیدیای شـەهیدانی یـەکێتی نیشـتیمانی کوردسـتان لـە سنووری پارێزگای هەولێر.

٦١. مستەفا چاوڕەش، مستەفا چاوڕەش: یادەوەرییەکان: چاپی یەکەم، ٢٠١٤، ل١٨٨-١٩٣.

## سێیەم: ڕۆژنامە و گۆڤارەکان

٦٢. گۆڤاری ڕێبەری پێشمەرگە.

٦٣. عەبدواحید ئیدریس شەریف و شۆڕش عەزیز خدر: دەزگای تەندروستیی کوردستان یان پێشمەرگەی ماندوونەناس، ڕۆژنامەی هەرێم، ژمارە ٢٠، ١٩٩٣/٤/٢٢.

٦٤. عەتا کەریم: دەزگای تەندروستیی کوردستان و هەوڵێکی بەردەوام، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ساڵی نۆیەم، ژمارە ٢٢١٦، شەممە ٢٠٠٠/٨/٥.

٦٥. ئیدریس لاوە: هەڵدانەوەی ڕۆژژمێری دکتۆرەکانی شاخ، ئەڵقەی دووەم، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە ٥٩٢. ساڵی سێیەم.

٦٦. ئیدریس لاوە: هەڵدانەوەی ڕۆژژمێری دکتۆرەکانی شاخ، ئەڵقەی سێیەم، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە ٥٩٣. ساڵی سێیەم.

٦٧. ئیدریس لاوە: هەڵدانەوەی ڕۆژژمێری دکتۆرەکانی شاخ، ئەڵقەی چوارەم، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە٥٩٦. ساڵی سێیەم.

٦٨. ئیدریس لاوە: هەڵدانەوەی ڕۆژژمێری دکتۆرەکانی شاخ، ئەڵقەی یەکەم، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە ٥٩٠. ساڵی سێیەم.

## چوارەم: ئەلیکترۆنی

٦٩. بەرنامەی دیکۆمێنتاری کەناڵی ئاسمانی گەلی کوردستان لەسەر ژیانی شەهید دکتۆر هیوا، ٢٠٢٠/١١/٦.

٧٠. ڕەهبەر سەید برایم: زنجیرە وتاری عەسرەچا، ژمارە ١٠.

## لیستی ناوی هاوکارانی بەرگی دووەم و سێیەم، بەڕێزان:

١. ڕەهبەری سەید برام
٢. مامۆستا ستار (سۆران)
٣. حەمەی حاجی شەریف هەڵەبجەیی
٤. ئەحمەد عارف
٥. محەمەد ڤامیشی
٦. ئەحمەد مەلا
٧. مامۆستا عەزیز سەرۆکایەتی کۆمار
٨. د. بەیان محەمەد
٩. د. ئارام ڕۆستەم
١٠. حەیدەر مەنتك
١١. سەرکەوت حەمەغەفور ئاغجەلەری
١٢. د. مەنسور یوسف مستەفا
١٣. هەڤاڵ کامەران (کامەرانە خڕە)
١٤. سەرگوڵ خان خوشکی د. حەسان
١٥. عەمید ئاسۆ برای شەهید د. حەمید
١٦. د. خەلیل کەرکوك
١٧. د. موحسین ج.م. پێشمەرگە
١٨. ئازاد دەزگای شەهیدان و ئەنفالکراوان
١٩. عوسمانی حاجی مەحمود
٢٠. د. ڕێبوار
٢١. مەلا شێخە
٢٢. شێخ فەتاح ئەمین
٢٣. ئومێد قادر شێخ ڕەشید

## نووسەر لە چەند دێڕێکدا

- گۆران سەلام محەمەد/ ساڵی ١٩٩٠ لە شاری چەمچەماڵ لەدایکبووە
- بەکالۆریۆس لە مێژوو/ زانکۆی سلێمانی ٢٠١٣
- ماجستێر لە مێژوو/ زانکۆی مەنسورە، میسر، ٢٠١٦
- خوێندکاری دکتۆرا/ بەشی مێژوو/ زانکۆی سلێمانی (٢٠٢٣ – ٢٠٢٤)
- (لە زانکۆی کەرکوك و زانکۆی جیهان – سلێمانی مامۆستا بووە، توێژەر بووە لە سەنتەری توێژینەوەی زانکۆی چەرموو بۆ تاوانەکانی ئەنفال و جینۆساید).

## بەرهەمەکانی:

١. کاریگەری خێڵ و ئایین لەسەر بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد ١٨٤٧ – ١٨٨١، جەمال عیرفان، سلێمانی، ٢٠١٤.

٢. القضية الكردية في العلاقات التركية الايرانية ١٩١٨ – ١٩٣٩، مركز كردستان للدراسات الاستراتيجية، السليمانية، ٢٠١٨.

٣. چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردی ١٨٩٨ – ١٩٩١، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی، ٢٠٢١.

٤. چەند پرسێکی کورد لە بڕیارە نێودەوڵەتییەکاندا، **چاپی یەکەم**، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی، ٢٠٢١.

٥. چەند پرسێکی کورد لە بڕیارە نێودەوڵەتییەکاندا، **چاپی دووەم**، چاپخانەی پاندا، سلێمانی، ٢٠٢٣.

٦. ڕۆژنامەی خورماڵ ١٩٤٠، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی، ٢٠٢١.

٧. مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردی لە شاری چەمچەماڵ ١٩٤٢ – ٢٠٢٠، ناوەندی سارا، سلێمانی، ٢٠٢١.

٨. کۆمەڵە ڕۆژنامەی چەمچەماڵ ١٩٤٦، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی، ٢٠٢١.

٩. ڕۆژنامەی ئاگریَ ١٩٥٠، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی، ٢٠٢١.

١٠. ڕۆژنامەی چەرمو ٢٠٠٧ – ٢٠١٤، ناوەندی سارا، سلێمانی، ٢٠٢١.

١١. پاڵنەرەکانی دەستپێکی تاوانی ئەنفال، چەمی زەنگنە بە نموونە، توێژینەوەی بڵاوکراوە، (هاوبەش)، گۆڤاری زانستی زانکۆی دهۆك، دهۆك، ٢٠٢١.
١٢. ڕەهەندی تەندروستی لە شۆڕشی نوێدا ١٩٧٦ – ١٩٩١ بەرگی یەکەم، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی، ٢٠٢٢.
١٣. ڕەهەندی تەندروستی لە شۆڕشی نوێدا ١٩٧٦ – ١٩٩١ بەرگی دووەم، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی، ٢٠٢٥.
١٤. ڕەهەندی تەندروستی لە شۆڕشی نوێدا ١٩٧٦ – ١٩٩١ بەرگی سێیەم، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی، ٢٠٢٥.
١٥. کوردناسی، (هاوبەش)، چاپخانەی پاندا، سلێمانی، ٢٠٢٣.
١٦. پەیوەندییەکانی تورکیا و ئێران ١٩٢٣ - ٢٠٠٣ (وەرگێڕان)، دەزگای جەمال عیرفان، ٢٠٢٤.
١٧. میتۆدی مێژووی زارەکی: (وەرگێڕان)، دەزگای جەمال عیرفان، ٢٠٢٤.
١٨. خیانەت لە بەرخۆدانی بەدرخان پاشای بۆتان ١٨٤٧، ئامادەی چاپە.